● خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

● سەرنووسەر

**ئازاد عەبدولواحید**

● بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

● مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**




**١٠٨**

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ ئایار ٢٠٠٦**



**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**فاکس /** 00448701358681

**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**



**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**

**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**

**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی


● **سەروتار**

– بۆ جەژنی ڕۆژنامەگەری..چەند سەرە قەڵەمێک/سەرنووسەر/3

● **دەق**

– مردوویەک ئاگای لە هەمووانە/ سەباح ڕەنجدەر/ 4
– بازاڕی بۆنفرۆشان/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 7
– سێبەرە دارییەکان/ فاتمە حوسێن پەناهی/ 9
– لە شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە/ چنوور نامیق حەسەن/ 10
– وەرە/ یوونس بەهرام/ 11
– چەند کورتیلە شیعرێکی ژاک بریڤێر/ لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیرباڵ/ 12
– کۆڵان پڕ بووە لە تەنیایی/ سەحەر ڕەسایی/ 14
– ئیتر ئەو ژنە شاراوە گۆرانی ناڵێت/ چنوور سەعیدی/ 16
– سەرم پڕ لە ورتکە گوڵە زەردە و تۆ بووی ئەو شەوەی/ نیگار نادر/ 19
– ڕۆژێکی پیرۆز/ ماپارە ئیبراهیمی/ 21
– ڕێگای سەفەرێکی بێ گەڕانەوە/ خەندە گۆران/ 23
– ڕۆژێک/ لە فارسییەوە: فەرەیدوون حەکیم زادە/ 24
– پەرێزی مەملەکەتی لم/ نەوزاد یووسف کاکەیی/ 31

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەڤان (فرات جەوەری)/ ئا: سەلاحەدین بایەزیدی/ 42
– دیمانەیەک لەگەڵ (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر/ ئا: مەحموود زامدار/ 50

● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

– بەرجەستەکردنی شیعر لە زیهنییەتی شاعیردا/ کەمال غەمبار/ 58
– خولیای مەیموونە سپییەکان لە چیرۆکی کوردیدا/ ڕەووف حەسەن/ 71
– مەکتوب یان کتێبی ئەڤین/ هاشم سەراج/ 93
– ڕۆمانی ئینگلیزی/ لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار محەمەد/ 103
– فاکتەکانی چیرۆک و ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا/ عومەر محەمەدی/ 109
– سەمایا وێنەییێن هونەری دکەڤالێ رویسێ/ئازاد دارتاش/ 115

● **وتار**

– ئەزموونم لەنێوان ڕۆمان و شێوەکاریدا/ عەبدوڵڵا سەراج/ 122
– «دزی» یان «دەقئاویزانی»/ زانا خەلیل/ 124
– ئایدیۆلۆژیای ئەدەبی مۆدێرن/ لە فارسییەوە: فەرەیدوون بێوار/ 127

● **هزر و فەلسەفە**

– کارل مارکس.. بە بۆنەی یادی ۱۸۸ ساڵەی لە دایک بوونییەوە/ د. حەمید عەزیز/ 130
– داهێنان/ سەعید محەمەد نووری/ 140
– مرۆڤی حەماسی و مرۆڤی تراژیک/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 146
– تەمەننا کردنی مەرگ لەنێو گوتاری کۆمەلایەتی کوردیدا/ دیار عەزیز شەریف/ 152

● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

– ڕەهەندی زمان و دەوری ڕاگەیاندن/ ڕەووف محەمەدپوور/ 155

● **مێژوو - کەلەپوور**

– ڕاز و هێزی چاو لە ئەفسانە و کەلەپووردا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 160
– کوردەکانی دەوری چیای تەفتان/ لە فارسییەوە: ئەحمەد شەریفی/ 165

● **هونەر**

– ڕیژیسیۆر و کردەی جەستەیی/ د. فازیل جاف/ 167
– مۆسیقا و پێشینەکەی لە کوردستاندا/ لە فارسییەوە: مەریوان جەبار عەبدوڵڵا/ 176
– سایکۆلۆژیای نیگارکێشان و تایبەتمەندیی کەسێتی/ و - ئا: تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 179
– چ کامیرایەک هەڵبژێرم بۆ وێنەگرتن/ فارس سەعدی/ 188

● **خوێندنەوەی کتێب**

– جەمهووریەتی کوردستان/ لێدوانی: ئارام عەلی سەعید/ 190
– دیاری بۆ منداڵانی کوردستان/ لێدوانی: مەغدید حاجی/ 194
– نامەی منداڵان بۆ خوا/ لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان/197
– ڕۆمانی شەڕی سێیەمی جیهانی/ و/ لێدوان: ئیسماعیل تەنیا/ 200
– زەوتی ئاوەز.. تێکشکانی عەقڵ/ لێدوانی: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 202

● **نامە**

– یەکەم نامەی «لۆرکا» لە نیویۆرکەوە بۆ کەسوکاری لە غەرناتە/ لە عەرەبییەوە: ڕەمزی میرەکانی/ 204

● **ئێستێک**

– زمان، بالاپۆشی هزر/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 208

## سەروتار

### لە پەراوێزی کولتوورەوە

# بۆ جەژنی ڕۆژنامەگەری..

# چەند سەرە قەڵەمێک

(٢ - ٢)

سەرنووسەر

* لە ڕاستیدا بێ سەروبەری و تەهریج بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کوشتووە، دەردی زۆروبۆریش لەولا بوەستێ، زۆروبۆری و خنکاندنی بازاڕی چاپەمەنی بەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاڤۆکانە نیشانەی پێشکەوتن و ئازادیی نییە، بگرە بێ بەرنامەییە و ئەو پەتایە بەهیچ شێوەیەک خزمەتی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی ناکات. ئەم پاشاگەردانییە، ئەم دەردی زۆری و بۆرییە سەری لە خوێنەرانیش شێواندووە، تەنانەت متمانەیان بە دەوروکاریگەریی ڕۆژنامەگەریی لاواز بووە و خەریکە نامێنێ. ئێستا هەر چین و توێژێ بگرین، هەر ڕێکخراوێک، هەر شاروشارۆچکەیەک، تەنانەت وای لێهاتووە بڵێین هەر گوند و گەڕەکێکیش ڕۆژنامەو گۆڤاری بەبەر دەکەوێ، بەڵام ڕۆژنامە و گۆڤاری بێ تەئسیر و بێ کەڵک، دەکرێ بڵێین ئەو گوند و گەڕەکانەش کە تا ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤاریان نییە، ئەوانیش هەقیانە لە داهاتوودا داوای ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بەخۆیان بکەن و بکەونە دەرکردنی بڵاڤۆکێک، بۆیە زۆر پێویستە ئەم زۆری و بۆرییە سنوورێکی بۆ دابنرێت و کەم و پوخت بکرێنەوە و لە پرۆسەیەکی (پێداچوونەوە)ی دیراسەتکراودا بەو فەوزایەدا بچینەوە کە هەیە، چونکە ئەم حەمکە گۆڤار و ڕۆژنامانە لەسەر حیسابی یەکتر دەردەچن. لێرەشدا بەپێی یاسای (مانەوە بۆ چاکتر) دەبێ ڕەفتار بکرێ.

* ئێمە لە پاش تێپەڕینی (١٥) ساڵ بەسەر (ڕاپەڕین)ی خەڵکی کوردستان و ئەو ئازادییەی لە ئەنجامی تێکوپێک شکاندنی داوودەزگایەکانی داگیرکاری و سەرکوت کردن بۆمان فەراهەم بوو، خەریکە کێشەی (چەپاندن)ی فیکری و ئازادی بیروڕا دەربڕین وەک سەرەتای ڕاپەڕین هەمانبوو نامێنێ، یان بەرەو لاوازی دەڕوات، کە هەر ئەو تاسەو تامەزرۆییەی ئازادی بوو وای لێمان کرد لە ساڵی ١٩٩٦ بەولاوە بە لێشاو گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی دەربکەین، ئەم بارودۆخ و حاڵەتە ئەگەر تا ئەمڕۆش ڕەواو پێویست بووبێ، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە پێویستە لەم بێ سەروبەرییە خۆ دەرباز بکەین و بۆ داهاتوو ڕۆژێک زووتر ژیانی ڕۆژنامەوانی خۆمان ڕێک بخەین.

* لە جیاتی دەرکردنی ئەم هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانە کە ڕۆژ دوای ڕۆژیش ڕوو لە زیاد بوونن، دەبێ هەوڵ بدرێ دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیی بژاربکرێ و نەهێڵین چیتر (ڕۆژنامەنووسی!) ناشی و ناکارە خۆ بکوتنە ناو ڕۆژنامەگەری و وەک لامێژو مشەخۆر بەسەرییەوە ببنە بارگرانی و مایەی ڕەزا قورس کردن، کە لەم بارودۆخەشدایە ڕۆژنامەنووسی چاک ون دەبن، بۆیە بە ئەرکی هەموو لایەکی دەزانم ئەم کارە لە ئەستۆی خۆیان بگرن و دەست نیشانیان بکەن و وردە وردە لە ڕیزەکانی خۆیان بەلاوەیان بنێن، هەر هیچ نەبێ ڕۆژنامەنووسە چاکەکان ناوبەناو بەسەر بکرێنەوە و خەڵات بکرێن و ڕێزیان لێ بنرێ تا لەوانی دیکە جودا بکرێنەوە.

* ئێستا کەم نووسەر هەیە کە پێی نایە ناو دنیای ڕۆژنامەگەرییەوە چاوی لەوە نەبێ لە (سەرنووسەر) کەمتری بۆ دابنرێ، یەکێکیش لە هۆیەکانی زۆر بوونی ژمارەی ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانە هەر بۆ ڕازی کردنی ئەو حەزەیە کە لەبەر خاتری وان گۆڤار و ڕۆژنامە زیاد دەکرێن تا دڵیان ڕابگیرێ و گۆڤار و ڕۆژنامەیان بۆ دەربکرێ و بکرێنە (سەرنووسەر) و (بەڕێوەبەری نووسین) و نەرەنجێن، ئەگەر هەموو ڕۆژنامەنووسەکان چاویان لە سەرنووسەری بێ، یان بەلانی کەمەوە (بەڕێوەبەری نووسین) ئەی کاری بوارەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانیی چۆن ڕاپەڕێنین؟ کابرای خاوەن کۆمپانیا ناهەقی نەبووە کاتێ وتبووی (بەدوای سەرنووسەرێکدا دەگەڕێم)، چونکە وا نەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسەی وەگیر ناکەوێ، ئەوە لە کاتێکیشدایە کە بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسانە نەدەزانن هەواڵێک بە جوانی دابڕێژن و نە دەزانن کاری (بەتاڵکردنەوە) ئەنجام بدەن، نە دەتوانن گفتوگۆیەک- دیمانەیەک ئامادە بکەنەوە، نەعەرەبی دەزانن و تێی دەگەن تا بە ئەمانەت و دەستپاکییەوە کارەکە ڕاپەڕێنن، نەکوردییەکەشیان بایی ئەوەندەیە لە کاتی ڕاگوێزانی گفتوگۆکە بە وردی کارەکان ئەنجام بدەن.

* ئەمڕۆکە بەشێوەیەک چەمکی (ئازادی) لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا شێواوە کە ئامانجی پاک و پیرۆزی (ڕەخنەگرتن) تێکەڵ بە (جنێو فرۆشی) و (تانەوتەشەر) لێدان و وڕووشاندنی هەست و بریندارکردنی کەسایەتی تێکەڵاوی یەکتر بوونە، بۆیە ئەگەر پێناسەیەکمان بۆ چەمکی (ئازادی) نەبێ، ئەوە ئازادییەکەی بۆ (بیروڕا) دەربڕین داوای دەکەین حاڵی بەدەردی ئەو (ئازادی)یە دەچێ کە لە ناو (ڕۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی)دا هەیە و لەناو سایتە کوردییەکاندا دەبینرێ، خوێنەرێ ڕێزی چێژو عەقڵ و هەستی خۆی بگرێ، قەت بەلایانەوە ناچێ و نایانخوێنێتەوە.

* پێویست بوو ئەمساڵ داوودەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی حزبی و حکوومی لە یادی (٢٢)ی نیساندا، بە هاوکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پلان و پرۆژەی ئایندەییان دابڕێژن و سەرجەم ڕۆژنامەنووسە جدییەکانیان تێدا بەشدار بێ، تا زیاتر کاری ڕۆژنامەوانی لە چوارچێوەی پرۆژەی یاسایەکدا ڕێک بخرێت. لەلایەک ڕۆژنامەگەری لە زۆری و بۆری ڕزگاربکەن، لەلایەکی دیکەوە لە (لاساییکردنەوە) قورتاری بێ، چونکە کە ئەوە کرا ئەوساکە (ڕۆژنامە) و (گۆڤارەکان)یش پەنا نابەنە بەر (وێنەی ڕووت) و (کەلووەکان) تا فرۆختی ڕۆژنامەوگۆڤارەکانیان زیاد بکەن. ئەمڕۆکە دەبێ ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەنووسیی ئەولەویاتی خۆی لەپێش چاو دابنێ کە پێش هەر شتێ بەهێزکردنی گیانی لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان و یەکتر قەبووڵکردن و بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانییە کە نەوەی ئەمڕۆکە بۆ بەیانی ئامادە بکات.

* بەڵێ.. دەبێ ڕۆژنامەنووس فێربکرێ کە بوێری و جورئەتەکەی لە (فیکری)دایە، نەک لە (چەقاوەسوویی) و ڕووقایی و هەڵەشەیی و گێرەشێوێنی. بێ ڕێزی بە خەڵک کردن بوێری نییە، شەلم کوێرم ناپارێزم بوێری نییە، نووسەرێ ڕۆژنامەنووسێ ڕێزی قەڵەمەکەی خۆی بگرێ لە خۆڕا قسە ناکات و تفەنگ بە تاریکییەوە نانێ، خوێنەرو هاووڵاتی خۆی لە داوودەزگا نیشتمانییەکانی وڵاتەکەی تووشی بەدگومانی ناکات و تەڕو وشکیش پێکەوە ناسووتێنێ. هەست نەکردن بەرپرسیاری و سنوور بەزاندن ئازایەتی و جورئەت نییە، چونکە زۆرمان لەو بوێرییە بینی بۆ (خۆ دەرخستن) و ناوبانگ و دەسکەوت بوون و زۆر (شێر)ی کارتۆنیشمان بینی هەر زوو (مێ)کران و بوونە ڕێوی.

* ئەگەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی ئێمە بەمەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بە بواری ڕۆژنامەگەریی هاوئاهەنگیی یەکتر بکەن، ئەوساکە دەتوانن لە پاش دەربازبوون لە دەست زۆری و بۆری، ڕۆژنامەنووسە دڵسۆز و چاکەکان، بەهرەدارو بەتوانایەکان لەمووچە و ئیمتیازاتیاندا دادوەری هەبێ و چیتر (میزاج)ی تاکەکەسی ڕۆژنامەگەری بەو دەردە نەبات کە بردوویەتی. پێشم وایە هەر ئەو بێ سەروبەرییەیە وای کردووە هەندێ لەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە پەنا بۆ زیاتر لە چەند کارێک و چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن ببەن کە هەرگیز ئەوانە نەتوانایان بایی ئەوەندەیەو نە دەتوانن هەقی ئەو شوێنانەش بدەن کە کاری تێدا دەکەن، دەشبێ ئەو شێوەکارکردنە هەر لە بنەڕەتەوە ڕەت بکرێتەوە، چونکە لەلایەک یاسایی نییە کەسێ لە دوو یان زیاتری داوودەزگایەکی حزبی یان حکوومی کاربکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە سەفەرییانە کە وەک (دەسگێڕ) خۆ نمایش دەکەن ناتوانن هەقی هیچ کام لەو کەناڵانە بدەن کە کاری تێدا دەکەن، چونکە دەبنە هۆی پشت سارد کردنەوەی ڕۆژنامەنووسی جددی، کاتێ دەبینن دەسکەوت و داهات و مووچەی ئەوانەی کورێنی بەسەر کاری ڕۆژنامەگەرییەوە دەکەن زۆر زیاترە لە هی ئەوان کە ڕێزی قەڵەمی خۆیان و پیشەکەیان دەگرن، بۆ ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانەش) ڕێگری یاسایی هەبێ تا ئەمبەرو ئەوبەر کردن نەبێتە نەریت.

* لە کۆتاییدا دەڵێین پێویستە زۆر بە پەلە (پێداچوونەوەیەک) بە سەرجەم بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیماندا بکرێ، بەتایبەتی پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە تا ئەوانەی پێویست نین نەمێنن و ئەوەش کە پێویستە بمێنێ و بەکەڵکی مانەوە دێت و کۆ دەنگییەک هەیە بۆ باشییەکەی، خزمەتی زیاتر بکرێن و وەک هەر کەناڵێکی خواپێداوی دیکەی چاپ و بڵاوکردنەوە چاوی لێبکرێ و دەسەڵاتی هەبێ و بۆ خزمەتکردنی کار و کادیرەکانی دەست کراوە بێ. پێشم وایە ئەگەر دەسەڵاتیان هاوشانی یەکتر بن، ئەوساکە دەکرێ کێبەرکێی تەندروست و ڕەوا لە نێوانیان دروست ببێ، نەک جیاوازی و تەفاوتی نێوانیان ئەرز و ئاسمان بێ و دەست ڕۆییوەکانیان بە پارەی مفتەوە بچنە ژێر کڵێشەی کادیری کەناڵەکانی دیکەوە و کار لە یەکتری بنکۆڵ بکەن و بە ناهەمواری بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی بگەڕێتەوە.



# مردوویەک ئاگای لە هەمووانە

سەباح ڕەنجدەر

**تاج سەر گران دەکات**

تاج چاوی لە ئەشق
ڕوون بووەوە و جوانی بە ئاگا هێنا
دوای ماوەیەکی کورت کەوتە سۆراخکردنی
ونبووەکانی و بریقەی چاویلکە و دڵنیایی
ئەسپی جلەوزیوینیشی لە گۆڕەپانی شێوە پەرستگا
خەڵات کرد بە زوو ورووژانی پەروانە
ئەفسوونێکی لە چەکەرە و نەرم و شلی گوان
دا بەگژوگیای ئالوودەی نیاز و نەزر لەسەر خوێندراو
گژوگیا کەس و کاری منن
ڕزگاریان کردم لە گەمارۆ
مەرەکەب و کاغەز خۆیان لەناو ڕێکخست
ئەم سرووشەیان هەڵدا
ژیان و مردن بردنەوە و دۆڕان نین
شیر و قاوە و دیوان و مۆمی
دەم بە سووراو و سپیاو
سۆز و سێبووری و بێپەروایيان
تاگەیشتن بە خۆت بەرزبووەوە
هاوارە بە هانا هاتووەکانت
کە بە دڵێکی بەهێز شوورە دراوە
هەڵدە سەرە ڕێگاکان
نە لەگەڵ سەرەتا کاروانت دەجمێ
نە لە کۆتایی تاسەیەکی بریسکەدار
گیانت دەکات بە جانتایەکی ئامادەکراو بۆ گەشت

له نامەیەکی تایبەتیدا داوا بکە
پێویستم بە دەستەیەک پێغەمبەر هەیە
لەناو گەرمایی دێڕەکانم
هونەری پێگەیینی میوە
بکەن بە بیرکردنەوە و خولیا
ئەی سەمای ڕیشمە و زەنگوڵەی نەرمی
کۆچی بەختەوەری
ئەستێرە بۆیەکراوەکانی
ناو ڕستە سرەکان لە خەو دابڕژێنە
هەنگ هەنگوینیان بڕییەوە
نەمانزانی ئەو تەشتەی حەوشەمان خۆشبوێ
کە تریفەی مانگی بۆ پاراستین
سڵاوت لێدەکەم ئەی ئاسوودەیی
بە دڵ ئاوڕێک
لە پاشماوەی برینەکانمان بدەرەوە
کولانەوەیان کێڵگەیەکە مەست و ڕازدرکێن
مۆم تێکۆشەری بنەماڵەی ڕووناکییە
جەنگێکی گەورەی بردووەتەوە
نیشانەکانی خاڵبەندی ژیان
گوێ لەو دەنگانە ڕادەگرن
دەبنە ئاواز
نیشانەکانی خاڵبەندی مردن
گوێ لەو دەنگانە ڕادەگرن
نابنە ئاواز
گوێ گرتن و نەگرتن
بردنەوە و دۆڕان نین
باری دەروونی و دوو ئاراستەن
دەتوانین پێیدا بڕۆین و بێینەوە
بازێکی ڕاونەکراو لەناو ڕەزێکی خان و مان
لە باوەشی درەختێکی نزم خۆی هەڵدا
پرشنگی بەهرە دانەوێڵە و ئومێدی
لە نزیک دەنووک و باڵی دانا
بۆنی حاجیلەی کوتراویش
لەناو گۆریە و ئاون
دەنیشێتە شوێن پێیەکانی
وەک ئەستێرە دەجریوێنن
بێ چرا کتێب کەسێکی لە بیرکراوە
شەوقی ڕووداوەکانی ساڵ
چەشنی باران ئاوی سەر بە شەختە بە ئاگا دەهێنێ
بۆن و بەرامەمان بۆ دەنێرێتە ماڵەوە
پۆرتریتی کۆچکردووان و چەتری گوڵفرۆشێک
پەڕەی زەمانن قەت درۆ ناکەن
وایان کردووە
بە وچانەوە دەرەوشانەوە تەماشامان بکات
درەختی بڵند دەڕوێن
ڕەگیان بەناوچەوانمانەوە گرێ دەدەن
تیشک و سێبەر
ناکۆکییەکانیان خاو دەبێتەوە
مۆسیقایەکی دەوڵەمەند دێتە ناوەوە
کتێبەوانێک کە لە گەڕەکی ئێمە چووە ناو ڕەش و سپی
بە تاجی کتێبەوە
دێتە یەکەم کۆڵانی شار
تێدەگات ئاو و هەوای
ڕوخساری ڕۆشنی ئەسپە
یان هێزی ڕاوچیی ڕێوی

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ هەولێر

## ڕێوڕەسمی کردنەوەی پەیکەرێک

خوا بە نیازی سڵاو
چاوی داوەتە دەستێک
دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگی پێوەکرد
قوماشی ڕەش و سپی بڕی
پیت ڕژایە ناو دەمم
توانیم وشە لێکدەم و داوا بکەم
مانگ بەسەر هەولێرەوە پڕ بێ
بەو نازەی داویەتییە ئاوی مەنگ
چەتر هەڵدا
پەیکەرێک حەفتا ساڵ

پیاسەی کردبوو
ئاوێنەی دابووە ژن و شووشە بۆنی وەرگرتبوو
سەیری پەند و وێنەی سەر قەڵغانی کردبوو
قسەی توندی لەگەڵ وەردیان کردبوو
نامەی لەسەر کۆلارە نووسیبوو
سەرسام بوو بە گوێی کەروێشک و گوارەی شۆڕ
بلووری لامپای سڕیبووەوە
تووتن و پایپی خۆش کردبوو
زۆر تەماشای وێنەی دایک و باوکی خۆی کردبوو
پێوەندییەکانی نێوان درەخت و باڵندەی باش ناسیبوو
گروگاڵ و دارەدارەی منداڵیی
دەبێتە کاروانسەرا
یەکەم هێلکە لەوێ دەشکێ
لە بریقەی خان و مانی ڕەش و سپی
ڕەنگەکانی دی لەودا
بە کامی دڵ سۆز و ئاوازی گیان
دەدا بە پاڵەوانی
هیوا و فەرموودەکانی سەفەرمان پێ دوا دەخست
باڵندەی شادمانی هەمە جۆر لەشکری بوون
پەلکەزێڕینەش بیر و بۆچوونی
لەشکر کە دەڕژێنە بڵندایی دەم و چاوی
بە نیازی ناسکبوونەوەی
نیشتنەوە و بڕیاردان لەسەر مانەوە
بیر دەکەنەوە و قسە و باس دەدرکێنن
کە ئێمە زۆر پێویستمانە بیزانین
گوڵەکانی لە ڕێوڕەسمی لە دایکبوون و مردنی
دەخرێنە سەر پەیکەری
تەنیان وەک تەڵەشقاتەی بەکارهاتوو
بولبول لە پاڵیان
بانگی ئەشق و نیانی جۆلانەی ون کردووە
دوای سەرگەرمی دیدارێک
گۆشەنشین و خەواڵوو
ماسوولکەی جەستەیان
دەمەتەقێی لەگەڵ هێز بە کۆتا دەگا
چێژ لە زوڵاڵی ئاو و خۆری ڕوون و پاراو وەرناگرن

بەڵام خەیاڵ کە دووڕوویی مردانووە
بێ بگرە و بەردە بە هەموو شتەکانمان دەگەیەنێ
لە بۆنەی ئاشقبوونی دەپێچێ
هەڵیدەدەنە ناو ئاهەنگەکانی هاتوچوون
بیرەوەری سوودی پێدەگەیەنێ
هەڵە و نوێژە درۆینەی لەبیر دەباتەوە
دەستێک لە گێڕانەوە ڕاستگۆ
نامەکانی دەخاتە پۆستە
نامە هاتووەکانیشی وەردەگرێت
ڕۆژی هەمیشە بۆنخۆش بە شەقبوونی خاک
کاتێک دومبەڵان خۆی دەناسێنێ
لێدەگەڕێ ئاقیق و نووسراوی ناوچەوانی
هەر هەموو پێغەمبەرەکان تێکەڵی بن
لە گەرمەی سەما و ناخ جریواندن
دڵی دەشوات و دەڕوا
پڕ دەستمان کڵۆشەکر و مۆری بەخت دەکات
دەتوانین
کەلوپەل و وێنەی بەرهەمەندەکانمان بکڕین
دەستەسڕی تەنکیش لەگەڵ خۆمان هەڵگرین
بێباکی بڵند بوونەوەی چنار
دەبێتە شوێنێک
وەک قۆزاخەی ئاوریشم
جوانکراو بە سپێنەی هێلکە
ئاسوودە و پڕ بەهرە و پەیماندار
هەموومان شەقامێکمان دەبێ تێیدا
بچینە سەردانی خزم و کەس و برادەرەکانمان
ڕۆژ کە ئاوا دەبێ
تەواو ئەڤینی خۆی کردووە

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ هەولێر



# بازاڕی بۆنفرۆشان

دڵشاد عەبدوڵڵا

شۆستە پرە لە بۆنیان بە پرچی چنارەکانەوە
بە نووکی پەنجەی خەنەیی
بەسوورە هەناری گۆی مەمکیان
هەڵیان داوە ژنەکان
ئاشنام بکە پێیان
لە دوورەوە هاتووم بۆ کڕینیان.

شار پڕە لە بۆنی یاخیبوون لە تووکی خۆخی مانادا
فەرهەنگی شیعرم پڕە لێیان
کەس نایان کڕێ.
شار پڕە لە بۆنی شەڕ
ئەو بۆنە هەرزانە
لە دەسکی شمشێری دەدەن
شەڕکەران وەختێ دەچنە مەیدانی جەنگ
لە ڕدێن و سمێڵی خۆیانی دەدەن
عاشقە درۆزنەکان وەختی دەچن بۆ جێ ژوانێ
کڕیاری زۆرە
شووشەی بەقڕانێ.

بۆنی سەفەر بەخۆڕایی پەرت دەبێ کەس خڕی ناکاتەوە
هی چیلکەو لقی شکاوە
بۆنی خنکاوە
مەلەوانێک بە باسکە مەلە هێناویەتی
یا دزو جەردە
لە قەمسەڵەو جانتای شاندا دزیویەتی.

لە بازاڕی بۆنفرۆشاندا
بۆنی چەند دڵۆپ بارانێک ماوە
تینوویەتی گۆڕایتیەوە بە مەرگی
نەیخواردۆتەوە

هەڵیگرتووە لە شیشەی شیندا
لە دڵی رووبار شاردووویەتییەوە.
سوپاش بۆ باران
بۆنی خودای لەو دوورەوە هێناوە
لە خاکی شیعردا
لە دەستی رژاوە.

نمە نمە لەسەرخۆ لێم دەدا
بۆنێکی غەمگینم لێ دێ
دەنگێکی غەمگین،
لەوانەی باغە کۆنەکان
لە چۆڵەوانیدا دەیبەخشن بەبا
یا هی ئەو ماڵە تەمومژانەی
هێشتا لێیان تێر نەبوو بووین
کە جێمان هێشتن بۆ باڵندەو جنۆکەو خێو.

بۆنی ئێستا لە رابردوو دێ
بۆنی داهاتوو لە ئێستا
ئێستا بۆنی خۆی لێ دێ
گیا لە رۆخی باریکی بەتاسووقەو پەرۆش دەروێ.

مێگەلی هەورەکان روویان لە باکوورە
بۆنی شۆرشیان لێ دێ
سوور وەکی دەنکی گێلاس
دڵم بۆنیان دەکا
دەعبا لموزیان دێننە پێش
بۆنی باکوور بۆنی خوێنێکی پاکە
لەهەر شتێکی بدەی
سەرتاپای دەخرۆشێ.

بۆنی دێوێک دێ لە باشوور
برینێکی لە پاشپانیدایە
بۆی تیمار بکەم دەبێتە کۆیلەم
قودیلەی خەیاڵ دەسووتێ
ئەو بۆنە بۆنی منداڵی نییە
دێویش هی ناو حیکایەت و
هی شەوانی زستان نییە

بۆنی بێگانە دەنیشێ لەسەر پەراسوو
توند دەنووسێ بە گەرووەوە
هەتا زووە رزگاربە لێی

بۆنی بەهەرە کزمیەکی لێ دێ خۆڵەمێش لادەدا
بۆنی پشکۆ دەردەکەوێ لە ئاراستەی روحەوە
سوپاس بۆ ئاگر
حیکمەتی گەشبوونەوەی دامێ
بەیانییەکانم پێ گەرم کردەوە
لە بەستەڵەکی قافیەو
وشکە سەرمای ماڵی کێشدا.

بۆنی بەختەوەری وئومێد پڕ پەلکی پان و باریکە
لە قەدو لاسکەوە دێ
ئەویش لە رەگی گرتووە
رەگیش لە خاکدا ماندووە

بۆنی دنیام خرکردۆتەوە لە دەنکە خۆڵێکدا
لە پووشکەو خەیاڵێکی باریک
بەدەنووکی وشەیەکەوە
دەیبەم لەهەر کوێ بڵندە
هێلانەیەکی لێ دروست دەکەم لە بۆ منداڵی
پڕ لە خەون وخولیا
لافاوی نووحیش هەڵبکا نەیگاتێ.
شار پڕە لە بۆنی ژەهری رەش
ژەهری سۆر
شین، نارنجی، مۆر
ژەهر لە ترسی ژەک و شیر
لە ترسی بەفر هەرگیز سپی نییە.

شار پڕە لە بۆنی گەنیو
ئەوە ماڵیانە
حەوشەو دیواریان پڕ جیقنە
باڵندە هەر بەحەواوە بەبۆنی تۆڕ دەکەون
گوڵەکان بە بۆنی پایز
بیانبەم بۆ کوێ لەگەڵ خۆم
شاری بۆنە راستەقینەکان لە کوێیە؟

# سێبەرە دارییەکان

**فاتمە حوسێن پەناهی**
**(یۆنان)**

**کتێبێکی داری،**
**شیعرێکی داری،**
**گوڵێکی داری،**
**لەوانەیە**
**ئەو سێبەرگەلەی لە یەک ئاڵان**
**لەسەر سەرزەمینێکی بۆشدا...**

٢٠٠٥/٥/١١



## یۆتۆپیایەکی وێران

**هەناسەکانت،**
**لەسەر جەستەم شەپۆل دەدات،**
**وەک جاران!**
**لە کەنارە شینەکاندا**
**ئاوەشتەی یەکتر دەبینەوە!**
**ئەو قفڵەی دەرگاکەت**
**پێ دەکردەوە تازە خرایە**
**نێو شیعری ئاوێنەوە،**
**جگەرە دەکێشی!**
**نوقمی هەناسەکانتم و**
**هەناسەکانت غەرقی**
**شیعری عاشقانەم...**

ئەسینا – ٢٠٠٥/١/١١

# لە شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)

خاک مەراقە گەشەکانی چاوم دەبا و
ڕوخسەت لە ڕۆحم دەخوازێ
هەمیشە خاک بانگم دەکا و
چاوەکانم بەسەوزایی دەشواتەوە
وەلێ هاوڕێ
چەند شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە
مەستم ناکا
غوبارەکانی پێڵووم و
گۆرانی پایز هاوماڵن
تەنها من و تۆ سنوورمان لە مابەینە
ئەگەر هاتییەوە
پێکێک لە چاوی مەراقم بۆ بێنەوە
ئەگەر هاتییەوە
بیرت نەچێ
چەپکێ وەنەوشەی ئەو چەمە و
چڵێ چنووری کێوانم لە بۆ بێنی
تا لە باخی خەیاڵێکما
لە جێی خۆمان ببنە هاوماڵ

* * *

هەمیشە خاک زەردم دەکا و
لە مەراقی لێوەکانم دەخواتەوە
کە هاتییەوە بیرت نەچێ
چڵێ ڕەیحانەی ئەو یاڵە و
چەند حەرفێکی قەتیسماوی
سەر لێوی ڕۆژم بۆ بێنی
ئەگەر هاتییەوە بیرت نەچێ
قومێ مەراقی دەشتەکی
کانییەکی ڕوونم بۆ بێنی
بۆ ئەوەی من جارێکی تر
لە شەرابی لێوی مەراق نەخۆمەوە



٢٠٠٦/٣/١٥

# وەرە

یوونس بەهرام
(باکووری کوردستان)

وەرە،
وەرە و خوە ل من بپێچە،
وەکی تایێ لاڤلاڤکێ،
کو قورمێ دارێ دۆرپێچ دکە.

خوە ڤەشێرم
دناڤ لەهی
و شەڤتاریا
پۆرێ تە دە.

تۆزەک راوەستم
وەکی پەنابەرەکی
دناڤ گەرماهییا
ملێن تە دەبپۆنژم.

مەلەڤان بم
دناڤا دەریایێن چاڤێن تە دە
دەەمبێزکرنا تە دە
ئەزێ بێدەنگ بم
فەنا زارۆکەکی
سەری ل سەر چۆکا دێ

دناڤا حەزکرنا تەدە
ئەو ئاشتیا کو ئەز لێ دگەرم
پەیدە بوویە.



ژێدەر:
گۆڤارا (W) هەژمار (٥) گولان ٢٠٠٥ ل٤٦

# چەند کورتیلە شیعرێکی ژاک پریڤێر

لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیرباڵ



**نووسینی سەر دیوار**

تەنانەت ئەگەر تۆش
بە چاوێکی جوانەوە
نەیبینی
دیمەنەکە ناشیرین نییە
ئەمە چاوی تۆیە
کە لەوانەیە خراپ ببینێ

**عاجباتییەکانی ئازادی**

لەنێو ددانەکانی تەڵەیەکدا
پەلی رێوییەکی سپی
بەسەر بەفریشەوە خوێن
خوێنی رێوییە سپییەکە
چەند پاشماوەیەکیش بەسەر بەفرەکەوە
پاشماوەکانی رێوییە سپییەکە
کە بە سێ پەلان هەر غار دەدا
لەژێر خۆری ئاوابوودا
غاردەدات و لە میانەی ددانەکانیشیدا
کەروێشکێک
هێشتا هەر زیندووە.

**تایبەت بە خێزان**

دایک دروومان دەکا
کوڕ دەچێتە جەنگ
دایک ئەمە بە شتێکی سروشتی دەزانێ
ئەدی باوک، چی دەکا؟
باوک سەرقاڵی کاروبارە

ژنەکەی دروومان دەکا
کوڕەکەی چۆتە جەنگ
ئەویش سەرقاڵی کار
باوک ئەمە بەشتێکی سروشتی دەزانێ
ئەدی کوڕەکە
کوڕەکە چۆن لە دنیا تێدەگا؟
هیچ.
کوڕەکە بەهیچ شێوەیەک هیچ نابینێ
کوڕەکە
دایکی دروومان دەکا باوکی سەرقاڵی کارە، خۆیشی لە جەنگە
هەر وەختێ جەنگ کۆتایی بێت
ئەویش دەچی لەگەڵ باوکی کاردەکا
جەنگ بەردەوامە و دایکیشی بەردەوامە لە درووماں
باوک بەردەوام سەرقاڵی کارە

کوڕەکە کوژرا و نەیتوانی چیتر بەردەوام بێ
باوکەکە و دایکەکە دەچنە گۆڕستان
باوکەکە و دایکەکە ئەمە بە شتێکی سروشتی دەزانن
ژیانی بەدرووماں و جەنگ و کارکردنەوە بەردەوام دەبێ
کار جەنگ درووماں جەنگ
کار کار کار
ژیان لەگەڵ گۆڕستانەکەدا.

پاریسە گەوجەکان
گرەوە گەوجەکان
کابرایەک بە ناوی (بلێز پاسکال)... تاد. تاد.

یەکەمین ڕۆژ
چەند چەرچەفێکی سپی لەناو کەنتۆرێکدا
چەند چەرچەفێکی سوور لەناو نوێنێکدا
منداڵێک لەناو دایکی خۆیدا
دایکێک لەناو ئازارەکاندا
باوک لەناو ڕێڕەوەکەدا
ڕێڕەوەکە لەناو ماڵەکەدا
ماڵەکە لەناو شارەکەدا
شارەکە لەناو تاریکیدا
مردن لەناو هاوارێکدا
منداڵەکەش
لەناو ژیاندا.

وەرزی خۆش
دووپەڵکەیەکی سەرگەردان و کەسیرە
بە تاقی تەنیا بێ پارە و پووڵ
کچۆڵەیەکی شازدەساڵەیە
بەبێ جووڵە وێستاوە
لە مەیدانی (کۆنکۆرد)
نیوەڕۆی ڕۆژی پازدەی ئەیلوول.

سەرچاوە:
Jacque Prevert: Paroles, ed. Folio, Paris: 96

# کۆڵان پڕ بووە لە تەنیایی

**سەحەر ڕەسایی**
**(سوێد)**



ئەوم لە یەکێک لەو جارانەدا ناسی کە جلەکانی ئاغای تەهمورسیم لە جلشورخانە گشتییەکەی لای ماڵەوەیاندا ئەشت، بە زمانێکی تێکەڵ لە سوێدی و فارسی و ئەفغانی قسەی لەگەڵ کردم و داوای یارمەتی کرد. بۆی باس کردم کە ماوەی پێنج ساڵێک ئەبێت لێرەیە و لەگەڵ کوڕە تاقانەکەیدا ئەژی و هێشتاش نازانێ ئیش بە ماشینی جلشۆرییەکە بکات. هەموو یەکشەممەیەک سەعات دە بەخۆیی و زەمیلەیەک جلەوە لەبەردەرگاکەدا ئەوەستێ تا من دەرئەکەوم.

هەر کە لە دوورەوە ئەمبینێ چاویلکە ڕەشەکەی لا ئەبات، دەستە میهرەبانەکانی ئەکاتەوە و وەک ئەوەی زۆری بیرکردبێتم و بیەوێت باوەشم پیابکات وایە، پاشان هەر کە ئەگەمە لای پەشیمان ئەبێتەوە و پڕ ئەکات بە زەمیلەکەیدا.

ڕۆژانێ من و هاوڕێ ئەفغانییەکەم لە جلشۆرخانەکەدا بە باسکردنی سەرمای ئێرە دەست پێئەکات تا ئەگات بە گڵەسەری بۆنخۆشی ئەفغانستان و سەفەرە سەرسوڕهێنەرەکانی خۆی لەسەر پشتی فیلەکان بۆ هیندستان. هەموو یەکشەممەیەک بە تاسەوە دەست بەسەر سکمدا دێنێت، بەڵام ئەوەندە هێور و لەسەرخۆ وەک ئەوەی دەست بۆ پیرۆزترین شت بەریت وایە، ئەیەوێت بزانێت سکم هەیە یان نا، پێئەکەنم، سەرم بە نیشانەی نەء ڕائەوەشێنم، ئەو تووڕە ئەبێت و دوعام بۆ ئەکات و وەعدم لێوەرئەگرێت تا یەکشەممەی داهاتوو دڵی ئەو کە وەک دڵی دایکم وایە بۆ من و خۆشکەم. هەموو یەکشەممەیەک هاوڕێکەم جلی کوڕە خۆشەویستەکەی خراپ ئەکات، گەر لەسەر سی بێت لەسەر چل ئەیانشوات و گەر لەسەر چل بێت لەسەر شەست ئەیانشوات.

ئەو پێیوایە ئەم ماشینی جلشتنانە خراپترین شتگەلێکن کە ئینسان لە تەمەڵیا دروستی کردوون. هەمیشە ناڕازی و بۆڵە بۆڵکەر زەمیلەکەی هەڵ ئەگرێ و

بەرەو ماڵ ئەگەڕێتەوە، بەرەو تەنیاییە درێژخایانەکەی و نامیهرەبانی کوڕەکەی. پێیوایە ڕۆژانی یەکشەممە هەرە خۆشترین ڕۆژانی ئەون جا با ماشێنی جلشتنەکانیش باش کارنەکەن.

جار جار ئەو لەگەڵ خۆی بۆ ئەفغانستانم دەبات بۆ لای بۆنی بەهارات و ملوانکە سەرسوڕهێنەرەکان و برسێتی و داماوی خزم و کەسەکانی ئەوێی، هاوڕێکەم خۆشی ئەوێم، چونکە لەگەڵ باسکردنی جوانی و غەریبی ملوانکەکانی ئەوێدا چاوەکانم ئەدرەوشێنەوە، بە باسکردنی هەژاری کەسەکانیشی چاوم پڕ ئەبن لە فرمێسک و لێڵ ئەبن. هەموو هەفتەیەک باسی شووکردنەکەیم بۆ ئەکات، لەگەڵ گێڕانەوەیدا خوڕ خوڕ فرمێسک بەچاوە جوانەکانیدا دێتە خوارەوە و بۆ چەند ساتێکی کەم ئاگای لە جلە بەنرخەکانی کوڕە نازدارەکەی نامێنێت، بەشەرم و ئازارەوە باسی یەکەم زریکەیم بۆ ئەکات، باسی بووکە پەڕۆینەکانیم بۆ ئەکات کە لە چیلکە و پەڕۆ دروستی کردبوون، ئەوەم بۆ ئەگێڕێتەوە پاش پێنج ساڵ کاتێک کە یەکەم جار خوێن بە لاڕانیدا هاتۆتە خوارەوە گریاوە و لە مێردەکەی شاردۆتەوە، پاشان ناچار بووە بۆ مێردەکەی باس بکات کە ئەو بەو زووانە ئەمرێت، لەبەر ئەوەی پێنج ڕۆژی ڕەبەق بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕوات، من وەک قوتابییەک یان هاوڕێیەکی باش هەموو حەکایەتەکانیم لەبەرە، کاتێک کە بۆ شتێک دائەمێنێ من بیری ئەخەمەوە. جار جار لە قاپێکی گوڵسورخیدا قوبڵیم بۆ ئەهێنێ، ئەمباتە دەرەوەی جلشۆرخانەکە و لەسەر کورسیەک دامئەنیشێنێ و دەرخواردم ئەدات، دەستە دایکانەکانی بەسەر سەرمدائەهێنێ و بەزەیی بە لاوازی جەستەمدا دێتەوە.

سۆزی داومەتێ چ فێری کەم بتوانێ سی لە چل و چل لە شەست جیاکاتەوە یان نا، بڕیاری داوە گەر سەفەری ئەفغانستانی کرد یەکێک لە هەرە جوانترین و درەوشاوەترین ملوانکەکانی ئەوێم بۆ بکڕێ و پڕ بە کلدانێکیش کلی هاڕدراوی قەندەهارم بۆ بێنێ، کە لەبەر مانگە شەودا دانرابێت و تێکەڵ بە شیری مەمکی دایکێک کرابێت کە منالەکەی کچ بێت.

ئەمڕۆ بەڵێنە من و هاوڕێکەم بڕۆین بۆ لای دکتۆر و من تەرجومەی بۆ بکەم، تووشی ئازارێکی سەیر بووە لە منداڵدانیدا، کاتێک ئەگەینە ئەوێ و ئەبینێ دکتۆرەکەی پیاوە، پا بە کەوشێکدا ئەکات و نایەوێت خۆی پیشانی کابرایەکی نەناسی سوێدی بدات، گەر زەوی لە ئاسمان بدات و هەموو شتە نەگۆڕەکانی دنیاش بگۆڕێن ئەوا ئەوکاتەش هەر ڕازی نابێت، ناهێڵێت ئەم دکتۆرە بیانییە نەک ڕەحمی تەنانەت گوێیشی ببینێ. ئەپاڕێمەوە و بەڵێنی ئەدەمێ کە لە دوو دەقیقە زیاتری پێ ناچێت، شتی وا نەبووە و نابێت، دەمی ئەنێ بە گوێمەوە بە چرپە ئەڵێ کەگوایە هەتا ئێستا تەنانەت مێردەکەشی لە ڕووناکیدا نەیبینیوە، چ بگات بە کابرایەکی نەناسی سوێدی.

ئیدی من لای ئاغای تەهمورستی کارم نەماوە، هەفتەی داهاتوو بە بێ جل ئەڕۆم بۆ بەردەمی جلشۆرخانەکە و بۆ هاوڕێکەمی باس ئەکەم، کەچی ڕووی داوە، بە دەنگی بەرز ئەگری و نایەوێت تێبگات کە تەواو سەردەمی سەفەرە خەیاڵییەکانمان بۆ ئەفغانستان ئیدی بەسەرچوو، باوەشی پیائەکەم و سۆزی پێئەدەم کە بەردەوام دێمە بەردەمی جلشۆرخانەکە و نە ئەهێڵم ئیتر جلی کوڕە نازدارەکەی خراپ بکات و نە بەسەرهاتەکانی تەنیا و ناچار بۆ ماشینە خراپەکانی ئەم سەردەمە بگێڕێتەوە.

من کە هاوڕێی باشی ئەو بووم ئیتر بە سەرسۆزی خۆمدا زاڵ ئەبم و بەبێ باسی سەفەر و کل و کلچێوک و بەهارات و تەنیاییەکانی بەجێی دێڵم. من، هاوڕێ خۆشەویستەکەی هاوڕێکەم، بەجێی ئەهێڵم تا هەر خۆی بە تەنیا لەگەڵ ماشینە خراپەکانی ئەم جلشۆرخانەیەدا سەفەر بکات و نەگاتە جێ.

ئەوەتا ئەوە خۆیەتی پاش دوو مانگ لە یەکێک لە هەرە سەر سەوزترینی ئەم کۆڵانانەدا ئەیبینم، باوەشی پیا ئەکەم و هەواڵی کوڕە نازدارەکەی ئەپرسم، پاش چەند ساتێک بێدەنگی عەینەکەکەی لائەبات، چی بووە؟! بەرپێڵووەکانی مۆرهەڵگەڕاون، ئەڵێ:

– شوهرم خواستە بیاد پیشم تصادف کرد و مرد. شوهرم مرد(١)

ئەڵێی من ڕەفتەیەکی بەربووی دەم بام و تێکەڵ بە جلە چڵکن و ئەستوورەکانی کوڕە نازدارەکەی هاوڕێکەم کراوم و ئەو دیسان بە هەڵە لە بری ئەوەی دەست بەسەر سیدا بنێ، لەسەر شەست شتوونی.

عەلاگەیەک حەب و دەرمانی پێیە و بە تەنیا بە هێمنی بەجێم دێڵێت و هاوار ئەکات:


– شوهرم مرد(٢)

تا بەخۆمدا دێمەوە ئەو لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بە سووکی هەنگاوئەنێت و بە دەنگی بەرز مێردە دوورە وڵاتەکەی دەلاوێنێتەوە، «با» یاری بە چەمکی سەرپۆشە ڕەشەکەی ئەکات. بە خێرایی وەک گەیشتنمان بۆ سەفەرە خەیاڵییەکانمان بۆ ئەفغانستان ئەگەمەوە لای و باوەشی پیائەکەمەوە و لەگەڵ ئەگریم هاوڕێ حەفتا و حەوت ساڵەکەم زۆر غەریب، غەریبتر لە زریکەکانی کاتی ڕووتبوونەوەی لەگەڵ مێردەکەیدا سەیرم ئەکات، وەک لەوەی بیەوێت پێم بڵێت تازە تەواو مێردەکەم مرد.

کۆڵان پڕ بووە لەتەنیایی.

**١– مێردەکەم ویستی بێت بۆ لام وەرگەڕا و مرد.**
**٢– مێردەکەم مرد.**

**٢٠٠٥**



# ئیتر ئەو ژنە شاراوە گۆرانی نالێت

چنوور سەعیدی
(سنە)

ئەسووڕێمەوە، ئەسووڕێمەوە، سەرم گێژ ئەخوا، دامەنەکەم بازنەیەکە و من لە سەنتەرییەوە ئەخولێمەوە. دەنگی شریتەکە زۆر ئەکەم شەپۆلێکی نەرم لە باسکمەوە ئەخزێتە خوارێ و پێش ئەوەی بگاتە قامکەکانم تەواو ئەبێ و دووبارە شەپۆلێکی تر. ئێستا سەد، نا هەزار ساڵ لەمەوبەرە، بەم جیاوازییەوە کە ئیتر زانیم ناهێڵێ وەکو جاران خێرا هەستم، ئەبێ دەست بنێمە زەوین، ئەوەڵ کەمەرم هەستێ، ئینجا خۆم!

شریتەکە ئەگۆڕم، ئەمە چاکە چۆپی کێشانم هەرگیز لەبیر ناچێ لانیکەم ساڵێ جارێ لە زەماوەندێ، سەیرانێ...

هەر بە هەڵپەڕکێوە ئەڕۆم ژێر چێشتەکە خامۆش کەم نەکا بڕوا. بۆ کوێ؟ نازانم!

چێشتخانەکەمان بچووکە، ئەبێ قامکەکانم بچووک هەڵگرم و داینێم. چاوێک ئەخشێنمە سەر سەلاجەکە، لێرەش دامنەناوە، بەرلەوەی نەزمەکە بگۆڕم، کلیل ئەخاتە دەرگاوە. بە پەلە شریتەکە ئەکوژێنمەوە، عارەقم کردووە:

– سڵاو.

ئاوڕم لێ ناداتەوە، چاوەکانی ناڵێن سڵاو، ئەڵێت بۆ کەوتوومەتە هەناسەبڕکێ، چاو ئەگێڕێتە ژوورەکانا.

– ئەمڕۆچوومەتەوە بۆ هەزار ساڵ لەوەپێش! لە بیرت دێ؟ چەند ئێسک سووک بووم، ئەو کاتە تۆ کوڕێکی لاوبوویت.

سفرەکە ڕائەخەم تۆی نانەکان ئەگەڕێم، ڕەنگە لە کاتی دەستە کردنیان دامخستبێت و نەمزانیبێ، یان ڕەنگە ئەو هەڵیگرتبێ، هەڵیگرتبێ و بیهەوێ حەقم لێ بسێنێتەوە.

دەتوخوا شتێک بڵێ.
- ئاڵقەکەم ون کردووە! چاوەکانی خرت ئەبێتەوە.
- ون نا... لە شـــوێنێکا دامناوە، نازانم چی لێ هاتووە؟!
بۆ ئەم چاوانە ناناسم؟ بۆ ناتوانم بزانم چی ئەڵێت؟ ڕەنگە بە جێگای من ئەو کچە ئێسک سووکەیە و یەکەم جارە کە ئەم کلاش و ژێر سیغارییە ئەبینێ، یا موشکیل لەو سمێڵانەدایە وا لە کاتی دۆ خواردنەوەدا تا نیوە سپی ئەبێ. شتێک بڵێ خەریکم شێت ئەبم، لە دوای ئەم هەموو ساڵەوە ناتوانم، نا، ناتوانم بە قسە نەکردنی دوای شەڕەکان عادەت کەم، ئەزانم وەکو هەمیشە ئەبێ من ئاشتی کەمەوە: چێشتێکی خۆش لێ بنێم، لەنێو گۆرانی و پێکەنینەکانما- تەنانەت قسەکانی هەمیشە- لەگەڵیا بدوێم و ناچاری کەم جوابم بداتەوە، ئەبێ وابێت، چونکو ئەو وا عادەتی کردووە.
«ئەزانم لەلای تۆیە و ئەتەوێ سەربنێیتە سەرم.»
لەعنەتی! پەیتا پەیتا دۆ ئەخواتەوە و ناهێڵێ بزانم چاوەکانی چی ئەڵێن؟
«بۆیە وائەڵێم چونکو بڕێ جار وەکو منداڵێکی هارت لێ دێ، گەر ماندوو نەبی، گەر تاقەتت هەبێ» تەنیا خۆم پێئەکەنم، چەند ترسناکە بێدەنگی، چای بۆ دێنم و ژێر سیغارییەکەی ئەڕێژم، ڕەنگە هێشتا لە هەزار ساڵ لەوەپێشدا بم! ئەی بۆ قسە ناکا؟ بۆ چاوەکانی ناخوێنمەوە؟ یا ڕەنگە هەر لەم ماڵە نەبم، ژنێکی شاراوە بم کە دێت و دەچێت و هەر خۆی، خۆی ئەبینێ. «دە توخوا شتێک بڵێ لەعنەتی!»
جلوبەرگم لە بەرانییە، یا لەچکەکەم داکەوتووە؟ وەکو هەمیشە کیلۆیەک تەماتە و گۆشتم کڕیوە، ئەی بۆ ئاوا سەیرم ئەکەن؟ تا ئێستا ژنی چوار ئەنگوستیان نەبینیوە؟ لە ڕووم هەڵنایە وەکو جاران لەبەر دووکانەکانا بوەستم و پرسیار لە نرخی ئاڵتوون و قوماش بکەم. ئەزانن لە دوای ساڵەهاوە بەبێ ئەو ئاڵقە سارد و زەردە هاتوومەتە دەرێ، یا هێشتا ژنێکی شاراوەم و تەنیا مانتۆ و لەچکەکەم دیارە! ئەبێ بیدۆزمەوە لە کوێ دامناوە خوایا؟
«شەقامی ئازادی»
نیگای لە قژەکانمەوە دەست پێئەکا و ئەخزێتە سەر سینگم و هەر لەوێ ئەوەستێ: «سەرکەوە.» لە ئاوێنەکەوە سەیری قامکەکانم ئەکا. ئەیژمێرمەوە: یەک، دوو، سێ، چوار.
ئەزانم گەر ئەو هەڵیگرتبێ، بێ ئەوەی خۆی بزانێ، بە قسەیەک، ئاماژەیەک ئەیدرکێنێ. ڕەنگە لە نێو تاکسییەکی ئەم شارە دامخستبێ.
لە ئاوێنەکەوە دووچاوی زاق و ڕەش لێم ناگەڕێن. من بۆ شەقام و خەڵک و نووسینی سەر تابلۆکان ئەڕوانم، بۆ خۆم سەرقاڵ کەم؟ منیش سەیری ئەکەم، چاوم لێ هەڵئەگرێ و دوو پیاوی قەڵەو سەرئەکەون.
ئیتر وەک جاران جانتاکەم نابێتە سنوور و خۆم نانووسێنمە دەرگاکەوە، لەشم داخ ئەبێت، چەند خوێنێکی تازەیە لە دەمارەکانما، چەند هەستێکی تازەیە لە لەشما، بێ شک بۆ ئەویش وایە.
زۆرتر ئەنووسێینە یەکەوە، نەک هەر پێمان، بەڵکو شان و باسک و پێڵاوەکانیشمان.
بە دزییەوە سەیری قامکەکانم ئەکات، لەژێر جانتاکەما دایئەشارێم. گەر وەکو جاران پێنج قامکم ببوایە ئەمگوت:
«بێ زەحمەت جوان دانیشە.»
شاراوە نیم، لانیکەم لە پاڵ گەرمی لەشی ئەم پیاوە کە نایناسم، شاراوە نیم، ئەی بۆ جێگای لێ تەنگ کردووم؟ جووتێ چاو پڕ لە نەفرەت، جووتێ پڕ لە شەهوەت چاوم لێ هەڵناگرن، ئەو بەدزی ئەوی ترەوە.
- شەقامی ئازادی سەرچاو.
ناوێرین دابەزین.

* * *

ماڵەکەمان گۆڕستانە، دەنگی زیندووەکان نایەت، تەنیا دەنگی شتەکان و ئەو کەسانەیە کە، یا مردوون، یا لە ماڵی ئێمە نین: تەلەفزوێن، جیرە جیری دەرگاکان، کاتژمێر، گۆرانیبێژ... ژێر زەوین تەنیا شوێنێک بوو کە نەمپشکنی بوو، مستێ وێنەی دڕاوم دۆزییەوە و هیچی تر، لە هەموو لەتەکانا کچێک بە کراس و تۆڕێکی سپییەوە دووپات ئەبووەوە. کچەکە بە پێنج قامکەکەیەوە لە دوایین برووسکەی کامێراکە ماڵاوایی ئەکرد. پیاوەکە دەستی ئاڵقە کردبووە دەوری کەمەری و ماچی ئەکرد، سمێڵی نەبوو.
گەر بمزانیبا هەرگیز لەگەڵما نادوێ و لەتەکانم لەژێر

زەوینەوە ئەدۆزمەوە، ونم نەئەکرد، بۆ چیم بوو بزانم حەسانەوە بەبێ ئاڵقە چۆنە؟

لە کاتی قاپ شۆردنا ئاو بردوویەتی، نەک هەر ئاڵقەکەم بەڵکو خۆمیش، لەو ڕۆژەوە کە ون بووە ئەو ژنە بێ قامکە بۆ ساتێکیش لێم ناگەڕێ، بڕێ جار شاراوەیە و بڕێ جار نا، کە تەنیا ئەبم، نادوێ، چێشتی خۆش لێ ئەنێم، گۆرانی ئەڵێم و هەر نادوێ، شاراوەیە، کە لە شەقامێکی جەنجاڵدا پیاوێکی زل شان لە شانم ئەدا، لە تاکسیا جانتاکەم نابێ بە سنوور، چاو لەو چاوە پڕ لەشەهوەت و هارانە هەڵناگرم، دوو گرێ لە لەچکەکەم نادەم، گەر داشکەوێ سەرم لێ تێکناچێ، شاراوە نیم، خۆمم.

«زۆر سەیرە. هەموو خەڵک شەڕ ئەکەن، جنێو بە یەکتر ئەدەن، لە دواییدا بە ماچێک هەموو شتێک لەبیریان ئەچێتەوە، یان باشترە بڵێین لەبیری خۆیان ئەبەنەوە.»

«هەموو کەس ئاڵقە ون ناکەن، شەوانە نانووسێنە ئەو دیوارە ساردانەوە، هەموو ڕۆژێک بە بیانوویەک نارۆنە دەرێ.»

هاوار ئەکەم:

«بەڵام گەر شتێکت پێویست بێ، قار و قینت لەبیر ئەچێتەوە: ئەو کاتە کە برسیت بێ، تینووت بێ، جلەکانت چەپەڵ کردبێ، کەمەربەندەکەت ون کردبێ، یان... کە بێنیاز بوویت یەکجارە دێتەوە بیرت ماوەیەک پێش «ژنێک» لەم ماڵەدا جنێوی پێت داوە، کتوپڕ ئاڵقەکەی ون کردووە.»

«کتوپڕ؟ هە!»

بە ئەنقەست ئەڵێم «ژنێک». چۆن ئەو نازانێ ئەم ماڵە پڕ بووە لە ژن، هەموو دەستەخوشکی ئەو ژنە چوار قامکە نادیارەن.

یەکێ چێشت لێ ئەنێ، یەکێ گۆرواکانی ئەو ئەشۆرێ، ئەوی دی ئیسک سووکە و سەما ئەکا، گەر ئەو شتێکی بوێت خێرا بوێ دێنێ.

من عاشقی ئەو دانەیەم وا بە زمانی منداڵانەوە ئەدوێ، یاری ئەکا، بیانوو ئەگرێ. گەر بە قسەی نەکەم، هەموو چینی و کریستاڵەکانم ئەشکێنێ.

* * *

«تازە هاتووی تۆزێکی تر دانیشە.»

«درەنگە تاکو سەردانێکی بازاڕیش کەم ئەو دێتەوە، بزانە کەس لەبەر دەرگا نییە؟»

«بەیانی بێرەوە باشە؟!»

«بزانم چۆن ئەبێ، گەر ئیشی بازاڕم نەبێ...»

دەستەکانم ئەگرێ و ماچی ئەکا، قامکەکانم ئەژمێرێ.

«تۆ ئەڵێیت من چەند قامکم هەیە؟»

قاقا ناکێشێ، بەردەمی ئەگرێ و هێواش پێئەکەنێ:

«شێتە! هەزار!»

«چوار قامک، لە لای قامکە چکۆلەکەمەوە یەکێکیان نەماوە، تا ئێستا سەرنجی ئەو قامکە ون بووەت داوە؟»

«بەیانی دێیتەوە؟»

«ڕەنگە ئاو بردبێتی، یان لە حەوشا دامنابێت و قالاوێکی لە بریقەی خۆیەوە فریو دابێ.»

«بەیانی کە هاتیتەوە، لە دەرگای پشتی حەوشەوە وەرە، ئێرە وەکو جاران نەماوە.»

گەر بەیانی بێمەوە ناپرسم ئەمبینی، یان نا؟ ناڵێم ئەو ژنە چوارقامکە ئاو بردوویەتی، نە ئاو، نە قالاو. بۆ بڵێم ها؟ گەر شاراوە ببوومایە بڕیاری بەیانیمان دانەئەنا و لەبەر من سمێڵەکانی لا نائەبرد.

«شەقامی ئازادی!»

پیاوەکە سەیری قامکەکانم ئەکات و سەرئەکەوم.

جانتاکەم بۆ هیچ کەس ناکەمە سنوور، ئیتر ئەو ژنە منداڵەم خۆش ناوێ، ئەو ژنەم خۆش ئەوێ وا چوار قامکی هەیە و تەنیا لەو چوار دیوارییە شاراوەیە کەچی خووی بەبێدەنگی و دیوارە ساردەکە گرتووە.

**جۆزەردانی ١٣٨٤ هەتاوی (٢٠٠٥ز)**



# سەرم پڕ لە ورتکە گوڵەزەردە و تۆ بووی ئەو شەوەی...

**نیگار نادر**
**(بەریتانیا)**

وەک پەڵە گوڵەزەردەیەکی بنارەکانی چیای ساوێنێ ڕندرابوو، پەلک و گوڵ و بڕک و گەڵای تێکباهەڵدرابوون و لقوپۆپی بەسەر یەکتریدا کەڵەکە ببوون، ژانی ڕنینەوەی تێ گەڕابۆوە. هەموو شتێکی وەبیر دەهاتەوە، ئەو ساڵانەی عەشقی وەسەر گەڕابوو، گوڵەزەردەی وەسەر گەڕابوو، شەوێک دەیەویست چیدی شتی وەبیرنەیەتەوە، هیچ، خۆشییەکان، ناخۆشییەکان، هەموو شتێکی لەبیر چێتەوە. پەنجەکانی توند دەگوشین. ژانە سەرێکی گرانی هاتێ.

تاوی دا چەقۆیەک و سەری لە لەشی کردەوە و لە پرچەکانی نووسا و تا تینی تێدا بوو سەری هەڵدا و بەبێ سەر ڕاکشایەوە،، گێژەیەک دەسەری هەڵکرد و سەری ڕادا دەگەڵ سەدەها پەلکە گوڵی هەڵپرواو، کەوتە چاڵێکەوە، چاڵێک پڕ لە لاشەی ژنان. سەری کەوتە جێی سەری لاشەی کیژەکی و قاقای کێشا. لە خۆشی ژیانەوەی و ئەو دەمانەی لەبیر دەکرد لەسەر ماچێکی دڵخوازەکەی سەریان بە فیشەکان دابێژت و وتیان برایەکەی تفەنگی لەدەست دەرچوو. سەری بەلاشەی ژنێکی دی ڕۆدەکرد لە ترسی ژیانەوەی دەیدایە پڕمەی گریانێ. دەترسا ئەو پیاوە دەسەڵاتدارەی لەبەر نەزڕانی ناو و ناموسی خۆی زیندە بەچاڵی کردبوو هەواڵی زیندووبوونەوەی پێ بگا و چەکدار و پاسەوانەکانی بنێرێ و دووبارە بە گوللان دایبێژنەوە، ورتکە گوڵە زەردە لێویان خوێناوی دەبوون.


سەری لەویش هەڵپچڕیەوە بە لاشەی ژنێکی تریەوە نووساند و خوێن بە کەپۆ و دەمیدا فیچقەی کرد. ژنە بە لەرزەوە هاواری دەکرد لێم دوورکەونەوە نەبادا مێردەکەم چەقۆیەکەی بگەیەنێتە جەستەم، وەکو لووت و لێوەکانم کوتکوتی کا. لە پاش ئەوەی پیاوێک گێژەڵووکانە تێیهەڵکردبووم و دڵی بردووم، سەری بە ویشەوە خۆی ڕانەگرت بە لاشەیەکی دی ڕۆچوو پۆلووەکانی لەشی کیژۆڵەیەک گەشانەوە پاش ئەو نامەیەی لێی گیرابوو

خۆی لە دۆلکە نەوتێک هەڵکێشابوو.
لە ترسان هاواری دۆلکە بەنزینەکێشی دەکرد و دەیگوت مەمکوژێننەوە تا ڕەژوو و خۆڵەکەشم بزر دەبێ و پێیان کۆناکرێتەوە. گوڵەکانی وەکی مۆم لەسەر سەری دەسووتان.
نیوەشەو بوو وەکو تۆپێک خۆی بە پەنجەرەی ژوورەکەیدا دا و لەگەڵ کۆڵێک ورتکە شووشە خۆی بەسینگیدا دایەوە تاوێک لێی گەڕا، هەستا دە بە ئاو و سابوونی نا و پاک پاک شوشتیەوە، لەنێو هەر دووک ئەژنۆیانی گرت و پرچەکانی شە کردنەوە و لەتەنیشت خۆی قوت کردەوە.
سبحەینێ هەڵستا لێی بزر ببوو. هەرچی کۆمیدی جل و بەرگانە دەری دان، هەر نەیدییەوە لەنێو هەموو سەتڵە زبڵەکان گەڕا دەستی لە هەموو زێراب و ئاوەڕۆکان گێڕا چ دیارنەبوو.
تاوێکی نەبرد لێی وەدەرکەوت. دیتی بە دمی پشیلێکیەوە، بۆ ژنێکی دەفڕاند تا گوڵانی تێدا بچێنێ و بۆ پیرۆزبایی خانمێکی بەرێ کە گەورەترین پۆستی بۆ ئازادی و چالاکی ئافرەتان پێسپێرا بوو، هەر ئاوڕێکی دایەوە لە دەلاڵخانەیەک بە دەست ئافرەتێکی بەژن بڵندەوە بوو دەیویست بیکڕێ و بیکاتە ئارم. لە ڕۆژی کردنەوەی ڕێکخراوە نوێیەکەی هەڵیواسێ، بە بەرچاوانیدا خانمێک پەتی لە مل کردبوو بۆ کۆنگرەی نێودەوڵەتی مافی ئافرەت ڕایدەکێشا، لە دووڕا دەیدی هەڵیانپاچیوە و کردوویانەتە قاسەی سەنتەری ڕۆشەنبیری زارۆک و ئافرەتان و دووسێ قفڵی لێدراون.
لە پشتەوەڕا لێی دەڕوانی چۆن لە بنهەنگڵی ژنەکی سەرنووسەری گۆڤارەکی نوشتاوەتەوە و دەیکاتە دیاری بۆ دیوانی حیزبێک و گوڵەکانی ناوی وشک هەڵگەڕابوون.
تاوێکی نەبرد دیتی هەردووک چاوی لێ دەرپەڕیون و تەقەتەقی دێ لە پێی ئەو ژنەیدا کە بۆ ڕۆژی مەراسیمی خەڵات کردنی لەسەر مافی ژن و یەکسانی لە پێی کردووە.
بەیانی سەگێک پێش تاو کەوتنێ بەدەمییەوە گرتبوو بۆی دەهێنایەوە لەسەر پەلکی گوڵە زەردەکان چاوی لەسەر هەڵنەدەبڕی لێ پێش ئەوەی سەری بگاتەوە سەر پیاوێکی بەرپرس بۆ شەوێک لەشی کڕیبوو بێ ئەوەی لەسەری بنۆڕێ و بزانێ سەری پێوەیە یا نە؟
سەری لەو گۆڕەی بەجێمابوو لەو بیر کەوتنەوە نەکەوتبوو گوڵەکان ببوونە ژن یا ژنەکان ببوونە گوڵ ئەگەر نا بۆ وێکڕا دڵیان دەسک دەکردن. سەریان دەسک دەکردن. وێکڕا بۆنیان دەبردن دەیانڕنین و بەجێیان دەهێشتن؟

**لەندەن - ٢٠٠٦/١/٩**

# ڕۆژێکی پیرۆز

ماپاره ئیبراهیمی
(بۆکان)



هەمــوو ژنانی شـار وێکڕا کـۆڕیان بەسـتبـوو، ببـوون بە قـەتارەی شەمەندەفەر، هەروەک مێروو، سەریان لە خاک دەردێنا، دەتگوت ژنانی سەدەی زینده بەگۆڕین خـاکیـان بەچڕنووک هەڵکۆڵیوه و سەریان هەڵداوه. قەتم زەین بۆی نەچووبوو، لەنێو شارەکەمدا ئەو هەموو ژنە هەبێ. دیمەنی هیچ کـامیـان بۆم ئاشنا نەبوو. ژنانی شـاری من هەمـوو باڵابەرز و چاو شەهێن بوون. بسکیـان کـەژێنی تێکەڵاو بە پەلکە زێڕینە بوون، ژنانی شاری من زۆر بە حەجمین و شــەرمن بوون. دەنگیــان بەگــوێی کــەس نەدەگــەیشت، وشەکانیان لەیەک سەرچاوە وەرگرتبوو، بەڵام زۆر سەیرن، ئەوڕۆ هیچیان لەوی دیکە ناچن. جوان و کرێتن، سوورو ســپین لە هەمــان کــاتیــشــدا ڕەشن وەک قــوله ڕەش، ئەسمەرن، چاوگەش و چاوەڕەشن، باڵا عەرعەرو دەوەنن، قژە سەریان جاڵجاڵووکەیە، گەڵای شۆڕەبیبە، ئاورێشمی خـاوە، دیسـانیش وشـەکانیـان هەریەکە، بەڵام زریکەیە، هاوارە، دووپات کردنەوەی ئاوێنە، ئاوێنەیە.

من لەمێژ بوو نووستبووم، نازانم چەند سەعات، چەند ساڵ؟ خەونەکانم زۆر ئاڵۆز بوون: [کتێبێکی دەسنووسی کۆنم پێ براوە، هەمووی باسی مێژووی پڕ لە کارەسات، ڕۆیشـتن و نەگــەیشتن، خــولانەوە لەنێــو بازنەیەکی ئەفــســووناویدا، تاشــە بەردێک هەر دەبەنە لووتکەی کێوەکەو خلۆر دەبێتەوە، کەسایەتییەکان تەوەللان، خاتوو زینن، خـەجن، شـێـخی سـەنعـان و کـچـه گـاورن. لەژێر کورسی ڕاکشاوم، ژوورەکە جمەی دێ لە میوانان، دەنگی باوکم زوڵاڵ و نەرم دێتـه گـوێم، فـرمێسکەکـانم ڕوون و گەشن، قەتارەی پرسیار مێشکی ساوامیان داگیرکردووه. شێخ ڕوو لە ڕووگـەی باووباپیـرانی وەردەگـێـڕێ و ڕووەو

رووگەی ئەوین نوێژ دەخوێنێ. منیش بە چاوی زلکوێران ملی ڕێگەم گرتووە. پشت لە ئاسۆ هەنگاو دەنێم. هەناسەم سوار دەبێ ماندوو دەبم، سانەوەی ژێر سێبەری دار چەندە خۆشە. دوو کۆتر لەسەر لکی دار ئاخاوتنیانە:

– تۆ بڵێی بەکوێ بگا؟

– بەهەڵدێر.

– بۆ وەئاگای نەیەنین؟

دەنگیان گوێم پڕ دەکا:

ڕابوون.

موچڕکەم پێدادێ، پشتاوپشت دەگەڕێمەوە، دەکەومە نێو داوی تەنیایی. [نا من ناتوانم تەنیا بژیم، ناتوانم لە ژوورێک دۆش دابمێنم، ناتوانم بۆ دیتنی پەڕەسێلکەی سەر دارتێلی کارەبای نێوشار نەڕۆم، دەڕۆم.]

بەدەسنووسەکەدا ئاکامی هەموو ڕۆیشتنەکان سەر لێشێواویە، ئێستا تێدەگەم باوکم بۆچی دەگەییە زەناربەستنی شێخ دەنگی گڕ دەبوو. دەتگوت دەگری. هەروا کەمن دەگریام، گریانێکی پڕ لە ئەوینی بێ ماناو ساکار بۆ شێخ. ئێستەش دەگریم، بەڵام بێدەنگ، دەنگی گریان لەنێو قوڕگمدا پەنگی خواردۆتەوە، بۆتە مۆتەکە لەسەر سینگم، ناهێڵێ دەنگم هەڵبڕم.

تێناگەم ئەم برینەی گۆشتەزوون دێنێ، یان لەجیاتی تەشەنابوون و ناسۆربوونەوە بەیەکجار دەم دەکاتەوە و هەموو کێم و چڵکی چەند ساڵەی هەڵدەڕێژێ؟ ئەوەندەی لەبن بێ. چەندم سەرمایە، ئەم چەقۆچۆیەم بۆ لێ نابێتەوە! لەوانەیە هەردووک چاوم دەرپەڕێتە نێو کۆشم. (با توند بیانگرم نەهێڵم پەرەوازەبن.)

دەنگدانەوەی (ئاوێنە، ئاوێنە) لە خەوی ڕاپەڕاندم، دایچڵەکاندم، هانی دام بۆ ڕوانین لە دەلاقەی نێو ژوورەکەمەوە، تا لەبیرمە ئەو دەلاقەیەم بەگاڵەدراوی دیوە. پێویستمان بەکردنەوەی نەبووە، ژنمان لە دەلاقە یاساخ بووە، پیاویشمان بەبوونی دەرکە پێویستیان بەدەلاقە نەبووە. قەتم ڕوانگەی ئەودیو دەلاقە نەدیبوو. ئێستە کە ژنان بوون بەهۆی ئەوە دەلاقە بکرێتەوە، لە یەکەم ڕوانین داسڵەمیمەوە. لام وابوو ئەودیو دەلاقەکە شەقامی بەر ماڵەکەمانە، بەڵام تا چاو هەتەری دەکرد، شینایی بوو، گیای سەوز و شین و قەوزەیی، بنجیان سوورهەڵگەڕاو. دیسان دەنگدانەوەی (ئاوێنە، ئاوێنە) هێنامییەوە سەرخۆم. بۆ ئەوەی ڕەنگ و بۆنی سەوزو سووری تێکەڵاو، خۆم و ژوورەکەم لێ بزر نەکا، دەلاقەم بەست. منیش پەنام بردە بەر دەرکە و خۆم دەرباز کرد. لە نێوەڕاستی شەقامی شار هاوەڵانی خۆم ناسییەوە: چۆنی چاکی؟

– خۆش بن، ئێوە چۆنن؟

– تۆش ئەو هەراو هۆریایەت گوێ لێ بوو؟.

– بۆ دەکرێ گوێم لێ نەبێ؟ بەڵام تێناگەم.

– تێگەیشتنی ناوێ، لەبیرتە هەموومان تێگەیشتین و سوارمان بە ئەسپەوە گلاند.

– بۆ لە بیردەچێ؟ هەر دەڵێی لەنێو ئاوی ڕووندا خۆم دەبینم.

[ڕۆژی تێگەیشتنم، ڕۆژی ئاکامی سەودارسەریم دنیا لە پێش چاوم وێک هاتبوو، ببوو بە تۆپێک یاریم پێدەکرد، لەنێو ژوورەکەمدا خولی دەخوارد، تەواوی وشە پڕ لە قین و ماناکان لە مێشکمدا ببوون بە میوان. ئەو میوانداریە لە خۆی بایی کردبووم. فرم بەسەر دنیاوە نەبوو. دنیا تەواوی هی من بوو، وشە نەیارو کرێتەکان شوێن پێیان گوم بوو...

لە پڕ دەنگێکی بەسام، تۆپی تەقاند، وشەی لێ ون کردم: ڕووگەیان پێ بڕووخێنن، کڕنۆشیان پێ بەرن.

لەو ڕۆژەوە شار وەنەوشەی مل کەچە، کێوی ئاگرپژێنی نووستووە. ئەو ڕۆژە ئێمە سەری مارمان پان نەکردەوە، پەڕاندمان. بۆیە لە جەستەی مارێکی دیکەدا سەری هەڵدا. ئێستا وەک بانبانکی لەسەر کۆمای زێڕ نووستووەو بێچووە ماری ژەهراویمان دەرخوارد دەدەن. زمانمان دەبڕن، خەومان لێ دەتارێنن.

– ئەوە بۆ لە نقووم بووندای؟. وەخۆ هاتمەوە و گوتم: لەوانە گەڕێن، ئەو ژنانە چی دەڵێن؟

– بڕیاریان داوە هەموو ئاوێنەی نێو شار کۆکەنەوەو بیکەنە ئاوێنەیەکی باڵا نوێن.

– نەتبیستووە ئاوێنە ڕاست نوێنە؟

سەرسامیم گرتبوو، ئاوێنە تەنیا دەنوێنێ، ئەوانەش چاو لەهەر کەس بکەن، دەیکەن بە بەرد. (بەرد، ئاوێنە، ئەفسانەی میندۆز...) ئێستا تێدەگەم ژنانی شارەکەم چەندە وریان.

# ڕێگای سەفەرێکی بێ گەڕانەوە

خەندە گۆران

هەمــوو شتــەکـان دەگـۆڕێن و ڕەنـگ وەردەگـرن و ڕەنـگ دەدەن. ئەوە تەواو بەسـەرچوو.. تەنهـا خـەمی خۆی هەڵدەگرێت.. وەک منداڵێک داوی کـۆڵارە ونبووەکەی ڕابکێشێتەوە.. لەسـەرخۆ نیگا و بیر و هۆشی دوور هەڵفڕی و گـەڕایەوە. لە چیـا بڵندە دوورەکـانەوە بۆ گـرد و دەشـتـە نزیکەکـان، کـەوتە بیـرکـردنەوەیەکی قـووڵ و بێـدەنگی و تەنیـایی، خـەمێکی قورس و ژانێکی دیکەیان بۆ هێنا، هەر خـۆبەخـۆ فـرمـێسـک لە چاوەکـانی هاتە خـوار، هەر کەسێک بە لای تێپەڕیایە گوێی لە دەنگی گریانەکەی دەبوو کە لە قوڕگێکی پڕ سـووی گریانەوە دەهاتە دەرێ، فـرمـێسـک لە چاوەکانی چۆڕاوگی بەست، دادەڕژایە سەر هەردوو چۆکی، برووسکی بیر و خەیاڵ ئەوها دابوویان لە هۆش و لەشی کەنەفت بوو، وزەی ڕاچەنینی تێدا نەمابوو، تا دەهات توند و تیژتر دەبوو، دیمەنەکەی ئاسـایی نەبوو. موچڕکی سارد بەلەشیدا دەهات سەرتاپای گیـانی کەوتە مێرووولەکردن، بە برینێکی نادیار و شاراوە کولایەوە.. کڵاوی چۆکی شل بـوو، کـەمـێـک دەلەرزی، هەســتـێـکی تێکەڵ لە ترس و شـەرم دایگرت، چاوەکـانی داخـست، دووبارە هەڵیــهـێنایەوە. بە کـزی سـەرنجی دیمەنەکەی دا، هیچ گـومـانی نەماوە کـە ئەوە دوایین جـاری پێ شـادبوونەوەی ئەندێشـەکانیـەتی، ئیـتر هەتا هەتایە پێک ناگەنەوە، شادەمارە ئەشقە تەمەن کـورتـەکـەی لێ دەقـرتێندرێ و گـیـانی دەکـێـشـرێت. دەزوولەکـانی بەنێـو دەمـارەکانی لەشیـدا ڕووناچێتـە خوارەوەو خوێنەکەی لە تۆز و گەردو چڵکی بیـست و چوار کـاتژمێـری پێشـوودا ناشـۆڕێتەوە، بەڵێ نەهامـەتییـەکی زۆر گـەورە و گـرانە. لە دیمەنەکـەدا نیگای ڕووەو سـاڵانی تەمـەنی چووبووە، لە سـاڵانی تەمـەنی چی کـرد؟ چی بکات هەمــوو ژیانی وەک مـۆمــێـک بۆ عەشقەکەی داگیرساندبوو، بەڵام خەم و فرمێسک دنیای ژێر ئەم شەفەقەی لێ تاریک کردبوو، بیر و خەیاڵی لەگەڵ ئەو دیمەنە کە عاشقێک ببینێ، ئەوەتا دڵدارەکـەی ڕێگای سـەفـەرێکی بێ هاتنەوە دەگـرێتـە بەر بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە سەرنجی بداتێ و ڕوخساری تاڵاوی لێ بتکێ، قـوڵپی گریانێکی بە کوڵ لە قـووڵایی دەروونییەوە شاڵاوی دەهێنا و لە گەروویدا گیـری دەخوارد، هەردوو چاوی پڕ ببوون لە فرمێسک و ویستی هەستێ باوەشی پێدا بکات و نەیەڵێ بەجێی بهـێـڵێ، ترس و خـەمی ئەوەشی هەر لە دڵدا مـابوو کـە چەند مـانگێک ئەشقـەکەی لێ زەوت کـرابوو، ئیـتر ئەو چاوەڕوانی چی بکات لەم دوایـیــە زۆر هـاتبــوونە داوای، ئاخــۆ دەبێت شــوو بکـات؟ دوای ئەو هەمــوو خـۆشەویسـتـیـیـە، بە کـوڵ بۆ بەختی خۆی دەگـریا، بۆ نەگری هەر ئەم تنۆکـە فـرمێسکانەیە خـەمەکەی دەشـۆنەوە، ژانی خـەمەکـانی وەک گەردەلوولێکی بەتین نـاخی پڕ تۆز و خـۆڵی خـەم کـردبوو، سـەرکـەوت تا قـوڕگی گـرت لەژێر کـاریگەری کـارەسـاتی ڕۆژانی ئێـسـتـا و ڕابردوویدا دەیناڵاند، بەڵێ بەبێ دەنگی دەیناڵاند، کـەسـێـک نەبوو دڵـی بداتەوە و تۆزێ ئەو بێـدەنگیــەی ڕابماڵێ، تاریکی شەو هات و هێدی هێدی زەردەی خۆری لە کۆڵان و حەوشە و سەربانەکان ڕاونا..!



# ڕۆژێک

عەلی ئەشرەف دەروێشیان
لە فارسییەوە: فەرەیدون حەکیم زادە
(مهاباد)



کوڕم هەستە. تاو هەلات، هەستە باوکم بە قوربانت بێ.

سەرم لەبن لێفە هێنا دەر. ڕووناکی ڕۆژ چاوەکانمی ئازار دەدا. دیسان خۆم دەژێر لێفە ڕاکرد. دەنگی میهرەبان و بلاوێنی دایکم گوێ لێ بوو:

«مەگەر ناچیەوە سەرکار؟ برالەکەم مەگەر سالی داهاتوو، ناتهەوێ بچیە مەدرەسە؟ پۆلی نێونووسی و کتێب و کاغەزت دەوێ. پۆلی کەوش و لیباس. هەستە خوا قەزا. یاللا برا نازدارەکەم بۆ وەخەبەر نایەی؟!»

لەژێر لێفەوە چاوم هەلێنا. ڕووناکایی لەبن لێفە کۆنەکەوە، پرژ و بلاوببوو. وەک ئەستێرەکان لە شەوزەنگدا. تاو لەو جێیانەی ڕزیبوو، تێدەپەڕی و چاومی ئازار دەدا. گۆشەی لێفەکەم هەلداوە. ئەستێرەکانی ژێر لێفەکەم کوژانەوە.

جیکەجیکی چۆلەکە و نالە نالی کەنالی ئاوی حەوز و دەنگی خوێندنی قوربانی مام عەلی دراوسێمان، بۆنی ڕەژی و ڕۆنی دووگ، حەساری پڕ کردبوو. دایکم ئەولاتر لەبەر هەیوان دانیشتبوو. سەماوەرێکی تەنەکە لەلایەک و مەنقەلی پڕ ئاور لەگەل جامێک کە لێوەدەنگی قرچەقرچی ڕۆنی دووگی دەبیسرا. دایکم چارشێوی لەسەر بوو دەستەیەک مووی خەناوی بەرچاو دەکەوت. دەموچاوی وەڕەنگی نانی هەویر و فەتیر دەچوو، بەلۆیەکی چارشێوەکەی خەریک بوو چاوی کە پڕ لە دووکەل و فرمێسک ببوون، دەیسڕییەوە. ئاوڕم دایەوە. چاوم دە ئاسمان بڕی. چناری مالی دراوسێکەمان لە پشت گلە دیواری پیس و بەلەک خۆی کێشابوو سەرێ و تازە تاو لک و پۆپەکانی سەرەوەی سوور هەلگەڕاند بوو.

دروست وەک قــــژی دایکم کـــە لەژێر چار شــێـــوە پینەکراوەکەی هاتبوونە دەر! چاوم لە دایکم کرد لە پشت هەڵمی سەماوەرەکە ڕا دیار بوو. لەسەرەخۆ ئەنگوستی بە ئاوی زاری تەڕ دەکرد و لەسەر سفرەکە دەنکە شەکری هەڵدەگرتەوە و دەیخوارد. کاغەزە بەتاڵەکانی چا و شەکر لە تەنیشت سفرە کەوتبوون. لەتکە سەنگەکێکی تازە لەکن نانە ماوەکانی دوێنێ شەوێ لە نێو سفرەکەدا بوو. دەستماڵێک پڕ لە ئاردی لەکن بوو، دەیهەویست ئارد و ڕۆنی دووگ و شەکری تێکەڵ بکات و «بژی»

کولیچەی کرمانشانی دروست بکا، هەتا ئەکبەر برا بچووکەکەم بیبات و لە کووچان بیفرۆشێ.

دایکم چاوێکی لە جلوبەرگ و جێگایەکەم کرد، هەر لەو کاتەدا لە تێک سەنگەکی تازەی لێ کردەوە و لە زاری هاویشت و دیسان بەقەو، هەرای لێ کردم:

«بۆ وەخەبەر نایەی ئازیزەکەم، گیانەکەم. یا عەلی بڵێ. ئەوە هەوەڵێن ڕۆژی تەحــتـیلی هاوینە. دەوری مەیدانی شارەداری ئێستا پڕە لە حەشیمەت. ئەگەر کارت وەچنگ نەکەوێ چ دەکەی؟ ها! ساڵێکی تر ناتهەوێ بچیەوە مەدرەسە. یاڵڵا، یاڵڵا، براکەم. ئەوساڵ دەچیە پۆلی نۆ، خەرجی گرانترە. یاڵڵا»

هەستا. هات و لێفەکەی لێ لادام. هەستام، چاوم هەڵماڵین. چوومە سەر حەوز و دەست و ڕوومەتم شتن، پاشان لەکن دایکم دانیشتم. دوو چای بۆ من و بۆ خۆی تێ کرد. لەتە نانی تازەی لەپێش دانام. پێم گوت:

«بۆ خۆشت لەو نانە بخۆ»

دایکم گوتی:

«نا، نا، نانی کۆن لەگەڵ چا تامی هەیە. نانی تازە ئەتۆ بخۆ هەتا تێربی و تا نیوەڕۆیە برسی نەبی. ئەمن نانی تازەم پێ خۆش نییە»

هەتا چایەکەم خواردەوە، کەمێک نانی بۆ لە دەسرەیەک پێچامەوە. دەسرەکەم هەڵگرت. چاوێکم لە هەیوانی کرد. دوو برا و خوشکەکەم نووستبوون. جێگای بابم چۆڵ بوو. دایکم لە چاوەکانم ڕاخوێندبییەوە، گوتی:

«بابت بەیانی چۆتە باغی. هەتا سێ چوار مانگی تر نایبینینەوە.»

بێ دەنگ بووم، وەڕێ کەوتم. لە کووچەڕا گوێم لێ بوو دایکم دەیگوت:

«فاتم هەستە، جوتێک کەوشی کەلاشەت ماوە دەبێ ئەوڕۆ تەواوی بکەی. یالڵا، ئەکبەر، ئەسغەر یالڵا هەستن یالڵا.»

کە گەیشتمە مەیدانی کرێکاران تازە تاو هەڵاتبوو. بەنناو کارگەر و شاگردبەنناکان دەوری مەیدانیان پڕ کردبۆوە. سیغاریان دەکێشا و قسەیان دەکرد. گاڵتە و گەپیان لە تەک یەکتردا دەکرد و جاری وایەش بەشەڕ دەهاتن و بێ بەزەییانە سەروچاوی یەکتریان خوێناوی دەکرد.

بە ئەسپایی لەکنیان ڕاوەستام. یەکیان خۆی خوراند، دەستی بۆ بن هەنگڵی برد پاشان شتێکی هێنایەدەر. بێ ئەوەی سرنجی کەس بۆ لای خۆی ڕابکێشێ تاوێک ڕایگرت. نەیزانی چ بکات؟ بەڵام زوو شتەکەی لەنێو تووتنی سیغارەکەی ناو جگەرەیەکی هەڵپێچا. شەمچەی لێ دا. مژێکی لە جگەرەکەدا و تەقی. ڕواڵەتی پیاوانەی بە بزەیەکی نادیار کرایەوە، خۆشیەکی منداڵانە لە ڕوومەتی گەڕا و لەژێر لێوی گوتی:

«لا کرداری بەدمللەت، هەرچی خوێنی هەمبوو خواردوویە»

بە هەنگاوی لەرزۆک و شەرمەزار و نابەڵەدەوە لە گۆشەیەک کز دانیشتم. جاران بابم ئەمنی لەژێر دەستی وەستا حوسێنی «سفت کار» دادەنا، بەڵام زستانی ڕابردوو وەستا حوسێن بە دەردی ئازارە باریکە مرد، دڵم وەخرت و پرت کەوت. لە کن کێ کار بکەم؟ دو سێ هاوپۆلی وەکو من شاگرد بەننایان دەکرد. دەیانگوت «ناسک کاری» ئاسانترە و ناونیشانی دەوری مەیدانی شارەداریان دامێ.

پیاوێک لەدەوری مەیدان پزدانی دەفرۆشت. دارێکی درێژی پێ بوو بەسەری دارەکەوە پزدانێکی سوور و دوانی سەوز هەڵاوەسرابوو. سوورەکەی زۆر باکردبوو، بەڵام سەوزەکان سیس بوون.

پیاوەکە دەینەڕاند:

«ئای گونی شەیتان.. ئای گ.. ونی شەیتان»

دو سێ کەس پێ کەنین و یەکیان گوتی:

«هەرچی بای هەبووە لە سوورەکەی کردووە.»

لاوێکی کز لەکن سەتڵی زبڵی دانیشتبوو بە دەنگێکی ناسک گوتی:

«وەکو زگی حەبیب بۆشکە دەچێ»

پیرە پیاوێک دەڵێی زاری پڕ لە ئاردەنۆک بوو، بە دەنگێکی گیراوە گوتی:

«ئەو سەوزانە وەکو زگی ئێمەن»

لەو کـاتەدا پیـاوێکی قـەڵە و ئارەقـاوی و بە هەنـاسـە بڕکەوە لە دوورەوە دەهات. کارگەرەکان ناسیـان. حاجی حەبیب بوو کە پێیان دەگوت: حەبیب بۆشکە. زنجیـری سـاعـەتەکـەی زێڕ بوو لەسـەر زگە گـەورەکـەی هاتوچۆی دەکرد.

ڕوومـەتی خڕ بـوو و دەتروسکایەوە. وەک پزدانێکی پڕ با دەجوولایەوە. هەموو ڕۆژێ بۆ خۆی بۆ بردنی کرێکاری ئازا دەهاتە مەیدان کارگەرەکان دەوریان گرتبوو. حاجی لەنێـو ئەواندا سێ کـەسی هەڵبـژارد. کـارگـەرێک کـە سمێـڵێکی ئەسـتـوور و ڕوومـەتێکی پڕ لە برینی هەبوو گوتی:

«حاجی بەقەدەر پێنج کەسان دەخوا. دەبینی چ زگێکی هەیە؟.»

پێکەنیم و قسەی مامـۆستـای ئەدەبیـاتەکـەمـان وەبیر هاتەوە:

«قەڵەویەکەیان لە کزی خەڵکە.!!!»

کارگەرەکان دیسان هورووژمیان بۆ لای حاجی حەبیب برد. دوو کـەس وێک کـەوتن، سـەر تقلێکیـان بردەوە. کڵاوی یەکیان کەوتە ژێر لاقی کرێکارەکان، فرچ بۆوە، ئاخـێـزێکی داو گـەڕاوە و یەخـەی کـارگـەرێکی گـرت و مـسـتـێکی لە دەم و لووتی دا. خـوێن لە لـووتی کـابرا فیـچقەی کرد، ئەویش هێرشی بردەسەر و قۆڵی چاکەتە ڕزیوەکـەی لە بنەڕەت ڕا هەڵـقـەند. پیـاوە بێ قـۆڵەکـە پشـتـاوپشت دەکـشـایەوە و دەیهـەویـست هەڵێ، بەڵام ڕاوەستا. ئەو پیاوەی قۆڵەکەی بەدەستەوە بوو و خوێن سمێڵەکانی سوور کردبوو. دەستێکی بە لووتیدا کێشا و چاوی لێ کـرد خـوێنی دیت، بە تەواوی وجـودیەوە لە قووڵای دڵیەوە قیژاندی:

«ئا.. ی.. ئاجان..ن. ئای هاوا...ر»

قۆڵەکەی فڕێدا و بۆ لای شەقام لە هەڵاتنێ نا. پیاوە بێ قۆڵەکە ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما. تاقمێک دەوریان دابوو. غـــروور ئیـــزنی هەڵاتنی پێ نەدەدا. شـــایەت فکرێکی بەزەین گـەیشـتـبـوو. چۆن بە ئاسـپـایی چووە قـوژبنێکی مـەیدان و بە هەمـوو تاقـەتی خـۆی، لـووتی وەبەر مستـان داو فنی کرد، بەڵام ئەوەی دەیهەویست لە لووتی نەدەهات. وەکـو گـۆشـتـێک کـە لە پیـوازی دەن، توندتر لە لووتی دا و فنی کـــرد، بەڵام دیســـان هیـچ نەهاتەخوار! کارگـەرەکەکـان و خەڵکی ڕێبـوار لە دەوری کـۆببـوونەوە و چاوەڕوان بوون. چاویان لە فـرتکی کـابرا دۆزیبوو.

هەر کەس شتێکی دەگوت:

«بەو بەخـتـە دەڵێی خـوێنی نیـیـە، دەمـارەکـانی پڕ لە چڵمە»

پیاوەکەی ئەسپێی لەنێو سیغارەکە خستبوو گوتی:

«مەگەر ئەسپێ خوێنمان بۆ دێڵنەوە»

ئەوی تر گوتی:

«توندتری لێدە، وەک ئەوەی لە لمۆزی کابرات دا»

یەکێک وەڵامی داوە:

«ئاخر ئەو لووتی خەڵکی بوو، ئەوەش لووتی خۆیەتی»

پیـرە پیـاوێک ئاو نەباتی دەمـژی و دەسـتـمـاڵێکی لەدەوری سەری بەستبوو، گوتی:

«بسـمـیللا. وە مـەولای دینی عـەلی ئەمن تا ئێـسـتـا لووتی قایم نەدیوە و نەبیستووە»

کـابرایەک چای دارچینی دەفـرۆشت و شـتـوومـەکی لە عەرزی بڵاوکردبۆوە، چاوێکی لێ کردن و گوتی:

«لووتی فیله»

پیرە پیاوێکی چاویلکە لە چاو لەکن مەیدان، دوکانی عەتر فرۆشی هەبوو. وەک کـابرا چا فرۆشەکە کفری کرد بێ لەژێر عەینەکەوە چاوی لێ کرد و گوتی:

«ئەگـەر لووتی فـیلیش بووبایە تائێـسـتـا داغـان ببـوو، مامە نسرەت فکرت لەکوێیە؟»

سـەرجـەم چەند دڵۆپە خـوێن لە لووتی پیـاوەکـە هاتە خوارێ. خوێنەکەی لە دەم و چاوی هەڵسوو. پاسەبان لە دوورەوە وردە وردە دەهات.

* * *

هێشـتـا هەر لە تەنیشت پاردەی مـەیدانەکە ڕاوەسـتـام بووم. جـار نـاجـارێک تاقـمـێک بەدوای خـاوەن کـار یان بەننا هورووژمیـان دەبرد، ئەمنیش بەدویاندا هەڵدەهاتم، بەڵام بەدەگمەن دەلوا ڕێم بدەن. دیسان دەهاتمەوە سەرجێی هەوەڵێ.

ئەوانەی کـاریان نەدۆزیبـۆوە لە سـووچێک بە پەرۆشی دانیـــشـــتـــبـــوون و مـــژیان لە جگەرە دەدا. مـــەیدان و شەقامەکانی دەوروبەر پڕ لە حەشیمەت ببوو. خەڵک لە هاتوچۆدا بوون. ژنەکـان بۆ شت کـڕین، بێکارەکـان بۆ خولانەوە. کچـان و کـوڕانیش بەجلکی جوان و نوێ لەو نێـوەدا دەگـەڕان. سـڵاویان لە یەکـتـر دەکـرد. چاویان دادەگرت. قیـمـەتی شتـیـان دەپرسی و پێدەکەنین. جـار جارەش یەکتریان تووڕە دەکرد. دەچوونە بەستەنی فرۆشی

دەوری مەیدان و دەهاتنە دەر، پاقلاوە و پیپسیان بە تەواوی نەدەخوارد و بەجێیان دەهێشت. بە کەیف و سەردەماخ، ترسێکیان لە داهاتوو نەبوو. لە فکری پوڵی نێونووسی و کتێب و کاغەز و لە هەمووان گرینگتر نان نەبوون.

کچ و کوڕێک قۆڵ لە قۆڵی یەکتر بە پێش چاومدا تێپەڕین. چاویان بە دڵۆپە خوێنی سەر عەرزی کەوت. کچەکە گوتی:

«وا... ئەوە چییە؟! چەند پیسە»

کوڕە وەڵامی داوە:

«شتێک نییە، وەرە با بڕۆین. داخوا ئەو کارگەرانە و مریشکیان بۆ کێ شتۆتەوە؟»

یەخەی کراسی کوڕە تاسەر نێوکی ئاوەڵا بوو. زنجیرێکی ئەستووری لەملدابوو. شاڵوارێکی تەنگی لەپێدابوو، تەواوی لەشی تێڕا دیار بوو. کچەکەش هەروا، بەڵام زێرێکی سێ گۆشە کە خشڵێکی لەنێوەڕاستی دابوو، بە ملیەوە هەڵواسیبوو. بۆ ساتێک هەموو شتێکم لەبیرچۆوە. حاڵەتێکم بەسەرداهات. هەستێک مابەینی نەفرەت و خۆش ویستن. بە خەیاڵ خۆم لە جیاتی ئەو کوڕە دانا. دەستی کچەم گرتبوو و بەدەوری مەیدانیدا دەمسووڕاندەوە. هەڵدەفریم، بەڵام دەنگێکی ئاشنا بەر گوێم کەوت. دەنگی مامۆستا میهرەبانەکەم:

«ئەورۆ مۆدەکان لە دەستی تاقمێک «لووسکەباز»* دان. ئەوەیە کە دەبینی، پۆشاکی کچان لەبەر کوڕان و پۆشاکی کوڕان لەبەر کچان دەکەن... هەڵبەت لە پۆلی ئێوەشدا تاقمێک هەن خەرج و موخاریجی ڕۆژێکیان بەقەدەر مانگێکی بنەماڵەی هی دیکەیە.. و..»

چ مامۆستایەکی باش بوو! قسەکانی لە دڵەوە دەهاتن، پڕ سۆز و بەتین. هەر دەڵێی قسەکانی تاڵەتاڵە گیانی بوون. دەسووتا و ڕۆچنایی دەدا، هەربۆیە لەبەر دڵان بوو، بەردەوام کتێبی خەڵاتی ئەوکەسانە دەکرد کە تێکۆشەر و سەرکەوتوو بوون. لەو کتێبە چاکانەی بۆ خۆی دەیخوێندنەوە. ئەمن دوو جاران خەڵات کرام.

لەنێوەڕاستی ساڵی خوێندندا ون بوو. لە پۆلی ئێمە بوو، بانگیان کرد و ڕۆیشت ئیتر نەماندیەوە. لە جیاتی ئەو، مامۆستایەکی تر هات، لە پشت مێزەکە دادەنیشت پاش ئەوەی کە قوتابییەک «ئینشا»ی دەخوێندەوە، سەری وەژان دەکەوت «موبسیر چاودێر»ی دەنارد حەبی سەرئێشەی بۆ بێنێ و بۆ خۆشی وە نەوزی دەدا. پۆڵ بێ دەنگ و جووڵە و ژیان دەبوو. کەسیش کارێکی بە ئەو نەبوو. سەری مانگێ مەعاشی خۆی وەردەگرت و لەژێر مێزەکەی چەند جار دەیبژارد. جارجارەش لە تەنانێکی ویشکە لەسەر یەخەی کۆتەکەی دەدیترا.

لە سووچێکی مەیدان دانیشتبووم، چاوەڕێی کەسێک بووم بێت و بمباتە سەر کارێ. هەستم کرد تا چ ڕادەیەک مامۆستای پێشووم خۆش دەویست و چلۆن وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ڕەشی ژیانی من و هاوپۆلەکانی وەک من هات و ڕۆیی و ون بوو. بە خۆم گوت:

هەرچی بەسەری هاتووە، هاتووە و تەواو بوو، بەڵام ئایا دەتوانم خۆشەویستی ئەو لە دڵم و قسە پڕ مانا و دڵئاواکەی لەسەر دەرکەم؟ نا، نا! بەڵام بۆچی؟ مەگەر ئەوەی کە دڵ و مێشکم دەرهێنن و فڕێی دەنە سەر ئاسفاڵتی شەقام و بەشەق پێ شێلی بکەن. تازە وەختایەک زبڵچی پیر، لە تەکانی دەگەڵ زبڵ و زاڵ لە قوژبنی مەیدانێ، لەژێر دار تووەکە کۆ کاتەوە و پاشان دارەکە بەرهەم بدا و باڵندەکان بیخۆن، هەر مەلێک لەسەر دارێک و لەبن دەرکەی هەر ماڵێک دەنگی مامۆستای ئێمە دووپات دەکاتەوە.

وەسەر شۆق کەوتبووم. لەسەرخۆ چووم. لە پڕ سەرنجم بۆ قوژبنی مەیدان ڕاکێشرا. شەهریاری هاوپۆلم دیت، دەهاتە لام. ئەو کوڕێکی دەست و پێ سپیلکە لە بنەماڵەی خانان بوو. دەگەڵ کو منی دیتبا لە قوتابخانە لێم نەدەگەڕا و هەزار قسەی بۆ دەردێنام و خۆی شیرین دەکرد. خێرا خۆم لە پشت کارگەرێک شاردەوە کە هەستا بوو، کۆتەکەی دەتەکاند، بەدڵم داهات:

«دەگەل کو بمبینێ بۆ ئەو قوتابخانەیە نابێ بچمەوە»

شەهریار نزیک دەبۆوە، کراسێکی سپی تۆری لەبەر دابوو، لەشی تێڕا دیار بوو، هێشتا نەیدیتبووم. کارگەرێک دەیهەویست بیەرێتەوە ئەوبەری شەقامەکە، خۆم لە تەنیشت ئەو حەشار داو و پەڕیمەوە. «شەهریار»یش دەیهەویست بپەڕێتەوە لەنەکاو «تاکسی»یەک پڕتاو لەپێش وی وێستا. شۆفێری تاکسی سمێڵێکی لەبنا گوێیان بوو بە زاراوەی تارانی توندی تێکەڵ بەکوردی هاواری کرد: «شاوهەردەکەن، گیانەکەم»

پاشان گازی دایە و ڕۆیشت. بە پڕتاو خۆم لە سووچێک شاردەوە.

* * *

ساعەت نزیکەی دە دەبوو. شپرزەحاڵ دانیشتبووم. دەمهەویست بگریم. ئەگەر ئیشم نەدۆزیبایەوە؟ ئەگەر دەست بەتاڵ چووبامایە ماڵێ؟ ئەگەر هەموو ڕۆژێ ئاوابوایە؟ فکر و خەیاڵ بەسەرمدا زاڵ ببوو لە ناکاو، دەستێک وەشانم کەوت:

وەستایەکی بەننا بەرامبەرم ڕاوەستا بوو. کزبوو ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما بوو. بن نینۆکەکانی پڕ لە گەچ بوون. «بیلر سوتی»* لەبەر دابوو و پڕ لە پەڵە گەچی گەورە و بچووک. لەسەر ئەژنۆی چەپی قەیماغەیەکی ئەستووری دۆخاوی لێ ساز ببوو. وەک ئەو وێنە تازانە. لە قاپی پینەی سەر ئەژنۆی، دەستێک وە ڕەنگی زەرد هاتبووە دەرێ و یارمەتی دەویست. دەستە کە لە دەستی بەننا دەچوو. کز وێڕای ئەنگوستی شووش و باریک. دوو سێ پەڵە گەچ وەکو کۆتر لە شاڵواری کابرا لەنێوان ئاسۆی سووری پینەی سەر ئەژنۆی لە حاڵی فڕیندا بوون.

سەرم داخستبوو و بۆ ساتێک ئەو وێنە گەلەم هاتەبەر زەین. دەنگی کۆخەی بەننا بەرزتر بۆوە و گوتی:

«ناوت چییە کوڕە»

– عەلی ئەشرەف.

«بێکاری؟»

– بەڵێ.

«لە قوتابخانەیی»

– بەڵێ.

«پۆلی چەندی؟»

– دەچمە پۆلی نۆ.

«ئیش دەزانی، ناسک کاری؟!»

تفی زارم قووت دا و بەشک و گومانەوە گوتم:

– ئا.. بە.. ڵـ.. ێ، بەخوا دەزانم.

بەننا بە سەرسوڕماوەیەوە گوتی:

«باشە باش بۆ سوێند دەخۆی!؟»

بە ئەدەب بوو. ئاخاوتنەکەی هیچ وە شوغڵەکەی نەدەچوو. دەستماڵێکی لەدەستدابوو و عارەقی دەم و چاوی پێ وشک دەکردەوە. دەڵێی هەلاتبوو. توورەگەی بەننایی و هێڵەگ و شمشەکەم لێ وەرگرت و لە کۆڵێم نان و بەدواییدا وەرێ کەوتم

هەروا لە پشت وەستا دەڕۆیشتم، مامۆستا خەتم وەبیر هاتەوە. لە ڕێگەدا وەستا پرسی:

«کوڕی کێی؟»

– کوڕی مەشەدی سەیفوڵڵا.

«سەیفوڵڵا کێهە، سەیفوڵڵا درێژە؟»

– نا درێژ نییە. کرێکارە دەچێتە مەزرا. زستانانیش ئاسنگەری دەکا.

«وەڵڵا نایناسم»

پاش چەند هەنگاوی تر، دیسان پرسی:

«ماڵەکەتان لەکوێیە؟»

– لە تەویلە.

هەردووکمان بێدەنگ بووین. لە پێچی کۆڵانێک تێپەڕین. گوێ درێژێک دوو مەشکە دۆی لێ بار کرابوو. کوردێکی دێهاتی لە پشتەوەی دەڕۆیی و هاواری دەکرد:

«ئا..ی دۆ، ئای دۆ»

چەند منداڵە شارستانی لەوبەرێڕا هاواریان دەکرد:

«ئای دووی باوگتە کنا روی» واتە «ئای دۆ فرۆش بابت لەنێو کونی ڕێوی» و هەڵدەهاتن.

دۆ فرۆش دۆش دامابوو. زنجیرێکی لە ولاخەکەدا و بۆی دەرباز بوو.

* * *

وەستا «یا ئەڵڵا»ی گوت و چووینە ژووری ماڵێک. خانوویەکی گەورە بوو. دەیانهەویست ئەمباری ماڵەکە دۆخاو لێ دەن. هەر لەو حەسارەدا خانوویەکی سێ نهۆمی لێ بوو. یەکێک لە پەنجەرەکانی نهۆمی دوکرابۆوە.

پیاوێک پۆشاکی خەوی لەبەردابوو لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو و دەرەوەی چاولێ دەکرد. خەواڵو لە شووشەی کن دەلاقە کە شتێکی خواردەوە و پاشان ڕاکشاوە. خزمەتکاری ماڵێ هات، ژنێکی قەڵەو بە جووتە مەمکێکی وەک مەشکە. کاری سەخت و کوێرەوەری دەستەکانی وەک چەوەندەری سوور لێ کردبوو. ئەمباری پیشان داین و ڕۆیشت.

کەمێک گەچ لە گۆشەی ئەمبارە کە ڕژابوو، بەننا گوتی:

– بەڵێ.. بەڵێ دەزانم.

«باشە، باشە، ئەتۆ گەچە کە دابێژە و کوشتەی ساز بکە، تا دەچم لە خزمەتکارەکە پۆڵی وەرگرم و لە بازاڕێ گڵی سپی و سرێش بکڕم.»

گوتم:

– باشە وەستا.

وەستا ڕۆیشت. گەچەکەم دابێژت و لەنێو تەشتێکی

گەورەم کرد پاشان ئاوم لەپاڵ کرد. یەکەم جار بوو ئەو هەمـوو گەچ و ئاوەم دەگرتەوە. تێکم وەردا. گـەچ خۆی دەگرت و ڕەق دەبوو. دەستەکانم شل و دەمارەکانم لێک کـێشـرا بوون. گـەچ بە تەشـتـەکـەوە ڕەق هەڵاتبـوو، هەڵنەدەقەندرا. دڵم داخورپا. گەچەکە توند ببوو هێندەم تاقەتدایە بنی تەشتە کە لێک زەڕیەوە و گۆشەی نینۆکە چکۆلەم شکا.

دیسـان بە هەمـوو توانامـەوە گـەچاوەکـەم تێک وەردا. لێواری تەشتەکە دەستی بڕیم. سپیایی گەچەکە سوور بوو. گوردیم وەژان کەوتبوو و ژانەکەش بۆ لای تیرەغەی پشـتم دەچوو. دڵـە کـوتەم لێ بوو. دیسـان لە پەنجـەرەی ئەمـبـارەوە چاوم بە دەلاقـەی خـانووی ئەوبەری حـەسـار کەوت پیاوەکە دیسان هەستا بۆوە. لەو بوتڵەی شتی خـاریجی لێ نووسـرابوو خـواردیەوە. زگـە سـپی و ورگنەکەی لەژێر کراسەوە دیار بوو. ڕاکێشایەوە. لەشم سست بوو. خۆم لۆمە دەکرد کە لە نەکاو فکرم کردەوە نێوی خوای لێ بنێم. ئینجا سەتڵێک ئاوم لە تەشتەکە کرد. پاشان خێرا خێرا لێکمدا. عارەق لە دەم و چاوم دەڕژایە خوار و برۆیەکانم تەڕ ببوون، عارەق دەچوو ناو چاوانم. لە گۆشەی لێوەکانم عارەقێکی سارد و سوێر کۆببۆوە زمانم وەک تەختە ویشک ببوو. لەپشت لێوەکانم عارەق وەک زەنگۆڵە دەجووڵانەوە و دەچوونە ناو زارم. دیسان گەچەکەم تێک وەردا. گەچە کە نەرم ببوو، بەڵام گلوی بچووک و ڕەق هێشتا مابوون و هەرچیم دەکرد نەدەخووسان، لەژێر دەستم هەڵدەخلیسکان، ئاخیرەکەی هەر نەخووسان.

* * *

وەستا هاتەوە. پاکەتی سرێش و گڵە سپی دانا و ڕووی لە من کرد، ئەمنیش عارەقاوی سەرم داخستبوو. ماندوو ببوو، پرسی:

«حازرت کرد؟»

– بەڵێ، بەڵێ

وەستا دەستی لەنێو تەشتەکە نا، بەسەر سوڕمایەوە و ڕووی تێ کردم و گوتی:

«ئەشـرەف!! ئەشـرەف!! ئەتۆ گـوتت دەزانم! ئەوە هەمووی گلو گلو بووە. مەسەبت بسووتێ. لادین.» بەڵام بە پێچەوانەی وەستا حوسێن لێی نەدام. ئەگەر وەستا حوسێن بایە دوو سێ مستی لە دەمی دەدام. شایەت لە چاوە ترساوە و شەرماویەکانم تەریق ببۆوە. سەرم داخست عارەق بەنێو چاوانم ڕا دیار بوو. ئەوە ئیدی عارەقی شەرمەساری بوو.

تا نیوەڕۆیە وەستا گلویەکانی دەپووچاندنەوە. گڵەسپی خووساند و سرێش لە ئاودا تواندنەوە. ئینجا لەگەڵ کوشتەی گەچەکە تێکەڵی کرد. پاشان تێکەڵاوی ئەوانەی هیلەساو کرد، دۆخاو حازر بوو.

بۆن و بەرامەی خۆرشتی «قورمە سەوزی» و شتی تر کە نەمدەناسین، دەهات. کابرای ئەوبەری هەر وا نووستبوو. دڵم لە خێڵەوە دەچوو. چەند جاران چوومە حەساری و چاوم لە سێبەری پارەکە کرد، دەمهەویست بزانم بۆ کاتی نان خواردن چەندی ماوە؟ سەرێکی دەستماڵە نانەکەمدا. خستبوومە ژێر گڵ تا نەرم ببێتەوە.

هەموو جارێ دەمهەویست پاروویەکی لێ بخۆم، بەڵام زوو ژێر گڵم دەنایەوە و دەگەڵ خۆم دەمگوت:

«ئەگەر وەستا بمبینێ، سبەینێ دەڵێ نەوسنە و نامباتە سەر کار» نیوەڕۆیە وەستا تمەنێکی دامێ و گوتی: پێنج قـران بۆ نیـوەڕۆیەت، بایی پێنج قـرانیش «ئەسکەنجەمین»م بۆ بکڕە. قاپی نێو توورەگە کە دەگەڵ خۆت بەرە. بۆ خۆت هەرچی ویستت بکڕە.»

قاپەکەم دەرهێناو وەڕێ کەوتم. بۆنی برنج لە حەسارێ دەهات. خزمەتکاری ماڵەکە برنجی نیوەکوڵاوەی لەسەر سەوەتەیەک کە پان کردبۆوە و ئاوی ساردی پێدا دەکرد، هەڵمێکی داغ لە برنجەکە هەڵدەستا. ئیشتیام لێ بوو مستێک برنج بەکاڵی بخۆم. ئاوڕێکی جوان وەک شیر لەژێر سەوەتە کە دەهاتە خوار و دەچووە ناو کونی تەنیشت حەوزەکە. کاتێک دەمهەویست لە دەرگای ماڵەکە بچمە دەرێ. خشەخشی چارشێوێک هات، ژنێک بە بۆن و بەرامەیەکی خۆش هاتە ژووری حەسار.

* * *

کەمێکم شت کڕی و گەڕامەوە. قاپە ئەسکەنجەمینەکەم دایە. چوومە حەسارێ و دەستماڵە نانەکەم هێنادەر. لە قوژبنێکی ئەمبار لە تەنیشت تەشتە دۆخاوەکە دانیشتم. بایی دوو قڕانان ڕۆن نەباتی و دوو قرانیش «خورما»م کڕیبوو تا دەگەڵ نانی بیخۆم.

وەستا دەستماڵی نانەکەی دەرهێنا، پارووی دروست دەکرد دەینایە زاری پاشان بە قامکی پاڵی پێوەدەنا و قومێک ئەسکەنجەمینی لەسەر دەخواردەوە. گوپەکانی لێک دەکێشران و گۆشەی چاوەکانی دادەچۆڕان، ئاڵۆز لە ڕوخساری هێلانەی دەکرد. چاوم لێ کرد بەدوو گوپیان

نانی دەخوارد.
تا نیوەڕۆیە وەستا هیچی نەگوتبوو. جگە لە دەنگی فلچەی دۆخاو لەسەر دیوار دەنگێکی تر نەدەهات.
دۆخاوم بۆ دەبردە پێش. چاوی لێ دەکردم و بە دەنگە ناسکەکەی دەیگوت:
«ئەشرەف!! ئەشرەف!! ئەتۆ دەتگوت دەزانم!» و بێ دەنگی لەسەر دیوارەکانی ئەمبار نیشتبوو. نانی نیوەڕۆ تەواو بوو.
وەستا ئەسکەنجەمینی مابۆوە دایمێ تا بیخۆمەوە. لە پێشدا وەرم نەگرت، بەڵام ئەو بە توندی گوتی:
«بخۆ شەرمێ مەکە. یاڵڵا کارمان هەیە. منداڵی، چاک نییە نەخۆی»
دیسان دەنگ، دەنگی شڵپە شڵپی فلچە بوو و دۆخاو و لۆمە و ماندوویی.
پیاوەکەی نێو پەنجەرە نان و چای خوارد بوو، سەری هێنابوو دەرێ و قامکی لە زاری دەنا تا برشێتەوە. ژنە بۆن خۆشەی بن دەرکێ، لە پشتەوەڕا ملی دادەماڵی.

* * *

ئێواری کارەکەمان زووتر تەواو بوو. زارکی توورەگەکەم بەست و دەگەڵ وەستا دەم و چاومان شووشت.
شمشەکەم لەنێوان دەسکی توورەگەکە ڕاکرد و هێڵەکەکەم بەسەری شمشەکەدا کرد و لە کوڵێم نا. خزمەتکارەکە هات و حەقە کاری خۆمانی داینێ. وەستا پووڵەکەی وەرگرت و قسەیەکی نەکرد، ڕۆیشتین.
لە ڕێگادا وەستا رووی لە من کرد و گوتی:
«با سەرێک لەو ماڵانە بدەین، شایەت سبەی کارمان وەچنگ کەوێ»
وەدوای کەوتم. گەیشتینە دەرکی ماڵێک. لە دەرکەی دا. ژنێک هات. وەستا سڵاوی کرد و گوتی: «خانم کەرەسەی کارتان حازرە؟ گەچ و مەچو کڕیوە؟ سبەینێ بۆ کاربێین؟»
ژنە دەیهەویست نەبیندرێ بۆیە لە پشت دەرکە خۆی حەشاردا. ئەو قاپەی لە دەستی دابووە وەک داپۆشێنەرێک لەسەر مووی سەری دانا و هەر لەپشت دەرگاوە گوتی:
«ناوەستا گیان، ناکێ تاقەتی قوڕکاری هەیە. ئاغا گوتوویەتی دوایی خەبەریان دەکەمەوە.»
چاوم لە ڕەنگی دەم و چاوی وەستا کرد سپی هەڵگەڕابوو. پشتە کۆمەکەی زەقتر بەرچاو دەکەوت.
گەڕاوە، ئیتر چاوی لێ نەکردم. کاتێک ویستمان بڕۆین پرسی:
«سبەینێ لە دەوری مەیدانێی؟»
- بەڵێ، لەوێم.
«باشە، باشە ئەگەر کار، مارێکمان هەبوو دێم لە دوت. منداڵێکی شەرمێونی، ناتوانی بۆ خۆت کار بدۆزیەوە. بۆ خۆم دێمە لات.»
قەیدی نییە، وەستا.
ورده ورده هەوا تاریک دەبوو. لە پیادەڕێدا بەدوای یەکتر دەڕۆیشتین. دەم و چاوم لە پشت توورەگەی وەستا- کە لەسەر شانم بوو- شاردبۆوە.
وەستا گوتی:
«وەرە بڕۆ ئەو پووڵەی وردکەوە، پێنج تمەنی هەڵگرە. پێنج قرانیشت نیوەڕۆیە خەرج کردووە. قەیدێ ناکە. خەرجی کتێب و دەفتەرت هەیە».
- خوا بەرەکەتی تێخا.
بیست تمەنی دامێ تا وردی کەمەوە. لەوبەری دەستفرۆشێک لەپشت قاپی ئاوێنەکەی دانیشتبوو. بڵیت و بنێشت و جگەرەی هەبوو. نزیک دەستفرۆش بووم، توورەگەی وەستا لەسەر شانم بوو، پۆشاکی دڕاو و پڕ لە پەڵەی دۆخاوم لەبەر دابوو. دەستم درێژ کرد.
هێشتا زارم هەڵنەپچڕیبوو، دەستێکی خاوێن دەگەڵ بیست تمەنێکی شەق و نۆی لەسەر شتەکانی دەستفرۆشەکە داندرا. بەندی ساعەتی، کە زێڕ بوو، دەگەڵ سپیایی دەستی بەربەرەکانی دەکرد:
«ئاغا.. بەستەیەک جگەرەی وینیستۆن»
دەنگەکەم ناسییەوە ڕاتڵەکیم. گەڕامەوە. شەهریار بوو بە چەشنێکی قەشمەری* چاوی لێ دەکردم.

*** لووسکەباز: بچەباز**
*** بیلرسوت: پۆشاکی کاری کە یەکپارچە بێت، فرمانی**
*** قەشمەری: مەسخەرە، سووکایەتی**

**سەرچاوە:**
**کتێبی «فصل نان»، چاپی یەکەم- هاوینی ٢٥٣٧، ل ٣٠ تا ٤٨ ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان.**

# پەرێزی مەملەکەتی لم

**نەوزاد یووسف کاکەیی**
**(کەرکووک)**

**کەسایەتییەکان:**

**خانزاد:** تەمەنی لە سی ساڵ بەرەو ژوورە.

**مـیـر:** برای خانزادە. تەمەنی هەڤدە ساڵە، باری دەروونی ناتەواوە.

**کاردۆ:** تەمەنی لە سی ساڵ بەرەو خوارە.

**کاوە:** تەمەنی سی ساڵە، شەڕەنگێزە.

**پیرەمێرد:** تەمەنی لە هەفتا بەرەو ژوورە.

**شـیرین:** لە شێوەی تارمایی، هاوسەری کۆچکردووی پیرەمێردە.

منداڵ: تەمەنی نۆ ساڵە.

شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. شوێن ژێر زەمینێکە، لە پاڵ دیواری بەرامبەر چەرپایەیەک دەبینرێ، دەستێ نوێنی لەسەرە، لەلای ڕاست و چەپی چەرپایەکە و لە سەرەوە دوو پەنجەرەی بچووک کە دەڕوانێتە دەرەوە، دیارن.

لەلای ڕاستی چەرپایەکە چەند شتێک بەدارەوەن، وەک بشێن، جلکی کوردی. جامانیەک. گۆچانێک.

لە قوژبنی لای چەپ. بۆفیەیەکی کۆن هیتەرێکی بازنەیی لەسەرە لەگەڵ چەند قوتوویەک و تاوەیەک بەسەر هیتەرەکەوەیە.

لە پاڵ بۆفیەکە و لەسەر زەویەکە چەند قابلەمە و مەنجەڵێک دانراون. لالەیەکیش لە دیواری لای چەپ بە بزمارێکەوە هەڵواسراوە. دەنگی چەکوش دێ، کە لە وەشاندنی دەستی ئاسنگەر دەکا. پەیژەیەک لەلای ڕاست کە چەند پلیکانێکی دیارە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ کە شوێنی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەیە بۆ چەند ساتێک دەنگی چەکوشکارییەکە دەبڕێتەوە. دەنگێک لە دەرەوە دێت.

**دەنگ:** .. ئەلێرەوە بڕۆنە خوارەوە و چاوەڕوان بن.

خانزاد دەستی میری گرتووە بە پلیکانەکاندا بە ترس و زۆر لەسەر خۆوە و بە دیقەتدان لە ژوورەوە دێنە خوارەوە دەگەنە دوا پلیکان، خانزاد سەر دەکێشێ بە ژوورەکەدا و وەک بلێیی لە کەسێ دەگەڕێ. پاش ئەوەی. دڵنیا دەبێ کە کەسی لێ نییە. بە ئارامییەوە دەچنە ژوورەکەوە. خانزاد دەستی میر بەردەدات.

**خـانزاد:** ئەها.. ئەها میر، نەمگوت ئێرە خۆشە و دڵتەنگ نابی (خانزاد چاو بە ژوورەکەدا گڕ دەدا و میریش بە بێزارییەوە تەماشا دەکا). نە دەنگی بایەک،

نە دڵۆپە بارانێک، نە خشــەی مـێروویەک. شـوێنێکی ئارامی دوور لە بەڵاکان.

**میر:** من لێرە دڵم دەگوشرێ، ئێرە چوون زیندانە.

**خـــانزاد:** نا گـیانەکەم بە پێچەوانەوە، دەرەوە چوون زیندانە. لێـرە چ نەبێ دوورین لە چاوەکـان، چۆن بکەین کەسێک نییە، چ کۆت و پێوەندی چاوە چاوێک لێمان نەئالاوە.

**میر:** پێتم وت دڵم دەگوشرێ چیت هەیە تەواوی کە با برۆین.

**خـــانزاد:** (تەمـاشایەکی ژووررووی پەیژەکـە دەکـا. بە دەسـتـیـشـی ئیـشـارەت دەکـا) ئەی ئەوە نەبـوو کـابرای ئاسنگەر پێی وتین بـۆ شــەش چارەکی دەوێ، ئەو پێی وتین دەمژمێر شەش بێین، دەبێ چاوەڕوان بین. (دەسـتـی دەگـرێ بەرەو لای چەرپایەکـەی دەبا) دەتۆ وەرە تـۆزێک لێرە ڕاکشێ، دەزانم گـەلێک مـاندووی (مـیـر ڕادەکـشـێ ئەویش لەســەر زەویەکـە لەلای ســەریەوە دادەنیــشـێ) ڕاکشێ ئازیزەکەم. ڕاکشێ.. ڕاکشێ.. خـۆت دەرە بەر شـەپۆلی خـەون و خـەیاڵ، بیـر لە دنیـایەک بکەرەوە. فـراوان.. بێ سنوور.. درەوشـاوە.. بێ شـەو بێ ڕەهێـڵـە (دەست دەکا بە گۆرانی وتن بە دەنگێکی نزم).

**بۆ خۆ دەخەوین لەم بێدەنگییە**
**دەڕۆین بۆ شوێنێ دڵتەنگی نییە**
**لەناو شەپۆلی ئاسمانی بەرین**
**لەگەڵ ئەستێرە تێر هەڵدەپەڕین**
**ئەستێرەکەی خۆم**
**وا هاتم بۆ لات**
**بەڵکو بۆ ساتێ دڵم بکەی شاد.**

کـاردۆ دارێکی بە دەسـتــەوەیە کـە بۆ یارمــەتیــدانی قـاچەکـانی هەڵی گـرتووە، بە پلیکانەکـان دێتـە خـوارەوە گـوێی لە دەنگی خـانزاد دەبێ: دابەزینەکـەی خـاوتر دەکـاتەوە دادەبەزێتــە خـوارەوە ڕادەوەســتێ بێ ئەوەی خانزاد ئاگادار بێ، خانزاد تەماشایەکی روخساری میر دەکا کە پشـتی لێیـەتی. پاشان بەرەو دواوە وەردەگەڕێ چاوی بەکاردۆ دەکەوێ ڕادەچڵەکێ.

**کاردۆ:** نووست؟

**خانزاد:** (حەپەساوە. وەڵام ناداتەوە)

**کـاردۆ:** ببوورە ڕامچڵەکاندی. مەبەستم نەبوو، تەنـها ویستم لە خەوی نەکەم.

**خانزاد:** بەڵێ نووست، سوپاس.

**کاردۆ:** چییەتی؟ نەخۆشە؟

**خـــانزاد:** دەتوانین بڵـێین نەخـۆشـە، ئەگـینا کـات و شوێنەکەشی هی نووستن نییە.

**کـــــاردۆ:** هەمــوو کــات و هەمــوو شــوێنێکمــان، چەرپایەیەکی فیردەوسی خەڵاتکراوە پێمان.

**خـــانزاد:** بەڵام من قـینم لەم خەوە کـورتە بێ مـانایانە دەبێــتــەوە، وەکـو ئەو خـوێنە وایە دەخـزێتـە جـەسـتـەی نەخۆشێکەوە بۆ زیاتر بەرگەگرتنی ئازارەکان.

**کـاردۆ:** تۆ بڵێی ئەم کورتە خەوانە پارچەیەکی خەوە ئەبەدیەکە نەبێ؟!.

**خانزاد:** چ جیاوازیەکی نییە هەردووکی ڕۆیشتنە بەرەو بێ ئاگایی.

(دەنگی ئاسنگەرەکە دێ)

زەنگ/ لێرەوە بچۆرە خوارەوە، چاوەڕوان بە.

**کـــــاوە:** (بە پەلە دێتــە خــوارەوە، ئەوان دەبینێ هەڵوەستەیەک دەکات) ئەم کاتەتان باش.

**کاردۆ:** باشتر.

**کـــــاوە:** ببـوورن نەمـزانی کـەسێکی لێیـە. ئەی ئەوە پیرەمێردەکە کوا؟.

**کـاردۆ:** (ڕوو لە خـانزاد دەکـا) بە ڕاست. ئەوە باوکت کوا؟

**خانزاد:** چی چی؟ چیت وت؟

**کـاردۆ:** (تەماشای کاوە و دەور و پشتی خۆی دەکا) وتم باوکت دیار نییە؟

**خـانزاد:** (پێکەنینێکی بۆ دەکـا) وتت باوکت؟ بۆتۆ باوکی منت دیوە؟ مەبەستم باوکم دەناسی؟

**کاردۆ:** باوکی تۆ؟

**کاوە:** ئەرێ ئەمە چۆن شوێنێکە!

**خـــانزاد:** ئەی بە تـەمـای چی؟ خـۆ بۆ کـۆشکی سـپی نەهاتووی.

**کاوە:** مەبەستت چییە؟

**خانزاد:** هیچ. قسەیەک بوو کردمان.

**کـاوە:** (دەست بۆ هێلانەی پەرەسێلکەکە درێژ دەکات بە بنمیچی ژوورەکەوە). ئەها ئەوە دەبینن.

**کاردۆ:** بەڵێ ئەوە هێلانەی پەڕەسێلکەیە.

**خانزاد:** هێلانەیەکی جێماوە. فەرامۆش کراوە.

**کـــاردۆ:** ڕەویان کـردووە. خۆشبەخـتانە نەڕووخـاوە. لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆی.

**کاوە:** کەواتە لە من خۆشبەختترن.

**کـــاردۆ:** تۆ؟ تۆ کێی؟ مەبەستم چی تۆ بەم شوێنەوە دەبەستێ؟

**کــــاوە:** من؟! من.. هیچ شتێک من بەم شوێنەوە نابەستێ.

**خــانزاد:** (دەنگی چەکوشکاری دێ) وای لەو دەنگە، کەسێ پێی بڵێ واز لەو چەکووشکاریە بێنێ.

**کـاوە:** چۆن واز دێنێ؟ ئەوە دەنگی چەکووشی دەستی ئاسنگەرەکەی سەرەوەمانە چەک دروست دەکا.

**کـاردۆ:** چەک (هاها بە تەڵفیسێوە) چەکی چی. بۆ وا دەزانی ئێمە لە چ سەردەمێکین.

**کاوە:** ئێمە لە سەردەمی چەک و چەکووشێن.

**کـــاردۆ:** ئێستەکەی باوی چەک و چەکووش دروست کردن ماوە..

**خـــانزاد:** دە توخوا ئەگەر باسەکە نەگۆڕن. با ئەو ئاسنگەرەش واز لەم چەکووشکاریە بێنێ.. تا میر بە خەبەر نەهاتووە.

**کاوە:** میر؟! کام میر؟

**کاردۆ:** (بە دارەکەی دەستی ئیشارەت دەدا) ئەوەی وا لەویا نووستووە.

**کـاوە:** (بە گاڵتە کردنەوە لەسەر نووکی پێ بەرەو لای میر دەڕوا خۆی بەسەرا لار دەکاتەوە، تەماشای ڕوخساری دەکا).

ئەم میرە کوا نووستووە، چاوەکانی کراونەتەوە و وەک بی نێو ئاو هەڵدەلەرزێ (خانزاد و کاردۆ بەرەو لای میر دەڕۆن، خانزاد بەسەریا دەنووشتێتەوە).

**خـــانزاد:** (بانگی دەکا) میر.. میر.. بە ئاگای برا شیرینەکەم.

**کاوە:** بۆ وەڵام ناداتەوە؟.

**خانزاد:** نووستووە.

**کـــــاوە:** نووستن. ئاوا؟ بەچاوکراوەیی؟!. تۆچی ئەودەبێ؟

**خانزاد:** هەموو کەسێکی ئەوم.

**کاوە:** یانی چی؟

**کاردۆ:** یانی لەم زیاتر کەسی دیکەی نییە.

**کاوە:** کەواتە ئێوە کەسی یەکن.

**خانزاد:** بەڵێ خوشک و براین.

**کاوە:** چ خێرێتی؟

**خانزاد:** تۆقیوە.

**کاوە:** لە چی؟

**خانزاد:** ناکرێ ئەم باسە بگۆڕی؟

**کاوە:** هیچ نەبێ، هەر یەکەتان خاوەن کەسێکن.

**خـــانزاد:** باشە ئەو پیرەمێردە بۆ دیار نییە؟ گەر ئەو برایەم بە خەبەر بێ مۆڵەتی چاوەڕوانی دیکەم نادا.

**کـــاردۆ:** وا دیارە ئێوەش چاوەڕوانی ئەو پیرەمێردە دەکەن.

**خـــــانزاد:** (تەماشای ئاسمان دەکا کە بنمیچی ژوورەکەیە) ئۆخەی ئەو دەنگە ناخۆشە بڕایەوە. گەر ئەو ئاسنگەرە لەوێدا بمێنێ چیدی پەڕەسیلکەکان ناگەڕێنەوە.

**کـاوە:** پەرەسێلکە و ئاسنگەر.. ها.. ها.. ها (دەکرێ ناوی شتێ بێ).

**کاردۆ:** (بە کاوە) تۆ کەسێکی ئەم شوێنە دەبی؟

**کـاوە:** نا هەرگیز، هیچ شتێک من بێرە نابەستێتەوە. (ڕوو لە خانزاد دەکا) بەڵام ئەم خاتوونە زۆر خەمی پەڕەسێلکەکانێتی، دەکرێ کەسێکی وەک تۆ توانای لەخۆ بارکردنی ئەو گشت خەمەی بێ؟!

**خـانزاد:** تکاتان لێ دەکەم دەنگ هەڵمەبڕن با بەخەبەر نەیا، ئەم شوێنە گەلێک سامناکە. ئەی خوا. نازانم چۆن فریوی دام.

**کاردۆ:** ئەوە.. باسی کێ دەکەی؟

**خـــــانزاد:** چییە؟ بۆ لێم تێناگەن، مەبەستم پیرەمێردەکەیە. وا خەریکە دنیا تاریک دایەت و کەچی چ ئاسەوارێکی نییە. بەوە ناکا ئێوەش چی لە بارەوە بزانن.

**کـــــاوە:** ئەو پیرەمێردە ڕووتەڵەیە.. بە کوڕم ناوی دەبردم، وای تێگەیاندم کە یارمەتیەکم دەدات. کەچی خۆی جێی بەزەییە. دەیگوت وەرەوە ماڵی خۆت، ماڵە گەرم و گوڕەکەت.

**کاردۆ:** ئەی خاتوون تۆ؟ تۆ چۆن گەیشتییە ئێرە؟

**خـانزاد:** من عەودالی چوار دیوار و بنمیچێکم، هەتا وەکو ئەو نەخۆشە. لە زوخمی سەرماو سۆڵە بپارێزێ. بڕواییم بە پیرییەکەی کرد.

ئەگینا کەس ئەوی ناوێ. تەنیا من مەبەستم. هەمان شێوە پێی دەگوتم ئێوە کچ و کوڕی منن. وەرنەوە و خۆتان لەو سەرگەردانییە ڕزگارکەن.

**کـاردۆ:** (چەند هەنگاوێ لێیان دوور دەکەوێتەوە و بە دەنگی نزم دەدوێ) بەڕاستی پیرە مێردێکی سەیرە، تۆ بڵێی کەسانی کەش بەڕێوەبن؟!

**خانزاد:** ئەوە دەڵێی چی؟ بۆ دەنگت دەرناچێ؟

**کاردۆ:** دەڵێم تۆ بڵێی کەسانی دیکەش بەرێوەبن بۆ ئێرە.
**کاوە:** جا چی بۆ هەیە.. خوای دەکرد هەرچی لەم شارە هەیە لێرەی کۆ دەکردنەوە. گرنگ ئەوەیە پارووێ نانمان بداتێ و لەلا دیوارا ڕۆژ نەکەینەوە.
**خانزاد:** کەسێکتان شقارتەی پێیە ئەولالەیە هەڵکات. وا ژوورەکە تاریک دایەت.
**کاردۆ:** باوەڕ ناکەم هەند درەنگ بێت ئەم شوێنە خۆی تاریکە.
**کاوە:** (سەردەکەوێتە لێواری چەرپایەکە لە دەلاقەکەی سەرەوە تەماشای دەرەوە دەکات) بنمیچی ئەم ژوورە هاوجووتە لەگەڵ پێڵاوی ڕێبوارەکان، وا بزانم خەریکە خۆرئاوا دەبێت.
**خانزاد:** چی دەبینی؟
**کاوە:** لە پێڵاو زیاتر چی نابینم. پێڵاوی تیژڕەو بەوە دەکا بەرەو ماڵ بینەوە.
**خانزاد:** پێڵاوی پیرەمێردەکە دەناسیتەوە؟
**کاوە:** بەڵێ، جووتێ کلاشی کون بووی لە پێدایە و بە ئەرزا دەیخشێنێ، بەڵام لێمەوە دیارنییە.
**کاردۆ:** دێتەوە.. هاکا شەکەت و ماندوو خۆی کرد بە ژوورا.
**کاوە:** (دادەبەزێ) من لێرە قەرار ناگرم. وابزانم بڕۆم چاکترە.
**خانزاد:** بەوە دەکا تۆش بچیتەوە ماڵێ، مەبەستم شکور ماڵت هەیە.
**کاوە:** من؟ ئەی چۆن من.. من کەسێکی زۆر شادمان و ئازادم.
زۆر ئازاد (بە پەستیەوە) ئەی چۆن من کوێم بوێ دەیکەم بە ماڵ چ کەلاوەیەک، چ ژێرپردێک، چ کۆڵیتێ چ مزگەوتێ.
**کاردۆ:** باشە تۆیەکی ئەوەندە ئازادبی.. بۆ دەڕۆی؟ چ نەبێ ئەم شەو لێرە بمێنیەوە باشترە.
**کاوە:** ئەوە هەست بە برسێتی ناکەن.. تۆ بڵێی شتێکی لێنەبێ بیخۆین. (دەڕوا قابلەمەکان تاقی دەکاتەوە هیچ نادۆزێتەوە) ئەم شوێنە لە بیابان دەچێ. نازانم چاوەڕوانی چی دەکەین. بەوە دەچێ بێ مەبەست ئێمەی لێرە کۆ نەکردۆتەوە. ئێمە هەڵبژێردراوین.
چ دەکەن؟ ناچنەوە کەسێک نییە چاوەڕوانتان بێ.
**خانزاد:** (دەست بۆ میر درێژ دەکا) من لەو زیاتر کەسی دیکەم نییە.
**کاردۆ:** گەر پیرەمێردەکە ڕازی بێ، دەبمە کوڕی. کەسێکم نییە بێت بەشوێنما.
(دەنگی دەڕابێک دێت. کاوە بە پەلە بە پەیژەکەیا سەردەکەوێ کاردۆ و خانزادیش دەچنە نزیکی پەیژەکە. کاوە دەگەڕێتەوە).
**کاوە:** ئەوە دەنگی دەڕابی دوکانی ئاسنگەرەکە بووە، دایخست.
**کاردۆ:** ئەویش دەڕواتەوە ماڵ.
**کاوە:** (دەڕواتەوە سەرەوە و دیسان دەگەڕێتەوە) بەڵام نەڕۆیشتووە وەکو یاساوڵ لەویا وەستاوە.
**خانزاد:** بۆچی وەستاوە؟
**کاوە:** نازانم.. دەڵێی چاوەڕوانی شتێکە.
**خانزاد:** وا تاریکی باڵ دەکێشێ بەسەرمانا. کەسێکتان ئەو لالەیە هەڵ ناکا.
**کاوە:** (بەرەو لالەکە دەڕوا) نقوم بوونمان لە تاریکی شتێکی نامۆی یەکەم جارنییە.
**خانزاد:** وا تاریکی لەم شوێنە خۆی وەک نامۆیەک نیشانی من دەدا.
**کاوە:** (لالەکە هەڵ دەکا) وا درەم بە تاریکی بەرچاوت دا، بەڵام لە سیماتا هەست بە کوژانەوەی هەموو چراکانی ڕۆحت دەکەم، کێ دەتوانێ ئەوەت بۆ بکا.
**خانزاد:** دەست بە گەردن لە تەکیا گەورە بووم. پێی ئاشنام.
**کاوە:** هەست بە برسێتی دەکەم. پێش وەی دووکان و بازاڕ داخرێ دەچم شتێک دەخۆم.
**کاردۆ:** تۆ بڵێی ئەو پیرەمێردە شتێکمان نەداتێ بیخۆین.
**کاوە:** گەر، هاتەوە... خەمت نەبێ منیش ئەوەندە خۆم تێرناکەم.
(بەرەو دەرەوە دەڕوات)
**کاردۆ:** (بەخانزاد) بۆ تۆزێ ڕاناکشێی، دەحەسێیەوە و دڵە ڕاوکەکەشت کەمتر دەبێ.
**خانزاد:** خەمت نەبێ من خۆشەبووی دەستی شەونخونی و دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەییم.
**کاردۆ:** بڕۆم شتێکت بۆ بێنم بیخۆی؟
**خانزاد:** نا... سوپاس. تۆ بڕۆ نان بخۆ.
**کاوە:** (دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی پەیژەکان تێپەڕێنێ دەست بەقسە دەکا) ئەوە. ئەو ئاسنگەرە دەرگاکەی لەسەر

داخستووین.
**کاردۆ:** بۆ؟ بۆ دەرگامان لەسەر دادەخەن.
**خانزاد:** ئەی نەتگوت وەک یاساوڵ لەوێدا وەستاوە.
**کاوە:** بەڵێ ئیستاش وەستاوە، بەڵام هەر ئاوڕیشم لێ ناداتەوە.
**کـاردۆ:** بۆ وا شڵەژاوە. داخوا چ ترسێکی لەناوچوون شک دەبەن. چی جێ دێڵن ها کـــەلاو ژێر زەمـــینە نوتەکەکان و لادیوار و گۆڕستانەکان. چ باکم نییە چی دەبێ بابێ.
**کـاوە:** من علاقەی تۆم نییە من خەمی خۆمە دەمەوێ بزانم چیان لێمان دەوێ.
**خانزاد:** مەبەستت چییە؟!..
**کاوە:** ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدا شتێکی ئاسایی نییە. ئەو پیرەمێردە گەمەیەک... کایەیەک دەگێڕێ. کێ دەڵێ ئەم تەویلەیە، ئەسڵەن جێگای ئەویشە.
**کـاردۆ:** ئێمە چ سوودێ بەو کایەیەی ئەو دەگەیەنین. ئێـــمە تووشی هەرکـــەس و شـــوێنێ بین دەبینە بار بەسەریەوە.
**کـــــاوە:** تۆ گەمژەی. ڕاستە خاوەن ڕۆحێکی بە ئاویلکەی، بەڵام کۆمەڵێ ئەندام پێکی هێناوە. هەزاران کەس لە خوا پێداوەکان تالیبی ئەو ئەندامانەن. سەریشت خوا دەزانێ چەند دەکا.
**خـانزاد:** تکاتان لێدەکەم. ئەو بەستەزمانە لە ترسەوە وای لێهاتووە. با گوێی لەم قسانە نەبێ.
**کـاردۆ:** (بەکاوە) ئەم قسە پڕوپووچانە چین دەیانکەی خاتوون قسەکانی جێی باوەڕ نین. وا دەڕۆم سەرنجێکی دەرەوە دەدەم.
کاردۆ دەڕوا بە پەیژەکە یا چەند پلیکانێ سەردەکەوێ پاشـــان بەرەودوا دێتـــەوە خـــوارەوە تا منداڵێک بە قابلەمەیەکەوە دەردەکەوێ بەرەو ڕووی دێت، لە پەیژەکان دادەبەزن منداڵەکە سڵاوێکیان لێدەکا دەڕوا قابلەمەکە لەسەر مێزێ لەبن دیوارەکە دادەنێ لە پاڵ هێتەرەکەوە دەیەوێ بڕوات.
**کاوە:** ئەوە چی تێدایە؟
**منداڵ:** ئێوە کێن؟! من ئێوە ناناسم.
**خـانزاد:** ئێمە (تەماشای هاوڕێکانی دەکا، وەک بۆ قـــسەیێ بگەڕێ بۆ وەڵام) ئێـــمە کـەسوکـاری پیرەمێردەکەین. ئێمە میوانین.
**مـنداڵ:** ئەوە. خواردنی تێدایە. ئەمڕۆ لە ڕۆژانی تری زیاتر بۆ دانراوە.
**کاردۆ:** تۆ کێی؟ چی ئەم شوێنە دەبی.
**مـــنداڵ:** من تەنیا خـواردنی بۆ دێنم. (بەرەو دەرەوە دەڕوات، ئاوڕێکی دواوە دەداتەوە) هەندێ خـواردنی بۆ بهێڵنەوە.
**کاردۆ:** (بەشوێنیەوە) پێت نەوتین تۆ کێی؟ (منداڵەکە بێ وەڵامدانەوە دەڕوا) تۆ کێی؟ (کە بێ ئومێد دەبێ ئاوڕی دواوە دەداتەوە دەبینێ کـاوە بۆنی چێـشـتی قـابلەمـەکـە دەکـات). نەکـەی لێی بخـۆی (بەرەولای دەڕوات)
**کاوە:** بۆ؟!
**خانزاد:** دەتەوێ بڵێی چی؟
**کاردۆ:** لەوانەیە دەرمان خواردمان بکەن.
**خانزاد:** بۆ؟! چیمان کردووە؟
**کـــاردۆ:** بۆ ئەوەی لەناومـان بەرن. دەبێ شـتێکمـان کردبێ؟
**کـاوە:** (قابلەمەکە هەڵدەگرێ لە ناوەڕاستی دادەنێ) نا. نا. باوەڕ ناکـەم من برسـیـمـە، (لەسـەر زەویەکـە بەدیاریەوە دادەنیشێ)
**کاردۆ:** گەر دەخۆی جارێ پارووەکی لێی بدە.
**کـاوە:** (پارووەک دەخوات و تۆزێک چاوەڕوان دەبێ. ڕوویان لێدەکا) گەلێ بەلەزەتە، وەرن.
(خانزاد و کاردۆ دەڕۆن سەروپاروو دەخەنە دەمیانەوە)
**خـانزاد:** (بامیر بەخەبەر بێنم لە بەیانییەوە تامی زاری نەکردووە. بەرەولای میر دەڕوات) میر.. میر.. (میرلای لێدەکاتەوە) کاکە. هەستە خواردن بخۆ.
**میر:** چی؟
**خانزاد:** خواردن بخۆ، برسیت نییە؟
**میر:** نا. نا. ناخۆم.
**خانزاد:** دەتۆ وەرە. گەلێک خۆشە، حەزت لێیە؟
**میر:** چی، چی خۆشە؟
**خانزاد:** چێشت، چێشتێکی خۆشی لێیە؟
**میر:** چێشت؟ هەیە؟
**خانزاد:** بەڵێ ئەها ئەوەتا.
**میر:** (تەماشای کاردۆ و کاوە دەکا) ئەوانە کێن؟
**خانزاد:** ئەوانە خزمی خۆمانن.
خـانزاد دەسـتی مـیـر دەگرێ و بەرەو لای خـواردنەکـە دەڕۆن. گشت لە دەوری خواردن بازنەیەک دەبەستن. شانۆ تاریک دادێت تەنیـا دانیـشـتنەکە ڕۆشنایی لەسـەرە لە

شێوەی بازنەیەک. ترووسکایی لالەکە لەولاوە.
**کاردۆ:** (بەدەنگی نزم دەنگێ جیاواز لە پێشوو) لەوانەیە بەشی پیرەمێردەکە نەمێنێ
**کاوە:** کەسێک نییە تا ئێستە بێ شیو مابێ.
**خانزاد:** میر بخۆ.. بخۆ میر بخۆ.
**کاردۆ:** چ قەدەرێک لەسەر ئەم خوانەی کۆکردووینەتەوە.
**کاوە:** پێویستە هەرکەسەمان خاوەن ناوێک بین.
**کاردۆ:** من ناوم کاردۆیە. سالانێکە بەشداری ئەم شێوە دانیشتنە نەبووم.
**خانزاد:** منیش خانزاد و ئەمەش ناوی میرە.
**کاوە:** منیش پێم دەلێن کاوە. هەڤدە سال دەبێ. جێماوم.
**خانزاد:** هەمان تەمەن سەرگەردانی من و براکەمە.
**کاردۆ:** وا دیارە هەموومان جەزرەبە خواردووی یەک دەستین.
**کاوە:** (هەلدەستێ) پێم نالێن ئێوە لە کوێوە هاتوون؟
**کاردۆ:** (هەلدەستێ) نازانم. بەلام لە یادم ناچێ کە تەنیا نەبووم. دەزانم لە زێدێکەوە هاتووم.
**کاوە:** ئێوە جێماون.
**خانزاد:** (لەگەل میر هەلدەستن) یانی چی؟
**کاردۆ:** جێماوین لەچی؟
**کاوە:** من زۆر جار خەونێک دەبینم. لە خەوما بەرەو تیشکێک دەڕۆم تا نزیکتر ببمەوە چڕی تیشکەکە کەمتر دەبێتەوە و پانتاییەکی گەورەتر وەردەگرێ. پاشان پەلک پەلک دەبێتەوە و هەریەک لە ڕەنگێ بەرەو ئاسمان هەلدەکشێن. منیش تا دەڕۆم نزیکتر دەبمەوە، تا دەگەمە.
بەری دەرگایەک چاوەکانم لەو ڕەنگا دەشۆم. دەرگایەکی پان و پۆڕی گەلێک جیاواز لەم دەرگا باریک و داخراوانەی لای خۆمان. بە تیشکێکی سووری قەد ئەستوور لەسەری نووسراوە (مەملەکەتی لم) دەحەپەسێم و بە ئاگا دێم! دەبینم هێشتا ئەو حەپەسانە بەخۆیەوە لوولی داوم. وا هەست دەکەم. هەلاتوویەکی ئەو مەملەکەتەم. ئێمە بە جێماوی ئەو مەملەکەتەین.
**خانزاد:** وا هەست دەکەم ئاشنایەتییەکم لەگەل ئەو خەونەی تۆدا هەیە.
تکات لێدەکەم زیاتر لە بارەیەوە بدوێی.
**کاوە:** دەتەوێ باسی چیت بۆ بکەم؟
**خانزاد:** ئەو مەملەکەتە. خاکی، ئاسمانی، کەسەکانی.
چیت بینی، چوویە ئەودیو ئەو دەرگایەوە؟
**کاوە:** نا. ناچمە ئەودیو ئەودەرگایەوە، بەلام دزە نیگایەک لەو دەشتی سەوزو ئاسمانە زیوینیەی دەگرم و پاشان دێمەوە ئەم وێرانیە.
**کاردۆ:** لە میانەی ئەم خەونە ڕەنگاو ڕەنگە پەلکدارەوە چی دەبینی؟
**کاوە:** ئێمە جێماوی ئەو مەملەکەتین. ئێوەش کەسێکی وەکو منن. چاک دەزانن چی گەیاندوونیەتیە ئێرە.
**کاردۆ:** ناهەمواری باری ژیانت. ئەو شێوە خەونانەت پێ دەبینێ.
**کاوە:** ئێوە هەموو چرکەو ساتێکتان بە چاوەڕوانی بینینی ئەو مەملەکەتە بەسەر دەبەن. ئێوە لە کوورەی جێماوی خۆتان و جێهێشتنی ئەوان دەسووتێن.
**کاردۆ:** هەست بەوە دەکا نەهاتنەوەی ئەو پیرەمێردە. کێشەی ئالۆزی لێدەکەوێتەوە
**کاوە:** دەتەوێ لە ڕاستی ئایندەی خۆت هەلێی. من دلنیام لەوەی.
ئێوەو ئەو پیرەمێردەش هەمان ئەو خەونەی من دەبینن.
**میر:** (بەخانزاد) کەی بڕۆین. ئەمانە دەلێن چی. با ئێرە جێ بێلین تاتە خانزاد.
**خانزاد:** هەی بێ بەزەیی پێم وتی باسی شتێک مەکە کە....
**کاوە:** کە.. چی.. ها. بەزەیی یانی چی. ها یانی بنیاتنانی مەملەکەتێ لە لم.
**خانزاد:** ئەوە بۆ نایبڕیتەوە. باسی چی دەکەی؟
**کاوە:** هیچ.. دەلێم من شێت بووم، من چ نیم. تەنیا گەلایەکی دەم خەزانێکی بێ بەزەیی دڕندەی نەوەستاوم. لە ڕێچکەی جێماویا بەدارو بەردو تەزووی کارەباکانمدا دەدا. هەموو ساتێک هەلم دەپرووکێنێ و لە سووتانی خۆما زیندووم دەکاتەوە.
**میر:** (چمکی کراسەکەی خانزاد ڕادەکێشێ) با بڕۆین تاتی بابڕۆین.
**خانزاد:** (سەری میر بە سنگیەوە دەنووسێنێ) ئێمە نازانین تۆ دەلێی چی، ئێمە ئێستە لێرەین و پاش تۆزێکی دی دەڕۆین.
**کاوە:** بۆ کوێ دەڕۆن؟ لەهەر کوێ بن هەموو ساتێکتان لەم دۆزەخی فیراقەیا بەسەر دەبەن.
**کاردۆ:** بەڕاستی تۆ ئەقلی خۆتت لە دەست داوە.
**کاوە:** وس بە هەی ترسنۆک. ئێوە ناتانەوێ. ڕاستی

خۆتانم تیادا بەدی بکەن.
**خانزاد:** ڕاستی چی؟
**میر:** ئێرە ناخۆشە، بابڕۆین.
**کـــاوە:** (دەچێتـە بەردەم کـاردۆ) چاوت لە چاومـەنێ (کـاردۆ لادەچێ و کـاوە دەچێتـەوە بەردەمی) گـەر ئازای چاوت ببـڕە نـاوچاوم (کـاردۆ دوور دەکـەوێتـەوە، کـاوە هەمان شت بەخانزاد دەکات)
**کـاوە:** ئێوە ناوێرن لە چاوی مندا جەللادەکانی خۆتان ببیـنن. وێنەی ئەو دڕندانەی بەرەڵای ئەم کولە مەرگـیـەی کردن.
**خـــانزاد:** (دەگرییێ) ئۆی خوایەگـیـان ئەو پیـرەمـێـردە تووشی چی کردووین.
**کـــاردۆ:** چ پێـویست ناکا چیـدی چاوەڕوانـی بین. من دەڵێم بنووین چاکترە
**کـاوە:** ئەو پیرەمێردە بێ مەبەست بانگی نەکردووین، هاوبەشیەک کۆمان دەکاتەوە.
**کـــاردۆ:** شتی وانیـیـە، ئەمـە کـارێکی بێ نەخشـەیەو پیرەمێردێکی خرەفاو فریوی داین.
**کاوە:** ئەو خرەفاوە دەزانێ ئێمە کێین.
**خانزاد:** یانی چی ئێمە کێین؟
**کاوە:** ئێمە بە جێماوەکانی مەملەکەتی لمین.
**کاردۆ:** مەبەستت چییە لەم بەجێماویە؟
**کـــاوە:** مەبەستم ئێـمە بە جێـماوی شالاوی ئەنفالین. (مـۆسیـقـایەکی توند تێکەڵ دەبێ) (خـانزاد ڕادەچڵـەکێ باوەش بە میرا دەکا)
**کاردۆ:** چی. چی؟
**کاوە:** ئە.. ن.. ف.. ااا..ل...
**خـانزاد:** (دەقیـژێنێ و توند میر بەخۆیەوە دەنووسێنێ) ن. ا.ا.ا.ا.
میر تەواو دەشـڵـەژێ خانزاد دەست بەسـەرو ڕوومـەتیا دێنێ. فرمێسک بە چاوەکانیا دێتە خوارو بەردەوام دەڵێ نا.. نا.. مـیر کەس نیـیـە مـیر مـیـری ئازیز (مـیـر بەرەو پاش دەکـشـێت و هەناسـەی سـوار دەبێ ئەو حـاڵـەتە بەردەوام دەبێ تا شانۆ تاریک دادێ.

*　　*　　*

### شانۆ ڕووناکییەکی کزی تێدەکەوێ

میر لەسەر چەرپایەکە ڕاکشاوە، خانزاد لەلای سەریەوە لەســەر زەویەکـە دانیــشــتــووە و ســەری نـاوەتە ســەر دەسـتـەکـانی کـە بەشـیـشـی ژوور سـەری مـیـرەوە گـیـری کـردووە. کـاردۆ لای پێی مـیــرەوە پشــتی داوەتە پێی چەرپایەکە و داردەستەکەی هاوجووتی هەردوو پێی درێژ کردۆتەوە.
کـاوە پشـتی داوەتە بوفـیـەی بن دیوارەکە دەنگی نای دێ.
**کـــاردۆ:** (بەدەنگێکی نەرم و لەسـەرخۆ) خـانزاد... خانزاد.
**خانزاد:** (وەک بڵێی لە خەو ڕابێ) لەگەڵ منتە؟
**کاردۆ:** ها.. نووستبووی
**خانزاد:** نازانم..
**کاردۆ:** دەڵێم سبەی جەژنە؟
**خانزاد:** سبەی؟!
**کاردۆ:** بەڵێ.. دەڵێن سبەی جەژنە.
**خـــانزاد:** چی لە جـەژن بکەم. من هەمـوو ڕۆژێک لە کۆڕی ماتەمینی پارچەیەک لە ڕۆحم شین دەگێڕم.
**کـــاردۆ:** دەڵێن جـەژنە، بەڵام نە حـەزم بە جـەژنەیەو نە حەزیش دەکەم جەژن بێ.
**خــــانزاد:** سبـەی خـاوەن جـەژنەکـان جـەژنانە دەدەن و جـەژنانە وەردەگـرن خـوا دەزانێ چی کـارەسـاتێ سـبـەی چاوەڕوانمان دەکاو خۆی دەکاتە جەژنانەمان. بە بیرم نایە جەژنانەیەکم وەرگرتبێ یاخود جەژنانەیەکم بەکەسێ دابێ.
**کـــاردۆ:** (بە خشکە خۆی دەگەیەنێتە نزیکی خانزاد. دەست دەکـا بە باخـەڵیـا گـەردانەیەک دەردێنێ) خـانزاد ســــاڵانێکە ئەم گــــەردانەیەم وەک یادگــــاریەک هەڵگرتووە.حەز دەکەم وەکو کەسێکی خۆت لێمی قبوڵ بکەی.
**خـانزاد:** (وەری دەگرێ تەمـاشای دەکـا) ئەڵڵا.. چەن جوانە.. بەڵام ئەم گەردن و سنگ زەردو وشک هەڵاتووی من ناشـرینی دەکـا ها هەڵی بگرەوە بۆ دەرفـەتێکی ترو کەسێکی شایستە.
**کاردۆ:** باوەڕ ناکەم چ سنگ و گەردنێ مابێ لەو سنگ و گـەردنەی تۆ پاکـژتر و شـایسـتـەتر بەم گـەردانەیەبێ. تکات لێدەکەم لە گەردنی بکەی.
**خــــانزاد:** (تەمـاشایەکی پڕ بەزەیی و سـۆزی کـاردۆ دەکـات و لە ملی دەکـا) سـوپاست دەکـەم. سـاڵانێکی دوورە کەسێ بەم شێوەیە خەڵاتی نەکردووم.
**کـاردۆ:** ئەم بێ دەنگییە، خامۆشی ئەم جێگایە هەرگیز شتێکی ئاسایی نییە.

دەزانی گوندەکەمان هەرگیز وابێ گیان نەبوو. تاریکی ئەم شوێنە ئازارم دەدا.

**خـــانزاد:** کەی تاریکی شتێکی نامۆ بووە بە ئێمە، مەگەر هەموو بوومان نقومی تاریکیەکی بێ بن نەبووە.

**کـــاردۆ:** بەڵام تاریکی ئێرە گەلێ لە تاریکی ڕۆحمان ئەستوورترە.

**خـــــانزاد:** تاریـکی یـەک ڕەنگی هـەیە چ تـەنک چ ئەستوور جیاوازیەکی بۆ من نییە، گەر لێفەی یادگاری ڕۆژانێک نەبێ. سـەرماوسۆڵەی تاریکی و تەنیایی زوو ڕۆحی لێ ستاندبووم.

**کاردۆ:** خانزاد گوندەکەمان گوندێکی دەمار ئەستووری زیندووبوو. خـوێن گـەلێ بەخـێـرایی تیـایدا دەهات و دەچوو، بەیانیـان سەمـفۆنیـایەکی خوایی وردە سەمـای بەداروبەردو تەپۆلکی ناوچەکە دەکرد. تیشکێکی زیوین دەمـەوئێـواران (مـیـر هەڵدەسـتێ و دادەنیـشێ گـوێ لە کـاردۆ دەگـرێ) ئارامـیـەکی بە ڕۆحـمـان دەبەخـشی و باوێشکی پێدەدا (کاوە خۆی نزیک دەکاتەوە).

**خانزاد:** وا دەزانم باس لە گوندەکەی ئێمە دەکەی. ئەم قسانە بۆنێکی خۆش بە مێشکما دەدا ئاوێکی سازگار بە دڵـمـا دەکـا. دڵـم تونـدتر لێــدەدات و لە حـەژمــەتان خەریکم باڵ دەگرم.

**کـــاردۆ:** خەمت نەبێ (هەڵدەسێتە سەرپێ) ڕۆژێ دێ باڵمان لێدەڕوێ.

من.. تۆ.. کـاوە.. مـیـر. هەمـوو ئەوانەش کـە وەک ئێـمـەن جـووتێ باڵـمـان لێـدەڕوێ و بە ئاسـمـانی زێدی خۆماندا باڵەفڕە دەکەین.

چاو ئەشکەکـان کـوێر دەبنەوە و خـەندە دەپشـکوێ و نیشتمانی پێ دەڕازێتەوە.

**خانزاد:** تۆ بڵێی ڕۆژێکی وا ببینین؟! (هەڵدەستێ)

**کاردۆ:** بەڵێ. ئەوسا پەرەسێلکەکانیش دەگەڕێنەوە.

**خـــانزاد:** گـەروابوو، گۆرانییـەکی بەدڵی خـۆم ڕەنگی سـەوزی بەهاری پێوەبێ دادەگـیرسێنم و (گـۆرانییـەکی خۆش لێدەدرێ خـانزاد دەکەوێتـە جووڵەی سـەما ئاسا. کاردۆش وەک ئەو دەکا پاشان کاوە و میر بەشوێنیەوە. بۆ مـاوەیەک سـەمـاو هەڵپـەرکـێـیـەکی شـیـرین دەکـەن و پاشان شانۆ تاریک دادێت.

شانۆ ڕووناکییـەکی کزی تێدەکەوێ، جەستەکان بەرێ دەکــرێن. دەنگێـک دێ. دەنگەکــە دووبارەو سێ بـارە دەبێـتــەوە. پیــرەمــێــردێـک کـە بە قــورسی دادەبەزێ.

دەردەکەوێ ئەو دەنگی پێیەی لەو شێوەیە بەردەوام دەبێ تا دوا پلیکانە. ساتێک وشک دەوەستێت سەرنجێکی فـراوانی نـووسـتـووەکـان دەدات. وەکـو شـوکـرانە بژێری هەردوو دەسـتی بەرەو ئاسـمـان بەرز دەکـاتەوە بەرەو لای دیوارەکــە دەڕوات. گــۆچانەکــەی بەهەمــان شــوێنی جـامـانەکـەیا هەڵدەواسێ. ئەوسـا یەک یەک دەڕواتە سـەریان و دیقـەتیـان دەدات کـەلێ دەبێـتـەوە. دیسـان دەسـتـەکانی بەرەو ئاسـمـان بەرز دەکـاتەوە و بەچاو تێی دەڕوانێ.

**پیرەمێرد:** ئەی شای بەخشندە، ئەی کەسی بێ کەسان. من شوکرانە بژێری تۆم و بەندەیەکی دەست بەسەرسنگی قاپی گەورەتانم.

چ شـێـوازی بەندەیی و کـڕنووش بردن و خـزمـەتێ، لە بەندەیەکی بێ دەستەڵات و بێ بڕستی وەک من بەرامبەر بەم لوتفەی تۆ دەکرێ.

من لقە شکاوێکی شەنی دەستی دۆزەخیەکانم و وا بە مەزنی خۆت دەمگیرسێنیەوە.

(بەرەولای پەیژەکە دەڕوات و قۆڵێکی ڕادەوەشێنێ)

هۆو. هۆو هۆو هۆو. هۆو شـیــرین خـان هۆو (بەرەو پەیژەکــە دەوەســتێ) هۆو خــاتوونی من، پێ بەپێ لەو بەرزیە وەرە خوارەوە (دەست بۆ نووستووەکان درێژ دەکا)

وەرە ببینە چۆن شای بەخشندە دڵی پڕ نوور کردووم. وەرە پێش وەی لەژێر تەوژمی خۆشیا بتاسێم سۆمام بە ورشەی چاوەکانت بخەملێنە. وەرە بزووتی ئەم هەوارگەیە تەماشاکە. وەرە ئەم دیمەنە ببینە. ببینە چۆن پارچەکانی ڕۆحمیان لەگەڕانەوە پێکەوە لکاندووە وەرە ببینە کچە تاقـانەکــەمــان چۆن ڕەنگ پەریوی دابڕانە. (بەرەو لای نووستووەکان دەڕوات) وەرە گوێ لەم هەناسانە بگرە.

گـەر ئەم شەو تۆیش نەگەڕێیتەوە هەرگیز لێت خۆش نابم ئەی نازانی سـبــەی جـەژنە. خـۆ هێـشــتـا کـیـژە نازدارەکەمان پێ ڕانەگەیشتبوو فێری قبووڵی لێنانێک بێت و جێت هێشتێ خۆ هێشـتـا فـێرت نەکردبوو چۆن چۆنی تەنوور داخات و کولێرەی چەشنی دەنووکی کەومان بۆ پێوەدا، توخوا وەرەوە و باسبەی شەرمەزار و دەستەو ئەژنۆ بەرامـبــەر بە نیگای براکـانی هەڵنەکـورمێ وەرە تەماشای ئەم کوڕانە بکە چۆن لە غەریبی و بەرێ برینی دوورەوە گـــەورە بوون. کـــابرایەکی پەک کـــەوتەم بێ دەرامــەتم چی جـەژنانەیەک شک نابەم. وەرەوە و ببـە جـەژنانە. ئەم شـەو شـەوێکی درێژەو بەتەنیـایی بۆم

نابڕدرێ. وەرەوە خاتوونەکەم وەرەوە مانەوەت بەتەنیایی یانی چی؟!.

ئەم شەو من مەردومێکی شادمانم. ئەم شەو لەپێکی پیرۆز بەسەر ئازارەکانما دەخشێ. هەتوانێکی سارێژکەر بەسەر برینەکانمان هەڵدەسوێ. ئای لەم ئاسوودەییە وای لەم قوڵپدانی لەزەتی غەرق بوونەم لە پانتایی بێ کۆتایی حەژمەت شکێنە.

ئەم شەو ئەژنۆ شکاوەکانم دەگریسێنەوە. سوێراوی قووڵی چاوم هیشک دەکا. زەمەنێکە سەری کاسبووم لە غوربەتاگێژ دەخواو جەرگی بەسەرەن بووم لە کوورەی سووتانی جودایییا قەتران دەچۆڕێ.

ئەی هاوسەرە خۆشەویستەکەم. چیدی بانگم نەکەی. ئەم شەو گشت لێرەین بە تەنیا تۆ تەنیای سالآنێکە تەوژمی پەککەوتوویی ڕێی هاتنی لێ تەنیوم. گەر هاتیەوە چیت بیرنەچێ. چیدی ناگەڕێیەوە. سبەی کە بەیانی دا یەک یەک دەستەکانت ڕادەمووسن. جەژنت لێ پیرۆز دەکەن. گوێت لە مشەی کارژۆڵەکانتە چۆن قوژبنەکانی تەنیاییمیان تەنگ پێ هەڵچنیوە؟

(لەسەر چوارپەل دەکەوێ و هەرجارەی بۆن بەیەکێکیانەوە دەنێ)

بە ئاگایان ناهێنم بابنوون. هەر خۆی دەزانێ چەن ماندوون، بیابانەکان بەرین و مەزنن مرۆ تیا شەکەت دەبێ. بابنوون سبەی بەیانێکی نوێ بە تیشکێکی نوێ بە ڕوخسارێکی نوێوە دەیاننوێنێ. (جامانێکە لە سەری دادەگرێ لەجیاتی سەرین دایدەنێ) ببوورە ئەم شەو ناتوانم وەمێنم. چاوەڕوانتم پێش سپێدە بگەڕێیەوە. هاوسەرە خۆشەویستەکەم.

شانۆ تاریک دادێت شانۆ هەمان تینی ڕۆشنایی پێشووی تێدەکەوێ. مۆسیقایەک تێکەڵ بە دیمەنی نووستووەکان دەبێت. دەنگی پرخەی پیرەمێردەکە دەبیسترێت. تارماییەکی سپی بە پەیژەکەدا دێتە خوارەوە بە نێوان نووستووەکاندا هاتوچۆ دەکات.

**تارمایی:** ئەی نووستووە سەرگەردانەکان. دەبێ ئێستا سەری بێ ئاگاتان لە باوەشی چ کۆچ کردوویێ مەست بووبێ. باوەشی کەسێک کە تەنیا شێوەیەکی نەگۆڕاوی لەیادتانە، تۆمارکردبێ. داخوا ئێوەش سبەی کە ڕۆژ بۆوە وەکو پیرە خرەفاوەکەم دیسانەوە چاوەنۆڕی کەسێک دەکەن! داخوا دەزانن ئەو دیواری بە لم هەڵچنراوی فیراقە دانارمێ؟ لم.. لم.. لم.. بەهەناو مانا ڕۆچوو، دەشێ ئێستا بەو بۆنی لمە کونەلووت و سییەکانتانم بێزار کردبێ بم بوورن چەند چرکەیەک بۆنی لم هێزی دابڕانی نییە. ئەم شەو هاتووم ئەو خۆشەویستە پەنیازە بەجێ ماوەمان لەم تەنیاییە قورتارکەم. هەناسەدان لە بۆنی لما چ زیانێکی نییە. ئێمە لە لما هەناسەمان داو لمی دڕندە هەناوی شەقار کردین. هەناسەی تاساندین. تکایە چاوەڕوانی کەسێ مەبن لە لما بەلم بووبێ. چاوەڕوانی پەتایەکی کوشندەیە، بەڵام دابڕان کوشندەتر.

(ئاوڕێ لە پیرەمێردەکە دەداتەوە) ئەی مێردە خۆشەویستەکەم ڕەنگ و شێوەی دڵگیرمت لە یادماوە؟. ئەی پیاوە کەنەفتەکەم ئەم شەو هاتووم لەو بەحری غەمت دەربێنم. هەستە. هەستە بڕۆین بۆ ئەو جێیەی ساڵەهایە لێی دەگەڕێی.

(پیرەمێردەکە دەست دەکا بە جموجووڵ لە شێوەی تارماییەک هەڵدەستێ).

**پیرەمێرد:** شیرین گیان ئەوە هاتیەوە؟ ژنە بە ئەمەک و وەفاکەم. دڵنیابووم لە هاتنەوەت. تەماشا تەماشا ئەو جەرگانە چۆن دەست لە ملانێی خەوێکی بێ سنووربوون. شیرینەکەم. دەزانی کەسانێ گاڵتەیان پێدەکردم. دەمزانی بۆ جارێکی دیکەش بنمیچی ژووری مشەی هەناسەی یەکمان بەگوێدا دێنێ.

وەرە نازدارەکەم لە پاڵمەوە ڕاکشێ. هێشتا باڵی شەو درێژە. وەرە وەرە با دیسان جوان ببمەوە.

**تارمایی:** شەوی چی مێردە ئازیزەکەم، ڕاکشانی چی؟ چما هێشتا دەکرێ لە باوەشی تاریکیا ڕاکشێین. هەڵسە بکەوە تەک من، بابەرز بینەوە. لەو بەرزیە لەو ئاسمانە ئەوەی ناوی تاریکییە نییە، تەنیا ڕووناکی و بەس. چون گوڵە بەڕۆژە هەردەم ڕوو لە ڕۆژ دەبین. (دەستی بۆ درێژ دەکات)

دەستتم پێدە، ئەم جەستە لاواز و ڕۆحە تەنکەی تۆ چی دی بارتەقای ئەم مەینەتی و تەنیاییە نابن. دەبینم چۆن سۆمات لە چاوەڕوانی سواوە و پێڕاناگا چ سارێژێکی برینەکانمان ببینێ وەرە با بەرز بینەوە لەو بەرزیە ڕا بڕوانە وڵاتی ئازادبوو چەند ڕازاوە. ببینە چۆن مەملەکەتی لم دەست بە چەناگەو لێو بەبزە چاویان بڕیوەتە سەمای پەپوولەی شادی نیشتمان. وەرە چیدی لەم ژێرباری ناهەمواریە مەمێنە. ئەمانە جەرگی تۆ نین. ئەمانە خەونەکانی تۆ نین. ئەمانەش داماوێکی تەنیای خۆت ئاسان هاکا لەو مەملەکەتی لمەوە خەونەکانیان هاتن و

ڕاپێچیان کردن.

وەرە. وەرە. دەستتم دەیە مووچەرموو هەڵگەڕاوەکەم. وەرە هێـزێکی وام بدەرێ ئەم دیواری دابڕانە بڕووخێنم. وەرە ئازیزەکەم وەرە با تەزووی دەستەکانت لەشە ساردو سڕەکەم بێنێتەوە جۆش. وەرە وەرە وەرە بابڕۆین.

وەرە (پیرەمێردەکە دەستی دەداتێ و دەڕۆن)

**شانۆ تاریک دادێت**

شـانۆ لە دیمەنەکـانی دیکە پتـر ڕووناک دەبێ. دەنگی بانگی جەژن دێ، هەمـوو ڕاکـشـاون. مـیـر هەڵدەسـتێ لەسەر چەرپایەکە دادەنیشێ.

**میر:** (بانگی خانزاد دەکا) تاتی. تاتی.

**خـــانزاد:** (کە لەسەر زەویەکە ڕاکشـاوە بە ئاگـادێ هەڵدەستێتە لای میر)

بەیانیت باش برا شیرینەکەم.

**میر:** ئێرە کوێیە؟

**خانزاد:** ئێرە (هەڵدەستێتە سەرپێ چاو بە ژوورەکەیا دەخـشـێنێ پیـرەمـێـردەکـە دەبینێ) ئێـرە مـاڵی خـزمی خۆمانە، بەڵێ ئەمانە هەموو کەسی ئێـمەن. ئەها ئەوە پیرەمێردەکەیە. کە دەیگوت میر کوڕی منە وەرن بۆ لای من با چیدی گڤەی باو ڕەشەباتان گوێ لێ نەبێ.

ئەی بیرت چوو دوێنێ ئالێرە نانمان خوارد.

(کاوەو کاردۆش بەخەبەر دێن)

**کاوە:** ئەوە پیرەمێردەکەیە هاتۆتەوە.

**کاردۆ:** بەوە دەچێ خۆی بێ، داخوا کەی هاتۆتەوە.

**کاوە:** مامە.. مامە.. (بانگی پیرەمێردەکە دەکا)

**خـــــانزاد:** بۆ بەخـــەبەری دێنی خـــوا دەیزانێ کـــەی هاتبێتەوە.

**کاردۆ:** کەسێکمان بە ئاگا نەبووینە لە هاتنەوەی.

**خـــانزاد:** مـاوەیەکی درێژە بەم شـێـوەیە نەخـەوتووم، بەڵام...

**کاوە:** بەڵام چی؟

**خانزاد:** بەڵام لەم نووستنە قورسەی ئەم شەو خەونێکی سەیرم بینی.

**کاردۆ:** خەونی سەیر.. بیگێڕەوە؟

**خـانزاد:** خەونەکەم چ پێوەندیەکی بێرەوە نەبوو، تەنیا ئەو پیرەمێردە نەبێ.

**کاوە:** خەونی چی. ئێستە کەی کاتی گێڕانەوەی خەوە.

**کـــــاردۆ:** مـن زۆرم بـاوەڕ بـەخـــەو هەیە، ئـادەی بـۆم بگێڕەوە.

**خـــــانزاد:** (دەست دەکـا بەگـێـڕانەوەی) مـایەی سـەرسـوڕمـانم بـوو. ئەو پیـرەمـێـردە پەک کـەوتەی ڕەنگ مردوو لێ نیـشـتـووە. قـیت و قـۆز بە بەرگێکی بە بەهای سەرنج ڕاکێشەوە. سەرچۆپی ڕەشبەڵەکێکی گەلێ مەزنی دەگـێـڕا، دەسـتی لە دەسـتی ژنێکی باڵا بەرزی جـوان و جحێڵ توند کردبوو. جیهانی خستووە جۆش و خرۆش.

**کاردۆ:** بەڵام ئەمە هەرگیز خەوێکی باش نییە جەنابتان دیوتانە. من وەک بیستووم

هەڵپەڕکێ و زەماوەند مایەی شین و کۆست کەوتنە.

**کاوە:** ئێمەش دەستمان گرتبوو؟.

**خـانزاد:** نا، نا. هەرگـیـز هەر لەو نزیکانـەش نەبوون. تەنیـا مـن و مـیـر نـەبێ لە قـوژبنێکەوە مـات و مـەلـوول تێمان دەڕوانی.

**کـــاوە:** کـەواتە چی مـەترسـیـەک لەو خـەوەدا نابینم. ئێـمـەی لێ نەبووین و ئێـوەش چ دڵێکتـان پێ خـۆش نەبووە. لەو باوەڕەش نیم ئەو پیرەمێردە کەسێکی مابێ بۆی بینە مایەی شین و کۆست کەوتن.

**کاردۆ:** تۆ چوزانی کەس نییە؟

**کـاوە:** گەر هەیبوایە. نەیدەویست ئێمە بکا بەکوڕ و منداڵی خۆی.

**خانزاد:** بەڵی ڕاست دەکا. دوێنێ شەو ئەوەی نانەکەی بۆ هێنایـن بێ کەسی پیرەمێردەکەی پێ ڕاگەیاندین.

**کاردۆ:** بەم حیسابە بێ ئێمە کەسی ئەوین. لە خەیاڵی خۆی وایە.

**کاوە:** مەبەستت چییە؟

**کـــاردۆ:** نا. هیچ.. تەنیـا ئەوەندە پێی ڕاگەیەنین کە ڕازی نین ببینە منداڵی، ئەو کێشەیە کۆست کەوتنێکە بۆی.

**کـــاوە:** واز لەم وتە وتانە بێنن. من بە ئاگـای دێنم، بەڵکو قـاوەڵتـیـەکم بداتێ. چیـدی چاوەڕوان نابم ئەوڕۆ جەژنەو دەچمە سەیرانگاکان.

(کاوە دەڕواتە لای پیرەمێردەکەوە، بەسڵەمینەوە و لە سەرخۆ بانگی لێدەکـا) مامە.. مـامە.. (تەماشـایەکی خانزادو کـاردۆ دەکـا. دیسـانەوە بانـگی دەکـا) مـامـە.. مامە.. (دەنگی بەرزتر دەکات) مامە.. مامە.. هەستە وا لەسەر داوای خـۆت لێرە ئامـادەبووین تا ببین بە کوڕو کـچی تۆ. (هیچ وەڵامـێکی نابێ بە ئاسـتەم دەسـتێکی لێـدەدا) مـامـە.. مـامـە. (زیاتر دەسـتی دادەگـرێ و بە دەنگێکی بڵندتر بانگی دەکا، بەڵام بێ سوودە).

**کــاردۆ:** (لێی نزیک دەبێتەوە) ئەوەچییە، دەنگی هەناسەشی.... ئایا پێویست وایە یەکێکی لەم تەمەنە پرخەی ژوورەکە بتەنێ.

**کـــاوە:** (بە توندی ڕای دەوەشێنێ) مامە پیرە.. مامەپیرە.. هەستە ئەمرۆ.

ئەوەمان لەگەڵ مەکە.. ئەمرۆ جەژنە و قبوڵیەکمان بدەرێ بۆنی ئەم ڕۆژەی لێبێ.

**کـاردۆ:** (بەخانزاد) خەوەکەت بەڕاست گەڕا ئەو پیرەمێردە گیانی تێدا نەماوە.

(کـاردۆ دەڕوات دەستێ بە هەردوو چاویان دێنێ. کاوە دەسڵەمێتەوە بەرەو دوا دەکشێ. میر خۆی کوور دەکاتەوە)

**خـانزاد:** ئێمە سەرەخۆرەین نەیارێکی ئەم دەورانەین. لە هەرکوێ شین و کـارەسـات و مەرگەساتەکان بیانەوێ سەرهەڵدەن، ئێمە دەدەنە پێش خۆیان.

**کـــاوە:** (شڵەژاوە) باشە چاوەڕێی چین؟ مەبەستم نیازی چیتان هەیە. چی دەکەن لەو جەستە بێ گیانە. بە قسەی من دەکەن ئێرە جێ بێڵێن.

**خانزاد:** ئێمە، یان ئەو تەرمە.

**کاوە:** چ جیاوازیەکی نییە.

**خـــانزاد:** ئەو تەرمە جێ ناهێڵین، ئەوە جەژنانەیەو دەبێ قبوڵی کەین.

**کاردۆ:** با خەڵکانێ ئاگادارکەینەوە.

**خـانزاد:** دەنگی چەکووشی ئاسنگەرەکەش نایە.

**کــــاوە:** من پێوەندیم بەم کایەیەوە نییە. جەژنانەی واشم ناوێ و ئێرە جێ دێڵم

**خانزاد:** (پێشی دەگرێ) بەدەستی خۆت نییە هاوبەشمانی لەم کایەیە.

**کاردۆ:** ئێمە چیمان پێ ناکرێ دەچم کەسانێ بانگ دەکەم.

**کاوە:** کەسانێ بۆچی؟

**کاردۆ:** دەبێ بزانن کەسێک مردووە.

**کاوە:** توخوا ئەمەش کەس بوو، من نازانم بۆ کوێ بڕۆم.

**خانزاد:** بۆ گۆڕستان.

**کـاوە:** دەم شڕەی سەرەخۆرە، خەونەکەی تۆ بوو.

**خانزاد:** بەڵام ویستی من نەبوو.

**کاردۆ:** ڕزگاری بوو.

**خـــانزاد:** ئەم شێوە کۆچ کردنە. دیاریەکی شاهی شاهانە. بۆ پیاوچاکان.

**کـاوە:** (لەسەر تەرمەکە دەوەستێ) هەی کە نەفتی بە جادوو، وادەی مەرگی خۆتت چۆن زانی؟.

**خانزاد:** دەستی تاوان بۆ مردوو درێژمەکە.

**کـاوە:** بانگی کردین تانەیەڵن ئەو لەشە بێ کەڵکەی بگەنێ.

**خـانزاد:** دەکرێ هەروا بە دیار تەرمێکەوە بۆڵەکەین؟


**کـــــاوە:** (دەچێتەوە لێواری چەرپایەکە و تەماشای دەرەوە دەکا) ئەوە چییە دەڵێی ئەم شارە ڕەوی کردووە، یەک جووت پێڵاو نابینم.

**کاردۆ:** ئەی گوایە ئەمرۆ جەژن نییە.

لەم کـاتە یا دەنگێ لای پەیژەکـەوە دێ. هەموو ڕادەچڵەکێن کاوە بازێک هەڵدەدا هەر کەسە لە پاڵێکەوە چاوەڕوان دەبن کەسێک بە پەیژەکاندا دادەبەزێ. هەمان منداڵەکەی دوێ شەوە. قابلەمەیەکی بەدەستەوەیە لێیان نزیک دەبێتەوە.

**مـنداڵ:** (بە وەستانەوە تەماشایان دەکات) جەژنتان پیرۆز بێ (بێ وەڵام هەموو تەماشای یەکتر دەکەن. منداڵەکە قابلەمەکە لە تەک سەری پیرەمێردەکەوە دادەنێ. دەڕوا قابلەمەکەی دوێنێ شەو هەڵدەگرێ و زۆر لەسەرخۆ بەرەو دەرەوە دەڕوات. ئەوانیش بە حەپەساوی تەماشای یەک دەکەن و چاو لە پیرەمێرد و قابلەمەکە دەبڕن. خانزاد دەستی میر دەگرێ و بەرەولای قابلەمەکە. ئەوەکانیش بەرەو ئەوێ دەجوولێن لە دەوری دادەنیشن و دەست دەکەن بە نان خواردن.

**شانۆ تاریک دادێ.**



فرات جەوەری یەکێکە لەو نووسەرە کوردانەی کە بە زاراوەی کورمانجی ژوورین و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان دەنووسێ. لە بواری چیرۆک نووسیندا شان بەشانی ئەو کەسانە دێت کە بەردەوام بەرەو پێشەوە چوونە و کۆڵیان نەداوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەنووسێ و ئێستاش لە ناو نووسەرانی تاراوگەدا چالاکییەکی ئەدەبی زۆری هەیە و چیرۆکەکانی لە ئەنتۆلۆژیای ئەڵمانی، عەرەبی و تورکییەکاندا وەک نموونەی چیرۆکی کوردی هێنراونەتەوە.

فرات جەوەری ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوێد و penی ئەو وڵاتەیە. هەر لە سوێد دەروونناسی منداڵان و لە زانکۆکانی ستۆکهۆڵمیش «ژیان و کولتووری ئەتنیکەکان» و «دیرۆکی ئەدەبیاتی ڕووسیا»ی خوێندووە. لە پەراوێزی کاری ئەدەبیدا وەک مامۆستا، وەرگێڕ و لێوەکۆڵ و لە کۆنسەی کولتووری دەوڵەتیشدا وەک شارەزا لە بواری ئەدەبیاتی کەمینەکاندا کاری کردووە.

لە میانەی سەردانێکیدا لە پاییزی ٢٠٠٥ بۆ کوردستان، لەسەر هەندێک تەوەری وەک ڕەوشی ئێستا و ڕابردووی ئەدەبیاتی کوردی، کاریگەری غوربەت لەسەر نووسەرانی کورد، چۆنیەتی لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکان و ئەزموونی نووسەرایەتی و ... تاد دواندمان، کە ئەمەی خوارەوە ئەنجامەکەیەتی.

# فرات جەوەری:
## غەریبی تێکشکانە، بۆ ئەوەی تێک نەشکێم پەنام بردە بەر ئەدەبیات..
## کەسێکیش بە دڵ کار بکات لە سەد کەس باشترە کە بێ دڵ کارێک دەکەن

**هەڤپەیڤین: سەلاحەدین بایەزیدی**

* لەوانەیە پرسیارکردن سەبارەت بەژیانی شەخسی، شتێکی کلاسیک بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنەرانی زاراوەی کورمانجی ناوین هیچ شارەزاییەکیان لەسەر تۆ نییە، خراپ نییە لەم بابەتەوە بکەوینە ناو.

– لەدایکبووی نوسەیبینم و گەنجێتیم لەو شارە تێپەڕیوە. ساڵی ١٩٨٠ پەڕیوەی سوێد بووم و ئەوا ٢٥ ساڵە لە سوێد دەژیم. لە سوێد بەشێوەیەکی ئەکتیڤ دەستم بە خەباتی ئەدەبی کرد. یەکەم کتێبم ساڵی ١٩٨٠ دەرکەوت و هەتا ئێستا ١٣ بەرهەمی نووسراوم هەیە و ١٤ کتێبیشم لە زمانی بیانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لەنەوەدەکان گۆڤارێکم بەناوی (نوودەم) دەرخست کە گۆڤارێکی وەرزانە بوو و دە ساڵ لەسەر یەک بڵاو بۆوە. هەروەها چاپخانەیەکیشم دامەزراند بەناوی نوودەم کە هەتا ئەمڕۆ نزیکەی سەد کتێبی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

* ئەو کتێبانە چین؟

– هەم کتێبی نووسەرانی کوردە و هەم بەرهەمی وەرگێڕدراوە لە زمانە بیانییەکانەوە. چەند نموونەیەکی کورمانجی خوارووشی تێدایە.

* ئەو کاتەی لەتورکیا بووی، شتێک بەناوی ئەدەبیاتی کوردی هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، چۆن و لە چ ئاستێکدا بوو؟

– لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە هەتا ساڵی ١٩٨٠ واتە لە ساڵی ١٩٢٠ هەتا ئەو ڕۆژەی لە تورکیا دەرکەوتم، تەنانەت دە کتێبی کوردی دەرنەکەوتبوو. وەک ئەدەبیات تەنیا دەتوانم ئاماژە بە دوو نموونە بکەم ئەویش کتێبی «محەممەد ئەمین بۆز ئەرسەلان»ە کە کۆمەڵە چیرۆک بوو و ساڵی ١٩٧٠ بڵاوبۆوە. ئەوی تریش کۆمەڵە شیعرێکی «ڕۆژان بەرناس» بوو کە ساڵی ١٩٧٩ چاپ و بڵاو بۆوە. دیارە کۆماری تورکیا بەدروشمی تاک نەتەوە، تاک ئاڵا و تاک زمان دامەزراو لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەشدا زمانی کوردی لەبنەڕەتدا قەدەغە کرا. بەهیچ شێوەیەکی فەرمی، کورد نەیدەتوانی بەزمانی خۆی پەروەردە ببینێ و کاتێک کە زمانێکیش قەدەغە کرا و تۆ نەتتوانی بەم زمانەی خۆت ئیفادە بکەی، ئەوا ناتوانیت بەرهەمێکی ئەدەبیشی پێ بخوڵقێنی. ئەو کاتانەی منیش تازە دەستم بە نووسین کرد واتە ساڵی ١٩٧٨، وشەی کوردی لە

## ئەو نەوەیەی لە تاراوگە پێدەگات، ناتوانێ نوێنەری هەست و نەستی کوردەکان بێت لە وڵاتی خۆیان

هیرۆئینیش قاچاغتر بوو، بۆیە ناتوانم باس لە ئەدەبیاتی کوردی لەم قۆناغەدا بکەم.

* ئەی دوای هەشتاکان؟

– وەک دەزانین ئەیلوونی ١٩٨٠ کودەتایەکی عەسکەری ڕووی داو لەئەنجامدا حکوومەتی سوپا هاتە سەر کار. بۆیەش گەلێک سیاسەتوان و چالاکی گەنجی کورد ڕوویان لە ئەورووپا کرد و زۆربەشیان لە سوێد نیشتەجێ بوون. لەلایەکەوە کودەتای سەربازی ماڵوێرانی لەگەڵ خۆی هێنا و لەلایەکی تریشەوە بوو بەهۆی ئەوەی کورد لە تاراوگە بەتایبەت بەخۆی دابێتەوە و گرنگی بە زمان و مەوجوودییەتی خۆی بدات.

* لەو کاتانەدا، لەگەرمەی زوڵم و زۆری دوژمن و ڕاوەدوونان و کۆچ و ئاژاوەدا، زۆربەی لاوانی کوردستان چ لە دەرەوە و چ لەناوخۆ، وە دوای سیاسەت دەکەوتن و بەشداری ڕیزەکانی چەپی تورک یاخود بزاڤی سیاسی – چەکداری کورد دەبوون، تۆ چۆن ئەدەبیاتت هەڵبژارد، لەناو سیاسەتدا نەخنکای و لەوانە گرنگتر بەکوردی نووسیت؟

– منیش کەوتمە ناو سیاسەتەوە و لەم چوارچێوەیە بەدەر نەبووم. چەند ساڵێک ئەندامی ڕێکخراوی (DDKD) بووم، بەڵام ئەو کاتەی چوومە سوێد، بەتەواوەتی لە ڕێکخستن دابڕام و بۆم دەرکەوت کە ناتوانم خۆم لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بهێڵمەوە. هەروەها تەڤگەری سیاسی گەنجان لە باکووری کوردستان کە ئامانجی ئەوە بوو سیستەمی دەرەبەگی هەڵوەشێنێتەوە و کۆمەڵگایەکی نوێ بنیات بنێ، فەلسەفەی مارکسیسزم – لینینیزمی بە بنەما دەگرت، لەم چوارچێوەیەشدا نەتەوە و زمان و کولتووری نەتەوەیەک وەک دیاردەیەکی کۆنەپەرستانە چاوی لێدەکرا. ئەگەر داوای پەروەردە و قسەکردن بە زمانی کوردیت کردبا، وەک ناسیۆنالیست لەقەڵەم دەدرای. ململانێیەک لەمندا دروست بوو، ئێمە دەمانگوت پێویستە نەتەوەیەک ڕزگار بکەین، بەڵام بە زمانەکەی قسەمان نەدەکرد. دانوستان و گفتوگۆی نێوانمان بە تورکی بوو. چونکە بەئەدەبیاتی مارکسیستی – لینینیستی گوێش کرابووین و بەرهەمی ئەو ئایدیۆلۆژیایەش تەنیا تورکی بوون. پاش ماوەیەک هەستم کرد کە شتێکی هەڵەیە. ئەو کاتانە بەڕێکەوت کتێبێکی جگەرخوێن لە کوردستانی سوریاوە گەیشتە

دەستم، یەکەم جار بوو بەرهەمێکی کوردیم دەبینی. سەرەتا زۆر سەیر هاتە پێش چاوم، بەڵام پاش چەند جار خوێندنەوە، تێگەیشتم کە خوێندنەوەی کوردی چەندە سانایە. واتە کەسێک کە ئەلف و بێ بناسێ و بتوانێ بەکوردی قسە بکات، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا فێری زمانی خۆی دەبێ. کتێبەکەی جگەرخوێن برووسکەیەکی لەناخمدا چاند، چونکە حەزیشم لە ئەدەبیات بوو، دەستم بەنووسینی کوردی کرد. لەمەودوا ئیتر دەمارگیری ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی حیزبایەتی سەرنجی ڕانەکێشام و بەیەکجاری وازم لێ هێنا. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەرکەوتنیشم بۆ سوێد ئەوە بوو بەڕاحەتی بتوانم بە زمانی خۆم بخوێنم و بنووسم.

* ئەو کتێبەی جگەرخوێن کە لەسووریاوە بەدەستت گەیشت، ناوی چ بوو؟

– نایەتەوە بیرم.

* بەشیعر دەستت بە نووسین کرد یان بە چیرۆک؟ لە ژێر کاریگەری کێ بوو؟

– بەشیعر دەستم پێکرد. لەسەرەتادا کە هێشتا لەفەلسەفەی چەپ ڕزگار نەببووم، ئەو شتانەی موتالاشمان دەکردن لەو چوارچێوەیە دابوون. شیعرەکانی پابلۆنیرۆدا، مایکۆفسکی، مەحموود دەروێشم دەخوێندەوەو کاریگەرییان لەسەرم دادەنا. تا ساڵی ١٩٨٢ش شیعرم نووسی و پاشان بەیەکجاری ماڵئاواییم لێکرد و ڕووم لە چیرۆک و پەخشان کرد.

* یانی جیهانبینی سیاسی کاریگەری لەسەر جیهانبینی ئەدەبیش دانابوو؟

– بەڵێ. بەڵێ. ساڵی ١٩٨٠ کۆمەڵە شیعرێکم بەناوی "هەڵمەت دەبەین" چاپ کرد، واتە دەمەوێ بڵێم جیهانبینی سیاسی و چینایەتی کاریگەری هەبوو. هەروەک چۆن ئامانج پرۆلیتاریای دیکتاتۆری بوو، هەموو شتەکانی دیکەش لەو بازنەیەدا دەخولانەوە. پاش دەرکەوتنم بۆ دەرەوەی وڵات، بگرە لەناوخۆش، زیاتر کورتە چیرۆک سەرنجی ڕادەکێشام. هەتا لەپەرگیری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی ڕۆژانە زیاتر دوورەپەرێز دەبووم، بەو ئەندازەیە نزیکی ئەدەبیات دەبووم. ئیتر دەمتوانی وەک کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەخۆ بکەومە ناو جیهان و ژیانی ئەدەبییەوە.

* بێگومان ئەگەر ماوەیەکی درێژ لەشوێنێک بژی، زۆر شت لەدەست دەدەی و هەندێک شتی نوێ وەردەگری. سوێد چی پێ بەخشی و تۆ چیت لێ وەرگرت؟

– کاتێک چوومە سوێد، وەک هەموو بیانییەکی تر بەرێ کرام بۆ کۆرسی فێربوونی زمان. بەر لەهەشتاکان تەنیا بەتورکی دەمخوێندەوە و لەسوێد ڕەوتی موتالاکردنم گۆڕدرا. لەهەر گەڕەکێکی سوێد کتێبخانەیەکی گەورە هەیە کە بەهەموو زمانەکانی دنیا کتێبت دەست دەکەوێ. ئەو گەڕەکەی منیش لێی دەژیام، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی لێ بوو، لەوێ کۆمەڵێ کتێبی تورکیش هەبوون، سەرەتا دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانەی پێویست بوو لەتورکیا خوێندبامەوە و سیاسەت نەیدەهێشت، پاشان کە فێری زمانی سوێدی بووم، دەروازەی ئەدەبیاتی سوێدیشم کردەوە. سوێد وڵاتێکی بچووکە و نەک تەنیا لەبواری تەکنۆلۆژیاوە، بەڵکو لەڕوانگەی ئەدەبیشەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ. وەک دەزانین ناوەندی خەڵاتی هەرە گەورەی ئەدەبی لەو وڵاتەیە کە ئەویش خەڵاتی نوبڵە. مانەوە لەو وڵاتەدا دەرفەت و شانسێکی گەورە بوو بۆ من و دەروازەی گەورەم لەبەردەم کرایەوە. بەرێگەی زمان و ئەدەبیاتی سوێدی، ئەدەبیاتی گەلانی تریشم ناسی.

* باسی خەڵاتت کرد، ئایا هیچ خەڵاتێکی کوردستانی یان جیهانیت وەرگرتووە؟

– ئەنیستیتۆی کوردی بەرلین جارێک بەبۆنەی چاپخانەی (نوودەم)ەوە، خەڵاتێکی پێشکەش کردم، دیارە هێشتا گەنجم و ڕێگەیەکی درێژم لەبەر دەمە.

* باسی خۆت و یەکێتی نووسەرانی سوێد بکە.

– لەساڵی ١٩٨٧ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێدم. لەو یەکەمین کەسانەم کە بوومە ئەندام. لەلایەن یەکێتییەکەوە بۆرس پێشکەش بە ئەندامانی دەکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆمانێک بنووسم، دەتوانم پێشنیار بکەم جێگەیەکم بدەنێ یان داوا بکەم بەرێم بکەن بۆ وڵاتێکی تر و لەوێ ڕۆمانەکەم تەواو بکەم. دوا بەشەکانی ڕۆمانی دواییم بەناوی "پاییزێکی درەنگ" لە یۆنان تەواو کرد کە بەرێگەی یەکێتی نووسەرانی سوێد چووبووم.

* ئایا هیچ کتێبێکت وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی تر؟

– بەڵێ هەندێک بەرهەمم بۆ زمانی ئەڵمانی، سوێدی و تورکی وەرگێڕدراون. هەروەها سێ کتێبم کراونەتە عەرەبی و وا خەریکە دەکرێنە زاراوەی کورمانجی ناوینیش.

* با بچینەوە سەر هەندێک شتی گشتی، ڕەوشی ئێستای ئەدەبیاتی کوردی (کورمانجی ژوورین) چۆن

هەڵدەسەنگێنی؟

– هەمـــوو کـەس دەزانێ کـە ئەدەبیـاتی کـلاسـیکی کـورمـانجی دەوڵەمـەند بوو، وەک بەرهەمـەکـانی مـەلای جـزیری و خـانی، بەڵام کـاتێک کـە دێینە سـەر باسی ئەدەبیـــاتی نۆژەن، هەر وەک ئامـــاژەم پێـــدا، دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە، ئەدەبیـاتی کـلاسـیک کـە ترادسـیـۆنێکی بەخـۆوە گـرتبـوو، بەجـارێک دابڕا، چونکە یەکـێک لەهەنگاوەکانی شۆڕشی کەمالیزم، گۆڕینی پیتی عەرەبی بوو بۆ لاتینی.

***** هۆکارەکەی تەنیا گۆڕینی پیتی عەرەبی بوو یان..؟

– نەخێر.. ئەگەر ئەدەبیاتی کۆن دەربازی پیتی لاتینی ببـوایە و زمـانی کـوردی قـەدەغـە نەکـرابایە، ئەوا ئەدەبیاتێکی مودێرن سەری هەڵدەدا. بۆ وێنە ئەدەبیاتی تورک دوای کۆمار دەگەشێتەوە. ئەوان زمانی خۆیان قەدەغە نەکرد. بەرهەمی ئەوانیش بە پیـتی عـەرەبی بوو، بەڵام چونکە ئەوان ئەدەبیاتی عوسمـانییـان دەربازی لاتینی کرد و دەستیان کرد بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیانی، بەم جۆرە زمـانی خۆیان پوختـەتر کـرد، بەڵام لە سـیـیـەکـاندا لەشـام جـەلادەت ئالی بەدرخـان، گـۆڤـاری هاواری دەرخست و ئەوە خـاڵی دەستـپـێکی ئەدەبیـاتی نۆژەنی کوردی بوو.

***** لەتاراوگە و بەپێشەنگی گۆڤاری هاوار؟

– هەتا سـاڵەکـانی ١٩٤٠ و ١٩٤٣ گـۆڤـاری هاوار، ڕۆناهی، ڕۆژا نو، ســتـێـر لەلایەن هەردووک برا واتە کـامـــەران و جـــەلادەت بەدرخـــان لەشـــام و بەیرووت دەردەکـەوتن، بەڵام ئێـمـە لەو ئەدەبیـاتە بێ بەش بووین. واتە ئەم ئەدەبیـــاتە بـەدەرفـــەتێکی زۆر سنووردارو بەکادیرێکی کەمەوە، نەدەگەیشـتـە لای ئێمـە. هەروەها پاش شـۆڕشی ئۆکـتـۆبەری ڕووسـیـا و دامـەزراندنی سۆسیالیزمی سۆڤییەت، کوردەکانی سۆڤییەتی پێشووش دەرفـەتیـان بۆ ڕەخسـا. گـەلێک بەرهەمی ئەدەبی بڵاو بوونەوە، بەڵام بە پیــتی کـریلی بوون و نەمـاندەتوانی کەڵکیان لێ وەربگرین، ئەگەر بە لاتینیش بوایە، دیسان لەبەر سنوورە قـایمەکـان نەدەگـەیشـتـە دەست ئێـمـە و لەوانیش دابڕابووین و لەلایەکی ترەوە جموجوڵی ئەدەبی کوردەکانی تورکیا لەحەفتاکاندا بە زمانی تورکی بوو. لەبەر ئەم هۆکـارانە ئەدەبیـاتی مـۆدێرنی کـوردی لە

## لە سییەکاندا جەلادەت بەدرخان گۆڤاری هاواری دەرخست و بووە خاڵی دەسپێکی ئەدەبیاتی نۆژەنی کوردی

خەوێکی قووڵدابوو. پاش هەشتاکان هێدی هێدی وەخۆ کـەوت و بەشـێـوەیەکی بەرچاو بۆ پێشـەوە هەنگاوی نا. سوێدیش، کە وڵاتێکی دیموکراتە و ڕێز لە کولتوورەکانی دیکە دەگـرێ و دوور لە ڕاسـیــزم و ڕەگـەزپەرسـتی، دەرفـەتێک بۆ کـورد ڕەخـسـا کـە وەک نەتەوەیەک خـۆی بقـەبڵـێنێ. کـوردەکـانی باکـوور بەتایبـەتی هەندێک لە سایکۆلۆژیای خۆ بچووک دیتن ڕزگاریان بوو. لەتورکیای کـەمـالیـدا کـە کـورد وەک نەخـوێندەوار و پاشکەوتوو و کـێـوی چاوی لێدەکـرا، لە ئەورووپا ڕێزی لە تورک زیاتر بوو. هەروەها منداڵە کوردەکان توانیان لە سوێد بەزمانی خۆیان پەروەردە ببین و لە هەمووی گرنگتر ئەو کەسانەی بەکاری ئەدەبییەوە خەریکن، دەرفەتی مادییان بۆ دابین کـرا. بۆ نموونە من لەیاداشـتـەکـانی جـەلادەت ئالی بەدرخـاندا خـوێندوومـەتەوە کـە کـاتێک لە مـیـونیخ دەیخـوێند، پێش شـەڕی دووەمی جیهانی، وای لێدێ کە چاکەتەکەی بفرۆشێ بۆ ئەوەی بژی. لێرە نووسەر ناکەوێتە ناو قەیرانێکی بەم جۆرەوە و دەزگـایەکی کـولتـووری هەیە کـە یارمـەتی مـادی و مـەعنەوی نووسـەر دەدات. ئێـــمـــەی کـــوردیش لەو یارمـەتییـە بێ بەش نەبووین. بۆیە هێـدی هێـدی ئەو سیاسـیـانەی بەدوای کودەتا پەڕیوە بوون و نەگـەڕانەوە وڵاتی خـۆیان و وازیان لە سـیـاسـەتیش هێنا، ڕوویان لەئەدەبیات کرد. دەتوانم بڵێم هەم لەبواری چیرۆک و هەم لەبواری ڕۆمـانەوە (لەوانەیە سـەبارەت بەهەڵبـەست وا نەبێ) هەنگاوێکی گـەورە بەرز کـرایەوە. وێڕای ئەوەی دیسـان سنووردارە، بەڵام دەکـرێ باس لە ئەدەبیـاتێکی نۆژەنی کوردی بکەین کـە تەنانەت وەردەگـێـڕدرێتـە سـەر زمانە بیانییـەکان و نیشانەی ئەوەیە گەردوونی دەبێت و سنوورەکان تێدەپەڕێنێ کە مایەی خۆشحاڵییە.

***** ئەو شتەی سەرنجی ڕاکێشاوم ئەوەیە کە لە زاراوەی کورمانجیدا زیاتر گرنگی بە ڕۆمان دەدرێ هەتا ژانرەکانی تری ئەدەب، ئەویش بەپێشـەنگی کەسانی وەک محەممەد ئوزون و ئێـوە و هەندێک کـەسـایەتی تر. هۆکـارەکـەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

– لە وڵاتە پاشکەوتووەکان شیـعـر پێگەیەکی بەهێزی هەیە. تەنانەت مـاوەیەک لەوڵاتانی ئەمـەریکای لاتین وەک پەیامبەرێک چاو لە شاعیر دەکرا و شاعیرەکان بێ پارە سـواری پاس دەبوون. ئەمڕۆش لە وڵاتانی جیـهـانی

سێیەم هەر بەم جۆرەیە. لەوانەیە لە کوردستانیش وا بێ، بەڵام لە ئەورووپا بەپێچەوانەیە. لە ئەورووپا و بەتایبەتی سوێد کەم چاپخانە کتێبی شیعر بڵاو دەکەنەوە. ئەو شاعیرانەی خەڵاتی نوبڵیان وەرگرتووە، بەزەحمەت پێنج سەد کتێبی شیعریان دەفرۆشرێ. کتێبخانەکانیش کتێبی شیعر ناکڕن. نەک بڵێی بێ نرخە، بەڵکو خوێنەری کەمە. منیش لە گۆڤاری نوودەم هەتا بۆم کرا گرنگیم بە لایەنەکانی تری ئەدەب دا. وەک چیرۆک و پەخشان، دیارە ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو، چونکە ئەو شیعرانەی دەنووسران و بەڕێ دەکران، سێبەری ئایدیۆلۆژییان پێوە دیار بوو و لەدژی زوڵم و زۆرداری هۆنرابوونەوە. پەیامێکی سیاسییان هەبوو. پاش ئەم ژیانە سیاسییە، بەدوای ئەدەبیاتێکی گەردوونیدا وێڵ بووین کە بتوانین هەست، خەون، ئازار و فەنتازییەکانمانی پێ دەربڕین. چیرۆک و ڕۆمان جێگەی شیعریان گرتەوە، چونکە زمانێکی جیهانی تریان هەبوو.

✱ لەئەدەبیاتی کورمانجی ژووریندا، دابڕانێک هەیە هەر لە مەلای جزیری و ئەوانەوە هەتا جگەرخوێن. ئەم دابڕان و بێدەنگییە تەشەنەی کردۆتە بوارەکانی ڕۆژنامەوانیشەوە. دوای هەوڵە ڕۆژنامەوانییەکانی بنەماڵەی بەدرخان دابڕانێک هەیە هەتا دەرچوونی گۆڤاری (نودەم)یش. لەهەندێک بواردا هاوار و نوودەم لێک دەچوێنم. بەشی خۆی باسی هاوارت کرد، ئەی نوودەم چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– ڕاستە. هاوار بەدەستپێشخەری کەسێک بڵاو دەبۆوە، بێ ئەوەی هێز و لایەنێکی سیاسی لە پشت بێ یان ببێتە بڵندگۆی هەندێکیان. ئامانجی پێشخستنی ئەدەبیاتێکی نۆژەن بوو، پلۆڕال دەهزری، بێ ئەوەی جیاوازییەک لەنێوان بەرهەمەکان دابنێ. هەر چەند شاعیر و نووسەری وەک قەدری جان، نووردەین زازا و عوسمان سەبری لە دەوروبەری هاوار بوون، بەڵام قورساییەکە زیاتر لەسەر پشتی جەلادەت ئالی بەدرخان بوو. دوابەدوای ڕاوەستانی هاوار، ئیدی ئەم گۆڤارە لەبیر دەکرێ. ئەمن بۆ خۆم کاتێک دەرکەوتمە دەرەوەی وڵات، بۆ یەکەم جار ناویم بیست. دیارە لەم مەودایەدا، زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەرکەوتن، بەڵام هەموویان سیاسی و ئایدیۆلۆژی بوون و ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی بڵاو کرابایەوە، دەبوو لە چوارچێوەی ڕێکخستن و حیزبدا بێت. کاتێک لەساڵی ١٩٨٣دا چاوم بەهاوار کەوت، وەک ون بوویەکی خۆم دۆزیبێتەوە، وا بوو. بووە مایەی سەرنجی من. هەستم کرد کوردایەتییەکی پاک و دڵسۆزی تێدایە و هەتا نەوەتەکان سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری هاوارم سەر لەنوێ چاپ و بڵاو کردەوە. نودەم لە فکر و تێڕوانیندا وەک هاوار، لیبراڵ بوو. بێگومان هەوڵم دا شتێکی نوێ بێت، چونکە هەلومەرجی هاوار و نودەم زۆر لێک جیاواز بوو. بۆ دەرکردنی نودەم زۆرم زەحمەتی و ئاستەنگی بینی.

✱ وەک چی؟

– یەکەم جار بوو گۆڤارێک لەلایەن کەسێکەوە دەردەچوو. دەوروبەر باوەڕیان نەدەکرد کەسێک بە تەنیا بتوانێ شتێک بکات، بەڵام جارجارە هەندێک کەس گۆڕانکاری بنچینەیی لە وڵات و تەنانەت جیهاندا بەدی دێنن. کاتێک دەستم بەچاپ و پەخشی نودەم کرد، هەندێک دەیانگوت فڵان ڕێکخراوی لە پشتە و هەندێکی تر دەیانگوت فیسارە ڕێکخراو. لێرەدا با ئاماژە بە نموونەیەک بکەم. بەر لەوەی نودەم دەربکەوێت، چونکە پێشبینی ئەم شتەم کردبوو، بۆ ئەوەی باڵانسێک دروست بکەم و بە هەر کەس بسەلمێنم کە گۆڤارەکە سەربەخۆ و ئەدەبییە، دوو ڕیکلامم بۆ دوو ڕۆژنامەی کوردی نارد کە یەکیان ڕۆژنامەی وڵات و سەر بە pkk بوو و ئەوی تریش گۆڤاری ئامانج و دژ بە pkk بوو. پارەیەکیشم بۆ ڕەوانە کردن تاکو ڕیکلامەکەم بڵاو بکەنەوە. ڕۆژنامەی وڵات پارەی نەویست و لەبری پارە، ڕیکلامی ڕۆژنامەی خۆیان بۆ بەڕێ کردم. کاتێک ڕیکلامەکەی من لە "وڵات"دا بڵاو بۆوە و منیش لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەمدا ڕیکلامی "وڵات"م بڵاو کردەوە، مەحموود باکسی کە ئەو کات دژ بە pkk بوو، بانگەشەی ئەوەی کرد کە نودەم سەر بە pkk ەیە. ئینجا لە ژمارەی دووەمدا وتووێژێکم لەگەڵ مەحموود باکسی کرد و بڵاوم کردەوە، دۆست و لایەنگرانی pkk گوتیان گۆڤارێکی باش بوو، بەڵام پێویستە کەسایەتی بەمجۆرەی تێدا نەبێ. پاش یەک - دوو ساڵ لەدەرچوونی، ئینجا باوەڕیان پێ هێنا.

✱ نودەم تاکەی بەردەوام بوو؟

– دامنابوو پێنج ساڵ دەربچێ. زۆر کەس باوەڕیان نەدەکرد تەنانەت دوو - سێ ژمارە زیاتری لێ دەربچێ. خۆیان ئابوونە نەدەکرد، چونکە پێیان وابوو ئەو گۆڤارەش بەدەردی گۆڤارەکانی تر دەچێت. ئەو پێنج ساڵەی کە بۆ نودەم پێشبینیم کردبوو، بەڕێک و پێکی دەرکەوت. لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا هیچ جیاوازییەکم نەخستە

نێوان بیروباوەڕ و مەکتەبە ئەدەبییەکان. نودەم هیچ جۆرە سنوورو بەربەستێکی نەبوو. گۆڤارێکی فرە ڕەنگ و فرە دەنگ بوو. لەپێنجەمین ساڵیادی دەرچوونی نودەمدا، جەژنێکمان لەستۆکهۆڵم بەڕێوە برد، زۆربەی ڕۆشنبیرانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداری ئاهەنگەکە بوون، لەو ئاهەنگەدا دەبوو ماڵئاواییم کردبا.

* ماڵئاواییت کرد؟

– نەخێر، بڕیارم دا بۆ پێنج ساڵی تریش گۆڤارەکە دەربکەم. واتە بەگشتی دەساڵ بەردەوام بوو. نیازم وابوو دوای پێنج ساڵ نودەم لە دیاربەکر دەربکەم. وەک دەزانن نەوەتەکان بارودۆخ ئارام نەبوو. دۆست و برادەر پێیان گوتم چۆن شتی وا دەکەی، ئەگەر بچیتە دیاربەکر، پاش چەند مانگێک هەواڵی مەرگت دەبیسین. قسەکەیان ڕاست بوو. لەم بڕیارەم پاشگەز بوومەوە، بۆیە بڕیارم دا پێنج ساڵی تریش بەردەوام بم لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە. دە ساڵی ڕەبەق نودەم دەرکەوت. بێ ئەوەی ژمارەیەکی درەنگ بکەوێتە ژێر چاپ. ئەوەش دیاردەیەکی نوێ بوو لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

* هەر لەپاشکۆی ئەم گۆڤارەدا، گۆڤارێکی تریشت دەردەخست کە تایبەت بوو بە وەرگێڕان.

– بەڵێ، دەمەویست هەر ساڵەی ژمارەیەک یاخود دوو ژمارەی دەربکەم. هەر وەک دەزانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دنیا زۆر زوو دەکرێنە تورکی. وەرگێڕان لە ناو تورکەکاندا زۆر بەهێزە. فارسەکانیش هەر وان. کتێبی بیرەوەری مارکیز بەر لەوەی بەسوێدی بڵاو بکرێتەوە، دەکرێتە تورکی، ڕۆمانەکانی پاولۆ کۆئیلۆش هەروا. ئەوەش وا دەکات کوردەکان ئەم ئەدەبیاتە بخوێننەوە و یەکێک کە بەتورکی موتالا بکات، زۆرتر سوودمەند دەبێ و ئاسانکاری زیاتر بۆ دەکرێت. منیش بەرێگەی ئەم گۆڤارەوە دەمەویست زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بێ. بۆ ئەوەی ئەزموون لەتەکنیک و شێوازی نووسەرانی جیهان وەربگرین. تا توانامان هەبوایە هەوڵمان دەدا وەرگێڕدراوەکان لەزمانی ئۆرژینالەوە بکرێن. مخابن تەنیا ژمارەیەکی دەرکەوت.

* بۆچی تەنیا ژمارەیەک؟

– نەیتوانی جێگەی خۆی بکاتەوە، لەبواری مادیشەوە ئاستەنگی گەورەم دەهاتە بەردەم. دەتوانم بڵێم وێڕای هەبوونی هەندێک ئاستەنگی تر، هۆکارەکە تەنیا مادی بوو. چونکە دەمەویست گرنگی بەجۆری چاپەکەشی بدەم و ئەوەش پارەیەکی زۆری دەویست.

**لە وڵاتە پاشکەوتووەکاندا شیعر پێگەیەکی بەهێزی هەیە**

* تیراژی نودەم چەند بوو؟

– هەزار دانە.

* نودەم هەر لە وڵاتانی ئەوروپا بڵاو دەبۆوە یان دەهاتە تورکیا و وڵاتانی ئاسیاش؟

– بەشی هەرە زۆری لە ئەوروپا بڵاو دەبۆوە، چونکە ئەو کات ڕەوشی سیاسی تورکیا نالەبار بوو و بەڕێگەی پۆست نەدەگەیشت، کەسیش نەیدەتوانی لەگەڵ خۆی بیگێڕێ. هەرچەند گۆڤارێکی سیاسی نەبوو، بەڵام قاچاغ بوو. شتی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە هەر چەند تیراژی نودەم زۆر کەم بوو، بەڵام باش بڵاو دەبۆوە. بەتایبەت لە زیندانەکانی تورکیادا دەستاودەست دەگەڕا. زۆر نامەم لە زیندانەوە بەدەست گەیشت کە نوسیبوویان بەڕێگەی نودەم فێری زمانی کوردی بووین. هەروەها نزیکەی ١٥ دانەیەکی لەکوردستانی سووریادا بڵاو دەبۆوە و لەوێش لەناو ڕۆشنبیران و هۆگرانی ئەدەبدا ماڵەوماڵ دەگەڕا. بەو پێشوازییە هەستم دەکرد کورد شتێکی بەم جۆرەی گەرەکە. شتێک کە تایبەت بێ بە بواری خۆی.

* ئایا لە نودەمدا هەر بەتەنیا بەرهەمی نووسەرانی باکووری کوردستان بڵاو دەکرایەوە؟

– نەخێر. بەرهەمی کوردەکانی باشووری کوردستان، ڕۆژهەڵات، کوردستانی سووریا و نووسەرانی تاراوگەش بڵاو دەبۆوە.

* بەرهەمی نووسەرانی سۆرانی چۆن بڵاو دەبۆوە، وەردەگێڕدرایە سەر زاراوەی کورمانجی یان هەر وەک خۆی بڵاو دەبۆوە؟

– وەک خۆیان و بە پیتی لاتینی بڵاو دەبوونەوە. هەندێک بەرهەمیش دەکرانە کورمانجی، بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێن. زۆر جار بەرهەمی کەسانی وەک عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر جاف، حەمە سەعید حەسەن و فەرهاد شاکەلیمان وەردەگێڕا. فەرهاد پیرباڵیش یەکێک بوو لە نووسەرە بەردەوامەکانمان کە ئەو کاتەی کە لە پاریس بوو بەتێکەڵییەک لە سۆرانی و کورمانجی دەینووسی.

* نووسەرانی باکووری کوردستان بەگشتی خەباتێکی

نەتەوەییـــان دەست پێکردووە بەرێگەی وەرگـــێـــڕانی بەرهەمی نووسەرانی باشووری کوردستـان، بەڵام لێرە کـەس نـووسـەرانی باکـوور یان ڕۆژئاوای کـوردسـتـان ناناسێ. ئەتۆ تا چەند شـارەزای ئەدەبیـات و وێژەی زاراوەکانی دیکەی کوردی و ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– کاتێک ئێمە دەڵێین کوردستان، پێویستە باس لە هەمووی بکەین، منیش هەست بەم کەمایەسییە دەکەم. ئەگەر مێژوویەکی ئەدەبی چاپ بکرێ و تێیدا بەرهەمی کوردەکانی سۆڤییەت یان شوێنێکی تری تێدا نەبێ، ئەوا نابێتە وێژەی ئەدەبی کوردی، بەڵکو دەبێتە هی پارچەیەک. نووسین بە زاراوەگەلی جیا جیا گرنگ نییە، بەڵکو پێویستە لەشوێنێکدا بگەنە یەک، بۆیە من لە نودەمدا ئەم کارەم کرد. هەروەها ئەنتۆلۆژیایەکی چیرۆکی کوردیم ئامادە کرد کە تێیدا هەمان سیاسەتی (نودەم)م پەیڕەو کردووە، ئەنتۆلۆژیاکە دوو بەرگ و زیاتر لە هەزار لاپەڕەیە، لەو ئەنتۆلۆژیایەدا نموونەی گشت چیرۆکنووسە کوردەکانم هێناوەتەوە، تەنیا باسی نووسەرانی پارچەیەکم نەکـردووە. بیـۆگـرافی و نموونەی بەرهەمی نووسـەرانی کورمانجی ناوینیشم کردۆتە لاتینی.

* ئەنتۆلۆژیاکەت بە تەنیا ئامادە کرد؟

– بەڵێ، بەڵام لەگەڵ کەسانی شارەزا لە ئەدەبیـاتی کوردەکانی سۆڤییەت و باشووری کوردستـان ڕاوێژم کردووە.

* کۆکردنەوەی ئەنتۆلۆژیا یاخود پرۆسەیەکی وەک نودەم ئیشی تاکە کەسێک نییەو پێویستە دەزگایەکی گەورەی لەپشت بێ.. ئێوە چۆن خۆتان لە قەرەی ئەم کارە دا؟ ئایا ماندووبوونێکی زۆری نەدەویست؟

– ئێمە وا ڕاهاتووین و وادەزانین کە کاری گەورە پێویستە دەزگایەکی مەزنی لەپشت بێ. ڕاستە دامودەزگاکان دەرفەت و کادیری زۆریان لەبەر دەستدایە، بەڵام وەک دەزانی دامودەزگای لای خۆمان ئامانجیان تەنیا ڕەزامەندی حیزبەکەیانە، یان لەبەر مووچە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن و ئەو بەرهەمەی دەری دەخەن، دیارە چۆنە، بەڵام ئەگەر دەزگاکە ئامانجی خەباتێکی سەربەخۆ بێ و پاڵپشت بێ بە خەباتێکی پرۆفشناڵ و بازرگانی سەربەخۆ، سەرکەوتووتر دەبێ و لە ڕەوشی ئێستای کوردستانیشدا، دامەزراندنی دەزگایەکی بەم جۆرە دەست نادا. ئەمە بۆ باکووری کوردستان دوو ئەوەندە زەحمەتە. کاتێک کە (نودەم)م دەرخست، خوێنەر و نووسەری بەدەگمەن هەبوو، بەڵام چونکە من ئاشقی ئەم خەباتە بووم، هەموو هێز و توانای خۆم خستە گەڕ. ڕاستە تا ڕادەیەک خەباتێکی شەخسی بوو، بەڵام پێوەندیم لەگەڵ هەموو نووسەرانی کورد و نووسەرانی غەیرە بەست و بەم جۆرە ئامانجم ئەوە بوو بناغەی ئەدەبیاتێکی نۆژەن سەقامگیر بکەم. وەک دەزانی غەریبی، تێکشکانە. بۆ ئەوەی لە غەریبیدا تێک نەشکێم، پەنام بۆ ئەدەبیات برد. ئەدەبیات هیوای ئایبندەم بوو. بۆیە بەدڵەوە ئەم کارەم ئەنجام دا. کەسێک کە بەدڵ کار بکات، لەو سەد کەسە باشترە کە بێ دڵ کارێک دەکەن. لەلایەکی ترەوە، لە پرۆسەی دەرکردنی گۆڤاری نودەم-دا، گرنگیم نەدا بەوەی کە نووسەر سەر بە کام ئایدیۆلۆژیا و پارتە، وەک گۆڤارە سوێدییە ئەدەبییەکان ویستم ببێتە گۆڤارێکی تایبەت، دەبوو نودەم ببوایە بە پردێک لەنێوان نووسەران، بێگومان ئەم داخوازی و بانگەشانە گەورە بوون. سەرەتا جێبەجێ کردنیان هەندێک زەحمەت بوو، بەڵام لە ئەنجامی شەونخوونی و هەوڵدانی بێ وچان ڕێگە هەموار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دان بەوەدا بنێم کە ئەو دە ساڵە بۆ من وەک بیست ساڵ تێپەڕین.

* لەکورمانجیدا کێشەی خوێنەریش هەیە، چونکە هەر نووسەرەی بە شێوە زاراوەیەک دەنووسێ، واتە کێشەکە زمانە. ئەو کێشەیە لەبەردەم ئێوەش نەبۆتە ئاستەنگ؟ پێوەندی تۆ و خوێنەران چۆنە؟

– ئەو کێشەیە تا ڕادەیەک نەماوەتەوە. سەرەتای هەشتاکان ئەم شتە باو بوو، نە تەنیا هەر شارە و زاراوەیەکی هەبوو، بگرە هەر ڕێکخستنێکیش زمانێکی تایبەت بەخۆی هەبوو و بەگوێرەی خۆیان قاڵبیان بۆ دروست دەکرد. دوابەدوای دەرکردنی گۆڤاری نودەم و هەروەها سەر لەنوێ چاپکردنەوەی گۆڤاری هاوار، ئێستا کەم نووسەر هەیە کە بەشێوەیەکی هەرێمی بنووسێ. بۆ نموونە من هەرچەند لە زارگوتنی هەرێمی زۆر دوور نەکەوتوومەتەوە، بەڵام بەو شێوەیەش نانووسم. دەتوانم بڵێم ٨٠٪ شێوەیەکی ستانداردی بەخۆوە گرتووە و دیسان هەندێک نووسەری تۆری و سەرحەدی بەزار گوتنی خۆیان دەنووسن، بەڵام ئەوانیش هێدی هێدی هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە ئەو ستانداردەی لەزمانی کوردی زاڵە. هی کورمانجی بادینان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە دەمێننەوە. نە سۆرانییە و نە کورمانجییە. دیارە بەهدینان ناوی هەرێمێکە و ئەویش هەر کورمانجییە و زاراوەیەکی سەربەخۆ نییە، پێویستە خۆیان نزیکی ئەو ستاندارده

بکەن کە ئێمە پێی دەنووسین.

* بۆچی لە کورمانجیدا زیاتر کتێبی ویژەیی چاپ دەکرێن و گرنگی بە بوارەکانی تری وەک فەلسەفە و زانست و .. تاد نادرێ؟

– راستە، زیاتر بەرهەمی ئەدەبی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام نموونەی فەلسەفیشمان هەیە. وەک مستەفا دوزگون کە چەند کتێبێکی لەسەر فەلسەفە هەیە. بەم دواییانەش وەشانخانەی ئاڤێستا هەندێک کتێبی سیاسی بڵاو کردەوە، لەوانە کتێبی د. قاسملو و کتێبێک سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی. بەگشتی وەک جەنابتان ئاماژەتان پێ دا، نموونەیان کەمە، چونکە پێداویستییەکی وەها نەهاتۆتە گۆڕێ و بەزمانی تر موتالای دەکەن، چونکە قورسیشە ناتوانن بە زمانی کوردی لێی تێ بگەن.

* ئایندەی ئەدەبیاتی کوردی لە تاراوگە چۆن دەبینی؟

– گەشبین نیم پێی، چونکە ئەو نەوەیەی لەوێ پێدەگات، ناتوانێ نوێنەری هەست و نەستی کوردەکان بێت لە وڵاتی خۆیان و تەنیا گوزارە لە بەشێکی کەم دەکات، ئیتر بەمێشکی ئەو وڵاتانە بیردەکەنەوە کە لێی دەژین. ئێستاکە ڕەوشی کوردستان دەگۆڕێ، پێویستە ویژەوانەکان بگەڕێنەوە و لەناو خەڵکی خۆیاندا بژین.

* واتە زەمینەکە لەبار دەبینی؟

– دەمەوێ بڵێم تا ڕادەیەک پێوەندی بە ئایندەی سیاسییەوە هەیە. ئەگەر پەروەردەی زمانی کوردی لەباکوور ئازاد بێ، لەماوەیەکی زۆر کورتدا، ئەدەبیات دەگاتە لووتکەی خۆی و پەرەگر دەبێ. چونکە کوردستانی تورکیا پردێکە لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا. پێویستە ئیتر زمان فاکتۆرێکی وڵاتپارێزی نەبێ، بەڵکو بوارەکانی مەعریفەو زانست جێگەی بگرێتەوە. ئەدەبیات پێویستە تەعبیر لە ئێش، ژان و برک و خۆشییەکانی نەتەوەیەک بکات.

* لەدوا ڕۆمانتدا بە نیسبەت بەرهەمەکانی ترت پشوو درێژی، ئایا هەنگاوێکی نوێت لە نووسیندا بەرز کردۆتەوە؟

– ناتوانم بڵێم هەنگاوێکم بەرز کردۆتەوە یاخود بەرهەمەکانی پێشووم بەکار نایەن، بەڵام زۆری پێوە ماندوو بووم. ئەزموونێکی بیست و پێنج ساڵەم هەیە لە نووسینی چیرۆکدا. بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەش لەمێژە لە سەرمدایە. چوار – پێنج ساڵە کاری لەسەر دەکەم. ویستوومە شێوازێکی نوێ بەکار بێنم. وەک سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەم لەسەر تاکێک چڕ بوومەتەوە. چونکە پێم وایە ئەگەر کەسێکی باش بناسێنم، ئەوا زۆر کەسم باش ناساندووە. هەر چەندە کەسێکە، بەڵام ژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سێ دەیەی دوایی ئاوارەیەکە کە بە نیازە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. بیری گەڕانەوە لەو کەسەدا دەبێتە نەخۆشی نۆستالیژی.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی فرات جەوەری بریتین لە:**

- هەڵمەت دەبەین، (شیعر – ۱۹۸۰)
- گەورە دەبم، (شیعر – ۱۹۸۱)
- دایک شیرینە، (شیعری مناڵان – ۱۹۸۳)
- بەندکراو، (چیرۆک – ۱۹۸٦)
- کۆتری سپی، (چیرۆک – ۱۹۹۲)
- کولتوور، هونەر و ئەدەبیات، (کۆمەڵە وتار و هەڤپەیڤین – ۱۹۹٦)
- وتەی ناوداران، (۱۹۹٥)
- چیرۆکی بنەماڵەی عەبدۆ، (چیرۆک – ۱۹۹۹)
- لە ماڵی جەلادەت ئالی بەدرخاندا، (دیالۆگ – ۱۹۹۸)
- شەپۆلەکانی دەریای ڕەش، (سەفەرنامە – ۱۹۹۷)
- ڕۆمانسێکی ژاکاو، (کۆمەڵە چیرۆک – ۲۰۰۲)
- ئەنتۆلۆژیای چیرۆکی کوردی، (۲۰۰۳)
- پاییزێکی درەنگ، (ڕۆمان – ۲۰۰٥)

**هەندێک لەبەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی بریتین لە:**

- شەوە سپییەکان، دەستەیڤسکی، ۱۹۹۳
- مشک و مرۆڤ، جۆن ئنشتاین بەگ، ۱۹۹۳
- باخچەی ڤینیسیا، ئەنتوان چیخەف، ۱۹۹٥
- لەچاوەڕوانی گۆدۆدا، ساموئێل بیکیت، ۱۹۹٥
- داری هەنار، یەشار کەماڵ، ۱۹۹۸
- دیوار، سارتر، ۱۹۹۸
- چیرۆکی مامە وردیلە، باربرۆ لیندگرێن، ۲۰۰۰
- ئەمێل، ئاسترید لیندگرێن، ۲۰۰۲



لە دەشتی کاکی بە کاکی هەولێر و سەرهەڵدانی گیانی چینایەتی و هەرلەوێوەش پابەندبوون بە حزب و دیسپلینەکانی، لەوێوەش بەرەو شار و بەندیخانە و ئینجا پێوەندی بەستن لەگەڵ شاعیران و نووسەران، شیعری بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشگێڕی. ئەیلوولی خوێناوی و سرووده ناودارەکەی و بیری پاکی نەتەوایەتی. بەرەو ئۆپەرێت و سروودی منداڵان و قوتابیان وەرزشوانان و بەرەو داستانەکەی هەولێر و بەشداریکردنی لە ژیان و بزاڤی ڕووناکبیری. لەو دانیشتنەدا دواندمان، تا هەندێ لایەنی شاراوەی خۆیمان بۆ بدرکێنی. دەی دەبا بزانین (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر چی لە یادگە و پریاسکەی پڕ لە ئەزموونی دایە.

# مەدحەت بێخەو:
# مانا و ناوەرۆک لای من گەورەترین ئامانجی شیعرییە و لەو پێناوەشدا هێزی داهێنەرانەی خۆم دەخەمە ڕوو

**دیمانە: مەحموود زامدار**

**ڕامـــان:** ئەگەر ئاوڕێک لە کەشوهەوای ڕۆشنبیریی و شیعریی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بدەیتەوە؟


**مـەدحـەت بێـخـەو:** لە چلەکـان لە قـۆناغی سـەرەتایی بووم، مـاڵـمـان لە دیبـەگە بوو، لەوێ شـاعـیـر و نووسـەر نەبوون، بەڵام لە هەولێر و کۆیە و مەخموور، هەروەها لە شـوێنی دیکەش. بەهرەم لەو سـاڵانەدا سـەری هەڵدا هۆیەکەشی ئەوەبوو کە لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەی نێوان جـووتیـار و دەرەبەگـەکـان بـووم، هەر لە منداڵـیـیـەوەش هەستم بەو کێشـەیە دەکرد، کە ئەو ستەمەم دەدی، زیاتر هانی دەدام کـە شت بنووسم و بێـمـە مـەیدانەکـەوە، بەڵام ئەوەی دەمنووسی لەبەر ئەوەی بڕوام بەخـۆم نەدەکـرد و پیـشـانی مـامـۆسـتـایانی قـوتابخـانەشم دەدا و دواتر هەڵـمـــدەگـــرتن و بڵاوم نەدەکـــردنەوە، چونکە چاپ چاپەمەنی نەبوو و نەشمدەتوانی بۆ ڕۆژنامەی شارەکانی تری بنێرم، یان بێـمە هەولێر. لە دوای پەنجاکانیش کە گۆڤاری (هەتاو) کـەوتە کار، دەسـپێکێکی دیکەی من بوو.

**ڕامـــان:** بەڵام هەر لەو دەشتە چەند شاعیرێکی وەک (مـــەلای سنجـــاوی) و (مـــەلا دەشـــتی) و (مـــەلا کوردستانی) و (عەلی فەتاح دزەیی) هەبوون؟

**مـەدحـەت بێـخـەو:** بەڵێ ڕاسـتـە، لەگـەڵ ئەوەش چوار شـاعـیـری نەخـوێندەوار لە دەشـتی هەولێـر هەبوون، کە شـــایەنی ئەوەن نـاویان تۆمـــار بـکـەین، چونکە شـــتی جوانیان هەبوو، ئەوانیش (سەعید سالم- عەولا حوودی، عـەولا جـاندار، تەها مـامـەر). لە هەولێـریش (عـەلی فـەتاح دزەیی) و لە کۆیەش (دڵزار، دڵدار، عەونی) هەر لە هەولێریش (کانی) کە خۆم شیعرم دەربارەی هەیە و لە سەرەتای حەفتـاکانیش کـۆڕێشم دەربارەی شیـعرەکـانی بەسـتـووە، هەروەها (بورهان جـاهید)و (مـەلا مـەسـعـوود بێـبـەش) و (ڕەشـاد مـوفـتی) و (جـەوهەر غـەمگین) و (پیـربـاڵ مـەحـمـوود) کە ئەمـانە لە سـەرەتای پەنجـاکـان دەنگیان بەدەرکەوت.

**ڕامـــان:** ئەی سەرچاوەی خوێندنت، کـامە شاعیرت دەخوێندەوە؟

**مەدحەت بێخەو:** وەک گـوتم: لە شارۆچکەکەی من نە کتێبخانەیەک و نە شاعیر و نووسەرێک نەبوو، تا پەنای بۆ ببـەم و خـۆم زیاتر بە ڕۆشنبـیـرییـەوە خـەریک بـکـەم، بەڵام لەو سـەردەمـەدا دیوانی (قـانیع) و (بێکـەس) و (زێوەر) لە ڕێگەی باوکـمـەوە دەسـتم دەکـەوتن، دەتوانم



مەدحەت بێخەو - ١٩٥٨ - کەرکووک

بڵێم بـاوکم شاعـیـریش بـوو، دەفـتـەرێک شیـعـری هەبوو، هەمـووی دەربارەی کـوڕە جـوانەمـەرگەکـەی (حـیکمـەت) بوو، بەڵام زۆر بایـەخی نەدەدا و نەدەچووە بنجـــوبناوانی شیـعـر. هەروەها دایکیشم زۆربەی قسـەکانی کە لەگەڵ ئێمەی دەکرد شیعر بوو، جا ئەو بەهرەیەی دایک و باوک و ئەو شـیـعـرانەی کـە لە قـوتابخـانە دەسـتم دەکـەوتن، بە تایبـەتی سـرووەدەکـان و بەهرەی خـۆشم، شـیـعـر لەلام چەکـەرەی کـردو هەر زوو هەسـتم پێکرد، تەقـیـنەوەی بەهرەکەش هۆی سەرەکی چینایەتی بوو.

**ڕامـان:** هەر لەوسەروبەندەشدا چوویتە نێو ڕیزی حزبی شیوعییەوە؟

**مـەدحـەت بێـخـەو:** لە سـاڵی (١٩٤٧) پێش چوونم بۆ ناو ئەو حزبە، هەستی چینایەتیم تەقییەوە.

**ڕامـــان:** ئێ خـۆ هەسـتی چینایـەتی و زاخدانی بەبێ ڕۆشنبیری، زوو دەپووکێتەوە؟

**مـەدحـەت بێـخـەو:** من هەر لە منداڵـیـیەوە کـەوتمە لای ڕیزی چەپ و ناو ئەڵقەی ڕۆشنبیری حزب.

**ڕامان:** ئەی یەکەم ڕێکخەرت لەناو ئەو حزبە؟

**مـــەدحـــەت بێـــخـــەو:** مـەخـمـــوورییـــەک بـوو، ناوی (مـوخلیس) بوو. لەوکـاتەوەش کـە چوومـە نـاو حـزبی شیوعـییەوە (١٩٤٧) وردە وردە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە زانیـاریم زیاتر پەیدا کرد. هەسـتیشم دەکرد لەو مێژووەوە کـاریگەری باشی بۆ پەرەپێدانی بەهرەی شـیـعـرم هەبوو، ئەم شـتـانە هەمـووی کـەڵەکـە بوون، تا خـۆم ئامادە کـەم بۆ

بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم، بەڵام شوێنم دەست نەدەکەوت، تا گەیشتە ساڵی (١٩٥٤) کە (هەتاو) دەرچوو، چەند شیعرێکم بۆ مامۆستا (گیوی موکریانی) نارد، یەکیان بەناوی (نیشتمانی خۆشەویست) و ئەوی دیکەیان (ڕۆڵە ڕۆڵە). مامۆستا بڵاوی کردنەوە، بەمەش زۆر کەیفم هات و زۆریش هانیدام تا شت بنووسم.

**ڕامان:** ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر و یادگاری و هەڵوێستت؟

**مەدحەت بێخەو:** کە لە (قازیخانە) سوێند خورا، لە پاشان زۆر شوێنی تری گرتەوە، هەر ئەوەش وای کرد کە من شیعرێک بۆ ئەو ڕاپەڕینە بنووسم. ڕاپەڕینەکە چەپ ڕابەری بوو، بەڵام (پارتی)شی لەگەڵ دابوو، هەرچەندە لەم دەشتەی هەولێرەدا ڕێکخستنی حزبی شیووعی زیاتر و دیارتربوو، بەهەردو لایان جووتیارەکانیان وریا و وشیارتر دەکردەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا دەستم بە بڵاوکردنەوەی شیعر کرد.

**ڕامان:** ئەی لەلای میریبیەوە نەگیرای؟

**مەدحەت بێخەو:** لەسەر ئەو ڕاپەڕینە نەگیرام، بەڵام کە بوومە سەرباز لە خۆپیشاندانی (گاورباخی) شەش مانگ حوکم درام، لە بەندیخانەش لەگەڵ ئەو کرێکار و جووتیارانەی کە ڕابەری خۆپیشاندانەکە بوون یەکمان گرتەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەدەبی فۆلکلۆری چ دەورێکی گێڕاوە لە زاخدانی شاعیرایەتیت؟

**مەدحەت بێخەو:** بێگومان ئەدەبی فۆلکلۆری بنچینەیە، بناغەی شیعری خۆماڵی هەمووی لەسەر فۆلکلۆر بنیادنراوە، بەڵام دەورە بنەڕەتییەکە بۆ بەهرەی خۆم دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** لە بزووتنەوەی نوێخوازی ناوەڕاستی پەنجاکانی شیعری کوردی، دەورت چی بوو؟

**مەدحەت بێخەو:** من ئەوکاتە لە هەولێر نەبووم. دوای تەواو کردنی حوکمەکەم لە کەرکووک نیشتەجێ بووم، بە بەردەوامی هاتوچۆی هەولێریشم دەکرد، هەر لەو ساڵانەدا بووم بە باوەڕپێکراوی گۆڤاری (هەتاو) لە کەرکووک، لەسەر دوابەرگەکەشی ئەمە تۆمار کراوە. لە هەولێر کۆمەڵێک شاعیر چالاکی شیعریان هەبوو. وەک ئاماژەم

**لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول وەرچەرخانێک لەبیری من ڕوویدا، لەباری چینایەتییەوە بۆ نەتەوایەتی و بە شێوازی شیعری سەربەستیش ئەم وەرچەرخانەم دەربڕیوە**

پێکرد، بەڵام چەکەرەی نوێخوازییەکە لای (جەوهەر غەمگین) سەری هەڵدا، بەڵام ئەو شێوازەی کە ئەو پێی دەنووسی من پێشتر پێم نووسیوە، هەرچەندە لە هەولێریش نەبووم ئەگەر بێتو ئەو ساڵانە لەسەر هەولێر حسێب بکرێ، ئەوە چەکەرەی نوێخوازییەکە لای من سەری هەڵداوە.

**ڕامان:** بەڵام بەر لەتۆ و لە پیرباڵ مەحموود، جەوهەر غەمگین دەستی بۆ شیعری سەربەست درێژ کرد، ئەمەیان چۆن؟

**مەدحەت بێخەو:** جەختی لێدەکەمەوە کە من پێش ئەو شیعری سەربەستم نووسیوە و نموونەشی لە کۆمەڵە شیعری خۆم (زەنگی کاروان)دا هەیە، بەڵام هی ئەو زیاتر دەرکەوت، ئەمەش باری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لێی بەرپرسیارە.

**ڕامان:** لە ئەزموونی نوێخوازانەی شیعری کوردی ئەو ڕێچکەیەتان گرتەبەر، یان لە ئەدەبی بیانییەوە فێری بوون؟

**مەدحەت بێخەو:** من قۆناغی دوای مامۆستا (گۆران)م. کە دیوانی (زەنگی کاروان) دەرچوو، مامۆستا گۆران بە باشی باسی شاعیرایەتی منی کردبوو، گوتبووی: (شیعرەکانی بێخەو زۆر ڕێکوپێک و ئاوازەدار و پێشکەوتوون). من سەرەتا لەژێر کاریگەری (گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح) بووم. نەک هەر من، بەڵکو هەموو شاعیرانی دوای (گۆران) کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم شاعیرە بلیمەت و ڕچەشکێنەی کە شۆڕشێکی لە مێژووی شیعری کوردی بەرپا کردووە. شیعری سەربەستم لەوێوە دەسپێدەکا.

**ڕامان:** شۆڕشی ئەیلوول و هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی لای تۆ، کامەیان، ئەی شیعر؟

**مەدحەت بێخەو:** سەرەتا من بە بیروباوەڕی چەپ گۆشکرابووم، شیعرەکانم ڕیالیزمی سۆشیالستی بوو، هەروەک (دکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ) لە کتێبەکەی باسی دەکا، بەڵام کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو، بەتایبەتی کە ڕژێمی عەفلەقی فاشست هاتە سەر حوکم، من لەو کاتەوە کە هێشتا ڕادیۆی کوردستان بە گەڕ نەکەوتبوو، شیعری سروودی (پێشمەرگە)م نووسی.

شیعری (ڕەشەبا) دەربارەی کوودەتای شوومی بەعسە. لەگەڵ شۆڕشی کورد زیاتر هەستم ورووژا و کەوتمە نووسینی شیعری شۆڕشگێڕی و بە شێوازی نوێ، کە لە هۆڵ و میریهرەجانە شیعرییەکاندا دەمخوێندەوە خەڵکەکە یەکپارچە دەورووژان و دەبوو بە چەپڵەڕێزان و تینوویەتییان پێ دەشکا و پیرۆزباییان لێدەکردم. هەروەها لە پاڵ دکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵیش ڕەخنەگرانی وەک: کەمال غەمبار و دکتۆر عومەر پەتی و ئیدریس عەبدوڵڵا. هەریەک بەپێی ڕێبازی نووسینی خۆیان لێکۆڵینەوەیان دەربارەی شیعرەکانم نووسیوە و بایەخیان پێداوم.

**ڕامان:** ئەی لە سەرەتای ڕێککەوتنامەی یازدەی ئادار لە چ قۆناغێکی شیعرییدا بووی؟

**مەدحەت بێخەو:** من بڕوام بە پێشکەوتن هەیە، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوە نیم بڵێم: شیعر دەبێ لەسەریەک شێواز بمێنێتەوە. من هەر لەسەر ئەو شێوازە سەربەستە بەردەوام بووم کە شیعری (ڕەشەبا)م پێنووسی، بەڵام بابەتی شیعرەکان دەگۆڕان. قۆناغی یازدەی ئادار تەکانێکی باشی پێدام و ڕوونتر هێماکانم دەنووسی و بەرەو نوێخوازی دەڕۆیشتم، هەڵبەتە نوێخوازییەک کە خۆم بڕوام پێ هەبوو، لەم بوارە زیاتر ئامانجم دەپێکا، ناوەڕۆکیش لای من تا ئێستا گەورەترین ئامانجە. هەر لەو سەردەمەدا خۆم لە کۆت و بەندی کێش و سەروا ڕزگار کرد. ئەوساش و ئێستاش بڕوام بە پەخشانە شیعر هەیە، چونکە ڕوونتر دەتواندرێ ئامانج بپێکێ.

**ڕامان:** بەر لە ناوەڕاستی شەستەکان کۆمەڵێک شاعیر لە هەولێر سەریان هەڵدا وەک: (جەمیل ڕەنجبەر، عەبدوڵڵا پەشێو، مەحموود زامدار، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش، مەجید هێرش) و تاد، ئایا تۆ بووی بە ڕۆشناییەک کە ئەوان لە هونەری تۆ شت فێربن؟

**مەدحەت بێخەو:** ئەم پرسیارە لە ئەوان بکرێ باشترە، چونکە ئەوان ئەم ڕاستییە ناشارنەوە، من کۆمەڵێک شیعری دڵداریم نووسی و هەندێکیان کران بە گۆرانی (سەعدوڵڵا پەرۆش) لەبەری کردبوون و هەمیشە دەیگۆتنەوە. (عەبدوڵڵا پەشێو) پێش بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی پیشانی دەدام، وەک خۆی چەند جارێ باسی ئەم ڕاستییەی کردووە. (مەحموود زامدار)یش لە سەرەتای شەستەکانەوە دەهاتە لام و لە بارەی



**لە ڕاستەوە: کەریم شارەزا، پیرباڵ مەحموود، مەدحەت بێخەو، حەمەکەریم هەورامی، عومەر ساقی.**
**١١ی ئاداری ١٩٧١ - هەولێر**

شیعرەکانی خۆی ڕای وەردەگرتم. بەپێی تێگەیشتنی خۆم بۆ شیعر ڕێنمایی زۆریانم کردووە. ڕەونەقێکم لە بەکارهێنانی زمان هێنایە کایەوە کە نەوەی دوای خۆم سوودیان لەو شەفافیەتەی زمانم وەرگرت.

**ڕامان:** بۆ شیعری لیریک، لەلای تۆ دواکەوت، کەچی شیعری چینایەتی و شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی زووتر سەری هەڵدا؟

**مەدحەت بێخەو:** ئەمەیان لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە بوو، پێوەندی بە خودی خۆمەوە بوو، هەمووی لە دەروون و ژیانی خۆم هەڵدەقوڵان. منیش وەکو هەموو کەسێک کەوتمە نێو داوی خۆشەویستی شۆخێکەوە و بەم شێوازە شیعرییەش باشتر خۆی دەنواند، لە پاشان ئەو شۆخە بووە هاوسەرم، ئێستاش هەر خۆشم دەوێ، خۆ ئەگەر لەو دنیاش بژییمەوە، ئەوە هەر داوای ئەو شۆخە دەکەمەوە، حەزیش دەکەم وەک یەکەم نیگای بۆم گەنج بێتەوە.

**ڕامان:** ئەی خاسیەتی شیعری گۆرانی چییە؟

**مەدحەت بێخەو:** هەروەکو سروود و ئۆپەرێت خاسیەتی خۆی هەیە، شیعری لیریکیش ئاوا، لەم جۆرە شیعرەدا دەبێ: پڕ بێ لە مۆسیقا و زمانەکەی سوار و ڕوون بێ و لێوان لێو بێ لە سۆز و دێڕەکانی لەسەر کێشی کورت نووسرابن.

**ڕامان:** ئەی بەرهەمی شیعری منداڵانت لە چییەوە سەری هەڵداوە؟

**مەدحەت بێخەو:** وەک هەست بە لێپرسینەوە کردن، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە دەمدی لە نێو

قوتابخانەکان شیعری پەروەردەیی و نیشتمانیی زۆر کەمە و هەر شیعرە کۆنەکانی (بێکەس و زێوەر) دەگوترانەوە، لەو هۆیەوە شیعرم بۆ منداڵان نووسی و زۆر زووش کەوتنە ناو قوتابخانەکان. ئەوەبوو ئۆپەرێتێکی من لەسەر ئاستی سەرانسەری عیراق یەکەم دەرچوو، ئۆپەرێتەکە لەژێر کاریگەریی (بت و بتەوانی) مامۆستا گۆران بوو. لە ئەنجامی ئەو دەسکەوتە بڕیار درا بینایەی (چالاکی قوتابخانەکان) لە هەولێر دروست بکرێ تا چالاکی لەناویدا ئەنجام بدرێ. ئەو لەو ساڵانەوەش هەموو ئەو ئۆپەرێت و سروودانەی کە بۆ منداڵان نووسیومن وەکو کتێب بەناوی (دیاری بۆ منداڵانی کوردستان) بە چاپم گەیاند.

**ڕامان:** ئەی خوێندنەوەت زیاتر لە چ بوارێکدایە؟

**مەدحەت بێخەو:** هەمەجۆرە، بەڵام بە زۆری ئەدەبییە و لە بواری شیعرەوە نزیکە، بەردەوام لە خوێندنەوەدام.

**ڕامان:** لە سەرەتاو کۆتایی حەفتاکان کۆمەڵێک دەنگی نوێ لە هەولێر بەدەرکەوتن (جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵلا، هاشم سەراج،..تاد ڕای تۆ بەرامبەریان؟

**مەدحەت بێخەو:** دەنگی تازە و بە پێزبوون و گوزارشتیان لە قۆناغەکە دەکرد، چ لە ناوەڕۆک و چ لە شێوازدا نوێ و نوێخوازبوون.

**ڕامان:** دوای ئەوانیش چەند دەنگێکی نوێتر وەک (سەباح ڕەنجدەر، قادر ئیبراهیم مینە)، چڕۆی دەرکرد، ئەی ئەمانە؟

**مەدحەت بێخەو:** قۆناغ دوای قۆناغ، نەوە دوای نەوە شیعر پێشدەکەوێ و جوانتر دەبێ. خۆ شیعر لەسەریەک شێوە و بابەت نامێنێتەوە، هەریەک لەوانەی ناویان هات کارو کۆششیان کردووە و من ڕێزیان لێدەگرم و دەیانخوێنمەوە، بەتایبەتی وەک پەخشانە شیعر چێژیان لێوەردەگرم، چونکە زیاتر قوولبوونەتەوە نێو ژیان و خودی تاکەکەسی خۆیان.

**ڕامان:** ئەی چێژ لە شیعری شاعیرە گەورەکانی هێمائامێزی وەک: (بۆدلێر، ڕامبۆ، مالارمێ، ئەپۆلۆنییێر...تاد) وەردەگری؟

**مەدحەت بێخەو:** قۆناغی ژیانی میللەتان جیاوازن، من پێش پەنجا ساڵ چێژم لەو شاعیرانە وەردەگرت، بەڵام ئێستا زیاتر چێژ لە شاعیرانی هێمائامێزی خۆمان وەردەگرم، کە گوزارشت لە ژیانی میللەتی خۆمان دەکا.

**نەک هەر من، هەموو نەوەی ئێمە کەوتنە ژێر کاریگەری گۆران و نووری شێخ سالح**

**ڕامان:** تۆ و عەبدولڕەزاق بیمار چ نزیکایەتییەک (وەک شیعر) بە یەکتانەوە دەبەستێ؟

**مەدحەت بێخەو:** من و عەبدولڕەزاق بیمار وەکو قۆناغ و بیر لێک نزیکین، زۆر شیعری جوانی هەن، لە ڕەخنەشدا دەستێکی باڵای هەیە. شیعر و نووسین و بەدوو ئاست دەبا، پێم باشتر بوو خۆی تەنیا بۆ شیعر تەرخان بکردایە، ئەوە بێگومان وەک شاعیرێکی بەتوانا و بەهرەدار ئاماژەی بۆ دەکرا.

**ڕامان:** ئەی نموونەی شیعریی وامان هەیە، تاکو وەربگێڕدرێنە سەر زمانانی میللەتان؟

**مەدحەت بێخەو:** بەڵێ: شیعری کوردی ڕووی ئەوەی هەیە پێشانی جیهان بدرێ و نموونەی سەرکەوتووشمان زۆرن. من کە خۆم لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە شیعری جیهانی دەخوێنمەوە، بۆیە دەڵێم: خۆ ئێمەی کورد لەمجۆرە شیعرانەمان زۆرن و زۆریش و بگرە سەرکەوتووتریش، بەڵام کێ هەیە شیعری ئێمە وەک شیعری جیهانی بە نەتەوەکانی تر بناسێنێ؟

**ڕامان:** ئەی (گومانی فەلسەفی) لەلای تۆدا چی دەگەیەنێ؟

**مەدحەت بێخەو:** گومانم لە فەلسەفەدا نییە. فەلسەفە زانستێکە و لەو هەموو بەرهەمی فەیلەسووفانی دنیا دەردەکەوێ و بەرهەمەکان گەواهی ئەم بۆچوونەی من دەدەن.

**ڕامان:** دەکرێ چەند دێڕە شیعرێکی کلاسیکی کە خۆت بەدڵت بێ بیخوێنیتەوە؟

**مەدحەت بێخەو:** ئەوەی ئێستا لە خەیاڵمە و زۆر لەبەر خۆم دەیڵێمەوە شیعرێکی (ئەحمەد موختار بەگی جافە) کە من کردوومە بە پێنج خشتەکی:

**ئەرێ تاکەی دژی یەکتر هەمیشە جەنگ و شەڕتانە**
**لەکاتێ دوژمنی بەدخوو، لە چوارلاوە چەپەرتانە**
**کە هارو شێتی گەنجینەی دوڕ و یاقووت و زەڕتانە**
**لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**
**هەموو تەئریخی عالەم، شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

**ڕامان:** سیمفۆنیا و گۆرانی کوردی، چێژیان



**له ڕاستەوە: مەجید هێرش، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، جەمیل ڕەنجبەر، محەمەد مەهدی جەواهیری، مەدحەت بێخەو، مستەفا ڕابەر، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی**
**١٩٧٢ - کەرکووک**

لێوەردەگری؟

**مەدحەت بێخەو:** لە سیمفۆنیای شۆپان، لە گۆرانی ڕەسەنی خۆشمان چێژ وەردەگرم بە مەرجێ نەشێوێندرابێ و ئاوازی ڕۆژئاوا و بیانی تێکەڵ نەبووبێ، چێژ لەو ئاوازانە وەردەگرم کە گوزارشت لە خەمی میللەت دەکەن و پەردەکانی ئاوازی کوردیشیان پاراستبێ. ئەو گۆرانییەی شیعر و دەنگ و ئاوازەکەی تەواوە.

**ڕامان:** ئەی تەماشای فیلمی سینەمایی دەکەی؟

**مەدحەت بێخەو:** بەڵێ: فیلم وەکو هونەرێکی بەرز و باڵا زۆر چێژی لێوەردەگرم.

**ڕامان:** ئەی بەهرەی شێوەکاریت؟

**مەدحەت بێخەو:** حەزم لە تابلۆ کێشانە و هەوڵیشم بۆ داوە. هەروەها حیکمەتی جوانەمەرگی برام تابلۆی دەکێشا و هەندێ تابلۆشی ماون (سالار)ی کوڕیشم هەم کاریکاتێریستە و هەم تابلۆکێش.

**ڕامان:** لە ڕۆمانی کوردیدا کێ دەخوێنیتەوە؟

**مەدحەت بێخەو:** (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و (شار)ی حوسێن عارف و (هەڵکشان بەرەو لووتکە)ی عەبدوڵڵا سەڕاج و (ئەژدیها)ی محەمەد موکری و (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلاڕەش و هەموو ئەوانەی گوزارشت لە باری ژیانی کۆمەڵی کورد دەکەن.

**ڕامان:** لەوپەڕی دڵخۆشیدا، گەر دڵت سەراوەڵە بوو، چ گۆرانییەک دەچڕی؟

**چەکەرەی نوێخوازی شیعری نوێی کوردی لای من سەری هەڵداوە**

**مەدحەت بێخەو:** من زۆر شەیدای گۆرانیم. زۆربەی گۆرانی کوردیم خۆش دەوێن، بەڵام گۆرانی (گیانی شیرین)ی فوئاد ئەحمەد کە شیعرەکەی هی خۆمە زۆر پێی مەست دەبم، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە باری ژیانی خۆمەوە هەیە و دەیڵێمەوە. فوئادی ڕەحمەتی بەم گۆرانییە و بە سروودی (ئێمە پێشمەرگەین) زۆر ناوبانگی دەرکرد کە ئەویش هەر شیعری منە.

**ڕامان:** با بزڤڕینەوە، ئەی چۆن سەیری گرووپی (ڕوانگە)ت دەکرد؟

**مەدحەت بێخەو:** بە مەبەستی شڵەقاندنی گۆمی مەندی شیعر، کۆمەڵێ شاعیر و چیرۆکنووس کەوتنە کۆشش بۆ نوێخوازی و بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی ئەدەبی کوردی، دوای ئەوەی بەیانەکەیان بڵاوکردەوە، لە سەرەتا وامانزانی ئەم بزاڤە تیشکێکی نوێ و سوودبەخشە، بەڵام چەند خاڵێک هەبوو لەگەڵ چۆنیەتی و واقیعی ئەدەبی کوردی نەدەگونجا، ئەویش یەکەم هۆ ئەوەبوو پشتیان بە کەلەپوور نەدەبەست و بەبیری کۆنیان دەژمارد. دووەم بۆ مەبەستی دەربڕین و شیعردانان لای ئەوان وا پەسەندبوو لەکاتی شیعر دانان، بێ پابەندبوون بە ڕەوتی گەل و هزری ڕووناک، وشەش چۆن هاتە سەر کاغەز ئاوابێ، کە ئەمەش لە ئامانجی گەل دوور دەوەستاو سوودمەند نەبوو، بەڵکو وەکو دروشمی (ئەدەب بۆ ئەدەب) وابوو، لەبەر ئەو هۆیانە زۆربەی ئەدیبانی کورد پشتگیری ئەو بانگەوازەیان نەکرد و خۆشیان پووکانەوە. من و چەندێک لە شاعیرانی کورد ئەم سەرنەکەوتنەمان لا ناخۆش بوو.

**ڕامان:** پۆستەرە شیعرت زۆر نووسیون، ئەمەیان چۆن، ئەی پۆستەرەکە خۆی؟

**مەدحەت بێخەو:** هونەری پۆستەرە شیعر، پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی هەیە، تا زۆرترین واتا لە چەند دێڕێکی کورتدا دەربڕێ و هەستی خوێنەر ببزوێنێ و چێژی لێوەرگرێ، ئەم جۆرە هونەرەش بە زۆری بە مەبەستی سیاسی و لەبارودۆخی ناهەمواردا بەکاردێ، هەروەها لە هەندێ بواری تریشدا.

**ڕامان:** ئەی پێوانەت بۆ پەخشانە شیعری ئەمڕۆی کوردی؟

**مەدحەت بێخەو:** ئەم پەخشانە شیعرییەی بەشێوەیەکی فراوان پێڕەو دەکرێ هەموو بەیەک پێوانە و ئاست نین، چ

له رووی شێواز و چ له رووی دەربڕین و هونەرییەوە، من چێژ لەو پەخشانە شیعریانە وەردەگرم کە خاوەنەکانیان ئەزموون و شارەزاییان هەیە، وەک لە پێشدا ئاماژەم بۆ هەندێکیاندا. لە بنەماکانی شیعر و مەرجە هونەرییەکان پێشێل ناکەن و ئامانجەکانیان دەپێکن. مەبەستیشم لە مەرجی هونەری ئەوەیە پەخشانە شیعرەکەیان جیاوازە لەگەڵ ئەو پەخشانە رووتەی کە ناچێتە خانەی ئەم هونەرەوە، بۆیە پێویستە هەموو پەخشانێک بەناوی شیعر بڵاونەکرێتەوە و لیژنەی شارەزا لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا هەبن. مخابن تا ئەمڕۆ پسپۆڕان و ڕەخنەگران خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە ئاڵۆزە نەداوە. ڕەخنە تا ئەمڕۆ هەر لەدواوەی شیعر دەڕوا، ئەگەر حاڵ هەروا بڕوا، لەداوڕۆژدا ئەم درێغییە لەسەر ئەدەبی کوردی گران دەوەستێ.

**ڕامان:** ئەی داستانە شیعرییەکەی (هەولێری دێرین)؟

**مەدحەت بێخەو:** وەکو ئەرکێکی پێویستی سەرشانم، دەستم کرد بە دانانی ئەم داستانە، بۆ باسکردنی پێنج هەزار ساڵەی پڕ لە ڕووداو و کارەسات کە لەلایەن (بیست و سێ) دەوڵەتی زلهێز و ستەمکار بەسەر ئەم شارە دێرینەدا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک کتێبی مێژوویی خوێندەوە بۆ دەستنیشانکردنی ناوی هەموو ئەوانەی لە هەولێر حوکمیان کردووە، لەگەڵ ماوەی حوکمەکانیان، هەروا تۆمارکردنی ناوی هەموو کەسایەتییە ناودارەکانی کۆچکردوو و سنووری شار لەسەرکردە و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و شێخ و مەلا و مامۆستا و قوتابخانە و شوێنەوار و گۆڕستان و مزگەوت و گەڕەک و قاوەخانە و خان و حەمام و تەنانەت ناوی چەند شتێکی ناوداریش. لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆریدا تا مێژووی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) هێنام و ڕاوەستام، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) و ئازادبوونی کوردستان هەموویم تەواو کرد.

**ڕامان:** گەشت و جوانی، ئەی تۆ و گەشت و جوانی؟

**مەدحەت بێخەو:** بۆ فراوانکردنی ئەندێشەی شیعر گەشتوگوزار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بە تایبەتی سروشت. من خۆم زۆر ئارەزووی گەشت دەکەم و زۆر شەیدای سروشتم. ئەم گەشتە دەبێتە هۆی شیعردانان کە مەرج نییە تەنیا هەر باسی سروشت بێ، لای هەندێ کەس دەبێتە هۆی دانانی شیعرێکی لیریکی و لای یەکێکی تر شیعری سیاسی. لەلای من ئەو جوانییە دەبێ بە گۆرانی، هەروەک بەر لە پەنجا ساڵ لە شیعرێکمدا بەناوی (جوانی و خۆشەویستی) دەڵێم:

**هەر شتێ وێنە جوان بێ، خۆشەویستی گشت کەسە**
**چاو لە بۆی بازە و دەروونیش یەک هەناسەی بۆ بەسە**
**جا ئەمەش گەر دڵبەرێ بێ، چەشنی لالە و چاو جوان**
**باخ و کانی و مێرگ و باخ، وێنەی بەدڵ، جێگە گوڵان**

**لە بەکارهێنانی زماندا ڕەوانەقم هێناوەتە کایەوە و نەوەی دوای خۆشم سوودیان لێ وەرگرتووە**

**ڕامان:** ئەی ئەزموون و یادداشت؟

**مەدحەت بێخەو:** خوا یاربێ لەم ساڵەدا هەموو شیعرە چاپکراو و چاپ نەکراوەکانم، لەگەڵ سەرگوروشتە و یادداشتەکانی ژیانم لە دەزگایەک بەچاپیان بگەیێنم.

**ڕامان:** جوانترین سەما؟

**مەدحەت بێخەو:** سەمای دووکەسی.

**ڕامان:** جوانترین کانی؟

**مەدحەت بێخەو:** کانیی (بێترمە)ی شەقڵاوە.

**ڕامان:** جوانترین بەژن و باڵا؟

**مەدحەت بێخەو:** بەژن و باڵای دایکی (سالار) کە لەکاتی گەنجێتی شەیدای بووم.

**ڕامان:** جوانترین ڕەنگ؟

**مەدحەت بێخەو:** ڕەنگەکانی ناو ئاڵای کوردستان.

**ڕامان:** جوانترین گوڵ؟

**مەدحەت بێخەو:** گوڵی نێرگز

**ڕامان:** ئەی بۆ ئەم نازناوەت هەڵبژارد؟

**مەدحەت بێخەو:** چونکە گوزارشت لە ژانی گەلەکەم دەکا، سەرباری ئەوەی نازناو بۆ شاعیر و نووسەر بەپێویست دەزانم.

**ڕامان:** ئەم ناوانە بەیەک دێڕ:

**لەتیف هەڵمەت:** شاعیرێکی تازەگەری بەتوانایە و هەناسەی شیعری پاکە.

**بەختیار عەلی:** لە شاعیرە چاکەکانی ئەمڕۆمانە.

**دڵشاد عەبدوڵڵا:** لە نوێخوازی شیعری کوردیدا، توانایەکی دیارە.

**سەباح ڕەنجدەر:** لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەمڕۆمانە و ڕۆشنبیرییەکی وردی دەربارەی شیعری نوێخوازی کوردی و قۆناغەکانی هەیە.

**ئەنوەر مەسیفی:** شاعیرێکی هێمائامێزی سەرکەوتووە.

**هاشم سەڕاج:** شاعیرێکی نوێخوازی بەهرەمەندە.
**شێرکۆ بێکەس:** لە شاعیرە زۆر بەتواناکانی کوردە.
**بیتهۆڤن:** سیمفۆنیاکانی جیهانی هێناوەتە خرۆش.
**ڕەسووڵ گەردی:** یەکەم حەیرانبێژی دەشتی هەولێر و کوردە.
**مایکڵ ئەنگیلۆ:** تا ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆری سەرسام کردووە.
**خۆت:** زامدار گیان، زیاتر لە (چل) ساڵە دەمناسی، ڕای خۆت بدە و گوێت لێ ڕادەگرم.

**ژیاننامە**

* لە ساڵی ١٩٣٤ لە شارۆچکەی مەخموور لە دایک بووە.
* لە ١٩٤١ لە هەولێر دەستی بە خوێندن کردووە، لە ١٩٤٨ لە دیبەگە قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە.
* لە هەولێر قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، لەبەر هۆی ڕامیاری شەش جاران لە بەندیخانە توند کراوە، بۆیە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات.
* لە کۆتایی چلەکان بەهرەی شیعری سەری هەڵداوە و لە سەرەتای پەنجایەکان دەستی بە شیعر بڵاو کردنەوە کردووە و بە هەرسێ جۆری خۆماڵی و عەرووزی و سەربەست.
* سەرەتا کە لە گۆڤاری (هەتاو) و (هیوا) و (پەیام) و (ژین) و (شەفەق) و شیعری بڵاوکردۆتەوە لە دواییدا لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
* ئەو بەرهەمانەی بە چاپی گەیاندوونە:
(زەنگی کاروان) ١٩٥٩ کۆشیعر (چاپخانەی لیوا) بەغداد.
(ڕابەری ژیان) ١٩٦٨ کۆشیعر (چاپخانەی شەفیق) بەغداد.
(ورشەی ئاوات) ١٩٧٣ کۆشیعر (چاپخانەی دارالجاحظ)، بەغداد،
(دار بەڕوو) ١٩٨٣ کۆشیعر (چاپخانەی دارالحریە)، بەغداد.
(ڕەگەکان) ١٩٨٧ کۆشیعر (چاپخانەی الحوادث)، بەغداد.
(دیاری بۆ منداڵانی کوردستان) ٢٠٠٣ کۆشیعر (چاپخانەی پەروەردە) هەولێر.
* لە یەکەم گۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە حوزەیرانی ١٩٧٠وە ئەندامە.
* لە یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کوردەوە لەوێ ئەندامە.
* ئەندامی مافی مرۆڤە لە ١٩٩٣وە.
* سەرۆکی بزووتنەوەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز بووە لە ١٩٩٥.
* ئەندامی فەخری کۆمەڵەی هونەری هەولێرە لە ١٩٨٥وە.
* ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئەنفالکراوەکان بووە لە ١٩٩٦.
* ئەندامی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەری (کۆمەڵەی ڕۆژ) بووە لە هەولێر.
* فەرمانبەری تەندروستی بووە لە (١٩٥٨-١٩٨٧).
* بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بووە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ١٩٩٣- ١٩٩٥.
* ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران ١٩٩٥ هەولێر.
* ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ١٩٩٦ هەولێر.
* لە ٢٠٠٠ خانەنشین بووە.
* دوو کوڕ و دوو کچی هەیە: ژیان، سالار، سەروەر، سروە.
* لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە یەکەم سروودی پێشمەرگە و مارشی ڕادیۆی کوردستان شیعری ئەوە کە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە لەکاتی شۆڕشدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە.
* بایەخێکی زۆری بە سروود و ئۆپەرێت و شیعری منداڵان داوە و لە سەرەتای شەستەکانەوە لەلایەن چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بۆ قوتابیان پێشکەش دەکرێن.
* زۆر لە شیعرە (لیریکی)یەکانی لەلایەن زۆربەی هونەرمەندانی کورد کراون بە گۆرانی.
* لە زۆربەی میهرەجانە شیعرییەکان بەشداری کردووە لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک و بەغدا.
* لە زۆر کۆڕی خۆجێی و تەلەفزیۆنی هەولێر و مووسڵ و کەرکووک و بەغدا بەشداری کردووە.
* لەو شەش ئۆپەرێتەی کە پێشکەش کراون دوانیان خەڵاتی یەکەمیان وەرگرتووە لەسەر ئاستی هەموو عیراق.

# بەرجەستەکردنی شیعر لە زیهنییەتی شاعیردا

## دیوانی تاڤگەی مەند و ئەوانی تر وەک نموونە

کەمال غەمبار

**١- ئەو شەوانەی خەوم نایێ، ١٩٧٧.**
**٢- تاڤگەی مەند، ١٩٨٧.**
**٣- چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی، ١٩٩٥.**
**٤- هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە، ٢٠٠٥.**

سەرەتا (نەژاد عەزیز سورمێ)ی شاعیر، لە پێوەندییەکی رۆحی و ویژدانیدا لەگەڵ شیعردا بەم جۆرە تەعبیر لە شیعر دەکات و دەڵێ:

**ئەی شیعر..!**
**ئەی سیلەی هەموو رۆگەکان!**
**من لە رۆژێکی رەشانگی گورەی هاوین لە دایکبووم**
**تۆ نەبای،**
**لە چزووی غەمزەیەکدا دەمردم..**
**سیلەی رۆگە و پەرستگاکان**
**داد رەسی زەمانی بەد نیهادی..**
**ئەی شیعر..! ل(٥)**

شاعیر بۆ شیعر لە دایک بووە، بۆ شیعریش دەژی، ئەگەر شیعریش نەبوایە کە هەوێنی بوون و بەردەوامی شاعیرە لەو زەمانە بەد نیهادەدا ئەوا هەستی بە مردن دەکرد.

ئەمرۆش هەروەک ئیلیەت دەڵێ: «رەخنەی دەستپاک و چێژی ناسک رووکردنە شیعرە، نەک شاعیر». ئەم بۆچوونەی شاعیر لە بۆچوونێکی رۆمانسییانە سەرچاوە دەگرێ، کە سەرەتای قۆناغی لاوییە، شاعیری رۆمانسیش بە چاوێک سەیری ژیان و واقیع دەکات کە پێچەوانەی حەز و ئارەزووەکانییەتی، کە شیعریش ئاوێنەی دەروون و هەست و نەستی شاعیربێ، دەبێ



**نەژاد عەزیز سورمێ**

بخوێنرێتەوە، ئەو چێژ و لەزەتەی لە شیعریش وەردەگرێ لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا وەرناگیرێ.

لەم ڕووەوە کۆنفۆشیۆس هەقی بوو کە ڕوو لە کوڕەکەی (لی) وەربگێڕێ کە جارێکیان لێی پرسی: **«(لی) تۆ شیعر دەخوێنیتەوە؟ کوڕەکەی وەڵامی دایەوە: نەخێر. باوکەکەی لە وەڵامی کوڕەکەیدا خەمی خوارد و پێی گوت: کوڕی خۆم ئەوەی شیعر ناخوێنێتەوە وەک ئەو کەسە وایە، ڕووی لە دیوار کردووە، هیچ نابینێ ئەو نەبێ، لەوەی لە دەوروبەریدایە، خۆشی و شادییەکانی ژیان و نازدارییەکانی سروشت و سەرچڵییەکانی هزر دەشڵەژێن، پاشان بە خەم و داخەوە ڕووی لێ وەرگێڕا» (١).**

زیاتر لەو بۆچوونەی کۆنفۆشیۆس، کە شاعیر چوار کۆ شیعر دەکاتە دیوان/ شیعر و کۆلاژ و بەناوی (تاڤگەی مەند و ئەوانی تر)، لە بەرگێکی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگ لە (٤٤٠) لاپەڕەدا چاپیان دەکات و بە وێنەی هونەرکاریی کۆلاژ شیعرەکان دەڕازێنێتەوە، زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ خودی شیعرەکانی ڕادەکێشێ.

شاعیرلە شیعری (لە پەراوێزی وڕێنەی ئاوارەیەکی شێتدا» دەڵێ:

**ئای گیانەکەم گەر ئەتزانی،**
**ئەوکاتەی پەلە هەورەکان دادەکشێن و**
**نامەی تۆم بۆ دەبارێنن..**
**چیم لێ دێت؟!**

**ئای گیانەکەم گەر ئەتزانی**
**چەندە تینووم!**
**گەر ئەتزانی،**
**خۆری چاوت لە دڵمدا**
**هەرگیز، هەرگیز ئاوا نابێ..**
**ل(١٧)**

کە شاعیر لە ئاوارەییدا بژی، هەست بەنامۆیی و نائومێدی و تەنیایی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا شاعیری ڕۆمانسی، شاعیری ئەڤین و خۆشەویستی و هەست ناسک، برووسکە هیوایەک ختووکەی دڵی دەدات، کە هێزێکی تر هەیە لەناو ئەو دڵەدا کە موعاناتی دووری و ئاوارەییەکەی سووک کات، ئەویش خۆشەویستی دلبەرە دوورەکەیە کە پەلە هەورەکان لە کاتی داکشانیاندا نامەی (سەکۆ)ی خۆشەویست دەبارێنن، ئەو حەلە دەکەوێتە بەر خەیاڵی بینینی خۆری چاوەکانی کە لە دڵە تاریک و تەنیاییەکەی هەڵدێ و ڕووناکی دەکاتەوە، ئەم جۆرە خۆرەش خۆرێکی ئەبەدییە، شیعریش بێ خۆشەویستی، شیعری تەنیایی و ساردی و سڕی مرۆڤ و نامۆ بوونییەتی.

بە هەمان شێوە لە شیعری (شەوبا)دا دەڵێ:

**شەو ڕاشکاوە و**
**کیژۆڵەیی چاو گەلاوێژ چاوەکانی ناچنە خەو..**
**شەو ڕاشکاوە و**
**کیژۆڵەیێ ئەستێرەکان، وەک پوولەکە،**
**یەک یەک دەچنێت.**
**دەکاتە سەد.. هەزار... ملیۆن..**
**شەوبایەک دێ و**
**نەرمۆڵە خەوی لێ دەخات!!**
**ل(٢٠)**

ئەم هێزە ئەفسووناوییەی کە خەو لەو کیژە چاو گەلاوێژە دەخات، کە خەو لە چاوانی زڕاوە، شەوبایە، کزەبایەکی فێنک و سازگارە لە حاڵەتێک دەربازی دەکات کە خەو بە هیچ جۆر ناچێتە چاوەکانی، کەواتە شاعیر ئەو کیژۆڵەیە لەواقیعە سروشتی و بایلۆژییەکەی دەترازێنێ و دەیخاتە بەردەم واقیعێکی ڕۆمانسییانەی سیحراوی، کە بە خەیاڵ، بە شەوبایەک، بە سروەیەکی ناسک بە نەرمی دەیخەوێنێ. لەم ڕووەوە (مالارییە)

گوتوویەتی:

**«واقیع لە گۆرانییەکانتاندا ڕەش بکەنەوە خۆی باوە و ئاسایییە، تاکە شت کە شاعیر پێویستە بیکات، کاریکات و چاوەکانی هەموو دەم بەدوای گوزارەیەک بگەڕێن: هەرگیز ڕووی نەداوە» (٢)**

لە کۆتایی هەمان کۆپلەدا حاڵەتەکە بەشێوەیەکی تر وێنا دەکات و چارەسەر دەکات و دەڵێ:

**- تۆ پێبکەنە!**
**پێکەنینت گریانی تیا هەڵدەواسرێ..**
**بزەی تێدا دەکرێ بە بووک..**
**تۆ..**
**پێ..**
**بکەنە!**
**ل(٢٢)**

پێکەنین (گریان) دەکوژێ، پێکەنین نیشانەی خۆشی و ڕووگەشییە، خۆشنوودی و کەرنەڤاڵ و شایلۆغانی زەماوەندە، پێکەنین، مژدەی ژیانی بەختەوەری و گۆڕانی حاڵەتی غەمناکییە کە دڵی تێدا دەسرەوێ و بزەی نەرمونۆڵ دەکەوێتە سەر لێوەکانیی پەریزاد.

هەرچەندە شاعیر ئەم شیعرەی لە بەغدا لە ١٥/١٢/١٩٧٥دا نووسیوە، بە دووری نازانم ماسکێک بێت بۆ ڕەوشی تایبەتی خۆی وەک بلێی لەگەڵ (ئەراگۆن)دا یەک دەگرنەوە و خۆی بە تەنیا نایەتە بەرچاو، ئەگەر خۆشەویستەکەی، یان ئەو شۆخەی وێنەی بۆ کێشاوە لێشی دووربێ لەگەڵیدا دەژێ، (ئەراگۆن) دەڵێ:

**منیش بۆ ئەو کەسانە قسە دەکەم، کە ناتوانن بخەون،**
**ئەوان بە تەنیانین مادامەکی لەوان دەچم.**
**هەروەها قسە بۆ ئەوانە دەکەم بەزەییان دێ کە بمرن،**
**بۆچی ئێوە دەڵێن من خۆپەرستم!!(٣)**

شاعیر حاڵەتێکی دەروونی و سروشتی، بە پێکەنین، بەبزە چارەسەر دەکات. خۆ ئەگەر لای (ئاراگۆن) زەردەخەنە جوان بێ لەسەر ڕوویەکی دزێو و شێوێنراویش بێ وەکو خۆی دەڵێ:

**هەرگیز شتێک نییە لە زەردەخەنە جوانتر**
**تەنانەت لەسەر ڕوویەکی شێوێنراویش!!**
**ئایا ناتەوێت جوان بی؟ ل(٤)**

ئەوا شاعیر ئەو زەردەخەنەیە ڕووەکەی پەریزاد جوانتر و ڕازاوەتر دەکات و گریان باوی نامێنێ، خەم و پەژارە دەڕەوێنەوە،، ڕەوشێکی ئەوتۆ دێتەکایەوە کە بزە دەبێتە بووک. شیعری (سەکۆ دڵەکەم) درێژبوونەوەی شیعری (لە پەراوێزی وڕێنەی ئاوارەیەکی شێتدا)یە کە تیایدا دەڵێ:

**ئێستاش گیانە**
**تاڤگەی خۆشەویستی تۆیە**
**گەردی غوربەت لە چاومدا دەسڕێتەوە!!**
**ل(٤٢)**

لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

**دووچاوی تۆن:**
**لە شەوە سارد و سڕەکانی بێ ئاگردا**
**دەبن بە کڵۆ پەنگر و**
**لە هەناوما گەش دەسووتێن..**
**گیانە**
**هەر**
**تۆی...**
**ل(٤٤)**

لە غوربەتدا چ شتێک خەمەکانی شاعیر دادەمرکێنێ، خۆشەویستی نەبێ؟! هیچ شتێک بە قەد خۆشەویستی نابێتە هیوایەکی گەش و لە دڵ و دەروونیدا چەکەرە ناکات، گرنگ لە داڕشتنی ئەم شیعرە وێڕای ئەو هەموو خەم و نامۆییەکە شاعیر پێوەیان گرفتار بووە، بەڵام بە جۆرێک هەواو کەشێکی وای بۆ خوڵقاندووە کە بچێتە دڵەوە، شێوازیش لە شیعردا گرنگیی خۆی هەیە، بەم بۆنەیەوە (پاپلۆنیرۆدا) دەڵێ: **«شێواز مرۆڤ نییە و چیتر، بەڵکو ئەوەشە کە دەورەی داوە، ئەگەر کەشەکە نەچووە ناو شیعرەکە، ئەوە شیعرەکە دەبێتە مردوو، مردوو چونکە نەیتوانی هەناسەبدات» (٥)**

**«هەر لەم ڕوانگەیەوە خۆشەویستی و سۆزی شاعیر بۆ گەلانی لێ قەوماوی جیهان، وەک شیعرێکی مرۆڤخوازی، وەک داکۆکیکردن لە حەقیقەتی دۆزێکی ئینسانی شیعرێکی داهێنەرانە دەخوڵقێنێ، نیرۆدا وتەنی: «ئاردی حەقیقەت و ڕەوانبێژی نانی شیعر دروست دەکات» (٦)**

شاعیر لە شیعری (گارنیکا)دا داهێنان دەکات،

هەرچەندە کەرەستەی شیعری سیاسی کەمن و ناگەنە ئاستی شیعری خودی، بەڵام داهێنان و ئەفراندن لەم بوارەدا بە دەگمەنن، ئاردی حەقیقەت و بوونی شێوازی ڕەوانبێژی لای شاعیر دەبنە نانی بە تاموخوێی شیعر.
شاعیر دەڵێ:

**- «نسیێ ماڵمان**
**هۆنراوە بوو..**
**(ڤیکتۆر گارا) ویستی بیکاتە گۆرانی**
**لەپڕ کەنار بوو بە ڕووبار..**
**بەفر سوور بوو پڕیشکەی ئاگری باران!!**
**گارا تۆراو،**
**دەستی وشەی شیعری منیش**
**لە گەردنی یەکتر پچڕان!!!»**
**بیکاسۆ لەکوێیی؟**
**بەژێی خەمە سوورەکانم**
**هۆنراوەیەکی بێ وشە بهۆنیەوە؟**
**نیرۆدا لەکوێی؟**
**باڵی زیندووی (سانتیاگۆ) بکەیتە بەر**
**باڕە کەوێکی بێ باڵی ئەم شاخانە..**
**ل(٤٧ و ٤٨)**

بەستنەوەی ڤیکتۆر گاراو بیکاسۆ و نیرۆدا بەیەکەوە، لە تراژیدیای گارنیکای ئیسپانی بەو دارشتنە ڕوونبێژییە (بەیان) نەک ڕەوانبێژی وەک نیرۆدا دەڵێ: هەوێنی شیعرەکەن کە تێکەڵکردنی سێ توخم و ڕەگەزی لێک نزیکن، نزیکبوونێکی ڕۆحی و ویژدانی، پێوەندییەکی توندوتۆڵی نەپچڕاو بە دەنگ و ڕیتم و ترپەی گۆرانی (ڤیکتۆر گارا) و شاکارە شێوەکارییە مەزنەکەی پیکاسۆ بە تۆناتی ڕەنگەکان و ڕیتم و ترپە و لێدانی هارمۆنییەتی نێوان ڕەگەزە باڵا هونەر کارییە پڕ داهێنانەکانی، بە شیعری بەرزی شاعیرییەتی گەورەی جیهانی، کە شیعر ڕەنگدانەوەی حەقیقەت و ژیانە، پڕ لە ڕیتم و وێنە و بیناسازییەکەی.
پۆل ڤالێری جوانی بۆ چووە کە دەڵێ: **«شیعر سەمایە و پەخشانیش ڕۆیشتنە». (٧)**

نەژادی شاعیری نوێخواز هونەرمەندانە وشەکانی بەکارهێناوە، بەرگی ڕوونبێژی لەبەر بونەوەرەکان کردووە، کەسایەتیی مرۆڤی بە شاخ و ڕووبار و بەفر و باران، لاملە کێو و سێبەری هەوار، سێبەری مێژوو، کێڵگەی یاخی داوە، دارشتنی ئەو جۆرە پەیڤانە بەو شێوازە درکەییە، هێز و پێزی شاعیرییەتی نەژادە، دژایەتیی خۆی بەرامبەر کوردەتا خوێناوییەکەی بینۆشی فاشی ڕادەگەیەنێ، هەروەکو (مالارمیە) دەڵێ: **«شیعر لە بیروباوەڕ پێکنایە، بەڵکو لە وشە»** شاعیر وشە لە حەقیقەت و سروشتی خۆی دادەماڵێ، بەرگێکی ڕوونبێژی دەکاتە بەر، کە تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر و هەڵوێستی بکات، کە داکۆکی لە خەباتگێڕانی چیلی دەکات، لە ڕێگەی شاکارەکەی (گارنیگا)وە. پێویستە لەسەر شاعیریش هەروەکو نیرۆدا دەڵێ: **«شوێنێک بۆ خۆی لە شەقام و لە نەبەردا، هەروەک لە ڕووناکی و سێبەردا بگرێ»** (٨)
لە شیعری «ئەو ئەستێرەی لە دڵمدا ئاوانابێ» نەژاد دەڵێ:

**ئەستێرەیەک وەک گەوهەر**
**ورشە ئەدا..**
**ئەستێرەیە و، گەلێ جار لێم زیز دەبێ و**
**وەکو مناڵ، دوای گریان.**
**خامۆش، خامۆش دەچێتە خەو..**
**هیچ ئاسمانێ نایگرێتە خۆی!!**

دەبێ ئەو ئەستێرەیە «سەکۆی دڵەکە»ی شاعیر نەبێ کە چاوەکانی خۆری ئاوانەبوو بوون، ئێستانە بووبنە ئەستێرەیەک، کە ئاسمانی شاعیر نەبێ، هیچ ئاسمانێک نایگرێتە خۆی؟! یان کە شاعیر لە ئاوارەییدا دەژی، وەک ئەستێرە، هەمموو دەم دەدرەوشێتەوە و ئاوارەیی بە تەنیایی و نامۆیی تاسەر ئێسقانی هاتوون، ناکرێ هەتا هەتا هەر بدرەوشێتەوە، هەر دەبێ خامۆش بێ، بەڵام لە چ ئاسمانێکدا، لە چ کۆش و باوەشێکی گەرموگوڕا لەناو چ دڵێکی بەسۆز و میهرەباندا، کە لەو ئاوارەییە شوومەدا شەوو ڕۆژ ئۆقرە ناگرێ؟!!
لە شیعری (ئەو وشانەی لە ئامێزی خۆشەویستین»دا دەڵێ:

**وشەکانم**
**گریانێکن لە گەرووی منالەکانا**
**وێڵن بۆ قاقای پێکەنین** ل(٦٨)

هەڵبەت گریان لە گەرووی مندالە بێ گەردەکان، ئەو

مندالانەی کە مانای پەستی و بێزاری نازانن، هەردەم ئەگەر هەست بە برسیەتی و ئازار نەکەن، مانای گریان نازانن، لە قاقای پێکەنین دەدەن، ئەم وشانە خەم خواردنن، وێڵ و عەودالی پێکەنین، لە خۆشی و ئاسوودەیی منداڵ دەگەڕێن.

لەو کۆ شیعرەی کە بەناوی «ئەو شەوانەی خەوم نایێ»یە کە سالی ١٩٧٧ چاپکراوە، (سەکۆ)ی خۆشەویستی شاعیر پانتاییەکی زۆر بەخۆ دەگرێ، شاعیر لەو سەردەمە عیشقە پاکەی خۆی دەدوێ، لە دەروونەوە تەعبیری لێ دەکات، ڕۆمانسیانە بیر دەکاتەوە، وێنەکان دادەڕێژێ، هەرچەندە بەلامەوە باشتر بوو بەپێی ڕەوتی زەمەنی زنجیرە بەندکران بان، ئەو حەلە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگریش خۆشتر و ساناتربوو، کە بەراوردی بەرەو پێشەوەچوونی شاعیر بەپێی هەنگاوی سالانە بکات، بەلام وەکو سەرەتا و یەکەم بەرهەمی شاعیر، دەکرێ بلێین کە (نەژاد عەزیز سورمێ) بۆ شیعر لە دایک بووە، لەگەڵ شیعری ڕەسەنیشدا مامەڵە دەکات و دەزانێ چۆن هەنگاوەکانی شیعر هەڵبگرێت.

(تاڤگەی مەند) دووەمین کۆ شیعری شاعیرە کە سالی (١٩٨٧) بە چاپی گەیاندووە. لە شیعری (پشکۆ باران)دا دەڵێ:

**تۆ بۆنی خاک مەستی کردووی**
**چراخانیت..**
**لە دڵی هەموو ژوورێکدای**
**خۆت بە بنمیچی نرکەی شەو هەڵواسیوە**
**دەباریتە گۆشەی دڵی کچانەوە..**
**ستران دەچڕی**
**دەنگ هەڵدەبڕی:**
**«بەلام ئێمە**
**ئێمە سەوداسەری خۆرین**
**ناتوانین کە لەو دیوار ئارام بگرین.»**
**– ئەوە تۆی ڕووت لە تاریکی کردووە؟**
**– پشتی تێ کەم؟**
**– ئەی تۆ نالێی ژیان لە کەنار وەرس بوونە..**
**ل(٩٨، ١٠٠، ١٠٥)**

بەرجەستەکردنی دوو ڕێباز (دوورە پەرێزی و چوونە ناو جەرگەی دۆزە حەقیقەتەکە)، وەرگرتنی دوو هەڵوێستی ناکۆکە، پێوەندیی قووڵ بە خاک و نیشتمان، بە ئازادی و سەرفرازی و لێکترازان و ژیان لە کەنار و ژیان بەسەربردن لە باوەشی ئافرەتدا، لە تاریکیدایە، شاعیری دڵدارو شەیدا و سەوداسەری خۆرەکە و ئازادییە، ناتوانێ لە تاریکیدا ئارام بگرێ وەکو نیرۆدا دەڵێ: **«ئا ئەوا من بە ڕێگاوەم بەرەو ئازادی، ساتێک لە نزیک (تیمۆکۆ)دا دادەبەزم گوێ لەو ئاوە دەگرم کە منی فێرە ستران کرد»**. (٩)

شاعیر لە هەمان شیعردا دەڵێ:

**پەپوولەکان دەم دەنێتە، دەمی ئاگر،**
**کێ زات دەکا خۆر ماچ بکا؟**
**تۆ حەز لە تیشکی خۆر دەکەی**
**خۆشت دەوێ؟**
**هەڵدێرە نوتەکانی ڕێگات دیوە؟**
**تا ئێستا بۆت هاتۆتە ژوان؟**
**ماچیت کردووە؟**
**تۆ دەتوانی یاری بە قژەکەی بکەی؟**
**ل(١٠١)**

شاعیر لێرەدا لە سۆزی دڵ دووردەکەوێتەوە، لە ڕوانگەی عەقڵ و لۆژیکەوە سەیری دیاردەکانی ژیان و حەقیقەتەکان و بوونەوەرەکان و ڕەگەزەکانی سروشت و ژیانی ڕاستەقینە دەکات. پەپوولەکان، ئاگر، ماچکردنی خۆر، هەڵدێرە نوتەکان. کە دەلالەتن و مەدلوول دەگەیەنن بۆ نموونە پەپوولەکان دالی دڵدارین و ئاگر مەدلوولی ئەڤین و عیشقە، ماچکردن (واتە مرۆڤ) (دال، خۆر) واتە ئازادی (مەدلوول). کۆلریدج دەڵێ: **«تێڕوانینی شاعیر بۆ حەقیقەت لە دایکبوونی ئەنجامی تێکەڵبوونی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ، یان یەکێتی نێوان دڵ و عەقڵەکەیەتی و نێوان دیاردە گەورەکانی ژیانە، شاعیر لە ساتی جیهانبینیدا لە سروشتی هەستپێکراودا چەند ڕەمزێک بۆ ژیانی ناوەوەی دەدۆزێتەوە»** (١٠)

دانانی شاعیر بەرامبەرەکەی و بەرجەستەکردنی لە چوارچێوەی سۆز و عەقڵدا، دڵ و مێشکدا، ڕووتکردنەوەیەتی، کە ئەو بەرامبەرە ناکۆکە هەر چەندە بە قسەی دەهێنێ و پرسیاری زۆری لێ دەکا، بەلام بە تەواوەتی وەلامی پرسیارەکان ناداتەوە، لە ئەنجامدا هەر لۆژیکی عەقلانییەت سەردەکەوێ و سۆزی دڵ و خۆپەرستی و ژیان لە تاریکی و دوور لەگەڵ و نیشتماندا

پووچەڵ دەبێتەوە، ئاکامەکەی دایەلۆگەکە بەو شێوە دەشکێتەوە کە لەکۆتایی شیعرەکەدا هاتووە، لێرەدا شاعیر ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینی: **«مرۆڤیش دەچێتە ناو ژیانی خەڵکی دی بە شێوازێکی نزیکتر لە مۆرکی ڕاستەوخۆ لەتوانابوونی بۆچوونە ناو سروشت، چونکە ئاشنای بیروباوەڕو هەستەوەرە تایبەتییەکانی خۆی دەکات و فێردەبێ چۆن وابکات بیرو باوەڕە هەستەوەرییەکانیان، ئینتیمایان بۆ ئەو هەبێ، کە لەناوخۆیدا، خودێکی قوولتر دەبینێتەوە کە هەموو سیمایەکانی ئینسانی هەیە»(١١)**

توانەوە شیعری سووتانی عیشقە لەپێناو نەمری و جاویدانیدا، عیشقی حەقیقەت، عیشقی پرشنگی خۆر، خۆشی و لەزەت بینین لە بە عاشیقی مردن. بەستنەوەی توانەوەی بەفر بە هاتنی بەهار و نەورۆز، مەرگە لە پێناو ژیانێکی هەمیشە زیندوودا. شاعیر دەڵێ:

**بەفر ئەتوێتەوە (بەهار) دێنێ**
**تۆش سۆز دەکەی**
**ئەوە نییە بەرگ...ی نیوەڕۆی هاوینت**
**لەبەر سەری شەوانی زستان کردووە؟**
**ئەوە نییە دەسووتێی و بەهاردێنی و**
**نەورۆز دێنی**
**ل(١١٠)**

بەستنەوەی موعاناتی عیشقی مرۆڤ و مردنی لەپێناو خۆشەویستیدا بە مەرگی بەفر و بەدوادااهاتنی بەهار و نەورۆز، بەستنەوەی نێوان مرۆڤ و سروشتە. مردنیش **«لە چەمکی فەلسەفەی ئیغریقی مانای کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو بەردەوامبوونییەتی، لە وێنەیەک لەوێنەکان، واتە مردوو لە بوونی یەکەمدا جیادەبێتەوە و دانابڕێ، بەڵام دوای مەرگی دەژێ لە حاڵەتێکدا کە هێزی ژیان کەم دەبێ و ژیان دەست پێدەکات و کاتی سێبەر لەگەڵ جەستەدا یەک دەگرێ، پاشان لە هەمان کاتدا، شتێکی سێیەم لەگەڵیاندا یەک دەگرێ کە گەلانی (پانتۆ) پێی دەڵێن هێزی ڕۆحی، ئەویش ئەو هێزەیە کە بە کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی نامرێ، بەڵکو دەمێنێتەوە و نامرێ»(١٢)**

کە عیشق هەرگیز دوایی نایە و سووتانیشی بەدواوە بێ، نەمری و جاویدانی دەنوێنێ، مادامەکی سووتانەکە بۆ گەیشتنە بە حەقیقەت. ئەوتا شاعیر دەڵێ:

**تۆ دەزانی (عەشق) هەرگیز دوایی نایێ**
**بۆیە ئاوا پرشنگی خۆر دەکەیتە (ڕێ) و**
**بەرەو لووتکە ملت ناوە..**
**دەزانی هەزاران خونچە**
**سەریان ناوەتە باوەشی خەمەکانت.**
**ل(١٠٧)**

دەرکەوتن و سەردەرهێنانی خونچە ڕەمز و نیشانەی نوێبوونەوەی ژیانە، زیندووبوونەوەی دوای مەرگی سروشتە، سووتانی عیشق پێشوازیکردنە لە ژیانێکی نوێ، لە بەهار و نەورۆز، لە بەزاندنی زستانی وەیشوومە و ساردی و بەفر و بەستەڵەک، توانەوەی بەفر و توانەوەی مرۆڤ، ئەو دوو پێوەندییە توندو تۆڵەی بەستنەوەی ژیانی مرۆڤە بە سروشت، هەردووکیان لە یەک بۆتەدا دەتوێنەوە، لە پێناو هێنانەدی شتێکی نوێ، لە دایکبوونێکی نوێی مرۆڤ، زیندووبوونەوە و لە دایکبوونێکی نوێی سروشتە.. هەردووکیان کە دەتوێنەوە لە پێناو هێنانەدی شتێکی پیرۆزە، توانەوەی هەر یەکێکیان دەبێتە ڕۆحێک لە بوونەوەرە نوێیەکەدا بەرجەستە دەبێ، توانەوەی مرۆڤ لە باوەشی ئازادی، توانەوەی بەفر لە باوەشی بەهار و نەورۆزدا، وەک پرۆسێسێکی فیزیاوی کە مادە نافەوتێ، بەڵام لە گۆڕانیدا خاسییەتەکانی پێشوو لە دەست دەدات و لە حاڵەتی بوونەوەرێکی تردا خۆی دەنوێنێ.

لە شیعری (دەربەند)دا دەڵێ:

**ئەو ئێوارەی،**
**تارایێکی وەنەوشەییت پۆشیبوو**
**خۆت خستە باوەشی دڵم..**
**نەمزانی ڕۆژێ تەمێکی وەنەوشەیی**
**بەر ڕوونایی چاوم دەگرێ و کوێر دەبم!**
**من نەمزانی**
**چاوی مەند و**
**باڵای مەند و**
**لەنجەی مەندیش**
**وەکو ئاوی مەند مۆتەکەن..**
**ل(١٢٦)**

ژیان، سروشت دیاردویەکی وەستاو و مەندنین، هەردەم

له بزاڤ و جووڵانەوەن، هەرچەندە جووڵانی سروشت وەک دیاردەیەک جـووڵانێکی ڕێژەییـە، بەڵام جـووڵانـی ژیان ڕەهایە، ڕەنگیش لای شاعیر پێچەوانەی دەروونیی خۆی هەیە، ڕەنگی وەنەوشـەیی لای شـاعـیـری هونەرمـەند (نەژاد)، ڕەنگێکی دڵگوشی خەماوییە، بە پێچەوانەی ڕەنگە کراوە و دڵبزوێنەکانی دی، هەروەها شتی مەند و لێڵ و تەماوی جوانی کوژن، بۆیە شاعیر بە چاوی شووم، ڕەشبین سەیری چاوی مەند، باڵای مەند، لەنجەی مەند، ئاوی مـەند دەکـات، پۆشینی تاراپەکی وەنەوشـەیی، کـە ڕەنگێک مـەیلەو ڕەشـە و بە تاریکی خـۆی دەنوێنێ، تەمێکی چڕ دەخاتە سەرچاوی شاعیر و بەری ڕووناکی لێ دەگرێ، شوومی و بە دوومی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە مـایەی ترس و گـومـان و نیـگەرانی بێ، چونکە هەمـوو شتێکی مەند کە حەقیقەتی ناوەوەی دەشارێتەوە، مایەی پشت پێ بەستن نییـە، دیوی دەرەوەی لە دیوی ناوەوەی ناکات (پیرەمێرد)ی شاعیریش لە ڕوانگەی قسەیەکی پێشیناندا دەڵێ:

**ئاوەمند پیاوەمندبێ لێیان بترسە**
**لچ شۆڕ پەریش بی هەر ئێسکی قورسە.**

شـاعـیـر لەو کـۆپلە شـیـعـرەیدا، دەیەوێ دەروونی دەربەندەکە بخوێنێتـەوە، کـە لەژێر تاری وەنەوشـەیی و تەمـێکی چڕوپڕ حـەشـار دراوە، ئەو وەکـو (ڤـان کـۆخ) هونەرمەندی جیهانی کە گەرەکی بوو **«خـودی خـۆر وێنە بکێـشێ نەک تیـشکەکـانی»**، شاعیریش هەر بەم جۆرە دەیەوێت، دەربەندەکـە، دەربەندەکـەی پێـشـوو بێ کـە بەکامی دڵ هۆگری بوو، بێ ئەوەی بزانی بۆ گۆڕاو تارای وەنەوشـەیی پۆشی؟! لە شـیـعـری (ئەم زریانە شـێـتـە)دا دەڵێ:

**هیچم ناوێ**
**دڵەکەم لە ئامێزی شەیدا هیچم ناوێ**
**تەنیا وەرە**
**بۆم ببە بەخۆری شیعرێ و**
**لەگەڵ گەردی بەیانییەک**
**تەزووی ئۆخەم بۆ بهێنە،**
**ئەم جیهانە بێ گۆرانی ئەستەمە**
**گیانە دەرە ئاوازێ بۆ زامەکانم دانێ..**
**ل(١٦٥)**

شاعیر لە خەڵوەتی شیعردا شەیدای خۆشەویستی و جوانییە، هیچ داخوازییەک لە دلبەرەکەی ناکات کە خۆی خسـتۆتە ئـامێزی عـیشق، ئەوەندە نەبێ کە بۆی ببێ بە خـۆری ئەڤین، بە ئاوازێ، بە گـۆرانییـەک کـە ڕووناکی خۆری شیعر بێ، بە ئاوازێکی ناسک و بە جۆش، ببێ بە گۆرانییەکی بەسۆز، ستەم و تاریکە، خۆری شیعرێ کە تێکەڵی ئاواز و گۆرانی دەبێ، ئازارەکـانی شاعـیر کـەم نەکەنەوە و کەرنەفاڵی سازنەکەن و خەمـەکانی شاعـیر لەبیـر نەبەنەوە، دڵە تاریکەکـەی شـاعـیـر ڕەوشـەن نەکەنەوە، ڕۆحێکی میتۆلۆژی پێ نەبەخشن.

لە هۆنراوەی «سنیل لایڤ»دا ئەم کـــۆپلە بێ ناوە هەڵدەبژێرین کە تیایدا شاعیر دەڵێ:

**تەرمێک لەسەردەم کەوتووە**
**چرایەک کوژاوەتەوە**
**درەختێک بەلادا کەوتووە**
**زەوی و ئاسمان لە یەک نزیکبوونەتەوە.**
**بارانی سوور دای کردووە.**
**ل(١٨٨)**

تەرم، چرای خـــامـــۆش، درەخـــتـی بەلادا چوو، نزیکبـوونەوەی زەوی و ئاسـمـان، بە بارانـی سـوور، ئەم بوونەوەرانە، هەمـوویان لە بزاڤ وەسـتـاون، کپ و بێ دەنگن، گرنگ لێرەدا کۆکردنەوەیانە لە بۆتەی شیـعـردا، دەربڕینی زمـانی شیـعـرییە، کە دەبنە نیشـانە و هێـما و ڕەمز و تەعـبـیـر لە لێـڵـی و تەمـاوی و نادیاری دەکـەن، ئەودیوی ژیان و واقیع پێچەوانە دەکەنەوە، **«زمـــانیـش ژیانێکی ترە کە هێزەکانی واقیعی ئێستاتیکا بۆ ئاستی نموونە دەگـوێزرێتـەوە و تیـایدا دەبێتـە نیـشـانە و ڕەمـزی مـاوو لەگەڵ نهێنییـەکـانی ژیانی شاردراوە و تەمـاوی هاو ئاواز دەبن و هەوڵ دەدا دەریانبخا و قـووڵاییە دوورەکـانی بدۆزێتــەوە، دۆزینەوە و ئاشکراکـردنی قـووڵایـی دوور بەخـودی خۆی گـرتنی دووری لووت بـەرزە و هەردووکـیـان دوو ڕووی تاکە دراوێکی جوانین» (١٣).**

لە کۆپلەی هەمان شیعردا تەعبیر لە نهێنی و سەیر و سەمەرەکان دەکا، کەشتی ئاسایی و واقیعی و تەقلیدی نین کـە خـوێنەر دەخـەنە بەردەم پرسـیـارەوە، ئەوەتا لە کۆپلەی (دیوارەکان)دا دەڵێ:

**دیوارێ.. دوو دیوار.. دە دیوار.**
**چیمەنتۆ بەندەکان ڕووخان**
**تەنیا دیواری قوڕ ماوە**

نەڕووخاوە
ل(١٨٢)

ڕووە و حەقیقەتەکان هەمووی...
ل(٢٠٢)

تەعبیرکردن لە ناکۆکییەکان، لە شتە چاوەڕوان نەکراوەکان، بەزمانی درکە، هێزێکی دینامیکی بە شیعر دەبەخشێ، مرۆڤ دەخاتە بەردەم بیرکردنەوە و سەرسوڕمان لە تێگەیشتنی نهێنییەکان، وەک دەقێکی کراوەش چەند شیکردنەوەیەک دەگرێتە خۆ کە خۆی بە خوێنەر بناسێنێ و بەپێی تێگەیشتنی شتە سەرسورهێنەرەکان ڕاڤە بکات، کە لێرەدا شیکردنەوەیان بۆ خوێنەر جێ دێڵم تێبینیم لەسەر ئەم کۆمەڵە شیعرەی دووەم ئەوەیە کە بەپێی دانانی شیعرەکان ڕیز بەند نەکراون، من لەگەڵ ڕیزبەندی دام، هەرچەندە شاعیر وەک خۆی لە کۆتایی دیوانەکەیدا دەڵێ کە پێوەندی بە دەرهێنانی هونەرییەوە هەیە.

کۆ شیعری سێیەم بەناوی (چەند کۆتەڵەیەکی جەنازەیی)ە ساڵی ١٩٩٥ چاپکراوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە پێشکەش بە ڕۆحی بەفرینی دایکی دەکات کە قوربانییەکی وردە دیکتاتۆر و ستەمکار و داخ لە دڵانە.

لە شیعری (وڵاتی ناو دەنکە هەنار)دا دەڵێ:

**ئەوە وڵاتی من نییە وەرز بازیی**
**وێنەی تنۆکە ئارەقێک**
**بەلاجانگی دێتە خوارێ..**
**ئەوە وڵاتی من نییە.**
**چۆلەکە لەبەر خۆریا مەلە بکەن و**
**بارانی لێ نەبارێ..**
**ل(١٩٧)**

شاعیر هەست بە نامۆیی دەکات، لە وڵاتێکدا دەژی دوورە لە حەزوو و ئارەزووەکانی، ئەو وڵاتە بە وڵاتی خۆی نازانی، بە تایبەتی کە لە کەسی قسەکەرەوە دەبێتە کەسی دووەم و لەگەڵیدا دەئاخافتی و پێی دەڵێ:

**لە ئەشکەوتی سڕ و بێ ئاوێزان**
**لە چاوی هاوڕێکەت بەدەر**
**یاوەرێکی دیکەت نەبوو..**
**تۆ هەر ڕووە و بناوان کشای..**
**هەبوو هەر زوو چیرۆکەکەی دوا پێ هێنا**
**تۆ هەر ڕووەو بناوان کشای.**
**ڕووە و شکۆی گوڵڕەنگی ژیان.**

شاعیر هەر تەنیا تەعبیر لە نامۆیی و ئاوارەیی خۆی ناکات، بەڵکو نامۆبوون و ئاوارەیی و تەنیایی ئەوکەسەش بەرجەستە دەکات کە تەنیا لە چاوی هاوڕێیەکەی بەدەر لەو ڕێگە سەخت و دژوارەی بەرەو لووتکە هەڵکشان یاوەرێکی تری نییە (دوور نییە ئەم هاوڕێیە خودی شاعیر بێ)، ئەوە لە کاتێکا هەموو لەگەڵ کاروانە پیرۆز کە دابوون، بەڵام هەر زوو کۆڵیان دا و ڕێگەی خەباتیان بەردا، بۆیە کەسی دووەم دەبێتە ڕەمز و سونبولی شکۆی گوڵڕەنگی ژیان و هەموو حەقیقەتەکان. ئەم وێنەکێشانە بەرجەستەکردنی خەباتگێڕێکی نموونەییە کە لە وڵاتێکدا دەژی شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە، هەست بە نامۆیی دەکات و ڕێگەی تەنیا دەگرێتە بەر، کە بەرەو لووتکەی شکۆمەندی دەبات، مەنسووری حەللاج ڕاستی بۆچوونەکە دەڵێ: **«ئەگەر حەق کۆنترۆڵی دڵێکی کرد لە وەکەی تر بەتاڵی دەکات»**.. کەواتە لێرەدا خۆشەویستی حەق و حەقیقەت وای کردووە، کە ئەوەی ئەو ڕێگە پیرۆزە بگرێت، با بە تەنیاش بێ هەر خۆی نوێنەری هەموو حەقیقەتەکانە، (نازم حیکمەت) وتەنی:

**«تاریکایی هەموو دونیا ناتوانێ مۆمێک بکوژێنێتەوە»**

لێرەدا شاعیر بە گەرموگوڕییەوە وەدەنگ بەرپرسیی مێژوویی دێ، بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕانە بە شیعرەکە بدات کە موعانات و ئەزموون و گەمارۆدانی ڕۆحی و دەروونی لە سەری سەپێنراوە، خۆی لەناو ئەزموونەکەدا دەژی و بە هەستێکی ناسک و هۆشمەندییەکەی کراوەی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ سەردەم و واقیعی کۆمەڵگە دەکات، لە قاوغی زیهنییەتی ڕۆمانسییانە و ڕەهەندی تەسکی خودپەرستی دەردەچێ و جیهانێکی بەرەو ئازادی و سەرفرازی دەگرێتە باوەش.

لە شیعری (پەراوێز) لە بەشی دووەمیدا شاعیر دەڵێ:

**تا لێی بڕا سەمای بۆ تارماییەکان کرد**
**تا تێی دابوو، بانگی ڕاهێشت.**
**چۆلەکەیش بە قسە هاتن.**
**تا تێی دابوو.** ل(٢٢٧)

سەماکردن بۆ تارماییەکان، دوورکەوتنەوەیە لە خودی

حەقیقەتەکان و بەدواکەوتنی وەهمەکانە و خۆ ونکردن و هەوڵی بێ هوودەیە و ئاسنی سارد کوتانەوەیە. تا ڕادەیێ نەک مرۆڤ بە ئاگا هێنا لەبەردەوامی و سووربوونی لەسەر بابگەهێشتەکە، بەڵکو چۆلەکەش وە ئاگا هاتن، چۆلەکەش هێمای ئاشکرابوون و ڕووناکی و ئازادییە کە لەگەڵ گەردی بەیاندا دەردەکەون، ڕووناکی دەجریوێنن، بەدوای حەقیقەت عەوداڵن کە لەتیشکی خۆردا بەرجەستە دەبێ نەک لەدواکەوتنی تارمایی و سەماکردن بۆ شتی ناڕوون و نادیار، لەم کۆپلەیەدا زیاتر سامناکی شەو بەرجەستە دەبێ کە درەخت ڕووت دەبێتەوە و گەڵاکان دەوەرن، پاساری ئەو داڵدە و پەناگەی نامێنێ کە خۆی تێدا حەشار بدات، تەنانەت شەویشی لێ دەکرێتە ڕۆژ، هانا و هاوار بۆ کوێ بەرێ، لە کوێ ئارام بگرێ، مەگەر ئەم حاڵەتە سەرە مەرگی ناخ نەبێ، بۆیە شاعیر مافی خۆیەتی بڵێ: پەنای چی و هانای چی؟ ئەوەتا دەڵێ:

**پاساری گەڵایان هەڵوەری**
**درەخت پەڕ کران**
**شەو چرای ڕۆژتە، پەنای چی؟**
**گیانەلای ناختە، هانای چی؟!**
**ل(٢٢٨)**

ئەم جۆرە وێنەکێشانە ماسکێکە بۆ مرۆڤی کورد کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی فاشی تووشی چ کارەسات و سەرگەردانی و کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی بوو.. هەڵوەرینی گەڵای چۆلەکەکان و پەڕکردنی درەختەکان ئەو ڕووداوە تراژیدییانەمان دەهێننەوە بەرچاو کە مرۆڤی کورد چی بەسەرهێنرا، چۆن دارودرەختیشی لێ سووتێنرا، لانە و شوێنی حەوانەوەشی وێران کرا، گەڵا هەڵوەرینی پاسارەکان و پەڕکردنی درەختەکان بەکارهێنانی شێوازی درکەیە لە قالبی خواستی شاردراوە. ئەم جۆرە شێوازەش لە دەقی شیعریدا داهێنان و ئەفراندنی ڕووبنێژییە کە لەژێر پێستی وشەکاندا هێزێکی دینامیکی حەشاردراوە کە ڕۆحی سروشت بە باڵندە دەبەخشێ و ڕۆحی باڵندەش بە سروشت.

لە شیعری (خەرەندی گوێیەکان)دا شاعیر دەڵێ:

**هاوڕێ**
**ئەوەتا ڕۆژگار بووە بە گلۆڵەیەک تێل دڕ**
**لەگەڵ ئەوەشدا کۆترەکان دوای دەکەون!**
**لە چەند تنۆکە خوێنێکی پەرش و بڵاو بەدەر**
**بەدوای خۆیان جێناهێڵن..**
**ل(٢٣٧)**

هەرچەندە ڕۆژگار بۆتە بەندیخانەیەکی تەلبەندی دڕ، بەڵام هێشتا ڕۆحی یاخیبوون و بەگژدا هاتنی شەوگار و ڕۆژگاری ڕەش بەردەوامە و کۆترەکان کە ڕەمزی ئاشتی و ئازادی و پاکیی بێ گەردن، دەبێ خۆ لەو گلۆڵە تێل دڕە بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش قوربانی بدەن، باجی ئەم قوربانییەش چەند تنۆکە خوێنێکی پرش و بڵاوە کە بەدوای خۆیاندا بە جێی دێڵن، ئەم بەگژداچوونە ماسکێکە کە تەعبیر لە هەستی مرۆڤی کورد دەکات بە ڕەوشکاندنی سنوور و تەڵبەندەکان، شاعیریش هۆشمەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی شۆڕشگێڕانەی تەواوی هەیە کە تا سەر ئێسقان گەلەکەی گەمارۆدراوە و هەست بە قەیرانێکی سیاسی دەکات کە هەموو هەستەکانی تری دەستنیشان دەکات، لە ئاوارەیی و تێشکانی دەروونی و نائومێدی و ژینی سەخت و دژواری میللەتەکەی کۆتر دەکاتە ڕەمزی بەرگری و یاخیبوون، کۆترەکان ماسکی مرۆڤی کوردن لە یاخیبوون و شۆڕشکردن، ئەم هەڵبژاردنەی کۆتر و کردنی بە ماسک و دەمامکی ڕۆڵەکانی کورد، تەقاندنەوەی شیعرە، کە زیاتر لە دەنگی قسەکەر بەرجەستە دەبێ کە حەقیقەتی ئەو یاخیبوون و شۆڕشکردنە بەرجەستە دەکات و داهێنانی تێدا دەکات و دەمامکەکە لە ڕووی کەسی دووەم دادەماڵێ و دەڵێ:

**تۆ کە ناتوانی گۆرانییەکەم دەستە مۆ بکەی**
**کولێرەکەشم لێ مەدزە.. هاوڕێ!**
**کولێرەکەم لێ مەدزە،**
**کە ناتوانی گۆرانییەکەم دەستە مۆ بکەی.**

لە کۆ شیعری چوارەمی کە بەناوی (هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە)دا کە ساڵی ٢٠٠٥ چاپیکردووە، لە (مەنەڤێست)ەکەدا دەڵێ:

**ساوی شیعر نهێنییە تەلەسماوەکەی پێیە،**
**لە شیعر ئاسمانگەڕ تر و لەساتەکانی خەم پەرۆشتر..**
**کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، خوێندن و نووسینیان بە کۆڵەگەکانی کەرامەتی مرۆڤ چوواند خۆرایی نەبوو..**
**سرووشتێک بوو بە ئاراستەی هەڵگەڕان بەوساوە، بە**

**نهێنییەکان..**
**ئەو ئاهەنگە تەنیایانەی خود لە خودی گێڕاوەتەوە..**
**زەماوەندی گەشبینە، بە کەژاوەیەکی خەمبار بەڕێوە دەچێت..**
**کۆڕمان بە ئەزموونی، هەمیشە لە ئەزموون مایەوەدا گەرمە..**
**وەرە با ئاوەزێیەکان بتەقێنینەوە..**
**کێ نالێ رووومان تێناکەن و ئەندازەی خەونەکانمان ناگرن و دەرگای لاپرسەنیمان بۆناکەنەوە.**
**ئەو دەرگایە**
**(با)یان لێ دەدا و دەدرەوشێنەوە..**
**ئەگەر ویستت نیگایەکت لە ساوی شیعرەوە بۆ بێت.**
**دەخوازێ بە (با) بدرەوشێتەوە..**
**ل(٢٨٣)**

وەستان لە میحرابی ئەو شیعرەدا دەمانخاتە بەردەم بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانەی باوو تێپەڕ، بەڵام بە دەلالەت و بەرگی زەینی و هەستی و جوانکاری پڕ کراونەتەوە، کە چەند ئاستێکی جیا بەخۆ دەگرن: کە دارشتنی بینای شیعرەکە تۆکمە دەکەن، ئەویش داهێنانی ڕۆمانکاری و گێڕانەوە و درامییە لە فرە دەنگداو هەر دەنگەش تەعبیر لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆحی و مێژوویی و نەتەوەیی دەکات. جگە لە سوود وەرگرتن لە میتۆلۆژیا و خەڵقکردنی میتۆلۆژیا. کە تەعبیر لە ڕۆحی شاعیر دەکەن بە جۆرێکی ئەوتۆ دەنگی شاعیر لە ناو ئەم مەنەڤێستەدا دەبێتە سێ دەنگ، دەنگی خۆی (قسەکەر- کەسی یەکەم) دەنگی دووەم - قسە لەگەڵ کراو موخاتەب) و دەنگی سێیەم- کەسی نادیار).

لێرەدا ئەفسانە دەبێتە سرووتێک بە دارشتێکی فیعلی نەک تەنیا ئاخاوتن (وەرە ئاوە زێیەکان بتەقێنینەوە)، (کێ دەڵێ ئەندازەی خەونەکانمان ناگرن.. دەرگای لاپرسەنیمان بۆ ناکەنەوە. دەخوازی بە (با) بدرەوشێتەوە.. سپێدەمان لە خەوی پەمبەیی جیادەکاتەوە.. (پەری) یەک گوڵێکی سپییە بە دامێنی چیاوە.. تاد).

بۆ زیاتر کاریگەری میتۆلۆژیا لەسەر شاعیر:
**ڕێگای هات و نەهات.**
**.....**

**.....**
**ململانێی نەبڕاوە لەگەڵ زمان**
**ئەمانە سەدای زەنگەکە دەدەنەوە**
**ل(٢٨٤)**

ڕێگەی هات و نەهات، ڕێگەی پڕ تەلەسم و بەندوداوە، بەڵام بەرەو جوانی و ژیانێکی بەختەوەر و گەش، بەرەو سفت و سۆڵی زمان.

لە داشتنی ئەم مەنەڤێستەدا کە شاعیر گیانێکی درامی و داستانئامێزی وەبەر بوونەوەرەکان کردووە، لە دارشتنە گشتییەکەیداو، لە چەند شێوەکارییەکانی میتۆلۆژی و گێڕانەوە ئامێز و درامیدا توانیویەتی گیانی میللەتی تێدا بەرجەستە بکات و بەهەرسێ دەنگیش بەشداری لەو بەرجەستەکردنەی ڕۆحەکە بکات.

خەونێک لە نیوەڕۆدا مۆرکێکی ئەفسانەیی بەخۆ گرتووە، بەڵام شاعیر توانیویەتی زیرەکانە تەوزیفی وشەکان لەشێوەیەکی ئەفسانەییدا بکات، کە ئەفسانە هەڵبگێڕێتەوە بە حوکمی ئەوەی ترس دەخاتە دڵ و دەروونی مرۆڤ، لەجیاتی وێنەکێشانی ئەفسانە لە چوارچێوەی ترس و سامناکی و دڵەڕاوکێ و خۆ بەدەستەوە دانی و ملکەچ بوونی بۆ پلاری قەدەر و زاڵبوونی سروشت، شیعر دەکاتە چەکی بوێری و بەگژداچوونەوە و یاخیبوون لە خودی سروشت و دیلکردنی ڕەگەز و توخمەکانی و تواندنەوەیان لە بۆتەی شیعردا.

لە شیعری (پاسەوانەکانی ناخ) لە دەڵێ:
**ڕێگەی بوو دەڕۆیی**
**نەک قاچەکانی من**
**مانگ بوو دیاربوو**
**نەک پەنجەی من**
**ئەودارەی سێبەری دەکرد**
**شین نەبووە و..**
**ئەو پاژنەی شوێنەواریان دەرکەوتبوو**
**پاژنەی بۆرە جەنگاوەرەکان بوون**
**دیلیان لە مەزاری ئەجندان**
**بەپەتی پەشمین دەخنکاند..**
**ل(٣٠٩)**

نامۆکردنی شنەباو و بەرچاوەکان هەڵگێرانەوەیان و پێدانی کەسایەتیی مرۆڤ بە هەندێ لەو بوونەوەرانە

جـۆرە داهێنانێکی تێـدایە، هەرچەندە کـردنی شـتـە ئاساییەکان بەنائاسایی و ماقوولەکان بە ناما قوولەکان کـارێکی هێندە سـانا نیـیـە، بەڵام شـاعـیـر پاسـاوی پەسندکـردنی نامـۆکـردنی شـتـەکـان بۆ ئەو جـۆرە هەوڵگێـڕانەوە بە وەرگـر دەبەخـشێ کـە ئەم شـێـوازەی لاپەسـەند و مـاقـووڵ بێ کـە بە ڕاسـتی، کـە هەندێک لە نامـۆکـردنی ئەو بوونەوەرانە ڕەسـەنایەتی و زەمـیـنەی واقیعی بەرچاوی خۆیان هەیە بەرلەوەی مرۆڤ ناویان بۆ دابنێ و هەندێکیش لەوانە لەناڕەسەنییەوە هاتوون، کە هی ئەوە نین بوونیان هەبێ. شاعیر لە شیعری (ئایندەی پایز)دا دەڵێ:

**چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە**
**خەم نزیک و نیشتمان دوور**
**ئەم لە دڵا وایی چاوی ڕێگا**
**بەرەو دۆزەخی تاریکی،**
**یا فیردەوسی نوور بچی**
**من بە کوێدا بڕۆم؟**
**ئاسمان کوێر**
**ئاسمان لاڵ**
**من بە کوێدا بڕۆم؟**
**لەم هەموو سێبەرە**
**کام سێبەر هی خۆمە؟**
**ل(٣١٣)**

هەڵبوونی چراکە لە سۆز و جوانی نیشـتـمـانە، بەڵام خـەمی گـەڕانەوە بۆ باوەشی نیـشـتـمـانی دوور نێـوانیـان ڕێسمان و ئاسمانە، شاعیر لەناو خەمدا نقوم بووە، نە ئاسـمـان دەیبـینێ و نە گـوێشی لێـیـەتی، تەنانەت بە سێبەری خۆیشی نازانێ. ئەو ونبوونەی شاعیر لەناو تەم و تاریکی و ڕێ نەکـردنی چ بەرەو دۆزەخی تاریکی، گەڕانەوە بەرەو ژیانی مەینەتی نیشـتـمانی بریندار، یان بەهەشـتی ڕووناکی؟ سـەرسـوڕمـانێکە لەو جـیـهـانە جـەنجـاڵەدا، سـەرلێـشـێـوانێکە کـە مرۆڤ تاسـەیەکی بەشـەوق و پڕشنگ بەرەو نیـشـتـمـانی ئازیز باڵی لێ بڕوێنێ، بەڵام سەر بۆ کـوێ هەڵبگرێ، بۆ هەمـان ژیانی پێشوو کە گەڵای درەختـەکان هەڵوەرین. مێـرگ ترسی گـرتووە، شـار تینووە، ڕووبار لە سـەمـای درکـاویدایە، شـتـەکـان بە چاک و خـراپیـانەوە تێکەڵ بوون، بوونەوەرێکی دڕندە جوانیی سروشت دەشێوێنی، هەموو

ئەوانە شاعیر دەخەنە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و پرسیارکردن.
خەمی گەڕانەوە و دووری نیشتمان جۆرە نائومێدییەکی لای شـاعـیـر دروست کـردووە، خـۆیشی چاک دەزانێ کـە گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشـتـمـان، یان مەرگـە و یان ژینە، تاریکی و ڕووناکی، دۆزەخ، یان بەهەشتە:

**چونکە**
**جوانیەک**
**هێشتا شوێنەواری مابوو**
**لەم ڕێگایەدا درایە بەرنێزان..**
**زامەکان وەکو خۆیان لێ هاتەوە!!**
**ل(٣٢٠)**

وێڕای خەیاڵکردنی واقیعی نیشتمان بە ڕێگەی فلاش باکـەوە، بەڵام ڕووناکـیـیـەک لە دەروونی شـاعـیـردا چەخماخە دەدا. ئەویش حەز و ئارەزووی گەڕانەوەیە بەرەو ژیانی نیـشـتـمـانی دوور، بە هەردوو دیوی تاریک و ڕووناکـیـیـەوە، بەڵام وەرگـر تروسکەیەک هیـوا لە گەڕانەوەی جوانی لە شیعرەکەدا بەدی دەکات کە شاعیر دەڵێ:

**شەوقێکی ڕەش و جوان،**
**لە دڵە بۆشەکان دەدرەوشێتەوە**

بۆیە شاعیر بە تەواوەتی دەستبەرداری ژیان نابێ و بە ئومـێـدێکی نوێ دەژی، بە جـۆرە ئاشـتـەواییـەک لەگـەڵ ژیاندا ڕازیبـە، هەرچەندە ئەوەی دەرهەق نیـشـتـمـان و ڕۆڵەکانی کراوە، تەنیا گوناهی نەیاران و دوژمنان نییە، ڕۆڵەکـانیـشی بەشـدارییـان کـردووە لە شـێـواندنی جوانییەکـانی، ئەوەش وا دەکات نائومێدییەکە بەقەد وازهێنان بێ لەو ژیانە، بە ئومـێـدی ژیانێکی دی، لە بەهارێکی ئایندەدا، نەک لە پایزێکی داهاتوودا.
لە شیعری (هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە)دا دەڵێ:

**هەور لە بەینی پەنجەکانی مندا دزەی کرد کەژێ!**
**باران لە چاوی تۆ..**
**بەڵام پەنجەکان لە خاچ دران..**
**(خۆشەویستم)**
**لەو باوەڕەدای**
**بێم لە شانۆگەرییەکی ناتەواودا دەربکەوم؟ ل(٣٧٨)**

خۆشـەویـسـتـیـیـەکی نهـێنی و ژێر چاودێری ناحـەزان،

سنوور دەشکێنی و وێڕای هەمـوو مـەترسـیـیـەک هەور (عـەشق) دزە دەکـات و لە چاوی دڵـبـەردا دەبێـتـە باران، بەڵام ئەگـەر ئەو خـۆشـەویسـتـیـیـە بێ گـەردە، هەروەکـو (دانـتـی) دەڵـێ: **«خـۆشـەویستی تەنانەت ئاسـمـانیش دەجـــووڵێنێ»**، ئەو خۆشەویستییە بە ئاکام ناگات و ناکـامـە، ئەو شـانۆگـەرییـە هەر لە سـەرەتاوە ناتەواوە، شاعـیریش نایەوێ بەشـداری لە شتێکی دۆڕا و بکات، کاراکتـەرێک کە نەتوانی سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی لەو شانۆگەرییەدا ببینێ، ڕووبەڕووی حاڵەتێک دەبێـتەوە، یان ئەوەتا قوربانی بداو لە پێناو ئەو خۆشەوییستییەدا، یان ئەوەتا ڕووی لێ وەربگێڕێ وازی لێ بێنێ و بەدوای خۆشـەویسـتـیـیـەک بگەڕێ کـە کـۆتایی شـانۆگـەرییـەکـە تراژیدی نەبێ، چونـکـە بەڕاســـتـی ژیان دوو دیوی هەیە ئەگەر بە تەواوی لە چەمکەکەی بگەین، باشترین شت و خراپترین شت. هەرکەسەش فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە تێـڕوانینی ژیاندا، مـادامـەکی بایەکـە بەجـۆرێک هەڵـیکردووە کـە بێ ئارەزووی کـەشـتـیـیـەکـانە، ئەوەش مـانای ئەوە نـیـیە کـە دەسـتـبـەرداریی خۆشـەویسـتی پڕ مـەترسی، بەزین و کـۆڵدانە، چونکە حاڵەتێکە هەوڵدان لەپێناویدا بێ سوود و بێ هوودەیە،

لەکۆپلەی (٢٥)ی هەمان شیعردا دەڵێ:

**تۆ لە حەقیقەتی ئاراستەکان نەگەیشتووی**
**هەرگیز وێنە ئەندازەییەکانی واقیع**
**شکلی میوەکانی خەیاڵ نادەن**
**ل(٣٦٦)**

هەر چەندە کـە «مـارکس» دەڵێ: **«خـەیاڵ هەرچەندە دوور بکەوێتـەوە، بەڵام لە سنووری واقـیـعـدا دەرناچێ»** بەڵام شاعیر بە ڕاستی جوانی بۆ چووە کە هونەری خەیاڵ و فـەنتـازیا، هەردەم لە هونەری ئەندازەییـەکـانی واقـیع باڵاترە، خـەیاڵ باڵ بە مـرۆڤ دەگـرێ بەرەو مـەلەکـووتی شتە نادیار و ناباوەکـان و نا واقیعیـیەکان بفرێ، خەیاڵ پەری سرووش و ئەفسوون لە مرۆڤدا دەروێنێ، هێزەکانی سـروشت و واقـیـع دەخـاتـە ژێر ڕکـێـفی خـۆی، خـەیاڵ جیـهـانی ڕۆمـانسـیـیـەتە بەرەو دوورکـەوتنەوە لەواقـیـعی ویشک و بێ گیان و دەربازبوون لەکۆت و پێوەندییەکان، بەزاندنی دیوارە دەســـتکردەکـــانە، هەناســـەدانە لە جیـهانێکی واڵاوکراو، هەواو کەشی ئازادییە، خەیاڵ باڵ بە مـرۆڤی شـاعـیـر دەگـرێ کـە ڕۆحی لە ئاسـمـانێکی فراوانی جیـهـانبـینی و ئیـسـتـاتیکا و خولیـاو ئیشـراقدا بســـوورێتـــەوە، دوور لە واقـیـع و هزر و ژیانی مـادی و ناکۆکییەکانی و هەڵپەکردنە بەرەو ڕەهابوون و چوونە ناو دونیای بێ کۆتایی.

لەم ڕووە (ریلکە) ڕایدەگەیەنێ کە حەسانەوەی دوای سەرکەوتنی بەرەو ڕەهابوون بینی و دەڵێ:

**بەڵام ئێستا**
**من لە پڕ گەڕامەوە ژیانی ڕەهابوون،**
**لە ناکۆکییە ماندوو کەرەکان دەرباز بووم،**
**ڕێگەی حەسانەوەم گرتەبەر.**
**چوومە ناو ئاسمانی بێ کۆتایی.**
**نهێنی و شاردراوەکان لە پێش چاودا ونبوون،**
**چونکە من لە هەموو قووڵاییەکاندا دەژیم**
**دوای ئەوەی خونچەکانی کرانەوە.**
**بە ڕوخسارە جوانەکانیان بەسەرمدا دەڕوانن.**
**ئای لەو جڵەوە ترسناکەی دەستەکان!**

دوا وەسـتـانم لەسـەر دیوانی (تاڤگەی مـەند و ئەوانی تـر) گـــــەڕانەوەیە بـۆ وەرگـــــرتنی بەشــــێـک لە (مـەنەفـێـست)ەکـەدا شـاعـیـر باشی کـردووە، لە دیوی دەرەوەی بەرگی دیوانەکـەیدا جارێکی تر بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێ:

**(پەری) یەک گوڵێکی سپییە بە دامێنی چیاوە..**
**ئاسـتـانەیەکی دی نەمـا.. قـوڵـنگی فـەرهادی بۆ بخـەینە سەرمل**
**لەم باسکەوە بۆ ئەو باسک..**
**ڕێگاکان داخراون، ڕاڕەو زەنەکە،**
**زۆر قاسیدی بەڕازەکانیانەوە قووت داوە..**
**ئەشکی خوێنین**
**بە سەراپای سروشتی بەستەزمان دێتە خوارێ.**
**غەکگیرییە کوورە هەڵایساوەکانی شیعر**
**ئاسنی ساردیان پێ خوار بکرێتەوە..**

کە شیعر ببێتە حەقیقەتێکی ڕەها و نێوان شتە نا ماقووڵ و نابەجێیەکان لێکتر جیابکاتەوە دەبێ ویقار و نازی خـۆی هەبێ، ســپــێــدەش ڕەمــزی ڕووناکی و ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانە، کە شیعر لە خەوی سەوزو پەمەیی جیا دەکاتەوە، شیعر پەیژەیەکی هەڵواسراو نییە لە هەوادا بە خـــەیاڵ بە ســـەری هەڵبگەڕێی، پێگەی

زەمـینـەیەكی پـتـەوە، ڕێگەكـەی ڕێگەی هات و نەهاتە، پیاوی خۆی گەرەكە، چونكە لە ململانێیەكی زمانەوانی بێ وچان دایە، كـە هیـچ زمـانێـك ئەو بوێرییـەی نـیـیـە ڕووبەڕووی بێتەوە، زمانی خودی شیعر نەبێ،

ئەگەر شاعیری سەردەمی جاهیلی (الحطیأة) بەم شێوە لە چوارینەیەكـدا مـاهیـیــەت و جـەوهەری شـیـعــری بەرجەستەكردبێ و بڵێ:

**الشعر صعب طويل سلمه**
**لايرتقيه الذي لا يعلمه**
**زلت به الى الحضيض قدمه**
**يريد أن يعربه فيعجمه**

ئەوە شـاعـیـری ئێـمـە (نەژاد عـەزیز سـورمێ)، نەك ئەوەی مـەلەوانێكی كـارامـە نـیـیـە لە دەریای شـیـعـردا بە نەزان لە قەڵەم دەدات بەڵكو:

**نەككیرییە كووردی هەڵایساوەكانی شیعر**
**ئاسنی ساردیان پێ خوار بكرێتەوە**

كـە ئاسنی سـارد هەرگـیـز بە كـوورەی هەڵایسـاو خـوار ناكرێتەوە، ئەگەر شاعیـر خۆی كووری بە جۆشی ئاگری هەڵایساوبێ كە تەعبیركـردنە لە دڵ و دەروونی و ڕۆحی شـاعـیـر، ئەوا كـەرەسـتـەی شـیـعـر دەبێ گـەرمـوگـوڕبێ، كوتانەوەی ئاسنی ساردیش بە عورفی خۆماڵی كارێكی بێ سوود و بێ هوودەیە، ئەمەیە پیرۆزمەندیی شیعر لای شاعیر كە نیـشـانەی جوانی و قـەشەنگی وێنەو زمـانی پاراو و سـفـت و سـۆڵ و بیناسـازیی هونەرمـەندانە، بە ڕۆحێكی پڕ دینامـیـكیـیـەت و زیندەگی داڕێژرابێ، نەك بە دەست كـەسـانی زمـان نەزانەوە بناڵێنێ و كـوورەی بەجۆش و خرۆشی هەڵایساو دەروونی شاعیر بە ئاسنی سارد دابمركێنێتەوە.

لە ڕاسـتـیـدا وەسـتـان لە ئاست چوارەمین كـۆ شـیـعـری دیوانەكە، نەفەسێكی درێژی گەرەكە، خوێنەر و ڕەخنەگر بە تەواوەتی هەست دەكەن كە ئەم شاعیرە نوێخوازە بەرەو خۆ نوێكردنەوە و تێپـەڕكردنی قـۆناغـەكـانی پێشـووی هەنگاوی سەركەوتووی ناوەو ئەو شاعیرەی كە نەتوانێ لە سنووری پێشـوویدا تێپـەڕكات چاكـتـر وایە وازبێنێ، نەك بەردەوام بێ.

دوای دەسـتـخۆشی و پیرۆزبایی لە شیعر و لە شاعیـر خـۆی، لە پێشـكەشكردنی ئەو بەرهەمـەی كـە كـاتم بۆ خوێندنەوەی و شیكردنەوەی تەرخانكرد، حەزدەكەم ئاماژە بە خـــاڵێكی گـــرنگ بكەم كـــە مـن لـەو چوارچێـــوە ڕۆشنبیرییەی كە چێژ لە شیعر دەبینم، ئامادە باشییەكی دەروونیم هەبوو بۆ خوێندنەوەی دیوانەكە، لە شیعـرەكان دەگـەیشـتـم و كـاریان لەسـەر چۆنییـەتی خـوێندنەوەكـەم و ڕێگە و شێوازی ئەم لێكۆڵینەوە شیكارییەی كە دەیخەمە بەردەم بە هیـوای زیاتر سەركەوتن و دەركەوتنی شیعـر و شاعیر لە بواری جیهانی شیعردا.

**پەراوێزەكان:**

**١- محمد مبارك- الوعي الشعري و مسار حركة المجتمعات العربية المعاصرة- دارالشؤون الثقافية العامة- بغداد، ٢٠٠٤، ل٣٧٧.**

**٢- ارنست فيشر: ضرورة الفن. ترجمة: د. ميشال سليمان ل٨٩-٩٣.**

**٣- آراجون. شاعر المقاومة، تأليف: مالكولم و بيتر. ك- رووس.**

**٤- سەرچاوەی پێشوو.**

**٥- مذكرات بابلونيرودا. اعترف بأنني عشت. ترجمة الدكتور محمد صبيح المؤسسة العربية للدراسات و النشر. ل١٤١.**

**٦- سەرچاوەی پێشوو.**

**٧- بروانە (في شعر و الفن و الجمال) رضوان شهال.**

**٨- مذكرات بابلونيرودا، ل٤٢٥.**

**٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.**

**١٠- الشعر بين الواقع و الابداع- ناجي القصاب. وزارة الثقافة و الاعلام ١٩٧٩ دار الرشيد للنشر.**

**١١- وحدة الانسان- بروتوفسكي. ترجمة:د. فؤاد زكريا، ل١٤.**

**١٢- مقدمة في الشعر السومري و الافريقي و الصوفي- طراد الكبيسي- من منشورات وزارة الثقافة و الاعلام.**

**١٣- خزعل الماجدي- العقل الشعري- الكتاب الثاني- دارالشؤون الثقافية العامة- بغداد، ٢٠٠٤.**

**١٤- الاتجاه الميتافيزيقي فى الأدب المعاصر- فائق متي، مجله الفكر المعاصر. اكتوبر ١٩٦٥/ ل٥٨.**

# خولیای مەیموونە سپییەکان لە چیرۆکی کوردیدا

ڕەووف حەسەن
(سلێمانی)

(٢-٢)

لە یەکێک لەو چیرۆکانەی کە دەتوانین بڵێین کاراکتەرە سەرەکییەکان تێیدا نیواونیو کورد و هەندەرانین.. چیرۆکی (لۆزان)(٥٠)ی شێرزاد حەسەنە.

کەسێتی یەکەم کەوا هەست دەکرێت چەند خەسڵەتێکی چیرۆکنووس خۆیشی تێدا بێت- ئەگەر بۆ چەند ساتە وەختێکیش بێت-هەندێ لە بیروبۆچوون و ڕەفتار و حاڵەتە دەروونییەکانی بەو کەسێتییە دەبەخشێت و.. ئەمەیش لە نێو دنیای هونەری چیرۆکنووسیندا کارێکی زۆر ئاساییە و تەنانەت پێویستیشە.. شێرزاد سەرەتا و تا نزیکی کۆتایی چیرۆکەکە بەزاری کەسێتی سێیەمی تاکەوە باس لەو هەڵچوونە هێستریاییەی کوردەکە دەکات کە لە بەرامبەر خاتوونە سویسراییەکەدا تووشی دەبێت. واتە ڕاوی لە دەرەوەی چیرۆکەکەدا هەر لەوێشەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.. بەڵام لە یەک دوو لاپەڕەی بەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا و بۆ چەند ساتێک دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە و لەگەڵ (لاس)ی کەسێتی یەکەم یان کەسێتی (بگۆ)دا ئاوێتە دەبێت.

" باشتر وایە کەسم لێ تێنەگات.. نیوەشەو کە چۆڵیان کرد تکا لە مەیگێڕەکان دەکەم سەیرم کەن و نەترسن (تا..) جوامێرانە بە شۆفێرێکی مەست و کەللە کاسی نیوە شەوم دەسپێرن" (٥١).

ئەم کوردە هیچ سیفەتێکی ئاوارەیی و پەناهەندەیی تێدا بەدی ناکرێت.. لە تەک خاتوونە سویسراییەکەدا پێکەوە بە زمانی فەرەنسی فەلسەفە دەخوێنن.. چونکە ئەو زمانە زمانی ناوکۆییانە و لەو بڕوایەدام لە زمانی ئینگلیزیش بۆ دەربڕینی ئیدیۆم و واتا فەلسەفییە قووڵەکان لەبارترە.. واتا هەردووکیان دەسەڵاتی

تەواویان بەسەر زمانە ناوکۆییەکەیاندا دەشکێ و لە یەکدیش دەگەن.. بۆیێ دەتوانن گوزارە لەو هەموو خەون و خەیاڵ و خولیا و ئەندێشە قووڵ و هزرییە پەتیانە بکەن کە چەندێک پێوەندییان بە فەلسەفەوە هەیە هێندە زێتر پێوەندییان بە باری دەروونییەوە هەیە:

"بەڵام ئێمەمانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییەک بکەین گەر بە خەم خەفەتەوە لوول نەدرابێ (...) خەم لەگەڵ شیری دایکمان دەرژێتە خوێنمانەوە (...) من زۆرجار وا هەست دەکەم ئەو نووزە و ناڵینەی دایکم لە رۆحمدا جێگیرە ......" (٥٢).

هەروەها:

"فلۆبێر لەو دیو مەرگەوە نەیتوانیوە جوانی ببینێ" (٥٣)

بەهەر حاڵ.. لەم خاڵەدا تەنیا مەبەستێکم هەبوو بۆیێ هێندە جەختم لەسەر کرد.. ئەویش ئەوەیە گەرچی چیرۆکنووس توانیویێتی قەناعەتی تەواومان بەوە پێبکات کە ئەم دوانە و بەتایبەتی کەسێتییە کوردەکە هیچ گرفتێکی زمانی نییە و دەتوانێت چوون کەسێکی فەرەنسایی تەفاهوم بکات.. وەلێ تەنیا و لەسەرتاپای ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم باسە لەبەردەستمدان تووشی کەسێتییێکی هێندە شپرزە و پەرێشان و بەرباد نەبووم.. کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسێتییانە و بە پلەی یەکەم کێشەی زمان نەزانین دووچاری حاڵەتی لەخۆ نامۆبوون و تای غوربەتی کردوون.. کەچی ئەم کوردەی چیرۆکی (لۆزان) لە نێو گرییەکی دەروونی سەخت و بنجداکوتراوی دیکەدا گینگڵ دەدات کە نەپێوەندی بە نامۆبوونی زمان و بیرکردنەوە و گوزارەکردنەوە هەیە و نە بە فیکر و فەلسەفەشەوە.. بەڵکو گرێ دەروونیەکەی بە قووڵایی مێژوودا رۆچووە.. ئەویش پارچەپارچەیی نیشتمان و نەتەوەکەیەتی و..هێندەش بۆ خاتوونەکە دووبارەی دەکاتەوە تا بە جارێ بێزاری دەکات..

واتا هەر لە سەرەتاوە خوێنەر هەست دەکات بەرامبەر کەسێتییێکی بێ فیکر و فەلسەفە و لۆژیک و تەنانەت قێزەون و بێزارکەریش بۆتەوە.. کەسێتییێک هیچ شەفافییەتێکی نە ئینسانی رۆژهەڵاتی و نە ئەوروپایی پێوە دیار نییە و.. لەمەش واوەتر ئێستەرەم لەسەر گواستنە و سەپاندنی ئەو دەروونە وێران و هەپروون بە هەپروونەی خۆی دەکات بۆ نێو ئەو شەفافییەتەی ئەوروپا.. بۆ ناخ و دەروونی نازدارێکی وەک خاتوو (لۆزان).. گەوجێتی ئەم کەسێتییە کوردە (لاس) دەگاتە پلەیەک خاتوو لۆزان والێدەکات خۆی بە تاوانبار -نەک نازدار و عاشق- بزانێت.. تەنیا لەبەرئەوەی ناوی (لۆزان)ە و.. لێزانیش بەلای (لاس)ەوە هەر بە تەنێ ناوی کیژێک و ناوی شارێکی سەروو سویسرا نییە.. بەڵکو لۆزان Lausanne پەیماننامەیەکی شوومی مێژوویییە و رێککەوتنی تورکیا و هاوپەیمانانی ساڵی ١٩٢٣یە بۆ پووچەڵکردنەوەی پەیمانی (سیڤەر Se-veres) و جارێکی دی لەتوپەتکردنی نیشتمانەکەی بوو.

سیڤەر شارێکە لە دەوروبەری (پاریس).. ئەم شارە لە پاڵ شانۆی رووداوەکانی چیرۆکەکەدایە.. نزیکە لێیانەوە بەپێی بارە دەروونییە نەخۆشەکەی (لاس)، خاتوو (لۆزان) ئێستە هاتۆتە سەر خاکی (سیڤەر) و وا هەست دەکات لەسەر ئەرزی ئەم واقیعە وا خەریکە زوڵمە مێژوویییەکە جارێکی دی و بەجۆرێکی دی خۆی دووبارە دەکاتەوە.. ئەوەتا لۆزانی شەنگ لەسەر خاکی (سیڤەر) دەخوازێت (لاس)ی کورد داگیر بکا و بیکاتە هاوسەری خۆی.. سەرنج دەرە ئەم دیالۆگەی لۆزان خان:

" ئەو کچە عەرەبەی بەشی فەلسەفە.. قاوەی بۆ گرتمەوە.. پێی وتم: تۆ شوو بە غەریبێک دەکەی"/ (٥٤).

لاس چەندێک بە پەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣وە گینگڵ دەدات هێندەش-وەک کوردێکی پەراوێزخراوی جیهانی سێیەم- بە ئەتواری سەربەستانەی (ئێستە)ی (خاتوو لۆزان)یش- وەک مێینەیەکی ئەوروپایی و لە رووی سێکسەوە کراوە و شەفاف-قەڵسە.

خاتوون ئامادەیە تەنانەت ناوی خۆیشی بۆ هەر ناوێکی دی (ئەگەر کوردیش بێت) بگۆڕێ.. وەلێ دەردی بێدەرمان و کوشندەی (لاس) زۆر لەوە زێتر تەشەنەی کردووە و.. گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەنانەت خودی خۆیشی بە (هیچ و خەسێنراو) بێتە بەرچاو.. چونکە سیحری ناوی (لۆزان) لە نێو خانە نائاگاکانی مێشکییەوە -نەست- لە ئان و ساتی دەستەملانێ و پرۆسەی سێکسدا بازدەداتە نێو خانە بە ئاگاکانی بیر و هۆش -هەست-.. لە نەستەوە بۆ هەست و سەرجەم ئارەزوو و ئەندامە نێرینەییەکانی لەگۆ دەخات.

(لاس).. ئەم کەسێتییە عوسابییە.. یان ئەم کەسێتییە پەرکەماوییە لەوە دەردەچێت تەنیا مرۆڤێکی

وێران بێت و بەس.. بەڵکو بە خـــوێن و گـــۆشت و ئێسکیشەوە چۆتە بۆتەی نەتەوە و خاکەوە... یاخود بە پێـچـەوانەوە.. خـاک و نەتەوە و.. هەروەها مـێـژووی کـــەنەفت و ئـفلیج بوودەڵەی نەتەوەکـــەی بوونەتە ئەڵتـەرناتیڤی جەستە و هەستیشی.. بۆیێ لۆزان خان ناچارە دواتیـری خـۆی بەو هەست و جـەسـتـە بێـزەون و هەلاهەلابوو و خەساوە دیرۆکەییەوە بنێ و پێی بڵێ:

" گوێ بگرە! من ئەم شەو ڕەنگە بە کووچە و کۆڵان و مـەیخـانەکـاندا بگەڕێم تا پیـاوێک بدۆزمـەوە.. بۆ ژوورەکەم ڕایپێچم.. بەڵام پیاوێک یەکپارچە بێ.. نەک چوار پارچە" (٥٥).

وەک دەردەکـەوێت حـاڵەتەکـەی (لاس) گـەیشـتـۆتە قـۆناغێکی مەترسیـداری نەخـۆشی (عـوساب) ئەمـەش هیچ پێوەندیەکی بە دەسەڵاتی باوان (دایک و باوک)ەوە نیـیــە.. بەڵکو دەســەڵاتی داگــیـرکــەر بەوپەڕی زەبروزەنگیــەوە نە هەر لە بەدیهـێنانی سـەربەسـتـیـدا نوشـسـتی پێـهـێناوە.. بەڵکو هەلاهەلای کـردووە و دواجــاریش زۆر بە ســەخــتی کــۆنتــرۆڵی ئارەزووە سێکسیەکانیشی کردووە.

لە ڕاستیدا من ناتوانم لێرەدا بە تەنیا ڕستەیەک ناوی چەند چیـرۆکێک ڕیز بکەم و بڵێم کـەسێتـییـە (لاس ئاسـاییـەکـانی) نێـو ئەم چیـرۆکـانە بە هەمـان دەردی چیرۆکی (لۆزان) چوون و.. گشتییـان وەبەر زەبروزەنگ و ڕەنگدانەوەی زەبروزەنگی گـــوزەرانی هـەندەران و حاڵەتەکانی نامۆبوون کەوتوون.. چ وەک جێگە و ڕێگە و چ وەک زمـانی (ئاخـاوتن) و چ وەک وێرانە خـاکی و وێرانە نەتەوەیی. چ بە دەست داگیـرکـەری بێگانە و چ بەدەست ئیــدارە کــوردییــەکــان و شــەڕە مــیـللەت کـوژیەکـانیـانەوە.. تووشی حـاڵەتی (ئیـحـبـات) یا (عـوصـاب) بوون و..تەواو.. نا.. من چیـرۆکی ئاوها شک نابەم.. مەگـەر (باویل)ی نیـو ڕۆمـانی (سـەفـەری مـردووەکــان)ی (کــاروان عــەبدوڵڵا) تاڕادەیەک و لە بوارێکی دیکەشدا شان لە شانی (لاس) بدات.. کە لە درێژەی باسـەکـەمدا دەگـەڕێمـەوە سـەری.. ئیـدی ئەگـەر چیــرۆکی (لۆزان) لووتکەی دارمــان و وێرانبــوونی (مـەیموونە سـپـیـیـەکـان)ی هەندەران بێت و.. بەوپەڕی تۆخیەوە کاریگەریی مێژوویی بەسەرەوە بێت.. ئەوا ئەو چیرۆکانەی دی هیـچیان هێندە زێدەڕۆییان لە ئەندێشەی کەسێتیەکانیاندا پێوە دیار نییە.. بەڵکو تەنانەت لە چەندین چیـرۆکـدا بە پێـچـەوانەی (لاس)ی خـەساوەوەن و.. نووسـەرانی ئەو چیـرۆکـانەش یاخـود زێدەڕۆیی لە فتووحاتە سێکسیەکانی مەیموونە سپییەکانیاندا دەکەن.. یاخـود سەوداسـەر و تینووی ئامێـزێکی پڕ لە عـیـشق و سۆزی وەک ئامێزی (خاتوو لۆزان)ن..

بێگومان کێشـەی سێکس لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی هەر بەتەنێ لایەنە کۆمەڵایەتییە بەناموسپەرستی و عەیبە و ئەخلاق زەرکـەفتدراوەکـە نییـە.. هەمدیسـان هەر لایەنە ئاییـنییــەکـەیش نیـیـە.. بەڵکو -هەروەکـو زۆرجـار بە نوکتـەش باس دەکرێت- نەبوونی جێگەی شایستـە و.. جێـژوانە.. کە لە خـۆرئاوادا نە ئەوییان و نە ئەمـیشـیـان کـێشـەیەک نین. لەوێ هەمـووی جێگەیەک بۆ عـیشق و سـێکس لەبارە و دەشێ.. وەلێ ئێـرە جـێگەی لەبار زۆر دەگمـەنە.. ئەوانەی جێگە و ڕێگەی لەباریان بۆ سێکس هەیە کێشەی دیکەیان نییە.. بەتایبەتی دەسەڵاتداران.. کە نەک بە تەنیـا بە حوکـمی دەسەڵات و سـامان هەموو بوارێکیــان بۆ ڕەخـســاوە.. بەڵکو زۆر بە ئاســایی وا بیـردەکەنەوە کە هەرچی کچ و ژنی خەڵکیش هەیە -وەک مـافێکی ڕەوای خۆیان-دەبێت هەر کاتێ هەر کامێکیـان بوێ و ئارەزووی بکەن لەبەر دەستیـاندا بێت.. وەک چۆن هەر کـەسێکیـشیـان بە دڵ نەبێت یان ملیـان بۆ نەدات بە مافێکی ڕەوای خۆیانی دەزانن بیکوژن.

ئیـدی بۆ غـەیری ئەو دەسـەڵاتدارانە جگە لە زەواجی شەرعی هەموو پرۆسەیەکی خۆشەویستی و سێکس حەرام و بێنامـووسییە و.. دەبێت بەر نەفرەتی عـورف و مەزەب و ئایین و خـێـزان بکەوێت و.. ڕیسـوای نێـو کـۆمـەڵیش بێت..

کـەواتە بۆ کـەسـانی ئاسـایی (ترس)ێکی کـوشندە بۆ هەمــــوو تێکەڵاوبوونێکی هەردوو ڕەگـــەزەکــــە لە ســــــەنـگـەردایـە.. لە زەیـن و مــــــێــــــــشـک مێشکۆڵەشدایە-چجای دەوروبەر-.

لە چەندین چیـرۆکی خـۆمـاڵیـدا بەزەقی هەست بە ئامادەبوونی ئەو ترسە دەکـەین و.. هەر ئەمـەشـە وای لە چیرۆکە کوردییە بەراییەکانمان کردووە پرۆسەی سێکس تێیاندا نەبێت، یان بە دەگمەن توخنی ئەو بابەتە بکەون وەک لای مەم و قزڵجی و حسێن عارف و بلە و خەزنەدار و بۆتانی و...تاد هەســـتی پێـــدەکــەین.. یاخـــود خۆشەویستییە زاهیدییە دوور لە جەستەکان زاڵ دەبێت و بەرەو حاڵەتی تەسەوف دەچێت وەک لە شاکاری (مەم و

زین)ی خانیدا.. یان حاڵەتە ناسروشتی و نەخۆشیاوییەکانی سێکس کە زێتر دوای ئازاری ١٩٧٠ تەشەنەی کرد.. ئیدی لێرەوە هەر کە شانۆی سێکس و خۆشەویستی بۆ خۆرئاوا دەگوازرێتەوە.. یەکسەر سێکس بەرەهایی دێتە ئاراوە و تەنانەت لە زۆر حاڵەتیشدا دەبێتە سەرەتا بۆ خۆشەویستی.. کە ئاکامی تینوێتی و مەحروومێتی و ئەو ئازادییە کتوپڕەیە کە لەوێ بۆی ڕەخساوە.. ئەگەر نا دەبێت خۆشەویستی سەرەتای سێکس بێت و ئەمەش مودەتێکی کەمتازۆری گەرەکە بۆ لێکدی حاڵیبوون.. ئەمەش لە چیرۆکەکانی (جەزا چنگیانی)دا بە گەلێ ڕەهەند و شێوازی جیاجیا ڕەنگی داوەتەوە.

چنگیانی لە چیرۆکی (ترس) (٥٦)دا باس لەو دزە ماچ و سێکسە پەردەپۆش و تژە دڵەڕاوکێیانەی وڵاتی خۆی ناکات.. بەڵکو لە کەشوهەوایەکی ئازاد و.. نەوای موزیک و نەشئەی بادەوە لە باوەشی دڵدارە چاوشین و قژ زەردە ئەوروپاییەکەیدا باس لە (ترس) و دڵەڕاوکێیەکی دی دەکات.. کە نە خەمی نیشتمان و نە ترسی عوسابی نەتەوەییە.. بەڵکو ترسی کیژەکە لەوەی نەک ئەم هەموو لێشاوە سێکس و خۆشەویستییەی کەسێتییە کوردەکەی نێو چیرۆکەکە کورتخایەن و ساتەوەختی بێت و لەلایەن کوڕە دڵدارەکەیەوە (کە لاوێکی کوردە کەسێتی یەکەم -بگۆ-ی چیرۆکەکەیە) بەو هەموو کەفوکوڵەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان جێی بێڵێت و.. لە کاتی سەردانەوەیەکیدا بۆ کوردستان کچە کوردێک مارە بکات و دەستی لێهەڵگرێت.. چونکە ئەمجۆرە ڕەفتارە لە نێو پەناهێندەکاندا باوە و هەمیشە بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێنەوە نیشتمان (ئێمە دەگەڕێینەوە تا بەپێی مەرجەکانمان ئەو ئافرەتە گوێڕایەڵە.. بێدەنگە.. بە هەموو شت ڕازیبووە بدۆزینەوە کە لە بارودۆخی ئێرە -ئەوروپادا نییە) (٥٧) هەر لەبەر ئەمەش ئافرەتەکە پێی دەڵێت:

"-لێم ببورە ئەگەر بڵێم زۆر لە هاوڕێکانت، ماچی قەڵب و شیعری فشە و باوەشی درۆیان بە کچە ئەڵمانی بەهەڕاج فرۆشتووە.. دوای چەند ساڵێک پێکەوەبوون و ڕۆمانی خۆشەویستی، کە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان کچە کوردێکیان کرد بە هاوسەر و شەقێکیان لە هەموو مێژوو و ڕۆمان و خۆشەویستی هەڵدا.. ئەمە کۆستی گەورەی منە.. زۆر دەترسم (٥٨).

بەڵام کوڕە کوردەکە پەیمانی دەداتێ کە هەر ئەو تاکانە خۆشەویستەکەیەتی و چوون مەیموونە سپییەکانی هاوڕێی دەستبڕ و بێوەفا نابێت.

کەچی هەر چنگیانی لە چیرۆکی (یەکەم ماچ) (٥٩)دا.. لەگەڵ شۆخێکی ئەوروپایی نازدار و شیریندا، یەکەمین ماچی (شیرین)ەکەی کوردستانی دێتەوە یاد.. گەرچی پێوەندیی لەگەڵ ئەمیاندا بەوپەڕی ئازادییەوەیە و لەگەڵ ئەویاندا پڕبووە لە دڵەخورپێ و ترس.. دیارە هەر یەکەیان جۆرە چێژێکی تایبەتییان هەیە.. بەتایبەتیش یەکەمین ماچی لاوێک لە ژیانیدا کاریگەریی و ڕۆمانسییەتێکی ناوازە و تەنانەت نۆستالژیانەشی لە هەناو و یادگاریدا جێ دەهێڵێت و.. لە ژیانی غەریبیدا هێندەی دی کاریگەر و بەجۆشتر دەبێت.. بەجۆرێک ئەو ژیانە جەنجاڵ و پەرتەوازەیەی ئەوروپا.. ئەمجۆرە ئەزموون و پرۆسە ورد و جوان و نازدارانە دەکاتە بەشێک لە پێکهاتە و توێشووی ژیانە نوێکەی.. ڕەنگە پاکی و خاوێنی گەلێ ماچی خۆرهەڵاتیانە.. تەشەنە بەو هەستە نۆستالژیا ئامێزانە لای پەڕاگەندەکانی ئەوروپا بدات.. کە لەوێ بە دەگمەن ماچ و سێکسی دوور لە بەرژەوەندی (بەتایبەتی ئابووری) دەست مەیموونێکی سپی دەکەوێت..

ئەڵبەت هەر یەکێ لەم مەیموونە سپیانە بەر لە کۆچەکەی بەرەو ئەوروپا -بە پێچەوانەوە- بیری لەوە کردبێتەوە و..تەنانەت لەوەش بێگومان بووبێت هەر گەیشتە ئەوێ.. ئیدی وەک دۆن جوانێک لەوێ لە نێوگەڵی ژنانێکدا لەنگەر دەخات کە تینووی سێکس و شەیدای نێرینەی ئەسمەری خۆرهەڵاتین.. وەلێ کاتێک بەخۆی دەزانێت پرۆسەی سێکسی، یاخود سۆز و خۆشەویستی فریودەرانە و.. تەنانەت دانیشتنێکی ساتەوەختینەی نێو گازینۆیەک و هەڵدانی دوو پێک لەگەڵ ژنێکیاندا (ئەگەر هەر کام لەمانە دەست پەناهێندە بکەون) ئەوا بۆ هەر حاڵەتێکیان نرخی خۆیان و بەدراو بۆ دەستنیشان کراوە.. (لە ئەوروپا خۆشەویستیش وەک هەموو کەلوپەلێکی تر دەفرۆشرێت و دەکڕدرێ) (٦٠).. بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی عێراق و.. دوای ئینقلابی ئیسلامی لە ئێراندا و دوای ڕووخانی کۆمارەکەی نەجیبوڕڕەحمانی ئەفغانستان و دارمانی بەهای دراوی نیشتمانی لەم وڵاتە و لە گەلێ وڵاتانی کیشوەری ئەفەریقادا وەک سۆماڵ و سودان و

مـیـسـردا لە چاو دراوی گـرانبـەها (دۆلار و جـونەهـ و مارک)دا.

ئەم حاڵەتە ڕێک بە پێچەوانەی جارانەوەیە کە ئەوسا خەڵکی گەلێ لەم وڵاتانە بۆ گەشت و گوزار و بازرگانی روویان دەکردە ئەوروپا و.. هەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری دراوە گرانبەهاکانی باخەڵیان ڕێزیان دەگیرا.. کەچی ئەوسایش هەر بە مەیموونە سپییەکانیان دادەنان.. لێ کەرامەتیان پارێزراو بوو.. دووریش نەبوو بینە مایەی سەرنجڕاکێشانی -یان بایەخ پێدانی- ئافرەتانی ئەوێ.. کەمتازۆریش لێک تێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست دەبوو و چێژی تایبەتیان لەو بایەخپێدانە لە ڕادەبەدەری گەشتیاران بە هەموو جووڵەیەکیان دەبینی.. کە پیاوانی سارد و سڕی خۆیان لەمجۆرە بایەخ پێدانە مەحروومیان کردوون.. هەر ئەمەشە وای لە زۆربەی ژنانی ئەوروپا کردووە کە پیاوانی خۆرهەڵاتی بە (ڕۆمانسی) بناسن و.. ئەم پێناسەی ببێتە مۆرکێک بە تەوێڵیانەوە و.. لە زۆربەی ئەو چیرۆکە کوردیانەدا.. پێوەندی نێوان پیاوێکی کورد و ژنێکی ئەوروپایی دەبێتە بنچینەی ڕووداوەکان و.. لەسەر زاری ژنەکە باس لە جیهانی گەرموگوڕ و پیاوانی ڕۆمانسی خۆرهەڵاتی لەلایەک و.. پیاوانی ڕیالیزمی و جیهانە سەهۆڵبەندانەکەی خۆرئاوا کراوە.

لە چیرۆکی (لۆزان)ی شێرزاد حەسەندا- کە لەمەوبەر باس کرا- لۆزان بە (لاس) دەڵێت:

- (سەیرم لێدێت کە ئەوەندە ڕۆمانسیت.. ڕەنگە تۆ تاکە ڕۆمانسییەک بیت لە پاریسدا) (٦١) لای چنگیانیش.. خاتوو (پاتریسیا) دەڵێت:

(پیاوانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانسیترن لە پیاوانی پۆڵۆنی) (٦٢)

ئەم تێبینییەی چیرۆکنووسانی کورد.. نە هەر لەم دوو چیرۆکەدا، بەڵکو لە زۆربەی چیرۆکە کوردییەکانی دیکەشدا ئاشکرایە و.. پێبەخشینی سیفەتی (ڕۆمانسیێتی) بە کەسێتییە ڕۆژهەڵاتییەکیان -بەتایبەتی کورد- لە ئەنجامی تینوێتی سێکس و مەحروومبوون لێی و قەدەغەکردنی سێکس لە زۆربەی خەڵکی دەڤەرەکەی و.. هەروەها لەو ئازادیی و شەفافێتییەی لەم بارەیەوە لەوێ بەدەست هاتووە، هاتۆتە ئاراوە.. لە هەمان کاتیشدا ئەو تێربییەی ئەوان لە سێکسدا و.. گەڕانیان بە دووی چێژی هۆمۆسێکسیدا.. ئەمانە و.. ڕەنگە هۆکاری دیکەش زۆربن.. کە دواجار لە نێو پرۆسەی بەردەوامی سێکسدا.. ئەم لایەنە (ڕۆمانسییە) کاڵ دەبێتەوە.. جا ئیدی دوای جیابوونەوە و دوای تێپەڕبوونی زەمەنێکی درێژ ڕۆمانسێتییەکە لە یادگار و بیرەوەرییەکاندا سەرهەڵدەداتەوە.

لە (پاتریسیا و دیارییەکەی) چنگیانیدا.. ئەگەر بە دەفتەری یاداشتەکانی (پاتریسیا)دا بڕوانین.. کە کچەکەی خۆی (ڤیۆلیتتا) بە دزی دایکییەوە بۆمان دەخوێنێتەوە.. چەند هەست بە سۆز و بە پەرۆشیی و سەوداسەریی (پاتریسیا) دەکەین.. هێندە زێتریش ددانپێدانانە بە (ڕۆمانسیێتی) دڵدارە کوردەکەیدا.

(نازانم لە کوێیە، وەلێ دوورەوە.. لە قووڵایی ڕۆحێکی پەشیمانەوە تروسکاییەکی زۆر باریک.. ئا.. باریکتر لە باریکی هیوام.. بۆنی هەناسەی دەکەم و ڕۆحم پێم دەڵێت دەژی) (٦٣).

چنگیانی لەم ڕۆمانەدا کۆلاجێکی هونەری جوانی لە گێڕانەوەدا کردووە.. سەرەتا خۆی ٤٠ لاپەڕەی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە.. ئیدی لە لاپەڕە ٤٠وە تا ١٤٧ زێتر لە ١٠٠ لاپەڕە پشت بە دەفتەری بیرەوەرییەکانی (پاتریسیا) دەبەستێت.. ئەوجا لە ٤٠ لاپەڕەیەکی کۆتاییدا دەنگی خۆی (نووسەر-بگۆ) دەردەکەوێتەوە.. بەم پێیە نووسەری ئەم ڕۆمانە دەبێتە دوو کەس.. یان دەبێتە دوو دەنگی سەرەکی.. یەکەم (پاتریسیا) کە ناونیشانی ڕۆمانەکەیشی هەڵگرتووە.. لە ڕوانگەی ژیانی خۆی و سەرهاتەکانییەوە سیما جۆراوجۆرەکانی کەسێتی دووەم (نووسەر) دەردەخات.. نووسەریش جگە لەوەی ڕۆماننووسەکەیە لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی وای تێدایە کە ڕۆژنامەوانیش -گەرچی ئەم پیشەیەی کەسێتی دووەم بە کردەوە لە ڕۆمانەکەدا نابینرێت- گشت سیما و خەسڵەتەکانی کەسێتی یەکەم (پاتریسیا)مان پێدەناسێت.

لێرە و لە زۆربەی چیرۆکەکانی چنگیاندا.. نووسەر خۆی چ وەک کەسێتی ئاشکرا و زەق و تەواو و.. چ وەک سێبەر و تارمایی ئامادەیی زاڵی هەیە.. بەتایبەتی لێرەدا چیرۆکی عیشقی خۆی و پاتریسیای تۆمار کردووە.. لە پاڵ پەناوەبەر خەیاڵ بردنیشدا.. چونکە جەختکردن و ددانپیانانێکی ئاشکرای تێدا بەدی دەکەین.. ئەویش لەسەر زاری کەسێتییەکی کۆمبارسەوە کە (کلۆدیا)ی هاوکاری پاتریسیایە لە نێو

ڕیستورانەکەدا.. بە پاتریسیا دەڵێت:
(- دەزانی هەندێ نووسەر خۆیان پاڵەوانی نووسینەکانیانن) (٦٤).
کەواتە بەشی دووەمی ناونیشانی ڕۆمانەکەش (...و دیارییەکەی) دەبێتەوە بە ئەم کەسێتی دووەم (نووسەر)ەی باسمان لێوەکرد.
من لە سەرەتادا وای بۆچووم.. ئەو (دیارییە)ی پاتریسیا هەموو شتێک بێت تەنیا (نووسەر) خۆی نەبێت.. بەتایبەتی هەر دەفتەری (بیرەوەرییەکان) خۆی دیارییەکە بێت و.. بۆ (ڤیۆلیتتا)ی کچی مابێتەوە.. کە بەنیسبەت ئەم کچەوە دیارییەکی هێجگار بە نرخە و.. هەرچی نهێنییەکانی دایکی هەیە گشتی تیا بەیان کراوە و.. تەنانەت لێرەدا ڕەگەزی خودی خۆیشی بۆ ساغ دەبێتەوە.. بۆیێ وا بەو نیوە شەوە بە پەرۆشەوە دەیخوێنێتەوە.. بەو هەست و سۆز و ئەندێشە و بەسەرهاتانەی دایکی بەجارێ مەست و سەرسام دەبێت.
دواتر وام هەست کرد هەر (ڤیۆلیتتا) خۆی بەهادارترین دیاری و سەرمایەیەکی دایکێتی بۆ نووسەر و.. شارە و شار و وڵات بە وڵات بە دوایدا دەگەڕێت تا دەیدۆزێتەوە و.. دەگاتە لای و.. ئەویش هەر بە نازدارترین دیاری پاتریسیا و بەرهەمی زیندوو و شایەتحاڵی بەرجەستەی خۆشەویستیەکەیانی دەژمێرێت.. بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا.. نووسەر -بگۆ- خۆی دەبێتە (دیاری) بۆ پاتریسیا، چونکە کچەکەیان، لەم سۆراخکردنەیدا دەخوازێت (باوکی-نووسەر) بدۆزێتەوە و.. بە بۆنەی جەژنەکانی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح (کریسمس) و سەری ساڵەوە بیکاتە (دیاری) دەستی خۆی بۆ پاتریسیای دایکی.
«-ئای کچی زرنگم! یانی ئیمساڵ من دەکەیت بە دیاری دایکت؟!" (٦٥).

هەندێک جار لەو جۆرە چیرۆک و ڕۆمانانەدا..عیشقی درێژخایەن، یاخود دڵداری ڕاگوزاری کاریگەری ئەوتۆ دەبینێ کە یادەوەری گەلێ شیرین و ڕۆمانسییانە جێدەهێڵێت.. ئەم دیاردەیە بەو کار و بەرهەمانەوە زێتر خۆی دەنوێنێت کە نووسەر (یان کەسێتییە سەرەکییە کوردەکە) تێیاندا دەمێکی درێژخایەن لە هەندەران مابێتەوە و.. دواتر هەلومەرجێکی گوزەران و ژیانی لە باری بۆ ڕەخسابێت.. یان هەر هیچ نەبێت خەمی نان و کار و تەنانەت خەمی پاشەڕۆیشی نەبێت.. ئەم هەلومەرجە لە زۆربەی چیرۆکەکانی چنگیانی و تاک و تەرایەکی دیکەشدا ڕەنگیان داوەتەوە.. لای جەزا چنگیانی.. جگە لە ڕۆمانی (پاتریسیا و دیارییەکەی).. لە چیرۆکی (قەیرە خانم)دا.. کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە یەکەمین دیداریدا لەگەڵ (قەیرە خانم) دا ببێتە هاوبەشی پیاڵەی مەیخواردنەوە و.. تەنانەت داوای لێدەکات هەر لەو گازینۆیەشدا ئاوێزانی یەکدی بن.. ئەو خاتوونەی لە ژیانیدا و تا ئەو ساتەوەختە شەرابی نەخواردۆتەوە.. چجای ئەوەی لەبەر چاوی ئەو خەڵکە پرۆسەی سێکسی لە تەکدا بکات!
"- وەرە هەر ئیمشەو نا.. هەر ئێستە.. لەسەر ئەم مێزە لەشمان ڕووت کەین.. حەزمان جووت کەین.. با پێکەوە سەرچۆپی شەپۆلی چەند تەکانی سێکس بگرین" (٦٦).
دواتر کەسێتی یەکەم (ڕاوی) قەناعەت بە خاتوون دەکات شەوێکی سووری تژە ئەوین لەماڵەوە بەسەر بەرن..
جگە لەمەش لە چیرۆکی (چیرۆکێکی دیکە) (٦٧)دا.. وێڕای ئەوەی کەسێتییە کوردەکە خەمبار و سەرلێشێواوە.. بەڵام سەقامگیرە و هیچ مۆلەقییە لە کات و شوێندا هەست پێناکرێت.. خولیاکان خولیای سات و جێگەی تێروتەسەلن.. هەموو خەم و پەژارەکان بریتین لە لێکدابڕانێکی نێوان خۆی و کچ (ژنە) ئەوروپاییە بۆ ماوەی مانگێک.. کە لەوەوبەر ماوەی سێ ساڵ پێکەوە بە هەموو ماناکانی ژیان و عیشق و سێکسەوە ژیاون.
چیرۆکە کە لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە لە ماڵەوە جێ بەخۆی ناگرێت و بەهەرلا دەڕوانی هەر بۆن و بەرامە و هەناسە و یادگارەکانی ئەو (ژنە)یە و.. تەنانەت ئاوێنەکانیش یادگاری خۆیان لەگەڵ لەش و لاری ڕووت و هەناسە و ماچەکانی ئەو (ژنە)دا هەیە و.. بێزارن لەو تەنیاییەی ئێستەیان..
ئیدی ناتوانێ بەرچایی بخوات و بەرەو قاوەخانەیەک مل دەنێ و لەوێش هەر نامۆیی ئەو دەکات و.. شەیدای سۆراخێکیەتی... لە ناکاو لەوەوە تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت.. گوێی لە هەناسە و دەنگی دەبێت.. بەمە سوکنایی دێت و لەخۆشیاندا فرمێسک دەڕێژێت.. دوو پیرەژن لەوێدا ئاگاداری ئەم سەودا سەرییەی دەبن و دێنە

لایەوە.. ئەمـــیش تەواوی ئەو ژیان و عـــیـــشـــقـــە (رۆمانسیانە) (٦٨)ی خۆی و ئەویان بۆ دەگێڕێتەوە..

ئەمەیان وەک چیرۆکی (یەکەم ماچ)ی (شیرین)ەکەی کوردستانی نییە.. ئەمەیان هێجگار ئاوەژوو و دژوارە.. پەناهێندەیی بۆ هەندێ کـەسێـتی چیـرۆکـەکـان ببـێـتـە جێگەیەکی سەقامگیر و نیشتمانیش جێگەیەکی مۆڵەق بێت! لە کـاتێکدا هەردوو (شـیـرین)ی ئێـرە و ئەوێ تێکەڵ دەبن.. کەچی " لە کوردستاندا پێککەیشتنەکان هەمـوو بە دڵەڕاوکێ و لەرزەوەیە و لەوێش بێ ترس و.. هەر وەکـو کـوردسـتـان جێگەیەکی ڕاڕا و قـەلیق بێت و ئەوێ جێی چەسپاو و ئەڤینی حەقیقی بێت" (٦٩).

ئەم جێگە مۆلەقە نە هەر بۆ عەشق و سێکس، بەڵکو بۆ هەمـوو ژیان بە گـشـتی چیرۆکی لە (ئەسپـیـدیلۆن)ی کاروان عومەردا وێنایەکی هێجگار ورد و هونەری سیحر ئامێزانەی بۆ کراوە و.. ئەسپیدیلۆن دەقاودەق گوزارە لەم حاڵەتە مۆلەقییە دەکات.. ئەسپیدیلۆن «گـیانداریکی ئاوییـە.. لە نەهەنگیش گـەورەترە.. ئەسـپـیـدیلۆن کـە دەکەوێتە سەر ئاو دەلیـاوانەکان وا دەزانن وشکانییە.. بارگە و بارخانەی خۆیان لەسەر پشتی هەڵدەخەن.. بەڵام هەر ئەوەندە ئاگریان کردەوە ئیتر خۆی دەجووڵێنێت و هەر هەمــوویان هەڵدەگــرێت و نقــومی نـاو ئاویان دەکــات" (٧٠).

چیــرۆکنووس لێــرەدا دوو شــوێنی جــیــاوازی خـســتـۆتەڕوو.. شـوێنی یەکـەم (دانیـمـارک)ە.. ئەو جێگەیەیە چیـرۆکـەکـەی تێدا نووسیـوە.. دووەم جـێی ڕووداوەکـانی کـارەسـاتەکـانی چیـرۆکـەکـەیە.. شـوێنی بیـرەوەریەکـانە.. بێگومان لە زەمەنێکی ڕابردوودا وەک هەقـیــقــەتێک ئەم شـوێنەش هەبووە. وەلێ نووسـەر هەردووکــیــان بە (ئەســپــیــدیلۆن) دەداتە قــەڵەم.. ئەسپیدیلۆنی دووەم کە زێتر بە نیشتمانەکەی دەچێت. بەلای ئەوەوە لە مـێـژە نغـرۆ بووە و ئێـسـتـە لە وەهمـێـک زێتر نییە.. ئەوی یەکەمیشیان هێشتا لای نووسەر ئاگر لەسەر پشتی نەکراوەتەوە.. کێ دەڵێت ئەو ئاگرە لەسەر پشتی دەکرێتەوە!

من لەو بڕوایەدام ئەم کـێـشـەیە.. کـێـشـەی جـێگەی سـەقـامگـیـر و جـێگەی مـۆلەق.. تۆژینەوەی تایبـەت و قووڵی گەرەکە.. کە تەنیا هەر ئاوڕیشی لێنەدراوەتەوە.. بەتایبەتی لەو مۆلەقی و نا ئارامییەی لە جێگە و ژوانی دڵداری سێکسدا میوانە.. واتە نێو شەمەندەفەر و ئوتێل و نایت کلەب و تەنانەت هەندێ جـار سـەرتاسـەری نێـو ماڵ و خانوو و ئەپارتمانەکانی نیشتمانیش دەگرێتەوە.

چنگیـانی هەر بەم لایەنەوە نەگـیـرسـاوەتەوە و.. لە چیرۆکەکانی دیکەیدا پەلی بۆ گەلێ بابەت و بەهای دیکە دەهاوێت.. بەتایبـەتی بەها مـرۆڤـایەتیـیـەکـان.. چ وەک چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ بەدەست مـرۆڤـەوە و.. چ وەک نیشتمانپەروەریتی و چ وەک کێشە نالەبار و سەختەکانی ژنانیش..

لە چیــــرۆکی (چـوار نـان)دا.. ژیـان و گــــوزەرانی خێزانێکی کرێکار دەگێڕێتەوە.. کە سەرباری هەژاری و مەینەتی ژنە کرێکارەکە (برێگیتـا) لەکار دەردەکرێت و دەڵێت لەم ولاتەدا.. "مـرۆڤ وەک قـورمـیـش کـرابێ، ڕۆبۆت ئاســـایی هەڵدەســووڕێ (چونکە لەوانەی) بە تاوانی باوێشکێ یان دوان یان سێیان بە ئاسانی لە سەر کار دەربکرێت" (٧١).

لە نۆڤلێتی (چۆن گەیشتمە لای خوا) (٧٢).. بابەتی سەرەکی نیـشـتـمـانی دایکە.. بە هەورامـانی بە هەشـتی هەردوو دنیا و کارەساتەکانی ئەنفالیشەوە.. ئەمجا پرس و بۆچوونەکانی سەبارەت ڕەچەڵەکی چەند پێغەمبەرێک و کێشەی ئایین.

هێندەی پێوەندی بەم باسەی ئێمەوە هەیە. ئەو خولیا و خـەون و گـریان و ئەندێشـە و بیـرەوەری و یادگـارانەی کـەسـیـەتی سەرەکی چیرۆکەکـەیە کـە لە هەندەراندایە و هیـچی دی.. خۆ ئەگەر ئەو کەسێتییە لە نیشتمـانیشدا بوایە، هیـچی ئەوتۆی لە پرس و کێشـەکان نەدەگۆڕی.. زەمینە و ئەتمۆسفیر لە هەردوو حاڵەتدا چون یەکن. مەگەر لە تاکـە خـاڵێکدا نەبێت ئەویش: ئەو پرسـیـارانەی دەخوازێت بیکات لە جێگە و نێـو کـۆمـەڵگەیەکـەوە بۆ ئەوی دی جیاوازە و.. پێدەچێت ئەو جۆرە پرسیارانە لە نێـو ڕۆژهەلاتدا باجێکی زۆر سەختی لەسـەر بکەوێ و تەنانەت هەر لە ناونیـشـانەکەیەوە بە قـەدەغـە و کوفـر و حەرام دابنرێت.. بەڵام لەوێ دەتوانێ بە ئـارەزووی خـۆی خەون ببینێت و بگریێ و بڵاوبێتەوە و.. بە خەیاڵی خۆی کـام پێغـەمبـەر بە ڕەچەڵەک دەکاتە کورد و نایکاتە کورد ئازادە.. کـام بسـتـە خـاکی ئەم زەمـینە دەکـاتە بەهەشـتی بەرینی خواوەند و کامیشی دەکاتە دۆزەخ هەر ئازادە!

«نامـەوێت پرسـیـارەکـانی ژیانم لە مـێـشـکدا کـەڕوو هەڵبێنن" (٧٣).

پێــمـوایە مـەبەسـتی لە پرسـیـارەکـانی ئەوە نیـیـە

بەرەورووی یەکێکی بکاتەوە.. بەڵکو مەبەستی بە ئازادی دەربڕینی بیر و خولیا و بۆچوونەکانییەتی.. چونکە گوزارەکردن لەوانە و لە دەڤەرێکی بە ئایین تەنراودا کارێکی ستەم و تەنانەت خوێن حەڵاڵکردنی پرسیارەکەیشی بەدواوەیە.

ئەوەی لەم نۆڤێلەتەدا وام لێدەکات هەست بە زەمینەی.. یان شانۆی یاریکردنی کەسێتییەکە بکەم کە نیشتمان نییە و ئەوروپایە بە تەنیا ئەوەندەیە کە دەڵێت:

"گەیشتمە ئەوروپاش کەسێک حسابی سەگێکم بۆ ناکات" (٧٤).

دیارە هێشتا نە شارەزایە و.. ئەم گوزارەیەشی لەمەڕ (سەگ) هەر بە مانا و مەبەستە خۆرهەڵاتی و ئیسلامییەکەی بەکارهێناوە کە ئەوپەڕی بێحورمەتی بە سەگ دەکرێت و هەمیشە گڵاوە.. دەنا دوای تێکەڵاوی شارەزایی ئەوجا تێدەگات سەگ لایان تا چ رادەیەک جێیبایەخ پێدانە و.. لەمەوبەریش لە باسی چیرۆکی (سەگدۆست)دا.. ئێماژەیەکی بەهێزمان لەم بارەیەوە بە دی کرد.. ئەوەتا تەنانەت لای (کاروان عەبدوڵلا)ش.. لە رۆمانی (سەفەری مردووەکان) (٧٥)دا.. بە وردی ئەو جیاوازییەی نێوان سەگەلی ئەوان و سەگەلی خۆماندا دەخاتە روو..

«سەگەکان هەموویان لە ژووره جوان و رازاوەکاندا وەک ئەندامێکی ماڵەوە سفرەیان بۆ رادەخرێت.. لەنێو بانیۆکاندا بە سابوونێکی بۆنخۆش دەشۆردرێن.. حەووووو! سەگەکانی لای خۆمان نەبن هێندە چاویان بە ئاسمانەوەیە تا نێچیرێکیان پێ ببەخشرێت، بیلبیلەی چاویان هەتا دێ گەورەتر دەبێت» (٧٦).

کەسێتی سەرەکی نۆڤێلێتی (چۆن گەیشتمە لای خوا) زۆربەی سیفەتە سەرەکییەکانی مەیموونە سپییەکانی بەزەقی پێوە دیارە.. ڕوخسار ناشرین و زیپکاوی و گرینۆک.. دەروون پڕ لە شەیدایی و پەرۆشی بۆ باوەشی دایک (گەڕانەوە بۆ نێو جەنگەڵ) بەتایبەتی لە کاتی نارەحەتی و هەست بە نامۆیی و بێزاریدا.. چونکە تەنیا دایکە کە هەرگیز بێز لە زیپکە و برینەکانی رۆڵەکەی ناکاتەوە..تاد.

ئیدی گشت کەسێتییەکانی دی.. بە دایک و باوک و تەنانەت زاتە رۆحانییە پیرۆزەکانیشەوە لە نێو خەون و خەیاڵی ئەودان و لە کۆتایی نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: "خەیاڵێکی خۆش بوو!" (٧٧) و تەواو.. کەس نازانێ

ئەم لاوە بۆچی رەهەندەی وڵاتان بووە و پرۆژەکانی.. یاخود خواستەکانی چین و چی نین! تەنانەت ناشزانین ناوی چییە!.

ئەمە هەروەک (باویل)ی کەسێتی سەرەکی رۆمانی (سەمای مردووەکان)ی (کاروان عەبدوڵلا)وە.. بە جیاوازی لە گەلێ ڕووەوە..

باویل لە خانەوادەیەکی تووڕە و شەڕانی و بکوژ - تیرۆریست-دا پەروەردە بووە. کەس نازانێت بە چ ئومێدێکەوە نیشتمانی بەجێهێشتووە..

"بە دەستی خۆت وڵاتێکت لە رۆحی خۆت تۆراند"(٧٨).

دوا قۆناغی کۆچەکەشی.. لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتێکی ئەوروپاییدا دەگیرسێتەوە کە بە هێسترایەکی خەستەوە گیرۆدەیە و.. بەو حاڵەوە نامە بۆ برایەکی دەنووسێت و.. لە کاتی نووسینی نامەکەدا هەرچی بیرەوەری و کارەسات و تاوانەکانی خۆی و بنەماڵەکەی هەیە بە تەوژمی هۆش -چ راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ- هەروەها بە شێوازی مەنەلۆگیش دەیانخاتە بەر زەینی خوێنەر.. هێستریاکە خەستوویەتییە حاڵەتێکەوە گراگرای مەرگێتی و دەخوازێت بەهەر شێوەیەک بێت بمرێت و لەو ژیانە (ئازاد) بێت و.. ئیدی ئەم رۆمانەش وەک هەر چیرۆکێکی ئاسایی بە خۆ خنکاندنی کەسێتییەکە (باویل) کۆتایی دێت.. دەڵێم (ئاسایی) چونکە مەرگێکی (خۆکوژی) ناتراژیدی چاوەڕوان کراوە و.. خوێنەر تووشی هەژان و ڕاچڵەکین ناکات و.. دیارە رۆماننووس ویستوویەتی بەهەر شێوەیەک بێت ئەو کەسێتییە سەرەکییەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.. دوای ئەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی ناون جێبەجێ دەکات.. بەتایبەتی وەدەرخستنی ئەو رووداوە مەرگەساتانەی لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا و بە بیانوو و یان بەهۆی نامووسپەرستییەوە روو دەدەن.. چونکە (باویل) بەر لە رۆیشتنی (خانزاد)ی خوشکی لەسەر نامووس کوشتووە.. لە رێگەش کاپتانی پاپۆرەکە دەخنکێنێ و.. وەک هەزاران پەراگەندەی دیش دەیان جار لەو سەفەرەدا تووشی مەرگەسات بووە - سەیرە.. ئەمانە هیچیان هیچ سیحر و جوانییەک و ئەسرێکی سەرنجراکێشم لا بەجێ ناهێڵن.. وەلێ رۆمانەکە لەو سیحر و هونەرە جوانە بەتاڵ نییە.. (کاروان عەبدوڵلا) زۆر هونەرمەندانە خۆکوشتنی کیژە مەهابادییەکەی

وێنەگرتووە.. ئەو کچە بە جورئەتەی چاوەڕوانی شەپۆلە شێتەکانی دەریا ناکات پاپۆڕەکەیان ژێرەوژەبەر و نقوم بکات و.. تێیدا بێ دەسەڵاتانە ژێر ئاو بکەوێت و بمرێت.. بەڵکو خۆی بڕیاری مەرگ و کۆتایی خۆی (ئازادانە) دەدات و.. بە بەرچاوی سەرنشینەکانەوە چەند پلەیەک سەردەکەوێتە سەر قەراغی پاپۆڕەکە و پارچەپارچە جلەکانی دادەکەنێت و فڕێیان دەداتە نێو دەریاکەوە و.. لە کاتێکدا گشتیان بە چاوی ترس و خۆف تێزاوەوە بۆی دەڕوانن.. خۆی فڕێ دەداتە ئامێزی دەریاوە.. ئەم دیمەنە سەرجەم ڕۆمانەکە بەتین و تەوژمێکی سیحراوی نازدار بارگاوی دەکات.

بەسەرهاتە مەرگئامێزەکانی ڕێگەی کۆچ بەرەو هەندەران.. لەم دە ساڵەی کۆتایی سەدەی بیستەمەدا و.. بەتایبەتی بەنیسبەت لاوی کوردەوە.. بووە وێردی شەو و ڕۆژانەی سەر زاری هەموو خێزانێکی کوردستان.. کارەساتەکان هێندە دژوار و کۆستەکان هێندە گران بوون.. هیچیان لە گەشتەکانی سەندوبادی دەریایی کەمتر نەبوو.. تەنانەت هەفتە و مانگ نەبوو کارەساتی تایتانیک ئاسا و بێسەر و شوێن بوونی دەستە دەستەی کۆچکردووان نەبیسین.. ئەمانەش هەموو دوای ئەوەی لە دەیان دیوار و دەرگە و لەمپەر و سنووری سەخت تێپەڕ دەبوون.. کە هەر یەکەیان بە هەزار فێڵ و فەرەج.. بە دڵەڕاوکێی بەردەوامەوە دەیانبڕی و.. ئەمجا لەمپەر و قەدەغەیەکی بە زەبروزەنگتر چاوەڕوانی دەکردن.. هیچ کامێکیشیان نەبوو باجەکەی لە (سەر) و (ماڵ) کەمتر بێت.. هەمیشە مەترسی مەرگ و کوشتن بە فیشەکی پاسەوانانی سنوور و بە فیتی قاچاخچیانی کورد.. بە ڕەقبوونەوە لە سەرما و مردن لەژێر هەرەسی بەفردا.. بە برسێتی و تینوێتی.. دواتر خنکان لە دەریا (بەتایبەتی ئیجە)دا.. ئەگەر لەم مەرگە حەتمیانە قوتار بوونایە.. ئەوا لە پلەی دووەمدا و بۆ هەر قۆناغێک ڕووتکردنەوە، بەرتیل.. کرێی گواستنەوە و نیشتەجێی کاتی گران و خەیاڵی.. گرتن و زیندانیکردن.. دیپۆرت و سنوورداشکردنەوە و.. تاد لە ئارادا بووە..

لەو بڕوایەدام هەر حاڵەتێک لەمانە.. یان بەسەرهاتی هەر تاکە کەسێک.. یان تاکە خێزانێک لەوانە.. کەرەسە و مادەی خاوی ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێشن.. تەنیا هەندێ فانتازیا و خەیاڵ و قەڵەمێکی هونەرمەندانەی گەرەکە و هیچی دی.. لەمەدا مەبەستم ئەوە نییە ئەوانە خۆیان بینووسنەوە.. بەڵکو بێگومانم خێزانێک نەماوە، ئەندامێک یان زێتری بە گۆشت و خوێن و ئومێد و هەست و نەستەوە لە نێو جەرگەی ئەو کارەساتانەدا نەژیابن و بە وردی نەیانگێڕابێتەوە و باسیان نەکردبێت.

بەڕاستی پێم سەیر بوو د. فەرهاد پیربال لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێلاو شین) (٧٩)دا.. دوای ئەوەی بەسەرهاتە واقیعیەکانی خێزانێکی پەڕاگەندە و چەند کەسێکی دی دەبیسێت دەڵێت: " - ئەگەر بشیکەمە چیرۆک، لە کوردستان کەس باوەڕم پێ ناکا

-بۆچی؟

- دەڵێن ئەوروپا ئەمە نییە کە د. فەرهاد باسی دەکات" (٨٠).

پێموایە پیربال لە بێباوەڕیی خەڵکی کوردستاندا مەبەستی تەنیا لەو چەمکەیەتی کە گوایە خەڵکی باوەڕ بەوە ناکەن (ژن) مێردەکەی تەڵاق بدات"

"- دەبێ بڵێم ژنەکەم تەڵاقی دام" (٨١).

ئەمە لە جارانی زوودا ڕاست بوو.. تەنانەت خەڵکی لای ئێمە ئەمەی بەلاوە هێندە سەیر و سەمەرە بوو وەک نوکتە و گاڵتە باسیان دەکرد.. وەلێ ئەوە دەیان ساڵیشە نە هەر ئاساییە، بەڵکو هەزاران خێزان بەسەریشیان هاتووە و.. خودی ڕۆمانەکەش هێندە لە مێژ نە نووسراوە.. لەم ساڵانەی دواییدا -دوو ساڵ لەمەوبەر- نووسراوە.

" من لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١دا گەیشتمە پاریس" (٨٢).

زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە هێجگار ئاسایین و لای خەڵکی شتی سەرسوڕهێنەرتریش هەیە و.. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی نەک مێرد تەڵاقدان بە لایانەوە ئاساییە.. بەڵکو خەڵکی بڕوا بەوەش دەکەن کە کوڕە لاوی کورد لەوێ شوو بە پیاوێکی ئەوروپاییش بکات!

کەواتە ئەوە گرینگ نییە ئاخۆ خەڵکی بڕوا بە هەندێ ڕووداو دەکات یان نا.. گرینگ ئەوەیە نووسەر بتوانێت بە شێوازێکی هونەری ئەوتۆ گوزارەیان لێبکات، خوێنەر سەری نەپەڕژێتە سەر ئەوەی ئایا ئەوە واقیعییە یان نا.. خۆ ئەگەر ڕۆماننووس خۆی ئەو تێبینییەی نەخستایەتە دووتوێی ڕۆمانەکەیەوە، ئەوا بە هیچ جۆرێک هەستمان بەو لایەنە نەدەکرد. چونکە من لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا

به دووی ئەو سـیـحـرەدا وێڵ بووم کـه له هەناوی (جێنتلمان)ه شەپقه ڕەشه پاڵتۆ ڕەشه پێلاو شینەکەدا حەشـاردراوە.. بـه دووی ئەو نهـێنییـەدا وێڵ بووم ئەو دەسـتـه و تاقـمـه.. یان ئەو تۆڕە تۆقێنەرە بەرگ و کاڵا هاوچەشنە.. ئەو چەند کـەسـه سـەرسـەخت و خـەڵک فریودەرە.. ئەوانی شارەزا بە کون و کەلەبەر و کووچە و کۆڵانی شـارەکـانی ئەوروپا.. ئەوانه چۆن دروست بوون؟ چۆن ئەو تۆڕ و ڕایەڵە تۆکـمـەیەیان لە نێـوان خـۆیاندا دروست کردووە؟! دژی کێن و لە تەک کێدان؟! ترسیان لە چییە و کێ پاڵپشتیانە؟! بە دەیان پرسیاری دی کە دەبێ خوێنەر خۆی لە هەندێ ئاماژەی نووسەردا.. یان لە ژێر دێڕەکانەوە بیانخوێنێتەوە و سەری گرۆڵەی هەندێ وەڵامی دەست کەوێ.. یان هەر دەستیشی نەکەوێ!

لە ڕاستیدا سەرەتای دەستدانە ئەم تۆژینەوەیم بۆ ئەوە نەبوو هەمـوو.. یان زۆربەی مـەیموونە سـپـیـیـەکـانی چیـرۆکنووسـانمان بەسـەر بکەمـەوە.. بەڵکو بە نیـازی باسێکی هەمە لایەنی ئەو چیرۆکانەی د. فەرهاد پیربباڵ بووم کـە زەمـینە و کـەسـێـتـیـەکـانیـان پێـوەندییـان بە خۆرئاواوە هەن و.. بەتایبەتیش جەخت لەسەر ڕۆمـانی "سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا -Santiago De Com postila"(٨٣) بکەم.

ئەڵبـەت فـەرهاد هەر دەمـەی ئەزمـوونێکی ئەدەبی و هونەری سـەرەڕۆیانه و هەرزەکـارانەی جیـدیمان لە بواری چیـرۆک و ڕۆمـاننووسـیدا دەخاتە بەردەست.. جا ئیـدی وێڕای ئەوەی هەندێ جار هەرا و زەنا و کێشمەکێشی پڕ لە گۆڵتاوەڕۆ دەخاتەوەو.. لاسارانە گۆمەکان دەشڵەقێنێ و.. دەشزانین هەرگیز لەگەڵ مەیین و چەقبەستندا دانووی نـاکـوڵێ.. دواجــار بە زۆری ســەرکــەوتنێکی سەرسوڕهێنەرانە بەدەست دێنێ.. ئەمەش لە ئاکامی ئەو خـۆڕەنجـاندن و پشـوودرێژییـە بەردەوامـەیدایە لەگـەڵ نووسـیندا.. ئەو جـەخـتکردن و وەدووکـەوتنەی نهێنییـەکانی نووسین و شێوازەکانی دەربڕیندا.. کەچی ئەوەی بە لامەوە سەیر بوو ئەوەبوو: بۆچی ئەم ڕۆمـانەی دوایی.. ئەم سانتیاگۆیەی کە هاندەری سەرەکی تێکڕای ئەم باسـەم بوو.. بۆچی نە نێـوەندەکـەی شـڵـەقـاند و نەگۆڵتاوەڕۆی نایەوە و.. تەنانەت لە کوولەکەی تەریشدا باس نەکرا.. ئەمەم هەر بەلاوە سەیر نەبوو.. بەڵکو زۆر ستەم بوو.. ئەم بێدەنگییـە بەردینە مـردووە بەرامـبەر کاری جیددی و داهێنان و.. ئەو هەموو نووسین و قسە و قسەڵۆکانەش لەسەر شت و باسە لابەلایەکانی ڕۆمانێک مایەی ستەم و ئومێدەبڕاویشە.

زۆربەی ئەوانەی لەسـەر بەرهەمـەکـانی د. فـەرهادیان نووسـیـوە.. بە پلەی یەکـەم بە دووی کـەسـێـتی نێـو چیـرۆکـەکـانیـدا گـەڕاون.. بۆ ئەوەنا لە هەمـوو لایەنەکانییەوە شی بکەنەوە و.. ڕۆڵی ئەو کەسێتییە لە بونیاد و گەشەپێدانی ڕووداوەکاندا چییە و.. بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ مەبەستی لە کام کەسی خۆ فرۆش و دەسەڵاتی خیانەتکار و فاشست بووە.. بۆ ئەوەی هەرا و زەنایەک بخـەنەوە و نووسـەر بخـەنە داوی بگرە و بەردەیەکی ئەوتۆ چوون تاوانبـارێک (نەک دانەر و داهێنەرێک) سـەیر بکرێت.. کـە بێگومـان سـەرئەنجـامـەکـەی وەک ناو و ناوبانگ لە خـزمـەتی نووسەردا دەبێت و لە هەمان کاتیشدا بە زیانی ئەدەب و هونەرەکەی دەشکێتەوە.

ئەمـە لەلایەک.. بە پلەی دووەمـیش.. کـە لەوانەیە ئەمـیـشـیـان هەر لە ئاستی پلەی یەکـەمدا بێت- ئەو نووسـینانە لەسـەر شـێـوازی هونەری- نووسـینی- چیرۆکەکانێتی.. وەک

دەنگە جیاوازەکان لە/ مولازیم تەحسیندا

کارتە ژمارەدارەکان لە/ شیزۆفرینیادا

خشتەی چوارینەی لاپەڕەکان لە/ منداڵبازدا

دووبارەکـردنەوەی فـڕێدانی توێکڵـە مـۆزەکـان لە/ پەناهێندەدا

دووبارەکـردنەوەی ڕسـتـە لێکچـووەکـان لە/ پەتاتە خۆرەکاندا

ژمـارەدانان بۆ گـۆڕینی دیمەن و کـارەسـاتەکـان لە/ پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی.. تاددا.

پێـمـوایە.. گشت ئەو لایەنانە.. (پەتاتە خـۆرەکـان و پیاوە شەپقە ڕەشەکەی لێدەرچێت.. کە خەتخەتێنییان تێدا نییە.. هەموو ئەوانەی دی کە ناومان بردن) بریتین لە ئەزمـوون و هەوڵدانێکی فـۆرمـالیـانەی، سەرسەختـیانەی ساتەوەختـیانەی تایبەت بە شێـوەی (نـووسـین)ی د. فـەرهاد خـۆی لـە هـونـەری چیرۆکنووسیندا.. کە زێتر لەو بەرگە مۆدانەی ژنان دەچن کـە لە مـاڵەوە لەبەر ئاوێنە و دوور لە چاوی خـەڵکی لەبەریان دەکـەن.. بە زۆریش ئەوان پێـوەندییـان بەو شـێـوازە هونەرییـەوە نییـە لە ناخی وشـە و ڕسـتـە و فـرەیزەکـانەوە دەردەچن و.. کـاڵا لە قـەد باڵاکـەی

ئەفراندنەکە پێک دەهێنن.. ئەمەش واتای وانییە فەرهاد لەمەی دواییاندا دەستەوسانە و هانا وەبەر ئەو جۆرە تیفتیفەدانە دەبات، بەڵکو ئەمەیان بەشێکی دیکەی لەو جورئەتە ئەدەبی و هونەرییەی نووسەر لە جیهانی تازەگەری شێوە (نەک شێواز)ی نووسیندا.. دەنا لە بەرهەمەکانی دیکەدا و (تەنانەت لە نێو ئەمانەشدا) پێڕەوی شێوازە هونەرییە نوێخواز و ڕەسەنەکانی چیرۆکی کردووە.. چ وەک دەرخستنی دەنگە جیاوازەکان.. گۆڕینی دیمەنەکان.. کەمەندکێشکردنی خوێنەر.. زیندوێتی و جوانی فانتازیا.. دانانی تۆوی سیحر و نهێنییەکان و..تاد. چ وەک دیالۆگ و مەنەلۆگ و تەوژمی هۆشی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ و..تاد.

لە ڕۆمانی "Santiago De Compostila"دا.. کەسێتی سەرەکی - ڕاوی و بگۆ- دارایە.. هونەرمەندێکی شێوەکارە.. لە سەربازی هەڵهاتووە و.. زانکۆی جێهێشتووە و.. لە شاری (هەڵەبجە)وە بەرەو هەندەران سەری هەڵگرتووە..

ڕۆمان‌نووس زۆر بە وردی ئیدیۆم و دەستەواژە و تەنانەت کەرەسەکانی شێوەکاری وەک بەشێک لە ژیانی دانەبڕاوی (دارا) بە هونەرەکەیەوە بەکاردێنێت.. واتا بێ بنچینە بە هونەرمەند ناوی بیات و دەستبەرداری بێت و.. خوێنەر لێی بکەوێتە گومانەوە.. بەڵکو خوێنەر قەناعەتی تەواوی بە دەستڕەنگینی دارا وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری لێهاتوو و بە تواناش هەیە و.. ئەم خولیای هونەرەش تا دێت لە ڕۆمانەکەدا گەشەسەندووتر دەبێت و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەگاتە لووتکەی هونەری.. بە کورتی هەست بە ڕاستگۆیی هونەری د. فەرهاد لە کارەکەیدا دەکەین و.. دواتریش هەست بەوە دەکەین ئەگەر ئەم کەسێتییە هونەرمەندێکی ئاوا سەراسیمە نەبێت، دەلاقەیەکی گەورە وەنێو کارە هونەرییەکەی ڕۆمان‌نووس دەکەوێت.. کەواتە ئەم وا بەستەیی دەسەڵات و زاڵێتی ڕۆمان‌نووس دەردەخات و.. ئەو ڕووکەشییەش ڕەت دەکاتەوە (دەسڕێتەوە) کە بە زۆربەی کەسێتی مەیموونە سپییەکانەوە بە زەقی دیارە.. کە چیرۆکنووسەکان لە ختوخۆڕاییی چەندین سیفەتی جۆراوجۆر (هەر بە وشە و نووسین) دەدەنە پاڵ کاراکتەرەکانیان بێ ئەوەی ئەو سیفەتانە بە ژیان و گوزەران و ڕەفتار و کار و پیشەیانەوە دیار بێت و.. خوێنەر دەخەنە گومانەوە و.. متمانە بەو کاراکتەرانە ناکات و کە ڕۆژێ لە ڕۆژان (هونەرمەند.. شاعیر و نووسەر.. ڕۆژنامەنووس.. سیاسی..تاد) بووبن و.. تەنانەت نوسەری وایان تێدایە لە درێژەی چیرۆکەکانیاندا لە بیریان دەچێتەوە ئەوانە چ کارەن!

ناونیشانی ڕۆمانەکەی د. فەرهاد پیربال، شارۆچکەیەکی ئیسپانیایە.. وەلێ بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکان لە فەڕەنسادان.. واتا هەر لە فەڕەنسادا و بەر لە کارەساتە مەزنەکە.. ڕۆمان‌نووس سەدان بیر و بیرۆکە و بۆچوونی جۆراوجۆری وردی نێوان (ئێمە-ئەوان) (خۆرهەڵات-خۆرئاوا) هەروەها (مەیموونی سپی-مرۆڤ) وەک ئیماژە و تەنانەت ڕاستەوخۆیانەش دەردەبڕێت..

کاتێ (دارا) لەگەڵ کچە ڕۆمان‌نووسێکی فەڕەنساییدا (ئۆریانا).. باسی ژیان و هونەر دەکەن.. ئۆریانا بەمجۆرە جیاوازی هونەر لای خۆیان و لای ئێمە ڕوون دەکاتەوە:

" - لەناو هونەردا- ئێوەی ڕۆژهەڵاتی- بیردەکەنەوە.. ئێمەی.. ڕۆژئاوایی- دەژین" (٨٤).

ئەم ئیماژەی بەلای منەوە گەلێ بەهادارە.. چونکە تەنیا ئێمە لەو بڕوایەدا بووین و.. تا دەمێکی دیکەش هەر وا دەبین، کە لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانماندا فیکر و فەلسەفە و تەنانەت باوەڕ-عەقیدە-ش بڵاوبکەینەوە.. لەمەشدا جەختکردن و پێداگرتنێکی لە ڕادەبەدەرمان پێڕەوکردووە.. بە واتایەکی دی پێمانوابووە هونەر تەنیا کەرەسە و هۆکارێک بووە بۆ پەخشکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکان.. بۆ باوەڕ و بیر و بۆچوونەکان.. پێمانوابووە تەنانەت (ژیان) خۆشی هەر شتێکە لەو کەرەسە و هۆکارانە و لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاکاندایە..

نەهامەتی و سەرگەردانی و چەوساندنەوە و بندەستێتی ملهوڕانی خۆماڵی و بێگانە.. بە جۆرێک سەری دنیایان لێهێنابووینەوە یەک.. ژیانمان لەلا کرابووە شتێکی پەڕاوێزئاسا.. تانهاش لەو بڕوایەداین ئێمەمانانێکی ڕۆژهەڵاتی دەتوانین فیکر و فەلسەفە و ئایدیای نوێ بخولقێنین! هەرگیز ناچێتە ئەقڵمانەوە کە زۆر لەمێژە نەک هەر ناتوانین فیکر و فەلسەفە دابهێنین، بەڵکو تەنانەت هیچیش نەماوە بیلێین و بینووسین و بەسەدان ساڵ لەمەوبەر نەوترابێت و نەنووسرابێت.. هەرچیش دەڵێین و دەنووسین، ئەوا دووبارە و هەزاربارە کردنەوەی پێشوو و.. ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە تەنها ئەوەیە چۆن

ئەو شتانە دەڵێینەوە هیچی دی.

وێڕای ئەمەش وەنەبێت خۆرئاوا لە نێو هونەر و داهێنانەکانیاندا بیرنەکەنەوە.. بێگومانیشم ئۆریانا مەبەستی ئەوە نییە خۆرئاوا هزریان کلۆم دابێت.. ئەوان بە گشتی ناخوازن نەزۆکە باوەڕ و زرە بیرۆکە بخزێننە نێو ئەفراندنەکانیان.. بە ئاشکراش مەبەستی ئەوەیە کە بیرکردنەوەی ڕاستینەی ئەوان لە نێو ژیان و لە پێناوی ژیاندایە.. واتا ئەوان لە هونەردا (بۆ ئەوە ناژین بیر بکەنەوە).. بەڵکو (بۆ ئەوە بیر دەکەنەوە بژین).. ژیان زاڵە نەک بیرکردنەوە.

لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەو بڕیاردانەی کچە فەڕەنسایییەکە بەشێوەیەکی گشتگیرانە بەسەر هونەری ڕۆژهەڵاتیدا بسەپێنین.. لە شاکارە هونەرییەکانی خۆرهەڵاتدا.. ئەفراندنگەلێکی ئەوتۆ هەن بە شەفافیەتێکی نازدارەوە (ژیان) تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە.. تەنها هێندە هەیە، بۆچوونێکی لەمجۆرەی (ئۆریانا ) لەو ڕووەوە بە هەند وەربگرین کە (با ئیدی لە نێو هونەردا بژین.. نەک تێیدا هەر خەریکی بیرکردنەوە بین)..

چونکە هەر لای (ئۆریانا ).. بە جۆرێکی دی ژیان و بیرکردنەوەی ڕاستینە پێکەوە لە هەموو بوارەکانی خۆرئاوادا دەبینین:

(- ئێمەی ڕۆژئاوایی بیر دەکەینەوە لە پێناوی ئەوەی چۆن باشتر و خۆشتر بژین) (٨٥).

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم وتەیە بدەین.. ئەوا بە تەواوی مەبەستەکەی ڕوون دەبێتەوە کە ئێمەی خۆرهەڵاتی:

(دەژین لە پێناوی ئەوەی بژین، بێ ئەوەی هیچ بیربکەینەوە) (٨٦).

کەواتە جیاوازییە وردەکەی نێوان ژیان و بیربکەنەوە لەلایەک و.. هونەر و بیرکردنەوە لەلایەکی دی و دواتر هونەر و ژیانیش لێرە و لەوێ.. یەکە یەکە یەکلایی کراونەتەوە.

ڕۆماننووس لە بەرایی ڕۆمانەکەیدا جیاوازییەکی دیکەش دەخاتە ڕوو.. لە دایەلۆگێکدا لەسەر زاری ڕۆژهەڵاتییەک بە پێچەوانەوە دەڵێت:

(- ئێمە پیترۆڵمان هەیە و.. ئێوەش ئەقڵ) (٨٧).

ئەمە وەک ئەوە وایە پێمانبڵێ: (ئێوە هەموو شتێکتان هەیە و ئێمە هیچ شک نابەین).. یاخود ڕەوانتر بڵێ: (ئێمە هێشتا مرۆڤ نین).. چونکە پیترۆڵ شتێک نییە ببێتە سیفەتێکی ئینسانی بۆمان. شتیکیش نییە خۆمان دروستمان کردبێت.. یان دامانهێنابێت و.. تەنانەت ناشزانین چۆن بەکاری بهێنین.. شتێکە بەدەر لە خودی ئێمە. ئەو شتە سروشتکردەیەمان.. ئەوان بە ئەقڵ توانیویانە بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.. دەکرا بوترایە ئێمە (نامووسمان هەیە.. پیاوەتی و مەردایەتیمان هەیە. سمێڵمان هەیە!! ئێوەش عەقڵ یان هەر شتێکی دی)..

بەهەرحاڵ هێشتا نەچوومەتە نێو کرۆکی.. یان سیحرە نازدارەکەی ڕۆمانەکەوە.. کە ئەویش نهێنییەکانی (ڤینۆس) ناوێکە.

ئەم (کچە.. ژنە.. خوشکە.. دەزگیرانە.. پیرەژنە.. سەلارە.. دڵفڕێنە خەرەفاوە.. دەعەجانییە.. شێتە.. ڕاستینە.. تارماییە.. وەهمە.. سەرابە.. خەونە..) سەرتاپای ژیان و بیر و هۆش و هەست و نەستی ئەو کەستێیە هونەرمەندە داگیر دەکات.

لە لاپەڕە بەراییەکانی ڕۆمانەکەدا بۆ یەکەمین جار (ڤینۆس) ناوێکمان بەلادا تێپەڕ دەبێت.. وا دیارە (دارا) لەوێدا دیالۆگێکی نێوان خۆی و ئەوی بەزەیندا هاتووە.. «لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا -ڤینۆس- کە دیار بوو دەیویست هانم بدا.." (٨٨) بۆ ئەوەی لەسەر هونەرەکەی بەردەوام بێت و پۆرترێت کێشانی خەڵکی بەجۆرێک لە (دەرۆزەکردن) سەیر نەکات.

ئیدی ئەم خولیایە، جاروبار و لە هەندێ شوێنی جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە.. بەتایبەتی لە بینینی ڕوخساری هەندێ کچدا کە خەت و خاڵ و سیمای -ڤینۆس- یان -لەیلان-ی دەزگیرانی یاخود -گوڵنوش-ی خوشکی هەڵگرتبێت.. گوڵنوش ئەو خوشکە دلۆڤانەی بوو کە بۆ بەردەوامیێتی لەسەر تابلۆکێشان هانی دەدا و.. بۆ کۆچەکەیشی ئەو بڕە پارەیەی لە ژیانیدا پاشەکەوتی کردبوو دەیداتێ.. " من سەیری پێنج سەد دۆلارە غەمگینەکەی ناودەستی خۆمم دەکرد و خەریک بوو بگریم.. ئەو وتی: هەڵیگرە دارا.. نەوەک لە وڵاتی غەریبیدا بۆ فلچەیەک، یان قەڵەم ڕەنگێک دەست لەم و لەو پان بکەیتەوە" (٨٩).

ئەو خوشکەی درەنگوەخت دارا بە هەواڵی مەرگە بە سوێکەی زانی..

" بەر لە شەش مانگ دایک و باوک و دوو خوشکەکەم و برا بچکۆلەکەم لە هەڵەبجە بۆمبارانە کیمیاویەکە

تەفروتوونای کردوون" (٩٠).
ئەمجا ڕۆمانووس لە چەند لاپەڕەیەکدا و لە کاتی سەفەری نێو شەمەندەفەردا.. لە شارێکی سەر سنووری ئیسپانیادا بە کچ و پیرەژنێکمان دەناسێنێ.. کچە بە پەرۆشەوە نیگای چاوانی دەبڕێتە دارا (٩١).. بێئەوەی پێمان بڵێ ئەمانە کێن! هەروەکو ئەوەی بناغەی پتەوی تەلارێک بۆ سیحرە مەزنەکەی (ڤینۆس) و ڕۆمانەکەیشی لێبدات.. لەم ساتەناسکانەدا.. کچە میهرەبان و بە ڕەنگ و ڕوو ئاشناکە- لەگەڵ پیرەژندا- بزر دەبن و.. ئیدی تا لە شەوێکی دانسقەدا ڕێی دەکەوێتە ماڵی (فلیب) ناوێک.. لەوێدا (ڤینۆس)ی ڕاستینە دەبینێت.. دەڵێم ڕاستینە لە هەمانکاتدا پێدەچێت تەنانەت ئەم ڕاستینەیەش هەر وەهمێکی ڕووت بێت.
فەرهاد پیربال لێزانانە لەم شتە (ڕاستی/ وەهمە)دا کاری کردووە.. لە ماڵی (فلیب) ئاهەنگێکی تایبەتمەند سازدراوە.. کاتێ هەمووان خەریکی تلیاک کێشان بوون و.. ئەم لەگەڵ (ڤینۆس)دا کەوتۆتە ئاخاوتن.
" -ڤینۆس! تۆ سەیرکردن و نیگات لە نیگای ئەوروپییان ناچێ.
-چۆن؟
- نیگای تۆ گەرمە.. پەرۆشی تێدایە.. بانگت دەکات..
پێکەنی گوتی
- دارا گیان! کێ ناڵێ منیش بە بنەچە ناگەڕێمەوە سەر یەکێک لە کوردستان!"(٩٢).
بەر لەمە دارا ئاماژە بەوە دەدات کە هەرچی کەس و کار و خۆشەویست و نیشتمانیش هەیە لە (ڤینۆس)دا دەیانبینێت!
" من وێنەی -لەیلان-ی کۆنە دەزگیرانم لەودا دیت.. تەنانەت وێنەی دایکم و خوشکەکانم و وێنەی هەموو کەسێک و هەموو خۆشەویستێکی لە دەستم چوو بوون.. وا تێدەگەم کە (ڤینۆس) وڵاتمە" (٩٣).
ڕۆمانووس هەر لە یەکەمین دیدار و ژوانی (ڤینۆس) و (دارا)دا.. دەمانخاتە نێو خولیاکانی خۆیەوە و ڕاستینەکانمان چوون خەون و یادگارێکی شیرین.. یاخود هەروەک تارمارییەک بۆ وێنا دەکات.. کە دەشتوانرێ وەک جۆرێک لە فانتازیا وەریانبگرین.. (دارا) لەو کاتەدا دەگری و وای بە خەیاڵدا دێت لە مێژە بەشێوە و ڕوخسار و سۆزی ئەم ڤینۆسە ئاشنایە.
" من ئەم ئادگارە شیرین و پڕ لە میهرەبانییەی ئەوم و ئەو دووچاوە گەش و ئاشنا و پڕ پەرۆشییەم چەندین ساڵ پێش ئێستە.. لە شوێنێکی دیکەدا، یا لەوانەیە لە سەردەمی منداڵیمدا، یانیش لە خەونێکدا دیبێت" (٩٤).
لەو شەوی ئاهەنگەدا لە ماڵی (فیلپ).. (ڤینۆس) ناونیشانی خۆی دەداتێ و.. ئیدی دارای سەرگەردان وێڵی سۆراخی ئەم ناونیشانە پیرۆز و نەفرەتییە دەبێت.
"Venus Corbacho Esteban
Ruede Paradis9
3-1,Santiago de Compostila"(٩٥)
دوای بە ئاگا هاتنەوەی (دارا).. دەبینێت ناونیشانەکە بەڕاستی لە دەفتەرەکەیدا و بە خەتێکی ناخۆش هەر خۆی نووسیویەتی.. ئەو ناونیشانە سحراوی و نەفرەتییەی سەرتاپای ژیانی داهاتووی و هونەرەکەی و هەست و نەستی کۆنتڕۆڵ کرد و.. خودی هونەرمەندی کردە دیل و ئەوداڵی سۆراخێکی ڤینۆس.. شار بە شار و وڵات بە وڵات.. تا نەگەیشتە ئاستانەکەی (ڤینۆس!) دەستبەردار نەبوو.. وەلێ لە جیاتی ڤینۆسی نازدار و میهرەبانی کیژی خەون و خولیا جوانەکان.. ڤینۆسی ئومێد و ژیان و دواڕۆژ.. پیرەژنێکی قرچۆڵەی بێ ددانی ڕەشپۆشی شێت و چڵکن دەبینێ.
وێڕای وێرانبوونی حاڵەتی دەروونی (دارا) و.. بینینی ئەم دەعبا دەعەجانییە لە جیاتی ڤینۆس.. کەچی هەروا هەست دەکات کە ئەم پیرەژنە پێی نامۆ نییە.(هەستم دەکرد ئەو پیرەژنە چەند ساڵێک پێش ئێستە.. یان پێش ماوەیەک لە شوێنێکی دیکەدا، یا لە (خەونێکدا) دیوە.. یانیش لەوانەیە لە سەردەمی منداڵیما (...) هەستم بە کۆنە ئاشنایەتیەکی (تایبەتی دەکرد) (٩٦).. سەیر لەوەدایە ئەم ناونیشانە سیحراوییە هەر ئەم لاوە هونەرمەندەی گیرۆدە و کەمەندکێش نەکردووە.. بەڵکو عەرەبێکی موزیکژەن و ئاشقگەلێکی زۆری دیکەی وێڵ و سەرگەردان کردووە و بەمەرەی ئەمی بردوون.. ئەڵبەت کێشەکە چ بە نیسبەت (دارا)وە و.. چ بە نیسبەت سەوداسەرە ماڵوێرانەکانی دیکەشەوە.. کێشەی سێکس لەگەڵ (ڤینۆس)دا نییە.. کێشەکە زۆر لەوە مەزنتر و واوەترە.. کێشەی شەیدایی و عیشق و سەوداسەرییە.. کردنەوەی تەلیسمێکی ئەفسانەییە.. چونکە لە

ئیسپانیادا وەک مارکیز دەڵێت سێکس کێشەیەک نییە و ئازادە:

"من بە درێژایی تەمەنی خۆم پرۆسەی سێکسم بە ئازادی لە دوو وڵاتدا بینیوە.. کە جێگەی برواکردن نەبووە.. ئەوانیش کۆڵۆمبیا و ئیسپانیان" (٩٧).

کەواتە ئەم خاڵە جیاوازیەکی بنەڕەتییە لەگەڵ ئەو مەیموونە سپییانەی چیرۆکەکانی دیکەدا کە لە پرۆسەی سێکس لیپاولیپن و.. خۆ ئەگەر باسێکی خۆشەویستیشیان تێدا بێت.. ئەوا هەر بەمەبەستی ڕێگەخۆشکردنی پرۆسەکەیە.. ئەمجا بۆ شیکردنەوەی ئەم گرفتە ئاڵۆزەی دارا و-هەروەها عاشقەکانی دیکەی ڤینۆسیش.. کە پێدەچێت بەنیسبەت هەموویانەوە دووبارەبوونەوەی هەمان گیرۆدەبوونەکەی دارا بێت.. لە کاتی جیاواز و کەسێتی جیاوازدا.. وەلێ لە هەمان جێگە و ئەدرێس و بەنیسبەت هەمان کیژۆڵە (ڤینۆس) و پیرەژنەوە.. کە لێرەدا چەند ئەگەرێکمان لەبەردەمدایە:

١- دەشێ سەرتاپای کێشەکە لە بنەڕەتدا وەهمێکی ڕووت بێت و لە حاڵەتی مەستێتی بەنگکێشاندا ڤینۆس- یاکیژێکی دی هاوشێوە-بووبێتە خولیا و.. ئەمجا..

٢- هەر پیرەژن خۆیشی دەستێکی لە دروستکردنی خولیاکەدا هەبێت..

٣- یان.. ئایا ناشێتی پیرەژن و ڤینۆس هەریەک کەسێتی بن و.. زەمەن لای دارا و -ئەوانی دیش-خاوبووبێتەوە!؟.

٤- یاخود هەر بە سادەیی و لە ڕوانگەی شیعرە بەناوبانگەکەی (بۆ دلێر)ەوە.. کە هەرچی جوانی و نازدارێتی ژن- مرۆڤیش بە گشتی- هەیە.. بە کاریگەریی و تێپەڕبوونی زەمەن دەبێتە شتێکی قێزەون و..هەرچی ئومێد و ئاواتە وابەستەکانیشی هەیە لە نێو ئەو دیمەنە بێزئاوەرانەدا وێران دەبن.

٥- یاخود هەر خودی (ڤینۆس) و (پیرەژن) بە جووتە.. گوزارشی پڕاوپڕی سەرتاسەری ئەورووپا بن.. چونکە ئەورووپا لە خەون و خولیا و خەیاڵدا (ڤینۆس)ێکی نازدار و شەفافییەتێکی جوانە.. لە واقیعیشدا (پیرەژن)ێکی چەپەڵ و نەگریس و داتەپیوە.. هەمدیسانیش چونکە ئەو شەفافییەتەی لە خۆرئاوادا هەیە.. هێندە بایەخدارە کە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێ، چۆن شتە جوانەکان ببینین و هەستیان پێ بکەین..

ئەئاواش گەندەڵی و داتەپیوی و پۆخڵەواتەکانیشی ببینین و ئاشکرابن.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم: خاڵی یەکەمی ڕوونکردنەوەکەم بۆ ئەم تەلیسمە.. زێتر پێوەندی بەم شەفافیەتە (زولاڵییە)وە هەیە و.. باسکردنی سەرجەمی کێشەکە وەک (وەهم)ێک.. تەنیا بۆچوونێکە لە بۆچوونەکان.. چونکە ڕۆماننووس (د. فەرهاد) بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی سیحری ڤینۆس و واقیعی بیرەژنەکە، کۆمەڵێک کەسێتی جۆراوجۆری لە واقیعدا هێناوەتە ناوانەوە:

١- ماڵە دراوسێکانی پیرەژن- ئەو ئەدرێسەی بە دوویدا وێڵە- کە وا دیارە هەموویان شتێک لەو نهێنییە دەزانن.

٢- چەند ڕێبوارێک لەو دەڤەرەدان و.. هەر کەسێ پرسیاری ماڵی (ڤینۆس)یان لێبکات.. بە شێتی دەزانن.

٣- خاتوو (کارلۆس)ی خاوەن ماڵی دارا و دەستەخوشکێکیشی بەزەییشیان بەو (شێت) و سەوداسەرانەدا دێتەوە.

٤- لالۆ. ئەو کەسێتییەی لە شارە دەستنیشانکراوەکەی ئیسپانیادا بووە هاوڕێی مەیخواردنەوەی و.. جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەموو ئەو شت و کەسێتی و ڕووداوانەی دارا باسیان دەکات "تەنیا وەهمێکی خۆبەتی و هیچیدی" (٩٨).. ئەمجا پێی دەڵێت:

" کوڕی خۆم ئەوەی تۆ بە دوایدا دەگەڕێیت تەنیا جوانییێکی هونەرمەندانەیە.." (٩٩).

٥- قەرەجێکی فاڵگرەوە (مەدام میلاگا) کە باسی کچێکی بەناوی (ڤینۆس)ەوە بۆ دەکات:

" حەفتا ساڵێک پێش ئەمڕۆ.. کچێکی زۆر بەدە و لەوێ دەژیا.. دەڵێن ناوی (ڤینۆس- بوو" (١٠٠).

ئەمەش زێتر ڕووناکی دەخاتە سەر خاڵی سێیەمی بۆچوونەکەمان لەمەڕ -تیژتێپەڕی کات یاخود خاوبوونەوەی زەمەن لای کاراکتەرەکان.

ئەوە هونەرمەند هێشتا تەمەنی ٣٢ ساڵە. بە پێی ئەو حسابەش دەبێ تەمەنی کچەکە گەیشتبێتە نزیکەی ٩٠ ساڵی.. بۆیە خاوبوونەوە و تیژ تێپەڕینی زەمەن بەنیسبەت هەریەکەیانەوە و لەمجۆرە کارە هونەرییانەدا دەبێ حسابێکی بۆ بکرێت.. بەتایبەتی لە ڕۆماندا..

گەرچی مایەی مشتومڕیشە.. وەلێ شتێکی نامۆ نییە.. چونکە لێرەدا ئەم جەختکردنە لەسەر ئەوەی بەر لە حەفتا ساڵ کچێکی ئاوا نازدار بەناوی (ڤینۆس)ەوە و.. کچی (دکتۆر ئێستیبان)یش بووە. کە جگە لە (مێلاگا)ی فالگرەوە، بە بیرەوەری باوانی (مەدام کارلۆس)ی خاوەنماڵ و (مەدام سیمۆن)ی دەستە خوشکی و.. هەروەها لای (لالۆ)ش جەختی لەسەر کراوە:

پیرەژنیش لە حاڵیحازردا و لە هەمان شوێنی ئەدرێسەکەدا دەژی.. کەواتە تەنیا (زەمەن)ە هونەریەکە لێرەدا وەک سیحر خۆی نیشان دەدات..

وێڕای گشت ئەمانەش دەبێ خاڵێکی دی- کە بەلامەوە لە هەموویان بەهێزترە- بخەمە سەر ئەو پێنج خاڵەی پێشووتر لەمەڕ شیکردنەوەی تەلیسمەکە.. ڕۆماننووس خۆی لەم ڕۆمانەدا وەک کلیلێکی پێشنیازکراو بۆ کردنەوەی قفڵی تەلیسمەکە لەسەر زاری (لالۆ) ئاماژەی پێداوە و -لەمەوبەریش وەک نموونە هێنامەوە- ئەویش:

٦- دەشێ سەر لەبەری (ڤینۆس).. عیشقێکی هونەرمەندانە بێت و گەڕانی هونەرمەند خۆی بێت بە دووی جوانیدا.. ئەو جوانییەی هیچ شاعیر و ڕۆماننووس و نیگارکێش و تارژەنێک.. ناتوانێ بیگاتێ.. لووتکەی هونەرە و بە پێگەیشتنی ئیدی هیچ نامێنێتەوە.. ئیدی لە تەکیدا ژیانیش لای هونەرمەند هیچ واتایەکی نامێنێت و کۆتایی دێت.

بۆ ئەمەش.. هەروەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێدا.. بەردەوامی و جەختکردنی ڕۆماننووس لەسەر هونەرمەندێتی کەسێتی یەکەمی ڕۆمانەکەی کە (دارا)یە و.. لە کۆتاییدا خولیا هونەریەکەی دەگاتە لێواری (لووتکە).. بەو واتایەی هونەرمەندی ڕاستینە هەرچی داهێنانێکی هەیە نەگەیشتوونەتە دوا ئاستی خواستەکانی.. بە واتایەکی دی ئەو نیگارەی دەیەوێت بیکێشێت هەرگیز نەیکێشاوە و.. ئەوانەی کردوونی و دەیانکات لە ئاستی خەونەکانیدا نین و.. هەر کاتێ گەیشتنە ئەو شاکار و لووتکەیە.. ئیدی پێویست بەکارکردن ناکات و.. ڕۆماننووس لەسەر زاری هونەرمەندەکەی دەڵێت:

« دەمویست ڕەسمی -ڤینۆس- بکەم.. دەمویست ڕەسمی ئەو ڤینۆسە بکەم کە منی لە پاریسەوە هێنابووە سانتیاگۆ (...) ئەو ڤینۆسەی هەستم دەکرد لە مندالییەوە دەیناسم و خۆشم ویستووە.. ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن.. ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن.. هیچ تابلۆیەک.. هیچ نیگارێک لەو نیگار و تابلۆیانەم، تەنانەت میلیمەترێکیش ئەو جوانییە مەزنەیان نیشان نەدەدا کە لە خەیاڵی خۆمدا هەبوو" (١٠١).

دەشێ ئەم ڕۆمانە نە هەر وەک کارێکی داهێنەرانەی نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر دابنێین، بەڵکو وەک ڕۆمانێکی جیهانیش مامەڵەی لە تەکدا بکەین.. ئەو سیحرەی لەم ڕۆمانەدایە. سیحرێکی دەسکرد و بە تۆپزی هەڵبەستراو نییە.. سیحرێکی پڕ لە عیشق و جوانی و خەیاڵ هەژێن و تەنانەت قەناعەت پێهێنەریشە.. سیحرێک کە جوانی ئافرەت.. نازداری و خۆشەویستی دەکاتە هاوکێشەی مەوزووعی سیحر و داهێنانی نێو هونەری شێوەکاریی و تابلۆ و نیگارەکان.. شانبەشانی یەکدی تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامە.. بەبێ لاسەنگی و لێک جوودابوونەوە.. وەلێ دەبێ خوێنەر بە وریایی خۆی وەدووی کەوێت و ئەم هاوکێشە مەوزووعیەی تێدا بدۆزێتەوە.

فەرهاد پیرباڵ.. لە گەلێ لە کورتە چیرۆکەکانیشدا وێڵی دوای ئەمجۆرە هاوکێشە و سیحرەی، بەڵام هەر جارەی بە شێوازێک.. تەنانەت هەندێجار هێندە لە یەکدی نزیک دەبنەوە بەڕادەیەک وا هەست بکەین کورتە چیرۆکێکی وەک (پەراوێزەکانی ئەورووپا) (١٠٢) کەمتازۆر بۆن و بەرامە و سیحر و هەناسەکانی (ڤینۆس) و (پیرەژن)ی تێدایە.

لەم چیرۆکەشدا (کوردۆ)- بێگومان کوردێکی پەناهێندەیە- زمانی دانیمارکی نازانێ و لە شەمەندەفەردا بەرامبەر ژنە هونەرمەندێکی تەڕپیری دانیمارکی دانیشتووە.. هەردووکیان بەرەو شاری (سکاگن- دەچن.. کوردۆ ئەدرێسێکی پێیە و.. لە تەکیدا چەردەیەک ئومێد و ئاواتی تایبەتی خۆی هەڵگرتووە.. وا زەندەکات ناونیشانەکە هی کچێکی جوانە.. کەچی دواجار هەمان تەڕ پیرەژن دەبیاتەوە ماڵەکەی خۆی.. چونکە ئەدرێسەکە ماڵی ئەوانە..

پیرەژن.. لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٨ە.. چیرۆکەکەش لە ساڵی ١٩٩٣دا نووسراوە.. بەم پێیە ژنە دەساڵێک گەنجتر دەبێتەوە و دەبێ هەر ٥٥ ساڵێک بێت.. نەک وەک نووسەر دەڵێت ٦٥ ساڵە.

بەر لە یەکدی ئاشکرابوون.. باس هەمان باسی ئەورووپا

و تەنیـایی و غـەریبـیـیـە.. بەتایبـەتی بەنیـسـبـەت دانیـمارکییەکانەوە کە ڕێژەی خۆکوشتن تێیدا لە هەموو وڵاتانی دی ئەورووپا زێترە و.. پەناهێندە دەبێ سەرباری حـاڵی ناهەمـواری خـۆی، باجی ئەو سـارد و سـڕی و مردوێتییەی ئەوێش بدات.

لە درێژەی گـفـتـوگـۆیاندا باسی (کـیـەر کـیگـارد)ی فەیلەسووفی وجودیەکان دێتە پێشێ و پیرەژن دەڵێ:

"-من و (کیەرکیگارد) بە تەواوی تا مۆخی ئێسکمان دانیـمارکین.. دانیـمارک ئەمانەیە: تەنیـایی، تەنیـایی، تەنیـایی، هۆکـەیشی ئەوەیە کـە وتم (من تەنیـا ڕەسمی تەنیایی دەکەم)" (١٠٣).

هەر ئەم تەنیـاییەیە پیـرەژن بەرەو کوردۆ و کـوردۆ بەرەو پیـرەژن بۆ پشـوویەکی نێـو تەنیـاییـە سـەرتاسـەریەکـە ڕادەکێشێت..

کوردۆ لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

"-نەمدەزانی ئەورووپا هێندە زەبوون و تەنیا و بێکەسم دەکات.. نەشمدەزانی ئەورووپا بۆ خۆیشی هێندە غەمگین و تەنیا و کەساسە" (١٠١).

بڕوانە ئەم مـەیموونە سپـییـەی نێـو ئەم چیـرۆکـە چۆن بە وێنەی کچێکی جوانی نێو ڕۆژنامەیەک فریوی خواردووە و وەدووی کـــــەوتـووە.. چونکـە لەژێر وێنەکـــــەیدا نووسـیـویێتی.. گـوایە حەزی بەناسینی پیاوێکی گـەنجی ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانسییە.. جا وێڕای ئەوەی وێنەکە ڕاستە هی سـەردەمی گـەنجێـتی ئەم پیـرەژنەیە نیگارکـێش و تەنانەت ڕۆشنبیـریشـە. کـەچی لەو ئەورووپا کـەساس و غەمگین و تەنیایەدا بەمجۆرە سووکایەتی بە پەناهێندەی (ڕۆمانسی) خۆرهەڵاتی دەکات.. کە ڕەنگە لە ڕاستیـدا مەبەستی گاڵتەپێکردنیش نەبێت و.. واقعە سارد و سڕ و بەرەو پیریێتی چوونی ئەورووپا بە گشتی ئەمەی بەسەردا سـەپاندبێ.. چونکە نە هەر پیـرەژنەکـە.. بەڵکو هەمـوو خۆرئاوا ئەوە باش دەزانن ساڵ بەساڵ و نەوە دوای نەوە شـەقـام و شـار و ژیان بەرەو و هیـچی بێـدەنگی و پووکـاندنەوە دەچێت -وەک لەمـەوبەریش ئامـاژەمـان پێدا- بەرەو ئەوە دەچێت سەرتاپای وڵاتێک بریتی بێت لە دوو جۆر مرۆڤ.. نیوەی پیر و پەککەوتە و نیوەکەی دی خـەریکی خـزمـەتکردنیـان بن.. ژنهـێنان و وەچەخستنەوە و خێزان پێکهێنان وردە وردە بەرەو نەمان دەچێت.. ئیـدی خـەڵکی تەحەمولی ئەو ئەرکە سەخت و درێژخایەنەی منداڵ خستنەوە و پەروەردەکردنیان ناکات

و.. کـــار وا بڕوات یەک دوو نەوەی دی ناخـــایەنێت ئەورووپا دەبێتە گۆڕستانێکی سەرتاسەری.. یاخود هەر هیـچ نەبێت هێــزی کـــاری ئەورووپایی بە جـــارێک دەپووکـێتەوە و.. ئەوەتا هەر لە ئێـستـەوە هەست بەوە دەکـەن کـە ئەوانەی ژیان بەبەر ئەورووپادا دەکـەنەوە و شـەقـام و شـار و شـوێنە گـشـتـیـیـەکـان و تەنانەت ئەپارتمانەکانیش بە قیژە و پێکەنینی منداڵ و مەزنەکان دەبووژێـنـنـەوە هـەر پـەنـاهـێـنـدە خــــــۆرهـەڵاتـی و ئەفـەریقـاییـەکـانن.. هەر مـەیموونە سپـیـیـەکـان وەچە دەخـــەنەوە.. زەمـــــاوەند دەگـــێـــڕن.. پێـــوەندی (ڕۆمـانسـیـانە!)یان لە تەکـدا دەبەستن.. کـاری ڕەش و سپی دەکەن..تاد.

کەچی وەک لەم چیرۆکەدا -بە شێوازێکی نەرمتر و- لە چیـرۆکـەکـانی پێـشـوو داهاتووشـدا بە شـێـوازێکی دوژمنانەتر و بە چاوێکی سـووکـتـر لە مـرۆڤ بۆیان دەڕوانن.

فـەرهاد پیـربـاڵ لە چیـرۆکی (پەتاتە خـۆرەکـان) (١٠٤)دا کەسێتی یەکەم (فەرەیدوون) چەندین جانتای پڕ لە زێڕ بە دیاری لە تەک خـۆیدا دێنێـتـەوە.. وەلێ هەمـوو کـەس و کـاری لەم دەست و دیارییـەی لالووتن.. چونکە ئەو زێڕانەیان بەلاوە پەشـــمـــە و حـــەزیان لە (پەتاتە)یە. شەیدای پەتاتەن نەک زێڕ!!

پووری بە بۆڵە بۆڵ: " خـەڵک لە خاریج دەگـەڕێنەوە.. بە فـەردە پەتاتە لەگـەڵ خـۆیان دەهێننەوە کـەچی ئەو (شتێکی) هێناوەتەوە هیچ سوودێکی نییە.. لە خۆیشی زێتر کەسی دی تێناگات چییە" (١٠٥).

سەرنجی وشەی (شتێک) بدەن.. بێگومان ئەو (شتە) لە چیـرۆکـەکـەدا (زێڕ)ە.. هەمـدیسـان سـەرنجی ڕستـەی (هیـچ سـوودێکی نیـیـە) و.. دواتر ( لەخـۆیشی زێـتـر کەسی دی تێناگات چییە) بدەن!

فەرهاد زۆر وریایانە.. بەم وشە و ڕستانە دەمانخاتە گومانەوە.. تۆ بڵێیی ئەو دیارییە (زێڕ) بێت؟! ئایا هیچ شتێ بۆ دیاری لە زێڕ بەهادارتر و گرنگتر هەیە!! ئایا زێڕ هیچ سوودێکی نییە؟! ئاخۆ هەرچی دیاری دنیا هەیە.. بە (پەتاتە)یشـەوە هەر بە (زێڕ) ناکـڕدرێن؟! مـەبەست لەخـۆی زێـتـر کـەسی دی لە (زێڕ) تێناکـات چیـیـە؟! بێگومـان هەمـوو کەسێک دەزانێ زێڕ چییە.. کەواتە ئەم دیارییە، ئەو زێڕە کانزایی و گرانبەهایە نییە کە هەمـوو کەسێک و (بەتایبەتی ئافرەت) شەیداین و دەیناسنەوە!

لێرەدا بێگومان دەبینین ئەم دیاربییەی (فەرەیدوون)ی سیانزە ساڵ (١٠٢) لە خاریج ژیا و نە (زێڕ)ە و نە (دۆلار) و نە هیچ دراوێکی گرانبەهای دییە.. دیارە شتێکە لای ئەوان لە پەتاتەش سووکتر و کەم بەهاتره.
ئاشکرایە ساڵانی برسێتی و گرانی لە کوردستانی باشووردا (پەتاتە) وەک ماددەیەکی خۆراک بەهای خۆی هەبوو.. هەروەکو چۆن لە گەمارۆدانی شارەکانی سۆڤییەتدا لەلایەن نازیەکانەوە لە ساڵانی دووەمین جەنگی جیهانیدا.. ئەگەر (پەتاتە)یان دەست بکەوتایە.. دەیانکردە جەژنی ڕاستینە.
لای خۆشمان دوای ڕۆشتنی فەرەیدوون بۆ هەندەران. سیانزە ساڵ- وەک لە چیرۆکەکەشدا باسی دەکات- تاعوون بڵاوبۆتەوە و لەو ماوەیدا خەڵکی لە برسا هەر بە (پەتاتە)وە بژرکاندوویانە.. جانتا پڕ لە زێڕەکانی فەرەیدوون هێندەی دی دەردیان گران دەکات و.. بۆ (زێڕ)ەکان دەڕوانن:
"- هەمووی هەر زێڕە؟
- بەڵێ هەمووی هەر زێڕە
- یەعنی هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوە؟ (...)
- نەخێر هیچ پەتاتەم لە خاریج نەهێناوەتەوە" (١٠٦).
گەرچی نەهامەتیەکانی گرانی دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان نە سیانزە ساڵی خایاند و نە گەیشتیشە ئاستی هەناسەساردی و سەرگەردانییەکانی خەڵکی سۆڤێتی ساڵانی شەڕی جیهانی و لە هەردوو حاڵەتیشدا و لە هەموو حاڵەتێکی دیکەشدا (پەتاتە) هەر لە پەراوێزی (زێڕ)دا دەگیرسێتەوە و.. هەمدیسان وێڕای ئەوەی کەس و کار مەبەستیان لە (پەتاتە) شتێکی دیکەی.. وەلێ چیرۆکنووس ئەم مادە خۆراکییەی تەواو و پڕ بە پێستی ڕەوشەکە و.. هەروەها پڕ بە پێستی ڕەمزەکەش، هونەرمەندانە خواستوویەتی و.. سەلیقەیەکی وردی تێدا بەکارهێناوە و..خوێنەر وێڕای سەرسوڕمانیش هەست بە تەبایی دەکات و لە تەکیشیدا بیر لە (پەتاتە) ڕەمزەکە دەکاتەوە.. لەوانەیە دوای کەمێک ڕامان بۆی ڕوون بێتەوە مەسەلەکە پێچەوانەیە و.. هەموو کەس و کار مەبەستیان لە (فەردە پەتاتە) (فەردە دۆلار)ە.. گلەیی ئەوەی لێدەکەن بۆچی دۆلار، یان (زێڕ)ی ڕاستینەی بۆ نەهێناونەتەوە .. بۆچی ئەم (شتە)ی بۆ هێناونەتە کە لێی (تێناگەن)!؟ ڕاستیش دەکەن.. چونکە ئەو (شتە)ی هێناویەتیەوە -گەرچی لای فەرەیدوونی ڕۆشنبیر و شاعیر لە (زێڕ) بچێت و.. تەنانەت لە زێڕیش بەهادارتر بێت-لای ئەوان لە پەتاتەیش بێ بەهاترە.
لەوانەیە ئەو (شتە) لە بنەڕەتدا ماددی نەبێت و مەعنەوی بێت، چونکە لە بەشی دوایی چیرۆکەکەدا زێتر ئاشکرا دەبێت.. کاتێ دەچێتە بەردەمی وێنەکەی دایکی.. وێنەی دایکی دێتە گۆ.. پەردە لەسەر نهێنییەکە لادەبات..
دایک لێرەدا هەر لە ڕەمزە تەقلیدیەکە دەچێت و.. پێدەچێت نیشتمان- و میللەت و دیرۆکیش- بێت.. گرینگ ئەمەیان نییە.. گرینگ ئەو پێوەندییە پتەو و جوانەیە لە نێوان (دیاریەکە) و (دایک-نیشتمان)دا هەیە.
هەرچەندە ئەو (دایک-نیشتمان)ە.. بەهۆی تاعوون (چڵێسی و شەڕی میللەتکوژی و تاڵانکردنی نیشتمان)ەوە لە گۆڕنراوە (سووک و ڕیسوا کراوە).. وەلێ هەر ئەوە قەدری ئەو -زێڕ-ە دەزانێت.. بۆیە بەرەو وێنەی دایکی کۆچکردووی بە قەد دیوارەوە وەستاو کە لە کاتی تاعوونەکەدا مردبوو، دەچێت.. ئەو دایکەی «تاقە کەسێکە لەم وڵاتەی خۆیدا.. لە گوندەکەیان، کە نرخی زێڕ تێدەگات (...) بەڵام حەیف.. ئێستە ئەو لە نێو گۆڕێکی سارد و سڕدایە!" (١٠٧).
هەموو دەزانین چیرۆکنووس جگە لە بەرهەمەکانی لە بواری ئەدەبیدا.. توێژەرێکی ناسراویشە.. ئەمەش وای کردووە ئەو ساڵانەی لە هەندەران بوو.. بە دووی ئەو دیکۆمێنت و سەرچاوانەدا بگەڕێ کە پێوەندییان بە مێژووی گەل و نیشتمانەکەی و ناوچەکەشەوە هەیە.. ئەو دیکۆمێنتانەی زانیاری جۆراوجۆریان لەمەڕ کولتووری نەتەوەکەی لەخۆ گرتوون.. دواتریش دەشێ کەسێتی چیرۆکەکە و چیرۆکنووس (فەرەیدوون و فەرهاد) هەر یەک کەسێتی بن و.. ئاخۆ ناتوانین بڵێین ئەو (دیاربیە)ی نێو ئەم چیرۆکە.. هەر ئەو کاغەز و وێنە و نەوارە کۆن و شڕانە بن کە لەوێ کۆی کردوونەتەوە و لە تەک خۆیدا هێناویەتییەوە؟! بێگومان کەس و کاری لێیان تێناگەن و تەنیا خۆی و (دایک- نیشتمانی لەتلەت و لە خوێنی خۆیدا گەوزیو و دیرۆک بزر و دزراو و کۆستکەوتوو)ی دەزانن ئەوانە بە ڕاستی لە زێڕیش

بەهادارترن.. نەک لە (پەتاتە-دۆلار)! کەواتە فەرهاد هەمدیسان بەرامبەر کێشەیەکی تەریبی دیکە ڕامان دەگرێت.

دۆلار--> پەتاتە-->زێڕ.. لەلایەک و کاغەز--> دیکۆمێنت--> کولتوور و مێژوو.. لەلایەکی دی.. ئەمەش بە شێوازێکی سادە و ڕەوان و سەرنجڕاکێش سیحری ئاوێتەی چیرۆکەکەی کردووە.. (پەتاتە)ی لە (تۆڵەکە) بێبەهاتری کردۆتە هیوا و ئومێدێکی چاوەڕوانکراو لەلایەن خەڵکی ئەم باشوورەوە، ئەم (پەتاتە)یە.. بێگومان - لە کاغەزە شڕ و وێنە و دەقی ڕێککەوتننامەی نهێنی نێودەوڵەتی و دیکۆمێنتی سەدان ساڵەی نەتەوە و خاکێک گرینگترە.. چونکە (پەتاتە-->پارە--> زێڕ) دەکارێ مرۆڤێ، جڤاتێ، نەتەوەی لە برسامردن بپارێزێت.. وەلێ لەو ڕۆژگارەدا کاغەزە شڕ و جەریدە کۆن هیچ دادێکیان نادات.. بۆیە ئاماژە و ڕەمزەکان زۆر ئاسایین بەلام سەرسامکەرانە جێی خۆیان دەگرن و.. پێمان نامۆ نین و.. چیرۆکەکە بە کارێکی بێهوودەیی نادرێتە قەڵەم.. وەک ئەوەی لە چیرۆکی (پەناهەندە) (١٠٨)کەی فەرهاد خۆیدا دەیبینین و.. پەناهێندە کوردەکە تێیدا دە دانە مۆز پاک دەکات و دەیانخوات و توێکڵەکانیان فڕێ دەداتە سەر جادەکە!

ئەم پەناهێندەیە دوانزە ساڵە لە ئەڵمانیادا دەژی و مافی پەناهێندەییان نەداوەتێ.. دیارە دوایی تێکچووە.

"دوێنێ ئێوارە لە گازینۆیەکی شاری -میۆنیخ-دا پۆلیس بینویانە داوای دە مۆزی کردووە و.. پاشانیش مۆزی یەکەمی خواردووە و پەلکەکەی فڕێداوەتە سەر شۆستەکە.." (١٠٩).

ئەم ڕەفتارەی ئەم کەسێتییە دەبێتە مایەی مشتومڕ و لێپێچانەوە لەلایەن پۆلیس و خەڵکی شار و هەروەها لە میدیاکانی ئەو ولاتەدا وەک هەواڵێکی سەرسوڕهێنەر بلاودەکرێتەوە.. ئیدی کێشەی مۆز لە دوای مۆز خواردن فڕێدانی پەلکەکانیان بۆ سەر شۆستەکە هێندە دووبارە دەبێتەوە- دەبێتەوە حیکایەتی مێشەکەی لای خۆمان- کە هەر جارە و بە شێوازێک و بە بەکارهێنانی جۆرەکانی کرداریش..بە ترسەوە.. بەجیدی بێدەربەستانە.. لەسەر زاری بگۆ و کەسێتی دووەم و سێیەم و لە ئێستە و ڕابردوودا..تاد.

لێرەدا گەرچی دەشێ بە شێوازێک لە شێوازە بێهوودەییەکانی (بەردەکەی سیزیف) بچوێنرێت.. کە کەمتازۆریش چ بەردەکەی سیزیف و چ مۆزەکانی مەیموونە سپییەکەی د. فەرهاد پیربال.. مەبەستێک یان زێتریان لە هەناودایە.. وەلێ وەک خودی ڕەفتارە ڕووەکەشەکە و وەک دووبارەکردنەوەی شێوازی ڕستەکان لەلایەن پەناهەندە و کەسان و میدیاکانەوە.. زێتر گوزارە لە بێهودەیی ژیانی پەناهەندەکە دەکات.. لە پاڵ جۆرێک لە بێزاری دەربڕین و پرۆتیستۆیەکی نێگەتیڤانە بە ڕووی سەبەبکارانی ئەو ڕەوشە ناهەموارەی بۆ ئەمجۆرە پەناهێندانە خولقێنراوە.. لە هەمان کاتیشدا بە پێچەوانەشەوە.. چیرۆکنووس -هەر هیچ نەبێت- ئاماژە بە سەبەبێکی سوک بۆ ڕوانینی ئەڵەمانەکان بۆ ئەو (مەیموونە مۆزخۆرانە) دەدات، کە ولاتە خاوێنەکەیانی کردۆتە سەرە نوێلک و وەک لە دارستانەکەی خۆیدا بژی وایە و هیچ پێڕەوێکی ئەو یاسایانە ناکات کە بۆ خاوێنراگرتنی شار و ژینگە دانراون.

پەناهێندەی بێوێڵ و وسوولی کورد و خۆرهەلاتی و ئەفریقایی بەشێوەیەکی گشتی وەک ئاژەڵ -مەیموون-ێکی برسی (دەمۆز بەسەریەکدا دەخوات) و پیس و پۆخڵ (پەلکەکان فڕێ دەداتە سەر جادە).. ڕوو دەکەنە ئەو شارستانێتییە و ئەو یاسا و پێڕەوە تایبەتیانەی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەوانەی دەڤەری پێشوویاندا جیاوازن..

ئەم دەعبایانە بەنیسبەت ئەورووپاییەکانەوە ولات و ژینگە پیسکەرن.. هەڵگری کولتوور و ڕەفتاری دەبەنگانە و تۆقێنەرن.. بەڵکو هەندێ جاریش کاریکاتێرانە و قەشمەرییانەن.

ئەم ڕووداوە چەند بەلایانەوە (شێتانە)یە.. هێندەش کاریکاتێرانە و جێ سەرنجی میدیاکانیانە.. هەزاران شتی لەم بابەت و لەوەش ناشیرینانەتر و ناسروشتییانەتریش لای خۆمان هێشتا ئاسایین و مایەی سەرنجڕاکێشانی کەسانی دەوروبەریش نین. چجای پۆلیس و میدیاکان.

پێویستە لێرەدا ددان بەوەدا بنێم کە ناونیشانی ئەم باسەم لەو ئیحایەوە وەرگرت کە ئەم چیرۆکە پێی بەخشیم و.. لە کانگای دڵمەوە سوپاسی د. فەرهاد دەکەم.

هەر لەمجۆرە نموونانە.. چەندین کەسێتی سەیر و سەمەرە لە نێو کۆمەڵە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)یشدا بە دی دەکەین.. لێرەدا ناخوازم بچمە نێو ئەو لایەنە

سـایكۆلۆژییـەی مـرۆڤـەوە بە گـشـتی و پەناهێندە كوردەكانەوە بەتایبەتی كە چۆن لە دووره وڵاتەوە پەرۆشی یادگـار و بیـرەوەرییـەكـانن و.. چۆن زۆرجـاریش حـاڵەتەكـەیان دەیانگەیەنێـتـە پلەی (نۆسـتـالژیا).. كەسێتیـەكانی زۆربەی چیرۆكەكانی (ئەسپیـدیلۆن)ی (كاروان عومەر كاكەسوور) گەرچی لە ئەوروپادا دەژین، بەڵام هەمـوو خەون و خولیاكانیان هەر لای نیشـتمانە.. بەتایبـەتی چیرۆكـەكانی (جیـهان لە فنجانێ قاوەدا) و (ماسی) و (ئەسپیـدیلۆن) و (پێڵاوی چەرخەدار).. لەم چیرۆكەی دواییاندا.. كوێستان كچە كۆچبەرێكی تەنیای كوردە لە ئەڵمانیـادا لە كـەمپـدا دەژی و.. وێڕای ئەوەی شاعیـر و چیرۆكنووس و كەمانچەژەن و گۆرانیبێژە- كە لە چیرۆكەكەدا هەست بە هیچكام لەمانە ناكەین و ئەگەر لەم سیـفاتانەشی دامـاڵین هیچ لە مـەسـەلەكان ناگۆڕێت دەخوازێت بـە پێڵاوی چەرخەدارەوە فـێـرە خلیسكێ بێت و.. دوای ئەوەی دەگلێ و لە نشـێـوێكدا بە قـاچ شكاوی دەگیـرسێـتەوە.. بیر لە مەرگ و ئەتوارەكانی دەكاتەوە كە چۆن دوژمنایەتی كـات (زەمـەن) دەكـات و.. سـەیری سـەعـاتەكـەی لە ئاوێنەدا بە پێـچـەوانەوە دەكـات و.. شەوی كردووە بە ڕۆژ و ڕۆژیش بە شەو..تاد دواجار كە هەردوو قاچی لە دەست دەدات دەڵێت:

(-ئاخۆ لەمەودوا كە پێڵاوەكانم دەكەمە ملم حاڵم چۆن بێت!؟) (١١٠).

ئەڵبـەت (هێـڤـان)ی كـوڕە لووسكەكـە و كـەسـێـتی یەكـەمی نۆڤـێلی (ئەسپیـدیلۆن)- كە سـەرباری ئەوەی ئەمـیـش ئەدیب و هونەرمـەندە.. هەمـوو ئەتوارێكی و تەنانەت شـێـوە و ڕوخـسـاریشی هەر بە هی كـیـژان دەچێت-.. حاڵی لە حاڵی (كوێستان) باشتر نییە و.. دواجار دەبێتە مایەی گاڵتە و قەشمەری پێكردنی منداڵە دانیماركییەكان.

هەروەك چۆن كـەسـێـتی سـەرەكی لە چیـرۆكی (لامارتین) (١١١)ی د. فەرهاد پیربالدا گەرچی شاعیر و هونەرمەند نییە.. وەلێ باسكار و توێژەرێكی شیعرە.. واتا ئەمـیش چارەنووسی خـۆی داوەتە دەست شیـعـر.. چیرۆكنووس لێرەدا جارێكی دی سەرنجمان بۆ ئەو زەمەنە شـارسـتـانییـەتە ڕادەكێـشێـتـەوە كە ئێـمـە لە ئەوروپا (خۆرئاوا) جیـادەكاتەوە.. پێدەچێت لەوێ (فەرەنسا) بەخـتی شـیـعـر لە ئاوابووندا بێت.. كـە تا ئەم چەند ساڵانـەی دواییش شیعر لای ئێمە و بە پلەی یەكەم باڵی بەسەر تەواوی مەیدانی فیكر و كولتووردا كێشابوو.

ئەوەتا پەناهێنده كـوردێكە و لە پاریسـدا دەژی و بە دووی كـاردا دەگـەڕێ.. خـاوەن بڕوانامـەی دكـتـۆرایە لە (قـافیـەی شیـعـردا).. لەبەر ئەوە هیچ كارێكی وەچنگ ناكەوێت.

ئەم كـەسـێـتـیـیـەی د. پیـربالْ هەر وەك وەسفـێكی ڕاگوزەری پێوەندی بە شیعر و ئەدەبەوە نییـە.. بەڵكو بە ڕاستی لە نێو خولیای شیعریەكاندا دەژی.. بۆیە دەچێتە لای پەیكەری (لامارتین)ی مەزنە شاعیری فەرەنسایی سەدەی نۆزدەیەم و.. تەنیـا لامارتین بە شایستـەی ئەوە دەزانێت لە تەكیـدا بكەوێتـە ئاخـاوتن و ڕاز و گلەیی و دەردەڵ هەڵڕشتن.. (لامارتین) پێی دەڵێت:

"- تۆ لە سەرەتاوە نەدەبوایێ چارەنووسی خۆت بدەیتە دەست شیعر و جوانی نووسینەوە" (١١٢).

كە دكتۆری قافیە لێی دەپرسێت ئەی بۆچی خۆی وای كرد.. لە وەڵامدا دەڵێت:

"- من كەر بووم" (١١٣).

ئیدی (لامارتین) لێی جیادەبێتەوە- چونكە پاسەوانی شـــەوانەی ئوتێلێكە و دەبێت بە پەلە بگاتە ســـەر ئیشەكەی..

كـەواتە چیـدی شـیـعـر و قـافیـە بە هانای ئەم دوو ئادەمیزادەی (سەدەی نۆزدەیەمەوە!) لە پاریسی ئەمڕۆدا نایەت و هەردووكیان غەریبن.

ئەمیشە حالەتێكی دیكەی كزۆڵەیی و لووت شكاوی پەناهەندەیە.. كـە بڕوانامـەكـانیـشـیـان لە بڕوانامـەی (یاوەرانی ئەشكەوت) دەچێت و.. چیـــرۆكنووس لە چیـرۆكی (شـێـر) (١١٤)یشـدا.. ئەو حـاڵەتە زێتـر بەرجەستە دەكات و دەتوانین بەم شێوەیە ڕایگرین:

شێر- لە جێی بڕوانامەی (دكتۆرای ڕۆژهەڵاتی).

خاتوو ئانلی- لە جێی پەیكەرەكەی (لامارتین)

خـاتوو ئانلی لێپـرسـراوی پەناهەندەكان بە (شـێـرزاد) كەسێتی یەكەمی چیرۆكەكە دەڵێ ناوێكی خۆشت هەیە و لێی دەپرسێ:

"-شێرزاد لە زمانی كوردیدا هیچ واتایەک دەگەیەنێ؟

ئەمیش گوتی: بەڵێ

گوتی: چی

- ئەو كەسەی دڵ بڵند و دلێرە" (١١٥).

ئیـدی شێـرزاد بە خەیاڵ دەگـەڕێتـەوە گوندەكـەیان.. بۆ ئەو ڕۆژەی شـێـرێكی پەككەوتە هاتە هەیوانەكـەیان و

هێنده شەکەت بوو هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو.. دایکی پارچە مریشکێک و سێوێکی لەبەردەم دادەنێ..
هاوکێشەکە لە چیرۆکەکەدا ئاوا دەکەوێتەوە..

(شێری ئەوسای گوندەکەیان= شێرزادی ئێستەی پاریس).

(دایکی شێرزاد = خاتوو ئەنلی لێپرساوی پەناهەندەکانی پاریس).

بنۆڕن! شێری لای خۆمان و شێرزادی پەناهەندە.. هەردووکیان (شێر) یاخود دڕندەیەکی پەککەوتەن.. لە هەردوولا (دایکی شێرزاد و (ئانلی) بەزەییان بەم دوو (شێر)ەدا دێتەوە و.. خۆراکیان دەخەنە بەردەم و کارئاسانی ژیانیان بۆ دەکەن..

بە واتایەکی دی ئەگەر هەردوو: (شێر) و (شێرزاد) لە حاڵەتی نابووتی و دەستەوسانیدا بن.. ئەوا چ خاتوو ئانلی و چ دایکی شێرزاد لە حاڵەتی ئینسانیدان و میهرەبانن و توانای بەخشندەییشیان بۆ ئەو دوو ئاژەڵە (شێرەکە و مەیموونە سپییەکە- شێرزاد) تێدایە.. بگرە دایکی شێرزاد لە (ئانلی) زێتر جێی ڕێز و مایەی شانازییە.. چونکە ئەم خۆبەخشانە میهرەبانی دەنوێنێ و پێدەچێت ئەو فەرمانبەرێک بێت و هیچی دی.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو ڕاستیانە، یاخود ئەم چەند تێبینییەم بخەنە بەر دیدی خوێنەر:

١- ئەم باسە سەرجەمی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی لە خۆ نەگرتووە کە بە زمانی کوردی و چیرۆکنووسانی کورد نووسیویانن و شانۆی ڕووداو و کەسێتییەکان تێیاندا لە هەندەران و دەرڤەی نیشتمان بوون.. بەڵکو تەنیا چەند نموونەیەکم لێ باس کردوون کە لە بەردەستمدا بوون.. یاخود توانیومە پەیدایان بکەم کە نزیکەی ٣٥-٤٠ چیرۆک و ڕۆمانی گرتۆتەوە.. بێگومان گەلێ نموونەی دی لەم بارەیەوە هەن و تەنانەت هەندێکیشیانم لە بیر و خەیاڵدا بوون.. لێ وەک سەرچاوە لەبەردەستمدا نەبوون.

ئەمە جگە لەوەی کە پێنج چیرۆکی خۆیشم لەم ڕووەوە بڵاوکردوونەتەوە و حەزم نەکرد باسیان بکەم و لەگەڵ ئەم چیرۆکانەدا ڕیزیان بکەم.. ئەوانیش! (وێنەکەی خوشکت).. لە وڵاتێکی ئەوروپادا ڕوو دەدات.. (ئەگەر گوڵ نیت دڕک بە) لە تورکیا.. (پێت نەگوتم تۆ کێیت!) لە ئەوروپا (تەوقەی خۆشەویستی).. لە نێوان ئەمەریکا و کوردستاندا (١١٦) لەگەڵ (کەپسوولی ئەڤین) (١١٧)دا لە نێوان گەردوون و زەویدا..

٢- لە سەرەتادا نیازی ئەمەم نەبوو، بەڵکو دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (سانتیاگۆدی....) د. فەرهاد پیربال.. ماتەمینییەکی خەست دایگرتم و.. ئەو پرسیارە سادەیەم لەخۆم کرد.. بۆ دەبێت لە نێوەندی ئەدەبی ئێمەدا و بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین لە نێو ئەو لێشاوە چاپەمەنیانەدا شاکارێکی نازداری وەک ئەم ڕۆمانە بە بێدەنگ بە ژێر لێوەوە بکرێت و.. بۆچی دەبێت شیعرێک یان نووسینێکی سادە و ساکاری کەسێتیەکی حزبی دەستڕۆیشتوو دەیان وتار و کتێبی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ماستا و ساردکردنەوەی پڕ لە خەتخەتێن و هەڵمەتۆی بێمانا بکرێت!؟ ئیدی ویستم بە تەنیا باسی ئەم ڕۆمانە بکەم و هیچی دی.. کە هەندێ ڕامام و بیرم کردەوە.. خۆ هەر فەرهادە چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان)یشی نووسیوە و.. گەرچی زەمینەی ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ لە هەندەراندا نییە.. وەلێ پێوەندیەکی توندوتۆڵی بە کۆچ و هەندەرانەوە هەیە و.. شایانی ئەوەیە ئاوڕێکی ڕەخنەگرانەی لێبدرێتەوە..

ئەمجا ئەی چیرۆکی (سەگدۆست)ی ئەنوەر محەمەد.. کە بەراستی گەمە و چاوشارکێیەکی هونەرییانەی (گۆگۆڵ)یانەی تێدا کردووە.

ئەی ئەو چیرۆکانەی دی کە بەهۆی سانسۆرەوە و بە ناچاری هەموو شۆڕش و تێکۆشان و بەرگریەکی نەتەوەکەمانیان گواستۆتەوە سەر زێد و خاک و نیشتمانێکی تێکۆشەری دی لە پێناوی سەرفرازی و ئازادی و پێشکەوتن و ژیانێکی باشتردا؟!

ئیدی لەوەوە هاتە سەر ئەم باسە دوورودرێژە و هێندەی لە توانامدا بوو خۆم پێوە خەریک کرد و.. بێگومان کەم و کورییەکانیش زۆر زۆرە و.. لەوانەیە بە دەگمەن نووسەرمان هەبێت.

هێندەی خۆم هەست بە کیماسیەکان بکات.. چونکە بە دەیان چیرۆکم بەسەرنەکردۆتەوە و بێگومانیشم هەندێکیان شایانی بەسەرکردنەوە و تۆژینەوەن من ئەمە باش دەزانم و.. پێدەچێت هەر یەک لەو چیرۆکنووسانەی بەسەر نەکراونەتەوە، تەنیا هێندە گلەیی بکەن کە بۆچی ئەو یەک دوو چیرۆکەیانم باس نەکردوون!

٣- جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە کە ناونیشانی باسەکەم.. سروشم هەر لە چیرۆکی (پەناهەندە)ی فەرهاد پیربالەوە وەرگرت.. لەو مەیموونە سپییە هەناسەساردەی

خەریکی مۆزخواردنە و وادەزانێ هێشتا لە دارستانەکەیدایە نەک ئەوروپا.

## ئەنجام

١- لە گەلێ لەو چیرۆکانەدا و.. بەهۆی دووردە دەستی چیرۆکنووس، یان کەسێتی نێو چیرۆکەکانەوە.. توانراوە پەل بۆ گەلێ بابەتی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ببرێت و باس لە خەبات و تێکۆشان و بەرگریکردن لە خاک و نەتەوە و مرۆڤ و..چۆنێتی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و ژیانێکی باشتر.. وەک چیرۆکەکانی فایەق زێوەر- میرزا مەنگووری -بلە- مارف خەزنەدار -محەڕەم محەمەد ئەمین- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل- سەعید ناکام- شێرزاد حەسەن..تاد. کە دەتوانین ئەمانە بە گشتی لە خانەی ئەو چیرۆکانە دابنێین کە بەر لە ڕاپەڕین نووسراون.. یاخود هەر هیچ نەبێت چیرۆکی پەنابەرە کوردەکان نین کە دوای ڕاپەڕین بەمەبەستی دابینکردنی گوزەرانێکی باشتر بۆ (خۆیان) نیشتمانیان بەجێهێشت.

٢- هەروەها توانراوە گوزارە لە هەندێ کێشەی سێکسی و تەنانەت پرۆسە سێکسیەکانیش بە ڕاشکاوی لە دەرڤەی زەواجدا بکرێت سەرباری دەسبردن بۆ کێشەی ئایین.. کە پێدەچێت لای خۆمان و لەلایەن هەندێ دەستە و لایەنەوە نەک هەر بە کوفر و حەرام و قەدەغە کرا و تاوانبار بکرێن، بەڵکو لەلایەن خوێنەریشەوە بە زێدەڕەوی دادەنرێن ئەگەر چیرۆکنووسێکی نێوخۆ وا ڕاشکاوانە پەلیان بۆ بکوتێ.. ئەم دیاردانەش زێتر بە نووسینی ئەو چیرۆکنووسانەوە دیارن کە دوای ڕاپەڕین گەیشتوونەتە هەندەران و لەوێ پەناهەندەن.. وەک زۆربەی هەرە زۆری -گەر نەڵێم هەموو -چیرۆکەکانی جەزا چنگیانی.

٣- هەر لە نێو ئەو چیرۆکانەی پەناهەندەکانی دوای ڕاپەڕین نووسیویانە.. چەندین بابەتی جۆراوجۆر لەمەڕ سووک تێڕوانینی پەناهەندە دەدۆزینەوە کە چ لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بە سووک و چرووک و بچووک و دواکەوتوو و شێت و پیس و دەستبڕ و دەرۆزەکەر مامەڵەیان لە تەکدا کردوون و چ وەک کەسێتی چیرۆک و ڕۆمانەکان خۆیان بەو شێوانە نیشانی ئەوانی ئەوروپایی داوە.. وەک چیرۆکەکانی ئەنوەر محەمەد -فەرهاد پیربال- کاروان عەبدوڵڵا- بەکر حەسەن- کاروان کاکە سوور و ..تاد.

٤- لە نێو ئەم دەیان چیرۆکەی لێرەدا باسمکردوون.. هەندێ نموونەی بەرز و جوانی هونەریی گەورە بەدی دەکەم -جگە لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی لە خاڵی یەکەمدا باسمکردن- کە هەر یەکەیان بە پلەیەک لە پلەکان هەڵگری سیحرێکی هونەرین-.. یاخود ڕەمز و هێمایەکی جوانن.. یاخود عیشقێکی سەوداسەرییانەن.. یان هەر هەموو ئەمانە لە تاکە چیرۆکێکدا کۆکراونەتەوە.. بەتایبەتی لە ڕۆمانی (سانتیاگۆدی کۆمپۆستیلا) و (پەتاتە خۆرەکان)ی فەرهاد پیربال و (سەگدۆست)ی ئەنوەر محەمەد و (سەفەری مردووەکان)ی کاروان عەبدوڵڵا و (پاتریسیا و دیاریەکەی) جەزا چنگیانی..دا.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**٥٠- شێرزاد حەسەن/ چیرۆکی (لۆزان) کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) ١٩٧٧.**

**٥١- س.پ-ل٨٩.**

**٥٢- هـ.س.پ-ل ٧٥.**

**٥٣- هـ.س.پ-هـ.ل.**

**٥٤- هـ.س.پ-ل ٧٧.**

**٥٥- هـ.س.پ-ل٨٨.**

**٥٦- جەزا چنگیانی- کۆمەڵە چیرۆکی (چوارنان).. سلێمانی ١٩٩٩.**

**٥٧- ڕێبوار سیوەیلی/ سەرچاوەی پێشووتر (٣) ل/١٦٦.**

**٥٨- س. پێشووتر-ل ٦١.**

**٥٩- هـ.س.پ-ل ٩٣-٩٦.**

**٦٠- بەکر حەسەن- چیرۆکی (تای غوربەت) سەرچاوەی ژ/٢٤.**

**٦١- شێرزاد حەسەن- سەرچاوەی پێشووتر ل/٧٦.**

**٦٢- جەزا چنگیانی- ڕۆمانی (پاتریسیا و دیارییەکەی) سلێمانی ٢٠٠٢ ل٨٠.**

**٦٣- س.پ -ل ١٤٦ و ١٤٧.**

٦٤- ه.س.پ-ل/ ١٠١.
٦٥- ه.س.پ-ل ٨٢.
٦٦- بلاوکراوەی (ڕێباز ئازادی)-ڕێبازی ئەدەب و هونەر ژ ٢٩ ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/٢٩.
٦٧- جەزا چنگیانی/ چوارنان/ سلێمانی ١٩٩٩.
٦٨- س.پ-ل ١٠٨.
٦٩- سەرچاوەی پێشووتر ٣٣- نامەیەکی تایبەتی ڕەوف حەسەن لەمەڕ چیرۆکەکان -ل ١١٢.
٧٠- کاروان عومەر کاکە سوور- ئەسپیدیلۆن/ سوێد ١٩٩٨.
٧١- جەزا چنگیانی/ چوارنان/ س.پ/ ل ٦٥.
٧٢- جەزا چنگیانی/ چۆن گەیشتمە لای خوا/ ئەڵمانیا ١٩٩٩.
٧٣- س.پ-ل١١.
٧٤- ه.س.پ-ه.ل.
٧٥- کاروان عەبدوڵلا- سەفەری مردووەکان -هەولێر ٢٠٠٢.
٧٦- س.پ-ل١٠١.
٧٧- جەزا چنگیانی -سەرچاوەی ژ ٤٤-ل١٣٥.
٧٨- کاروان عەبدوڵلا -سەرچاوەی پێشووتر -ل ٩٨.
٧٩- د. فەرهاد پیرباڵ- پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین- بلاوکراوەی: ئاراس- هەولێر- ٢٠٠٣.
٨٠- س.پ-ل ١٣٥.
٨١- ه.س.پ-ل ١٣٢.
٨٢- ه.س.پ-ل١٢٨.
٨٣- د. فەرهاد پیرباڵ- سانتیاگۆدی مۆمپۆستیلا- بلاوکراوەی: ئاراس- هەولێر ٢٠٠٢.
٨٤- س.پ-ل ٤٣.
٨٥- ه.س.پ-ه.ل.
٨٦- ه.س.پ-ه.ل.
٨٧- ه.س.پ-ل٢٦.
٨٨- ه.س.پ-ل٩.
٨٩- ه.س.پ-ل١١.
٩٠- ه.س.پ-ل ٤٤.
٩١- ه.س.پ-ل٢٨-٣٢.
٩٢- ه.س.پ-ل ٩٧.
٩٣- ه.س.پ-ه.ل.
٩٤- ه.س.پ-ل ٥٨.
٩٥- ه.س.پ-ل ٤٧.
٩٦- ه.س.پ-ل ١٠٠.
٩٧- گابرێل گارسیا مارکیز-ڕۆمان چۆن دەنووسرێ- و: ڕەوف بێگەرد سلێمانی ٢٠٠٣ ل ٣٣.
٩٨- سەرچاوەی پێشووتر -ل١١٧.
٩٩- ه.س.پ-ل١١٦.
١٠٠- ه.س.پ-ل ١٢٦.
١٠١- ه.س.پ-ل١١٧.
١٠٢- فەرهاد پیربال- پەتاتە خۆرەکان- هەولێر ٢٠٠٠-چیرۆکی لە (پەراوێزی ئەوروپادا) ل ٥-٢٢.
١٠٣- ه.س.پ-ل١١.
١٠٤- ه.س.پ- چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) ل ٥٣-٦٣.
١٠٥- ه.س.پ-ل٦١.
١٠٦- ه.س.پ-ه.ل.
١٠٧- ه.س.پ-ل٥٨.
١٠٨- ه.س.پ- چیرۆکی (پەناهێندە)-ل٤١-٤٨.
١٠٩- ه.س.پ-ل ٤٨.
١١٠- کاروان عومەر کاکە سوور- ئەسپیدیلۆن/ سوێد ١٩٩٨. ل ١٨٥.
١١١- ه.س.پ- چیرۆکی (لامارتین) ل ٣١-٣٩.
١١٢- ه.س.پ-ل٣٧.
١١٣- ه.س.پ-ه.ل.
١١٤- ه.س.پ- چیرۆکی (شێر)- ل ٧٥-٨٤.
١١٥- س. پ. ل٧٩.
١١٦- ڕەوف حەسەن- چیرۆکی (وێنەکەی خوشکت)- سلێمانی ١٩٩٩ (هەر چوار چیرۆکەکەی لەخۆ گرتووە).
١١٧- ڕەوف حەسەن- چیرۆکی (کەپسوولی ئەڤین)- گ: ڕامان- ژ ٢٠ هەولێر ١٩٩٨.

# مەکتوب
# یان
# کتێبی ئەڤین

هاشم سەڕاج

**مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و مول**
**بە دوو صەد مەدرەسە و دەرس و کیتابی نادەم**
**«نالی»**

دەتوانین لە دیدگــای ڕۆحی دایســاوی ئەم بەیتــە ئاگراوییەی «نالی»یەوە لە جیهانی ڕۆحانیەتی کتێبی «مەکتوب»ی «پاولۆ کویلۆ» بڕوانین و هێماگەلێک لە پاژ و مـۆنادی ئەڤین و ئولفەت و جـوانی و مـیـهرەبانی و وەجدی خودایی لێ دەسەبەر بکەین (نالی) دەڵێ:
**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبوور**

غـوربەتکەشی و هیـجرەت و جودایی و ئاگری ئەڤین ئەگەر دڵ نەتوێنێتەوە و ڕۆحیش لە شکڵ و شێوەی ئەشکگەلێک تنۆک تنۆک بە سۆمای چاودا تێنەپەڕێت تا نیگای دیمەنی «جـــوانی پەتی و پاڵاوتە» بکات. ئەو عوبوور و پەڕینەوەیە ڕووەو عەرشی میهرەبانترین ئەڤین و مـیـهری باڵا کـە دوایین چرکـەی فـەنا و توانەوەیە، هەروەها دەتوانین بڵێین «پیـری تەریقـەتی مـەعنەوی» کتێبی «مەکتوب» سەر بە بنچینەی ڕێبازی تەریقەتی «خوراسان»ە و لەسەر ڕەوتی «عـیشق و بزاوت و ژیان و شادی و مەستی دامەزراوە».. پاشان هەندێ لە تابلۆ و دیمەن و پاژەکـانی «مـەکـتـوب» لە ڕووی گـوزارشت و دەربڕینەوە هێندە ئازاد و بوێر و بێباک و بێمـوبالاتن، دەتوانن لەگـەڵ ڕۆحی ئەم برگـە شـیـعـرەی «سـوهرابی سپێهری»دا ئاوێزان بن.

خەڵکی کاشانم
ئەشێ ڕەچەڵەکم بچێتەوە
سەر گیایەک لە هند
سەر گۆزەڵەیەکی خاکی «سیالک»
ئەشێ ڕەچەڵەکم بچێتەوە
سەر ژنێکی «سۆزانی»ی شاری بوخارا

تێکستی «مەکتوب» بە چاوی عیشق و ئەڤینەوە لە شتگەل و ئافەریدەکانی خودا دەڕوانێت و لە دڵڕا بۆ ئەو توحفەی میهری خانەدان و چیزەیە، پشکۆکانی سۆز بە ئیکسیری ئێستەتیکاوە دادەگیرسێت واتە «مەکتوب» عاشقانە لە ڕۆحی گەردوون و چارەنووسی بوونەوەرەکان دەدوێت: «ئەوەی عاشقانە بڕوانێتە شتێک داگیری ناکات، دەسدرێژی ناکاتە سەری، بەڵکو ئەو شتە وەکو خۆی وازدەهێنێ، تا بە هەموو پاکی و جوانییەوە بە هەموو ڕاشکاوییەوە بدرەوشێتەوە و چاوی ڕۆحی عاشق ڕۆشن بکاتەوە»... هەروەها «مەکتوب» سەر بە ڕێبازی «زن»ی بوودایی و جۆرێک لە ڕێگەی ئینتباعییەت «ئیمپرێشت» و بە ڕۆحی خاڵیکراوییەوە دیدار و دیدەنی لەگەڵ شتگەل و ژینگە و دەوروبەرا دەکات. کریشنامورتی- عارفی دیار و هاوچەرخی هندی دەڵێ «درکی ئێمە بۆ دیاردەکانی دەوروپشتمان دەبێ تازە و دوور لەو زانیاری و زانستانە بێت کە بە میراتی بۆمان ماونەتەوە، تەنیا بەم شێوەیەشە کە دەتوانین دروست ببینین.. نابێ بە چاوی ڕابردووەوە بڕوانینە شتێک، ئەگەر بە چاوی ڕابردوو بڕوانین ئەو شتە نابینین «هەر بۆیەش تێکستی «مەکتوب» بە دید و چاوی ئێستاوە لە شتگەل و ڕووداو و چرکە ئەڤینیەکان دەڕوانێت.. کریشنامورتی بەم شێوەیە ئاخاوتنەکەی تەواو دەکات و دەڵێ: ئەو دەمە بە چاو و زەینی ئەوانەوە کە تۆزی سەدە و ڕۆژگاریان لێ نیشتووە حوکمی باش و خراپی بەسەردا دەدەین و میراتی حەوت هەزار ساڵە کە پڕە لە خۆشەویستی و ڕق بەسەر ئەو شتەدا دەسەپێنین».. بەشێکی زۆری مەکتوب بە «زن»ی بوودیزم نووسراوە کە ڕوانینی بێ نێوەندە... «شاڵاوی ڕاستەوخۆ بۆ قەڵای حەقیقەت، بەبێ پشت بەستن بە هەندێ چەمک».. واتە ئازادکردنی هەست و ڕوانینەکان لە کۆت و بەندی لۆژیک و ترادیسیۆن.

مورشید و مورید لە تێکستی «مەکتوب»دا لە ئاست و پلە بەرزەکانی عیشقدامەست و سەرگەردان و شەیدان.. پیری ئەهلی دڵ ڕێنوێنی ڕێگاکانی مەعریفەی ڕۆحە و مورید لەبەردەم ئاوێنە ڕۆحانییەکەی مورشیددا سەرتاسەری تەهی دڵی دەبێتە پارچە پشکۆیەک لە ئەڤین و هێدی هێدی لە عەرشی ئەڤینی باڵا دەپاڕێتەوە، ئەو لەم سۆز و لاڵانەوەیەدا، دڵ خەریکە بێتە ئەسرین و جواناوی «سەرە مەرگ و بەنێو چەشما بکا عوبوور.. عیشق چییە؟ «عیشق واتە گرفتار بوون بە شتێکەوە کەوتنە داوی شتێکی تایبەتییەوە».. بەڵام ئۆشۆ لە کتێبی «عەشق سەمای ژیانە»دا دەڵێ:

خۆشەویستی تاسەیەکی زۆری دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نوقمبوون لە یەکتابووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە، بەبێ خۆشەویستی شادی و چێژ و وەرگرتن نابێت، بەبێ خۆشەویستی ژیان واتایەکی نییە.

خۆشەویستی بۆن و بەرامەیەکە کە دەبێت لەگەڵ خەڵکدا دابەشی بکەیت.. چونکە «هیچ شتێک لە ڕەهەندی زەمەن هەتا هەتایی نییە، ئەو شتەی کە لە زەمەن و کاتدا لە دایک دەبێت لە زەمەن و کاتدا دەمرێت، ئەگەر دەستپێکێک هەبێت بە دڵنیایی کۆتاییەکیش هەیە».

خودا ناوێکی ترە بۆ خۆشەویستی هەتا هەتایی و نەمر، هەربۆیەش «شوێنکەوتووانی ڕێبازی «زن» ساڵەهای ساڵ لە بێدەنگی و ئۆقرەگریدا چاودێری دەکەن و هێدی هێدی مێشکیان لە بزاوت و چالاکی دەوەستێت و ئەو هزرانەی کە تێیدایە لەناو دەچن».. هەروەها پاولۆ کویلۆ لە دیمانەیەکدا کە «جمانە حداد» ئەنجامی داوە و «سەلاح محەمەد» لە گۆڤاری «گەلاوێژی نوێ» کردوویە بە کوردی. بەم شێوەیە لە چەمکی ئەڤین و خۆشەویستی دەدوێت.. «خۆشەویستی سۆز و دەسبازی و گوێ لە یەکگرتن و گونجاندن و ڕەزامەندییە، خۆشەویستی جەستەش یەکێکە لە دەربڕینەکانی خۆشەویستی ڕۆحی.» ئەی «جوان» یانی چی؟

«جوان یانی دەربڕینی عاشقانەی شێوەکان»

«سوهراب» لەو چرکە ئەڤینییانەی «مەکتوب»دا دەڵێ:

## مەکتوب
## سەر بە بنچینەی ڕێبازی تەریقەتی خوراسانە، لەسەر ڕەوتی عیشق و بزاوت و ژیان و شادی و مەستی دامەزراوە

**من پێم وت «ژیان سێوێکە ئەبێ بە توێکڵەوە**
**گــازی لێ بگرین، من «ڤــیــدا» ئەخــوێنمــەوە، ناو بەناویش**
**سکێچی بەردێ، مەلێ، هەورێ ئەکەم**
**بەمار ئەڵێم «قورباقە چ شکۆیەکی هەیە».**
**خەڵکی کاشانم، وەلێ**
**شاری من کاشان نییە**
**شاری من ون بووە**
**دەرگاکەم کردەوە**
**بەشێک لە ئاسمان کەوتە پەرداخی ئاوەکەمەوە**
**ئاوەکەم بە ئاسمانەوە خواردەوە**
**هاوڕێکانی من لەکوێن؟**
**ڕۆژانیان پرتەقاڵی بێت..**

دوور نیــیــە ئەو چرکــە «مــەکــتــوب»ییــە کــە لە ڕێگەی شیعرە غوربەتکەشییەکانی «سوهرابی سپێهری»یەوە هەڵدەدرێت نەوای کەرنەڤاڵێکی نارنجی بێت بۆ هاوڕێ شێوەکارە غەجەرییەکەم، کە ڕۆژانێک لە شیعرەکانی سوهراب و مۆسیقای کراسی یووسف و کیمیای ڕەنگ و پیت و شیعر و خاک و خۆڵی گەرمیان و تەریقەتی عــارفــانی ئەهلی دڵ دەدواین و (نیــاھ)ی چاو خــومــار بەکراسێکی ئەرخەوانی پێکی شەرابی بۆ ڕادەگرتین و ئێــــــمــــەش چنگ چنگ پیت و ڕەنگ و بۆیەمــــان بەتارماییەکانی مەرگدا دەکرد. دەتوانم بڵێم «مەکتوب» یان کتێبی ئەڤین سەر بە عیشقێکی ڕەهای سۆفیزمییە کــە «ئەرســتــۆفــان» دەڵێ: «خــۆشــەویســتــی ئارەزووی بەدەستــهێنانەوەی شادمانییە فەوتاوەکەیە ئەمەش لووتکەی سیفەتەکانی خۆشەویستی ئەفلاتوونییە کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو جوانییە ڕەهایەی بەرلەوەی بچێتە ناو جەستەی مادییەوە، گیان ئالوودەی ببوو».. خۆشەویستی گیان، جوانی گیان، هەریەکیان حەزی لەوی ترە دەگەن بە خۆشەویستی چیزە «الحب النبیل». «کەواتە هەر یەکێک لە ئێمە لە تێکەڵە بوونەوەرێکی تەواو کە هەمیشە بەدوای لەتەکەی تریدا وێڵە» ،بەڵام ئەم گەڕانە بێ هەدادانەی عــــیـــــشق هەردەم ڕووگـــەی دڵ ڕووەو ئاتەشکەدەی «فەنا» ڕادەماڵێت ئەم هاڵاوی عیشقە لای «مەحوی» بەم شێوەیەیە:
**بە ئۆغرکردنی من بوومە قەقنەس**
**کە ئەو چوو بۆ سەفەر، من بۆ سەقەرچووم**

یان بەر لەم بەیتە دەڵێ:
**بە پیر ئەو ماهەوە چووم و بەسەرچووم**
**پەری بوو، ئەو نەبوو، شەوبوو، بەسەر چووم**

هەروەها دەتوانین لەم ژانری تێکستی «مەکتوب»ە لە ڕێگەی ئەڤــینەوە تێکەڵ بە دیدی ئاگــراوی مــەولانا خالیدی نەقشبەندی بین کە دەڵێ:
«خودا لە تێڕوانینی سۆفیزمەوە ماهیەتی دنیایە و سۆفیزم گەڕانە بەدوای یەقیندا، یەقینی گەیشتن بە نووری خودا و توانەوە لەو نوورەدا.. توانەوەی کەینونەی دیار لە نووری کەینونەی نادیاردا، گەیشتن بەو ئاستە لە سنووری دڵدا دەبێ» و مەکتوب زۆرجار لە توخمی ئاگر دەدوێت.. لە ئاهەنگی ئایینی زەردەشتی و لە ئاتەشگاو خواردنەوەی شەرابی «هووم»ی زەردەشتی و لای عارف و پیری ئیرشاد و موغان «ئاگر» ڕەمزی عیشقی ئیلاهییە. ئاگری عیشق کە ئاوێتەی خەرمەنی گوڵە جوانەکانی ژیان دەبێت و واتای زیندەگی و بوون دەبێتە ئاگرێکی تەنک و بنێس و سپی. «خەیام» دەڵێ:
**سەر دەستەی دنیای مەعانی عەشقە**
**شا بەیتی شیعری جوانی عەشقە**
**ئەی بێ ئاگایی لە عالەمی عەشق**
**ژیان خۆی ئەبێ بزانی عەشقە**

چرکە چارەنووسی و مەکتوبییەکانی قەدەر و ئەڤین و جوانی بەشێوەیەکی ئاگر ئامێز ئاوێتەی ڕۆحی شاعیرانی کلاسیکی و کورد بووە. ئەو چەند بەیتەی تاهیر بەگ و ئەحمەد بەگی جاف چلۆن لە عیشق و مەکتوب دەدوێن..
**ئەگەر مەیلت لەسەرمانە چحاجەت  ئابی حەیوانە**
**لە لێوی لەعلی جانانە حەیاتی جاویدان بابێ**
**بحمدالله گوڵی ڕەعنا شکاندی ڕەونەقی لەیلا**
**بلێن مەجنونەکەی شەیدا ڕەئیسی عاشقان بابێ**
**کە من محرابی ئەبرۆی تۆ مەقامی سجدەگاهم بێ**
**ئیتر وەک زاهیدی خودبین لە مەوعیدی جنانم چی**
**فەلەک زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر**
**شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەصفی ڕوخساری**

یان «مەولەوی» لە چرکەکانی ئەڤین و مەکتوب دا ئێژێ:
**سوزیام هەی سوزیام، وێنەی شوعلەی نوور**

**بيم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی نوور**
**دیدەم وەدیدەت شای شیرین چەمان**
**فیراقت قامەت کەردەن وەکەمان**

یان «ابن عـربی» لە «ترجمـان الأشـواق» بەم جـۆرە موخاتەبەی عیشق و جوانی و مەکتوب دەکا:

**لقد صار قلبي قابلا كل صورة**
**فمرعى لغزلان ودير لرهبان**
**وبيت لأوثاني و كعبة طائف**
**وألواح توراة ومصحف قرآن**
**أدين بدين الحب أنى توجهت**
**ركائبه فالحب ديني وايماني**

«مـەکـتـوب»ی پاولۆ تارادەیەک پابەندی لەوحی مەحفوزە.. کەڤاڵی پارێزراو... کە پیت و مۆرفیمەکانی بە پرشنگی نوور نووسراوە و مەلەک نزیکی ئەو عەرش و کـەڤـاڵە بێت ئاگـرێکی هەتا هەتایی تێ بەردەبێت... کـەڤـاڵی چارەنووس، لەوحی قـەزاوقـەدەرە.. وێرد و دوعـای ئەڤـینی ئەگـەر تا ڕادەیەک بەهێـز بێت ڕەنگە سەربکەوێت و ئەو کاتە تۆزێ قەدەر دوا بخرێت، بەڵام کێیە خاوەندی ئەو دڵە پاک و ئەڤینییە بتوانێ وێرد و دوعا و لاڵانەوەی ئەڤـیندۆستـانەی ئاراستـەی کورسی و قەڵەم و لەوحی سەڵتەنەتی میهرەبان بکات «مەکتوب» لە میان کتێب و دیدەو زەمەنەوە لەو نووسراوە قەدەرییە دەدوێت و ئەو نووسـراوەیە بوو وای کـرد پاڵەوانی «کیمیاگەر» دوای ئەو سەفەرە دووورودرێژەی بە عیشقی شـۆڕە کـچی بیـابان نشین «کـەزی» شـاد بێت، یان «مـەکـتـوب» بوو ئەو بڕیارەی دا لە «یانزە خـولەکـدا» ئەوشێوەکارە غەجەرییە «ماریا»ی مەجدەلیە لەو کەش و هەوا نالەبار و ناهەمـوارە دەرباز بکات.. ئیـتـر ئەمـە مەکتوبە..

ئەی کـەڤـاڵی عـیـشق.. کێ بوو پێی ڕاگـەیاندم کـە هەموو شتێک لە سەرەتاوە نووسراوە..

«مـارمـێلکە دەتۆقێ، ئەو تا ئەو ڕۆژەی شـانەی چێ نەکردبوو پێیـوایە بەم کارە گۆڕستـانێ دروست دەکات و خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات» « خوایە ئێستا کە بەم ژیانە خووم گرتووە، دەمەوێ سەرجەم ئەو شتە بچووکانەی کە هەمن لێم بسێنی» «پاش چەند ڕۆژێک هەست دەکا بووە بە پەپوولـەیەکی جـوان و دەتوانێ بۆ ئـاسـمـان بفـڕێ و هەمـووان ستـایشی بکەن، «مەکتوب» بە زمانی ئاماژە و لەرەو ئاوازی کۆنتێکستی ڕستەکە زۆرجار هەڵگری توخم و تەزووی جـۆرێک لە شـیـعـریەتە، گـوزارشت لە حـاڵەتەکـانی ئەڤین و لەوحی لاهووتی و مـۆرفـیـمـە ڕۆحانییەکان دەکات، ئەم هەڵکشان و باڵدەرکردنە، لە کۆمیدیای خوداوەندی دانتی ئەلیێجیری-دا هاتووە، کە چلۆن کرم دەبێتە پەپوولە دانتی لە گەشتە ڕۆحانیەکەیدا ئەم برگـەیەی لە بواری بایولۆژیا هەڵکڕاندووە.. کـە چەمکی دەربازبوونی ڕۆحی چڵـێس و کـرێتـە و وەرگـۆڕانیـەتی بۆ دنیـای پاک و جـوانی.. یان ئامـاژە پێدانە بە خەسڵـەتی مەسیحـایی، مـەسیح هەمـوو فەرمایشتەکانی بە ڕەوتەنی و بەدەم ڕێگاوە هەڵدەدا ئەو قـامکەکـانی شـانەی پرچ و چنگەکـانی دەفـری ئاو خواردنەوە و گەرۆکێکی ئاسوودەی بێ کونج و ئەنوا، ئەو بە باڵە نوورانییەکانی هەڵکشا و هەروەها «بوودا» ئەم زیندەگـیـیە بە پردێک نێـوزەد دەکات کـە ئەوە ناهێنێت مـرۆڤ لەسـەر پردێکی سـاتەوەختـیـدا خـانووبەرە چێ بکات، بەڵام ڕۆح چۆن دەتوانێت خـۆی لە ڕکـێـفی نیگەرانی ڕزگـار بکات.. ڕاهیـبی ڕۆحـانی بە کـابرای غـەریب دەڵێ: «بەڵام ئەگـەر بزانی چۆن ڕاڕایی و وەسـوەسـە ڕەت بکەیەوە، هەرگـیـز بەڵایەکت بەسـەر نایەت».. عیسا لەنزایەکدا پێمان دەڵێ: با... ئیرادەی خوداوەند بچەسپێ، کاتێ کە ئیـرادە لەسەر کێشەیەک بکاتن، ڕێگا چارەیەکـیش دادەنێ «ئەگـەر بڕیار بایە هونەری غـەیبزانی بتـوانێ بانگەشەکانی بچەسپێنێ، ئەبوایە سەرجەم فـاڵچی و لەپخـوێنەکـان دەوڵەمـەند و ڕێزدار و دەسـەڵاتدار بوونایە».. تێکست هەندێ جـار ڕستـەگـەلێکی شێـرپەنجـەیی لەشێوەی پەند و گـوفـتـار هەڵدەدات کـە مـەغـزاکـەی هەڵگری چەندین مـەدلوولە و جار ناجاریش بە ڕێبازی «زن»ی بوودایی چاو لەوحەکانی سروشت دەخوێنێتەوە.. وەلێ تێکڕای هەوڵ و کۆششەکان هەنگاو و نزیکبوونەوەیە لە ئاگری ئەڤیناوی میهری باڵا، «شـاگـرد گـوتی: شـتـێک نابینم، خـۆرەتاو بینایی کـز کـردووم».. پیـر گـوتی کـەسێک کـە گـەڕیدەیە بە دوای ڕووناهی و هەموو ئەرکەکانی دیکەی پشتگوێ خستووە، ڕووناهی دەست ناکەوێ، کەسێک بەردەوام سەیری ڕۆژ بکات سەرەنجـام کوێر دەبێ، لەززەتی جوانی توندوتیژ و بە زەبروزەنگە.. دڵـی عاشق هێدی هێدی ڕووەو زەواڵ و فەنا دەبات، کێ دەتوانێ هەمیشە و بەردەوام نیگاکانی

ئاراستەی حوسنی کەڤاڵە ئاگراوییەکانی جوانی بکات، لەیرە دڵ دەبێتە میتاڵ و لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕووبارەکانی زەمەن دەتوێتەوە.. مەگەر «عەتار» لە گەشتی سیمورغ و سیمرغدا لە سووتانی پەڕ و باڵی فڕندە ڕەوحانیەکان نەدوابێ.. کێ دەتوانێ لە سەڵتەنەتی عەرش و لەوح و قەڵەمی ئیلاهی نزیک بکەوێتەوە، بوونەوەری دژوێن کەی شایان و شایستەی ئەو ئاست و پلەیەیە، ئەی میهر بە پرشنگی ئەزەلیت ڕۆحی پەژموردەی شیعر هەڵایسێنە، دڵی غەفلەتزەدە لەو پایزی تەمەندا چلۆن مۆنادەکانی گیانی وشە بخرۆشێنێت.

## من زۆربەی کاتەکانم بیر لەو شتانە دەکەمەوە کە نابێ بیری لێ بکەمەوە

پیاوەکە گوتی: ئەگەر کەسێک لە دڵەوە بڕوای بە خوا هەبێ، دەبێ ئەوە قبوڵ بکات کە ئازاد نییە، چونکە خودا بەسەر هەموو جموجوڵێکی ئێمە دادوەرە. شوان گوتی «ژیان وەک ئەم چیایانەیە کە بوونەتە دیواری دۆڵەکە، چارەنووسی ئێمەش هاوارێکە کە دەکرێ هەر کام لە ئێمە بیچڕێ، هاواری ئێمە لە ڕووی دیوارەکە دەداو بە هەمان شێوە بۆ لای خۆمان دەگەڕێتەوە، خواوەند وەک دەنگدانەوەی دەنگی ئێمەیە» «ئیبن عەرەبی» وای بۆ دەچێت کە لە هەرە پێشووی ئەزەلەوە نووری ڕەها لە کۆنتێکستی ڕستە و دەستەواژە و لە پیت و مۆرفیم و فۆنیمەکانی لەوحی نووسین «تەجەللا»ی کردووە کەواتە درەنگ و زووی دەرکەوتن و هەڵکەوتنی کتێبە پیرۆزەکان گرنگ نییە، چونکە ئەو نوورە لە ئەزەلەوە ئاوێزانی لەنجە و لەرەی وشەکان بووە، ئەو میهرە بێ کۆتایی و هەتا هەتاییە لەنێو دڵ و دەروونی مرۆڤدایە، هەر بۆیەش زۆرجار ئاوازی دەربڕینی فۆنیمەکان، کە لە دڵ و دەروونێکی پاک و غەمبارەوە هەڵدەدرێن دوچاری هەڵچوونی ڕۆحی و سەرمەستیمان دەکات، «شیللی» شاعیر ئەو نووری باڵایە لەنێو ڕەحیقی گوڵشەنەکان دەدۆزێتەوە.

کەواتە کێشەکە پابەندە بە تەهی دڵەوە، ئەگەر دڵ مەست و حەیران بێ بە عەتری ئەڤینی باڵا... ئەو لەنێو سەرپاکی دیاردە و ڕوخسار و شتگەل و سیستمە ئاڵۆز و جوانەکانی گەردوون و تەبعی ئاڵۆسکاوی مرۆڤ، ئێستەتیکای ڕێکی ئەستێرەگەل و ڕەنگ و بۆیەی ڕووەک و بوونەوەرانی دەریا و دەریالووشەکاندا ئەو میهرە تاقانە و یەکتایە دەبینێت.. یان لەنێو ئیکسیری ئەو دەنگ و ڕەنگ و هێزانەی کە دەستەمۆ ناکرێن، ئەو چەند بڕگەگەلەی سەرەوە هزرە جوانەکەی «ئەمانوئیل کانت»ن لەگەڵ داڕژانی ئیقاعەکانی نووسین تێکەڵ و ئاوێزان بوون، موریدەکە بە پیرەکەی گوت: «من زۆربەی کاتەکانم بیر لەو شتانە دەکەمەوە کە نابێ بیری لێ بکەمەوە، نوقمی ئەو خولیایانەم کە نابێ لەسەرمدا بێ و سەرقاڵی خەیاڵاتی بێهوودەم». دەروێشەکە گوتی «بلادۆنا» ئەو گیایە هەرکەس چەشکەی بکات دەیکوژێ، پیر پرسی، بەڵام ناتوانێ کەسێک کە بەس بۆ وی دەڕوانی بیکوژێ، حەزە نەرێیەکان ئەگەر بە لاڕێتدا نەبەن، ناتوانن زیانت پێبگەیەنن ئەو پرشنگی میهرەیە هەردەم و هەمیشە زەنبەقی باخچەی دڵت لە گورگە و گیاکەڵەی کوفر و ژەهراوی دوور دەخاتەوە، تۆ کە تامی ژەهری هەلایلی کوفر و هاوتایی نەکەیت، بەردەوام بۆن و بەرامەی گوڵەکانی میهری دڵۆڤان ترپەی دڵ و مۆنادەکانی ڕۆحت لە وەسوەسە و گومڕایی پاک دەکاتەوە نووسەر تەنیا جارێک لەگەڵ پیرە پیاوەکە ئاخاوت و بەگاڵتەوە پرسی «فیکر دەکەینەوە خوداوەند لەم کوێستانە دەژیێت؟ پیرە پیاو وەڵامی دایەوە «خودا لە هەر کوێیەک ئیزنی هاتنەژووری بدەنێ، دەژی».. ئەو ئافەریدەکارە و فریای هەموو ئافەریدەیەک دەکەوێت و تۆ ئەگەر عیشقی ئەو میهرەت لە دڵدا بێت، بێباک هەنگاو بهاوێژە و بە سرووت و ئەزموونی تاکەکەسی خۆت بانگی بکە و فەریاد و هاواری بۆ بەرە تەنیا ئەو فەریادڕەسی بێ هاوتایە..

«مەکتوب».. دەڵێ «تەریقەتی مەعنەوی» وەک ئاگرێکە کە لەپێش چاومان دەسووتێ کەسێک بیەوێ ئاورێک هەڵبکات، دەبێ بەرگەی ئەوە بگرێت کە سەرەتا دووکەڵێکی ناخۆش فرمێسکی لەچاوی دێنێ و هەناسەی تەنگ دەکا. بەم جۆرە کە سەرلەنوێ بڕوا نوێ دەبێتەوە، بەڵام کاتێ ئاگر شەماڵە دەستێنێ، دووکەڵ ون دەبێ و تەنیا شۆلە بەتین و ڕووناکییەکەی دەمێنێتەوە.. مەکتوب، یان کتێبی ئەڤین بەردەوام لە تەریقەتی مەعنەوی دەدوێت و لەو هێزە ئیکسیری و هەیولاییە جوانە دەدوێت کە چارەنووسەکان دیاری دەکات. ئەوەی کە هەژماری ئەم باڵندانە دیاری بکاتن، کێیە؟ بێگومان

خۆت نیت؟ مەکتوب هەمدیس مانەندی ڕۆمانی کیمیاگەر لە سەفا و ڕوونی ئاو و ڕوخساری نەرسیس دەدوێت و ئا لەم ڕووگەیەوە ڕاز و نهێنییەکانی تەریقەتی مەعنەوی ئاشکرا دەکات، دڵ چۆن دەتوانێ بەدیدەنی ئەڤینی باڵا شاد و بەختەوەر بێت.. پیاوێک لە ڕاهیبێکی ڕۆحانی دەپرسێت: دەمەوێ بزانم یەکەم هەنگاو چییە، کە بتەوێ لە تەریقەتی مەعنەوی هەڵبیبێنی؟

کابرای ڕۆحانی ئەوی بۆ قەراغی کارێزێکی بچووک برد و پێی گوت لەنێو ئاوەکە تەماشای ڕوخساری خۆت بکە، تا پیاوەکە ویستی وێنەکەی خۆی ببینێ، ڕوحانی چەند بەردێکی خستە ئاوەکەوە.. پیاوەکە گوتی: «ئەگەر درێژە بەو کارە بدەی، ناتوانم دیمەنی خۆم لەنێو ئاوەکەدا ببینم» ڕۆحانی گوتی: «هەر بەو جۆرەی کە ناتوانی وێنەی خۆت لەناو ئاوی شێواودا ببینی، قەت ناتوانی، بەرەو خودا بڕۆی، لەکاتێکدا کە دڵت لەسەر و بەندی ئەم بەدواداچوونە پەرێشان و شێواو و بە هەڵپەیە ئەمە یەکەم هەنگاوە.»

پیر دەڵێ: «بەشێکی گرنگ لە وانەی ژین ئەوەیە کە دەرفەتەکان لە دەست نەدەی».. دەرفەتی نووسینەوەی خورپەی وەجدەکانی دڵ، با تێکەڵ و ئاوێتە بین لەگەڵ ئاشق و غەریب و بێگانە و بیانی و ڕێونگان و بەلەنگاز و سەرمەست و بێنەوایان... ئەگینا «سەرئەنجام نە دەتوانین بۆ ژیان سوودمەند بین و نە دەتوانین لە کۆمەکییەکانی ژیانیش بەهرەمەند بین» هێشتنەوەی مەوداکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەگرنگی و بڕوا بە خۆبوونەوە دەرکەوین، بەڵام لە ڕاستیدا بەم کارەمان مۆڵەت بە وتاری فریشتەکانمان نادەین، تا خۆی لە دوو توێی پەیڤینی ئەوانی تر دەربخا. چونکە ئەڤینی خودایی لە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستانی پەیڤینی جیاوازەکان و بیروبۆچوونی جیاواز و ژینگە و دەوروبەر و کۆمەڵگای ڕەنگاو ڕەنگەوە دێتەکایەوە، نووری میهر ئەپۆریایەکی لەززەتدارە و بەردەوام ماسکەکانی دۆگما و زیندانەکانی ئوسوڵیەت تێکدەشکێنێت، مەکتوب دورجەکانی سۆز و مەحەببەتی ئینسانی لەنێو دڵدا هەڵگرتووە.. سوڵتان تووڕە بوو گوتی: «مەبەستت چییە؟ سەرتاسەری ئەم موڵکە هی منە؟ پیر وتی «وایە، بەڵام ئەمن مۆسیقای هەموو گەردوون دەزانم، ئەمن خاوەنی سەرجەم ڕووبار و چیاکانی جیهانم، مانگ و خۆر هی منن، چونکە من خودام لە ڕوحمدا هەڵگرتووە، بەڵام جەنابت تەنیا ئەم قەڵەمڕەوەت هەیە» پیر دەڵێ: «بڕیارەکانی خودا نهێنی و پڕپێچن، بەڵام هەمیشە لە قازانجی ئێمەن» ئیتر تێکستی «مەکتوب» لە بونیادی قووڵ و شارەوەیدا بەردەوام هەڵگری هەستێکی ئەڤینییە، بەڵام ئەڤینێکی لاهووتی ئاوێتە بە مۆنادەکانی نەهلیست و خەسڵەتی جوانی. پیر گوتی: ڕۆڵەی ئازیزم، دەبێ شتێکت پێم بڵێم.... هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشە و خۆت ئامادە بکە، ناچارم کە ڕاشکاوانە بدوێم متمانەت وەبەرنێم، کە دڵنیایی تەواو لە ڕاستی ئەوەی دەیڵێم هەیە، هەڵە و گومان و دوودڵی تێدا جێ نابێتەوە.. ئەویش ئەمەیە: تۆ دەمری- هەر ئەمڕۆ... یان پەنجا ساڵی تر، بەڵام درەنگ، یان زوو هەر دەمری تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی ویستی تۆ بێ و تەنانەت ئەگەر ئەوکاتە ئارەزوو گەلێکیشت لە دڵدا بێ، لەوەی ئەمڕۆ، سبەی و پاشماوەی تەمەنت ئەنجامی ئەدەی، بە وردی بیربکەوە» کەچی ئەم هەستە هایدیگەرییە لە بونیادی تێکستی «مەکتوب» دا هەستێکی کوشندە و ڕەشبین نییە، بەڵکو ئیکسیری نەهالیستێکە لە ئاوازێکی ناوازەی لەنجەدار دەکات، ئاوازێک بەردەوام لە فەزای عیشق و جوانی و میهرەبانیدا ئاوێتەی لەززەتێکی غەماوییە.. هەندێ جاریش لە جووڵە و بزاڤی کەرنەڤاڵ و زەماوەندە ڕوحانییەکاندا دەردەکەوێت و خودی ئەڤینداری زیاتر ڕووەو هۆشمەندی و درککردن ڕادەماڵێت..، «کەنیشکێکی ڕۆمانی و هێمن ئەویش دەیویست خۆشەویستی خۆی بۆ کەیبانووی هەمیشە کچ دەربڕێ پەرێشان و شێواو، لەناڕەزایەتی ئەوانەی ئەوێ چەند پرتەقاڵێکی لە گیرفان دەرهێناو کەوتە هەڵدان و گرتنەوەیان بەشێوەیەکی هونەری، کە دایک و باوکی فێریان کردبوو تەنیا لەوکاتەدا بوو کە عیسای منداڵ بزەی هاتە سەرلێو و بەشادییەوە چەپڵەی لێدا، کەیبانووش تەنیا ئیزنی بەو کەنیشکە هێمنە دا، کە منداڵەکەی بۆ چەند چرکەساتێک لە ئامێز بگرێ»..

«مەکتوب» ژانرێکی ئەدەبی نیمچە لاهووتیە، لە شکڵ و شێوەی دەقی کورت کورتی سیفر و کەڤاڵ و مەزموور و بەشێوازی گێڕانەوە و شێوەی پەخشانە شیعردا نووسراوە، دەکرێ بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە چارەسەری غەیبانی و ڕۆحانی هەیە، هەندێ لەو تێکستانە لە تەقس و سرووتی تایبەتیدا وەک وێرد و نزاو قەدداس و نوشتە و

گوللەبەند و بازوو بەند بەکاربێنن، یا بۆ کێشکردنی دڵی مەعشووق و چاوەزار بەکاری ببەن، یا مانەندی سروودێک دژی سیحری ڕەش و سوور و شالاوە شەڕانگێزییەکانی ئەهریمەن، چونکە تێکڕای تابلۆکانی مەکتوب بە دید و تێڕوانینی نۆژەنی ڕۆحانی و گۆشەنیگای قووڵ نووسراون و هاوکات هەڵگری ڕۆحێکی ڕەحمانی و شیفاو خێر ئامێزن، مەکتوب بەو دید و گۆشەنیگا فراوانەی کە لە فەزای شڵەژاو و جەزبەداری دنیای مەعریفەی ئێستەتیکی دەڕوانێت، بەو واتایەی، گرنگ دەسەبەرکردنی پرشنگەکانی جوانی و چرکە ساتی شادی و ئارامبەخشییەکانی گیانە، جا ئەو بوقعەی نیگا و سروش و جوانییە سەر بەکامە کایە و کەناڵ و بوار و دەڤەری ئەدەبی و فەلسەفی و مەعریفەی لاهووتی و عەلمانی بێت گرنگ نییە.. گرنگ ئەفراندن و داهێنانی شاکاری ئاوەڵا و کراوەیە کە بە قەد گەردوونێک ئاماژەی لەنجەدار و بەقەد دەریاچەیەک تەزووی لەززەتی ئاگرین لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت..
مەکتوب ئیرەمێکە لە سۆز و ئاوازەکانی لیریک، بە ئاماژەی خێراو فرە مەدلوول گوزارشت لە دنیایەکی مەحەببەت ئامێزی یەزدانی دەکات دژی جیهانێکی تووکئامێزی شەیتانی لێوانلێو لە ئێرەییەکانی سیحر و جادووی ڕەش هەمیشە هەوڵ مەدە کە مەنتیقی بی، سەینت پۆڵ گوتوویە «ئاوەزی جیهان لە چاو خوداوەند، گەوجییەکی زیاتر نییە».. مەنتیقیبوون یانی ئەوەی کە هەر ڕۆژە بۆینباغێک ببەستێ و لەگەڵ گۆرەوییەکانت بێتەوە، واتە سبەی هەمان بیروباوەڕی ئەمڕۆت هەبێ، ئەدی بەسووڕی زەوی چی دەڵێین؟ تا ئەو جێیەی زیان و زەرەر بە ئەوەی تر ناگەیەنیت، هەزار جار بیرو باوەڕت بگۆڕە، بێ ئاڵۆز کردنی دەوروبەر... لەگەڵ دژ و ناکۆکەکان خۆت ڕووبەڕوو بکەوە.. ئەمە مافی تۆیە، گرنگ نییە ئەوانی تر دەڵێین چی، هەر کارێکیش بکەی دواجار ئەوان هەر تانە و تەشەرێکیان بۆتان هەیە، لەزەتی هەیرانکردنی خۆت بدۆزەوە. سەینت پۆڵ گوتوویە «خوداوەند بابەتگەلێکی گەوجانەی بۆ گێژکردنی خەڵکی زانا داناوە» مەکتوب لە شێوەی کەرنەڤاڵی ئاگرین و زەماوەندی لەززەتین چرکە ڕۆحییەکانی عیشق و دڵ دەورووژێنێت، ئەو لەحزانەی کە هەست بەخۆشی و شادی و ئاسوودەیی دەکەی، سەما بکە و هەرچییەکت هەیە ببەخشە، واز لە بوغز و کینە و ڕق و ڕکابەرایەتی بێنە، بتوانە چرکە ئیشراقیەکانی ڕۆح و دڵ بنووسیت و لەم بوونە زەمانیە چێژو خۆشی وەربگرە، چونکە تۆ مانەندی موسافیرێک دێیت و بە هەمان شێوەش ماڵئاوایی لە تێکڕای شتگەلەکان دەکەیت، کەواتە گۆرانی بڵێ و سەما بکە و شەرابی عیشق بنۆشە لەم گەردوونە بێ سنوورەدا هیچ شتێک موڵکی تۆ نییە و هەموو شتێکیش پابەندی چرکەکانی درەوشانەوەی تۆن، ئەڤین بوون و ژیان بەرەو جوانی دەبات، «دەتوانین کاتی ڕۆیشتن بۆ سەرکار لەسەر شەقام سەما بکەین، دەتوانین بۆ چاوانی غەریبێک بڕوانین و لە عیشق بدوێین» ئیمڕۆ ساتەوەختی بەشینەوەی عیشق و مەحەببەتەکانی دڵە، با گەنجینەکانی ڕۆح ئاوەڵا کەین و شەرابی خۆشەویستی بنۆشین.. «نالی» دەڵێ:

**فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ**
**نیثاری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ مابێ**

«ئەمڕۆ دەتوانین ئەو ڕۆژە، جیاوازی هەبێ لەگەڵ ڕۆژانی تر، ئەمڕۆ هەر هەڵەیەکی قبووڵ دەکرێ و دەبەخشرێ، ئەمڕۆ ڕۆژێکە بۆ لەززەت وەرگرتن لە ژیان.

پیر دەڵێ: لە تەواوی ئەو بەهرانەی خوداوەند پێی داوی، بەهرەمەند بە، ناکرێ بەهرە هەمبار بکرێت خەزێنەیەک نییە کە بەهرەکانی بۆ ڕۆژی ڕەش تێدا هەڵبگیرێ.. ئەگەر سوودیان لێ نەبینی، بۆ هەمیشە لە دەستیان ئەدەی».. «جێگایەک کە زۆر و ستەم دەتوانێ تەنیا نابووتی بکات، نەرمی و لەتافەت دەتوانێ نەخشێکی جوانی بداتێ»، «بیردەکەینەوە؛ باشتر وایە پێکی خۆشی هەڵنەدەین، چونکە کاتێ کە بادە تەواو بوو، ئازارێکی زۆر دەکێشین، بێ ترس لە پارچە پارچەبوون، گەورەبوون مانای نییە، بێ ترس لە گریان، ناتوانین پێبکەنین» بڕۆ ئەی ڕاهیبی تەریقەت گەنجینەی ڕۆحی و مەعنەوی تاکە کەسیت بە مەرجانی فەنتازیای خەون و خەیاڵ و ئەڤینی یەزدانی دەوڵەمەند کە و ناوازەترین لەوحی جوانی ئەم بوونە زەمانییە بە ئیکسیری نەغمەگەلی ڕۆح و دڵ و زەینی شێواو لەسەر لاپەڕەکانی نووری ئەڤیندا تۆمار بکە، تەنیا میهری خودا ئەوانی تر چش، بەرە بەیانێک «بوودا» لەنێو قوتابییەکانی بوو، پیاوێک پرسیاری کرد: ئایا خودا هەیە؟ بوودا وەڵامی دایەوە بەڵێ خودا هەیە. پاش نیوەڕۆ پیاوێکی تر هەمان پرسیاری ئاراستە کرد بوودا وەڵامی

دایەوە.. «نەخێر، خودا نییە» شەو پیاوێکی تر هات و هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە بوودا ئەمجارە گوتی: «پێویستە بۆ خۆت وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزیتەوە»

یەکێ لە قوتابیان گوتی: «مامۆستا ئەمە بێ مانایە، چۆن دەکرێ پرسیارێک سێ وەڵامی هەبێ؟

بوودا گوتی: چونکە ئەوان سێ کەسی جیاواز بوون و هەر کەس بەشێوەی خۆی لە خودا نێزیک دەبێتەوە. یەکێ بەنکوڵیکردنەوە و یەکێ بە گومانەوە لە «کۆمێدیا»دا دەڵێ «دانتێ» ژوورێکی تایبەتی بۆ «گریان» تەرخان کردبوو، ژووری گرین. «مەکتووب» دەڵێ «تەنیا ئەزموونی عەشقێکی کە ئێمەی تەنیوە، لە وەها چرکەساتگەلێکدا لەوانەیە، فرمێسکێکی چاوەڕەواننەکراو بڕژێتە سەر گۆنامانەوە، ئەسرینێک کە نە گوزارشت لە خەم دەکا و نە لە شادی، پەرێشان مەبە ئەشک نیعمەتێکە رۆحی ئێمە خاوێن دەکاتەوە.»

پیر دەڵێ: «ئەگەر ناچار بووی بگری، وەکو منداڵ بگری» تۆ سەردەمێک کە منداڵ بووی و یەکێ لە نۆرەتایبەترینی شتەکان کە فێری بووی گریان بوو، گریان بەشێکە لە ژیان، «هاوار بکە بە دەنگی بڵند، بناڵە چەندی دەتەوێ قیرە و هاوار بکە، چونکە منداڵ بەو شێوەیە دەگرییێت، بۆ ئەوەی زۆر زوو ژیر بێتەوە».

سەرخۆشەکە گوتی: بۆچی؟ ئەز بە جۆرێکی وا لە عیشق دەدوێم، هیچ وشیارێک ناتوانێ، ئەز خۆشحاڵم دەمەوێ لەگەڵ غەریبان تەعاروف بکەم، کوێی ئەم کارە هەڵەیە؟.. ژنەکە گوتی: ئێستا کاتێکی گونجاو نییە؟ مەستەکە گوتی: مەبەستتان ئەوەیە کە کاتگەلێکی سنووردار بۆ دەربڕینی شادی و خۆشەویستی هەیە؟ بە گوتنی ئەم ڕستەیە، سەرخۆشەکەمان بۆ سەر مێزەکە بانگهێشت کرد».. پیر گوتی «ئێمە دەبێ ئاگامان لە لەش و لاری خۆمان بێ، جەستە قەڵای ڕۆحی پیرۆزە و شیاوی ئەوەیە ڕێزی بگرین و ئاگامان لێی بێ، ئای کە چرکەکانی عیشق و لەوحی چارەنووسی مەکتوب، پابەندی لەحزە غەمبار و دژوارەکانی مرۆڤە، بەڵام دەبێ خودا بینووسێ و قەڵەم بیکا کار..

پیر دەڵێ: «شتگەلێک لە ژیاندا هەیە کە لە نێوچەوانی خۆیان نووسیویانە: ئەتۆ قەدرم نازانی، مەگەر لە دەست خۆتم بدەی و دیسان وەدەست خۆتم بێنیتەوە، تێکۆشان بۆ کورتکردنەوەی ڕێگا، بێهوودەیە» هەڵسە ئەی گیانی خەواڵوو، جۆشێ بدە و فەنەری عیشقی دڵت دایسێنە و بە سەما و گۆرانی و ئاوازەکانی فۆنیم زەماوەندێکی بێ کۆتایی بسازێنە.. «دڵ بە ژیان بدە، ئەگەر زیندوو بی، دەبێ دەستبزێو بێی و هەڵبەزودابەزت هەبێ، هاوار بکەی و لەگەڵ خەڵکان بدوێی، چونکە ژیان خاڵی پێچەوانەی مەرگە، مەرگ واتە هەتا هەتایە چەقبەستن لە دۆخێکدا، کەواتە ئەگەر تا ماوەیەکی درێژ جموجۆڵت نەبێ، زیندوو نیت»

ئەوکاتەی عیشق مانەندی ئاوێزەیەکی فیردەوسی دادەگیرسێت، زەمانی ئاسایی شکۆ و سەڵتەنەتی لە دەست دەدات و ئاماژەکان بە زەمانی سیحر دەدوێن. چاو کە جوانترین تێکستێکە لە شەعشەعەکانی نوور بە جووڵەی تیلە و گۆشە و غەمزەکانی فیراق، ڕوخسار بە زمانی لەوحەکانی «طور» و گۆنا و سیماو بزە و بۆیە قودرەتیەکانی پرچ و برژانگ بە ئاخاوتنی حەز و جووڵەی سەودایی.. عیشق خوڵقاندنی کشوماتترین گفتوگۆیەکە لە بێدەنگییەکانی نوور. پیر گوتی: «هەرچەند لە دروستکراوەکانی خودا نێزیکتر دەبوومەوە، لە زیرەکی ئەویش نێزیکتر دەبوومەوە».. پیر دەڵێ: «ئێمە بەردەوام بیر لە دۆزینەوەی وەڵام دەکەینەوە، هەست دەکەین کە دۆزینەوەی وەڵامەکان بۆ درککردنی مانای ژیان پێویستن، بەڵام لەوە گرنگتر ئەمەیە کە بە تەواوی دڵ بە ژیان بدەین و ئیزن بە ڕۆژگار بدەین کە وردە وردە تەواوی نهێنییەکانی بوونمان بۆ ئاشکرا بکاتن، ئەگەر زۆر بەدوای دۆزینەوەی مانای بوونمان بین، دەبینە ڕێگر لە ئاڵوگۆڕەکانی سروشت و لە ناسینی نیشانەکانی خودا دائەمێنین» دڵ دەڵێ ئەی خودا لە نیگاو سرووشی ئەڤینی باڵا و مەلەکووتی ئێستەتیک بێبەشم نەکەی. منی غەمزەدە لەبەردەم قاپی بەخشندەبیت سەرگەردان و پەرێشانم.. سۆز و بەزەیی عیشقت بەسەر دڵ و دەروونم ببارێنە، کە سەردار و کەنەفت دیدەمەست. مانەندی هوزارێکی بێلان و خان زەمزەمەی دووری دەچرم و هاڵاوی عیشق و جوانی دەمسووتێنێت.. پیر دەڵێ: «گەڕان بەدوای ڕاڤە و شرۆڤەی سەلماندنی بوونی خودا بێهوودەیە، دەتوانی گوێ بۆ وشەی جوان ڕادێری، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە پووچەڵن، وەک ئەمەیە کە دابنیشی ئینسکلۆپیدیایەک دەربارەی ئەوین بخوێنیەوە و لە کۆتاییشدا نەزانی چۆن خۆشەویستی بکەی.. «هیچ کەس ناتوانێ بوونی خودا بسەلمێنێ، هەندێ شت لە ژیانتدا هەیە، تەنیا دەبێ بۆ خۆت تاقی بکەیتەوە،

### مەکتوب هەمدیس مانەندی ڕۆمانی کیمیاگەر لە سەفا و ڕوونی ئاو و ڕوخساری نەرسیس دەدوێت

چونکە لەو بارەیەوە تاقیکردنەوەی کەسانی تر بێ کەڵکە. خۆشەویستی ئەوهایە «خوداوەند کە لە خودی خۆیدا خۆشەویستییە، باوەڕ و ئەزموونەکی سەردەمی منداڵییە و جادوویەکە وەک عیسا دەفەرموێ، عەرشی خودا هی منداڵانە، خوداوەند قەت نایێتە ناو مێشکی مرۆڤەوە، ڕێگایەک کە بەکەڵکی دۆزینەوەی خودا بێ دڵی مرۆڤە»... وەرە ئەی ڕۆحی خەواڵوو با لە پەروەردگار بپاڕێینەوە.. بە لالانەوەوە بڵێ: «خودایە، هێزێکم بدەیە بەسەر ئەم شەڕەدا سەر بکەوم» پیر گوتی: «ڕۆحێک کە نەتوانێ لە شوێنی ژیانی خۆیدا بەرهەمێک پەروەردە بکات، هێشتا شایانی ئەوە نییە لەگەڵ خودا قسە بکا».. پیر دەڵێ: «ئەگەر ئەوینێکی دڵسۆزانە و بێگەرد وەرگری، ئەوکات پەی بەوە دەبەی کە ئەوین نە دەدرێ و نە وەردەگیرێ، بەڵکو ئەوین ئاوێتەبوون و بەشداریکردنە»... «وەرن قەت لەبیر نەکەین، کە عیشق واتا نیانی، ڕۆحی ڕژد مۆڵەت بەدەستانی خودا نادات کە بیتوێنێتەوە و وەک ئەوەی خۆی دەیەوێ، دەریبێنێ» دڵ دەڵێ خودای میهرەبان من هەمیشە تۆم خۆشدەوێ چونکە بەردەوام دەمخەیتە نێو عیشقەوە.. مەکتوب.. سەراسەری ڕووداو و بەسەرهات و چرکە ئەڤینییەکان بۆ ڕۆحی مرۆڤ خۆی و بۆ ئەفسانەی تاکەکەسی دەگەڕێنێتەوە، چونکە «زمانی نیشانەکان لە هەمبەر ئێمەدایە، تا بە باشترین ڕێگا فێرمان بکات، بەڵام لە زۆربەی کاتدا هەوڵ ئەدەین کە نیشانەکان ئاوەژوو بکەینەوە، تا لەگەڵ ئەوەی پێشتر دەمانویست یەکبگرێتەوە»...

مەکتوب ئاماژە بە گوفتارێکی «فریدریک نیچە» دەدا کە گوتوویە: «کات بە فێربوون لە باسکردنی هەر شتێک کارێکی بێهوودەیە، ئەوە لە سروشتی خودی مرۆڤە کە بەردەوام هەڵە دەکا» مەکتوب دەڵێ: «پرسیار لە ڕۆحی خۆت بکە، کە دەیەوێ چ بکات، کاتێ ڕۆحت لەگەڵ خەونەکانتدا تەبا و کۆک بن، خودا شادومان دەبێ» پیر دەڵێ: هەموومان ئاتاجی ئەوینین، ئەوین بە قەد خواردن، خواردنەوە و خەوتن بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، هەندێ جار لە تەنیاییدا بۆ زەردەپەڕێکی جوان دەڕوانین و بیر دەکەینەوە ئەم جوانییە چ بایەخێکی هەیە، لەکاتێکدا کەسێک نییە لەگەڵ ئێمە تەماشای بکا» لە هەمان کاتدا دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین، چەند جار کەسێک ئیشقی لە ئێمە ویستووە و ئێمە وەڵامان نەداوەتەوە؟ چەند جار ئێمە ترساوین لە کەسێک نێزیک ببینەوە و بە دڵنیاییەوە پێی بڵێین کە خۆشم دەوێی. لە تەنیایی دوورکەوە، تەنیایی وەک موعتادبوونە بە مەترسیدارترینی مادە بێهۆشکەرەکان ئەگەر ئیدی زەردەپەڕ بۆ تۆ مانایەکی نییە، بڕۆ خاکەڕایی بکە پیشە و لەدوای ئیشق بچۆ و ئەوە بزانە، بە ڕووەکەی دیکە بەهرە واتاییەکان، تا بەخشندەترین، زیاتر بەهرەوەر دەبن،»..

مەکتوب دەڵێ: خواپەرستی سوودی ئەوەی هەیە کە هەموو کێشەکانی دیکەت لە کۆڵ دەکاتەوە».. «هەموو ڕۆژێک دوعا بکە، تەنانەت ئەگەر نزاکانت ناتەواویش بێ و لە نزاکانت هیچ شتێکیشت نەوێ، خوو بە دوعاوە بگرە، ئەگەر ئەم کارە لە سەرەتادا سەختیش بێ، لەبیرت بێ کە بەم کارە، نە تەنیا پێوەندییەکی دۆستانەتر لەگەڵ جیهانی مەعنەوی دروس دەکەی، بەڵکە خەریکی مومارەسەی ئیرادەش دەبی، سوودێکی نییە کە ڕۆژێک بەڵێنەکەت لەبیر بکەی و ڕۆژی دوایی دوو هێندە دوعا بکەی، هەندێک شت تەنیا بە هەنگاوی نەرم و دروست ئەنجام دەدرێن»... نە عیشق دەکڕدرێت نە جوانیش، کاتێ جوانی بە پرشنگەکانی بەخشندەیی دەردەکەوێت، دڵ مانەندی بورکانێکی ئەزەلی هەڵدەچێت و ڕۆح هێدی هێدی دڵۆپ دڵۆپ شێلەی لەززەتێکی ئەڤینی ئاوێتە بە تنۆکەکانی غەمگینی لێ دەچۆڕێت و ئاستەنگەکانی سیستمی هۆش و زمان تێکدەشکێن و ئاوێنەی ڕوخسار بە پیتەکانی ئاگر دەدوێت و ئاماژەگەلێک هەڵدەدا لە ئیحاکانی پەرۆشی و پەرێشانی و شەیدایی و بەندەواری...

مەکتوب بەم شێوەیە تنۆکەکانی عیشق و ڕۆح و ئاگر و جوانی و بەینەت لە فەزایەکی پۆست و نەهلیست و ئەڤینی تەریقەتی مەعنەویدا ئاوێزانی یەکدی دەکات و لە سەمای جوانی دەدوێت کە لە ئەزەلەوە بەخشندە و ئازاد و بەرهەڵایە.. نووسەر و ژنەکەی لە شەقامەکانی شاری پراکدا پیاسەیان ئەکرد، کوڕێکیان بینی وێنەی باڵەخانەکانی دەوروبەری خۆی دەکێشا، نووسەر یەکێ لە

نیگارەکانی کڕی و لە نیگارکێشەکەی پرسی. بۆچی دەستەوانە لە دەست ناکەی، لەم سەرمایەی کە حەوت پلە لەژێر سفرە، نیگارکێشەکە گوتی: بۆ ئەوەی بتوانم فڵچەکەم بە دەستەوە بگرم «.. کوڕەکە پێشنیاری کرد، بە خێرایی تابلۆیەک لە ڕوخساری ژنی نووسەرەکە بکێشێ، نووسەر کاتێ چاوەڕێی تەواوبوونی وێنەکەی دەکرد، هەستی کرد ڕووداوێکی سەیر ڕووی داوە! ئەو و کوڕە وێنەکێشەکە نێزیکەی پێنج دەقیقە قسەیان کردووە، بێئەوەی هیچ کامێکیان زمانی ئەوی تر بزانێ، ئەوان تەنیا لە جووڵەی سەرو دەست و بزە و حاڵەتەکانی سیما کەڵکیان وەرگرتبوو، تەنیا حەزی بەشداری کردن لە گفتوگۆ و ناسینی ئەوی دی وای کردبوو پێ بنێنە جیهانی ئەو زمانەی کە وشەی تێدا نییە کەواتە هونەر و ئەڤین و جوانی پێویستە لە شێوەی نان و جەستەی «مەسیح» بێ.. کە باشترین نیشانەی بەرەو خوداچوونە، نان بەرهەمی زەوین و ڕەنجی مرۆڤە، بەهرە و ئەڤین و جوانیش بەخششی خودان و نیانترین موژدە و مزگێنی و دیاری گیانی شەیدای مرۆڤن.. پیر دەڵێ: هەموو ڕێگایەک بە شوێنێک دەگات، بەڵام تۆ ڕێگای خۆت هەڵبژێرە، تا کۆتایی درێژەی پێ بدە، هەوڵ مەدە لە هەموو ڕێگایەک هەنگاو بنێی» مەکتوب دەڵێ: بنووسە با ئەغیارەکانت فێرە عیشق و جوانی و ئەڤین بن، با پاسەوان و یاساوڵ و حەسحەسانی هزر و زمان و ئەدەب بزانن کولتوور بە هەڵوەشانەوەوە جوانە، با کارگێڕ و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی شوناسبەخشی ئەدەبی و مەعریفی و...تاد بزانن کە نووسین چەنێ کردەیەکی خەتەرناکی ئەڤیناوییە و بەردەوام زیندانەکانی عەقڵی دۆگما و ئوسوڵیەت تێکدەشکێنێت، دڵ دەڵێ: پێویستە ڕۆحی شێت و بەلەنگازی خۆمان لە ڕەحیقی ئەڤین و جوانیدا بخووسێنین و وڕێنەی چرکە ئاگراوییەکانی عیشق و جوانی ڕووەو ئیقاع و دارژان بەرین.. «کیمیاگەرەکان بە شوێن نیشانەکانی خوداوە بوون، ئەو شتانەی کە بە بایەخەوە سەیر نەدەکران، بەڵام مرۆڤەکان بۆ جێگایەک ڕابەری دەکەن» پیر دەڵێ: «لەوەی خەڵکی بە شێتت دەزانن، نیگەران مەبە، ئەمڕۆ کارێ بکە کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ لۆژیک کە فێری بووی، یەک نەگرێتەوە و بە جۆرێک ڕەفتار بکە کە لەگەڵ ڕەوشتێکی گەورە کە فێریان کردووی ناتەبا بن، ئەم کارە بچووکە، سەرباری بچووکی، دەتوانێ دەرگایەک بەرەو ڕەوتێکی گەورە بکاتەوە کە ئەویش مرۆڤ و ورەیە» پیر دەڵێ: عەشق هەمیشە هەیە، تەنانەت لەو کاتەش کە لەوپەڕی بێهومێدیداین، هێشتا دەتوانین عاشق بین، بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت و سوپاس و پەرچەکردارێکی بەرامبەر بین»... بەڵام ژیان «خــــودا لە ژیانەوەیە و ژیان لەخوداوەیە، ئەوەندە بەسە کە کەسێک لەم دۆخە ئاگادار بێ، تا باشتر بتوانێ دەرکی چارەنووس بکات» «پاولۆ» لە مەکتوب-دا بەزمانی ئاماژە لە تەریقەتی مەعنەوی دەدوێت، ڕەنگە ئەم تەریقەتە تاڕادەیەک پێوەندی بەو هێز و تیشکانەوە هەبێت کە شۆڕە سوارانی ڕووناکی لەگەڵ خۆیان دەیهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بەو نوورەی کە لە ئینجیلدا باس کراوە، بەڵام پاولۆ لە «کیمیاگەر»دا.. تەریقەتی مەعنەوی بۆ خودی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، لە ڕاستیدا شتەکان لەخۆوە هیچ بە ئێمە ناڵێن، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن کە دەبێ فێربن تێیانەوە ڕامێنن و پێیاندا بچنە نێوڕۆحی گەردوون».. چونکە «مەکتوب» یان تەختی زمرووت ڕێگایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ نێو ڕووحی دنیا و خۆشەویستیش ئەو هێزەیە کە ڕووحی جیهان دەگۆڕێ و باشتری دەکا»..

«بچۆ خزمەت ئەو دەستەی هەموو شتەکانی نووسیون».. لێرەوە هەست دەکرێ چەمکی «مەکتوب» لە تێکستی کیمیاگەردا زیاتر ئاوێتەی تەریقەتی مەعنەوی دەکرێت... «لەو ساتەدا کوڕەکە چووە نێو ڕووحی دنیا، دیتی کەوا ڕووحی دنیا بەشێکە لە ڕووحی خودا، ڕووحی خوداش ڕووحی خۆیەتی».. گوێ لە دڵی خۆت بگرە، دڵت هەموو شتێک دەزانێ، چونکە لە ڕووحی جیهان ڕاهاتووە و ڕۆژێکیش دەچێتەوە ڕووحی جیهان.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: مەکتوب.**

**نووسینی: پاولۆ کۆیلۆ.**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەهانگیر غەفاری.**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان.**

**چاپی یەکەم ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.**

# ڕۆمانی ئینگلیزی

**جەی. بی. پریستلی**
**لە ئینگلیزییەوە: هیمداد عەبدولقەهار محەمەد**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیژی زمان)**

بێگومان پێناسەکردنێکی تەواوی ڕۆمان کارێکی ئاسان نییە. ڕاستە ڕۆمان پەخشانەنووسینێکی تاڕادەیەک خەیاڵییە، بەڵام هەموو پارچە پەخشانێکی خەیاڵی نابێتە ڕۆمان. ئایا بەسەرهاتەکانی «ڕۆبنسن کروزۆ»ی دانیال دیفۆ ١٧١٩ ڕۆمانە، یان تەنیا چەند بەسەرهاتێکن و بەس؟ ئایا سنووری نێوان بەسەرهات و فانتازیا، ڕۆمانس و ڕۆمان لەکوێیە؟ ئەمە کارێکی زەحمەتە، بەڵام بەلایەنی کەم دەتوانین لەسەر ئەوە ڕێکەوین کە لە ڕۆمانی تەواودا ئێمە پەیوەستین بە پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکدا بەشێوەیەکی ڕیالیزمی بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمان گێڕانەوەیەکی پەخشانییە کە تێیدا چەند کەسایەتی خەیاڵی و چەند ڕووداوێک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەخاتە بەرچاو.

### قۆناغە سەرەکییەکانی ڕۆمانی ئینگلیزی

ڕۆمان فۆرمێکی ئەدەبی بوو کە تا درەنگ نەگەیشتە نێو ئەدەبی ئینگلیزی. ئیتالیا و ئیسپانیا و فەڕەنسا زۆر لە پێش ئینگلتەرە ڕۆمانیان تێدا نووسراوە. بۆ نموونە ئەلیزابێتییەکان لایان ئاسان بوو چیرۆک بنووسن بۆ نمایش کردنی لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام نەیانتوانیوە خەیاڵە- پەخشانێک بنووسن سەرەڕای ئەوەش هەرکە ئەدەبی ئینگلیزی لەسەدەی هەژدەیەمدا باوەشی بە ڕۆمان گرت یەکسەر بە خەیاڵە چیرۆک ناوبانگی دەرکرد و کاریگەری هەبوو لەسەر نووسەرانی وڵاتە جیاجیاکان.

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە ڕۆمانی ئینگلیزی لە ڕووی چەندایەتی و ژمارەی خوێنەر ڕوو لە

زیادبوون بوو، بەڵام وەک فۆرمە ئەدەبییەکانی تر، بۆ نموونە شانۆ، ڕۆمانس، دوور نەبوو لە هەڵکشان و داکشان لە داهێنەری و تازەگەری و مەزنێتیدا. چەندین ڕۆمانی زۆر چاک بە بەردەوامی لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوو چاپکراون، بەڵام هەندێکیان لە هەندێک چاکترن. دەتوانین بڵێین کە خەیاڵە چیرۆکی ئینگلیزی لە سێ قۆناغی جیاجیادا گەیشتە لووتکە کە ئەمانەن: قۆناغی ساڵانی (١٧٤٠-١٧٧٠)، قۆناغی ساڵانی (١٨٤٠- ١٨٩٠) قۆناغی ساڵانی (١٩٠٥- ١٩٣٠). لەو ساڵانەدا بوو کە ڕۆماننووسە ئینگلیزەکان بلیمەتی خۆیان پیشان داوە بە نووسینی شاکارەکانیان لە بواری ڕۆماندا. بۆ ئاشنابوون بەم قۆناغانە با سەیرێکیان بکەین.

## دانیال دیفۆ: پێشەنگی خەیاڵە چیرۆک

پێویستە چەند وشەیەک بنووسین لەسەر دانیال دیفۆ (١٦٦١- ١٧٣١) کە شاکاری «ڕۆبنست کرۆزۆ»ی لە ساڵی ١٧١٩ چاپ کرا. دیفۆ داهێنەرێکی مەزنی فاکتەری ڕیالیزم بوو لە خەیاڵە چیرۆکی ئینگلیزیدا، پێویست بوو دیفۆ ڕیالیزم بەکاربێنێ چونکە لەکاتی نووسینەکانیدا بە خوێنەرانی ڕادەگەیاند کە ئەم بەرهەمانەی ئەو گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانی خۆی، یان کەسێکن. زۆر لە نووسەرانی خۆیان بە ڕۆماننووس دادەنێن لە کاتێکدا کە تەنیا ڕۆژنامەنووس بوون، بەڵام دیفۆ ڕۆژنامەنووس و لە هەمان کاتدا چیرۆک گێڕەوەیەکی بلیمەت بوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە تەنیا لەبەر ئەوەی دیفۆ دەیویست چیرۆکەکانی لە ڕاستییەوە نزیک بن بۆیە هەڵسا بە نووسینی چەند بەرهەمێکی پێشەنگی بۆ خەیاڵە چیرۆکی ئینگلیزی. لە خەیاڵە چیرۆکەکانیدا چەندین کەسایەتی نەمری دروستکردو وەک «ڕۆبنسن کرۆزۆ» و «مۆل فلاندەر»... تاد.

## چوار ڕۆماننووسی سەدەی هەژدەیەم

ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی قۆناغی یەکەم چوارن کە ئەمانەن: سامویل ڕیچاردسۆن، هێنری فیلدینگ، لۆرانس ستێرن، تۆبیاس دسمۆلێت. پاش ئەوەی ڕیچاردسۆن وەک چاپکارێکی خانەنشین داوای لێکرا کتێبێکی نامەی ئەدەبی نموونەیی دابنێ، ڕۆمانێکی داهێنا لەسەر شێوەی نامە سەبارەت بە کچێکی گەنج و چۆنیەتی شووکردنی لەژێر ناونیشانی «پامیلا» ١٧٤٠. هەرچەندە ئەمە بەیەکەم ڕۆمانی ئینگلیزی دادەنرێت، بەڵام ئەمە دووەم کاری لەم جۆرەی ڕیچاردسۆن بوو. پێش (پامیلا) ڕیچاردسۆن نامە ڕۆمانێکی تری بەناوی «کلاریسا هارلۆ» نووسیبوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی تووڕەیی نەک تەنیا لە ئینگلتەرە بەڵکو لە سەرتاپای قارەی ئەوروپا.

ئەم گێڕانەوەیە لەسەر شێوەی نامە تەواو لە واقیع دوورە بەلایەنی کەم بەم شێوەیەی کە ڕیچاردسۆنی بەکاری هێناوە، چونکە کەسێتییەکان دەبێ ڕۆژانە دوانزە کاتژمێر بە نووسینی نامە ببەنەسەر. سەرەڕای ئەوەش چەندین لایەنی چاکی هەبوو کە ڕیچاردسۆنی ژیرانە سوودی لێوەرگرتبوون، بێ لایەنانە بیروڕای هەموو کەسێتییەکان دەخاتە ڕوو. بیروبۆچوون و هەست و سۆز و ئاواتی کەسێتییەکانیش دەخرێتە بەردیدەی خوێنەر. هەرچەندە ئەو سۆز و دڵسۆزییەی نامە لەگەڵ چێژی ئێستای خوێنەر تاڕادەیەک لە یەک دوورن، بەڵام ڕیچاردسۆن لەکاتی خۆیدا ناوبانگی زۆر بوو. گومانی لەوەدانییە کە کاریگەری زۆریشی هەبوو لەپێش خستنی خەیاڵە چیرۆک.

هێنری فیلدینگ نووسەرێکی تەواو جیاواز بوو بە چاوی سووکەوە سەیری ڕیچاردسۆنی و بەرهەمەکانی دەکرد. فیلدینگ لە خێزانێکی نەدار هاتە دنیاوە لە جیهانێکی پڕ لە تێکدەری (شغبي) ژیاوە. بە مەبەستی پەیداکردنی بژێوی ژیانی دەستی بە نووسین کردووە دواتریش بوو بە دادوەر. شاکاری فیلدینگ ڕۆمانێکە بە ناوی (تۆم جۆنز) ١٧٤٩ کە تێیدا پانۆرامای ژیانی سەدەی هەژدەم و دەربڕین باس دەکا کە شتێکی تازە بوو لە ڕۆماندا. زیاتریش باسی زیرەکی پیاوی دەکرد بۆ زانینی دوو ڕوویی و درکە و عەبەسییەت لە ژیانی کۆمەڵدا. ڕەخنەگرانی سەدەی نۆزدەیەم فیلدینگ بە یەکێک لە بلیمەتانی بواری ڕۆمانی دەخەملێنن، بەڵام لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دوایی تاڕادەیەک فیلدینگ پشتگوێ خراوە و لەبیرکراوە.

ناوبانگی ستێرن مێژوویەکی جیاوازی هەیە. لە کاتی ژیانیدا ستێرن جەماوەری زۆر بوو. دواتر بەهۆی هەندێ لە هەڵەکانی لە هەڵسوکەوت و چێژەکانی زۆر لە ڕەخنەگرانی لێی دوورکەوتنەوە، بەڵام ئێستا دووبارە دەست کراوەتەوە بە ستایش کردنی. هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگە تازەکەی ئەوەش بە لابردنی هەموو دیرێک و وشەیەک کە نابێتە هۆی زیادکردنی شتێکی نوێ بۆ تێگەیشتنی کەسێتییەکان و هەڵوێست و شوێنی ڕووداوەکان، هەروەها شێوازێکی نووسینی

هونەری و دوانی ئاسایی بەکارهێنراو لە نووسینەکانیدا. شاکاری ستێرن ڕۆمانێکە بەناوی (تریسترام شاندی) ١٧٦٠ کە بریتییە لە دیراسەیەکی ژیرانە سەبارەت بە خێزانێک کە هیچ کامێک لە ئەندامەکانی لە ئەوی تریان ناگات.

لە کۆتاییدا تۆبیاس سمۆلێت کە کارمەندێکی دەریاوانی بوو، چەند ڕۆمانێکی درێژی نووسیوە و تێیاندا فەکاهەت و هەندێ ڕووداوی دەریایی تێکەڵ کردووە، سمۆلێت پەنجا ساڵ دوای مردنی ناوبانگێکی باشی دەرکرد و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر چارڵس دیکنز، بەڵام ئێستا سمۆلێت چیتر وەک یەکێک لە ڕۆماننووسە بلیمەتەکانی سەدەی هەژدەیەم دانانرێت. بەهەمان شێوە (ئۆلیڤەر گۆلدسمیت) کە تەنیا یەک ڕۆمانی بەناوی (قەشەی وەیکفیلد) نووسی ١٧٦٦ هەرچەندە لە فەکاهەت سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەشێوەی سمۆلێت ئێستا باسی لێوە ناکرێت.

## جێن ئۆستن و والتەر سکۆت

لەماوەی نێوان قۆناغی یەکەم و دووەم دوو ڕۆماننووسی بلیمەت دەرکەوتن کە جێن ئۆستن (١٧٧٥- ١٨١٧)س و والتەر سکۆت (١٧٧١- ١٨٣٢)بوون. جێن ئۆستن ڕۆمانەکانی هەموو دەربارەی ئافرەت بوون و هەندێکیش بەسەرهاتەکانی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بوون. شاکارەکانی جێن ئۆستن زۆرن لەوانە «ئێما» و «شانازی و لایەنگیری» و «هەست و هەستکردن» چەندانی تریش. بەرهەمەکانی جێن ئۆستن دەبنە هاوڕێی ژیانی.

والتەر سکۆت لە کاتی ژیانیدا ناوبانگ و خوێنەری زۆر بوو. کاریگەری لەسەر نووسەرانی تریش هەبوو. یەکێک لە شاکارەکانی سکۆت (ئیڤانۆ) ١٨١٩ بوو، بەڵام لەکاتی خۆیدا سکۆت بەڕۆماننووس نەدەژمێردرا، بەڵکو بە چیرۆکنووسێکی ڕۆمانسی. هەرچەندە چەند کەم و کووڕیەک لە بەرهەمەکانی بەدی دەکرێن، بەڵام خۆشترین چیرۆکەکانی ئەوانەن کە گەنجینەی سەدەی هەژدەیەمیان پێوە دیارە.

## نووسەرانی خەیاڵە چیرۆک لە سەدەی نۆزدەیەمدا

قۆناغی دووەم لە ڕۆمانی ئینگلیزی بە چارڵس دیکنز (١٨١٢- ١٨٧٠) دەست پێدەکات کە یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی خەیاڵە چیرۆک. دیکنز دەستپێکی نووسینی بەشێوەی داواکردنی خێرا بوو واتە (داوای لێدەکرا یەکسەر شت بنووسێ) و بەبێ هیچ خۆ ئامادەکردنێکی پێش وەختە. لە بەکارهێنانی فەکاهەتدا دیکنز هاوشێوەی کەم بوو. دواتر بەرە بەرە نەخشەی بۆ نووسینەکانی داهاتووی دادەڕشت، لەبەرهەمەکانی دیکنزدا جگە لە فەکاهەتە دەگمەنەکانی، چەندین ڕەخنە لە کۆمەڵگەی ڤیکتۆری بەدی دەکران. دیکنز لە نووسینی ڕۆماندا بلیمەت بوو. هەندێ لە شاکارەکانی زۆر بەناوبانگن وەک (دەیڤید کۆپەرفیلد)، (بەسەرهاتی دوو شارەکە) و چەندانی تریش. نووسەرێکی تری ئەم قۆناغە (ولیەم مەکبیس تاکەری) (١٨١١- ١٨٦٣) بوو. هەرچەندە بەشێوەی دیکنز بلیمەت نەبوو، بەڵام تاکەری چەند تایبەتمەندییەکی کۆی هەبوو وەک زۆری زانیاری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و وردبینی لە خوڵقاندن و سەیرکردنی کەسێتی و دیمەکان و شێوازێکی نووسینی ئاسان کە کاریگەری زۆر جوانیان بە بەرهەمەکانی بەخشی بوو. زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگران ڕۆمانی «ئیسمۆند» کە ڕۆمانێکی مێژووییە بە شاکاری ئەو نووسەرە دادەنێن.

ئەنتۆنی ترۆلۆپ (١٨١٥-١٨٨٢) یەکێک بوو لە وانەی بەرهەمەکانی تاکەری هاوچەرخی سەرنجی ڕاکێشابوون. هەرچەندە لە شێوازی و وردبینیدا نەدەگەیشتە ئاستی (تاکەری)، بەڵام ڕۆمانەکانی سەبارەت بە پیاوانی کەنیسە و کەسانی سەردەمی ڤیکتۆری خوێنەریان زۆر بوو بە بایەخەوە هەڵدەسەنگێنران پاش ئەوە زوو لە بیرچوون نزیک کەوتنەوە.

هەر لەم قۆناغەدا هەندێ ئافرەتە ڕۆماننووس دەرکەوتن وەک (چارلۆت برۆنتی) (١٨١٦- ١٨٥٥) کە ریالیزمی تایبەت بە ئافرەتی هێنا نیوخەیاڵە چیرۆک. شاکاری (چارلۆت برۆنتی) ڕۆمانێکە بەناوی (جین ئایەر) کە باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات. هەروەها خوشکێکی چارلۆت بەناوی (ئیمیلی برۆنتی) (١٨١٨- ١٨٤٨) یەکێک بوو لە ڕۆماننووسانی ئەم قۆناغە و ڕۆمانی (بەرزاییەکانی وێدەرینگ) بە شاکاری دادەنرێت. ئافرەتە ڕۆماننووس (ماریان ئێڤانز) (١٨١٩- ١٨٨٠) کە لەژێر ناوی خواستراوی (جۆرج ئیلیۆت) بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە هەر دەکەوێتە ساڵانی ئەم قۆناغە. ئەم نووسەرە ئافرەتێکی ڕۆشنبیر بوو و زانیارییەکی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە.

سەرەڕای ئەوەی کە (جۆرج مێریدیس) (١٨٢٨- ١٩٠٩) و (تۆماس هاردی) (١٨٤٠- ١٩٢٨) زیاتر

بایەخیان بە شیعر دەدا وەک لە خەیاڵە چیرۆک، بەڵام هەردووکیان چەندین ڕۆمانی درێژیان نووسیوە، هەردووکیان ڕۆماننووسی فەلسەفی بوون، چونکە لە بەرهەمەکانیان چەندین بیروبۆچوونیان سەبارەت بە ژیانی خستۆتە ڕوو، بەڵام تەنیا جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە کە مێریدیس نووسەرێکی گەشبین بوو کەچی هاردی ڕەشبین بوو. هەر لەگەڵ ئەم نووسەرە دەبێ باسی (ڕۆبەرتلویس ستیڤنسز) (١٨٥٠-١٨٩٤) بکەین کە هەرچەندە لە تەمەنی (٤٤) ساڵیدا مرد، بەڵام شوێن پەنجەی خۆی بەجێ هێشت بەهۆی خۆش گێڕانەوە، شێوازی سەرنج ڕاکێش لە بەرهەمەکانیدا.

**فراوان بوونی ئاسۆ**

پێش ئەوەی بچینە سەر ڕۆماننووسانی قۆناغی سێیەم دەبێ کەمێک بوەستین لە ماوەی نێوان قۆناغی دووەم و سێیەم واتە لە (١٨٩٠- ١٩٥٠). هەر لە ١٨٩٠-ەوە پەخشانە ڕۆمانی ئینگلیزی دەستی کرد بە برینی ئاسۆیەکی دوورتر لەوەی پێشوو. پێش ئەو مێژووە هەر لە ریچاردسۆن تاکو هاردی نزیکەی هەموو ڕۆمانەکان دیمەنەکانیان لە ناو ئینگلتەرە بوو تەنیا چەند بەشێکی لێرە و لەوێ نەبێت، بەڵام ئێستا ئاسۆی دیمەنەکانی ڕۆمان زۆر فراوانتر بووە. (لویس ستیڤنسن) بە چیرۆکەکانی سەبارەت بە (دەریاکانی باشوور) دەستی پێکرد. پاشان (ڕودیارد کیپلینگ (١٨٦٥- ١٩٣٦) کە لە هیندستان هاتبوو، (دەبلیو ئێچ هەدسۆن) (١٨٤١- ١٩٢٢) لە ئەمەریکای باشوور، هەروەها (جۆزیف کۆنراد) (١٨٥٢- ١٩٢٤) لەسەفەرەکانی بۆ شوێنی جیاجیاکانی جیهان. کۆنراد بە ڕەگەز پۆڵەندی بوو دواتر بوو بەکابتنی دەریاوانی ئینگلیزی، هەرچەندە تەنیا بە چیرۆک خوان دادەنرێت، چونکە لە بەرهەمەکانیدا باسی پاپۆڕ و دەریاوانی لە شوێنی جیاجیا دەکات، بەڵام کۆنراد ڕۆماننووسە و لە بەرهەمەکانیدا بە قووڵی دیراسەی کێشەکان دەکات و باسی هەڵسوکەوتی ئادەمیزاد لە حاڵەتی جیاجیا و ژیان و چارەنووسی ئادەمیزاد دەکات، لەبەر ئەوەی کۆنراد بەشێوەیەکی ڕەمزی باسی ئەو بیرۆکانە دەکات بۆیە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خوێنەر دەبێ ئاگای لە مانای قووڵی قسەکان بێت نەک مانای ڕوخساری قسەکانی.

**ڕۆماننووسە کۆمەڵایەتییەکان**

لە سەرەتای قۆناغی سێیەمدا سێ ڕۆماننووسی سەرکەوتوو دەرکەوتن کە دەتوانین بە «ڕۆماننووسە کۆمەڵایەتییەکان» ناویان ببەین، لێرەشدا مەبەستمان ئەوەیە کە هەرسێکیان لە نووسینەکانیاندا باسی بوار و لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵیان کردووە وەک (ڕێکخستن، بیروبۆچوون، بەها و ڕوخسار). ئەوانەش ڕۆماننووسەکانن (ئێچ. جی. وێلز) (١٨٦٦- ١٩٤٦) و (ئارنۆلد بینێت) (١٨٦٧- ١٩٣١) و (جۆن گالاسۆرتی) (١٨٦٧- ١٩٣١) کە نە وەک مرۆڤ نە وەک نووسەر لە یەک ناچن، بەڵام لە خەیاڵە چیرۆکدا هەرسێکیان بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە. (وێلز) کە لە هەموویان ژیرتر بوو هیچ کاتێ خۆی بە ئەدیب و نووسەر دانەدەنا ئەوەشی دووپات دەکردەوە کە ڕۆمان بەکاردێنێ بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵ، بەڵام بلیمەتی لە خولڤاندنی کەسێتی و دیمەنی زاڵ بوونی بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەروەک لە شاکارەکانی وەک (مستەر پۆڵی) و (تۆنۆ بونگەی) بەرچاو دەکەوێ. هەرچەندە خەیاڵە چیرۆکەکانی (ئارنۆلد بینێت) هەمەچەشنن، بەڵام چاکترینیان ئەوانەن کە تێیدا تۆمارێکی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵگەیە پیشان دەدات کە ماوەی منداڵی تێدا بەسەر بردووە. لەبەرهەمەکانی بینێت جوانی و ساکاری و ڕیالیزم بەدی دەکرێ کە لە فەرەنسییەکانی وەرگرتووە ئەو ماوەیەی کە لەوێ ژیاوە. شاکاری (بینێت) ڕۆمانێکە بەناوی (بەسەرهاتەکانی پیرە ژنەکان).

جۆن گالاسۆرتی پێش جەنگی جیهانی یەکەم ناوبانگی پەیداکرد بەهۆی ئەو ڕۆمانانەی کە تێیاندا ڕەخنەی لە ئەندامانی چینی خاوەن موڵک دەگرت هەرچەندە خۆشی لەو چینە بوو. هەروەها بەهۆی شانۆگەرییە ڕیالیزمییەکانی بوو. هەر لە دوای چاپ کردنی ڕۆمانی (قارەمانیەتی فۆرسایت) لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم خوێنەری زۆر بوو، خەڵکی لەبەر ڕەخنەکانی لە چینی خۆی و هەست و سۆزی قووڵ وەک نوێنەری ڕۆمانی ئینگلیزی ئەوکاتە ناویان دەبرد، گالاسۆرتی دوای (کیپلینگ) یەکەم نووسەرە لە بواری خەیاڵە چیرۆکدا خەڵاتی (نۆبل)ی پێ بەخشرا بێت.

هەرچەندە گالاسۆرتی دوای جەنگ ناوی دەرکرد، بەڵام ئەو و وێلز و بینێت لە ڕاستیدا دەگەڕانەوە بۆ پێش ساڵی ١٩١٤ واتە پێش هەڵگیرسانی جەنگ. لێرەدا پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەین کە جەنگ چوار ساڵی خایاند و نزیکەی ملیۆنێک گەنج تێیدا کوژراو بووە هۆی پەیداکردنی دڵتەنگییەکی زۆر لەنێو خەڵکی، لەبەر ئەوەی ئەم چوار ساڵە واتە (١٩١٤- ١٩١٨)

بەپچڕانێک لە مێژووی ڕۆمانی ئینگلیزی دادەنرێ لێرەدا هەڵوەستەیەک دەکەین و چاوێکی وردتر و فراوانتر بە نووسین و چاپ کردنی خەیاڵە چیرۆک دەخشێنین.

## زۆر بوونی خوێنەری ڕۆمان

لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەر ڕۆمانێک گرنگ بوایە ئەوا لە سێ بەرگ چاپ دەکرا و بەنرخێکی گران دەفرۆشرا بەم شێوەیە تەنیا چینی دەوڵەمەند دەیتوانی بیانکرێت و بیانخوێنێتەوە، بەڵام دیکنز و تاکەری زۆربەی ڕۆمانەکانیان بەش بەش لە بلاوکراوە و گۆڤارە مانگانەکان بلاودەکردەوە. دواتر ڕۆمانی یەک بەرگی نرخ هەرزان هاتە کایەوە بۆ ئەوانەی بەشەمەندەفەر سەفەر دەکەن. لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕۆمانە نوێیەکان لە یەک بەرگ چاپ دەکران و بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشران. لەو کاتەدا خەڵکی کەم دەرامەتیش دەیتوانی ڕۆمان بکڕێت و بیانخوێنێتەوە.

خوێنەری ئەو سەردەمە بایەخیان بەو چیرۆک و بەسەرهاتانە دەدا کەفەکاهەتی و تاوان و ئاشکرا کردنی تاوانی تێدا بوو بۆ نموونە (چیرۆکەکانی شارلۆک هۆلمز) کە یەکێک بوو لە شاکارەکانی (کۆنانی دۆلی) (١٨٥٩- ١٩٣٠).

لە ساڵی ١٩١٤ بەرهەمی خەیاڵە چیرۆک لە ڕادەبەدەر زۆر بوو لە لەندەن. چەندین نووسەری نوێ سەریان هەڵدا وەک (ماودیس هۆلیت) (١٨٦١- ١٩٢٣) و (جۆرج مۆر) (١٨٥٢- ١٩٣٣) و (ولیەم دومۆرگان) (١٨٣٩- ١٩١٧). ماوەیەکی کەمیش پێش جەنگ چەندانی تری وەک (مەکەنزی) و (دۆلپۆل) سەریان هەڵدا، بەڵام هێشتا هەر ناوە مەزنەکانی (وێلز) و (بینێت) و (گلاسۆرتی) بوون.

## ڕۆماننووسانی سەدەی بیستەم

جەنگ کۆتایی هات و لەگەڵ خۆی بایەخی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی لەبیری ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانی سڕیەوە و بایەخی بە جۆرێکی جیاواز لە ڕۆمان و ڕۆماننووسانی لەگەڵ خۆی هێنا. لەجیاتی ئەوەی لە دەرەوە سەیری ئەندامانی کۆمەڵگا بکەن، ئەو ڕۆماننووسە نوێیانە هەوڵیان دەدا سەیری ناخی کەسێتییەکان بکەن و وەسفی سایکۆلۆژیای کەسێتییەکان بکەن. بەم شێوەیە ڤێرجینیا وۆلف (١٨٨٢- ١٩٤١) یەکێکە لەو ڕۆماننووسە نوێیانە و ئافرەتێکی بلیمەت بووە، دەیتوانی بە ئاسانی ڕەخنە لە ڕۆماننووسانی تری وەک (بینێت) بگرێ بەوەی کە (بینێت) بایەخی بە لایەنەکانی دەرەوەی کەسێتییەکان داوە، بۆیە نەیتوانیوە هیچ وەهمێک سەبارەت بە ژیان بخاتە نێو ڕۆمانەکانی. لە لەندەن بەهۆی کاریگەری بزاڤە ئەدەبییەکانی ئەوروپا. ڕەخنەگر و نووسەران سووربوون لەسەر ئەوەی کە خەیاڵە چیرۆک بۆ ئەوەی جێی سەرنج و بەهاداربێت دەبێ تێیدا قووڵایی و بۆشاییەکانی کەسێتی بە ئاشکرا بەدی بکرێت. هەروەها تێیدا تەوژمێک لەبیر و سۆز و ڕەنگدانەوە پەردەی لەسەر هەڵبدرێتەوە، ئەگەر پێویست بوو ژمارەی کەسێتییەکانی کەمتر بکرێتەوە بە مەرجێ هەموو شتێک سەبارەت بە کەسێتییەکان بە خوێنەر بگوترێت.

یەکێک لە لێهاتوانی ئەم ڕێڕەوە بریتییە لە نووسەر جەیمس جۆیس (١٨٨٢- ١٩٤١) کە بلیمەتی و لێهاتوویی لە ڕۆمانی «ئۆلیسێس» بەزەقی دیارە، بەڵام جۆیس ناوبانگی وەک ڕۆماننووس تەواو دەرنەکردووە، بەڵکو وەک پەخشاننووس و شاعیر، لەگەڵ بوونی زانیارییەکی زۆر لەسەر زمان و هەندێ جاریش بە مامۆستای وشە ناوی دەبرێت.

هەرچەندە (ئی. ئیم فۆرستەر) پێش جەنگی جیهانی یەکەم زۆربەی ڕۆمانەکانی خۆی بە چاپ گەیاند، بەڵام شاکارەکەی کە ڕۆمانی (ڕێگایەک بەرەو هیندستان) تا سالانی بیستەکانی سەدەی بیستەم هەر چاپ نەکرا. فۆرستەر تەواو جیاوازە لە ڕۆماننووسە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمەکانی وەسف کردنیان زەحمەتە، بەڵام چێژ لێوەرگرتنیان ئاسانە، بایەخدانی بە پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ لە بەرهەمەکانی فۆرستەردا بە زەقی بەردیدە دەکەوێ. هەروەها فۆرستەر بەهۆی بیروبۆچوونەکانی خۆی ڕۆمانەکانی ڕەنگ دەکات و دەوڵەمەندیان دەکات و تێیاندا هەوڵی داوە ساتە گرنگەکانی ژیانی کەسێتییەکان بە خوێنەرانی ڕابگەیەنێ.

«ڤێرجینیا وۆلف، وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆمانی نوێ دەبێ ڕەنگدانەوەی ژیانی ناخی کەسێتییەکانی بێت، هەر بەهۆی ئەم بیروبۆچوونە چەند ئەزموونێکی زەحمەت و هەندێک سەرکەوتووی ئەنجامدا، بەڵام لە ڕۆمانی (بەرەو خانووە منارەدارەکە) و چەندانی تر ڤێرجینیا تەواو سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی خەیاڵە چیرۆکێکی تایبەت بە قووڵیی مرۆڤ و جوانییەکی سەیر و سەرسوڕهێنەر. ڤێرجینیا لە ڕۆمانەکانیدا ئەوەندە بایەخ بە ناخی کەسێتییەکان دەدا هەندێ جار کەسێتی خۆی و شوێن و کات زۆری نامێنێ لە ناوبچن، بۆیە بەرهەمەکانی زیاتر لە هی پەخشاننووس

و شاعیر دەچن وەک لە ڕۆماننووس.

گومان لەوەدانییە کە (دی. ئێچ. لۆرانس) (١٨٨٥- ١٩٣٥) بەتایبەتی لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا ڕۆمانووسێکی تەواو بوو. لۆرانس، بە هەمان شێوەی (وۆلف) سەیری ناخی کەسێتییەکانی دەکرد، بەڵام جیا لە (وۆلف) ئەو مەبەستی ئاشکراکردنی ئەو هەستە نائاگایانە (uncorscious) بوو کە کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی کەسێتییەکان هەبوو، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لۆرانس بلیمەت بوو، بەرهەمەکانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. لۆرانس بایەخێکی تەواوی دەدا بە هەستەکان و سروشت و لێهاتوو بوو لە وەسف کردنیدا.

لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمیش هەندێ ڕۆماننووسی لاو سەریان هەڵدا وەک (ئەلدۆس هۆکسلی) (١٨٩٤- ١٩٦٣) کە لە ڕۆمانەکانیدا چەند بیروبۆچوونی فەلسەفی بەدی دەکران. هەروەها (ئیڤیلین واو) (١٩٠٣- ١٩٦٦) کە بە دوو بەرهەمی یەکەمی بەناوی (گەڕانەوە و کەوتن) ١٩٢٨ و (جەستە ئابڕووچووەکان) ١٩٣٠ ناوبانگی دەرکرد کە تێیاندا جۆرێکی تازەی لە فەکاهەت هێنابە بوون و هەرزوو لاسایی کرایەوە. (گراهام گرین) (١٩٠٤- ١٩٨٩) کە شاکارەکەی ڕۆمانێکە بەناوی (کرۆکی مەسەلەکە) ١٩٤٥ پێوەندی بە چاکە و خراپە هەیە و زۆر لە بەرهەمەکانی باسی تاوان و هەستی گوناهباری دەکەن. هەر لەو ماوەیەدا هەندێ ئافرەتە ڕۆماننووس بەرهەمەکانیان بە چاپ گەیەنرا وەک (ئەلیزابێت مۆونی) و (ڕۆزمۆند لیهمانی) و (ئایڤی بێزێت).

## ڕۆماننووسانی هاوچەرخ

ئێمە ساڵی ١٩٣٠ جیادەکەینەوە لە قۆناغە گرنگەکانی ڕۆمانی ئینگلیزی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەر دوای ساڵی ١٩٣٠ ڕۆمانی ئینگلیزی پاشەکشەی کردبێ و بەرەو نەمان چووبێ، لە ساڵانی دوای ئەم مێژووە چەندان ڕۆماننووسی لێهاتوو سەریان هەڵدا وەک (جۆیس کاری) (١٨٨٨- ١٩٥٧) و (سی. پی. سنۆ) کە بەردەوام بەرهەمی چاکیان نووسیوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ساڵانی دوای ١٩٣٠ فۆرمی ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی بوو بە فۆرمێکی لاوەکی و نەخوێندنەوە و نەنووسینی ڕۆمان بایەخی زۆر پێ نەدەدرا. هەرچەندە نووسین و خوێندنەوە تارادەیەک لە دوای ئەم مێژووە بەسستی بەدی دەکرا، بەڵام فۆرمەکە خۆی گرنگی لە دەست دابوو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆیەک لەوانە دوای جەنگی جیهانی دووەم چەندین دیکتاتۆر لە ئەوروپا پەیدا بوون و چەندین ڕووداوی سیاسی سەرنجڕاکێش هاتنەکایەوە. ئەمانە زیاتر سەرنجی خوێنەریان بۆ لای خۆیان کێش کرد بوو وەک لە خەیاڵە چیرۆک. بێگومان خەیاڵە چیرۆک لە کات و لە شوێنی ئاشتیدا لە لووتکەدایە.

خەیاڵە چیرۆکی ئینگلیزی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش چەندین نووسەر و بەرهەمی بەرچاوی هەبوو (ئەنگەس ویلسن) و (ئاریس مۆردۆخ) و (ولیەم گۆلدینگ) و (پامپلا مانسفۆرد جۆنسۆن) و (ئەنتۆنی بۆرگیس) تەنیا هەندێکن لەوانە. نووسین هەر بەردەوام بوو، بەڵام خەیاڵە چیرۆکی هاوچەرخ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و تازەگەرییدا جیاوازی هەبوو لەگەڵ ساڵانی نێو سێ قۆناغەکە. لەوانەیە هۆی سەرەکی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بیروبۆچوونی خوێنەر، چونکە ڕۆمان لە مەزنێتی و لووتکە نزیک دەکەوێتەوە کاتێ خوێنەر بە پەرۆشەوە دەیانخوێنێتەوە.

لە کۆتاییشدا دەبێ ئەوە لە یادنەکەین کە لە دەرەوەی ئینگلتەرە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی مەملەکەتی یەکگرتووی بەریتانیا چەندین نووسەری بلیمەت و بەرهەمی چاک کەوتنە بەردیدی خوێنەر. لە کەنەدا چەندین ڕۆماننووس وەک (ئیف. پی. گروف) و (تۆماس ڕاداڵ) و (ڕۆبنسن داڤیس) پەیدابوون. نووسەرانی نیوزلەندی وەک (کاترین مانسفیلد) و (ڕۆبن هاید) و (جین ماندەر) بەناوبانگ بوون، بەڵام لێرەدا مەحاڵە بتوانین تەنانەت تیشکیش بخەینە سەر هەموو بەرهەم و ڕۆماننووسانی مەملەکەتی یەکگرتووی بەریتانیا.

**سەرچاوە:**

**Adventures in English Literature, The English Nove/ J. B. Priestely (430- 436).**

# فاکتەکانی چیرۆک و ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

ئەرکی سەرشانی هەموو نووسەرێک ئەوەیە کە بەردەوام لە ڕاهێنان و هەوڵ و مەشق نەکەوێ بۆ پوخت کردنی هەموو ڕاو بۆچوون و خوو و ڕەوشتی دەبێ ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بە قۆناغێکی ناکامەوە نەبەسرێتەوە و بە ساوایی نەمینێتەوە..

ئەم وتەیەی جۆرج ئورول دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مەبەستە کە دەگمەن نین ئەو هێز و توانایانەی کە دەتوانن لە ئەزموونەکانی خۆیاندا بەردەوام بن دەتوانن بە ناسینی دۆخەکان و لێک جیاکردنەوەیان لە کۆڵانی تەنگەبەری ئەو زەمەنەی کە تێیدا دەژین ڕەهەندێک بۆ شارستانییەتی جیهانی لە چیرۆکەکانیاندا دادرن سەرەڕای هێندێ گرفت و ئاستەنگ کە لەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردیدا هەن، زۆر لایەنی نەگەتیڤیشی تێدا دەبینرێ، کە هەم بە قەناعەتی خودباوەڕیمان دەگەیەنێ و هەم وامان لێدەکا خۆشبینانە لە داهاتووی چیرۆک بڕوانین.

کۆمەڵگای کوردی بەو هەموو دژواری و کۆنتراسێنانەی کە بەرەو ڕووی بۆتەوە.

نووسەر لەو دەرفەت و بوارانەی کە بۆی ڕەخساوە، توانیویەتی کەڵکی پێویست بۆ چیرۆک وەرگرێ، ویستوویەتی بە جۆرێ واقعیەتەکانی ژیان بگۆڕێ کە نە تەنیا شوێنەوارەکانی خۆ جێی لە بیر نەکا توانیویە خوێنەریش لەگەڵ خۆی ڕێک بخا.

لەم هەلومەرجەدا چیرۆکنووس جگە لە پاراستنی لایەنی هونەری چیرۆک و دیکۆمێنت کردنی ئەخلاق و ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتیش لەنگەر ڕاگرتن لەنێو دۆخەکانی زەمانی و دیاردە چیرۆکیەکان بووە کە پێم وایە

ئەمــە ئەزمــوونێکی زۆر باشــە لە چیــرۆکی کــوردیدا. نووســەرێکی گــەورەی وەک «جــێن ئوستن» لەبەر هۆی بەرهەمەکەی نەبووە، بەڵکو توانیویە لەنێوان ڕوانین بۆ ژیان و ئەو تەکنیکانەی کە بتوانێ شێوەی ڕوانین لەسەر ژیان بخاتە ڕوو لە پارسەنگدانان بۆ تێگەیشتنی خۆیی کەڵکی وەرگرتووە.

بەکارهێنانی تەکنیک کە بتوانێ کەمایەتیەکانی کێشەی مرۆڤی ئەمڕۆ لەناو چیرۆکدا تاوتوێ بکا، دیسپلین و داهێنانی چیرۆکنووسی پێویستە چیرۆکنووس بە کەڵک وەرگرتن لە فاکتەکانی وەک ڕاگواستنی زەمانی و مەنۆلۆگی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، گوزارەی ڕیوایەتی کورت و خێرا، فلاشباک و شەپۆلی زەین و... هەوڵ بۆ گەرانتی کردنی چیرۆک و نێزیک کردنەوەی لە نۆرمە پەسەند کراوەکانی جیهانی دەدا.

لەسەرجەم ئەو چیرۆکە کوردیانەی کە لە دەیەی حەفتادا نووسراون شێوازێکی هاوبەشیان تێدا دەبینرێ، ئەویش کارکردی زەینی و شیکاری دەروونی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکە.

ئێستا ئەو پرسیارە بەرەو ڕوویی چیرۆک دەبێتەوە کە کارکردی زەینی تا چ ڕادەیەک لەگەڵ کایە زمانیەکاندا، کاردانەوەی هەبوو؟ لەگەڵ چەمکدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟

ڕەگەزی کایە زمانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ دۆخەکانی کەونارا، ئەم بەشە لە میراتی کولتووری لەگەڵ ئوستوورە لە پێوەندیدایە «ماکس مولێر» دەڵێ: ئوستوورەکان لە کایە زمانیەکانەوە هاتوونەدی، ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئاریاییەکان ئەوەی لە سروشتەوە وەریان دەگرت بە شێوازێکی مرۆڤ شوبهێنی و زمانێکی خوازەی ڕاڤەیان دەکرد، یانی لەجیاتی ئەوەی بڵێن شەو داهاتووە دەیانگوت، خواژن «سێلێنە» واتا مانگ بە ماچێکی «ئەندۆمیون» «خۆرئاوا» چاوی چووەتە خەو.

نماد و دیاردەکانی خەیاڵئامێز لە کایە زمانیەکانی ناو چیرۆکی کوردیدا جێگەی لێ ورد بوونەوەن با لەم دەقە وردبینەوە: «وڵات کپ و کڕە، مانگ بە ئاسمانەوە دەڵێی پیاوێکی پیرە وە خنکە خنک لە هەوراز سەر دەکەوێ، چاوی لە مانگ بڕیوە کچێکی خنجیلانەی تێدا دەڵێی لەگەڵ نەسرینی خوشکی سێوێکن و بە چەقۆ لەتت کردوونە».. خەیاڵ، ڕووداو نمادە سروشتییەکان، سێ خاڵی گرینگی ناو چیرۆکن کە باری عاتیفی چیرۆک بەهێز دەکەن بەو مەرجە هەم ڕووداو وێنا کرێ و هەم کارکردی زەینی تێدا بێ، بیرمەندانی دەروونناس لەسەر ئەم باوەڕەن کە وێنە گەلێ کە بتوانی عاتیفەی ئەزەلی بنوێنی کەرەسەیەکن بەهای جیهانی بە ئەدەبیات دەبەخشن «ییتس و یۆنگ»

چیرۆکی باش بەگشتی سێ خاڵی گرینگی لەخۆ گرتووە:

**یەکەم:** ستراتیژی تایبەت کە نووسەر دایدەڕێژێ و بەرەو نیازی خوێنەر دەچێتە پێش.

**دووەم:** بەکارهێنانی ئەو ستراتیژییە لە پەیکەرەی دەقدا.

**سێیەم:** وەڵامی خوێنەر.

لە خاڵی یەکەمدا ئەو چیرۆکانەی شێوازی ڕۆمانسیانەیان تێدا دیارە، ستراتیژی خوێنەر لە سەرەتاوە ڕوون و ئاشکرایە یانی شوێنی ڕووداو، زمان، کەسایەتی و ئامادەسازی پراکتیزە بوونی خەیاڵ لە پلاتفۆرمی تایبەت بە خۆیدا گونجاوە، نووسەر لە چیرۆکەکەیدا، زانیاری لە مەڕ گرفت و کێشەی کۆمەڵ و مرۆڤ دەداتە دەست. چیرۆکەکانی عەتا نەهایی، ناسر وەحیدی، حوسێن شێربەگی و... لەم بەستێنەدا پۆلێن دەکرێن.

لە خاڵی دووەمدا بەکارهێنانی ستراتیژی لە پەیکەری دەقدا بە گۆڕانکاری خێرای زەمانی و نە ناسیاو کردنی کەسایەتی و گوزارەی کورت بۆ کەسایەتییە لاوەکییەکان و ڕاگرتنی زەمان و فلاشباگ بۆ کەسایەتی سەرەکی و پێک هێنانی گرێمانە و پرسیار و چاوەڕوانی بۆ کردەوەی کەسایەتییەکان بەرچاون. چیرۆکەکانی محەمەدی ڕەمەزانی- شا محەمەدی، بریا کاکەسووری و عەزیز مەحموودپوور و سەلاح نیساری و... لە ئەزموونگەرییەکانی ئەم بەستێنە دان.

سێیەمین خاڵی کە وەڵامی خوێنەر بۆ ستراتیژی نووسەر دیاری دەکا پێوەندی بەشێوازی چەمک و پێکهاتەی چیرۆکەوە هەیە، ئایا گرێمانەی خوێنەر لەناو دەقدا و بەر لەتەواوبوون دەشکێ؟ یان نووسەر هەتا کۆتایی چیرۆک چاوەڕوان دەمێنێتەوە بۆ وەڵامی

پرسیارەکەی یان لایەنی ڕوودا لە ستراتیژی دەقدا جۆرێکە کە خوێنەر بۆ هەمیشە هێندێک پرسیاری بۆ دەمێنێتەوە؟ لەم خاڵەدا وەڵامی خوێنەر لەگەڵ هەر کام لەم پرسیارانە بەپێی فاکتەکانی چیرۆک بەراورد دەکرێ.

لە بەرەو پێشچوونی ڕەوتی چیرۆکی کوردیدا هێندێ فاکتە هەن کە پێکهاتە و چەمکی تایبەت بە چیرۆک پێک دێنێ لە ڕووی ئەو تایبەتمەندییەشەوە ڕادەی نیاز و وەڵامی خوێنەر دیاری دەکرێ.

یەکێ لە فاکتە گرینگەکانی کە دەتوانێ خوێنەر بەخۆیەوە خەریک کا شێوە مامەڵەی چیرۆکنووس لەگەڵ کەسایەتییەکانە کە لەدوو خاڵدا شرۆڤە دەکرێ:

یەکەم: ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتی لەگەڵ ڕووداو، لەم بەشەدا، کردەوەی کەسایەتی و ڕووداو پێک دێنێ... «کێردەکەم لە هەموویان پێ باشترە هەڵیدەگرم و لەسەر شادەمارەکەی مەچەکم ڕای دەگرم و بڕێک بیر دەکەمەوە و ئیتر گەڕانەوە بێ کەڵکە ژیانی پڕ لە ژان و دەرەتانی لێ بڕیوم تەنیا مردن دەتوانێ ڕزگارم کاو».

«بریا کاکە سووری، خۆر» ل٧٦

یان ڕەنگە دۆخێک گۆڕانکاری لە کەسایەتیدا پێک بێنی واتا کەسایەتی وەک دۆخی پێشوو کە تێیدا دەژی و نەمێنێتەوو: زستان ڕاشکا بەهار گەیشتە جێ بارۆبنەی داخست... منیش لەژێر سێبەری پیرەدا بە ئارەقە و گەرمای لەشی ڕیشەم داکوتا پنجم دەرکرد، خۆمدا بەسەر چڵدا «خەو ڕاو، ناسر وەحیدی» ٥١.

لە زۆربەی چیرۆکە کوردییەکاندا کاردانەوەی هەردوو لایەنی کەسایەتی و دۆخ بەسەرێکەوە دیارە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە چیرۆک ڕووحێکی زیندووی هەیە و ناتوانێ لە دۆخێکی وێستاو دابمێنێتەوە و دیاردەکانی بەردەوام لەناو کردەوە و گۆڕانکاریدا خۆیا دەکا.. «یادی دایکی دڵی پڕ کرد جارێکی تر لە ئاوێنەکەدا بە شوێنیا گەڕا. سەرپۆشەکەی دڕابوو.

- ئەبێ زیاتر بیپارێزم لە دوو سێ لاوە دڕاوە...

دایکی پێکەنی... کەنینێکی تاڵ... ئینجا فرمێسک هاتە نێو چاوی و پێی وت: زۆرت ئاگا لێی بێ... ئەمە یادگاری دایکمە.. لەسەرە مەرگا پێی داوم. ژیلا حوسێنی- سروەی ١٢٥- ١٢٦»ل٥٦.

لە خاڵی دووەمدا، کەسایەتییەکان وەک کەرەسەیەک دەکار دەکرێن کارکردیان بۆ پێک هێنانی تەرحی چیرۆکە. ئەو چیرۆکانەی کە لایەنی خەیاڵییان لە واقعییەتەکان تێدا کەمترە لەم بەشەدا دەگونجێن با سەرنج بدەینە دیالیکتیکی ئەم دەقە.. «گوتی لەو جیهانە جگە لە ڕەنگی ڕەش هیچ ڕەنگێک نەدەبوو. ئەگەریش ببوایە زەردی خۆڵەمێشی و شینی خۆڵەمێشی و سووری خۆڵەمێشی دەبوون».

گوتی «تۆ پیاوێکی نەخۆشی کە بەداخەوە توانای بیرکردنەوە و خەیاڵ پەردازیت زۆرە. تەنگانە- عەتا نەهایی» ل٧

لە سەرجەم هەموو بەرهەمی ساڵەکانی حەفتادا خاڵێکی گرینگ و هاوبەش دەبینرێ ئەویش کارکردی زەینی خوێنەر و ڕاڤەی دەروونی کەسایەتی چیرۆکە لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ دەبێ هۆی چی بێ کە نووسەری چیرۆک بۆ داڕشتنی تەرحی بەرهەمەکەی بە دەروون گەرایی و خەیاڵەوە سەرقاڵ دەبێ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بڵێین ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە لە دۆخێکی سانسۆردا، نووسەر دەخزێتە پاڵ خەیاڵ و خۆی بە ئوستوورەوە خەریک دەکا و لە نەگوتراوەکانی دەروون دەدوێ و لەلایەکی تریشەوە دەغدەغەی بەجیهانی بوونی چیرۆکی کوردی سەرنجی چیرۆکنووسانی ئێمە بۆ لای بەرهەمەکانی، کافکا، رابلە، جۆیز، مارکیز، پرۆست، فاکنەر و.. کە کار کردی هونەری و زەینی، چەند دەنگی و چەند جۆرەکیان تێدا گونجاوە، ڕادەکێشی.

تواندنەوەی هەوێن مایەکانی ڕۆمانتیکی لە نموونە گەلی خەیاڵدا (diphov) دەتوانێ چەمک بۆ ئەکتیڤکردنی زەین و ڕاڤەی پتر ئاڵوگۆڕ کا. مەنۆلۆگی کەسایەتی بۆ «مەسخ» و «ئێستەحاڵە» هێندێ لەم فاکتەرانەی ناو چیرۆکن کە باس بۆ توێژینەوەی زەین و دەروون شیکاری ئامادە دەکەن و لە زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی فانتازی و خەیاڵئامێزدا، لایەنە پڕ کێشە و ئاڵۆزەکانی کە لە بێچم و قەوارەی کەسایەتییەکاندا دەبینرێ، بەشێکی زۆر لە گرفتی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە سەر کێشەی دەروونی و ناهۆمیدی و تێکشکان لە دووڕیانەی ئۆدیپی (oedipal)دا. لێرەوە نووسەر هەوڵ دەدا تا ڕادەیەک بتوانێ وەڵامی پێداویستەکانی بەردەنگی خۆی بداتەوە و ڕێگای چارەیەک بۆ گرفتەکانی

دەروونی بدۆزیتەوە.

هەربۆیەش لە ڕەهەندی خەیاڵەوە وێنە خەیاڵیەکان لە ناو دیاردە زمانییەکانی چیرۆکدا خۆیا دەکا کاتێک ڕەفتار لە نائاگاییەوە دیاری دەکرێ کە گوشار و کێشە نائاگایی، نائاگاییەکان دەڕژێنێتە ناو خەیاڵی ئاگایی مرۆڤ کاتێک لەنێوان ئاگایی و نائاگاییدا دیواری کۆسپ و پەرژین پێک بێ و هەوڵ بۆ تێک ڕماندنی ئەم دیوارە نەدرێ وزە و توانا سەرکوت کراوەکان ئازاد نەکرێن کەسایەتییە سەقەت نەگەتڤی پەیدا دەکا بەم پێیە گۆڕانکاری خێرای زەمانی، کەسایەتی چیرۆک، «ئێستە حاڵە» دەکا و لەوانەیە کەسایەتی «مەسخ»یشی بەدواوە بێ.

شێوازی خەتی و مەنۆلۆگ لەژێر کارتێکەری شەپۆلی زەیندا لە ڕیالیزم دوور دەکاتەوە و زەمان کارکردی بنەڕەتی لە دەست دەدا و چەمک تووشی دەرهەست بوونەوە دەبێتەوە زەمان لەنێوان ئەزەل و ئەبەددا ئازاد دەبێ بەتایبەتی ئەو کاتەی کێشەی مەرگ و ژیان لە ئارا دابێ و مرۆڤ لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لایەنە نەگەتیڤییەکان تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبێ ئەو بەشە لە چەند دەقێکی چیرۆکی جێگەی لێ ورد بوونەوەیە:

دەقی یەکەم: «ڕۆژێک نامەیێکی سەیرم پێ گەیشت، نووسیبوویان نەنکت مردووە... کوڕە نەنکی چی؟ من قەت نەنکم نەبووە، ئێستا مردبێ.. کاغەزێکیان بە کچێک بۆ ناردم، کچە ڕووت و قووت بوو، دەتگوت قەت دانەپۆشراوە... کچە دەستی گرتم بردمیە سەر مەیتی نەنکم... چۆغەیێکی زەردی زۆر جوانی دەبەر دابوو.. سەیری ئەو تەرمە سەیرەم دەکرد، نەنکم ببوو بە پیاو.. یان باشتر بڵێم هەر لە هەوەڵەوە پیاو بوو. «خۆر، سولەیمان عەبدولڕەحیمزادە»ل١١

دەقی دووەم:... چایچی وازی نەدەهێنا: «بۆ! کە ورچە سەما دەکا تۆ دەگری؟ خۆم چەن جار دیومە لۆتیش بۆی گیراومەتەوە (کابرا بە ئارامی هاتە قسە کردن) ئەوە دایکمە (چایچی داچڵەکی نیگای لە کابراوە بۆ ورچەکە لەوێشەوە بۆ کابرا گوێزایەوە حەقایەتێکی دوور و درێژە حەقایەتی هەزاران ساڵ لەمەوبەر..»

لەپیکانەی هەردوویی ئەم دەقەدا دوو شێوە پێناسە هەیە: یەکەم مەرامی ئیدیۆلۆژیکی، دووەم کێشەی دەروونی.

لە پێناسەی یەکەمی دەقدا نووسەر بە سەرنجدان لە ڕووداوەکانی دەوروبەری ژیانی، نرخ و بەهای پەیوەندییەکانی بنەماڵەی لەگەڵ دۆخ و کێشەی تاکە کەسێ لە کۆمەڵدا پێناسە دەکا. کوڕە نەنکی چی؟ «من قەت نەنکم نەبووە..»

لە پێناسەی دەقی دووەمی چیرۆکدا باس لە سەر خود ئاگا و ناخود ئاگای مرۆڤە، خودئاگا ئەو بەشە لە زەینییەتە کە مرۆڤ هوشیارانە زۆربەی کات تێدا دەژی لەودا، بیردەکاتەوە و هەست دەکا، شت وەردەگرێ و... ناخودئاگا بەشێکی تر لە زەینی مرۆڤە کە پانتاییەکی گەورەتر لە تایبەتمەندییەکانی دەروونی کەسێتی دەگرێتە خۆی، زۆربەی پێداویستییەکانی لەم بەشەدا جێگیر بوونە ڕاگواستنیان بۆ بەشی خودئاگا زۆر ئاستەمە، ئەزموونەکانی کە لەم بەشەدا بە خود ئاگا ناگەن ئەزموونێکن سازگاریان لەگەڵ گریمانەکانی ئێمە دانییە و نامراد و سەرکوتکراوە دەمێننەوە ئەم ناخودئاگایانە تەنیا لە ڕێگەی هیپنۆتیزم و خەیاڵەوە پێناسە دەکرێن.

دەتوانین ئەوەش بڵێین دەروونییەکانی «یان زۆر ناخودئاگا چەشنی سێبەریان وەهمێک سەیری دەکرێ کە بەشی تاریکی دەروونی مرۆڤ پێک دێنێ.

ناساندنی ئەو سێبەرە لە هێندێ ڕەوشی وەکو ئینکارکردن» من قەت نەنکم نەبووە «یان لە ڕێگای تەماع و دەسەڵاتەوە دەردەکەوێ من دوونی میرم بووم و یەکێ لە براکانم دوونی داوود ئێمە لەسەر پیری و گەورەیی شەڕمان بوو، دایکمان کەوتە بەینمان، ئەرێ حەقایەتێکی دوور و درێژە ئێمە دایکمان مەسخ کرد و کردمان بە ورچ ئێستاش خۆت چاوت لێیە دایکم چۆن سەیرم دەکا؟ چاوت لێیە چۆن ئازارم دەدا «تەنگانە- عەتا نەهایی»ل٤٢

باس لەسەر ئەو لایەنی غەیرە ئەخلاقی چەواشە کردنی واقیعییەتەکان دەکا لەناو کەس و هەوای خەیاڵدا وەک «مەسخ و ئێستەحاڵە» کە لە پێوەندی لەگەڵ بوونەوەریان یان کەسێکی تر لە چیرۆکدا ڕاڤە دەکرێن فەرافکەنی بۆ سەر کۆمەڵ یان کەسانی ترە کە نووسەر هەوڵی بۆ دەدا و تاوتوێی دەکا.

«مەنۆلۆگ» بەرچاوترین خاڵی چیرۆکە بۆ وروژاندنی زەین جگە لەمە تایبەتمەندی ڕاوێژی زمانی یەکەم کەس لە چیرۆکدا ئەمەیە کە نووسەر بە هاسانی دەتوانێ لە دۆخ و

زەمەنی کەسایەتی بدوێ و ڕەوایەتی زەینی یەکەم کەس لە تەک خـەتی کـردن و یەک پارچەیی چیـرۆک دەوری گـرینگ دەگـێـڕێ و منی ڕاوی باش دەتوانێ سـەرنجی خوێنەر ڕادەکێـشی و باری عـاتیـفی چیـرۆک بەهێـزکا پرسـیـار و گـومـان بێنێـتـە دێ، خـەیاڵ تاوتوێی کـا و نەهێنیەکانی ناو تاریکی دەروونی شی کاتەوە.

«لەو وەختەوە خەوی سێبەری سپیم دیوە، سێبەرەکەی خۆم لێ بۆتە مۆتەکە، پێم وایە سێبەری من نییە ئەی بۆ وەک ئەو سێبەرە سپییە دەست ناکاتە ملم و گوێی بۆ قسـەکـانم ڕاناگرێ؟ دەڵێم نەکا ئەو چووبێ..؟ ئەگـینا کـابرایەکی نەدیو نەناس چووزانی؟ دەڵێم نەکـا هەر ئەو باوکمی کوشتبێ؟

«خۆر- قادر هیدایەتی»ل٤٩

ئەرکی نووسـەر تەنیـا بەکـارهێنانی تەکنیک نییـە، بەڵکو ڕوانین لە بەهاکـانی چیـرۆکـیش بۆ ئەو گرینگە، نووسـەر دەتوانێ لە بەرهەم هێنان و گـۆڕینی بەهاکـاندا خوێنەر ئاگادار کاتەوە ئەرکی ڕۆشنبیری کۆمـەڵایەتی و ئەخلاقی نووسەریش هەر ئەوەیە نیتشێ دەڵێ: «بەهاکان بە ڕوانگەوە دەگـــۆڕێن» جـــا کـــە وایە پێک هێنانی ڕوانگەی نوێ دەتوانێ بەهاکان بنرخێنێ، خەڵکی جیاواز لە بارودۆخی کـۆمـەڵایەتی جـیـاوازدا کـۆمـەڵێ بەهای جیاوازیان هەیە، ئەگەر چیرۆکەکان دابڕانی زەمانیان تێدا بەدی دەکـرێ و لە تەرح و فـۆرمی نوێ پێک هاتووە دەیەوێ خۆی لە یەکدەستی بپارێزێ و کەمپی خوێنەرانی تایبەت بەخۆی تەرخان کا بە کورتی ئەلتەرناتیڤەکردنی ئەندێشەی ناو چیرۆکی کوردی دڵی زیندوویی چیرۆکە بۆ داهاتوو لێ دەدا هەتا خۆی لە ئاستی چیرۆکی جیـهانی ڕابێنێ، بەڵام پرسـیـارێک لە ڕەوتی چیـرۆکی کـوردیدا ئەمـەیە کـە چیـرۆکـەکـان چۆن لەگـەڵ نرخ و بەهاکـاندا مامەڵەیان کردووە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین لە کوردستانی ئێـمـەدا چیـرۆک پێـوەندی بە دووخـاڵی گـرینگ هەیە: یەکـەم، مـەسـەلەی سـانسـۆر و دووەم، داڕشـتنی تەرح و فـۆرم لە شـێـوازی سـانسـۆر یان خـود سـانسـۆریدا بەرەو ڕووبوونەوەی سوننەت لەگەڵ گۆڕانکاری نوێی زەمانی و ئەزموونگەرییەکانی تەکنیکی و بەها تازەکانی جیهانی نووسـەر تووشی قۆناخێکی حەساس و ئاستەم دەکا لە لایەک دەبینێ کە بەرهەمە گەورەکانی جیـهانی لەگـەڵ شارستـانییـەت و پیشـەسازی لە دایک بووە لە لایەکی تریش کـێـشـەی سـیـاسـی و ئایین و بڕوا لە وڵاتانی دواکەوتوو ئێستـاش لەسەر بیروباوەڕی نووسەر چاوەدێری دەکا لێرەدایە کە باس لە فەردانییەت و ڕۆحی سەر بە خۆ تەکنیک و تەرح و فۆرمی تایبەت بەخۆی دەخوازێ.

هەر بەو بیـانووەش لە چیـرۆکی سـاڵەکـانی هەفـتـادا تەکنیکێک بەناوی شـەپۆلی زەین و گـەڕانەوە بۆ ناخی مرۆڤ لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دەبینرێ.

خـەیاڵاوی بوونی چیــرۆک ئەوە دەگـەیەنێ کــە لە فەردانیـیـەت و خودی کـەسدا وێنەی نمادین هەن کـە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا بەرەو ڕوویان دەبینەوە، ئەمەش ڕاست نوێنی خەیاڵە کە لەودا دیارە کە ئوستوورەییەکان تا کەی دەبن لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی گشتییان هەیە ئەوە ئەمە دەسەلمێنی کە ڕەوانی مرۆڤ لەلایەک کە سێتی دەروونی فەردی و لەلایەکی تریشەوە گشتی و بەرهەستە لە چیـرۆکی حـەفـتـاکـاندا هێندێک ئەزمـوونی تاڵ و تاسـێنەر دەبینرێ کـە دەرد و ڕەنجی مـرۆڤی سـەردەم دەگـەیەنی لەم چیـرۆکـانەدا هەوڵ بۆ قـەرەبوو کـردنەوەی خەسارەکانی دەروون لە ئارادایە هەربۆیەش پەنا بردن بۆ جیـهانی ئوستوورەیی شیتـاڵکردنی نیازەکانی دەروونی تاقە ڕێی تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانە.

«ئەرنێست کـاسـیـرێر» دەڵێ جـیـهـانی ئوسـتـوورەیی جیـهـانێکی وێنەییـە پڕە لە کردووە لە ڕێگا خەسـڵـەتە عـاتیـفی و دەروونییـەکـانەوە دەتوانێ هەست بە هێـز و تواناکانی دەروونی بکەیت.

ئەگەر نووسەر لە ڕوانگەی نەگەتیڤییەکانەوە دەیەوێ ڕووداوەکـان بخاتە ناو ڕەهەندەکـانی غەیرە عـەقڵانی بۆ مەبەستی چاک باوەڕی (meliorism) و ئامانجگەری تێدەکۆشی.

هەرچەندە لەم چیـرۆکـانەدا، گێـڕانەوەی عـەینی، پێک هێنانی تەرح و داڕشتنی کەسایەتی کۆنترۆڵی زەمـان و دەروونشـیکاری کەسـایەتی چیـرۆک وەک خـاڵ گەلێکی پۆزیتـیـڤی چاوی لێدەکرێ، بەڵام ئاڵۆز کردنی چەمکی چیـرۆک بە بیـانووی تەرح و فـۆرم کـە خوێنەر سـەری لێ بشـێـوێ و لەڕاڤـەکـردن بتـۆرێ، ئەوە کـەم ئەزمـوونی و تێنەگەیشتنی چیرۆکنووس لەمەڕ نرخ و بەهاکانی چیرۆک دەگـەیەنێ، کـارێکتـەرەکـانی چیـرۆک لەناو بەهاکـانی چیـرۆکـدا دەژین و و بەناو ئەزمـوونگەری چیـرۆکنووسدا

تێدەپەڕن، گۆڕینی کەسایەتییەکانی واقیعی هەرچەندە لەناو خەیاڵیشدا پەروەردە بن، خوازیاری ناو ژیانی ڕاستین و لەناو بیری نووسەردا دەبینرێن و ئاڵۆزی چەمکی چیرۆک دەبێتە هۆی ئەمە کە کەسایەتییەکان مەزنتر لەوە کە هەن نەبینین.

نووسەر لە دەرەوەی کەسایەتییەکاندا ناژی، بەڵکو کەسایەتییەکان ژیانیان، بوونیان، کەسیەتیان ڕاستەوخۆ لە نووسەر قەرز دەکەن هەر وەک «گۆستاف فلۆبێر» گوتوویە «مەدام بوڤاری منم» لە کۆتایی ڕاڤەی ئەم بەشەدا بەو ئاکامە دەگەین کە لە هێندێ دەقی چیرۆکیدا ڕۆحی خودسانسۆری بەسەر تەکنیکدا هێشتا هەر زاڵە، ئیزن بە گەشەی فەردانییەت و ڕۆحی سەربەخۆیی کەسایەتی چیرۆک نادەن، با لەم دەقەش وردبینەوە:

... «لیباسەکانم لەبەر خۆم داماڵی و لەنێو ئاوێنەکەدا ڕوانیم بە بەژن و بالآمدا، لەبەری پێ تا تەوقی سەر سەرم، تا بەری پێم پێستێکی پەمەیی سفت و ناسک وەک پەڕی گوڵ. لەبەر شەرم چاوم دانەخست بروانمە پشتێند بەرەخوارم، بەڵام... ئاولکراس و کراسم لەبەر کرد، پشتێندم بەست. خۆر- ماپارە ئیبراهیمی. ل٤١

لەکۆتایی ئەم وتارەدا سەرەڕای خاڵە پۆزەتیڤییەکانی چیرۆکی ساڵانی حەفتاکان، هێندێ خاڵی کزیش دەبینرێ کە پێویستە بە کورتی ئاماژەیان پێ بکرێ:

١- زۆرێک لە میتۆدەکانی فەلسەفی و سایکۆلۆژی لە چەمک و تەکنیکدا پتر ڕێژەییە نەک داهێنەرانە.

٢- کەڵک وەرگرتن لە چەمکی تازە و تێست کردنی ئەزموونەکان بەردەوام نەبووە ئەو بەردەوام نەبوونە چیرۆک وەک پرۆسەیەکی ناتەواو دەهێڵێتەوە.

٣- هێندێک لە چیرۆکەکان کارکردی کاتیان لە دەست داوە و لە شوێن دابڕاون، چەمک تووشی دەرهەستێکی نائاسایی بووە و گەمەی تەقلید ئاستی خوێندنەوەی چیرۆکی دابەزاندووە.

٤- ڕەسەنایەتی و خۆجێی لە زۆربەی چیرۆکەکاندا ڕووکەش و کلێشەییە!

٥- ترس و گومان لە چیرۆکی کوردیدا بەرچاوە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر قۆناخی گواستنەوە لە سوننەتەوە بۆ نوێگەرایی، واتا دوودڵی لە سیستمی جیهانی و ڕووبەڕووبوونەوەی بایەخەکان لەگەڵ یەکتر کە دەبێتە پێک هێنانی گومانی نووسەر.

٦- لە ئاستی ڕەخنەدا چیرۆک نەکەوتووەتە بەر ڕەخنەی بەویژدانەوە و ڕەخنەگر بەشێوازێکی ئاکادیمی و کاربەری چیرۆکەکانی کوردی تاوتوێ نەکردووە واتا زۆربەی ڕەخنەکان لەسەر چیرۆک تیۆرێزەن تا پراکتیزە. سەرەڕای هەموو ئەو گرێ و ئاستەنگانەی لەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردیدا هەیە، تەمەنی ساوای چیرۆکی کوردستانی ئێران بە خامەی ڕەنگینی چیرۆکنووسانی لاو خەریکی بە خۆداهاتنەوە و خۆڕانان لەگەڵ ڕەوتی جیهانی چیرۆکدایە، چیرۆکنووسانی لاو بە ئیرادەیەکی قایم و وردەیەکی نەسرەوتوو پێی نەنێتە قۆناخی تازە و هەوڵ بۆ پێشکەوتنی چیرۆک نەدا بە قەولی فرۆید «تەنیا لە ڕێگای بەربەرەکانییەوەیە، کە دەتوانێت بەسەر هێزی دەسەڵاتدار و تێک نەشکاوەکاندا سەرکەوتوو بێت و مانایەک لە ژیان و بوون بکەیتە دەسکەوت».


**سەرچاوە:**

**- خۆر، گەلە چیرۆک- تاران- پەژووهەند ١٣٧٨.**

**- لە ستایشی ئەدەبدا، کۆمەڵێ وتار- و. شێرزاد حەسەن- چاپی ئاراس**

**- حەشری ڕەنگەکان، عەزیز مەحموود پوور- ناشر-عابد- تاران ١٣٨٠**

**- درسهایی درباره داستان نویسی- لئونارد بیشاپ ترجمه محسن سلیمانی- سازمان چاپ و انتشارات ١٣٧٤**

**- افسون و افسانەهای برونو بتلهایم- افسانه شریعت زاده- هرمس ١٣٨١**

**- نظریه ادبی و نقد عملی ترجمه دکتر جلال سخنور. سیما زمانی. پویندگان نور**

**- اسگورە ک.ک. روتون- ابولقاسم اسماعیل پور-مرکز ١٣٨١**

**- ساختار و تأویل متن-بابک احمدی- تهران، نشر مرکز ١٣٨٠**

**- سروە ژمارە ١٧٩ جۆزەردانی ١٣٨٠**

**- تەنگانە- عەتا نەهایی- تەوریز ١٣٧٤**

**- ڕۆژهەلات ژمارە ١٥ و ١٦ خەرمانانی ١٣٨٣**

**- خەوە ڕاو- کۆمەڵە چیرۆک، ناسر وەحیدی، چهرە- تبریز ١٣٧٣**

**- خۆر گەلە چیرۆک- پژوهندە ١٣٧٨**

# سەمایا وێنەیێن هونەری د کەڤالێ رویسێ هەلبەستڤان شەهباز دا


ئازاد دارتاش
(ئاکرێ)


**پەیڤەکا فەر**

ب مەرەما خۆرتکرنا پرۆسیسا چاپ و بەلاڤکرنێ، ل سنۆرێ کارێ خوە، ئێکەتییا نڤیسکارێن کورد تایێ دهۆک ب پرۆژەیەک گرنگ رادبیت، ئەو ژی چاپکرنا پەرتووکێن هەلبەست و کورتە چیرۆک و رۆمان و ڤەکۆلینێن رەخنەیی.. هتد، و ئەو خالا ڤی پرۆژەی ژ کۆمێن پرۆژەیێن دەزگەهێن دن یێن چاپ و بەلاڤکرنێ جۆدا دکەت ئەوە، کو ئێکەتییا نڤیسکارێن کورد تایێ دهۆک ب تنێ بەرهەم و بەرکارێن ئەندامێن خوە دگەهینتە چاپێ، ل ڤێرێ ژێ دەرگەهەک بەرین هەمبەر ئەندامێن خوە ڤەدکەت، داکو بکارن ب زویترین دەم و باشترین چاپ نڤیسینێن خوە بگەهینە چاپ و بەلاڤکرنێ، پەرتووکا یێکان ل سالا (٢٠٠٤)ێ چاپبوویە، کو ڤەکولینەکا نڤیسکار د.فازل عومەرە ل ژێر ناڤێ (نڤێژەک مەستانە ل دور گونبەدا جزیرێ) و هەتا نها زنجیرا ئەو کتێبێن چاپ بووین گەهایە (٦٤) پەرتووکان، و ل ڤان رۆژێن بۆرێ ب هەلکەفتنا سالڤەگەرا دامەزراندنا ئێکەتییا نڤیسکارێن کورد، تایێ ناڤبرێ ئێڤاریەک ئەدەبێ سازکر، و تێدا هاتە ئاشکرا کرن کو دوازدە پەرتووک کو پێکهاتیبوون ژ دیوانێن هەلبەستێ و رۆمان و بەرهەمێن دی یێن ئەدەبێ، و هەر دوێ ئێڤارێ دا، و داکو دیسان پرۆسیسا ڤەخویندنێ هێزدارتر ببیت، پەرتووکێن هان ل سەر بەرهەڤبوویان هاتنە بەلاڤ کرن، و ل ڤێرێ و داکو خویندەڤانێن گۆڤارا (رامان) ل سەر بەرهەمێن هان ئاگەهدار بن و هەر وەها دەنگێن شیعرێ و ئەدەبێ یێن زارێ کرمانجی یا ژووری

بۆ خوێندەڤانێن رامـان پتـر ئاشنا بکەین و پرەک خـورتر دروست ببیت دنێڤبەرا زاراڤێن کوردی، دێ هەول دەین کـو ل هەر هژمـارەکی، خـویندنـەکی دنێڤ بەرهەمـەکی دا بکەین.

*　*　*

(کەڤالەکی رویس) دیوانەکا شیعری یا هەلبەستڤان (شـوکری شەهباز) ە، ژمـارە (٤٧) ژ زنجـیـرا وەشـانێن ئێکەتیـیـا نڤـیـسکارێن کـورد لقی دهۆک وەرگـرتیـە، (کەڤالەکی رویس) دەه نموونێن شیعری یێن هەلبەستڤان شەهبازی ب خوڤـە دگریت، کـو ئەو ب خۆە دبێـژیت : " ئەڤە دەه نموونێت شعرینە من هەلبژارتین ژ سەربۆرا خۆیا شیعری، هیڤییە ب دلی خوێندەڤانێ شعرا کوردی بن " ل دەسپێکی من دڤێت بێژم کو ئەم دکارین ژ ڤی پەرتووکی را بێـژین ئەلبومـا هەلبـەستـێـیـا هەلبـەستـڤـان شوکـری شەهباز، چونـکە نە ب تنێ خوێندەڤان دی ل سەر کۆمەکا بن نەهاتی ژ رسـتـە و وێنەیێـن شـعـری هەلبیت، بەلکو پەرتووکـا هان ب شـیـوازی ئەلبـومی هاتیـە چاپکرن، و تێدا هندەک مـونتـیڤ و پۆرترێت ب خـامی هونەرمـەند سـتـار عـەلی هاتینە راکـێـشـان دی بینیت و هەروەها بەرگـەکی جـوان و ب کـەڤـالەکی سـەرنج راکـێش و پڕ دەلالەت، ژلایی نەخشـەساز (عـوسـام حـەجی تاهر) ڤـە ئەلبوما هان هاتیە رازاندن.

هەر چەندە هەلبـەسـتـڤـان، دەنگـەکی نوی نینە د قـادا هەلبەستێ دا، و مە ئەڤە بۆ دەمی پتر ژ بیست سالایە، شـەهبـاز ناسـیـیـە وەکـو هەلبـەسـتـڤـان، لێ وەکـە پێـدڤی نەهاتیـە ناسین نەمازە ل دەڤەرێ و ب تایبـەتی ل باژارێ دهۆک. دبیت گـــەلەک ئەگـــەر هەبن بو (نـە) ڤێ بەلاڤـبـوونێ، لێ ب باوەڕا مـە ئەڤـە ڤـەدگـەڕێتـەڤـە ژبۆ هندەک ئەگـەرێن دویر ژ ئەدەب و هەلبـەسـتێ، مـینا نەپشکدارییا وی د ڤـیـسـتـەڤـال و سمـینارێن ئەدەبی و ئێـڤـارییێن شـیـعـری، و مە چ جـاران گـوه لێ نەبوویە کـو هەلبـەستـڤـانی پشکداری د ڤـان هەلکەفـتـان دا کـر بیت نەمــازە ل دەرڤـەی پـارێزگـەها دهۆک. ئەڤـە وێ چەندێ راناگەهینیت کو ئەو خوەدی دەنگ و فۆرمەک بلند نینە، بەروڤـاژی ئەڤێ چەندێ خوێندەڤانێ شـارەزا و سەرهەل ل سەر هەلبـەستـا کـوردی ئەوا ب زارێ کرمانجی یا ژووری دهێـتـە نڤـیـسین دکـاریت ئەو هەلبـەسـتـا کـوردی ئەوا ب خـامێ شـەهبـازێ شـاعـر هاتیـە نڤـیـسین، د نێـڤـا دەهان تێکسـتـێن دن دا ڤـاڤـێربکەت، چونـکە فـۆرم و دارێـژتن و وێنە یێن وی یێن شعری و جیهـانبینییا وی جۆدایە دگەل هەڤکارێن وی، و ئەز وەکـو یەک ژ خوێندەڤانان دبێژم کـو شـەهباز خـوەدی فـۆرمێ خوە یێ تایبـەتە و ب شـارەزایی سـەرەدەریێ دگـەل تەڤ پێکهـاتەیێن کـارێ شعـری دکـەت، دگـەل رسـتـەیا هەلبـەسـتێ و بکائینانا هێـمـایان دیسـان دگەل وەرگـری وەکە جەمـسـەرەکێ گـرنگ د هەر کـارەکی ئەدەبی دا. هندەک جـاران دەمـا مـرۆڤ هەلبـەسـتێن وی دخوینیت هەست دکەت، نەمـازە د دەسـتـپـێکا هەلبـەستێ دا، کـو شـەهبـاز یێ تێکسـتـا خـوە ب زمـانـەکێ ئاسـایی دنڤـیـسـیت، یان کـو ب شێـوەیەکێ راستـەوخـوە هزرا خـوە ئاراستە دکەت.

مـرۆڤ هەست دکـەت کـو یێ گـوهدێرییا سـەرهاتیـەکێ دکـەت، یان ب زمـانێ گـوتاری تێکستا خـوە دادرێژیت یان یێ پەسنەکێ دکـەت، تێـدا پتـر ڤـەگـێـڕان یا زالە. ئەز باوەڕم کـو ئەو ژی مـینا مـە وێ هەستێ دکـەت کـو یێ ب فـۆرمەک سڤک دنڤـیـسـیت، لێ ئەو ب شـارەزایی ب ڤی ئاوای دەست ب نڤـیـسینێ دکـەت، وەها دبینم کـو مـەرەمـا وی د وێ گـاڤێ دا ئەوە، کـو خـوێندەڤـانی بۆ پرۆسـیـسـا وەرگـــرتنێ بەرهەڤـــبکەت، یان وی نەڤـــێت هەر ل دەسـتـپـێکێ خوێندەڤان تووشی ڤـەجنقینێ ببیت، بەلکو وەها ل وەرگری بکـەت، کـو ب تەڤ نەستێن خـوە ڤـە بەر ب تێکستێ ڤە بێت، لێ هەتا دوماهیکێ ب ڤێ رەنگێ تێکسـتـا خـوە دانارێـژیت، بەلکو ژ نشکەکێ ڤـە، یاخی دبیت ل سەر وی فـۆرمێ سڤک، ڤارێبوونەکێ د رستەیێن خـوەدا دروست دکـەت، بەر ب شکاندنا زمـانـێ هان ڤـە دچیت، تەڤ ئەو هزرێن دگـاڤـا یێکان دا دمـێـشکی گـوهدێری یان خـوێندەڤـانی دا بەرجـەسـتـە بووین تێنە



هەلوەشاندن، جیهانبینی و هزرێن مرۆڤێ بەر ب سەنتەک دی دبەت، کـو چو جـاران یا چاڤـەری نەبوو، ل ڤـێـرێ خویندەڤـان تووشی ڤـەجنقـینـێ دبیت لێ دنێڤ ریتـوالێ تێکسـتێ داکو بەری یا هنگی ژلایی هەلبەسـتڤانی ڤـە کار بوو هاتیە کرن.

شوکری ب شارەزاییا خوە، دابرینێ دنێڤـبەرا زمـانێ ڤەگێـراندنێ و زمانێ هەلبەستێ دا چێدکەت، ئەو ژێ پشتی کو مرۆڤی بەر ب تێکستا خوە دبەت، ل وی دەمی سـەرسـورمـانـەک ل جەم وەرگری دروست دبیت و تووشی ڤەجنقینێ دبیت و هندەک رەخنەگر ژێرا دبێژن، ڤەجنقینا وەرگرتنێ.

هەلبەستا دەهێ دڤێ کۆمێ دا، کو ب ناڤێ (رویدانێت فلمەکێ بێ سناریو) یە. ب ڤان رستەیان دەستپێدکەت:

**ل سالا ١٩٨٣**
**کاتژمێر دووی پشتی نیڤا شەڤێ... ل بەغدا**
**ل بەرامبەر وەزارەتا ناڤخۆێ**
**پولیسا ئەز و برادەرەکی کەرکوکی داینە بەر قۆنتاخێن تڤەنگا**
**هزار و ئێک تف کرنە مە**
**چنکو ئەم سەرخوش ببوین و مە ستران ب کوردی د گوتن**
**ئەز و ئێکێ خەلکێ نەجەف و هەڤالەکی صۆمالی و**
**کچەکا بەربەر و برادەرەکی ئەرمەن**
**مە پیلان دانا...**
**فرۆکەکێ ژ فرۆکخانا بەغدا برەڤینینە تەلئەبیب**
**ل دووماهیک قوناغ ئەز نەوێرام**
**ئینا مەسەلە ژ بنی تێک چوو**
**...... ٦٠-٦١**

هەر چەندە ئەڤ دەقـە ژی دکـاریت هەمـبـێـزا هژمـارەک ڤەخویندنان بکەت، وەرگر دکاریت ل سەر کـۆمەک ناڤا راوەسـتـیت (بەغـدا، تەلـئـەبیب، کـەرکـوک، صـۆمـالی، نەجـەفی، کـچـکا بـەربـەری، برادەری ئەرمـەن... هتـد) و هەلبەت دی هەول دەت بزانیت ئەو چ پەیوەندییە، جھ و مـرۆڤـێن هان بهـەڤـرا گـرێددەت، هەروەها ل ڤـێـرێ پرسـیـارەک گـرنگ د هشێ مـرۆڤی دا جهگیر دبیت، بۆ ئەو وەکو مرۆڤەکی کورد ل دووماهیک قۆناغ نەوێرا؟ ڤێ چەندێ چ پەیوەندی هەیە ب دەروونێ مرۆڤەکی کورد ڤە؟ یان ئەو ل ڤێرێ ب تنێ نوینەراتییا خوە دکەت وەکە تاکە کەس، نەک وەک نەتەوە؟!

لێ وەکـە دیار د رسـتـەیێن هان دا، زمـانێ ڤـەگـێـرانێ یێ زالە یان دەسپێک ڤەگێرانا بویەرەکییە، لێ هەلبەستڤان یاخێ دبیت ل سـەر وی شێـوازی و خویندەڤانی رستە بۆ رسـتێ بەر ب رسـتـەیێن هەلبـەسـتێ دبەت، زمـان بەر ب خەستبوونێڤە دچیت، هەتا کو مرۆڤی دئێخیتە هەمبەر چەند رستەیێن هەلبەستێ:

**چاڤێت تە خۆشترین ژۆرە**
**بیرهاتنێت من تێدا د خەو دچن**
**ئەز هەست پێ دکەم**
**هەمی تشت ژ تە دەست پی دکەن و**
**د ناڤ خولیدانکا جگارێت من ب دووماهیک تێن**
**...٦٢**

د هەر رسـتـەیەکێ دا ڤـارێبـوونەک هەیە، ئەو ژی ب رێکا دروسـتـکرنا پەیوەندیەکـا نوی دنێـڤـبـەرا هندەک پەیڤـان دا، کـو بەرییـا هنگی مـرۆڤی هزر ژێ نەدکر، کـو دنێڤبەرا پەیڤێن هان دا دێ پەیوەندیەک دروست بیت. و ل پەی دیدا مە زمانێ هەلبەستێ ئەو زمانە ئەوی دکاریت هەر و هەر پەیوەندییێن نوی دنێڤبەر پەیڤان دا بەرجەستە بکەت. و هەر وەها بکاریت پەیڤی یان هێـــمـــایی ژ رامـــانێن وی یێن فـــەرهەنگی و دووبارەکـــری قـــورتال بکەت، بەر ب رامانەک نوی ببەت، یان کو هەلبەستڤان دوێ گـاڤـی دا دی یێ سـەرکـەفـتی بیت دەمـا هێـمـاییێن کەهی رامانەکا نوی ژێرا ببەخشیت:

**چاڤێت تە خۆشترین ژۆرە**

ئەگـەر شـوکـری گـوتبـا (چاڤـێـت تە کـانی نە، یان ژی چاڤێت تە دەریایەکا پر نەهێنی نە... هتد) دا رستە یێن هان، یێن کەهی و دووبارە کری بن، یان دەما دبێژیت :

**ئەز هەست پێ دکەم**
**هەمی تشت ژ تە دەست پێ دکەن و**
**دناڤ خولیدانکا جگارێت من ب دووماهیک تێن**

رسـتـەیا یێکی و دوویی، وەها دبینم کـو رسـتـەیێن کەهینە، و مە چەند جاران گوھ لێ بوویە، لێ دەما تێتە

رستەیا سێیان، ڤارێبوونەک هونەری جهگیر دبیت، و کۆپلەیا هەلبەستێ بەر ب لوتکێڤە دبەت. چونکە ل ڤێرێ هەلبەستڤانی کار دنێڤ زمانی دا کریە، یان ئەگەر شوکری گوتبا (دناڤ چاڤێن من دا ب دووماهیک تێن) جارەکا دی دا رستەیەکا کەهی و چ وێنەیێن هەلبەستێ د هشێ خویندەڤانی دا دروست نەدبوون، لێ دەمـا ئەوی یاری ب پەیڤان کری، شیا خویندەڤانێ بێخیتە هەمبەر رستەیەکا هەلبەستێ، کو ئەو رستە بکاریت کۆمەک خویندنا هەمبێز بکەت و وێنەیەکی د هشێ وی دا گەلالە بکەت.

**خـولیندانکا جگارا:** ژ رامـانا وێ یا باو و ئاسـایی ڤالا دکەت، ل ڤێرێ خولیدانک، جەڤەنگ سازیەک نوی هەمبێز دکەت، وەکە هێمایەکێ نوی تێتە بکارئینان، وەها لێ دکەت کو پتر ژ چاڤان دەلالاتا بدەت، دکاریت هندەک ئامـاژە و ئیـحـائاتان د هشێ مـرۆڤێ دا بئەفـرینیت، ل بەر چاڤـێت من وەکـو خـویندەڤـان خولیدانک جوان بوو، نها دکارم دەما تەماشەی وی بکەم چێژەکا بێ سنوور ژێ وەربگرم. شەهبازی هەلبەستڤان شیایە تشتەکی کرێت ل بەر چاڤێن مە شیرین و جوان بکەت.

دبیت مـەبەسـتـا وی ئەو بیت، کـو ئەم هەمی بەر ب سوتنێڤە دچین، یان هەمی تشت بەر ب سوتنێڤە و ل دویڤ دا بەر ب سەبەتکا گلێشی و گیفانکان ڤە دچن، یان د هەلبەستێ دا کێرفا رەشبینیێ و جیهانبینیا وی دا هەر و هەر بەر ب بلند بوونێ ڤە دچیت.

لێ ئەم وەکـو خویندەڤان یێن نەچار نینە کـو ب هەمان مـەبەست پێگیـر ببین، ئەز بەروڤـاژی بەری خـوە ددەمێ دبینم کو دەما تێینە سوتن، دێ ژ گونەهان تافیل بین، هەر وەها دبیت مـەبەسـتـا وی ئەو بیت کـو چو هیـڤی و ئومێد دڤی(وەلاتێ پرکارەسات) دا بجهـ ناهێن، گشت جوانی بەر ب کرێتبوونێ ڤـە دچن، یان بێـزار بوونە ل ژیانێ، لێ بەرامبـەر ژی دێ کـارین ب خـویندنەک دن بخـوینین ئەو ژی هەمی تشت بەر ب پاکی و بژینیێ ڤـە دچن چونکە هەلبەستڤانی ڤالاتیەک ددەڤا خوە دا هێلایە ڤەکری داکو ئەمێن خـویندەڤـان ب خویندنێن خـوە پڕ بکەینەڤە.

هەروەها دەما مرۆڤ پتر ل سەر هەلبەستێن شەهبازی رادوەستیت، دێ هایداری دوودلییا هەلبەستڤانی بیت، دوودلیـیا هان ژی یا ئاڤاکـریـیـە ل سـەر ڤـان بنەمـایان (نەبوونا باوەڕیێ، ترس، گـومـان، رەش بینی، کـەرب، یاخی بوون ل سـەر هزرێن زال، پەیوەندیێن قـەیرانکی دنێڤبەرا وی و ئەوی دیدا).

د هەلبەستا وی یا یێکان (قنارە کرن) دا هاتیە:

**دەما چاڤێت تە بووینە رۆژ**
**ئەز بوومە تیرۆژک**
**دەما سینگی تە بوویە دەریا**
**ئەز بوومە پێل**
**دەما کەزیێت تە درێژ بووین**
**بووینە وەریس**
**تە ئەز پێ قنارە کرم..**
**ل.٧**

دیاردکـەت کـو پەیوەندییـا وی دگـەل ئەوی دی، پەیوەندیەک قـەیرانکیـیـە، ل دەسـتـپـێکێ یێ پێگیـر و پابەند ب ئەوێ دیڤە، تا رادەیەکێ ئەوێ دی دبیتە نەژاد و ژێدەر و سـەنتـەر و ئەو یێ رازیـیـە ببـیـتـە تا و دیڤەلانک، و ب ڤێ رازیبوونێ خوە د دەتە نیاسین وەکو پشکەک سروشتی و ئەکتیڤ د پرۆژەیێ ئەوێ دا، دەما گـوهرین د ئەوێ دی دا دروست دبن، ئەو ب شـێوەیەکێ مـیکانیـزمی ب گوهرینێن وی قـایل دبیت، ل ڤێـرێ ژی رەگەزێ سوزی یێ زالە ل سەر رەگەزێ عەقلی.

رۆژ تیروژک ⟵
دەریا پیل ⟵

لێ دەمـا لایەنێ دی، سـەردەست دبیت، یان دەمـا سەنتەر دەسهەلاتێ وەردگریت، پەیوەندیا وی دگەل ئەوێ دی دگەهیتە رادەیا ژناڤبرنێ.

کەزی وەریس قنارەکرن ⟵
جوانی ئامرازێ چەوساندنێ ژناڤبرن ⟵

ل پەی خاندنا مە (وەریس ) وەکە هێمایەکی بهێز تێت و سـەرجەم پیـڤەرێن سادە و جوان و رند ئەوێن د جڤاکێن ساکاردا گەلالە نە تێک د دەت چونکە رەگەزێ بەرژەوەندییان د ڤێ قادێ دا، رۆلەک سەرەکی و کاریگەر دلەیزینیت و تەڤ پیڤەران جارەک دن ل سەر ستراکتورێ

پاراستنا بەرژەوەندییێن دەسهەلاتێ تێنە دارێشتن و ئەڤ ڤەکۆلینێن دیرۆکێ وەها بو دچن کو بەندیخانە و قنارە دگەل دەستهەلاتێ پەیدابووینە و د دگەل وەرارا وی وەرار بخوڤە دیتییە. و ئەو پەیوەندییێن ل سەر رەگەزێ سوزێ ئاڤا دبن یان لسەر لوژیکا هان تێنە برێڤەبرن بەردەوام لایەنەک بچویک و کولەیە بۆلایەنێ دوویان، یان ژی پەیوەندیەک یێکسان دروست نابیت، و ژبەر ڤێ یێکێ ژی پەیوەندییێن ل سەر لوژیکا سوزداریێ تێنە ئاڤاکرن هەمیشە د مەترسییێ دانە و دوودلّیەک کوژەک دناخێ مرۆڤان د جڤاکێن هان دا دلەیزیت.

لەوما د کوپلەیا دوومـاهیکێ دا، پەیوەندییا هەلبەستڤانی بەر بوێرانبوونی ڤە دچیت کو شێوازەک دن بخو ڤەدگریت، ئەو ژ رەخنەگرتنا دەستهەلاتێیە.

ل ڤێرێ ژی هژمارەک پرسیارێن گرنگ د هشێ مرۆڤی دا تێنە ئاراندن، وەرگر دکەڤیتە هوندرێ دوو دلیەکا مەزن و ترسناک دا، پرانییا پرسیارێن هان ل دوور دەسهەلاتێ دزڤرن، چما دەسهەلات و هێز، رەوشت و پەیوەندییێن دنێڤ مرۆڤان دا، دنێڤ کۆمێن جڤاکی یێن جیاواز دا تێکددەن؟ چما دەسهەلات تا رادەیەکا مەزن ژ پەیڤا (نەء) و رەخنی دترسیت؟ چما قناریێ د فەرهەنگا دەسهەلات و کلتوریێ مەدا، ئەڤ بەرهەڤبوونا خوە یا خۆرت و هێزدار هەیە؟

د هەلبەستا (رویدانێت فلمەکێ بێ سیناریودا)، شەهباز دبێژیت:

**تو دزانی تێکهەلکرنا رەنگا**
**نە تشتەکێ ب ساناهییە و**
**تو رەش و سپی ب تنێ دبینی**
**لەومان... هەڤرکی دناڤبەرا من و تە دا بەردەوامە**
**لڤی وەلاتی پڕ کارەسات**
**ل٦٦**

دیسان خویایە کو پەیوەندیێن د نێڤبەرا وی و ئەوی دا، پەیوەندیەک پڕ دوودلی و تنگژیە، هەتا وی ئاستی کو پەیوەندی یا هان کارتێکرنا خوە یا نێگەتیڤ دکەتە سەر پەیوەندییێن وی ب جهی و دەمی و رۆژکاریێ ڤە.

دوودلی و تنگژییا هان تەڤلیبوونا خوە هەیە و هەر دەه هەلبەستێن ڤێ کۆما هەلبەستێ دا.

هەلبەستڤان ئەوێ دی ب رەهایی و یێک لایەنی و سادەیی تاوانبار دکەت، ل پەی دیدا وی، ئەوێ دی نەشێت د جیهانەکا هەمەرەنگ دا بژیت، یان ژی قایل نابیت ب جڤاکەکێ هەمەرەنگ و هەمەدەنگ و پلورال، یان ژی یێ بوویە ئاستەنگ درێکا پێشڤەچوونا جڤاکێ و ئازادییا عەقلی دا:

**سەری من یێ کریە چانتەکێ قفل کری و**
**ب دیواریێ ژیانێ ڤە یێ هەلاویستی**
**ئەزمانێ من یێ گرێدایە و**
**هەمی نهێنی ئەڤە ل دەڤ من**
**ل٦٥-٦٦**

یان دەما دبێژیت :

**ئەڤ بازێرە زیندانەکە و**
**ئەڤ ژورە سندریکا هزرێت منە**
**ل٥١**

ل ڤێرێ (شوکری) یێ رەخنێ ل عەقلێ زال دگریت (نەبوونا ئازادیێ، داگیرکرنا عەقلی، نەبوونا زەلالی یێ) کو ئەڤە ژ ساخلەت و سیماییێن جڤاکێن رەها و گرتینە، لێ شەهباز ب هەمان لوژیک سەردەری یێ دگەل ئەوێ دی دکەت، کارەک رژد و عەقلانی ناکەت ژ بوێ هەلوەشاندنا ئەوێ لوژیکێ ئەوا هزرێن یێک لایەن پرۆژەکتی خوە یێ یەقینی ل سەر ئاڤا کری، لوژیکا هەبوونا هەڤرکییێن بەردەوام دنێڤبەرا دووانییێن ژ یێک جیاواز دا (لەوما هەڤرکی دنێڤ بەرا من و تە دا یا بەردەوامە) بەردەوامی یا هەڤرکییا کە واتە نەبوونا چ پرێن دایالوگ و دان و ستاندنێ، د فەرهەنگا مەدا هەڤرکی ب تنێ یێک رامان هەمبێز دکەت ئەو ژی: یێک ئەوێ دی ژ ناڤ ببەت، نەک یێک ئەوی دی بگەهینتە پەژراندنێ کو بکارن بهەڤرا پرۆژەیەک ڤەکری دارێژن کو گشت جیاوازی پێ بهێنە برێڤەبرن و هەردوو دانپێدانی بهەبوونا هەڤدوو بدەن و گرژی و قەیران دنێڤبەرا وان دا نەمینن و باوەری جهگیر ببیت، چونکە بنەمایێ هەر سەرەکی دئاڤاهییێ جڤاکێن پێشهەل دا باوەرییە.

**ئەز هەست پێدکەم پولیسێت ڤی بازێری**
**یێ ل من دگەرێێن**
**ل ٣٩**

(ترس و نەبوونا باوەریێ) ژ پشت هەر پەیوەندیەکا قەیرانکی هەنە، ل پەی دیدا هەلبەستڤانی، دەسهەلات، داکو دەسهەلاتا خوە بپارێزیت یا ئامادەیە هەمی تشتێن جوان کرێت بکەت، مرۆڤێن بێ گونەهـ بکەتە قوربانی، ئەڤەژی ب درێژاهییا دیروکێ یێک ژ ساخلەتێن دەسهەلاتێ بووینە، و هەتا ئەڤرۆ ژی ل رۆژهەلاتێ ژ ناڤبرنا ئەوی دی یێ جیاواز رەوشتەک رەوا و سروشتییە ل جەم رەئیا گشتی بەربیا دەسهەلاتێ ژی:

**ئەو زەلامی بەری دوو دەقیقا**
**ژ دەرمانخانێ ڤالیوم کرین**
**دناڤ کابینا تەلەفونی دا نڤستی و**
**بەری دوو دەقیقا ل ئیشکێ زڤری**
**ل کولانا بەرامبەر دێرێ هاتیە کوشتن**
**ئەدرێسێ من یێ د بەریکێ دا**
**ل٣٩**

(ل کولانا بەرامبەر دێرێ هاتیە کوشتن) دڤێت بێژیت کو جهێن ئارام و تەنا دڤی وەلاتی دا نینە، دێر وەکو جهەکێ پیرۆز و د پلاتفۆرمێ خوەدا، داخوازا سینگ فرەهی و گیانێ لێبورینێ دکەت، دێر ب خوە یا دمەترسیی دا مینا گشت کتێب و نڤیسین و دەنگێن داخوازا مرۆڤ دوستی و ب هەڤرا ژیانێ و تەباییێ دکەن.

(ئەدرێسێ من یێ د بەریکی دا) کە واتە پەیوەندیەک دنێڤبەرا وی و ئەوی (ل کولانا بەرامبەر دێرێ هاتیە کوشتن)دا هەیە، لڤێرێ ئەو دوو دلی و ترسا دهوندرێ ناخی هەلبەستڤانی دا هەی پتر خورت دبیت. تا دگەهیتە وی رادەی کو ئەو ژ رەنگێت جلگێت ل بەر خوەدا دترسیت. و گومانی ل هەر تشتەکی دکەت، (ژ مرۆڤێ روینشتی ب رەخ وی ڤە، ژ لڤینا دەستا). لێ پێدڤییە جارەک دن بهێتە گوتن کو شەهباز هەر چەندە ل سەر پرسگری و مژارێن گرنگ یێن ڤەگرێدایێ ب پەیوەندی، و مرۆڤان و ئایندە و نها ڤە... هتد د پەیڤیت، و هنەک جاران زمانێ نڤیسنیێ نیزیک دبیت ژ زمانێ گوتارا راپورتێ، لێ د هەمان دەم دا ئەو زمان ب خوە ژی دکاریت خویندنێن سادە رەت بکەتەڤە، چونکە ب شارەزایی هاتینە نڤیسین و ئاراستە کرن، و هەر دنێڤ هەمان تێکست دا، دبینین کو خوە دویر دئێخیت ژ شەپولێن گوتارا راستەوخوە، بەر ب جەڤەنگ سازیێ ڤە دچیت، بەر بقوولاتییا ناخێ تاکە کەسی ڤە دچیت، ب شیوەیەکێ هونەری، بارێ دەروونیێ وان دخوینیت:

**پیرەمێرێ هەیێ برێیت وی سیبەرێ**
**ل مژویلانکا دکەن**
**ب چاڤان د ئاخڤیت**
**پێنا ل سیتافکا خوە ددەت**
**هەکو لەشی خو یێ بێزار دبینیت**
**دبوریا سویێ را بەرێ خو ددەت**
**لێ بەر چاڤێت وی**
**هەیڤ شیشەکا شکەستە ل هنداڤ عەورا**
**ژوردا بەرێ خو ددەت**
**بلنداهی و لغاڤی دەڤێ وی**
**د کەڤنە بەر پێیا**
**ل٣٨**

ل ڤێرێ دیار دبیت کو زمان نە ب تنێ ئامرازەکێ دەربرینێیە، بەلکو ب رێکا زمانی مرۆڤ دێ کاریت کەڤالەکێ جوان و قەشەنگ و پڕ رامان رازینیت، برێکا رستەیا هەلبەستێ دێ کاریت دەربرینەکا هونەری و ستاتیکی ژ هەست و نەستێن خوە بکەت، ل پەی دیدا مە دڤان رستەیان دا، هەر پەیڤەک رەنگەکە و ب فرچێ هونەرمەندەکێ شارەزا تێکهەل بووینە، کو بلێدانا فرچێ دیاهیکێ، کەڤالەک جوان هاتیە بەرهەم ئینان، و ژلایێ ناڤەروکیڤە هەلبەستڤان دیار دکەت کو ئەم یێن ل هەمبەر هندەک گوهرینا و ئەڤ گوهرینە دێ کارتێکرن و باندورا خوە کەن لسەر تەڤایا دید و بوچوون و نێرینێن مە.

هەر چەندە د هەلبەستێن شەهبازی دا، ڤان پەیڤان ( وێسکی، جگارە، خولیدانک، مژ، شەڤ، خەیال، تاری، ئاڤابوون، سیتافک، شیشەیێن شکەستی، ڤالیوم، دویکەل، سەبەتکا گلێشی، لەشێن رویس، پیانو و تەمبوورێن وەستایی... هتد ) تەڤلیبوونا خویا بەردەوام هەیە دنێڤ ئاڤاهیێ هەر دەهـ هەلبەستێن ڤێ کومێ دا، دبیت گەلەک جاران وەها بهێت گوتن کو پەیڤ و هێمایێن هان ریتوالەکێ ئاشوپگەری و بێهودەیی بەرجەستە دکەن، لێ ل پەی ڤەخویندنا مە، ل ڤێرێ یاخیبوون یا زالە ل سەر ئاشوپگەریی و ئاڤاکرن یا زالە لسەر بیهودەیی، ل ڤێرێ هەلبەستڤان یێ ل دویڤ ئازادییا خوە دگەرێت و ئازادی ل جەم وی دبیتە مەرجەک

ژ مەرجێن تەنابوونێ، ب رامانا مرۆڤ و جڤاک تەنا و ئارام نابن ئەگەر ب ئازادی و بێ ترس و دوودلی بهەڤرا نەژین.

د هەلبەستا (مرن) دا هاتییە:

**شەڤ لەشەکێ مراره د چاڤێت من دا**
**ل کوژیی هە**
**تیلەفزیونەکا ترنسستەر سوتی**
**ساکویەکێ خەمگین ب دیواریڤە یێ هەلاویستی**
**شیشەکا وێسکی یا ڤالاو**
**خولیدانکەکا تژی قوپکێت جگارا و**
**چەند پەرکێت رۆژناما**
**با یاریا پی دکەت**
**٥١-٥٠........**

تەڤ پەیڤ د پەڤینەک دوومدار دانە، بهەڤرا تابلویەکا سووریالی دروست دکەن، هەلبەستڤان د حالەتێ دایەلوگەک مەنەلوگی و نێڤخوەیی دایە، داکو شەڤا مرار و تیلەفزیونا ترانسستەر سوتی و ساکویێ خەمگین و ژ کار کەفتی... هتد بپەیڤینیت، داکو نەرازیبوونا خوە ژ ڤێ بێرەنگیی بکەتە کارەک ژ بوی لڤاندنێ، داکو جارەک دن رۆژنامە بهێنە خویندن، خویندن ببیتە پروسیسەکا بەرهەمدار، داکو د نێڤبەرا وی جهی دا ئاشتبوونە ڤە ببیت، یان دەما د هەلبەستا (رویدانێت فلمەکێ بێ سناریو) دا دبێژیت:

**شەڤ هندە د کورتن**
**مرۆڤ ناگەهیت تێر وێسکی یێ ڤەخوتن**
**٦١.....**

د گەردونەکێ هەلبەستی دا، شەهباز سەرەدەریێ دگەل شەڤێ و جگارا و وێسکی یێ وەکو سوفیەک دکەت، وێسکی دبیتە ئامرازەک ژبوی پتر تێرامان و هوشمەندیێ، یا وی دڤێت بێژیت کو شەڤ هند دکورتن مرۆڤ ناگەهیت دگەل خوە بتنێ بمینیت و پتر تێرامانیێ بکەت، پتر چێژێ ژ بێدەنگیێ وەربگریت، خوەیایە دکەلتووریێ مەدا، شەڤ دەمێ بێدەنگی و تاریێ یە و دریتوالەکێ تاری و بێدەنگ مرۆڤ دێ کاریت هویرتر هزران بکەت. شەڤ ل جەم وی بەرجەستەکرنا هاڤیبوونێیە، لێ هاڤیبوونەکا بەرهەمدارە، هویر و هویر گوهدێریا دەنگێن ماندل کری دکەت، دگەل دەنگێن هان پەیمانەکێ دبەستیت، داکو ئەو دەرزا هەی د نێڤبەرا وان و جهی دا، دنێڤ بەرا وان دەمیدا، ب تشتێن جوان و دلڤەکەر مشت بکەنەڤە و ئێدی دگەل دەوروبەری خوە ئاشتبوونەڤەکا گشتی رابگەهینن و باوەرییی دنێڤبەرا واندا ببیتە بناغەکێ موکم کو پەیوەندییێن نوی ل سەر بهێنە ئاڤا کرن، ئەم دبینین کو دتەڤ هەلبەستێن شەهبازی دا بانگەوازیەک وەها هەیە، لێ بانگەوازییا هان یا ڤەشارتییە، دنێڤبەرا رستان و ئەو رستەییێن ل پشت دا هەنە و هاتینە نخافتن. و ب ڤەشارتن و نخافتنا حەز و خواستان، قوولاتیەک ئیستاتیکی و راماندار ژێرا بەخش دکەت.

بتنێ مایە بێژم، ئەگەر مە بڤێت ل سەر دیاردێن نوی د هەلبەستا کوردی دا بنڤیسین، پێدڤییە ل سەر هەلبەستێن شوکری شەهبازی راوەستین، و مە د ڤەخویندنێن خوە دا دیت، کو وێنێ هەلبەستێ د هەر رستەیەکی دا سەربەخوە یا خوە هەیە، یان هەلبەست خوەدێ وێنەیەکێ سەنتەری نینە، چونکە د هەلبەستا کوردی دا یا زال ئەوە کو وێنەیەکی هەلبەستێ هەبیت ب درێژەهییا هەلبەستێ و تەڤ وێنە و رستەییێن دی ل دوور وی وێنەی دزڤرن، لێ دکارم بێژم کو شوکری هەولْ دایە مرنا وێنێ سەنتەری ئاشکرا بکەت و ل جیاتی وی وێنەی، رستەیا هەلبەستێ دروست بکەت و ل پەی دیدا مە ئەڤە ژی دیاردەک نوییە د هەلبەستا کوردی دا، نەمازە ئەو هەلبەستا ب زارێ کرمانجی یا ژووری دهێتە نڤیسین، و ئەز باوەرم کو ڤی دیاردێ پێدڤییە پتر ل سەر باخڤین، چونکە هەبوونا وێنی سەنتەری و ڤەرەڤینا وی یا ڤەگرێدای و هەڤبەندە ب سیستەمێ هزرکرنێ ڤە.

**مارس/ ٢٠٠٦**

# ئەزموونم لەنێوان ڕۆمان و شێوەکاریدا

له ڕۆمـانی «ئەژدەر»دا دەبێـژم: «له بنارەوە بڕوانیـتـه سـەر کـلاوەی قـەندیل؛ دیمەنێکی دڵدوێن و سامناکـه. دەی: یەک، دوو، ئەکـــشـن Action، چوویتـــه ناو چوارچێوەی کەڤاڵەکەو.. تاد»

نووسین وێناندنه، وێنەش ئەلفـوبێـیـەکی ئەوتۆیه، کـه بەزۆری له زمـــانی دەگـــەین. «ئەوەتا.. چاوی ناخـم ئاوێنەیەکی جیـوەیی دەبینێ. زەردەپەڕی ئێـوارەکـه، قژی زێڕینی لەبەر شـانه دەکـا. ئاسـمـانی خـۆڵەمـێـشی و.. دەریاچەی زیوین له ژووان دان و.. ئێـوارەکـه، له چاوی ناخـمـدا دەبێـتـه زەردێنەی هێـک، جـاران دایکم، لەناو کـاسـەیەکی لاجـێـوەردیدا هێلکەی بۆ دادەنام» ئاسـۆ، پۆپەشمینێکی ڕەنگینی ڕاخراوی ناو ڕەشماڵی ڕەوەندان بوو.

پەڵەی پرتەقـــاڵی و گـــوڵگوون، دەزوولەی زیـوین، ڕەشبەڵەک بوو، زەماوەندی ڕەنگ!! پیـاح.. پیاح! وای لەو جوانییه، یان که دێمه سەر ئەو لاوە دلێرەی، که له چوار ڕێیـانی «ئەحـمەد ئاغا»ی زێدم باوە گوڕگـوڕدا؛ له سـێــداره درا: «پێـــلاوە ســـەوزو زەردو ســـووره «ADIDAS»ەکـەی، دارمـاڵی خـوێنی ئارگـۆنی و گوڵهەناری بوو، پێلاوەکەی «ڤانکۆخ»ی وەبیر هێنام و.. ئاواتم بۆ شـێـوەکـارێکی به جەرگ و کـارامـه خـواست بۆ ئەوەی پێلاوە بێنازەکانی بکردایەته کەڤاڵێک.»

هێـڵی چەمـاوە جـوانتـره له هێـڵی ڕاست و ئەویش جوانتره له خـاڵی ڕاوەسـتـاو. بابەتەکه به جـموجـووڵەوە پەیوەســـتـــه؛ چونـکه جـــوولانەوە، (زەمــــەن) و هەم «جوانی»یەو.. هێڵ، پێکهاتەی هەزاران خاڵەو.. ئێـمـەش له شـێـوەی ئەو خـالانه دەبزوێین.. ڕادەپەڕین و جـوانی و ڕاسـتـینه دەدەرێنین. جوولانەوە، ئاوسـبـوونەو گۆڕان.. وەسـتـانیش نەزۆکی و چەقبەستنه له خـاڵێکی گێلدا.

---

عەبدوڵلا سەڕاج
(فیللاند)

وشە، نەفلـچەی دیوارو.. نە زورناو.. نە کـەوچکی مــاســتـــاوە. وشــە، ڕەنـگ و هێــڵاندن و ڕامــانە لە پەرستگەی جـوانکاریدا. دەنووسم وەکـو ئەوەی بۆ خـۆم بنووسم و.. تۆش بڕەنگێنە، بهێـڵێنە، چونکە جەستەی نووسین و ڕۆحی ئەفراندن، دەربڕین نییـە و بەس؛ بەڵکو هزراندن و بیرکردنەوەشە. کەڤاڵ کێشانە بۆ ئیستێتیکای ڕەزمی حـەرف و.. لەنجـەی وشـەو.. ڕیتم و زەمـاوەندی دەسـتەواژە و.. ئاهەنگی ڕسـتەکـان. ملم بە ئەزمـوونەوە ناوە، هەرچەندەش چێـــژدار و دژواریشـــــە. پێنووس، سـەرکـێشـە. پەڕەمـووچ ئەسـپـە کـێـوییـەو.. بۆ هەر ڕاگـوزەرێک ڕامنابێ.. نا.. نەزان دەگلێنێ و ناسـواریش نوغـرۆی خـەرەند دەکـا؛ چونکە سێ سـووچکەی ڕەنگ و پەیڤ و هێڵ، هاوتەریبی: هەڵبژاردن و.. هەڵوێست و.. بڕیاردانە.

قەڵەم بنووسە، دەی، بەر لەوەی بخرێمە بەر خوێندن، خــولیـــای نیگـاراندن بـووم و.. بەتەنیـــا قـــەڵەمــە «قـۆپی»ییـەکـەی باوکـمم شک دەبرد، لە دەوم دەناو.. لەسەر کـاغـەزی شەکـرە قەند پێـچاندا، ڕەسمی سەیر و سـەمـەرەم دەکـێـشـا: ئەسـتـێـرە، پەپوولە، کـۆتر، گـوڵ و پەڕەسـێلکە و تاد. زمـان و لێـو و لیکاوم مـۆر مـۆر دەبوون.

بـاوکـم هـانـی دەدام و دایـکـم تـووڕە و تـۆسـن دەبـوو، بەتایبەتی کـە لە «خـەنە»ی قـژە سـەریم دەدزی و دیوار و دەرگـاکانم پێدەنەخشـاند. تیـتکە سـەرمی دەڕنییـەوە.. چش، خۆ خـەنەبەندانی خۆم گێڕا بوو. قـەڵس وبێزاریش دەبوو، کـە دەیدی بە مـیـزەکـەشم، بەخـۆ لەنگاندنەوە، بازنەو خـەتخـەتۆکی دەکەم. لە قـوتابخـانەی سەرەتاییـدا قەڵەمی ڕەنگ و «مەلاخەنە»کەم ناسین و ئاژەڵ و مێوە و ئۆتـۆمـــبـــیـل و بـووکم دروست دەکـــرد و لە قـــوڕە سـەوزباوەکـەشی شـتـی دیکەی وەکـو کـەوو بۆڵەترێ لە ناوەندی و ئامـادەییـدا پرۆفـایلی «لەنین»م بە ئاوی پیـاز دەکێشاو.. لەگەڵ «محمود العبيدي»ی مامۆستامدا و لە تەک (لیۆن)ی ئەرمەنیدا ڕوومـان دەکـردە «چوار باخ» و «کۆشکلی» و «قەڵا».

مـامۆستام بەزەیت و هاوڕێیەکەم بە پاستیل و ڕەژوو، ئەز بە ڕەنگی ئاوی، شانە نشـینەکـانی قـەڵا، تەکـیـەی تاڵەبانی و مـــینارە لارەکـەی، باخــچــەی چوارباخ و گۆڕستانی شێمحێدین، شوێنەواری ئاسیاوە سوورکە، هێڵی شەمەندەر و گۆلاوەکان، کۆشکی قازی و تاڤگە و بنجە ژاڵە سپییەکان و کتێبخانەی گشتی و مەڕمەڕ و سـتـوونەکـانی و زۆر دیمەنی دیکەمـان دەکـێشـا. ئەوانە بوونە هەوێنی ئەزمـوونی چیـرۆک و پاشان ڕۆمـانمەکـانم. دووسـاڵ مـامـۆسـتـای هونەر بووم لە ناوەندیی ئیـمـام قـاسـمدا. لەسـەرەتای پەنجاکـاندا، لە دەسـتی «ڕەشـیـد نەجیب»ی موتەسەڕیفی ئەو سەردەمە، میـدالی دووەمی زیوینم لەســەر پۆرترێتی «غــاندی» وەرگـرت، کـە بە مەرەکەبی چینی کێشابووم. لە پاش دەیان ساڵ زانیم، کە ئەو زاتە یەکـێک بووە لە سـەر ئامـەدانی نۆژەنکردنەوەی شـیـعـری کـوردی لە پاڵ «شـێخ نووری شـێخ سـاڵح» و «گۆران»دا. بە کوردی چرپاندییە گوێم: «کوردی؟» سەری بەڵێنم بۆ ڕاوەشاند و ئافەرینی لێکردم.

لە سـەرەتای سـاڵانی پەنجـاکـاندا بە زمـانـی عـارەبی نووسـینی شـێـوەکـاریم لە بڵاوکـراوەی (بەندیوار)ی تاکـە دواناوەندی شـاری کـەرکـووکـدا بڵاوکـردۆتەوە و جـێگری سەرۆکی هونەری بووم.

لە گـۆڤـاری (شـەفـەق)دا دوونووسـینم هەیە بە عـارەبی لەمەڕ هونەرەوە.

لە مــاوەیەکی ناســۆری درێژ و پاندا لە نیگار دوور کەوتمەوە. جیهانی چیرۆک و ڕۆمان، ئامێزی دەهەندەییان بۆ واڵا کـردم. پێنج کـۆ چیـرۆک، حـەفت ڕۆمـان و دوو کتێبی تیۆری لەمەڕ:

«با لە هونەر بگەین» لە ١٩٧٣- ١٩٧٤داو «بەرەو ئاسـتـــانەی ڕۆمــان و گـۆشـەنیگاکـانم» لە سـاڵانی نەوەدەکاندا نووسیون. هێشتا چاویان نەپشکووتووە.

لە تارمـــایی ئاوارەییـــدا، زامی کـــۆنم کـــولایەوە و هەمـدیسان پەنام بردەوە بەر ڕووگەی شـێوەکـاری و چوار پیشانگام سازاند.

ڕۆژنامـەکـانی فنلاندی وەک: ئامــولێـهـتی -Aa mulehti و هێلسنکی سـانومات -Helsinki San umat و هێــرڤــانتـــا Hevanta بـــە چـــاکـــی هەڵیـانسـەنگاندن. ئەز، هەرگـیـز خـۆم بە (ڕسـتـام) نەزانیوە.

تەنیا کاتی بەتاڵی و دێوەزمەی غوربەتم پێتاراندووە. هەم فریشتە و وێستگەی پشوودان و ساباتی ڕۆحم بووە لە نێوان ژانگرتنی ڕۆمانەکانمدا و.. هیچی تر. خۆ ئەگەر بەلاتانەوە باش بێت، ئەوە دەبێتـە مایەی کەیفسازی و هاندانم.

نووسین و شـێـوەکـاری تەواوکـەری یەکـدینە و هەرگـیـز پایە و.. مـایە و.. سـایە بەرهەمـی بەندەیان، لە هەردوو زمانەکەدا، ڕام نەکردووە، نا، هیچ پەرژێنێک بەدی ناکەم لەنێــوان: پەیڤ و.. ڕەنگدا، لەنێــوان: کــەڤــاڵ و.. ڕۆماندا، ئەز، ئەوەم کە دەمبینن و.. دەمخوێننەوە، چوون سـۆلاڤـێکی بەگـوڕم، چوون چاوی قـرژنگ و لێـچـووی «زێ» و «خـڕی خـاسـە» و «بەسـتـۆڕە» و «سـیـروان» و «ئاوە سپی» و «تانجەرۆ» دەڕەوتێم..

ئەگـــەر «في البدء كان الكلمة» ئەز دەبێـــژم: بەر لەویش، جـــوانی و.. ڕەنگ و.. هێڵ هەبوونە، «کلۆد سـیـمـۆن»ی ڕۆمـانووسی فـەرەنسی، خەڵاتی «نۆبل»ی لەسـەر دەس لە ملکردنی ڕۆمان و شـێـوەکاری وەرگرت؛ کەچی لەلای ئێمەدا، لەم بارەوە، ڕەخنە گاگۆڵە دەکات. ئۆباڵی لە ئەستۆی کێدایە؟

# «دزی» یان «دەقئاوێزانی»؟

**زانا خەلیل**
**(ئەڵمانیا)**

لە ٢٠٠٦/٣/٧دا، ڕۆمـــــانـنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی و نووسەری ڕۆمانی «شفرەی داڤنشی- دان براون» بە سکاڵانامـــەیەکی هەردوو مـــێـــژوونووسی ئینگلیـــزی «ریچـــارد لی و مـــایکل بایکینت» درایەوە دادگا، بە تۆمەتی دزینی چەند بەشێکی هەردوو کتێبی «جامی پیرۆز و خوێنی پیرۆز».

دیارە کە «دزی» لە تێکستی ئەدەبیدا لە هەموو دنیادا لە مێژە مشتومڕ و دیالۆگ و شەڕی لەسەر دەکرێ، بێگومان ئەدەبی کوردی و تێکستی کوردیش لەو حاڵەتە دابڕاو نییە، بە دەیان جار لێرە و لەوێ کەسانێکی داهێنەر و خوێنەری جددی ئەو تۆمەتەیان دراوەتە پاڵ، کە پێم وایە لێرەدا پێویست بە نموونە هێنانەوەیان ناکات.

من دەمـــەوێ بەر لەوەی لەو نـووســـینەدا باس لە مەبەستی سەرەکیم بکەم، هەوڵی ئەوە بدەم پێناسەیەکی ئینندیڤدوێلانەی خۆم بکەم بۆ دەقنووسی جددی و نووسین لە چەند ڕوویەکەوە.

### تێکست نووسی داهێنەر کێیە؟

کـەسـێکی دانەبڕاوە لە هەمـوو ئەو شـتـانەی کـە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن، دەخوێنێتەوە و دەخوێنێتەوە و دەخوێنێتەوە، تا ئاستێ کە هەموو ئەو شتە جوانانەی لەگەڵ ڕۆحیدا یەکانگیر دەبن، لەنێو یادگەی خۆیدا دەیتوێنێتەوە، جا ئەوە بە ئاگایی بێ یان لە نائاگاییەوە.. زاکیرەی داهێنەر مەملەکەتێکی ئیستێتیکی بێ ئاسمان و سنوور و یاسا و خودایە، بەبێ جیاوازی ناسیونالیزمی و ئایینی و ئایدیۆلۆژی و..تاد ڕێگا بە هەمـــــوو تێکستێکی جوانی گەردوونی دەدا کە بێ برس و بێ ترس ڕووی لێبکەن. کەواتە زاکیرەی کەسی داهێنەر،

مالّی هەموو ئەو تێکستانەیە کە ڕۆحی داهێنەرەکان تێیدا کۆدەبنەوە، بۆیە لە کاتی ئەفراندنی تێکستێکی داهێنەرانە بێ پرس لەنێو تێکستی «منی دەقنووس و خوێنەر» ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەی تێکست نووس چ پێوەندییەکی بە دەقئاوێزانیدا هەیە؟

دەقنووسین پرۆسەی ڕەنێوهانینی خوێندنەوەکانی ڕۆح و ئاوەز و هەستێکی ئیندیڤدوێلانەیە. واتە: دەقنووس بەر لە هەر شتێ هەوڵدەدا ڕۆحی خۆی و هەموو ئەو دیاردە و ڕووداو و فەنتازیا و ڕوونەداو و خەون و خەم و بەدبەختی و بەختەوەریانە بنووسێتەوە کە پێوەندییان بە ڕۆحی منی دەقنووسەوە هەیە، کەوابێ کەسی تێکست نووس خۆی دەنووسێتەوە، خوێندنەوە و جیهانبینییەکانی خودی خۆی دەنووسێتەوە.

تێرامان و کۆنستراتسیۆنی «منی دەقنووس» و نووسینەوەی جیهانبینییەکانی، دەکەوێتە نێو پرۆسەیەک پێی دەڵێن: «پرۆسەی نووسین».. بێگومان «تێکست نووس» کە لەنێو ئەو پرۆسە خولّقاندن و ئافەریدەکردنە کاردەکا، ئەوا «ئەو» لەنێو کۆمەڵێک لایەن و لەنێو کۆمەڵێک دنیای جیاجیادا ئیش دەکات.

ئەوکاتەی تۆ لەنێو پرۆسەی نووسین دای، کار لەنێو زاکیرە و ئێستا و فەنتازیا و خەون و داهاتوو و مۆرفۆلۆژیا و زمان بەگشتی و ئێستێتیک و هەموو شتەکانی تردا دەکەی. ئەو بەشە کارکردنەی نێو پرۆسەی نووسین کە پێوەندی بە یادگەوە هەیە، بەو تێکستە ئێستێتیکیانەش پەیوەستە بەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێکی یادگەی نووسەریان داگیرکردووە و چێژێکی هەمیشەییان پێی بەخشیوە، بۆیە هیچ «دەقنووسێکی خوێنەر» نییە لەو دنیایەدا کە لەنێو پرۆسەی تێکست نووسیندا تووشی دەقئاوێزانی و سوود وەرگرتن نەبێ «ئینجا زۆر یان کەم، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لە ئاگایی، یان بێئاگاییدا.»

هەموو دەقنووسێکی نەخوێندەواریش بەبێ ئاگایی تووشی حاڵەتێک دێن، کە نازانن چییە و لە کوێ هاتووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە خۆیان بە خۆرسکی دەنووسنەوە و ئەو خۆرسکییەش هەندێ جار تەواو لەگەڵ ڕەوتێکی فیکری و فەلسەفی و مەعریفی گەورەی داهێنەرانی دنیادا دەگونجێ.. ئەوان بەبێ ئاگایی کار لەنێو گوتراودا دەکەن، کەوابێ گەیشتینە ڕستەیەک کە دەڵێ:

«دەقی بێ دەقئاوێزانی لە وجوددا بوونی نییە، جا بە ئاگایی بێ، یان بە نائاگایی».. ئەو ڕستەیە دەکەمە دەستپێکێک بۆ چوونە ناو ئەو تێمەیەی کە لە سەرەتاوە دەمویست باسی بکەم، واتە دزی و دەقئاوێزانی لە ڕوانگەی من دوایەمین گوتاری دوو شاعیر و نووسەری کوردە.

گۆڤاری «ڕامان»ی پرۆفیشناڵ لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری لە ژمارە (١٠٦)دا دوو گوتاری بڵاوکردۆتەوە کە دەکرێ بە ژمارەی بۆچوونی ترسناک و تایبەتی و پڕ لە بوێری دوو نووسەری کوردی ناوزەدی بکەین، دەکرێ بە بەشێک لە بۆچوونی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی باسی لێوە بکەین..

گوتاری یەکەم «شاری مۆسیقارە سپییەکان و شالیسێک لە ئاگر»ی «هاشم سەڕاج» و هی دووەمیش «یەکەمین کتێبی خۆم چۆن نووسی و بڵاوکردەوە؟ «ماڵئاوا وڵاتەکەم»ی. د. فەرهاد پیربالە.

لە بنەڕەتدا ئەو دوو وتارە بۆ مەبەستی جیاواز نووسراون، یەکەمیان خوێندنەوەیەکی قووڵی ئێستێتیکی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان»ی «بەختیار عەلی»ە و دووەمیشیان نووسینێکی بوێرانەی نوێیە، باس لە ئەزموونی خۆی و چۆنیەتی نووسین و بەرهەمهێنانی یەکەمین کتێبی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی لای من جێگای هەڵوەستە و ڕامان و لێ قووڵبوونەوە و سەرنجە ئەوەیە کە لە چەند پەرەگراف و ڕستەیەکی هەردوو گوتارەکەدا باس لە «دزی» و «دەقئاوێزانی» دەکرێ.

لەوەش سەیر و نامۆتر لە چەند ڕستەیەکی هەردوو گوتارەکەدا هێندە بە بوێری و لە خۆبوردییەوە بۆچوونی ترسناک و جێگای پرسیار و دیالۆگ لەسەر کردن دەدرێ کە من وەک خوێنەرێک تا ئێستا «بە گوێرەی چوارچێوەی خوێندنەوەکانی خۆم» بەو شێوەیە لەنێو ئەدەبی کوردیدا نەمدیوە!

هاشم سەڕاج لە گوتاری «شاری مۆسیقارە سپیەکان و شالیسێک لە ئاگر»دا دەڵێ: «بەر لەوەی ڕووە و جیهانی دەقئاوێزانی هەنگاو بهاوێژم حەزدەکەم لە تەهی دڵ و دەروونەوە ڕازێ بدرکێنم و بڵێم «سەرپاکی داهێنەرە وەهم و ئێستێتیک نووسەکانی سەر ڕووی ئەم سەرزەمینە -دزن-» ، بەڵام دزییەک تێکەڵ و ئاوێتە بە ئەڤین و نەشئە و جوانی، سۆفی و سەرمەستانی ئەهلی دڵ کە بەردەوام لە کونج و کولبە و خەڵوە و ژیاندا سەرقاڵی ڕامان و موتاڵان، بەبێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت ئیکسیری پاژ و ڕەحیقی مۆناد و نەشئە و ئیشراقییەکانی ئەوی دی دەدزن...تاد».

زەقکردن و ڕەونەقدانە وشەی (دزی) لێرەدا، هەوڵدانێکە بۆچوونە نێو جەوهەری تێمەیەکی تر کە پێی دەڵێن: دەقئاوێزانی.. کاک هاشم سەڕاج بۆ ئەوەی

سەرنجی وەرگرێک بە کێش بکا و ڕایکێشێتە نێو دنیای دەقئاوێزانی، وشەی دزی بە درەوشاوەیی نیشان داوە.. ئەگەر بە وردی لەو پەرەگرافەی سەرەوە ڕامێنین، دەبینین داهێنەرەکان دزن، نەک نووسەرێکی نەخوێندەوار. داهێنەر واتە: ڕۆحێکی بەهرەدار و کەسێکی خوێنەری بەردەوام.. واتە: کەسێکی بەهرەوەر و ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیر و ئاگادار و دانەبڕاو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو پەرەگرافە لە جۆری دزییەکە تێبگەین دەبێ هەمدیس نموونەکەی سەرەوە بهێنینەوە و بڵێین: «دزییەک ئاوێتە بە ئەڤین و نەشئە و جوانی» «سۆفی» «بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ» واتە: کەسێک یا ڕۆحێک کە دەرئەنجامی عیشق ئاوێتەی ڕۆحی ئەوی تر دەبێ، واتە عاشقێک کە ئاوێتەی ڕۆحی گەردوون دەبێ، دەبێتە بەشێک لە ڕۆحی جیهان و ڕۆحی جیهانیش دەبێت بە بەشێک لە ڕۆحی ئەو، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وشەی دزی لێرەدا ئەو سێ حەرفە نییە کە هەڵگری واتایەک بێ بە مانای «شت بردن لە یەکێکی تر بەناحەق» ، بەڵکو وشەی دزی چەند مەدلوولێکی تری هەیە کە ئەوانیش بریتین لە، ئاوێتە بوون، ئەڤینی تۆ بۆ یەکێکی تر، لێک نزیکی ڕۆحی تۆ بە یەکێکی تر، هاوجیهانبینی، لێک نزیکی هزر و هاوشێوازی بۆ گوزارشت کردن و...تاد.

ئەگەر لەو پەرەگرافەدا هێشتا سەرقاڵی گەڕان بین، وشەیەکی تر دەبینینەوە کە هەمدیس چەمکی وشەی دزی بەتاڵ دەکات و دەیخاتە حاڵەتێکی تر کە ئەویش وشەی «بەبێ ئاگاییە» . بۆچی بەبێ ئاگایی وشەی دزی وەردەچەرخێنێ بۆ دەقئاوێزانی؟ زۆرجار کە نووسین و پرۆسەی نووسین دەکەوێتە نێو حاڵەتێکی عەقلانی ڕووت و خاڵی لە نائاگاییەوە، پڕۆژە دۆستی و بەرنامەداڕێژی باڵادەست دەبن، خۆ لەو کاتەیش کە «تێکست نووسین» پشت بە پرۆگرام داڕێژییەکی عەقلانی ڕووت دەبەستێ، سوود وەرگرتن لە تێکستانی تر شێوە و فۆرمێکی کۆپیکراو وەردەگرێ.. هەموو کۆپی کردنێکیش نووسینەوەی ڕۆحی خۆت نابێ، بەڵکو دەکەوێتە بۆتەی نووسینەوەی ڕۆحی یەکێکی تر و ئەوکاتە دەبێتە تێکستێکی دزراو، وشەی دزین لێرەدا دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و هەمان مەدلوولی ڕاستەقینەی خۆی دەدات.

کەوابێ دزین لە تێکستدا بریتییە لە کۆپی کردنی تێکستێکی تر، دەقئاوێزانیش واتە: سوود وەرگرتن لە تەواوی ئەو تێکستانەی کە لەگەڵ ڕۆحی تێکست نووسێک ئاوێتە دەبن و سەر لە نۆژەن داڕشتنەوەی بەشێوەیەک کە بۆن و تام و ڕەنگی ڕۆحی خۆی لێبێ..

د. فەرهاد پیرباڵ لە وتاری («یەکەمین کتێبی خۆم چۆن نووسی»دا دەڵێ: من حەز دەکەم هەمیشە بە ڕاستگۆیی و شانازییەوە باسی دزییەکانی خۆم بکەم! بەڵێ من ئەمەی خۆمم لەوەی جەلیل ئەلقیسی دزیوە، بەڵام دە بڕۆن هەردووکیان بەراورد بکەن و بزانن عەرد و عاسمانیان فەرق نییە؟ بزانن ئەوەی من شیلاوی ڕۆحی خۆم و وێنەی دەقاودەقی چەهرەی من نییە؟»

لێرەدا هەمدیس وشەی (دزی) ئەو مانایە نادات کە ئێمە لەگەڵی گەورە بووینە و پێی ڕاهاتووین، لێرە مەدلوول و چەمکی ڕاستەقینەی وشەی دزی «سوود وەرگرتنە» ..

بەبۆچوونی من دەبێ ئەو وشانە هەریەکە و پێناسی تایبەتی خۆی لە فەرهەنگی ئەدەبی کوردیدا بۆ بکرێ، بە گوێرەی ئەو پەرەگرافانەی سەرەوە، وشەی دزی لای سەراج بە مانای تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون و تێکهەڵکێشی و دەقئاوێزانی دێت و لای د. فەرهادیش بە مانای سوود وەرگرتن دێ. من پێم وایە ئەگەر زۆر لەو وشانە وردبینەوە و پێناسەی خۆیان پێ بدەین کە لە ڕووی ئەدەبییەوە هەمان مانایان نییە، ڕەنگە دراوسێیەتییەکی باش لە نێوانی سوود وەرگرتن و دەقئاوێزانیدا هەبێ، بەڵام هەمان چەمکی تەواو وەک یەکیان نییە! بێگومان هەموو وشەکانی دزی و دەقئاوێزانی و سوود وەرگرتنیش کە تێکەڵ دەبن لەگەڵ یەکتری و جیاناکرێنەوە و هەمان چەمکیان هەیە، ئاوێتە بوونێکی نالۆژیکیە..

د. فەرهاد دەڵێ: «لە سەرەتای ئەو چیرۆکەدا من ڕاستەوخۆ، بەناوی یان لەسەر زمانی پاڵەوانە کوژراو- شەهیدەکەمەوە، قسە لەگەڵ خوێنەر دەکەم، بە بیرمە ئەم تەکنیکەشم لە چیرۆکێکی ئیدگار ئالان پۆوە دزیبوو» .

پێم وایە لێرەدا وشەی «دزیبوو» مانای «سوود وەرگرتن»ە.. واتە: بۆ تەکنیکی ئەو چیرۆکەم سوودم لە تەکنیکی چیرۆکێکی ئیدگار ئالان پۆوە وەرگرتبوو..

لە کۆتاییدا من لەو نووسینە کورتەمدا سەبارەت بە تێمەیەکی وا قووڵ و پڕ لە کێشمە کێشم و دوور و درێژە مەبەستمە بە کورتی بڵێم: ئەو دوو نووسینەی بەڕێزان د. فەرهاد پیربال و کاک هاشم سەڕاج سەرەتایەکی بەهێزن بۆ هێنانە کایەوەی دیالۆگێکی گەرم، سەبارەت بە تێمە گرانەکانی ئەدەب لەلایەک و هەوڵێکی جددی و بەهێز و بوێریشە لە نووسەرانمانەوە بۆ ئەوەی بۆچوونی تایبەتی خۆیان لە بوارەکانی ئەدەب هەبێ، چونکە من پێم وایە ئێمەیش دەبێ قسەمان هەبێ، نەک هەمیشە وەک «تووتییەک بە ناخۆشحاڵییەوە قسەی کەسانی تر دووبارە و سەدبارە بکەینەوە» .

# ئایدیۆلۆژی ئەدەبی مۆدێرن

**گیورگ لوکاچ**
**له فارسییەوە: فەرەیدون بێوار**

گـرنگی «ڕۆبێـرت مـوزیل» لەوەدایە کـە لە ئامـاژە ناوەکییەکانی شێوازی کارەکەی بە تەواوەتی ئاگاداربوو. سەبارەت بە پاڵەوانەکەی خۆی «ئۆلێریش» گوتی: «ئەو ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی سادەیە: یان هاوڕەنگی کۆمەڵ بێت (کـاتێک لە ناوشـاری ڕۆم هەروەک ڕۆمـیـیـەک هەڵسوکەوت بکە) یان تووشی تێکچوونی زەینی بێت». مـوزیل لێـرەدا پرسی سـەرەکی ئەدەبی مـۆدێرن، خـەسـار ناسی دەروونی دەخاتە ڕوو.

سـەرەتا ئەم بابەتە لە سـەردەمی ناتورالیـزمـدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ کەوتە بەرباس. زێتر لە پەنجا ساڵ بەر لە ئێسـتا «ئالفێـرد کێر» ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەدەبی شانۆیی بەرلین نووسی: «نەخۆشێتی بە دروستی، شیعری ناتورالیـزمـە. لە ژیانی ڕۆژانەی ئێـمـەدا چ شـتـێک شـاعـیـرانەیە؟ تێکچـوونی زەینی، ڕاکـردن لە ڕەوتی ئاسایی ژیان کەمایەی بێزارییە. تەنیا لەم ڕێگەیەوە کە دەتوانین بە ڕاگرتنی فەزای ڕاستەقینە، کەسێتی بۆ سەر زەوی دانسقەتر ڕاگوێزین».

لێـرەدا ئەم تێگەیشـتنە جێی سـەرنجە کە پێـویسـتـی نەخـۆشـێـتی لە چۆنیـەتی بێـزاری کـەری ژیانی نێـو سیـسـتـەمی سـەرمایەداری سـەرچاوە دەگـرێ. بڕوام وایە (دیسـانەوە لەم خاڵە دەدوێین) کـە لە نووسینی مۆدێرندا لە ناتورالیـزمـەوە بۆ مـۆدیرنیـزمـەی) ئەمـڕۆکـەمـان بەردەوامییەک هەیە، بەردەوامیەکی سنووردار، بەتایبەتی بە شێـوازی بنەڕەتی ئایدیالۆژی. شتێک کە لەسەرەتاوە پێشـبینی دەکرا کە کـارەساتێک ئەگەری هەیە بقەومێ،

دوای ساڵی ١٩١٤ بەکارو پیشەی زەینی گشتگیر گەشەی سەند.

من پێموایە کە ڕۆڵی خەسارناسی دەروونی یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەو بەردەوامییە. لە هەر سەردەمێک- هاوشێوەی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی باو- خەسارناسی کۆمەڵایەتی، بەشێوەی جیاواز و نوێ بایەخ و ڕۆڵی هونەری پێدرا.

دەربڕینەکەی «کێر» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە ناتورالیزمدا هۆگری بۆ خەسارناسی دەروونی لە پێویستی جوانی ناسانەوە سەرچاوە دەگرێ؛ ئەمە هەوڵێک بوو بۆ ڕاکردن لە بێزارییەکانی ژیانی سیستەمی سەرمایەداری زاڵ.

گوتەی موزیل ئەمە دەردەخات کە چەند ساڵ دواتر ناکۆکی بوو بە لایەنی ئەخلاقی. ڕاڕایی نەخۆشێتی ئیتر ڕۆڵە جوانکارییەکەی لە کیس دا، بوو بە ڕاستەقینە و گۆڕا بۆ نارەزایی ئەخلاقی دژی سیستەمی سەرمایەداری.

لەبەرهەمەکانی موزیل و زۆریەک لە نووسەرانی مۆدێرنیستدا خەسارناسی دەروونی بووە پەیامی کۆتایی هونەری ئەوان، بەڵام لە مەبەستی ئەواندا کێشەی زاتی دوو لانیە هەیە کە لە بنەمای ئایدیالۆژییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکەم، نەبوونی وەسفە نارەزاییەک کە لە ڕێگەی ئەم ڕاکردنەوە بە خەسارناسی دەروونی نیشان درا و بزاڤێکی ئەبستراکتە. ڕەتکردنەوەی واقیعییەت تێیدا گشتی و کورتە و خاوەنی هیچ ڕەخنەیەکی دیاریکراو نییە. پاشان ئەوەی کە ئەم بزاڤە لە ڕووی چارەنووسەوە بە ئاکامێک ناگات؛ هەنگاو نانێکە بەرەو هیچ شتێک. لەو ڕووەوە هەڵگرانی ئەو ئایدیالۆژییە لەو فکرەدا کە وەها نارەزاییەک دەیتوانی لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا بەسوودبێت بەهەڵەدا دەچن. لە هەر نارەزاییەکی دژی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تایبەت، ئەوە خودی هەلومەرجەکە دەبێ ببێتە بابەتی سەرەکی. نارەزایی بۆرژوازی دژی کۆمەڵگە فیودالی، نارەزایی پرۆلیتاری دژی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، خاڵی دەسپێکی بزاڤی ئەوانی لە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی کۆن داناو، لەو دوانەدا نارەزایی، سەروتر لە خواست و مەبەستەوەیە؛ واتا بنیاتنراو لەسەر مەبەستی کۆتایی دیاریکراو؛ واتا جێگیرکردنی سیستەمی نوێ، ئەگەرچی پێکهات و ناوەرۆکی ئەو سیستەمە نوێیە دیارینەکراو بوو، بەڵام دەخوازرا ناساندنی وردتری لەسەربکرێ.

جیاوازی نارەزایی نووسەرانی وەکو موزیل لەو ڕووەوە کە مەبەستی کۆتایی ئەوان (هەنگاونان بەرەو خەسارناسی دەروونی) ئابستراکە، شوێنگەی ئەوان (کۆمەڵگەی گەندەڵی سەردەمی ئێمە) بەناچاری سەرچاوەی سەرەکی هێزی ئەوانە. لەم ڕووەوە دوورخستنەوەی ڕاستەقینەی مۆدێرن (هەنگاونان بەرەو خەسارناسی دەروونی) لە بەرهەمەکانیاندا بەتەواویی زەینییە.

بەسەرنجدانی پێوەندی تاک بە ژینگەوە، ئەم ڕەوشە بێ ناوەرۆک و ڕەهەندە. ئەو کەمییە هێشتا زێتر بەهۆی مەبەستی کۆتاییەوە نەغرۆ دەبێت، چونکە نارەزایی بزاڤێکی بێ ناوەرۆکە و حاڵەتی بێزاری یان نارەحەتی یان ئارەزوویەک بەیان دەکات.

ناوەرۆکەکەی- یان باشتر نەبوونی ناوەرۆک- لەو هەقیقەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەها بۆچوونێک لە ژیان ناتوانێت هەستی بەرامبەر بگەیەنێت.

ئەو نووسەرانەی کە لەو بڕوایەدان خەسارناسی دەروونی دڵنیاترین پەناگەیانە بەتەواوی لە هەڵەدا نین و ئەوکارە کامڵ کردنی ئایدیالۆژی دۆخی مێژوویی ئەوانە.

ئەو ئازاردانەی کە لەگەڵ نەخۆشی ناسییە تەنیا تایبەت نییە بە ئەدەبیات. دەروون شیکاری فرۆید دیارترین دەربڕی ئەوەیە.

توێژینەوەی دەروون شیکاری فرۆید لەگەڵ ئەدەبیاتی مۆدێرنیست جیاوازییەکی کەمی هەیە. خاڵی دەسپێکی فرۆید «ژیانی ڕۆژانە» بوو. ئەگەرچی ئەو ناچار بوو بە مەبەستی شرۆڤەی «هەڵەکان» و «خەیاڵاتی پووچ» ڕووبکاتە خەسارناسی دەروونی.

فرۆید لە وتاردانەکانیدا سەبارەت بە خۆڕاگری و سەرکوتکردنی مەیلی سێکسی دەڵێت: «هەروەک چۆن کە بە ئەندازەی کاریگەریی بە دواداچوونی هەلومەرجی ژانناسی پەی بە قووڵایی زەینی ڕێسادار دەبەین، هۆگری ئێمە بۆ دەروونناسی گشتی ڕەوشی نیشانە دەروونییەکان زیاد دەکات». فرۆید بڕوای وابوو کە کلیلی تێگەیشتنی کەسێتی ڕێساداری لە دەروونناسی تاکی نارێسادا بەدەست هێناوە. ئەو بۆچوونە هێشتاکە لە گرووپ ناسی«کێرێست چمێر»دا دیارترە کە پێی وابوو ڕێساکانی

دەروونی دەتوانن دەروونناسی ڕێسادار شی کاتەوە. تەنیا کاتێ کە دەروونناسی فرۆید لەگەڵ دەروونناسی «پاڤلۆف» (کە بە پشتیوانی «بوقرات» باوەڕی وابوو کە ڕێسا دەروونییەکان لادانە لە پێوەدانگە کۆمەڵایەتییەکان) بەراورد بکەین هەقیقەتی بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بە ڕاشکاوی، ئەم بابەتە سنووردار نییە بە مەسەلەی زانستی یان ئەدەبییەوە، بەڵکو مەسەلەیەکی ئایدیالۆژییە و لە بیر و باوەڕی جەزمی بوونناسانەی تەنیایی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەدەبی ڕیالیزم (کە دامەزراوە لەسەر چەمکی ئەرەستویی مرۆڤ وەکو ئاژەڵی کۆمەڵایەتییە) شیاوی ئەوەیە کە بۆ هەر قۆناغێکی نوێ لە گەشەی کۆمەڵگە پەرە بە گرووپ ناسی نوێ بدات. ئەم ئەدەبیاتە، دژەکانی ناو کۆمەڵگەو تاک لە بواری یەکێتی دیالیکتیکیدا بەدیار دەخات.

لێرەدا، تاکەکان خاوەنی خۆشی و شادی زۆر و باشەکانن لە چوارچێوەی گروپ ناسی ڕێساداری کۆمەڵایەتیدا، لەوانە شکسپیر و باڵزاک و ئەستاندال، چونکە لەمجۆرە ئەدەبەدا تاکی ئاسایی بەسادەییەوە ڕەنگدانەوەیەکی لاوازە لەو دژانەی کە هەمیشە لەناو تاک و کۆمەڵدا هەن؛ نامۆبوون، سەرچاوەکەی گۆڕانی شێوەی بارودۆخی کۆمەڵاتییە، دیارە کە نابێ خۆشییەکانی پاڵەوانە گەورەکان لەگەڵ «نامۆبوون» لە چەمکی دیالۆگێکدا تێکەڵ بکرێت.. کریس تی ئان بادن برۆک غەریبە، بەڵام لڤیدکرسن وەها نییە.

بوونناسی «کەوتنە ناو بوون»ی گرووپ ناسی ڕاستەقینە مەحاڵ دەکات. ئەمجۆرە بوونناسییە دامەزراوە لەسەر دوو جەمسەری ئەبستراکتی نێوان تاکی ئاسایی و حاڵەتی غەریبی. پێشتر زانیمان کە بۆچی ئەم دوو جەمسەرە کە لە ڕیالیزمی سوننەتیدا تێگەیشتنی ئێمە لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکات لە ئەدەبی نوێدا بەسەرنج ڕاکێشی نامۆ بوون حاڵی نەخۆشییەکە کۆتایی دێت.

نامۆبوونی ئێستا، دەبێتە تەواوکەرێکی پێویستی تاکی ئاسایی؛ و ئەم بە جەمسەربوونە، توانستی مرۆڤ شی دەکاتەوە.

چەمکی ناوەکی ئەو ئایدیالۆژیە لە یەکێکی تر لە دەربڕینەکانی موزیلدا دەردەکەوێ: «ئەگەر مرۆڤایەتی بەکۆمەڵ دەچووە ڕوئیاوە «موس براگر»یان لە ڕوئیادا دەبینی» لە بیرت بێ کە موس براگری بیر لاواز تووشی لادانی سێکسی و حاڵەتی مرۆڤکوژی بوو.

ئەو شتەی کە موزیل بە ئەندازەی پایەی ئایدیۆلۆژی گرووپ ناسی- هەنگاونان بەرەو نەخۆشێتی و هەروەها نارەزایی لە گەندەڵی کۆمەڵگە- ئەنجامی دا لەبەرهەمی نووسەرانی تری مۆدێرنیستدا بەشێوەی هەلومەرجی نەگۆڕانی مرۆڤ خۆ نیشان دەدا، ئەگەر پەیامەکەی موزیل مەرجی خۆی لە کیس دەدات، دەبێتە وەسفێکی سادە لە واقیعییەت، نەبینێن بۆ دەربڕینی دنیای دەرەکی، دەتوانێ تەواوکەری خۆی لە کەم ڕەنگ بوونی ڕاستەقینە (کە بەرەو مۆتەکە دەڕوا)دا بدۆزێنەوە.

ڕەنگە چیرۆکی مۆلۆی بکێت باشترین نموونەی ئەم چەشنە بەرفراوانییە بێت. ئەگەرچی ڕوانگەی «جۆیس» لە واقیعییەت وەکو ڕەوتی شێواوی زەینی، پێشتر لە بەرهەمەکانی فاکنەردا بەشێوەی مۆتەکە ڕەنگی دابۆوە. لە چیرۆکی بکێت-دا زیاتر لە دووجار بینەری ئەو مەسەلەیەین. ئەو توندترین داڕووخانی مرۆیی- بوونی گیایەکی نادان- مان پیشان دەدات، دواتر وەک لەسەرچاوەی نادیارەوە هیوای یارمەتی کردن نزیکە، کەسەکە لە گۆماوی نادانیدا لەناو دەچێت.

چیرۆکەکە بەشێوەی ڕووداوی هاوتەریب، واتە زەینی نادان و ڕزگارکەرەکەی، گێڕدراوەتەوە.

لە ئەدەبی مۆدێرندا، لادانی سێکسی و نادانی کردن، نموونە گەلێکی ڕەوشی مرۆیین. جگە لەمە دەتوانین بە دروستی هەستی پێ بکەین کە چی شتانێک جێی بایەخی مۆدێرنیستەکانە.

**سەرچاوە:**

**مجله کلک، شماره ١٣٣**

# کارڵ مارکس
# بە بۆنەی یادی ١٨٨ ساڵەی لە دایک بوونییەوە

د. حەمید عەزیز
(کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین)

(١) رۆژی هەینی رێککەوتی ٢٠٠٦/٥/٥ یادی ١٨٨ ساڵەی لە دایک بوونی فەیلەسووف و سۆسیۆلۆج و ئابووریناس و سیاسەتمەداری گەورەی ئەڵەمان و مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز کارڵ هاینریخ مارکس بوو (١٨١٨- ١٨٨٢ز).

مارکس سیاسەتمەدارێک بووە لەو سیاسەتمەدارانەی سەرتاپای ژیانی خۆی، بە کردەوە و نووسین، لە ئامانجێکدا دیوە کە بریتی بووە لە گۆڕینی ڕەوشی مرۆڤی سەردەمی خۆی و دانانی بەردی بناخەی دوارۆژێکی دوور لە چەوساندنەوە و ستەم و زۆر و جەور و هەژاریی و نەداریی، پاشەڕۆژێک ئاڵای ئازادی، دادپەروەریی، یەکسانی بەسەریدا بشەکێتەوە و ڕابردووی پڕ لە ستەم و ئازار ڕەوانەی مۆزەخانەی مێژوو بکات.

وەک لەلای شارەزایانی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا ئاشکرایە مارکس لەبەرهەمەکانیدا کە بە تێکڕایی یەکەیەکی کڵۆم و قایم لە چوارچێوەی جیهاندیدێکی فرە ڕەنگیی قووڵ و بە پێزدا دێتە بەرچاو، ئەم بابەتانەی توێژبوەتەوە کە واپێدەچێ پرۆسەی دیالێکتیکەکە گرتبنییەوە، چونکە هەر یەکێک لەم بابەتانە دەکرێ وەک جۆرە بابەتێکی سەربەخۆی تێروپڕ و لە هەمانکاتدا کە بە پێوەندییەکی دەستیاویی توندوتۆڵ بە یەکیانەوە دەیانبەستێتەوە سەرنج بدرێن.

بابەتەکان بە تێکڕایی ئەمانەن:

- فەلسەفە: مەتریالیزمی دیالێکتیکی (dialektischer Materialismus).
- سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەلایەتی) -Soz



مارکس

iologie

- سیاسەت: Politik
- ئابووری: Wirtschaft
- مێژوو..: مەتریالیزمی مێژوویی.

یادی لە دایک بوونی ئەم کەڵە بیرمەندە دەکەین بە هەل و دەرفەت، گەشتێک بەنێو گوڵزاری بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیدا بکەین. ئەوی لێرەدا، لەم نووسینەماندا بەلای ئێمەوە مەبەستە و بایەخی پێدەدەین لایەنی فەلسەفەکەیەتی.

(٢) مارکس لەنامەکانیدا و لە چەندین بۆنە و نووسیندا خۆی وەک مەتریالیستێک (ماددی) نیشان داوە و ڕێبازەکەشی بە مەتریالیزم ناوبردووە(١).

پێناسەکردنی وشەی مەتریالیزم وەنەبێ شتێکی سووک و ئاسان بێت، ئەگەر وشەی دیالێکتیکی بخرێتە سەر ئەوەندەی تر بابەتەکە وەک پێناسە کردن سەخت و ئاڵۆز دەبێت.

مەتریالیزم جیهاندیدێکی فەلسەفەیە و لە وشەی مەتریێ، واتە لە وشەی ماددە، کەرەسە، هەوێن کەوتۆتەوە. ئەم جیهاندیدە یاخود ئەم ڕێبازە، لایەنێکی سەرەکی فەلسەفەیە بەرامبەر بە ڕێبازی ئایدیالیزم دادەنرێت. سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفە لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە یۆنان بە ڕێبازێکی مەتریالیستی- ماددی دەستی پێکردووە.

مەتریالیزم وەک لایەنێکی سەرەکی فەلسەفە کە هەر لە سەرەتاوە دەستبەکار بووە بە پێچەوانەی لایەنەکەی ترەوە کە ئایدیالیزمە، لە دوو بەرەدا جەنگیوە.

- بەرەی دژ بە ئایینی(٢) و ڕێ و شوێن و دۆگماکانی، هەر لەسەردەمی یۆنانەوە تاوەکو ئایینی مەسیحی ئەوروپا کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا سەدەی بلیمەتان و شۆڕشی زانستی گەیشتۆتە چڵەپۆپەی پەرەسەندنی، بە تایبەتی لەلای مارکس کە سەرەڕای فۆرم و ناوەرۆکە پەرەسەندووەکەی بە بابەتی دیالێکتیک بەپێز کراوە.

- بوون بە گشتی و جیهان بە تێکڕایی بەهۆی تاکە بنەمایەک لێک بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت. ئەمەش لە دوو بەرەوە ئەنجام دراوە:

**یەکەم:** گێڕانەوەی فرە ڕەنگیی و هەمەجۆریی بۆ سەر یەک ڕەنگیی و یەکجۆریی و دارشتنی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە وەک بنەمایەک پشتی پێ ببەسترێ.

**دووەم:** دەستنیشانکردنی تاکە کەرەسە و بنەما و هەوێن کە سەرچاوەی پەیدابوونی هەموو شتێکە، بە واتایەکی تر دۆزینەوەی شا هۆکار نەک هۆکاری نزیک. نموونەیەکی سادە و ساکار لەم بارەیەوە هەوڵەکەی تالیس ٦٢٤-٥٤٦ پ.ز بووە کە داویەتی بۆ ئەوەی ئەو تاکە بنەمایە ئەو تاکە هەوێنە یەک ڕەنگییە بدۆزێتەوە کە هەموو شتێکی لێکەوتۆتەوە، تالیس ئاوی بەو هەوێنە داناوە، چونکە وەک خۆی وتوویەتی، هەموو شتێک بەشێ و تەڕیی دەژی، ئەم دووانەش لە ئاوەوە پەیدادەبن.(٣)

مەتریالیزم چەندان جۆری هەیە کە بە پێی جیهانبینی گشتی فەیلەسووف و قۆناخ و سەردەم دەگۆڕێ و جیادەکرێتەوە. مەتریالیزمی دیالێکتیک لەلای مارکس لە سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپادا کە بە چڵەپۆپەی پەرەسەندنی ئەم ڕێبازەی فەلسەفە دادەنرێت.

(٣) وەک سەرچاوەکان باسی لێوە دەکەن مارکس وشە و چەمکی «مەتریالیزمی دیالێکتیکی» بەکارنەهێناوە، بەڵکو ئەمە وەک چەمک داهێنانێکی فریدریش ئینگلیز بووە.(٤) ئەوی ڕاست بێ ئەم چەمکە لە خۆیدا دەبێتە مایەی ئەگەر و گومان. دیالێکتیک لەلای ڕابەری

فەلسەفەی ئایدیالیزمی ڕەها هیگڵ خەت و خاڵی داوە، ئیتر چۆن دەکرێ ئەم وشەیە کە لە باوەشی ئایدیالیزمدا گۆش کراوە لە ڕەوش و دۆخ و شوێنی خۆی دابپردرێ و بخرێتە سەر بابەت و چەمکێک کە لە ناوەڕۆک و ڕوخسار و ئامانجدا جیایە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو کێشە دەکەوێتەوە:

**یەکەم:** وەڵامەکە پتر لەو بەرهەمانەدا دەبینرێن کە دەربارەی فەلسەفەی مارکس نووسراون و مارکس خۆی ڕاستەوخۆ شتێکی ئەوتۆی لەم بارەیەوە نەدرکاندووە.

**دووەم:** بابەتەکە لە گۆڕەپانی فەلسەفە دەچێتە دەرەوە و پتر ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی سیاسی پێدەدرێ و لە مەبەستی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە. بۆ نموونە t.I. Oisermann دەڵێ:

«گۆڕانی دیالێکتیکی ئیدیالیستی بە دیالێکتیکی مەتریالیستی وا پێویست دەکات، وەک شتێکی سروشت ئاسا، پەرەسەندنی سۆسیالیستی و ئابووری و چالاکیی پراکتیکییانەی سیاسی مارکس وەک شۆڕشگێڕێکی دیموکراتیی و نوێنەرێکی هوشیاریی سوود و قازانجی بنەڕەتی چینی کرێکار لەبەرچاو بگیردرێت». (٥) بەپێی تێگەیشتنی من ئەم قسەیە بە هیچ جۆرێک وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە و بەهیچ بنەمایەکی فەلسەفە پشت ئەستوور نییە، بەڵکو پتر جۆرە پاساودانێکی سیاسی وەڵامدانەوەی پرسیارێک دەردەخات کە لەوەناچێ وا بە ئاسانی وەڵام بدرێتەوە.

دیالێکتیک وەک ڕێبازێکی گۆڕان و پەرەسەندن لەلای هیگڵ بە جۆرێکی ئیدیالیستیانە مشتوماڵ کراوە و پەرەی پێدراوە و لە چوارچێوەی فەلسەفە ئیدیالیستییەکەی بۆ نیشاندانی پەرەسەندنی گیان-بیری ڕەها بەکارهێنراوە(٦). بەلای ڕابەری دیالێکتیکی ئایدیالیستییەوە، کە دیالێکتیکی وەک میتۆدەیەکی پەرەسەندن و بەکارهێناوە و بەسەر پەرەسەندنی بیرو هۆشیاریدا پەراوەی کردووە، وای داناوە کە بیرۆکە،گیان، یاخود هۆش بەشێوەیەکی دیالێکتیکی دەگۆڕێ. و پەرەدەستێنێ و لە قۆناخێکەوە بەرەو قۆناخێکی تر دەچێت.

ڕێبازی ماددی لە فەلسەفەدا لەسەدەی نۆزدەیەم لەلای لۆدڤیک فۆیەرباخ گەیشتۆتە لووتکەی پەرەسەندنی و بە هۆیەوە ڕقەبەریی فەلسەفەی ئایدیالیستی هیگڵی مامۆستای پێکردووە. جگە لەو هێرشە توندو تیژەی کردویەتییە سەر ئایین و دۆگماکانی بەگشتی و ئایینی مەسیحی بەتایبەتی.

ماددی وەک ڕێبازێک پێش فۆیەرباخ بەگشتی دوو خەسڵەتی پێوە دیاربووە. لەلایەکەوە ماددییەکی میکانیکی بووە و ڕابەرەکانی هەوڵیان داوە بنەما و قانوونەکانی میکانیک وەک ڕێ و شوێن بۆ لێکدانەوەی بوون بە گشتی و مرۆڤ بە تایبەتی بەکاربهێنن، بۆیە بە جۆرێک سەرنجی مرۆڤ دراوە کە وەک مەکینەیەک وابێت. کتێبە بەنرخەکەی مەتریالیستی فەرەنسایی دولامیتری «مرۆڤ مەکینەیەکە» بەڵگە و قەباڵەیەکە ڕاستی ئەم بۆچوونە ساغ دەکاتەوە.

لەلاکەی تریەوە ماددییەتەکە بەجۆرێک سەرنجی بوون، جیهانی نەداوە بەو جۆرەی بریتی بێ لە «بزووتنەوەیەکی پەرەسەندن، بەو جۆرەی مادده بە پەرەسەندنێکی نەپساوەی مێژوویی پەرە دەستێنێ و بەرەو پێش دەچێ» (٧) ئەم ڕەوشەش بێگومان بارودۆخی ئەوسای فیزیک و زانستە سروشتییەکانی دەرخستووە کە تا چ ڕادەیەک پەرەیان سەندووە و پابەندی بیرو جیهاندیدی میتافیزیک بوون کە بە پێچەوانەی دید و پەیڕەوی پەرەسەندنی دیالێکتیکەوە.

بە سوود وەرگرتن لە پەرەسەندنی زانست، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامی سێ داهێنانە- دۆزینەوە زانستییەکە

- دۆزینەوەی خانە
- تیۆری وزە
- تیۆری پەرەسەندنی جیهانی ئۆرگانیی لەلایەن چارڵس داروینەوە، نەدەکرا فەلسەفە وەک پێشتر تەنیا پشت بە ئەزموونی تاکەکەس فەیلەسووفەکە و بیرکردنە و سەرنجدانی ببەستی، بەڵکو ناچاربوو لە هەوڵ و کۆششی زانایان و داهێنانەکانیان سوود وەربگرێ بۆ ئەوەی لەلایەک لە ڕەوت و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی شارستانیەت بە هەموو لایەنەکانییەوە دانەبڕێ و بوونی کردەیەکی خۆی پشت ڕاست نەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە جیهاندیدییەکەی خۆی پتر فرە ڕەنگ و بە پێزو وردتر و زانستیانەتر بکات. بە جۆرێک لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵ و بەرەوپێشچوونی زانست و شارستانیەت بگونجێ و تەبابێت.

ئەم داهێنانەی زانستەکان و مردنی هیگڵ ساڵی ١٨٣١ کە دواڕابەری فەلسەفە ئایدیالیستی ئەڵمان بوو، لەگەڵ ئەو هێرشە سەرکەوتووە بێ پسانەوەیەی فۆیەرباخ (١٨٠٤-١٨٧٢ز) مەتریالیستەکان دەیانکردە سەر فەلسەفەی ئایدیالیستی دوو ئەنجامی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازیان لێکەوتۆتەوە:

یەکەم: هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان. Zasammenbruch d. deutschen Idealismus.

ئەم دیاردەیە لەلایەن زاناو فەیلەسووفەکانی دۆستی ڕێبازی سیاسی سۆسیال دیموکراتیەوە، بە تایبەتی یەکەمجار لەلایەن هیرمان هیلمهۆلتز ١٨٢١- ١٨٩٤ز و ئینجا لەلایەن ئیدوارد تێلەرەوە(٩) بە هەل زانرا بۆ بە یەکجاری پشت گوێ خستنی هیگڵ و ڕێبازەکەی و جارێکی تر بایەخ دانەوە بە کانت و kant فەلسەفەکەی کە بە فەلسەفەی ترانسندێنتالی ناسراوە. ئەم هەڵوێستە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناو ئەو دیاردەیەی لێکەوتەوە کە بە «جارێکی تر لە دایک بوونەوەی فەلسەفە ناسراوە(١٠):

Wiedergeburt der Philosophie.

دووەم: بەهێزبوونی ڕەوتی فەلسەفەی مەتریالیستی. لێرەدا ڕۆڵی فەلسەفەی مارکس بەرچاو دەکەوێ:

سەرچاوەیەک کە لەم بوارەدا پشتی پێدەبەستریێ و تێروتەسەل، بەڵام تاڕادەیەک ساکار لەم بوارەدا شتی وتبێ نووسینەکەی (فریدریش ئینگلز)ە کە دەربارەی نووسینەکەی مامۆستای فەلسەفە دکتۆر شتارکە نووسیویەتی. شتارکە ساڵی ١٨٨٥ز شتوتگارت، کتێبێکی دەربارەی فۆیەرباخ نووسیوە. ئینگلز ئەم کتێبەی کردووە بە دەرفەت و دەربارەی بیروبۆچوونی مارکس و خۆی دواوە.

بەلای ئینگلزەوە پشت ئەستوور بە سەرچاوەی ناوبراو، جارێکی تر چاو بە ڕێبازی مەتریالیستی پێشوودا خشێنراوەتەوە، تەتەڵەکراوە و پەرەی پێدراوە، بە تایبەتی سوود لە هەڵوێستەکەی فەیلەسووفی مەتریالیستی فۆیەرباخ وەرگیراوە و ئینجا توند و تۆڵ بە پەیڕەوی دیالێکتیکەوە گرێ دراوە و پەیڕەوی دیالێکتیکی مەتریالیزمی لێ پێک هێنراوە. مەتریالیزم لە پاشماوەی بۆچوونە میتافیزیکییەکان و دیالێکتیک کە توێکڵ و ڕوخساری ئایدیالیستی پاک کراونەتەوە و مشت و ماڵ کراون و ڕێباز و پەیڕەوە نوێیەکە یان لێداڕێژراوە، مەتریالیزم، بەڵام دیالێکتیکی. لەم کایەیەدا ئینگلز وتوویەتی گوایە ئەم ئەرکە مارکس بە تەنیا ڕاپەڕاندووە(١١)، بە باوەڕی من ئەم قسەیەی ئینگلز کە هەڵوێستی ئەفلاتوون بەرامبەر بە سوکراتی مامۆستای دەهێنێتەوە یاد، لە دڵسۆزی سنوور بەدەرنییەوە بووە بەرامبەر بە مارکس، چونکە هەموو شارەزایانی مێژووی فەلسەفە بەگشتی و مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانی بە تایبەتی لەوە ئاگادارن ئینگلیز ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە و بەشی سێیەمی (سەرمایە)ی نووسیوە و بنەما فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێبازەکەی بە ڕوون و ڕەوانی لە چەند بەرهەمێکدا نووسیوە و خستۆتە ڕوو.

(٤) دیالێکتیک کە بنەمایەکی پەرەسەندنە لەلای مارکس گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هێنراوە، لە کاتێکدا پرۆسەی دیالێکتیک لەلای هیگڵ پرۆسەی پەرەسەندنی بیرو گیانی گرتۆتەوە و بیرو گیان و بیرۆکە ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ بوون، ڕووداو و قەوماوە ڕاستەقینەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەم بیرە ڕەهایە بوون لەلای مارکس، بە پێچەوانەوە پێوەندییە ماددییە (مەتریالییەکان) پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا ئۆتۆنۆم بوون و بیروبۆچوونەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەم پێوەندییە ئابوورییانە بوون(١٢)، بۆیە دیالێکتیک ڕوخسار و ناوەڕۆکی ڕیالیستییانەی پێی براوە و خراوەتە نێو چوارچێوەی بابەت و مەتریال و ماددەکانی جیهانەوە «بوونی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە سنوور بۆ هۆش دادەنێ و دەستنیشانی دەکات، نەک هۆش سنوور بۆ بوونی کۆمەڵایەتی دادەنێ و دەستنیشانی دەکات». (١٣)

«Das sein bestimmt das Bewusstsein.» بەپێی ئەم بڕیارەی مارکس، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو جۆر و فرە ڕەنگییەکانیانەوە، هونەر، زانست، ئایین، سیاسەت، فەلسەفەی هەموو قۆناخێکی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی ئەنجامێک لە میتۆدە و پێوەندییە ئابوورییەکانی دابەشکردنی چالاکیی کارکردن کەوتۆتەوە، ئەگەرچی ئەم بۆچوونانە

تاڕادەیەک، بەڵام بەشێوە و ناوەرۆکێکی تر لەلای فەلسەفەی پێشووتردا، بە تایبەتی لەلای هیگڵ هەست پێدەکرێت، بەڵام لەلای مارکس بە پێچەوانەی هیگڵەوە، پرۆسەی بیر ئایدیا- ئیدێ کە لە مێشکی مرۆڤدایە و گەوهەری جیهانی ڕاستەقینە نییە و جیهان دیاردە و فۆرمی ئیدێ و بیر نییە، بەڵکو بیر فۆرمێکە لە جیهانی ماددەوە کەوتۆتەوە. ئەمە مەبەستی مارکس بووە کە لەسەرچاوەکاندا دووبارە کراوەتەوە و وتراوە دیالێکتیکی هیگڵ سەراوبن بووە و مارکس ڕاستی کردۆتەوە و خستویەتییەوە سەر قاچ(١٤):

«Vom kopf a uf die Fuesse zu stehen» ئەم قسەیە تاڕادەیەک لەنێوان پسپۆڕانی فەلسەفەی هاوچەرخ کێشەی لەسەرە. ئەوی گومان هەڵنەگرە مارکس خۆی لایەنگیری ڕێبازی چەپی هیگڵی بووە. بەبێ بوونی هیگڵ و هەراو هۆریایەکەی فۆیەرباخ نەدەکرا فەلسەفەی مارکسی ئەم ڕوخسار و ناوەرۆکەی هەیەتی پێی ببڕدرێ. ئەوەی گومان لێدەکرێت ئەو دەستنیشانکردنەی قۆناخی دوای کۆچی دوایی مارکسە.

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پێداویستییە ماددییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، ئەگەر مرۆڤ شارەزای فەلسەفەی هیگڵ بێت، بۆی دەردەکەوێ کە مارکس تا چ ڕادەیەک لە فەلسەفەی هیگڵ سوودمەندبووە. ئەگەر لەو پرۆسە بەرهەمهێنانەدا لایەنی کرێکار و سەرمایە بەشداری بکەن، ئەوە ئەم دوو لایەنە لەلای هیگڵ خود و Subjekt بابەت بووە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەسەندنی گیاندا، یاخود لە پرۆسەی پەرەسەندنی بیر لە مێشکدا پیادە بووە و لەلای مارکس ئەم ناوەرۆکە نوێیەی پێ بردراوە. بەواتایەکی تر بیروبابەت، گیان و مادەی هیگڵ لەلای مارکس ئەم گۆڕانەیان بەسەردا هاتووە:

لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا کە لەلای هیگڵ پرۆسەی بزووتنەوە پەرەسەندنی بیر- گیانی ڕەهابووە، خود بووە بەهێزی کارکردن و بابەتیش بووە بەسەرمایە(١٥) خود (زات) وەک هێزێکی زیندووی کاروکارکردن کە سەرە بەرهەم دێنێ.

(٥) لە بەرهەم و نووسینی ئینگلیز و لایەنگیرانی ڕێبازی مارکس-دا وانیشان دراوە کە دیالێکتیکی مەتریالیزمی بریتییە لە تیۆری پەرەسەندن و قانوونە گشتییەکانی بزووتنەوە جا چ لە جیهانی دەوروپشت و دەرەوەماندابێ یاخود لە بیری مرۆڤدا. (ئینگلیز: لۆدڤیگ فۆیەرباخ ل-٤٧ عەرەبی). شتی سەرەکی لە پەرەسەندندا بەپێی ئەم ڕێبازە سەرچاوە و هێزە پاڵنەرەکانن، ئەم سەرچاوە و هێزانە لەشێوەی سێ قانوون دەردەکەون کە ئەمانەن:

**یەکەم: گۆڕان لە چەندەوە بۆ چۆن:**

Umschlag der Quantitat in die Qualitat.

ئەوی لە نووسینی نووسەرە ڕووسە مارکسیستەکان لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێ نموونەی «کوڵاندنی ئاوە، کە دوای گەرم بوونی ئاوەکە دەبێ بە هەڵم، ئەگەرچی ئەم نموونەیە زۆر سادە و ساکارە، بەڵام دەکرێ بەم جۆرە ئەم قانوونە لێک بدرێتەوە:

شتێک دەگۆڕێ و دەبێ بەشتێکی تر، ئەگەرهاتوو هەندێک لە خەسڵەتەکانی بۆ شتە نوێیەکە چوون، ئەگەر ئەم خەسڵەتانە لە چەندێتیدا سنووریان بەزاند و گەیشتنە ڕادەیەکی لە ژمارە بەدەر شتەکە شێوە و ڕوخسار و خەسڵەت و کارەکتەرێکی تری پێدەبڕێ، چۆنیەتییەکەی دەگۆڕدرێ. گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرۆسەی بایۆلۆجی پەرەسەندن، بیروبۆچوون ڕاستی ئەم قانوونە ساخ دەکەنەوە. ئەگەر شتێک ڕەوش و دۆخەکەی گۆڕا، ئەگەر شتێک لە ژمارە و چەندێتیدا سنووری بەزاند، دەبێ بەشتێکی تر و ناوێکی تری لێدەنرێت. ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەم قانوونە بە ئاشکرا لە فەلسەفە و دیالێکتیکی هیگڵ بەکارهاتووە(١٦) و بەرچاودەکەوێ و مارکسیستەکان بۆ مەبەستی سیاسی ڕوخسارەکەیان گۆڕیوە و بە جۆرێکی تر دایانڕشتۆتەوە.

**دووەم: قانوونی دژەکان:**

Durch dringung der Gegen Saetze.

ئەوەی لە ڕستە ئەڵەمانییەکەدا هاتووە و ئینگلیز لە کتێبی دژی (دوهرینگ)دا Anti- Duhring بەکاری هێناوە، جۆرە یەکڕەنگیی و لە هەمانکاتدا شەڕی دەستەویەخەی بەردەوامی (ئەگەر بشێ ئەم وشانە بەکاربهێنم) دژ و ناکۆکەکان نیشان دەدات.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بدات و بە چاوی لێکۆڵەرەوە تەماشایان بکات، بۆی دەردەکەوێ کە لە هێز و فاکتەری جیاواز پێکهاتوون، کە هەریەکەیان

تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەوانی تر جیاوازە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم لە یەکتری جیاوازانە بەبێ یەکتری نابن. ئەگەر بۆ روونکردنەوەی ئەم قانوونە رستەیەکی کوردی سادە بەکاربهێنین، دەڵێین ئەم دژانە بەیەکەوە هەڵناکەن و بەبێ یەکتریش نابن!

هەموو شتێک، هەموو دیاردەیەک لەلایەنی جیاوازو دژ بە یەکتری پێک هاتوون، بەڵام هەموویان پێکەوە بە پێوەندییەکی تایبەتی یەکەیەکی ئۆرگانیکیان لێ پێکدێت. ئەم شەڕی دەستەویەخەی نێوان لایەنە دژ بە یەکترییەکان هۆکارێکی سەرەکی پەرەسەندن و گۆڕان و بەرەو پێش چوونە. نموونەیەک لەم مەیدانەدا کە سەرنج ڕادەکێشێ پێوەندییەکی نێوان کرێکار و بۆرجوازییە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا. هەردوو چینەکە دژ بە یەکترین، بەڵام چەندین پێوەندی لە کۆمەڵدا بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە و بەبێ یەکتریی نابن.

**سێیەم: قانوونی ناکردنی ناکردن:**

Verneinung der Verneinung

واپێدەچێ چۆن ئەم قانوونە لەلای هیگڵ ئەوپەڕی بایەخی پێدراوە لەلای مارکس و لایەنگیرانیشی بەگرنگ زانرابێ و پلەوپایەیەکی بەرچاوی هەبێ. بەلای هیگڵەوە پەیدابوونی شتی نوێ ناکردنی کۆنەکەیە.

شین بوونی تۆو پەیدابوونی نەمام نموونەیەکە ئەم قانوونە ساخ دەکاتەوە، پەیدابوونی نەمامەکە ناکردنی تۆوەکەیە و بەری دارو درەخت لەگوڵەکەوە دەکەوێتەوە، ناکردنی گوڵەکەیەو بەمجۆرە مێژوو، هەر بەپێی ئەم قانوونە بریتییە لە بەرەوپێشچوون و پیادەکردنی راستەقینەی بیروگیانی، گیانی جیهان بە پرۆسەیەکی سێ لایەنی بەدوای یەکتریدا هاتووی دیالێکتیکی دەکەوێتەوە. (١٧)

بەو جۆرەی هیگل وتوویەتی، پەرەسەندن بە بیرۆکەیەکی لەبار (پۆزیتیڤ) دەست پێدەکات و بە بیرۆکەیەکی نالەبار (نێگەتیڤ) خۆی نادەکات و بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و لە قۆناخی سێیەمی گۆڕان و پەرەسەندنی دیالێکتیکی ئەم پرۆسەیەدا هەردووکیان بە شتێکی تر نادەکرێن کە لەگەڵ ئەمەشدا هەردووکیانی گرتۆتە خۆی: تێزە دژە تێزە و سوتێزە.

لە نووسینی مارکسیستەکاندا ئەم لایەنە بە جۆرێکی رێک و پێکتر دارێژراوەتەوە و لە دەوروبەری هەڵکەوتدا پیادەکراوە. ئەو دیاردانەی لە کۆمەڵ و سروشتدا دەردەکەون بە رێگای سروشتیدا تێپەڕیون، واتە کۆن بوون و پەکیان کەوتووە و رێگایان بە دیاردە و هێزی لەخۆیان نوێتر داوە دەربکەن. ئەگەر نوێیەکە کۆنەکەی ناکردبێ ئەوە خۆیشی لە قۆناخێکی تر کۆن دەبێ و لەلایەن هی ترەوە نادەکرێت. پەرەسەندن بریتییە لە ناکردنی کۆن لەلایەن نوێوە، نزم لەلایەن بالآوە. خۆ ئەگەر نوێیەکە کۆنەکە نا دەکات لایەنە باشەکانی لێوە دەگرێ و پەرەی پێدەدات و دەیپارێزێ و بەم پێیە پەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی سروشت پێشکەوتنخوازانەیە و ئەمەیە قانوونی ناکردنی ناکردن(١٨).

(٦) شتێکی گومان هەڵنەگرە کە مارکس فەیلەسووفێکی بەتوانا و بلیمەتی سەردەمی خۆی بووە و لە چەندین سەرچاوەوە شتی بەنرخی هەڵهێنجاوە، ئیتر ئەو سەرچاوانە، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمان (هیگڵ...) و بنەماکانی شۆڕش و سوسیالیستەکانی فەرەنسابوبن، یاخود زانستی ئابووری ئینگلیز، یان ئایدیۆلۆجی و بیروبۆچوونی رادیکالیزمی چینی سەرهەڵداو (بۆرجوازیی) سەدەی نۆزدەیەم بووبێ وەک چوارەمین سەرچاوە، ئەوە رۆڵ و جێ دەستی وەک کەڵە فەیلەسووفێک لە دارشتنەوەی ئەم بابەت و لایەنە خوازراوانەدا لە چوارچێوەی ئەو جیهانیدەدا کە بە مارکسیزم ناودەبرێ دیار و ئاشکراو بەرچاوە، ئەو راستییە رێگا لەوە ناگرێ کە مرۆڤ بڵێت لەنێوان جیهانی هیگڵ و مارکسدا وەک پردی بەیەکەوە بەستنەوە و پەڕینەوە هەیە، ئەوە کەلەبەری سەخت هەیە کە هەردوو جیهان بە ئاشکرا لە یەکتری جیا دەکاتەوە و نەخش و رووخسار و خەت و خاڵی هەر جیهانە بەجیا دەردەخات. هیگڵ و مارکس دوو جیهانی لە یەکتری جیاوازن، هەریەکە لە رووخسار و ناوەرۆکدا لە ئامراز و ئامانجدا تایبەتمەندیی خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام هەردووکیان بە جۆرێکی ئۆرگانیک توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەگەرچی جیهانی هیگڵ جیهانی فەلسەفەی بێگەرد و لاهووت و مێژوو دیالێکتیکی ئایدیالیستییە و هی کارڵ مارکس، ئەگەر ئەو بارە سەختەی لەسەر شان لابېردرێ و

ئەو تەپ و تۆزەی لیبتەکێنرێ کە بەناوی مارکسیزمەوە دووچاری بووە، جیهاندید و سیستەمێکی سەرتاپاگیری و فرە لایەن و هەمە جۆرە هەر لە فەلسەفەوە تاوەکو سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسی و ئایدیۆلۆجی و..تاد.

سیستەمی فەلسەفەی هێگڵ ئەو دەفرە بووە کە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بنەماو بۆچوون جیهانبینی چینی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی تێدا داڕێژراوە. ئەم فەلسەفەیە هەوڵی داوە لە چوارچێوەی دیالێکتیکی ئایدیالیزمیدا بەشێوەیەک کە ئەوپەڕی بلیمەتی و دەست ڕەنگینی تێدا هەست پێدەکرێت ئەو بنەمایانە ئەگەرچی هی چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵ بوویێت گەشەپێ بدات و بەرەو کامڵ بوون بەرێت، بەڵام لە مێشکدا، وەک ڕەوتی پرۆسەی پەرەسەندنی بیرو گیانی ڕەها دانراون و سەرنجدراون، بۆیە وا ئاسان نییە فەلسەفەی هیگڵ و مارکسی وا بە ئاسانی لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێن یاخود بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە. ناکرێ چەمک و بابەتەکانی فەلسەفەی هیگڵ کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی ڕووت و بێگەرددا داڕێژراون بەهۆی چەمک و بابەتەکانی سیستەمی مارکس کە پتر چەمک و بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێک بدرێنەوە و پاساو بدرێن. بۆیە ڕاست وتراوە کە بابەتەکانی سیستەمی مارکس تەنانەت لە نووسینەکانی سەردەمی لاویتیدا (Fruehschriften) فەلسەفە نین و بگرە بەشێوەیەکی ناکردن Negtion فەلسەفە دەردەبڕن، ئەگەرچی بەزمانێکی فەلسەفییانە دەدوێن. (١٩)

(٧) لایەنەکەی تری فەلسەفەی مارکس پتر لایەنی پراکتیک و پیادەکردنە و بە لایەنی مەتریالیزمی مێژوویی ناودەبرێت. وەک لە ناوەکەوە دەردەکەوێ بریتییە لە لێکدانەوەی مەتریالیانە (ماددی) پەرەسەندنی مێژوو بە قۆناخە جۆر بەجۆرییەکانەوە و شرۆڤەکردنی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی کۆمەڵ. بۆیە دەکرێ ئەم لایەنە بخرێتە خانەی بابەتی مێژووی ئابووری و زانستی کۆمەڵایەتییەوە (سۆسیۆلۆجی). لەم مەیدانەدا فاکتەری ئابووری، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کراوە کە شا هۆکاری گۆڕان و پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونە.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی نووسینەکانی فریدریش ئینگلیز سەرنج بدات دوو قسەی ئەم سیاسەتوانە سەرنجی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەبنە مایەی هەڵوەستەکردن لە ئاقاریاندا.

لە وتارێکدا کە لە ١٧ی ئاداری ١٨٨٣ لەسەر گۆڕی مارکس خوێندوویەتییەوە و لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکرات ڕۆژی ٢٢ی ئاداری هەمان ساڵدا بڵاوکراوەتەوە ئینگلیز وتوویەتی:

«پێویستە خەڵک بە پلەی یەکەم، بخۆن و بخۆنەوە و جلوبەرگیان و جێگای حەوانەوەیان هەبێت پێش ئەوەی سەرگەرمی سیاسەت و زانست و هونەر و ئایین بن... بەرهەمهێنانی خێر و بێری ماددی ڕاستەوخۆی ژیان و هەموو پلەیەکی دیاریکراوی گەل، یاخود قۆناخێک لە بوار و کایەی ئابووریدا ئەو بنەمایەیە کە....» (٢٠) هەروەها لە شوێنێکی تر بە پەسندکردنەوە قسەیەکی فۆیەرباخ دەخوازێتەوە کە بەم جۆرەیە: فۆیەرباخ وتوویەتی:

«بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی لە کۆشک و تەلاردا دەژین جیاوازە لە بیرکردنەوەی ئەوانەی لە کۆختەدا دەژین...، ئەگەر بەهۆی برسێتی و کلۆڵییەوە هیچ شتێک شک نەبەیت و هیچ خۆراکێک لە لەشتدا نەبێت، ئەوە هیچ جۆرە خۆراکێکی ئاکارت نابێت نە لە سەرتدا و نە لە هەست و سۆز و نە لە دڵتدا» (٢١).

لەم دوو پەرەگرافەی لە بەرهەمەکانی ئینگلیز خوازراوەوە ڕۆڵی هۆکار و فاکتەری ئابووری لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کۆمەڵدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ، مرۆڤ دەبێ تێربێ، پۆشتە بێت، جێگای حەوانەوەی هەبێ پێش ئەوەی بتوانی شتێک بکات و بە جۆرێک کە ڕێک و پێک بێت و بیربکاتەوە. کردار و ڕەفتار و چالاکیی ڕێک و پێک و بەرهەمهێنرانەی مرۆڤ، کە وابوو ئەنجامێکی ناچارەکیی هۆکار و فاکتەری ماددی- ئابوورین. یاخود هۆکاری ماددی مایەی چالاکی مرۆڤە. ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەرەتای ژیانی هوشیارییانەوە ئەوەیە کە کردار و هەڵوێستی مرۆڤ ئیتر بیەوێ و نەیەوێ پێ بزانێ و پێ نەزانی دیاریی و دەستنیشان دەکات.

پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، کە بابەتی سەرەکیی سۆسیۆلۆجییە پرسیارێکە لەو پرسیارانەی مەتریالیزمی

مێژوویی وەڵامی دەداتەوە و کێشەکەی توێ توێ دەکات. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بوون و ژیانی بە بوونی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە قۆناخ و سەردەم و شوێنێکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە. هیچیان بەبێ هیچیان نابن، ئەگەرچی هەر لایەیان تایبەتمەندی و خەسڵەت و هەلومەرجی دیاری کراوی خۆیانیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە بایەخدان و بە توێژینەوەی چۆنێتی پەیدابوونی کۆمەڵ و مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵ و ئەو قانوون و هۆکارانەی دەبنە مایەی ئەم پەرەسەندنە نرخ و بایەخی دیارو بەرچاوی خۆیانیان هەیە و بە پشکێکی سەرەکی بابەتی مەتریالیزمی مێژوویی دادەنرێن.

لە سەرەتای کتێبی مانیفێست کە ساڵی ١٨٤٨ز لە برۆکس بڵاوکراوەتەوە مارکس و ئینگلیز پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە مێژووی کۆمەڵ لە مێژووی خەباتی چینایەتی بەولاوە نییە و نەبووە لەم بڕیارەدا دوو شت سەرنج ڕادەکێشێ:

**یەکەم:** بوونی چین وتوێژی جیاواز لەنێو کۆمەڵدا، کۆمەڵ وەک پێکهاتە و دامەزراوێک لە چین و دەستەی جیاواز پێکهاتووە کە سوود و قازانجی جیاواز و پلەوپایەی جیاوازیان هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**دووەم:** جۆرە خەبات و تێکۆشانێکی چینایەتی لەو جیاوازیەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ و لەو ڕۆڵەیان کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەیگێڕن دەکەوێتەوە و ئەم خەباتەش ئامانج و ئەنجامی دیاریکراوی هەیە کە مارکس و ئینگلیز پێشبینیان کردووە.

لە نامەیەکدا کە مارکس لە ٥ی مارسی ساڵی ١٨٥٢ز بۆ فیدمایری ناردووە پوختەی جیهاندیدەکەی لە چوارچێوەی مەتریالیزمی مێژووییدا بەم جۆرە باس کردووە:

**یەکەم:** بوونی چین بە قۆناخێکی مێژووی دیاریکراوی پەرەسەندنی بەرهەمهێنانەوە بەندە.

**دووەم:** خەباتی چینایەتی بەناچاریی دیکتاتۆریی پرۆلیتاری لێدەکەوێتەوە.

**سێیەم:** ئەم دیکتاتۆرییە خۆی لە هەنگاونان بەرەو لەناوبردنی هەموو چینەکان و بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵی بەبێ چینی بەولاوە نییە. (٢٢)

بە باوەڕی من ئەمە پوختەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی مارکسە کە بە مەتریالیزمی مێژوویی دادەنرێ، ئەگەرچی بابەتەکە پتر سیاسەت و ئابوورییە!

(٨) دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین لەکاتی باسکردنی ناوەڕۆک و بابەتەکانی مەتریالیزمی مێژووییدا بە تەواوەتی ڕەوتی دوورکەوتنەوەی ئەم ڕێبازە لە فەلسەفە و پەنابردنە بەر ئایدیالۆجی و سیاسەت و ئابووری بە تەواوەتی دەردەکەوێ. لەلایەکەوە مارکس سەرزەنشتی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی دەکات کە تەنیا هەر بە جۆر و شێوەی جیاواز جیهانیان لێکداوەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن جیهان دەگۆڕی، نەک چۆن لێکی دەدەیتەوە (تێزەی ١١- چەند تێزەیەک دەربارەی فۆیەرباخ). ئەم ئەرکەی مارکس بە فەلسەفەی دەسپێرێ، زۆر لەوە گەورەترە کە فەلسەفە وەک بەشێکی هوشیاری کۆمەڵایەتی بتوانێ پیادەی بکات. ئەمە یەکەم بەڵگەی دوورکەوتنەوەیە لە فەلسەفە.

لەلایەکی ترەوە کێشەی بوونی بابەتییانەی قانوونە سەرتاپاگیرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونیان، پشت ڕاست کردنەوە و پاساودانیان، یاخود ناکردنیان و دانانیان بە بەشێک لە هۆش و خودی مرۆڤ، لەم سەردەمەماندا هەموو بایەخێکی زانستی و فەلسەفەیی لەدەست داوە.

لە مانیفێستدا بەتایبەتی لە یەکەم دێڕی دەستپێکردنیدا نووسراوە: «مێژووی نووسراوەی هەموو کۆمەڵێک تاوەکو ئەمڕۆ لە مێژووی خەباتی ناوچینەکان بەولاوە نەبووە» (٢٣).

بەپێی تێگەیشتنی من ئەم خەباتی چینایەتییە کە ئەنجامێکی هۆکاری ئابووری و چەوساندنەوەی چینایەتی بێت، بەو جۆرە باسکردنە و بڕیاردانە لە چوارچێوەی بڕیارێکی سیاسی پشت ئەستوور بە ئایدیۆلۆجیەک کە لەسەرەتاوە مەبەستی دیار و ئاشکرایان لە دواوەیە بەولاوە شتێکی تر نییە و بەهیچ بەڵگەیەکی زانستی و مێژوویی و فەلسەفە پشت ڕاست ناکرێتەوە و پاساو نادرێت، خۆ ئەگەر وەک قانوون و ڕێوشوێنێک سەرنج بدرێت، ئەوە هەر لەو چوارچێوەی کە پێی دەوترێ ئەنجامگریی پشت بەستوو بە ڕەوشێکی دیاریکراو ناچێتە دەرەوە. پەرەسەندنی کۆمەڵی دوای شۆڕشی فەرەنسا لە ئەوروپا ناکرێ وەک بەڵگەیەک بکرێت بە قانوونێکی سەرتاپاگیر و هەمەکیی و ڕەوشی پێشتر و

دواتری پێ لێک بدرێتەوە. ئەگەر ئەم بڕیارە کۆمەڵی سەرمایەداری بگرێتەوە، ئەوە قۆناخەکانی پێشتر، بە تایبەتی سەدە دوور و درێژ و سارد و سڕو تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەلای کەمەوە هەزار ساڵیان خایاندووە، ناگرێتەوە، چونکە هەموو شارەزایەکی مێژوو دەزانێ کە خەباتی چینایەتی و فاکتەری ئابووری لە ڕۆڵێکی هەندەکیی سست و لاواز بەو لاوەیان نەبووە، ئەوی لەم سەدانەدا خەت و خاڵیان بە کۆمەڵ داوە و ڕەنگ و چوارچێوەی مان و نەمان و گۆڕانیان ڕشتووە، بەهیچ جۆرێک پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و فاکتەر و هۆکاری ئابووری نەبوون، بەڵکو ئایین و دۆگم و سەر خان و ژێر خانەکانی بوون. ئەم نموونەیە ئەو بۆچوونە ڕەت ناکاتەوە کە دوورنییە لە قۆناخی تردا فاکتەری تر ئەم ڕۆڵە بگێڕێ، بەڵام ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە فاکتەرێک کە لە قۆناخێکدا دەست بەکاربووبێ لە چوارچێوە ڕیالیستییە هەڵکەوتەکەی بترازێنرێ و بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی میتافیزیکی ڕەهای هەمەکییەوە و بۆ هەموو سەردەم و قۆناخ و شوێنێک بگوێجێنرێ و دابنرێت.

(٩) لە یادی لە دایک بوونی مارکسی فەیلەسووف و سیاسەتوان و ئابووریناس و ئایدیۆلۆجیستدا چەند خاڵ و بۆچوونێک لە ناخ و دەروون و مێشکدا دەورووژێن و نووسەر ناچار دەکەن کە گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و دەریان ببرێت.

– بە باوەڕی من و ئەوەندەی من ئاگاداربم کەم کەس هەیە کە بە تەواوەتی بەرهەمەکانی مارکسی خوێندبێتەوە و بە تەواوەتی لێی تێگەیشتبێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە هەقی خۆی نەدراوەتێ و بیروبۆچوونەکانی شێوێنراوە و بەهەڵە لێکدرانەوە و بگرە پیادە و پراکتیزە کراون.

– دانانی بیروبۆچوونەکانی لینین بە تەواوکاری جیهاندیدی مارکس بڕیارێکی سیاسییە بۆ پاساودانی ڕەوشێکی دیاریکراو، بەڵام بەهیچ بنەمایەک پشت ئەستوور نییە. فەلسەفەی مارکس نەمامی ژینگەیە کە لەو ژینگەو دۆخ و ڕەوشەدا ئەوپەڕی جیاوازە کە لینینزم تێیدا پەیدابووە و پراکتیزە کراوە، بۆیە بە بۆچوونی من ڕاستتر ئەوەیە بوترێ لینینزم- ستالینیزم نەک مارکسیزم لینینزم. ئەو نووسراوانەی بە زمانە ئەورووپاییەکان لەبەر دەست دان و پشت ئەستوور بە نووسراو و بڵاوکراوەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت (ئەڵمانیا) سیاسەت و کردارەکانی لینینی دوورکەوتنەوە بوون لە مارکسیزم و ڕێ خۆشکەربوون بۆ پەیدابوونی ستالین و ستالینیزم. لێکدانی سوسیال دیموکراتەکان و بەناهەق ناونانیان بە کەمایەتی (مەنشەفیک) و دوورخستنەوەی ترۆپکی بەلایەنێکی نالەباری لینینزم دادەنرێت کە ڕێگای بۆ ڕەوشی دوای خۆی خۆش کردووە، بۆیە بەناهەق ئوباڵی زۆرشت زاڵمانە خراوتە ئەستۆی مارکس و کە ئەو لێیان دوورە.

**سەرچاوە:**


**1- Johann, Dr. Plenge., Marx und Hegel Tuebingen 1911, S.17ff.**

**2- Lange, Friedrich Albert., Geschichte des stw 70. Materialismus. Bd. I. Frankfurt am Main 1974. S.7ff.**

**3- Stace, W.T., Acritical history of Greek Philosophy. 1962. P.21.**

**4- Israel, Joachim., Der Begriff Dialektik. Hamburg 1979. S.23.**

**5- Oisermann, T.I., Dialektischer Materialismus und Geschichte der Philosophie. Akademie Verlag Berlin (ost) 1982. S.238ff.**

**6- Hoffmann, Thomas Soeren., G.W.F. Hegel. Eine Propaedeutik. Marixverlag. koeln 2004. S.30ff.**

**٧- ف. إنجلس: لودفيغ فورباخ و نهاية الفلسفة الكلاسيكية الالمانية. في ماركس، انجلس، مختارات في أربعة أجزاء. ج٤. دارالتقدم موسكو. بلا. ص٢٧ فما بعد.**



**– دەمەوێ لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی دۆستی دێرینم مامۆستا مومتاز حەیدەری بکەم کە دڵسۆزانە دەرگای کتێبخانە ڕەنگینەکەی بۆ کردمەوە و بەپێی توانا سوودم لەسەرچاوە بەنرخەکانی وەرگرت. خۆ ئەگەر هیمەتی مامۆستا مومتاز نەبایە لەم سەرچاوانە بێبەش دەبووم و ئەم نووسینە، وەک ئێستا وایە، بەپێز نەدەبوو.**

**– هەروەها بەگەرمی سوپاسی کاک شەپۆل فەتحی حاجی کەریم دەکەم کە هەوڵێکی دۆستانەی دا بۆ ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی ئەم نووسینەم دەست بکەوێت.**

8- Schnefelbach, Herbert., Philosophie in Deutschl and Stw 1983. S.15ff.

9- Zeller, E., Ueber die Bedeutung u. Aufgabe der Erkenntnistheorie, Leipzig 1962. S.49ff.

10- Aster, E.von., Philosophie der Gegenwart Leiden 1967. S.5.ff.

١١- ئینگلیز، ف. لودڤیک و فۆیەرباخ و کۆتایی هاتنی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمان. لە چوارچێوەی بەرهەمی هەڵبژاردەدا چوار بەش، بەشی چوارەم (بەعەرەبی) مۆسکۆ ل٤٥-٤٦.

12- Theimer, Walter., Der Marxismus. Bern 1950. S10ff.

١٣- ئەم قسەیەی مارکس لە کتێبی «ئایدیۆلۆجی ئەڵەمان»دا هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر- کوردستان سەرچاوە ئەڵەمانییەکانم لەبەردەستدا نییە ناچارم بڵێم بڕوانە:

- أفاناسيف، اسس الفلسفة الماركسية، ترجمة: عبدالرزاق الصافي، بغداد ١٩٧٦. ط٣. ص١٥٣ فما بعد.

هەروەها بڕوانە:

- أفاناسيف. ف. الفلسفة الماركسية، ترجمة عزيز سباهي، بغداد بلا ص١٩٣ فما بعد.

14- Stoerig, Hans Joachims., kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.563.

15- Israel, J., Der Begriff Entfremduny. Hamburg 1985. S.166- 167.

16- Hoffmann, T.S., Hegel... S.312-313.

17- Theimer, Walter., Ebenda. S.30-31.

١٨- أفانا سيف. ف. نفس المصدر السابق.

- ترجمة عزيز سباهي، ص١٣٥.

- ترجمة عبدالرزاق الصافي ص٩٩ فما بعد.

- بودوستنيك و ياخوت: عرض موجز للمادية الديالكتيكية، دارالتقدم موسكو. بلا. ص١٠٣ فما بعد.

19- Marcuse, Herbert., Vernunft und Revolution. Darmstat 1972. S.229.

٢٠- ماركس، انجلس، مؤلفات مختارة... ج٣، ص١٣٥.

٢١- نفس المصدر السابق، ج٤، ص٣٩.

٢٢- نفس المصدر ج٤، ص١٤٩.

٢٣- المصدر نفسة، ج١، ص٤٩.

# داهێنان

**سەعید محەمەد نووری***

**پێشەکی**

هەڵدانەوەی لاپەڕەکان مێژووی زانستیی لەم وڵاتەی ئێمەدا دەبینین یەکجار هەژارە بە داهێنان، تەنانەت تازەگەرایش بوونێکی نامۆی هەیە و تاک و تەرا پێیەوە خەریکن، ئەمەش لەسەر کتێبخانەی کوردەواری ڕەنگی داوەتەوە.

داهێنان ئەو چەمکەیە کە ڕۆژانە لەسەر زۆربەی زارەکان دەبیسترێت، بەڵام بە داماڵراوی لە ناوەرۆک و ماهیەتی خۆی، وەک هەر یەکێکی تر لەو چەمکانەی کە لەم کۆمەڵگایەدا بۆ مەبەست و مانای تایبەت بەخۆمان بەکاری دەهێنین وەک دیموکراسی و خۆشەویستی، دوور لەپەی بردن بە مانا و سروشت و تیۆر و قۆناغەکانی.

ئەگەرێ هەیە هەر یەکێک لە ئێمە لە ساتێک لە ساتەکاندا زیاتر لە داهێنانێک ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی بزانێ کە داهێنانی لە بواری کارەکەیدا ئەنجام داوە، بەهۆی ناشارەزایمان بە سروشتی داهێنان و تۆڕو و ڕێگرییەکانی.

لاکردنەوە لەم لایەنە گرنگە بۆ نەتەوەیەکی بەکاربەری وەک ئێمە تایبەتمەندی و گرنگی خۆ هەیە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە گوڕێکی زیاتر ببەخشێ بەو ترووسکە ڕووناکییەی کە تاریکایی ئەو هەموو نەهامەتیانە دەڕوێنێتەوە کە ڕووی کردۆتە هزری نەوەی نوێ لە سایەی ژاوە ژاوەکانی بواری گەیاندن بەهەموو شێوەکانییەوە هەروەک چۆن پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ دەرباز بوون لە پاشکۆیەتی ئەوانی تر.

**داهێنان چییە؟**

شــۆڕبوونەوە بۆ ناو بواری ئەو توێژینەوانەی کــە لە بواری داهێناندا ئەنجــام دراون، بەتایبــەت لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیاوە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە داهێنان هەمەلایەنە و دەکرێ بە چوار ڕوانگەی تایبەتی تەماشا بکرێت کە ئەمانەن:

**ڕوانگەی یەکەم:**

**چەمکی داهێنـان لەسەر بنەمـای خاسیەتەکانی کەسی داهێنەر**

ئەم ڕوانگەیە لەو باوەڕەدایە کە داهێنان بریتییــە لەو هەنگاو و دەسپێشخەرییانەی کە فێرخواز ئەنجامی دەدات بۆ خســتنە ڕووی توانســتەکانی بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە چوارچێوە تەقلیدییەکان لە بیرکردنەوە و گرتنەبەری شێوازی تازە لەبیرکردنەوەدا، لەم بوارەشدا «گیلفۆرد» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فێرخوازی داهێنەر ئەو مرۆڤـەیە کـە بە چەند سیـفـەتێکی ژیری گـرنگ دەناسرێتەوە وەک: تەلاقەت و میانڕەوی و ڕەسەنایەتی.

**ڕوانگەی دووەم:**

**چەمکی داهێنان لەسەر بنەمای بەرهەم**

لایەنگیـرانی ئەم ڕوانگەیە لەو باوەڕەدان کـە داهێنان بریتـییــە «لە توانســتی فـێـرخـواز بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێک کە بە توانای تەلاقەتی هزری و نەرم و نیانی و ڕەســەنایەتی و ڕەهەندەکــانی جـیــابکرێتــەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیارێک یا هەڵوێستێکی ورووژێنراو.

کەواتە هزری داهێنەرانە لە وێنەی بەرهەمێکی تازەدا گوزارشت لەخۆی دەکات، یاخود بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوورە دیاریکراوەکانی بیرکردنەوەی تەقلیدی کە تێیدا شــتــێکی تازە هاتبــێــتــە بوون ئینجـا هزرێک یان دۆزینەوەیەک بێت بەو مەرجەی ڕەسەن و تازە بێت.

هەندێک لە توێژەران جـەخت لەســەر ئەوە دەکـەنەوە سوود مەرجێکی بنەڕەتییە لە بیرکردنەوەی داهێنەراندا، بۆیە ناولێنانی چەمکی داهێنان ناشێ بەسەر بەرهەمێک دابیڕێت کە بەرهەمێکی بێ سوود بێت، یان بەرهەمێک بێت نەتوانێ ڕەزامــەندی ژمــارەیەکی زۆری خـەڵکی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا فەراهەم بکات.

**ڕوانگەی سێیەم:**

**چەمکی داهێنان لەسەر بنەمای ئەوەی کە پرۆژەیە**

تۆرانس لەو باوەڕەدایە کـە داهێنـان بریتــیـــە لەو «پرۆسەیەی کە تێیدا فێرخواز بەرامبەر بەکێشەکان هەســتــیــار دەبێت هەروەک چۆن پرۆســەی دۆزینەوەی کەموکورتی و بۆشاییەکانە لە زانیـاری و پێکهـاتە بزربووەکاندا، پاشان گەڕان بەدوای نیشانە و ئاماژەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا لەلای فێرخواز لە زانیاری و بنیـاتنانی گـریمانە لەبارەیەوە و پاشـان تاقـیکردنەوەی ڕاســــتی ئەو گــــریمانانە و بەســــتـــــانەوەی بە دەرئەنجامەکانییەوە...

**ڕوانگەی چوارەم:**

**چەمکی داهێنان لەسەر بنەمای هەڵوێستی داهێنەرانە، یان ژینگەی داهێنەرانە**

مــەبەست لە ژینگەی داهێنەرانە ئەو کــەشــەیە کــە پێکدێت لەو بارودۆخ و هەڵوێستـانەی کە دەبێتـە هۆی باشتـر کردن و فەراهەمکردنی ڕێگا لەبەردەم داهێناندا، یاخود دەبێتە هۆی دەرپەڕاندنی توانستەکانی فێرخوازی داهێنەر، ئەم بارودۆخانەش دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

**أ/ بارودۆخی گشتی:**

کە هاوپێوەندە بە بارودۆخی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە، چونکە داهێنان لە کۆمەڵگایەکدا گەشە دەکات کە هەل دەڕەخسێنێ بۆ ڕۆڵەکانی بەمەبەستی تاقیکردنەوەی دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ، هەروەک چۆن نموونەی چاک دەخاتە بەردەم نەوەکانی داهاتوو بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێگایان لەلایەن نەوەی تازەوە و بواری ڕەخنە و گـەشـەپێـدانی هزری و زانستی و وەرزشی و وێژەیی... تاد دەڕخسێنێ.

لەم بوارەشدا تورانس کەوتە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی بەراوردکاری لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ ژاپۆن بۆ دەرخستنی کاریگەریی ژینگە لەسەر داهێنان و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کــە ژینگەی ژاپۆن کــاریگەرییــەکی تایبــەتی لەســەر گەشەپێدان و برەودان بە داهێنان هەیە.

**ب/ بارودۆخی تایبەتی:**

کە ئەمەشیان پێوەندە بە مامۆستا و دایک و باوک و بەڕێوەبەر و قــوتابخـــانە و کــەســـانی دەوروبەر لە گەشەپێدانی توانستی داهێنان لەلای تاک، لەم بوارەشدا چەندان پێــوەری تایبــەتی هەیە کـە بەداخـەوە تەنهـا یەکـێکیـان کـوردی نییـە یان تەنانەت بۆ کـۆمـەڵگای کوردیش ناشگونجێ.

**تیۆرەکانی داهێنان**

بێگومــان زۆرن ئەو تیــۆرانەی بابەتی داهێنان ڕاڤــە دەکەن، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین کە ئەمانەن:

**– تیۆری هاوپێوەندی:**

بیـرمەندانی سەر بەم قـوتابخانەیە جەخت لەسـەر ئەوە

دەکەنەوە کە داهێنان دەرئەنجامێکە بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەکانی هاوپێوەندی بەشێوەیەکی بابەتیانە لە چەند پێکهاتەیەکی تازەدا کە لەگەڵ پێویستییە تایبەتییەکانی هەڵوێستیکدا پێکدەچن کە وەدیهێنەری ئامانجێکە لە پڕ کردنەوەی پێویستییەکاندا.

ئەم تیۆرە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەرچەند وێکچوون زیاتر بێت لە نێوان توخمەکاندا، ئەوە هاوپێوەندی زیاتر دەتوانێ ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی داهێناندا بگێڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە دووچاری کۆمەڵی توانج و ڕەخنە بووەوە و لە گرنگترین و بەناوبانگترین زاناکانی لایەنگیری ئەم تیۆرە (مدنک و مالتزمان)ن.

**– تیۆری ڕەفتاری:**

باوەڕدارانی سەر بەم قوتابخانەیە وای دەبینن کە داهێنان دەرئەنجامی دروست بوونی پێوەندییە لە نێوان ورووژێنەر و وەڵامدانەوەی داهێنەرانە، لەو باوەڕەدان کە وەڵامدانەوەی داهێنەرانە بەهاوکاری هاوپێوەندی دێتە بوون، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە تیۆری ڕەفتاری بۆ خۆی بەشێکە لە تیۆری هاوپێوەندی کە بەشەکەی دووەمیان تیۆری مەرجداری کرداری (سکینەرە).

هەرچی باڵی سێیەمی ئەم تیۆرەیە ئەوە تیۆری پرۆسە ناوەندییەکانی (ئۆزوکۆد)ە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی بەیەکەوە گرێدانی ورووژێنەر و وەڵامدانەوەی کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی لە دایک بوونی ڕەفتارێکی داهێنەرانە. ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەم تیۆرەش وەک تیۆرەکانی تر تووشی کۆمەڵێ ڕەخنە بووەوە و بەهۆی فەرامۆش کردنی بۆ ڕۆڵی کەسایەتی لە پرۆسەی داهێناندا.

**– تیۆری ئیدراکی:**

(فرتایر) لەوباوەڕەدا بوو کە داهێنان دێتە کایەوە و وەک دەرئەنجامێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتێکی یان کەمۆکوڕییەکی دیاریکراوەوە، هزری داهێنەرانە لە ناکاو وەک دەرئەنجامێک بۆ ئیدراکی ئەو هەڵوێستە دێتە ئاراوە.

بە کورتی ئەم تیۆرە لەو باوەڕەدایە کە داهێنان بەرهەمی تێگەیشتن و ئیدراکی گشتییە.

**– تیۆری شیتەڵکاری دەروونی:**

(کوبیە) کە نوێنەرایەتی ئەم قوتابخانەیە دەکات لە بواری داهێناندا لەو باوەڕەدایە کە داهێنان دەرئەنجامی چالاکییەکانی پێش نەستە بەپێی ئەم تیۆرە نەست دەبێتە هۆی ورووژاندن و هەست کاری ڕێککاری و باشترکردن و ڕەخنە گرتن و هەڵسەنگاندن بۆ بەدیار کەوتنی داهێنان دەگێڕێت.

باڵێکی تری ئەم تیۆرە کە (ئەلفرێد ئادلەر) نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام لە دواییدا بەیەکجاری لێی جیابووەوە و قوتابخانەی تاکایەتی دامەزراند، ئەو داهێنان دەگێڕێتەوە بۆ هەست کردنی مرۆڤ بە هەست کردن بە کەمێتی (الشعور بالنقص) لەم بوارەشدا ئادلە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤەکان هونەر و زانست و لایەنەکانی تری ژیانیان، بۆیە بەرهەمیان هێناوە تا هەست بە کەمێتی خۆیان پڕ بکەنەوە، بەڵام ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەی ئادلەر تووشی ڕەخنەیەکی یەکجار توند بووە، لەبەر ئەوە ئەگەر داهێنان دەرئەنجامی ناتەندروستی بێت لەلای تاک، ئەوە ئەگەر کەسی داهێنەر لە نەخۆشییەکەی چاک ببێتەوە، ئەوە یەکسەر واز لە داهێنان دەهێنێت.

**– تیۆری هۆکار و سیفات:**

گیلفۆرد لەوباوەڕەدایە کە هۆکارە ژیرییەکانی وەک ئامادەیی بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی داهێناندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارە کەسێتییەکانی وەک پاڵنەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی داهێناندا دەگێڕێت، بۆیە گیلفۆرد جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە داهێنان پێویستی بە پلەیەکی بەرزی زیرەکی هەیە.

## پێکهاتەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە

زۆرینەی توێژینەوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەران کۆمەڵێک توانستی ژیرانە دەگرنە خۆ کە دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئاماژەیان بۆ بکەین:

**یەکەم/ تەلاقەت:**

تەلاقەت لایەنی چەندایەتی لە پرۆسەی داهێنان دەگرێتە خۆی و مەبەست لێی چەندایەتی ئەو هزرانەیە کە فێرخواز دەتوانێت لەیەک کاتدا بیانخاتە ڕوو، هەروەک چۆن هزری داهێنەرانە بە گونجاوی لەگەڵ پێویستییەکانی ژینگەی واقعی دەناسرێتەوە، بۆیە پێویست دەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بیروبۆچوونی لە ناکاو و بێ سوود بەهیچ شێوەیەک بەهزری داهێنەرانە هەژمار ناکرێت.

**دووەم/ نەرمونیانی:**

نەرمونیانی (مرونەت) لایەنی چۆنایەتی لە پرۆسەی

داهێنان دەگرێتەوە کە مەبەست تێیدا هەمەچەشنەی ئەو هزرانەیە کە فێرخواز دەتوانێت لەیەک کاتدا بیخاتە ڕوو، هەروەک چۆن نەرمـونیـانـی ئامـاژەشـە بۆ پلەی توانای فێرخواز لە گۆڕینی هزرەکانی خۆیدا لەکاتی پێویستدا.

**سێیەم/ ڕەسەنایەتی:**

ڕەسـەنـایـەتی بریـتـیـیـە لە تازەگەرایی و دەگـمـەنی لە بیروبۆچوونەکانی فێرخوازی داهێنەردا، ئەمەش زۆربەی کـاتەکـان بەوە دێتـە بـوون کـە فـێـرخـواز بتـوانێ هزریک بهێنێتە کایەوە کە تازە بێت بە هزری ئەو کەسانەی لە گـەڵـیـانـدا دەژیت، کـەواتە ڕەسـەنـایـەتی بریـتـیـیـە لە توانستی فێرخواز لە بەرهەم هێنانی هزری ڕەسەن و تازە، یان بەلای کـەمـەوە بە چەمکە ژمـارەییـەکـەی لەناو ئەو گرووپەی کە تێیاندا دەژیت کەمتر دووبارە بووبێتەوە واتا هەتا پلەی دووبارەبوونەوەی هزرەکـان کـەمـتـر بێت پلەی ڕەسـەنـایـەتی زیاتر دەبێت، بۆیە دەتوانین فـێـرخـوازی داهێنەر بەوە جیا بکەینەوە کە دەتوانێ خۆی لە هزرە باو و کۆنەکان دوور بخاتەوە.

ڕەسەنایەتی لە تەلاقەت و میانڕەوی جیادەکرێتەوە بە:

١- ڕەسـەنـایـەتی ئامـاژە نیـیـە بۆ چەندایەتی هزرە داهێنراوەکانی فێرخواز، بەڵکو پشت بە بەهاو چۆنیەتی و نوێگەرایی ئەو هزرانە دەبەسـتـێ، ئەمـەش خـاڵـی جیابوونەوەی ڕەسەنایەتییە لە تەلاقەت.

٢- ڕەسـەنـایـەتی ئامـاژە نیـیـە بۆ ڕک لێـبـوونەوەی فـێـرخـواز لە دووبارە بوونەوەی وێناکـردن و هزرەکـانی کەسێـتی خـۆی، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ڕک بوونەوە لەوەی کـەسـانـی دی دووبارەی دەکـەنەوە، ئەمـەش خـاڵـی جیابوونەوەیەتی لەگەڵ نەرمونیانیدا.

**چوارەم/ تەواوکاری (درێژەپێدان):**

مەبەست لە درێژەپێدان یان تەواوکاری فراوان کردنی پێکهـاتەکـەیە لەسـەر بنەمـای زانیـاریی بەخـشـراو بۆ تەواوکردنی بینایەکی دیاریکراو لە هەموو لایەکانییەوە لە هەموو ئاراستەکانییەوە هەتا جوانتر و تەواوتر بێت، یاخود نواندنی توانستی فێرخوازە لە پێشکەش کردنی زیادکـراوی خـۆی بۆ هزرێکی دیاریکراو، هەروەک چۆن توانای خستنە ڕووی هزرێکی هەیە بەشێوەیەکی سانا و سادە.

### قۆناغەکانی پرۆسەی داهێنان

یەکـێک لە ئاڵۆزترین بابەتەکـانی بواری داهێنان ئەو مشـتـومـڕەیە کـە لەنێـوان توێژەران و پسـپـۆڕانی بواری داهێنان قۆناغەکانی داهێنانە.

(والاس و مـارکسـبـیـری) لەو باوەڕەدان کـە پرۆسـەی داهێنان بریتـیـیـە لە چەند قـۆناغـێکی جیـاواز کـە لە ناواخنیـانـدا هزرێکی تازەی داهێنەرانە دێتـە بوون کـە بەچوار قۆناغدا تێدەپەڕێ ئەویش ئەمانەن:

**١- قۆناغی ئامادەکاری**

لەم قـۆناغـەدا کـێشـەکـە دیاری دەکـرێت و لە هەمـوو لایەنەکـانییـەوە پشکنینی بۆ دەکـرێت لە دوای ئەوەش زانیـارییـەکانی لەبارەوە کۆ دەکرێتەوە و بە شـێـوازێکی جیـاوازتر پێکەوە دەبەسـترێن کە ببێتە هۆی دیارکردنی گرفتەکە.

لەم بوارەشدا توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو فێرخوازەی زیاترین کات تەرخان دەکات بۆ شیکردنەوەی سروشتی کێشەکان و پاشان هەنگاو دەنێ بە مەبەستی چارەسـەرکـردنیـان، زیاتر داهێنەرن لەوانەی یەکـسـەر هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەنێن.

**٢- قۆناغی لە باوەشگرتن**

قـۆناغـی ڕێکخسـتنە کـە تێـیـدا عـەقڵ لە هەمـوو ئەو ئاڵۆزیانە دەربـازی دەبێت کـە هیچ پێـوەندییـەکـیـان بە سروشتی کێشەکەوە نییە، کە ئەمەش تێگەیشـتنێکی ژیری- هەسـتی و نەسـتی- دەگـرێتـەوە و لە هەڵـمـژینی هەموو زانیارییەکانی هاوپێوەند بە سروشتی کێشەکەوە.

**٣- قۆناغی هەڵهاتن**

لەم قـۆناغـەدا تیـشکی داهێنان بەدیار دەکـەوێت، واتا ئەو ساتەیە کە تێیدا هزرێکی تازە لە دایک دەبێت، کە ئەویش بە دەوری خـۆی دەبێـتـە هۆی چارەسـەرکـردنی کێشـەکە، بۆیە ئەم قۆناغە بە قۆناغی کارکردنی ورد و یەکلاکەرەوەی عەقڵ لە پرۆسەی داهێناندا ناودەبرێت.

**٤- قۆناغی لێکۆڵینەوە (چاوپیاخشاندنەوە)**

لەم قۆناغەدا لەسەر فێرخوازی داهێنەر پێویست دەکات کە بەهزرە داهێنراوەکەی خۆیدا بچێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ تا چ ئاسـتێک بەسـوودە و ئاخۆ پێویستی بە چاکسـازی هەیە یا نا.

(ئالوسی) ١٩٨١ قـۆناغـەکـانی پرۆسـەی داهێنان دابەش دەکات بۆ:

١- قۆناغی هەست کردن بە کێشەکە.
٢- قۆناغی دیاریکردنی کێشە.
٣- قۆناغی گریمانە.
٤- قۆناغی لە دایک بوونی بەرهەمی ڕەسەن.
٥- قۆناغی بەرهەمی داهێنراو.

## داهێنان و زیرەکی

ئاڵۆزییەک لەبیروبۆچوونی زانایانی بواری دەروونناسی و پەروەردە لە بارەی پێـــوەندی زیرەکی بە پرۆســـەی داهێنانەوە هەیە. لەم بوارەشدا دوو بیروبۆچوون هەیە کە بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

یەکەم: داهێنان بە هەمـوو بوارە جیـاوازەکـانیـیـەوە، وێنەیەکـە لە وێنەکـانی زیرەکی گـشـتی تاک و داهێنان پرۆسـەیەکی ژیریـیە کـە هاوپێـوەندە بەزیرەکییـەوە، بۆیە لایەنگیـرانی ئەم تیـۆرە جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنـەوە کە ئەگـــەر مـــرۆڤ پلەیەکی زیرەکی دیاریکراوی نەبێت، ناتوانێت هیچ داهێنانێک ئەنجـــام بدات، بۆیە لەو باوەڕەدان کە توانستی تایبەتی بۆ داهێنان بوونی نییە.

دووەم: داهـێـنـــان لـە زیـرەکـی دابـڕاوە و هـیـچ پێوەندییەکیان لە نێواندا نییە، دوو جۆریش لە چالاکی ژیریی لەلای مرۆڤدا هەیە، بۆیە هەندێ جار فـێـرخـواز دەبینین لەگـەڵ ئەوەی هیچ پلەیەکی زیرەکی بەرزیشی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داهێنەرن و پێچوانەکەشی هەر ڕاســـتـــە. بەواتایەکی تر زیرەکی و داهێنان دوو توانســتی لەیەکـتـر دابڕاون و زۆرێک لە جیـاوازی لە نێوانیاندا هەیە.

لەم بـوارەشـدا توێژینەوەکـانی تایلۆر و توێژینەوەکـانی مـاکینۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێک پێوەر هەیە سـەرکـەوتوو نابێت لە دەسـتنیـشـان کـردنی فـێـرخـوازە داهێنەرەکـاندا، ئەوەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو پێـوەرانەی بە پلەیەکی زۆر جەخت لەسەر وەبیرهاتنەوە و بیرکردنەوە و لەیەکـتـر نزیک بوونەوە دەکـەن و پێـویســتـیــان بە دیاریکردنی یەک وەڵام هەیە کە زۆر بەکەمی ئەو لایەنانە دەپێوێت کە داهێنانی پێ دەناسرێتەوە.

توێژینەوە هاوچەرخـەکـان پێ لەسـەر بوونی نزیکە (١٢٠) پلەی زیرەکی لەلای فێرخوازی داهێنەر دادەگرن و لەوە کـەمـتر ئەسـتـەمە مرۆڤ بتـوانێ داهێنان ئەنجـام بدات، زۆرینەی توێژینەوەکـــانیـش ئامـــاژە بۆ بوونی جیاوازی لە نێوان پیاوان و ئافرەتان لە بواری داهێناندا دەکەن.

### داهێنان و سەرکەوتن لە بواری خوێندندا

توێژینەوەکـان ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـەن کـە پێـوەندیەکی لاواز لەنێـوان داهێنان و سـەرکـەوتن لە خـوێندندا هەیە، بەڵکو پێوەندییەکە لە هەندێ کاتدا دەگاتە ئاستی پلەی نێگەتیڤ. ئەمـەش مـانای وایە کـە ئاسـتی بەرز و نمرەی بەرز لە خـوێندندا مـەرجی بنەڕەتی نییـە بۆ بەئەنجـام گەیاندنی داهێنان، واتە چەسپاندنی ئەو ڕاستییەیە کە تورانس جـەخـتی لەسـەر دەکـاتەوە و دەڵێ فـێـربوونی زانیـــاری و توانای بەخـێـــرایی گـەڕاندنەوەی تاکـــە نیشانەیەک نییە بۆ داهێنان.

### ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ڕێگری لەبەردەم پرۆسەی داهێنان و هزری داهێنەرانەدا

توێژینەوەکانی بواری سایکۆلۆژیا و پەروەردە ئاماژە بۆ کـۆمـەڵێ هۆکـار دەکـەن کـە دەبنە هۆی ڕێگری لەبەردەم پرۆسـەی داهێناندا کـە دەتوانین بەم شـێـوەیەی خـوارەوە ئاماژەی بۆ بکەین:

١- کەموکورتی لە بواری توێژینەوەی تایبەت بە بواری داهێنانی زانستی:

کـــەمی توێژینەوەی تایبـــەت بە بواری داهێنان لە کوردستاندا بەتایبەت لە بوارە زانستییەکاندا لە ڕابردوو و لە ئێـسـتـاشـدا ڕۆڵێکی نێگەتیـڤی گـێـڕاوە لەسـەر فەرامۆش کردنی مامۆستایان بۆ گرنگیدان بە توانستە داهێنەرییـەکانی فێـرخوازەکـانیـان و سەرنەکـەوتنیـان لە مـــامـــەڵەکـردن لەگـەڵیـدا لەکـاتی هەست کـردن بە هەبوونیشی، بەڵام ئەم بارە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهانی گـــۆڕانکاری بەسـەردا هاتـووە، کـــەچی لە وڵاتە ناهۆشیارەکانی وەک خۆماندا تا ئەم ساتەش بودجەیەکی کـەمـیش نییـە تا ببـێـتـە هۆی پاڵنانی فـێـرخـوازان بۆ ئەنجامدانی داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا.

٢- وانەگوتنەوەی کلاسیکی:

جەخت کردنەوەی مامۆستا لە قوتابخانەکانماندا لەسەر هێمن دانیشتنی فێرخواز لەسەر کورسییەکەی خۆی و هەڵـمـژینی ئەو زانیـارییـەی لە جـێگەی خـۆیەوە وەک ئیـسـفـەنج بەسـەریدا دەخـوێندرێتـەوە، لە گـرنگتـرین ڕێگرییـەکـانی بەردەم داهێنان و گەشـەکردنی توانسـتی داهێنەرانەیە.

جگە لەوەش زۆرێک لە مامۆستایان لەو باوەڕەدان کە گەشەپێدانی توانستی داهێنەرانەی فێرخواز ئەرکێکی گـــرانە، بۆیە خـــۆیانی لێ دەدزنەوە. هەروەک چۆن ئەم قوتابخانەیەی کە توندوتیژی دژی قوتابی بەکاردەهێنێت و چاو سوورکردنەوە و خۆسەپاندنی تێدا باوە، لە زۆربەی کـاتەکـاندا کـەمـتـر بەرهەمی داهێنەرانە و بیـرکـردنەوەی داهێنەرانەی لێوە دێتە بەرهەم.

٣- تەواوکـــردنی بابەتی کـــتـــێب لەبەرامـــبـــەر تێگەیشتنیدا:

تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن لە زۆربەی کاتەکاندا ڕێگر دەبێت لەبەردەم کارکردنی مامۆستا بۆ گەشەپێدانی توانستی فێرخوازی داهێنەر، بەتایبەت کە خۆیان بەناچار دەزانن بۆ تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن، ئەوە لە کاتێکدا هیچ ئاماژەیەک لە ئەدەبیاتی پەروەردەدا نییە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکات تەواو کردنی بابەت یان پرۆگرامەکانی خوێندن مانای فێربوونی بێت، بۆیە لەسەر مامۆستای زیرەک و داهێنەر پێوستە ئەم ڕاستییە درک پێ بکات کە مامۆستای داهێنەر پرۆگرامی خوێندن تەواویش ناکات، بەڵام دەتوانێ ئەو بڕە زانیاریانەی کە فێری فێرخوازەکانی دەکات لە مێشکیاندا بیچەسپێنێ و بەسانایی لە یادیان نەچێتەوە، جگە لە کاریگەریی ئەم جۆرە فێربوونە لەسەر گەشەی تواناو بەهرەکانی فێرخوازان لە بواری داهێناندا.

٤- پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن:

توێژینەوە پێوانەییەکانی تایبەت بە پرۆگرامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پرۆگرامی خوێندنەکان لەلای ئێمەدا بەند نییە لەسەر بنەمای گەشەپێدانی داهێنان و توانستی داهێنەرانە.

ئەدەبیاتی پەروەردە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پرۆگرامەکانی خوێندن پێویست بەوە دەکات لەسەر بنەمای گەشەپێدانی توانستی داهێنەرانەی فێرخواز بێت، بۆیە لە ئەمڕۆدا زیاتر پێویستمان بە پرۆگرامی سەرکەوتوو هەیە کە هەلی زیاتر لەبەردەم گەشەسەندنی توانستی داهێنەرانەی فێرخواز دەڕەخسێنێ.

٥- ڕوانین بەرامبەر داهێنان:

هەندێک لە مامۆستایان لەو باوەڕەدان کە توانستە داهێنەرییەکانی فێرخواز بۆ ماوەیێ و ژینگەی فێرخواز کاریگەرییەکی کەمی لەسەر گەشەپێدانی ئەم توانستەدا هەیە، بۆیە لە ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان ڕوانینیان بۆی نێگەتیڤە و بەرامبەر بە داهێنان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕێگاکانی وانە وتنەوە و بابەتی یارمەتیدەر بە داهێنان نازانن، هەروەک چۆن ملکەچ کردن بۆ ڕوانین و پاڵەپەستوی هاوڕێ لەسەر فێرخوازی داهێنەر بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەریدا کاریگەریی لەسەر داهێنان هەیە.

٦- چەند هۆکارێکی تری هاوپێوەند بە سیستەمی پەروەردەیی:

أ/ فێرکردنی ئاراستە کراو، تەنها بۆ فێربوون و نمرەکە بنیات نراوە و لەسەر بنەمای وەبیرهاتنەوەیە.

ب/ تاقیکردنەوەی قوتابخانە و لایەنە لاوازەکانی.

ج/ بەکەم تەماشاکردنی پرسیارکردنی فێرخواز و دۆزینەوە (اکتشاف) کە زۆرجار بەسزادان لەلایەن مامۆستاوە پاداشت دەکرێت.

د/ فەلسەفەی پەروەردەیی باو لەناو کۆمەڵگادا و بەکەم تەماشاکردنی داهێنان.

چەند دەرئەنجامێکی گرنگی توێژینەوەکانی تایبەت بە داهێنان

١- هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی لەنێوان تەمەن و ڕەگەزیاندا، داهێنەرن تا ئاستێکی دیاریکراو، بە واتای ئەوەی کە توانستەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوونی لەلای هەموو فێرخوازان هەیە، هەرچەندە جیاوازیش لەنێوان تەمەن یان ڕەگەز یان نەتەوەیاندا هەبێ.

٢- فێرخوازان جیاوازیان لە ڕووی توانستە داهێنەراوەکانیانەوە هەیە، بۆیە لەکاتی دابەش بوونیاندا لەسەر هێڵی دابەش بوونی سروشتی، ئەوە بەشێوەیەکی ئاسایی دابەش دەبن.

٣- ژینگە کاریگەریی باڵای لەسەر گەشەکردنی توانستی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی داهێنان هەیە، بۆیە کاریگەریی لەسەر تەندروستی عەقڵی و توانستە داهێنەرەکانی فێرخواز هەیە.

*** قوتابی خوێندنی باڵایە لە زانکۆی سەلاحەدین.**

**- أبراهيم، عبدالستار (١٩٨٤)ثلاثة جوانب من التطور في دراسة الأبداع. الكويت: عالم الفكر، المجلد ١٥، العدد ٤.**
**- أبراهيم، عبدالستار (١٩٧٩) التوجه التربوي للمبدعين، مجلة العلوم الأجتماعية، جامعة الكويت، العدد ١.**
**- أبو زيد، أحمد (١٩٨٥) الظاهرة الأبداعية عالم الفكر، المجلد ١٥، العدد ٤.**
**- الألوسي، صائب أحمد (١٩٨٥) أساليب التربية المدرسية في تنمية قدرات التفكير الأبتكاري. رسالة الخليج العربي، المجلد ٥، العدد ١٥.**
**- تورانس، بول أ. (١٩٨٠) دروس الموهبة و الأبتكار تتعلمها من أمة ذات ١١٥ مليون فائقي الأنجاز. ترجمة عبدالله محمود سليمان. مجلة العلوم الأجتماعية، جامعة الكويت، المجلد ١٥، العدد ٣.**
**- خيرالله، سيد (١٩٨١) أختبار القدرة على التفكير الأبتكاري (بحوث نفسية و تربوية) دار النهضة.**
**- خيرالله، سيد (ب. ت.) قائمة السمات الشخصية المبتكرة (بحوث نفسية و تربوية). دار النهضة.**

# مرۆڤی حەماسی و مرۆڤی تراژیک

عەلی محەمەد حەقشناس
لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

**پێشکەوت و گۆڕانکاری**

حەوجێی بە گوتن نییە کە تەواوی کۆمەڵگاکان خوازیاری پێشکەوتنن، شتێکیش کە بۆ پێشکەوتن پێویستە ملدان بە گۆڕانکارییە: هەتاکو ئێمە نەمانەوێ لەوەی کە هەین تێپەڕین، قەت ناتوانین بگەینە شتێک کە ویستی لە مێژینەمانە، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەگەر هێندێک لە کاری کۆمەڵگا جیاوازەکان وردبینەوە بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو کۆمەڵگاکان بە یەک ڕادە خوازیاری ئاڵوگۆڕنین، تەنانەت ئەگەر هەموانیش ئارەزووی ئاڵوگۆڕیان بێ، بۆمان دەردەکەوێ کە بەگشتی ئەو کۆمەڵگایانەی بە پێشکەوتوو یا پەرە ئەستاندوو ناسراون، هاسانتر مل دەدەنە بەر ئاڵوگۆڕ، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی ڕوو لە پێشکەوت و پەرەئەستاندنن بە هاسانی ناچنە ژێر باری ئاڵوگۆڕەوە، ئەگەریش ئاڵوگۆڕ بە زۆرەملێ و بە پێی زەروورەت بەسەریاندا بسەپێن ڕەنگە مل بادەن و دژی بوەستن. ڕازی ئەو جیاوازییە لە چیدایە؟ ئەوە چ سوڕێک لە مابەیندایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە کۆمەڵگاکان ئاڵوگۆڕ بە دڵێکی ئاوەڵاوە وەرگرن و تاقمێکیش لە بەرانبەریدا هەڵوێست بگرن و تەنانەت ئەو دەمەی تینووی پێشکەوتنیشن، هەر لێی لە پاشەکشەبن؟![....]

من دەڵێم ڕازی ئەو جیاوازییە لەوەدایە کە خەڵکی کۆمەڵگا ڕوو لە پێشکەوتەکان، خەڵکێکی حەماسین و خەڵکی حەماسیش تابشتی ئاڵوگۆڕیان نییە. بۆچی؟ چونکو پاڵیان داوە بە ئوستوورە کۆنەکانەوە و پێشیان وایە ئەوان بەرپرسی پاراستنی ئەو ئەمانەتە کۆنە

نەتەوەییەن، هەربۆیە ئامادەن دەست لە پێشکەوت کە هەقی خۆیانە هەڵگرن و وەفاداری نەریتی ڕابردوو و پێشینیان بن، بەڵام لەوەها سەردەمێکا خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو ئاوا بیر ناکەنەوە، ئەوان خەڵکێکی تراژیکن، خەڵکی تراژیکیش لە ئوستوورەکان هەڵبڕاون و ئیتر لە بەرانبەر ئەو ئوستوورانەدا خۆیان بە بەرپرس نازانن و پێشیان وانییە کە ئەوان بەرپرسی پاراستنیان بن. ئەوان کەسانێکن کە لەخۆیانەوە دەست پێدەکەن، چونکو هەر بۆ خۆیان قارەمانی تراژیدیاکانی خۆیانن، کەوایە خوداوەندی حەیات و هەستی خۆشیانن. ئەوەش ڕاست بە پێچەوانەی خەڵکی حەماسییە، [چۆن خەڵکی حەماسی] بۆ خۆیان قارەمانی حەماسەکانی خۆیان نین، کەواتە خوداوەندی ژیانی خۆیان نین، چونکو قارەمانی ئەوان کەسایەتییە ئوستوورەییەکانە. کەواتە خەڵکی تراژیدیک پشتیان بە ڕابردوو نەبەستووە، هەر بەو هۆیەشە کە ئیتر پێمل نابن بەشی خۆیان بە ڕابردووان بدەن، بەڵکو دەیان هەوێ تەقڵە کوت بەرەو پێش ڕاکەن و هەڵبەت هەر واش دەکەن.

لێرەدا وا باشە بەر لەوەی کە زیاتر بچینە ناخی ئەو باسەوە وەڵامی دوو پرسیارە بدەینەوە: یەکیان ئەوەی کە ئاخۆ هەر بە ڕاست کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان زووتر لە ئاست گۆڕانکاریدا خۆ بە دەستەوە دەدەن و وڵاتە دواکەوتووەکانیش درەنگتر؟ دوامینیش ئەوەی کە مەبەست لە حەماسە و تراژیدیا لەو نووسراوەیەدا چییە؟

## ڕەوتی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگاکاندا

ئەگەر وەک نموونە وڵاتی ئێران لەگەڵ وڵاتی ئینگلیس هەڵبسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای یەکەمدا زۆر کەمترە لە کۆمەڵگای دووەم؛ بۆ وێنە لە بواری زماندا هەروەک دەزانین لە ئێران، بەدرێژایی ئەو هەزار ساڵەی سەردەمی ئێمەی لەگەڵ زمانی فیردەوسی لێک دوور خستۆتەوە، زمان ئەوەندەی ئاڵوگۆڕ بەسەردانەهاتووە کە وای لێبێ ئیتر ئێمە نەتوانین شیعری فیردەوسی و بەرهەمی هاو زەمانەکانی ئەو بخوێنینەوە و تێی بگەین. [بەڵام ئەو بابەتە لە ئینگلیس] وانییە، لەوێ زمانی ئینگلیسی تەنیا لەماوەی سێ سەد و پەنجا ساڵ دوای شکسپیر ئەوەندەی ئاڵوگۆڕ بەسەردا هاتووە کە ئیتر ئەمڕۆکە هیچ ئینگلیسی زان و ئینگلیسی زمانێک ناتوانێ بە بێ یارمەتی مامۆستا و دەرس و کتێب، شیعرەکانی ئەو شاعیرە نەتەوەییەی ئەوێ بخوێنێتەوە و ڕاستەوخۆ تێی بگا.

ئەو جیاوازییە تەنیا بە زمانی ئەو دوو کۆمەڵگایەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو پەل دەهاوێژێتە بوارەکانی تریشەوە، بۆ وێنە لە بواری بیناسازیدا [ئەو باسە وەڕاست دەگەڕێ]... بیناسازی ئینگلستان هەر لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە چەندین و چەندجار شێوازی گۆڕیوە و لە شێوازی تیۆدۆرەوە گەیشتۆتە شێوازی نیو کلاسیک و دواتر شێوازی چاخەکانی جۆرج و ڤیکتۆریای تێپەڕاندووە و ئێستاکە ڕێی کردۆتە چەندین شێوەی مۆدێرنەوە، بەڵام بیناسازی سوننەتی ئێران لە درێژایی هەزار و چەند سەد ساڵی ڕابردوودا، واتە لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا سەرەتای چاخی نوێخوازی ئێستا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە ئەگەر ڕەنگاوڕەنگیەکیش لە بیناسازی ڕەسەنی ئێراندا دەبیندرێ ئەو ڕەنگاوڕەنگییە هی [ناوچە] جوگرافییەکانی ئێرانە و باری مێژوویی نییە. ئەو هەموو مزگەوت و بازاڕ و عەمباری ئاو و کاروانسەرا و حەمامەی لە ئێراندایە، کە هەر کام لە تەرح و نەخشەیەکی دیاریکراو و هەر ماودا و بە ئەندازەی گەورە و بچووکەوە دووپات دەبنەوە و هەمووان ڕاستی ئەو داوایە دەسەلمێنن.

هەر بەو شێوەیە، هەر کام لە ئایین و دابونەریتەکانی تری ئەو دوو کۆمەڵگایە لەبەرچاو بگرین و نموودەکانیان لەو دوو کۆمەڵگایەدا پێکەوە هەڵسەنگێنین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە فلان ئایین، یان دابونەریت لە کۆمەڵگایەکیاندا بەردەوام ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لەوی تریاندا هەروا مەند و وێستاو ماوەتەوە. جا ئەو ئایین و دابونەریتە چ هی بنەماڵە و زەماوەند و لە دایکبوون و پەروەردە و کەسپ بێ و چ هی ئەدەبیات و مەزەب و حکومەت و ئابووری و شەڕ و ئاشتی بێ. لە تێکڕای ئەو بەشانەدا بە جوانی دەردەکەوێ کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ لە یەکێ لەو کۆمەڵگایانەدا خێرا و گورجە و لەویتریاندا هێدی و لەسەرخۆیە.

جا ئەگەر سێبەری ئەو هەڵسەنگاندنە بەربڵاوتر کەینەوە و وەسەر کۆمەڵگاکانی تریشی بکێشین [...] دیسان دەردەکەوێ هەر ئەو جیاوازییە لە مابەین دوو گرووپی کۆمەڵگای پێشکەوتووی وەکو فەرانسە و ئەڵمان و وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای

ڕووبەپێشکەوت وەک میسر و هیند و ئەمریکای لاتیندا دەقاودەق هەیە. تەنیا بابەتێکی جێی ئاماژە ئەوەیە کە لە سەردەمی نوێدا و هاوڕێ دەگەڵ پەرەئەستاندنی شۆڕشە نوێخوازییەکان لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا، بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێران ئەو درزەی لە مابەیندایە کەمتر دەبێتەوە و جیاوازییەکە ڕەنگە لاوازتر بێ، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیەش بە هیچ کلۆجێ نابێتە هۆی ڕەت بوونەوە و پووچەڵ بوونەوەی گوتەکانی پێشوو، بەڵکو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤە حیماسییەکان، کە خۆیان بەسەر کۆمەڵگا سوننەتین، وردە وردە خەریکە ڕەنگ دەدۆڕێن و هێور هێور لەژێر دەسەڵاتی ئوستوورەکان دەرباز دەبن و دێنەدەرێ، هەنگاو هەنگاو خۆیان لە مرۆڤی تراژیک، کە سەر بە کۆمەڵگای پێشکەوتووە، نزیک و نزیکتر دەکەنەوە. کورتی ببڕینەوە و بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان و بزانین مەبەست لە حەماسە و تراژیدی لێرەدا چییە.

**حەماسە و ئوستوورە**

حەماسە بەو مەبەستەی کە لێرەدا دەکار کراوە، بریتییە لە ڕەوایەتێکی تیف تیفەدراوی ڕێکوپێک و ڕێسامەند، پێک هاتوو لە تێکڕا، یا بەشێکی ئوستوورەکانی گەلێک، یا چەند گەل کە بە هۆگەلی مێژوویی و جوگرافیایی لە چارەنووسی نەتەوەیی و ژیانی مێژوویی خۆیاندا شەریک و هاوڕێ و هاوبەشن. هەڵبەت وەها ڕەوایەتێک بۆی هەیە بە دەست بگێڕەوەکەی دەگەڵ ئەفسانە، حەقایەت، بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکان، تەنانەت ڕووداو و بیرەوەری تاکە کەسی و بەسەرهات و ڕووداوە زەقەکانی مێژوویی ئاوێتەبێ، بەڵام تێکڕای ئەوانە وەک ماکە لاوەکییەکانی حەماسە دەناسرێن و لە پاڵ ئوستوورەدا ماکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی حەماسە پێک دێنن و ڕۆڵێکی بایەخی لاوەکی دەگێڕن.

خۆ دیاریشە کە حەماسە بەو پێناسەیەوە، دیاردەیەکی زەمانمەندە کە لە چاخێکی تایبەتی مێژووی گەلێک یا تاقمێ لە گەلانی هاوچارەنووس بەدی دێ. کاتی سەرهەڵدانی حەماسە بێ ئەملاو ئەولا چارەنووس ساز و گرینگە و لەو کاتەدا تێکڕای شوناس یا هەموو بوونی خەڵکێک کە حەماسەکە هی ئەوانە، سەرلەنوێ دەخرێتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و بەراوردەوە، جا یا ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ یا ڕەنگە تەفروتووناش بێ. کەواتە هەرماکەی زەمانمەندبوونی حەماسە دەبێتە خاڵێکی جیاوازی لەگەڵ ئوستوورە. [دەتوانین حەماسە هەر بەو تایبەتمەندی زەمانمەند بوونەیەوە لە ئوستوورە هەڵاوێرین].

خۆ دیارە حەماسە بەو واتایەی کە لێرەدا بۆی لێک دراوەتەوە، ڕەوایەتێکە کە بگێڕەوەی دیاریکراو و ناسراوی هەیە، بەڵام بێ گومان ئەو بگێڕەوەیە بەدیهێنەری ئەو ئوستوورانە نییە کە دوای تیف تیفەدان و ڕاست و ڕێک کردنیان بەرهەمی حیماسی خۆی بەدی دێنێ، هەروەها بەدیهێنەری ئەو ئەفسانە و حەقایەت و ماکە لاوەکییانە نییە کە لە بەرهەمەکەیدا دەکاریان دەکا. کەوایە دەتوانین حەماسە بەو تایبەتمەندیانەوە لە ئوستوورە واتە گەوهەری سەرەکی خۆی، جیاکەینەوە، چونکو ئوستوورە هیچ بەدیهێنەرێکی دیار و ناسراوی نییە.

بەڵام ئێمە ناتوانین پلەی حەماسە لەنیزامی کۆمەڵگایەکدا بناسین و شوێنی بەشکۆی ئەو لە ژیان و مێژووی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەدا دەستنیشان بکەین، مەگەر ئەوەی کە ئوستوورەمان بە باشی و ڕوونی ناسیبێ، ئوستوورەش حەقایەتێکی نەتەوەیی، یا بەکۆمەڵە، کە لە هیچ زەمانێکی دیاریکراودا پێک نەهاتووە و هیچ بەدیهێنەر و خاڵقێکی تایبەتی نییە، بەڵکو بەدەستی نەوە یەک لە دوا یەکەکانی گەلێک وردە وردە لە کڵێ ئەزموونە بەردەوامەکانی ئەو نەتەوەیەدا هاتۆتەدەر و کەم کەم ڕاست و ڕێک کراوە خۆیشی چۆڕاوگەی هزری نەتەوەییە، هزرێک لە بەستێنی ئاکار و ڕێوڕەسمی ڕۆژگار و پلەی مرۆڤ و بەگشتی تێکڕای جیهان و... هزرێک بە تەمەنتر لە سنوورەکانی مێژوو و دوورە دەست وەک ڕابردووی دووری مرۆڤ، بێ سنووریش وەک دەروونی ئینسان، هەر لەبەر ئەو هۆیانەشە کە تواناییەکی نەناسراوی تێدا حەشارە و [ئەو تواناییەش] خەڵکی ڕادەپەڕێنێ بێ ئەوەی خۆیان ئاگا بکەن بەرەو شوێنێکیان دەبا کە خۆیان نایناسن و کاری واشیان پێدەکا خۆیان ناتوانن داکۆکی لێ بکەن. ئوستوورە درەوشانەوەی ناخۆ ئاگای ویژدانی ناو شار و نەتەوەیی مرۆڤە کە لە چوارچێوەی حەکایەتێکدا جێگیر بووە. هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ بوون و شوناسی نەتەوەیەک دەکەوێتە مەترسی، یا لەگەڵ پرسیار و قەیران دەستەوئێخە دەبێ، بۆی هەیە کەسێک- ڕەنگە بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ- ڕاپەڕێ و دەستی نیاز بەرەو هزری بێ زەمانی گەلی خۆی درێژبکا و وەک فیردەوسی بە

هیممەتەوە کاری تیف تیفەدان و ڕاست و ڕێک کردنی ئوستوورەکان لە قاڵبی بەرهەمێکی حیماسیدا ڕاپەڕێنێ، هەتاکــو لەو ڕێیــەوە بوار بۆ وەخــەبەرهێنانی ویژدانی بەکۆمەڵی نەتەوەیی خۆی بڕەخسێنێ و گەلی خۆی بۆ بەربەرەکانی لە ئاست مـەترسـیدا ڕاپەڕێنێ. شـانامـە، مهابهاراتا، گیل گەمیش، ئیلیاد و ئۆدیسە و بەهەشتی ونبوو و... لەو شێوە بەرهەمانەن.[...]

**تراژیدیا و تەنیایی**

تراژیدیاش بەو مانایەی لێرەدا بۆی لەبەر چاوگیراوە، باسی خـەفـەت و تـەنیـایی مـرۆڤـێکی تەریکە کـە لە ئوستـووره نەتەوەییـەکـانی خۆی هەڵبـڕاوە و بە تـەنیـا ڕێیـەکی گرتۆتە بەر کە خۆی بە باشی زانیوە، بەتەمای ئەوەی کە لەو ڕێیەوە کەسێک لەخۆی سازبکا کە دڵی دەیهـەوێ. وەها بەسـەرهاتێک بێگومـان لە قـووڵایی ئوستـووره نەتەوەییـەکـانەوە سـەرچاوە ناگـرێ، چونکو خـوویەکی دژ بەوانی هەیە، ئەگـەر [ئەو خـەسڵـەتە] نیـشـانەی سـەرچڵ بوونی کـەسێک لە ئاست ئوستـووره نەتەوەییەکانیشدا نەبێ، لانی کەم نیشـاندەری ویستی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ئەو کەسە و دابڕن نەبوونی بەو ئوسـتـــوورانەوەیە. کــەواتە ســەرچاوەی وەها بەســەرهاتێک بێ ئەمــلاوئەولا زەینی تاک خــوازی بگێڕەوەیە کە ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە، بە واتایەکی تر بـگێـــڕەوەی هـەر تراژیدیـایەک بـەدیهـــێـنەر و دامەزرێنەریشێتی.

ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە تراژیدیا چۆڕاوگەی هزری تاکە کەسییە لە ئاست هزری نەتەوەییدا، یان لانی کەم هەڵدانی هەوڵی کەسێکی سەربەخۆیە و ڕاگەیاندنی جیاو تاکەکەسی ئەوە. جا چونکو ئەو کەسە زەمانمەندە لەگەڵ کو لە گەلی خۆی دوور کەوتەوە لێی هەڵدەبڕێ، تەنیا بەرتەسک و ناسک و... دەبێ، چونکو تەنیا گەلی ئەوە کە بێ زەمانە، لەبەر لەمێژووەوە دەست پێدەکا تا داهـاتـوویـەکـی دوور و نـادیـار درێـــژەی دەبـێ. دوورکەوتنەوەی تاکەکەس لە گەلی خۆی هەم لەکات و هەم لە شوێندا وەڕاست دەگەڕێ. هەر بۆیە لە تراژیدیادا ناوەند، پەراوێز، تەرحی چیــرۆک و کــاتی ڕوودانی کارەساتەکان هەمووان گرینگن.

دوای ئەو باسانە بە ساکاری دێینە سەر ئەو ڕایە کە قــارەمــانی تراژیدیا «لە خــۆیەوە دەست پێـدەکــا، بەسەرهاتی خۆی مێژووەکەیەتی و ئەو شتانەی فێریان بووە و تەجرەبەی کردوون ئوستوورەی ئەون. هەر لەبەر ئەوەشـە کـە تەنیـا بوونی وەها کـەسێـک و تەنیـا بوونی بەسەرهات و ئەزموون و فێربوونەکانی ئەو، کیفایەتە بۆ ڕەتکردنەوەی گـەلەکـەی، هەر بۆیەشـە کـە قـارەمـانی تراژیک، ئەگەرچی خۆشەویستە، بەڵام بەهیچ کلۆجێ بۆ چاوپۆشی و لێخـۆشبـوون نابێ: خـۆشەویستـە، چونکو نیشانەی ڕووحی سەرچڵی مرۆڤ و مەکۆی درەوشانەوەی ئیختیاری جەبرشکێنی ئەوە و گۆڕەپانی بیرو ئەندێشەی بەکار و بەهرەی ئینسانە. بۆ لێخۆشبوونیش نابێ چونکو وجوودەکەی ڕەتکردنەوەی ڕووحی نەتەوەیی و کەونارایی مـرۆڤـە، ڕەت کردنەوەی جەبر و زۆرە ملی مێـژوویـیە و بەتاڵ و پووچەڵکردنەوەی زەروورەتی یەخسیربوونی تاکە کەسە لە ئاست ویستی بە کۆمەڵ و لە هزری نەتەوەییدا.

جـا ئەگــەر ئێــمــە لەلایەک فـەرهاد و مــەجنون و ڕۆمـیـۆوەکـانی ئەوانمان خۆش دەوێ و لەلایەکی تریشـەوە بەبێ ئەوەی ئاگـامـان لێـبێ تێکڕای ئەوانە مـەحکووم بەشکست و مەرگ و لەنێوچوون دەکەین، هەر بەو هۆیەیە کە باس کرا.

دیسـانەوە دوای شـەن و کـەوی ئەو باسانە بەسـاکـاری دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایانەی کە شێوازی تراژیدیا لە ئەدەبەکـەیاندا وەک شـێـوەیەکی بالادەستی لێـهـاتووە، ماوەتەوە و نەمـانەوێ ڕووحی تراژیکیش خـزاوەتە لەشی مرۆڤەکانیانەوە. ڕووحی تراژیکیش یانی ڕووحی یاغی و جەبرشکێن، خۆ نیشـاندان و هزری تاکەکەسی و گەلاڵە دارشتن و بـڕیاردان و کــــردەوە، بەپێـی ئەو بـابەتـانـە، تێکڕای ئەوانەش مـەبەستی کـۆتایی چاخی ئوستـووره و هزری گـشـتی دەسـەلمێنن. ئەوەش بە مـانـای خۆیابـوونی مـــرۆڤی تراژیک و ئاوابوونی مـرۆڤی حـیـمــاسی لەو کۆمەڵگایانەدایە. ئەوەش هەر ڕاست شتێکە جارێک لە یۆنان هاتە ئارا. ئەویش ساڵەها دوای چاخی ئوستـووره باوەڕی هومـێـری بوو، یەک دوو سـەدەش دەوامی هێناو دواتر هەر ئەوە لە ڕۆم درێژەی پەیدا کـرد، مـاوەیەکـیش لەوێ بەردەوام بوو، دواتر ئەو بارودۆخە لەکۆتایی سەدەی دووەمـدا، یا سـەرەتای سـەدەی سێـیـەمی زایینی لەوێش کـۆتایی پێـهـات و دیسـانەوە دوای چاخی سـەرهەڵدانی نوێ لە ئەورووپادا، دەسـتی پێکردەوە، ئەم جـارەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤی تەوەری نوێ.

**مرۆڤی حەماسی**

بەپێی ئەو شتانەی تا ئێستا گوتوومانە، دەتوانین مرۆڤی حەماسی ئاوا پێناسە بکەین کە: ئینسانێکە کەونارا و پێشینەی مێژوو تێدەپەڕێ و بۆ بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە، ڕیشەی لە ئوستوورەکاندایە، لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ و گوێ لە مستی ئەوانیشە.

مرۆڤێکی ئاوا تەنیا نییە قەتیش بەتەنیا نامێنێتەوە، چونکو لە کۆمەڵێکی لە حیساب نەهاتووی مرۆڤە هاو ڕەگەزەکاندا دووپات دەبێتەوە، بەرتەسک نییە، چونکو بە بەربنایی مێژوو و جوگرافیای گەلەکەیەتی و ناترسێ، چون پشتی بە ڕۆستەمێک ئەستووره و لەلای جەمشیدێک جێی خۆش کردووە، ئەوانەش درندەکان دەتارێنن و دێوەکان دەستبەسەر دەکەن. مرۆڤێکی ئاوا لە ڕابردوویەکی دوورەوە دەست پێدەکا و هەتا هەنووکەش لە هەمان ڕابردوودا دەمێنێتەوە. لە داهاتووشدا هەر لەو ڕابردووەیدا دەژی و قەت لە ئێستا و داهاتوودا هەناسە هەڵناکێشێ، چونکو هەرگیز لە ڕابردوو تێناپەڕێ. مرۆڤی ئاوا هەم فرەزانە و هەم بەرێز و شکۆ، چون هەم زانستی نەتەوەیی لە دڵدایە و هەم هزری زەمان ئاوێتەی خوێنیەتی، بەڵام ئیتر نە بیردەکاتەوە و نە ئەزموون دەکا. چون نە مەبەستی نوێبوونەوەی هەیە و نە هەوای نوێخوازی لە کەللەی دەدا. ئەو ئەمینداری ڕابردوو پاسەوانی نەریتەکانە. ئینسانێکی ئاوا تەنانەت ئەگەرشتی نوێش ببینێ نایناسێتەوە و ئەگەریش بیناسێ تاقەتی ناهێنێ، چون نوێبوونەوە پێویستی بەئاڵوگۆڕ هەیە و ئەوەش نە لەگەڵ ڕابردوو یەک دەگرنەوە و نە دەگەڵ ئوستوورەوە نەریتەکان ئاویان دەچێتە تاوەڕیەکەوە. بیرکردنەوە، ئەزموون و نوێبوونەوەی زایەڵەی تێپەڕین لە ڕابردوو ئوستوورەی لێ بەرز دەبێتەوە، ئەوەش هاوواتایە دەگەڵ جیابوونەوە و تەنیایی، مرۆڤی حەماسیش نە وەرەی جیایی هەیە و نە جەرگی تەنیایی.

مرۆڤی حەماسی خۆی بەدیهێنەری چیرۆک و ئەفسانە و ئوستوورەکانی خۆی نییە و وەک قارەمانیش هیچ ڕۆڵێکی وا ناگێڕێ، چون ئەوەی لە ئوستووره و ئەفسانە و چیرۆکەکانیدا ڕوو دەدا، هەمووان گەورەتر و قارەمانانەتر لەوەن کە ئەو بتوانێ ڕایانپەڕێنێ، دەجا پێی وایە نابێ لە خۆڕاوە خۆی بخاتە دەردی سەرەوە. قارەمانەکانی ئەو کە هەموو سەر بە ئوستووره و ئەفسانە و چیرۆکە نەتەوەییەکانن، یا پاشا و پاڵەوان و شەرکەرن کە لەگەڵ دێو و درنج غەوارە و شەیاتین دەستە و ئێخەدەبن هەتا مرۆڤی حەماسی ڕزگار کەن، یا پەلەوەر و ماسی و کەڵ و شێرن کە پێک هەڵدەپرژێن. مرۆڤی حەماسەکان لە بەستێنی ئوستووره و ئەفسانە و چیرۆکە نەتەوایەتییەکاندا تەنیا وەرگر و بینەرە و هیچی تر. لەو ئاستەشدا هەر لەسەر ئەو بڕوایە سوورە کە قارەمانەکانی بێ ئەملا و ئەولا سەرکەوتووانە لە جەرگەی شەڕ دێنەدەر. تەنانەت ئەو دەمەی دەچێتە شەڕی کەسانێکی خۆیی وەک ئیسفەندیار و زۆراب و سیاوەشیش.. هەر سەرکەوتووە. مرۆڤی حەماسی هیچ کەم و کەسرییەکی نییە تا بە هیوای چارەسەر کردنی، چکۆلەیی قەبووڵ کا یان بەلاڕێدا بڕوا، ئاخر مەگەر هاوڕێی لەگەڵ هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێک خەیانەت کردن نییە بە ئەمانەتی کۆن و لەمێژینە؟ دەی خۆ پێشکەوتنیش هەر نوێخوازییە و بیلعەتیشی پێدەڵێن. کەواتە ئەو شتە خاوێنە هەر قابیلی مرۆڤی تراژیکە و لێی مەبارەک بێ.

**مرۆڤی تراژیک**

مرۆڤی تراژیک کەسێکی نوێیە کە لە ئێستاوە دەست پێدەکا و بە پەلە دەگاتە داهاتوو، لە داهاتوودا لە ڕابردوود دەگەڕێ، چون ڕابردوو تەنیا ئاواتێکی ئەو بووە کە وەدیهاتنی خستۆتە داهاتووەوە. مرۆڤێکی ئاوا بە تەنیا و تەریکە، چون لەگەڵ تێکڕای خەڵکی دەوروبەری جیاوازی هەیە. هەر ئەو جیاوازییەشە کە عەینی زاتی ئەو پێک دێنێ. زاتی وەها مرۆڤێک لەگەڵ تێکڕای هەستی لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە.

مرۆڤێکی ئاوا مەودای چالاکی بەرتەسکە. هەم لەکات و هەم لە شوێندا ئەو تەنگەژەبوون و بەرتەسکییە خۆ دەنوێنێ. چونکو زەمان دوای لە دایک بوونی دەست پێدەکا و دوای مردنیشی کۆتایی پێدێ و لە شوێنیشدا لە دراوسێی دەستە چەپییەوە دەست پێدەکا و بە دراوسێی دەستە ڕاستی کۆتایی پێ دێ. مرۆڤی تراژیک دەترسێ، چونکو بە تەنیایە، ئەگەریش لێی بقەومێ کەس بەهانایەوە نایە، ئەگەر لەسەدان چڕ و هەڵەموت و کوێرەوەری و تەنگانەدا پشووی ببڕێ و لەکارکەوێ، هەردەبێ خۆی، خۆی ڕزگار کا. مرۆڤی تراژیک بۆ هەمیشە چاوی لە داهاتوویەک کە یەستا بوونی نییە، بەڵام هەر ئەو نەبوونە دەیکاتە موڵکی ئەو. ئەوە ئەرکی

سەرشانی ئەوە (داهاتوو) بەو شێوەیەی کە مەبەستێتی سازبکا. مرۆڤی تراژیک ڕێگای گەیشتن بە ڕابردووش هەر لە داهاتوودا دەبینێ. وابیردەکاتەوە کە ئەگەر دەستی بگاتە داهاتوو، ئەوسا دەتوانێ ڕابردووش داگیرکا. ئەودەم دەتوانێ ببێتە خاوەنی بەرهەمەکانی ڕابردوو دیواری ماڵی داهاتووی پێ برازێنێتەوە و مۆزەخانەکانی داهاتووی پێ ئاوەدان بکاتەوە. مرۆڤی تراژیک ڕیشەی لە ڕابردوودا نییە، کەواتە نایەوێ بیپارێزێ، تەنیا هێرش دەباتە سەر ڕابردوو تا ئەوەی بە دڵیەتی لەگەڵ خۆی بەرێ. مرۆڤی تراژیک کەونارا نییە، کۆنینەناسە.

سەرەڕای ئەوانە مرۆڤی تراژیک لە بەستێنی ئەدەبیشدا هەر خۆی بەدیهێنەری چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامەکانە، هەروەها خۆیشی قارەمانی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەیە، ئەو تەنیا بینەری ڕووداوەکان نییە، بەڵکو ئەکتەر و بەدیهێنەریانە، هەڵبەت ناشزانێ کە ئاخۆ لەو ڕووداوانەدا ڕۆڵی خۆی بە باشی دەگێڕێ، یان ناو و بە سلامەت لەو جەنگەیە دەرباز دەبێ، یا خێر. ناشزانی کە ئاخۆ دەگاتە مەبەست، یا ناگاتێ، مرۆڤی تراژیدیاکان تەنیایە، بە تەنیا لە دایک دەبێ و بە تەنیا دەژی و بە تەنیا دەمرێ.

بەڵێ مرۆڤی تراژیک تەنیایە، بەڵام هەر ئەو تەنیاییە ئازادی و وجوودی ئەویشە، هەربۆیە جاری وایە تاقەتی ئازادییەکەی، واتە تەنیایی، یانی خۆی، ناهێنێ و لێی دەسڵەمێتەوە و ڕادەکا و خۆ بە ئامێزی ئوستوورەکاندادەکا و لەوێ دەستەوداوێنی کەسێ دەبێ، جا ڕەنگە ئەوکەسە ئەسکەندەری زەمان بێت، یا ستالینی جیهان، یا هیتلەری بێ ویژدان، ئەگەر ئەوانەشی پێ نەکرا پەنادەباتە بەر شەراب و تریاک و پاڵی لێ دەداتەوە هەتا تەنیایی لەبیری بچێتەوە، بەڵام وەها شتێک زەمانێ ڕوودەدا کە مرۆڤی تراژیک خەریکی دارەدارەیە، لە ڕێی بیرو ئەندێشە و ئەزموونەوە بۆی ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو تەنیاییە ئەو لێی هەڵدێ، عەینی ئازادییەتی و ئازادییەکەی عەینی هەستییەتی و هەستیش بۆوە نابێ بەدەم- با-ی دادەی.

**سەرچاوە: آدینة، شماره ۲۰، تهران ۱۳۷۸.**

# تەمەنناکردنی مەرگ لەنێو گوتاری کۆمەڵایەتی کوردیدا

دیار عەزیز شەریف

چەمکی مــــەرگــــدۆســــتی یەکــــێکە لەو چەمکە کــولتــووریانەی کــە لە ســایەیەوە دیوێکی گــەورەی ئەو ڕاســتــیــیــە کــۆمــەڵایەتیــیە دەبــینین کــە بە واقــیعــی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی دەناسرێتەوە، بەشێوەیەک ئەم چەمکە لە نێــو قــووڵایی بنیــادی زهنیــیــەتی مــرۆڤی کــورددا تواوەتەوە، ئامــادەییــەکی وا کــە دواجــار ئەو مــرۆڤــە ڕۆژهەڵاتییە تەواو دەگۆڕێتە سەر بوونەوەرێکی خەمۆک و بێ تواناو دەمارگرژ، واتە بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشییە دەروونیــیــانەی کــە وا لە قــووڵایی نائاگــایی کــەســێــتی کــوردیدا خــۆی حــەشــارداوە و هەمــوو ســاتێک مــەترسی ئەوەی لێدەکرێت خودی ئەو نەخۆشییە متبووە بۆ سەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئایینی تەرجەمە بکرێت. ئەلێرەوە ئەگەر لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکەماندا بڕوانین دەبینین زۆرجاران ئینسانەکان لەسەر شتی زۆر سادە یان شتی بێ ماناو بێ نرخ گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی دەنێنەوە تا ئاستی لەناوبردنی ئینسان. سەیرەکە لەوەدایە هەر لە ساتەوەخت و دوای ڕوودانی کــێــشــەکــان- کــە بێگومــان یەکــەم و دواهەمین قــوربانی تێــدا ئینســان خــۆیەتی- خــەڵک بەگشتی پرسیار لە بێ بەهایی و کەم نرخی ئەو مەسەلەو کێشەیە دەکەن کە بەجۆرێک لە جۆرەکان قوربانی مرۆڤی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئەو کەسانە لەوە بێئاگان کە خودی هۆکــارەکــان لەناوبوونی خــۆیاندایە نەوەکــو لە دەرەوەدا بێت، لە بوونی ئەو عورفە کۆمەڵایەتییەیە کە وا دەکات دراوســێــیــەکــەم لە گــەڕەکــێکی مــیللی بەشــێــوەیەک لە شێوەکان ببێتە پۆلیسی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی «من»،

ئەوە دابونەریتەکانن کە زهنییەتێکیان لای ئینسانەکان دروست کردووە کە بێ هیچ دوودڵییەک خۆی بە بەرپرسیاری ژیانی من بزانێت و بێ پرس ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسکاریکردنی ژیانی «من» هەموو خەمی ئەوبێت؟ خاوەنی زهنییەتێک بێت کە بچووکترین جووڵەو کردەی «من» بخاتە ژێر چاودێرییەوە. ئا لەم پانتاییە پڕ لە چاودێرییەدا ئەو زهنییەتە ژیانی ئینسانەکان بە زۆرترینی ئاماژەکانی مەرگ گەمارۆدەدا، بەمانایەکی تر زاڵبوونی ئەو خەیاڵە مەرگدۆستییە لە دنیای ئێمەدا بە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتی و ناوەکییەکانی لە نێوبردنی کاراکتەری تاکگەرایی دادەنرێت.. ئەوە چێژی مەرگ وامان لێدەکات یادەوەری تاڵ و بەئازار بێنینەوە نێو ساتە خۆشەکانی ئاهەنگ و سەفرەو بۆنە خۆشەکان؟!

دیاردەکانی مەرگدۆستی ئەوەندە زۆرو بەناویەکداچوون لە ئاستێکدایە کە ئیدی بەهەموو وێنەیەک و لە گشت زەمەنێک هەمیشە مەرگدۆستی وەک حەزێکی کوشندەی ئەم کۆمەڵگایە دێتەوە نێو ژیانی ئینسانەکان. مەرگدۆستی تەنیا لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتووریانەدا نییە کە وەک خۆڵەمێش بەسەر کۆی ژیانی ئێمەدا نیشتوونە، بەڵکو مەرگدۆستی وا لەوێدایە، لەوێ لە قووڵایی نائاگایی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەک کە هەڵگری وزەیەکی لە بن نەهاتووی بەربەریەتی نادیارو پرسەگەراییە، کۆمەڵگایەک کە بە هەڵەدا نەچووینە گەر لە ڕووە سۆسیۆلۆژییەکەی بە کارگەیەکی مەزنی بەرهەمهێنانی کولتووری شکاندنەوەو بەکەم گرتنی مرۆڤ دابنێین.

سەدەی نوێ و ساڵی نوێ و دەیان هەزار ئامێری نوێ دێتە نێو ئەم مەملەکەتەوە، بەڵام ئەوەی کە نەهاتووە یان لە دایک نەبووە خەیاڵێکی نوێیە لەسەر ئاستی کولتووریدا، چون کێشەی بنەڕەتی ئەم دنیایەی ئێمە کێشەیەکی بونیادییە بەر لەوە کێشەی نێوان هێزە کۆنخوازو نوێخوازەکان بێت، تراژیدیا واقیعی ژیانی ئێمە تەنیا لە بوونی کۆمەڵگایەکی پاتریارک و پیاوسالارانە ناوەستێت، بەڵکو لەو ئامادەییە مەترسیدارەی خەیاڵی سەلەفیەت دایە لەنێو بنیادی عەقڵیەتی نوێخوازی کورد بەگشتی لەسەر کۆی ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی تر.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە قسەکردنە لەسەر نهێنی ئەو ئامادەبوونە قورسەی خەیاڵی مەرگدۆستی لە زنجیرەی ژیانی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە، مرۆڤەکان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانییەوە، واتە ئامادەییەکی درێژخایەنی خەیاڵی مەرگ کە هەمان خەیاڵ بەهۆی هێزە ئەفسووناوییەکەی خۆیەوە کۆی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لە یەک چارەنووس و یەک وێنەو ڕەنگ یەکسان دەکاتەوە؟! دەبێ چ هێزێک و عەقڵیەتێک وا لە مرۆڤێک بکات بڵێ «پێویستە هەمیشە- مردن- مان لە بیر بێت»؟ بێگومان ئەو ڕاستە مەرگهەڵگرە هەرگیز ڕستەیەکی ئەنتۆلۆژی نییە، کە تەنیا پێوەند بێت بە خەیاڵی مرۆڤێک یان چەند کەسێک، بەڵکو «پێویستە هەمیشە مردن لەبیر نەکەین و لەپێش چاوی خۆمان دابنێین» ئەوە ڕستەیەکە بەشێکی بچووکی نێو ئەو سیاقە زمانەوانییە سۆسیۆلۆژییەیە کە پەیوەستە بە بنیادی زیهنی ئینسانی کورد، ئەوە زاڵبوونی ئەو گوتارە مەرگدۆستییەیە وا دەکا ئێمە لە بۆنەو ساتە خۆشەکانیشدا هەر نەتوانین لە تارمایی و ترسەکانی مردن دەرباز بین، لەمبارەیەوە بە نموونەیەک دەمەوێ لەگەڵ من سەیری ئامادەیی مەرگدۆستی بکەن لە خەیاڵی مرۆڤی کورد، ئەویش باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کوشتن یان مردنی مرۆڤک بەشێوەیەکی ئاسایی بێت یان بەڕووداوی ئوتومبێل یان هەر شتێکی تر لەلایەن باوک یان کەسێکی تری ئەندامانی خێزان لە کاتی ژەمی نانخواردنی نیوەڕۆ یان ئێوارەدا ئەم عادەتە کۆمەڵایەتییەش کە هەواڵی مەرگ دەرخواردی دەروونی نەوەکانی دەدات، جگە لەوەی کە هەڵگری حەزێکی کوشندەی مەرگدۆستییە لە ناوەوەی خۆیدا، ئەوە لە هەمان کاتیشدا لە ڕەهەندی سایکۆلۆژییەوە کۆمیدیایەکە بۆ خۆی، چونکە ئەم ڕەفتارەی کە بەداخەوە لە دیدی کۆمەڵگاوە بە شتێکی ئاسایی دانراوە، هەژارییەکی گەورەی سایکۆلۆژی پێوە دیارە؟! ئاخر کاتێ مرۆڤ بۆ هەمیشە لە تەک مردن و تارماییەکانیدا ژیا، ئەی ماناو نرخی ژیان لە چیدا دەمێنێتەوە؟ ئایا خوا مرۆڤی بۆ ئەوە خەڵق کردووە کە بە ئاماژە زمانەوانی و زەبری شمشێر و خوێن ڕشتەکانی ژیان وێران بکات و لە چەندین دەروازەوە یەکسانی بکاتەوە بە «مەرگ»، یان داوامان لێدەکات بۆ هەمیشە ڕەهەندێکی ئینسانی بە گەورەیی

ژیان ببەخشین؟! دوایی مرۆڤ خۆی کائینێکی فانییە، واتە لەهەر لەحـــزەیەک ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە ژیانی کۆتایی پێ بێت، باشە کە وایە بۆ دەبێ هەمیشە مردن بێنینە نێو ژیانمانەوە؟ دواتر کە ئاماژەکانی مەرگ لەناو ژیاندا بێت و مردن لەحزەکانی زیندەگیمان لەگەڵ بەش بکات، ئایا بەڕاست ئێـــمە بوونەوەرێکی زیندووین؟! بێگومان ئەو بە موقدەس کردنەی مردن لە کۆنەوە لە دیدێکی کۆمەڵایەتی- ئایینییەوە دێتە نێو کۆمەڵگاوە، بەڵام لە ئێستـــادا ئەم دیدە ئایینگەراییە جگە لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەی، لە ناوەوەیدا ئاوێنەی کولتوورێکی سیاسی ئیسلامگەراییە کە ئەمجارەیان بە مەعریفەو وانەو بەڵێنێکی ترەوە دێتە نێو بۆشاییەکانی خەیاڵگەی ئینسانەکانی کۆمەڵگایەکی قەدەری کە لەپاڵ وانە کۆن و نالۆژیکییەکانی تری کۆمەڵگا بەشێوازو ڕێگەیەکی تر درێژە بە پرۆســەی بە کــەمگرتن و ســووککردنی ژیان دەدات، بۆیە سەیر نییە ئەم زەمینە کولتوورییە پڕ بێت لە وشەو دەستەواژە و ڕستەگەلێکی وەک ژیان هیچ نییە، خۆشییەکانی کاتی و فریودەرن! تۆ دەبێ یان دنیایی بیت کە لەزەتێکی کاتییە، یانیش قیامەتی و بەهەشتی بە! «مردن... مردن... بۆ بیر لە مردن ناکەنەوە، سەیرکەن ئەوەی مرد چووە ڕێی هەق و ئێمە ناهەق.. مردن هەر خۆی شەهادەتێکی گەورەیە.. «لەبەرئەوە شتێکی سەیر نیـیـە ئەو برایانەی هەڵگری ئەو خــەیاڵەن ڕقــێکی گەورەیان لە ژیندۆستی و فەزا جۆربەجۆرەکانی ببێتەوە و لە جـێـیـدا خـۆزگــە بە مــردن بخــوازن..! پێم وایە خـەیاڵکردنی مردن و ئاماژەکانی مەرگدۆستی لەناو ڕەوتی ژیان و گۆڕانکارییەکاندا ئەگەر بەدیوە فەلسەفی و مرۆڤدۆستییەکەی وەربیگرین، مانای مردنی خەیاڵ نەبێت هیــچی تر ناگــەیەنێت، بەمــانایەکی تر ئەوە دیلبوونی مردنە وامان لێدەکات لە کائینێکی ئەکتیڤەوە بگۆڕێین بۆ کائینێکی پاسیڤ کە لە نائاگاییەوە هەوڵی ئەو پاسـیـڤـبـوونەی خۆی دەدات.. ئەو دیدە تاریکەی مەرگە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرگی مەرگ بە بالآماندا دەکــات.. ڕەهەندی ژیان و مــردن دوو ڕەهەندی زۆر لە یەکتری جیاواز و دژ بەیەکن، واتە ژیان و مردن بەهەموو مــاناو دەلالەتە جــیــاوازەکــانـیــەوە.. لەبەر ئەوە بیرکردنەوەی تەندروست ئەوەیە کە ئێمە بۆ هەمیشە مردن لە یاد بکەین، تا ئەو ســاتەی دەکــەوینە بۆسـەکـەیەوە، بۆسـەی مـەرگ بە چەمکە هیگڵـیـیـەکـەی، نەوەکـو بێین جوانییەکانی ژیان بە ئاماژە ترسناکەکانی مەرگ تەڵخ بکەین، چونکە لەسەر ئەم زەمینەدا دوو شتی زۆر مەزن هەبن مرۆڤ و ژیان خۆیەتی.. ئێستا لە یادم نەماوە کامە ڕۆمـاننووسە دەڵێت کە ژیان لەوێ بێت مـەرگ وجودی نییە، پێچەوانەکەشی هەر وایە.. ڕاستییەکەی ژیان و مـردن دوو ڕاسـتی زۆر لە یەکـتـری جیـاوازن بەهەمـوو ڕەهەند و ئاماژەکانیانەوە. هەر جۆرە بیرکردنەوەیەک بە مەرگ گەمارۆ درابێت بەهیچ شێوەیەک لە توانایدا نییە حەقیـقەتی مرۆڤ و ژیان وەک خۆی ببینێت، چونکە لە جێی خۆیدا سیستەمێکی بیرکردنەوەیە ئەوەندە مامەڵە لەگـەڵ ترادسـیـۆنی مـوقـەدەسگەرای ڕابردوو دەکـات، ئەوەندە «ئێستا» لە ناو ئەو سیستەمەدا وجودی نییە، لای ئەو عەقڵیەتە فەندەمێنتالیستە ئەگەر ئەو ئێستایە هەشبێت تەنیا بۆ ئەوەیە ئێمە بگەیەنێتەوە ڕابردووی لە دەســـتـــچـــوو، داهاتووش هیچ نیـــیــە جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی هەتا هەتایی ڕابردوو، بێگومـــان ڕابردوو بەمانا ترادسیۆنە ئایینییەکەی.

# ڕەهەندی زمان و دەوری ڕاگەیاندن

ڕەووف مەحموود پوور
(مەریوان)

نرخ و پلەی زمـان لەبوون تەشکبەست و بەردەوامی ژیانی مـرۆڤ بە گـشـتی و ژیانی ئەتنیکی و بوونی قەوارەی نەتەوەییدا حاشاهەڵنەگرە. لە بنەما سەرەکی و بنچاخەکانی «ناسەی» نەتەوەیی و ڕۆحی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و تاکی جڤات زمانە. جەختی زانستی و کۆمەڵایەتیانە و سیاسیانە، لەلایەن پسپـۆڕانی ئەو بوارانەوە، لەسەر زمان چڕکراوەتەوە، تەنانەت نەیاران و نەژادپەرستانی هەل بۆ ڕەخساویش، بۆ تواندنەوە و برەودان بە سیاسەتی ڕەگەزسڕینەوەی گەلانی ژێردەست، زمان سڕینەوەیان وەک چەکی کارامە هێناوەتە گۆڕەپان و بەکاریان گـرتووە. بۆ نموونە تورکانی شـۆڤـینی و کەمالیستی تورکیا، هەنووکەش جەختی لەسەر دەکەن. لە زۆر شوێنی دیکەش چ دەرفەتێک بە بواری پەروەردە بە زمانی زگماکی و نەتەوەیی نادرێت و بە گورز بەرەنگاری لەگەڵ دەکرێت، هەر بۆیە ئەگەر لە ڕەهەندی سیاسی - کۆمەڵایەتیشەوە سەیری ئەم پلە و بایەخە بکەین، بە تایبەت لە ئاست مانەوە و بەردەوامی ژیان و کیانی نەتەوەیی خۆمان، بەرجەستە و پڕ ئەرێیە.

لەلایەن دڵسـۆزانی پاراستنی بوونی نەتەوە بە قەیرانەکانیشەوە، زمان کراوەتە شوورەی پارێزگاری و بەرخودان و ئەو پەڕی سەرنجی دراوەتێ. ئەم ڕەوتە هەر لە کەوناراوە تا هەنووکە بەردەوامە و داهاتووشی لەگەڵ خراوە، بە جۆرێک کە لە ئەفسانە و ئوستوورەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە لە ئەفسانەکاندا هاتووە: «ژیاری بابل ئەو کات بەرەو ڕهێڵی گلا کە خەڵکەکانی لە زمانی یەکتر نەدەگەیشتن». بە واتایەکی تر قەیران و

تێکپـڕژانی زمـان، قـەیران و نغـرۆبوونی ژیاری بەدواوە بووگە.

بایەخ و پێگەی بەشکۆی زمـــان لە ناخـــۆگـــەی(١) مرۆڤدا لانگر و جێخۆشە، بۆیە لەناو ئاپۆرەی جڤاتدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرەو هەستیاری نووسەران و خاوەن هزرانیش جمیوە. بۆ نموونە کولتووری خۆماڵی کوردی لیپ لەو جۆرە بایەخ پێدانانەسە و لە ڕەهەندی نووسین و ڕۆشنبیریشدا، هەر لە دەقی پارچە شیعری هورموزگانەوە تا هەنووکە، بەردەوامییەکی خەستی پێوە دیارە. ئەم بایەخ پێدانە لەناو گەلانی دیکەشدا خاوەن سەرنج بووگە و زانایانی گەلان هەر لە دێرین زەمەنەوە وەها زەینێکیان هەبووە.

«شافیعی» هەر لە سەردەمی هەرزەکارییەوە شاری مەکە بەرەو بیابانەکان بەجێ دێڵێت و دەڕواتە ناو هۆزی «هوزەیل» تا زمانەکەی ڕەسەن و پاراو بکات و بەسەر بنەمایەکی خۆماڵی ڕەسەنەوە بیپەروەرێنی، گوایە «معاویەش، یەزید دەنێرێتە بیابانەکانی شام و سووریە تا فێری زمانی ڕەسەن ببێت» (٢).

لە زمانی کوردیشدا هەر چەند لە ژێر کاریگەریی هۆکارە دەرەکی و خۆییەکاندا دەرفەتی لەبار بۆ گەشە و نەشەی زمانەکە نەڕەخساوە، بەڵام نابێ کەتمان بکەین کە ئەم ڕەوتە بە هەترەشەلەش بووبێ لە پێناو خزمەت پێکردن و گەشە پێداندا ڕەوتی هەبووە و توانراوە هەنگاوی بە پێز و لەبار بهاوێژرێ. حاشای لێناکرێ کە هۆکاری سەرەکی نەتوانەوە و قەڵاچۆ نەبوونی نەتەوەش، لە سێبەری زمانەکەدا بووە. زۆر زانا هەوڵیان داوە بە شیرین کردنی زمان، لای جەماوەر خۆشەویستی بکەن و بیپارێزن، بۆ نموونە خانای قوبادی، شاعیری پڕ توانا و ئەرکگێڕی کوردی سەر بە لقی زاراوەی گۆران، دەبێژێ:

**هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە لای من بەس شیرینتەرەن**
**مەعلوومەن جە دەور دونیای بەد ئەندێش**
**مەحزووزەن هەر کەس بە زوانی وێش**

گەورەیی و پڕ هەستی ئەم هاوارە، بە تایبەت لە سەردەمی تایبەت بە ڕۆژگاری خانای قوبادی، گەورەیی و دڵسۆزی و بەدەربەستی شاعیرەکەمان بۆ بەدیار دەخات و شیاوی ئافەرین و ڕێزی تایبەتە.

لام وایە پێگە و بایەخی زمان لە ژیان و مانەوەی گەلی کورد و هەر گەلێکی دیکە و مرۆڤ بە گشتی، هێندە بەرز و حاشا هەڵنەگرە کە دەکرێ بپرسین: ئاخۆ بەبێ زمان مرۆڤ چ گیانەوەرێکی بێ مانا بێت؟!

زۆری لەسەر ناچم و بەم دنە کورت و بە پەلەیە دەڕژێمە سەر مەبەستی سەرەکی، کە هاوارە بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەت لەم دەرفەتە زێڕینەدا کە هاوتای لە مێژوودا تۆمار نەکراوە.

فەرزە بە سەرنج وردی و پسپۆڕانە لەم ڕەهەندەدا ڕۆڵ بگێڕین و بێ نکوولەشە کە ئەرکی دەزگا پەیوەندداراکان، بە تایبەت کاناڵە ئاسمانییەکان و دامودەزگای پەروەردە قورسترە.

لەم وتارەدا دەکۆشم زۆم بکەمە سەر ئەرکی کاناڵەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت کاناڵە ئاسمانییەکان و چەند خاڵێکیان وەبیر بخەمەوە چونکو لە سێبەری دۆخی ڕەخساو، کە پێویستە لە هەر ڕوویەکەوە بێتە گەشەپێدان، ڕاگەیاندنی کوردیش بە گوژمەوە دابەزیوە و لە باشووردا سێ کاناڵی ئاسمانی خەریکی ڤەشاندنی بەرنامە و پرۆگرامن کە لەگەڵ کاناڵە ناوخۆیی و چاپەمەنییەکان، دەتوانن کۆیەکی گوڕ و کارامە پێک بێنن و لە بواری چۆنایەتیشەوە گەشە بکەن.

سەرەڕای جەختی زۆر کە لە لایەن پسپۆڕانەوە دەکرێت، پێم وا نییە لەسەردەمی هەنووکەییدا کەسێک هەبێت لە پێگە و گەڕی ڕاگەیاندن حاشا بکات و کارامەیی ڕایەڵەکان بە کەم بزانێت. لە چەرخی سەردەمدا، تەلەڤزیۆن نەک تەنیا وەک ئامرازێکی کارامە بۆ ئاودیوکردن و گواستنەوەی مەبەست بۆ بەردەنگ و پروپاگەندەی بەویست(٣)، بەڵکو وەک قوتابخانە و زانستگایەکی هەمەگیر و بە برشتی پەروەردەش دێتە شرۆڤە و بۆ ڕوانین. لە ڕەهەندی ڕاگەیاندنی کوردیدا دامەزراندنی کاناڵی حیزبی پێش کاناڵی نەتەوەیی کەوت و ئەمەش لە خۆیدا وێڕای چەپکێ خاڵی ئەرێنی، خاڵی نێگەتیڤیشی زۆرە و پەنجەرەی ڕوانینی کاناڵی حیزبی بەرتەسکتر و گوشاوترە و پتر بیر لە قازانجی حیزبی دەکاتەوە و هێڵی سەرەکی گەلاڵەی پروپاگەندە و ڕاگەیاندنە و ئاوڕ لە بایەخەکانی تر ناداتەوە و هەر بەو پێیەش بەردەنگەکانی بەرچاوتەسکتر و یەک ڕەهەندی پەروەردە دەکات و کۆمەڵگا بەرەو سیاسەت دووچاری

(سـیـاسـەت زدگی) ڕاپێچ دەکـات ترس لەوەدایە ئەم ئەزمـوون و بارهاتنە دواتر ڕاگـوێزی کـانـاڵی نەتەوەییش بکرێت و وەک عادەتێکی تووش بووی لێ بێت.

وەها دۆخێک هەڵڕەخسێنی کەشوهەوایەکی زاڵ بەسەر ڕاگـەیاندنی کـوردییـەکـە قـەرەتیـیـەکی بەرجـەسـتـە و خەسارێکی گەورەیە و ئەگەر بە وردی ئاوڕی لێنەدرێتەوە و نەکـەوێتـە بەر شرۆڤـە و قـەرەبووکـاری، لە داهاتوودا ئاکامێکی وێرانکەری بە دواوەیە. هەر بۆیە پێویستە لە لایەن پسـپـۆڕان و بەرپرسـانەوە، شـێلگیـرانە ئاوڕی لێبدرێتەوە و بێتە چارەسەرکردن، قەرەبووی ئەمەش تەنیا ڕەها کـردنی ڕاگـەیاندنە لە چنگ حـەسـاری بەرتەسکی حیزبایەتی و کردنەوەی کاناڵی نەتەوەیی و گشتگیر.

لە درێژەی ئەم وتارەدا و لە یەک گۆشەنیگاوە ئاورێک لە کـانـاڵەکـان دەدەمــەوە و بەبێ ناوبردن، هەندێ لە خـەسـارەکـانیـان، ئەویش لە ڕەهەندی زمـاندا دەخـەمـە بەردەست، هەر چەند ئەم تەوەرەیە باسبەرە و پێویستی بە مەودا و باسی زیاتر هەیە، بەڵام لێرەدا بە کورتی باسەکە ڕوو دەکـەم. دیارە ئەو نموونانە وەک تەنیـا خـۆیان و بە مـانای هەمـوو مـەبەست دانابەزن، بەڵکو بۆ بەرگـرتن لە درێژدادڕی و وەک نموونە دێن و هەبـوونی هاوتـای تریش جاردەدەن.

١- بەر لە هەر شـتـێک پێـویسـتـە بڵـێم کـاناڵە کـوردییـەکـان خـۆیان بە دوو تەوەرەی (سـیـاسـەت و گۆرانی)یەوە سەرقاڵ کردووە و لە بایەخ و بابەتەکانی تر ئاوڕ نادەنەوە و تەوەرەی تر ناهرووژێنن. وەک بڵـێی ژیانی کـورد بەس دوو تەوەرەی هەیە و تەنیـا بەسـەر سـتـوونی دوو تەوەرەوە وەسـتـاوە کـە ئەوانیش بریتین لە «گـۆرانی» و «سـیـاسـەت»، ئەمـەش دەبێـتـە هۆی مـاندوویەتی بەردەنگ، بە تایبەت لەناو جیلی لاودا هەر ئەوەیە کە ڕووکردنە کاناڵەکانی تر لە هەڵکشاندایە، هەر چەندە یەک لە تەلەفـزیۆنەکان هەوڵ دەدات بە کـردنەوەی تەوەرەی تر (وەرزش، کـۆمـەڵایەتی بە جـەخت لەسـەر مەسەلەی ژنان و کێبەرکێ و...) ئەم بازنەیە بپسێنێ و لەو گـێجاوە دەرباز بێت، بەڵام هێشـتـا نەگەیشـتـووەتە ئاسـتی پێـویست. بۆ نموونە لە کـێبـەرکێکاندا دووبارە گۆرانی زاڵە و لەلایەن گۆرانیبێژانەوە ئیدارە دەکرێن، هەر چەندە ئیدارە کردنیان لەلایەن گۆرانیبێژانەوە، ئەگەر ڕەهەندەکانی تر نەیەنە فەرامۆشکاری خەسار نییە، بەڵام بە کردەوە وەها نییە.

٢- بە جـاران لە هەواڵە ژێرنووسـەکـاندا هەڵەی نووسـراوی زەق ڕوو دەدات کـە برێ جـار تا تەواوبوونی وادەی ئاسایی مانەوەی هەواڵەکە، ڕاست ناکرێنەوە. ئەوە هەڵە زەقەکانە بە جۆرێک بانگەشەی کەمتەرخەمی لە ئاست زمان دەکەن، پێویستە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕ بۆ چاودێری کـردنی ئەو کـارانە هەبن تا هەوڵ بدەن هەڵە ڕوو نەدات، یان ئەگەر ڕووی دا بە پەلە ڕاست بکرێنەوە.

٣- لە وشەیەک کە کەوتۆتە سەر زمانی ڕاگەیاندن، بە تایبـەت لە باشـوور، سـەرم سـوور مـاوە. ئەویش وشـەی «براوە»یە. ڕاگەیاندن ئەم وشەیە بۆ ئەو کەس و تاقمانە بەکـاردەگرێ کـە لە یارییـەکـاندا دەیبـەنەوە، جا گـریمان یارییەکە یاری تۆپی پێ بێ، یان یاری هەڵبژاردن و...

لە ڕاسـتیـدا ئەم واژەیە مـانای پێـچەوانەی ئەو بابەتە دەدات - براوە، واتە: دۆڕاو. ئەو کـــەســـەی کـــە دۆڕاندوویەتی. بەزیو براوە، مـانای «بازندە»ی فـارسی و «بریاوە»ی زاراوەی هەورامی دەدات. پێـویسـتـە بۆ ئەو کەسەی کە سەرکەوتوو بووگە و بردوویەتییەوە، واژەی «بەرەوە» بێـتـە بەکـاربردن کـە پڕ بە باڵایەتی، چونکو «بەرەوە» لە زاراوەی هەورامـیـدا هەمـان مـانا دەدات و دەقاودەقی مانای «بەرەندە»ی فارسییە، بەم جۆرە دیارە کـە «براوە» مـانای دژ بە «بەرەوە» دەدات. پێـویسـتـە سەرنج بەم ڕاستییە بدرێت.

٤- لە زاراوەی کاناڵەکاندا زۆر وشەی عـەرەبی بەسەر مـێـشـکی بەردەنگدا دەبارن کـە بە ئاسـانی هاوتـای کـوردییـان هەیە و هاوتا کوردییەکەشیـان شیـاوتر و پڕ مـاناترە، ئاخـۆ کـەی هەوڵ بۆ بژار کـردن و پاکـژکـردنەوە دەدرێت؟

٥- بە داخـەوە ڕاگـەیاندنی کـوردی بە هەندێ کـرداری ناقـۆڵا، بێ ئەوەی خـۆی بیـهـەوێت جاری عـەرەب بوونی کـورد دەدات و دۆخ بۆ ئەو کـەسـانە دەڕەخـسـێنێ کـە لەوپەڕی لەخـۆبایی بوونەوە فـتـوا دەدەن هەر کـەس لە عـەرەبی تێبـگات و بە عـەرەبی بتـوانێ قسـە بکات عـەرەبە؟! هەر ئەوەشـە کە عـەرەبەکـان بە ئەنقـەست و بە گـەڵاڵەیەکی مـانادا حـازر نین تەنانەت یەک دێریش بە زمـانی کـوردی بەرنامـەیان هەبێت. واتە گـەرەکـیـانە میللەت بوونی بە ڕەسمی نەناسن، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆر وتە و مـەبەسـتیـان هەیە کە لە هەوڵدان بە گوێی

کورد بیچرن، یان بۆ بەردەنگی کورد بیگوازنەوە. مەخابن بە هەندێ کردار نابەئەنقەست کاناڵە کوردییەکانیش ئاو بە جۆگەی ئەواندا دەکەن.

ئەم کاناڵانە وێڕای تەرخانکردنی ڕۆژانە دەیان کاتژمێر بە پەخش بە عەرەبی، زۆرێک لە بەرنامە گرنگەکانیش ڕاستەوخۆ و بە عەرەبی بۆ ماڵە کوردەکان دەگوازنەوە. واتە جارڕ دەدەن کە ئەی برا عەرەبەکان ئێوە خەمتان نەبێت، کورد لە عەرەبی تێدەگات و دەتوانێ بەو زمانەش بپەیڤێ، کەواتە ئێوەش فتوا بدەن کە شیمال نشینن و میللەتێک بەناو کورد بە ڕەسمی مەناسن؟!

بۆ نموونە بەرنامەی دادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆر، ڕاستەوخۆ و بە عەرەبی ئاودیوی ماڵە کوردەکان دەکرێت. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە چەند تەلەفزیۆنی عەرەبیش هەمان کار دەکەن. یان لە بەرنامە کوردییەکاندا، وتە عەرەبییەکان، هەرگیز ناکرێنە کوردی و تەنانەت لە فیلمەکانیشدا، دیالۆگە عەرەبییەکان، ناکرێنە کوردی؟

پێویستە بە شێوەی ڕەمزێکی نەتەوەییش بێت، ئەو بابەتانە بکرێنە کوردی تا پێشان بدرێت زمانی کوردی زمانی نەتەوەیەکی جیا لە عەرەبە، نەک هەر ئەوە، ئاخۆ کاناڵە ئاسمانییەکان بیرناکەنەوە کە ئەوان بە تەنیا بۆ کوردی باشوور بەرنامە پەخش ناکەن و بە ملیۆن کوردی تر لە ئێران و تورکیا و ئورووپا و وڵاتانی تر گوێبیستی بەرنامەکانی ئەوانن؟؟

کەواتە حورمەت بەخشی و ڕێزدانان بۆ زمانی کوردی پێویستە ئەو گرنگیە لەبەر چاو بگیرێت و بایەخی پێبدرێت، پێویستە بەرنامەی دادگایی کردنی دیکتاتۆر، بکرێتە کوردی و بە کوردی پەخش بکرێتەوە. جا گریمان چەند خولەک درەنگتر دابەزی، خۆ دنیا کاول ناکرێ! وڵاتانی تر تەنانەت لە یاریەکانیشدا ئەو کارە دەکەن. کارێک کە ڕاگەیاندنی کوردی لێی کەمتەرخەمە.

من خۆم بەدەم زۆر کەسەوە بیستوومە کە گوتوویانە: (بەدیار بەرنامەی دادگاییەکەوە دانیشتین، بەڵام... دووبارە بە عەرەبی بوو. شوکور کاناڵە کوردیەکانیش بوونەتە عەرەب و...).

٦- ڕاستە زمانی کوردی دۆخی پەروەدەکردن و دەوڵەمەندکردنی بۆ نەرەخساوە و پێویستی بە زۆر وشە و دەستەواژەی تازە و نوێ هەیە، بەڵام نابێ شەلم کوێرم بەو کارە هەستین و وشەی ناشیاو بەکاربەرین، بە تایبەت کە تەلەفزیۆن خاوەن بەردەنگی زۆر و هەمە جۆرە کە لەوانەیە وشەکە بەخێرایی بڵاو بێتەوە و دوایی ئاستەنگ بخاتە سەرڕێی پسپۆڕان. هەندێ جار کاناڵەکان ئەو جۆرە کارانە دەکەن کە زەقکاری پێوە دیارە. بۆ وێنە یەک لە کاناڵەکان لەبری وشەی «شاند»، واژەی «نێرە»ی هێنابووە کارئانین! لە حاڵێکدا وشەی «نێرە»، لە هەندێ زاراوە و دەڤەرەکاندا بۆ ئافرەتی پیاوسیفەت بەکار دەبرێت. واتە ژنێک کە خسڵەت و تەبێحاتی پیاوانەی هەبێت و کارەکانی لە هی پیاو بچن، تەنانەت وەک جەفەنگ و تارۆزیش جێگای خۆ کردووەتەوە کە نموونەی زۆرە.

یان یەک لە کاناڵەکانی تر بە هەر کوژراوێک دەبێژێ «قوربانی»؟! جا گریمان کوژراوی ڕووداوی بوومەلەرزە،یان کارەساتی بۆران و سەرما، یان ئوتومبێل بێت، چ بگات بە کوژراوانی بەرەی ئاشتی و عەدالەت و ئازادی، تەنانەت بەرەی شەڕ و تیرۆریش!

لە حاڵێکدا واژەی «قوربانی» لە کولتووری کوردیدا واتای خۆی وەرگرتووە و بۆ فیداکاری و گیانبازی جوامێرانە و موبارەک دێت و بە پیرۆز لێک دەدرێتەوە. تەنانەت قوربانی دەبێ تایبەتی باشەی خۆیی هەبێت و پاک بێت. لە زۆر دەق و سەرچاوەدا ئاماژەی پێ کراوە و ناوبراوە. وەک مەولەوی تاوەگۆزی لە پارچە هەڵبەستی قورباندا ئاماژەی پێ دەکات.

**قوربانی مشیۆ جە عەیب بەری بۆ**
**فیدایی پەسەند رای دولبەری بۆ**

وەک دیارە لای مەولەوی تاوەگۆزی، قوربانی دەبێ خودان دوو تایبەتمەندی بەرچاو بێت:

یەکەم دەبێ لە عەیب بەری بێت. واتە زوڵاڵ و پاکژ بێت و لە عەیب و عار بە دوور بێت.

دووەم: دەبێ فیداکاری ڕێبازی دولبەری بێت. کەواتە دەبێ لە ڕێگای عیشق و خۆشەویستی و ڕاستی و داد و ئازادیدا بێتە خۆبەخت کردن. بە کوردی و بە کورتی؛ دەبێ لە ڕێچکەی ڕاسالی و نووردا بێت، نەک تاریکی و زوڵمەت و چەوتالی. مەلەوی دوو تایبەتمەندی سەرەکی بۆ دانەپاڵی سیفەتی «قوربانی» دیاری دەکات، یەکیان بۆ تایبەتمەندی خودی قوربانی دەگەڕێتەوە کە پاکژ و

خـاوێن بوونه، ئەوی کـەشـیـان بۆ ئەو ئامـانج و ڕێبـازە دەگەڕێتەوە کە «کەس» لە پێناویدا خۆی بەخت کردووە، ئەویش ڕێبازی خۆشەویستی و دادە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونە ڕەوانیـیە ڕاگەیاندنی کـوردی بە هەر کـوژراوێک بڵـێت قـوربانی. دیارە ئەم واژەیە لە هەر کـوێوە هاتبـێت، لە کـولتـووری کـوردیدا قەوارەی خۆی وەرگرتووە بووەتە خودان واتای تایبەت بە خۆی هەر بۆیە بەکاربردنی ئەم واژەیە بۆ هەر کوژراوێک، ناشیانە و نابەجێیە و پێوستە لە جێگای خۆیدا دابەزێ.

ڕاگـەیاندن دەبێ لە بەکـاربردنی واژەکـاندا وەسـواسی هەبێت و لە شێوازی «جێنشینی» واژەکان سوود بەرێت، کـارێک لە لە ئەدەبیـاتدا بەرچاو و بەرباسـە. پێم وایە بایەخـدان و سـەرنج خـسـتنە سـەر زاراوەکـانی دیکەی زمانی کوردی، دەتوانێت زۆرێک لەو تەنگژانە چارەسەر بکات و هەمـانەیەکی پڕ بایەخ لە وشـە و دەسـتـەواژەی شیاو و بە بەهامان بخاتە بەردەست.

ئەگەر بە وردی و زانستیانە پوتانسیەلی زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانییەوە، بخەینە بەر سەرنج و تێڕامان، بە دڵنیـاییـەوە بەشـێکی زۆر لە وشـە و دەسـتـەواژە پێویستەکانمان دەست دەکەون و ئیـدی پێـویستـمان بە وشـەگرتن لە زمانەکـانی تر کـەمـتر دەبێـتەوە. وەک ئەو کارەی کە یەک لە کاناڵەکانی باشوور دەیکات.

٧- کـاناڵە ئاسـمـانیـیـەکـان، بە تایبـەت لە باشـوور، بەشێکی زۆر لە جەماوەریان لاپاڵ خستووە، ئەمەش بۆ قت کـردن و پەراوێزخـسـتنی هەندێ لە زاراوەکـان دەگەڕێتـەوە، بە تایبـەت زاراوەکـانی (فـەیلی و لەکی و کـەلهـوڕی هەورامی). هەر چەند جـار و بارێک بە ڕێکەوت یان لەبەر مەنح و لۆمە، ئەگەر کات زیادی هات و چ بەرنامـەیەکی تر ئامـادە نەبوو، ئەوە چەند خولەک بۆ گـۆرانی یان دیمانەیەک بەو زاراوانە تەرخـان دەکـرێت، ئەویش بە شـێوەی پرژ و بڵاو. کە نەبوونی لە بوونی زۆر باشـترە، چونکو بە ڕاستی لە ئاستی شیـاودانییـە و بە جـۆرێک کـەم تەواشـەکـرن لێک دەدرێتـەوە. پێـویسـتـە کـاناڵەکـان بە زاراوەکانی زمـانی کوردی سـەرنج بدەن و ئەوانیش نەکەونە گێژاوی کولتووری ئاتاتورک و بەعس و ڕەزاخانییەکان. سەرنجدان بە جیاوازییە ئەتنیکییەکان باسی زۆر هەڵدەگـرێ و پێـویسـتی بە وتاری تـایبـەتە، هیـوادارم بتـوانم یان بتـوانرێ پتر ئاوڕی لێ بدرێتـەوە و بکەوێتە بەر سەرنج و شرۆڤە.

ئەوە تیـشـکێکی خـێـرا بوو کـە لە پێناو چاکسـازی و بەرەو باشتربوون هاتەگوتار. هیـوادارم وتاری دیکەشی بە دوادا بێت و بکۆشین بەرەو گەشەی هەمە لایەنە(٥).

**پەراوێزەکان:**

**١- ناخودآگاە**

**٢- تـاریـخ آمـوزش در اسلام - دکتـر احمد شلبی - ترجمە بە فارسی: محمد حسین ساکت.**

**٣- حەزلێکراو. دلخواە (ف).**

**٤- کەنار.**

**٥- ئەم وتارە بە جەخت لەسەر کەناڵەکانی باشوور هاتۆتە گۆ.**

# ڕازو هێزی چاو لە ئەفسانە و کەلەپووردا

## چاو وەک هێماو هێزێکی ئەفسانەیی

محەمەد سلێمان عەباس

چاو بەسروشتی خۆی جێگای سەرنج و تێرامان و خەیاڵ و سۆزە، ئەگەر بڕوانینە هێماکان دەبینین کە خودی هێما بەقەدەر ئەو بیروڕاو هزرانەی کە مانا و نهێنی بە هێمایەکە دەبەخشن و ڕاڤەی دەکەن گرنگ نییە، چاو یەکێکە لەو هێما میتۆلۆژیانەی کە تاکو ئێستا بە تەواوی بایەخی پێنەدراوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە. کەچی چاو لە باوەڕ و کەلەپووری زۆربەی میللەتاندا بایەخ و گرنگی پێدراوە، چونکە چاو ئاوێنەی ڕۆح و ناخی مرۆڤە و مەزنترین هەستەکانی مرۆڤ تێیدا بەدەر دەکەوێن وەک: ڕق و کینە، تووڕەیی، گوناه، ئەڤین، خۆشەویستی،.....

چەندین پرسیار سەبارەت بەهێزی چاو لای مرۆڤ و لە باوەڕ و کەلەپووری کورد و میللەتانی دیکەدا گەڵاڵە بووەو دەکرێ:

ئایا سەرچاوەی هێزی چاوی حەسوود و بەدکار چییە؟

ئایا چاو دەلالەت و کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی خاوەنەکەی یان کاریگەریە سیحراویەکەی؟

ئایا چاوی کۆرە مایەی شووم و ڕەشبینیە؟ بۆچی خوێ بەکاردێت بۆ خۆپاراستن لە چاو؟

چاوی بچووک نیشانەی چییە؟ (ئایا نیشانەی ژیری و جوامێریە).

ئایا (دووری، نزیکی) چاوەکان لەیەکتری دەلالەت لە چ دەکەن؟

لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕەگ و ڕیشەی ئەو باوەڕە میللیانە بدۆزینەوە کە سەبارەت بەهێز و توانای چاو هەیە، نهێنی بڵاوبوونەوەی هێمای چاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی



هاوبەش، کە زۆربەی گەل و میللەتان درک و هەستیان بەهێز و کاریگەری چاو کردووە.

(کروفورد) باوەڕی وایە کە خواوەندی پیت و بەرەکەتی زەوی لە سەردەمی بەردینی نوێدا لە ئاسیاو ئەوروپادا لە شێوەی چاوێک یان دوو چاو نمایندە و تەمسیل کراوە و مرۆڤی بەرایی ئەم چاوەیان پەرستووە.

چاو لە هیندۆسیدا هێماو نیشانەی زانستی جەستەییە. لای جوولەکە هێمایە بۆ (یهوە)، چاوی حورسی لای میسرییەکان خۆرە و هێمایە بۆ ئەبەدیەت، چاو لە ماسۆنییەتدا هێمای خۆر و حیکمەت و خواوەندە، چاوی پارێزەر لە نەخۆشی لەلای گریگەکان باوبووە، وەک چۆن پرۆمیسۆس هانای بۆ چاوی رۆژ بردووە.

هەروەها چاوی (پیس، حەسوود) لە رۆژهەڵاتی نزیکدا باو وبڵاوبووە بەتایبەتی مەزدەکییەکانی ئێران زۆر باوەڕیان پێ هەبووە، لای عەرەبەکان کاتێک خاوەن حوشتر ژمارەی حوشترەکانی ببایە هەزار سەر حوشتر، ئەوا چاوی حوشترێکی دەردەهێنا و بەڕەڵای دەکرد، دەیتوانی سەری ببڕێت، بەڵام دەرهێنانی چاو ڕازونهێنی تێدا بووە کە پێوەندە بە ئیرەیی و حەسوودی، نەوەک چاوی حەسوودان زیانی لێبدەن.

لە ئەفسانەیەکی چینیدا هاتووە کە بەهۆی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی توانراوە چاوی پیسی دووربخرێتەوە، چاوی دەرپۆقی و هەڵاوساو لە یاباندا هێمایە بۆ هێز و توانای خواوەند بەتایبەتی لە دەمامکی شانۆگەری کابۆکیدا.

شیڤا خواوەندی هێزی سێ چاوی هەیە واتە هەموو شتێک دەبینێت، هەموو دێوودرنجەکانیش لە حیکایەتە میللیەکاندا یەک چاویان هەیە یان وا وێناکراون کە لە ناوەندی نێوچوانیانە.

لە هەندێک خەون و ئەفسانەی دیکەدا چاو بەشێوە و مانای ئەندامێکی ڕۆحی وێنادەکرێت کە بە مانای زانین دێت و رۆڵی ئەندامی مەعریفەت دەبینێت و بە ئەندامێکی سەرەکی و شامیل دادەنرێت.

### چاو لە باوەڕ و کەلەپووری کورداندا

لەبەر ئەوەی چاو ئەندامێکی سەرەکی مرۆڤە کە بەهۆیەوە شتەکان دەبینێ و لێکیان جیادەکاتەوە، بۆیە لە کەلەپووری کورداندا چەندین پەند و قسەی نەستەق سەبارەت بەچاو وتراوە وەک: «چاو هەموو شتێک دەبینێ تەنیا خۆی نابینێ، چاو ل دەران خۆلیێ سەران، چیا بەچیا ناکەوێ بەڵام چاو بەچاوا دەکەوێ، چاو یەک و فرمێسک هەزار، چاو بە خۆڵ نەبێت پڕ نابێتەوە، چاوی چووە پشتی سەری...». ئەمە لەلایەک کەچی لەلایەکی دیکەوە باوەڕی میللی کوردەواری زۆر لەچاو ترساوە و هێز و سیحری داوەتە پاڵ چاو، کە ڕەگی ئەو باوەڕە لە قووڵایی و دەروونی مرۆڤدا چاندراوە و بەزەحمەت ئەو ڕەگە دەبڕدرێت هەرچەندە باوەڕی بەهێزی چاو توخم و شتێکی ئەفسانەیی و کەلەپووری کۆن و بەراییە، کەچی زۆر کارایە لە ژیان و باوەڕی میللی و لە ڕەفتاری ڕۆژانەماندا ئامادەیی هەیە، مرۆڤی میللی هەمیشە لە چاوەزار و حەسوودی و چاو لێدانی خەڵک دەترسێ و ترساوە و کە لە کارێکدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنی یان زیانێکی لێ دەکەوێت دەڵێن: بە چاو چووە، چاولێی دایە، ئەوکەسە چاوی پیسە، چاوەزار لێی دا،.....

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو هزر و باوەڕانە دێنینەوە:

– هەکە ئێکی بەحسێ مرۆڤی، عەیالێ مرۆڤی، کارێ مرۆڤی... کر، پشتی ئەو بچیت دڤێت مرۆڤ خوێ و سماقی پاڤێت کوچکی، ئۆ دبەرا بێژیت (چاڤێت حەسیودا بپەقن).



- دەمێ ئێکەک دەوارەکی بکرێت، دێ هندەک هەڤیری شێلن و ب ناڤ چاڤێت دەواری ڤەنن داکو چاڤین نەبین، هەرموسا دەمێ (ماهین) دزێت هندەک هەڤیری ب ناڤ چاڤێت جەحشکاوێ ڤەدنن، داکوچاڤین نەبیت.

- هەکە شیرێ پەزێ ماڵەکێ کێم بوو، یان شیرێ وان خراب ببیت، دێ گومانا ژ هندەکا بەن کوشیرێ وان هاتیە چاڤین کرن.

- لە زۆربەی ماڵی کوردەواریدا مۆری و لەپکە شین هەڵدەواسرێ گوایە بۆ چاوەزار باشە، هەر تیشکێک کە لە چاو پیسێکەوە دەربچێ، تیشکەکە لەو لەپکەیە دەدا و کار لە خانووەکە ناکات، هەروەها هەمان مۆری یان لەپکە لە شتی تازە کڕاو دەخرێت. هەروەها جمکە مازی یان مۆری شین بەلانکی منداڵی ساوا وەدەکرێ تاکو بەچاو نەچێت،.....

جا لەبەر ئەوە ئەو باوەڕانە کۆنن و بۆ کۆمەڵگەی بەرایی و سەرەتایی دەگەڕێنەوە، بۆیە بەتەواوی هۆی ئەم باوەڕانە نازانین و ڕوون نین فۆلکلۆر ناس (ئەلکسەندەر کراب) بیروبۆچوونی سەبارەت ئەم مەسەلەیە دەردەبڕێ و دەڵێ: دەشێ ترسان لە شتی شاز و ناسروشتی هۆیەکی سەرەکی بێت بۆ پەیدا بوونی ئەم باوەڕە بە چاوی (پیس، حەسوود) و هێزە شاراوەکەی. ئەو باوەڕە خوڕافییە دەگەڕێتەوە بۆ شێواوی و تێک چوویی کە لە هندێک چاودا هەیە، کە بۆیە مایەی ترس و نیگەرانی، پاشان ئەم باوەڕە فراوانتر بووە تا وای لێهاتووە ترسیان لەو چاوانەش هەبێت کە شێواو نین و کەموکوڕیان تێدا نییە.

مرۆڤی کۆن تف ڕووکردنی بەکارهێناوە بۆ خۆپاراستن لە چاوی (پیس، حەسوود) باوەڕی وابووە کە تف ڕووکردن ئازارو حەسوودی دەگەڕێنێتەوە و ڕۆڵی کاریگەری هەیە بۆ ڕەت دانەوەی هێزە بەدەکان، لەبەرئەوەی بەشێک لە هێز و کیانمان لە تف دایە.

ئەوەی جێگای سەرنجە و تێبینی دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتدا چاوی شین نا پەسەندە و بە چاوێکی حەسوود دادەنرێت، کەچی لە باکووری ئەوروپادا حەسوودی و ئیرەیی دەدرێتە پاڵ چاوی ڕەش.

**چاو لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا**

سۆمەرییەکان گەلێکی خاوەن شارستانی بوون و گەنجینەیەکی زۆریان دوای خۆیان جێ هێشتووە، کە باسی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکەن و لە زۆربەی بابەتەکان ناگەین و تێگەیشتنیان ئاسان نییە.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە لە کار و بەرهەمە هونەرییەکانی سۆمەرییەکان، چاوەکان بەشێوەیەکی زەق و گەورە دروست کراون و جیاوازن لە ئەندامەکانی دیکە.

ئەگەر بڕوانینە ئەو بت و بووکۆکانەی لە هەزارەی پێنجەمی پ. ز دروست کراون، دەبینین ئەو بتانە کە نوێنەری خواوەندی دایکن، ئەندامە کانی لەشیان بە شێوەو ڕێژەیەکی مەعقووڵ دروست کراوە، تەنیا چاوی نەبێت کە بەشێوەیەکی تەجریدی دروستکراوە و زیادەڕۆیی تێیدا کراوە و ئەم زیادەڕۆییە نهێنی و مەبەستێکی تێدایە، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە نەک تەنیا لە پەیکەری خواوەندەکان، بەڵکو لە پەیکەری دیکەش بەدی دەکرێت.

جگە لەوەی کە چاوەکان زەق و دیار و گەورەن، شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانیشی ئاسایی نییە، هونەرمەند زیاتر بایەخی پێداوە و لە زۆربەی کارەکاندا ڕەنگاوڕەنگە یان قووڵ کراوە و کلۆرکراوە و بەردیان تێدا ناوە

و سپیایی چاوەکە زۆر دیارە. دیارترین نموونە بۆ ئەم چاوانە گۆزەیەکی سۆمەریەکە بە مۆنالیزای سۆمەری ناسراوە، کە تێیدا زۆر بایەخ بە چاوەکان دراوە، کە چاوەکان زەق و دیارن، هێڵێک لە ناوەڕاستی دایە ئەگەرچی ئەم گۆزەیە بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانە بەکاردێت، کەچی چاوەکان وا دروست کراون کە تەعبیر لە شتێکی نادیار دەکەن و شتێک پیشان دەدەن کە ئەمە

وەک مـەتەڵێک یان نهـێنییـەک وایە و دەشێ جـۆرە سیحرێک بێت.

لە پەیکەرێکی دیکە کـە لەسـەردەمی ئورۆک ٣٠٠٠ پ.ز دروست کـراوە، دەبینین هونەرمەندی سۆمـەری زۆر بـایـەخی بە ئـەرک و بـوونی چـاوداوە، چـاوەکـان بەشێوازێکی زۆر ڕێک هەڵ کۆڵراون یان کلۆر کراون.

ئامـانجی سـەرەکی لە دروسـتکردنی ئەو پەیکەرەدا، نەدەم، نە لووت، نە ڕوومـەت نییـە، بەڵکو چاوە کـە لە هەمـوو ئەندامـەکانی دیکە زیاتر هەست و هزر و هۆشی مرۆڤ بەلای خۆیدا ڕادەکێشی و خاڵی دامەزراندنە.

ڕەنگە مـرۆڤی سـۆمـەری لە بەرامـبـەر ئەم چاوانە دانیشتبێ و پەرستبیتی. دەشێ ئەم گرنگی و بایەخە بێ سنوورە بە چاوەکـان، هۆیەکـەی ئەوە بێت کـە چاو ئامرازێکی زیندووە بۆ پێوەندکردن بە جیـهانی نادیار و غـەیب و سـەرچاوەی ترسە کـە مـرۆڤ دەترسێنێت بەبێ ئەوەی هیچ بکات و باسی زۆر شت دەکات یان گوزارشت لە شتەکان و هەستەکان دەکات.

وەک دیارە بایەخدانی سۆمـەرییەکـان بەچاو شـتێکی ئاسـایی نەبـووە، چونکە شـوێنەوار ناسـەکـان لە گـردی بەڕاک زیاتر لە ٣٠٠ بووکـۆکـەیان دۆزیەوە بەشـێکیـان لەشـێـوەی دەمـامک و بەشـێکی دیکە نیـوەی سـەرەوەی جەستەی مرۆڤ بووە و ئەم شوێنە ناسراوە بە (گۆڕستانی چاوەکان).

شوێنەوارناسان گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەیان سەبارەت ئەم دیاردە نـامـۆیە کـردبوو و گـەیشـتنە ئەو ڕایەی کـە ئەم چاوانە ڕەهەندێکی گرنگی لە ئایین و پەستندا هەیە.

دەشێ ئەم چاوانە پەیوەستێک بن لەنێوان هێزی چاو و حەسوودی.

(مـاکس مـالاوان) بڕوای وایە ئەم چاوانە هێـمـایە بۆ خـــواوەندێکی دیاریکراو، یان چەند خـــواوەندێک و پەیوەستە بە خواچەی دایک، یان دەشێ وێناندنی گشت ئەوانە بێت کـــە خـــواچەی دایک دەپەرستن و چاویان کراوەیە و ڕێزو خواپەرستیـان پێوە دیارە، دەشێ بەدیدی سۆمـەرییـەکـان ئایین جۆرە هاوبەشیـەک بێت لەنێـوان خـواوەند و مـرۆڤ، بۆیە شـێـوەی مـرۆڤـیـان بەخـواوەند بەخشیوە، و چاوی خواوەندیان بە مرۆڤ داوە.

چاوی خواوەندە سۆمەرییەکان گەورە و زەق دیارن وەک ئاگرێکی داگیرساوە کە هەردەم گەش و دەرهاتوون و دوور دەڕوانن و ناسروشتین. و هەندێک شت دەردەبڕن کە زمان ناتوانێت دەریان بڕێت.

## چاو لە میتۆلۆژیای میسرییەکاندا

لە ئایین و بیـــروباوەڕی مـــیـــســـریدا چاو لەگـــشت هێمایەکانی دیکە باوو بڵاوترە و لە هەمـوویان غـەریب و سەیرترە، چاو کلیلی تێگەیشتنی ئایینی میسرییەکانە، ئەدەب و کـە لەپووری ئایینی مـیسـری لە هەمـوو چاخ و سەردەمەکاندا ئاماژەی بەچاوی پیرۆز کردووە.

چاوی پیـرۆز لای ئەوان بە جیـاواز و نـهـێنییـەک و بە ئاڵۆز جیا دەکرێتەوە، کە زەحمەتە بە ئاسانی پەیوەستی بـکـەیـن بـەو بـاوەڕانەی لـە بـارەی چاو لـە شـــــوێـن و ناوچەکانی دیکەی دنیادا هەیە.

لای مـیـسـرییـەکـان چاو هەمـیـشـە ڕەمـزێک بووە بۆ خـــواوەندی گـــەورە، جـــا لەژێر هەر ناوێک بێت، لە سەرەتای چاخی مێـژووییـدا هەڵۆ نیـشـانەی خـواوەندی بەرایی بووە کـە لە ئاوی ئەزەڵدا دەردەکـەوێت کـە چاوی ڕاستەی ڕۆژە، چاوی چەپەشی مانگە، لەبەر ئەوە کاتێک کە مـیـسـرییـەکان وێنەی چاوی خواوەندیان کـردووە ئەوا وێنەی چاوی هەڵۆیان کردووە نەک چاوی مرۆڤ.

لەبەرئەوەی مـیـسـر وڵاتێکە نزیکە لە هێـڵی یەکسـان، گـوڕو تینی خـۆر وای لە مـیـسـرییـەکان کـردووە کـە دیدو بڕوایان بەهێز و سوڵتانی چاوەهبێت وببێـتە سەرچاوەی ترس و تۆقین، بۆیە دوای ئەوەی چاو بووە هێـمـای هێـزی تێکدەرو سووتێنەر و ڕووناکییە بەهێزەکەی مرۆڤ کوێرە دەکات.

هەروەها بەو سـیـفـەتانە وەسف دەکـرێت وەک: ڕق و تووڕەیی.

مـیـسـرییـەکـان چاو و مـاری کـۆبرا یان ئاوێتـەی یەک کردووە، چونکە بڕوایان وابووە کە سیفەتی هەردووکیـان وەک یەکن و لای ئەوان:

چاو= گڕ= خواوەندی تێکدەر= ماری کۆبرا= تاج

چاوی خـــواوەند نوێنەری دیاردەیەکی ترســـێنەری خواوەندی گەورەی گەردوونییە، بۆیە چاو لەو جیهانەدا هێـمـای خـاوەندارێتـیـە کـە بە واتای هێـزێکی مـوجـەرەد دێت، نوێنەری خواوەندی خۆری گەرم و گوڕ و بەتینە.

لە دەقی **٣١٦**ی دەقـەکـانی تابوتدا هاتووە خـواوەندی

بەرایی گەورە کە لە ئاوی ئاژەڵی هاتە دەرەوە، کە ئاماژە بە چاو لە ئۆقیانووسی ئەزەلدا خەڵق کراوە و لەو دەقەدا هاتووە: من چاوی حـــۆرسم، هیچ شـــتـــێک لە من ناشاردرێتەوە. بینینی من دەتانترسێنێ.

دەقەکە ئاماژە بە ڕۆڵی چاو دەکات لە سزادانی مرۆڤدا کاتێک کە شێوەی تیشکێکی سووتێنەر بەرجەستە دەکات کە گەشاوە و داگیرساوە.

مانای وایە خواوەندی بەرایی ڕۆڵی چاوی دیار کردووە وەک چۆن ڕۆڵی کەسایەتییە گەردوونییەکانی دیارکردووە کە هێشتا لە حاڵەتی سەرەتاو بەراییدا بوون. دەقەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەمە هێزی لێدانی خواوەندی گەورەیە. ئەفسانە میسرییەکان باس لەوە دەکەن کە کاتێک ست لەگەڵ حورس شەڕی کردووە چاوی حورسی برد، لە ئەنجامدا ئاسمان تاریک بوو کە هێمایە بۆ مانگ گیران، لەسەرەتای شەڕ و ململانێیەکەدا حورس چاوەکەی لە دەستدا، بەڵام لە کۆتاییدا توانی بەسەر (ست)دا زاڵ بێت و چاوەکەی بگەڕێنێتەوە کە ئەوەش هێمایە بۆ سەرکەوتنی ڕۆحی پیرۆز.

لەبەر ئەوەی حـــورس هێـــز و توانایەکـــەی لە چاو سەرچاوە دەگرێ و هێزی چاویش لە خواوەندی گەورەی بەرایی وەرگیراوە واتە چاوی پیرۆز بریتییە لە چاوی خواوەندی بەرزوبەرایی (ئیرت). لە هەمان کاتدا چاوی حۆرس کوری (ئیزیس)ە.

لەلایەکی دیکەوە چاو بەخواچەی دایک دادەنرێت کە هەموو مرۆڤەکان لە فرمێسکی ئەو خواوەندە ئافەریدە کراون، واتە چاو دایکی بەراییە و لە هەمان کاتدا دایکی شایە، وەک پێشتر گوتمان چاو یەکسانە بە ماری کۆبرا، بۆیە خواچەی دایک و کۆبراو تا چ یەک شتن.

هەندێک ئەفسانەی میسری ئاسمانی لە شێوەی مانگا وێنا کردووە کە مانگاش وێنایەکی دیکەی خواچەی دایکە (چاو)ە و میسرییەکان ئەفسانەکانی چاو یان دەربارەی خواچەی دایک هۆنینەوە، بۆیە ئاستەمە لەو ئەفسانەیە بگەین ئەگەر لە هێمای چاو نەگەین.

ئەفسانەی میسری دان بەدوو چاودا دەنێت یەکێکیان لە ئاوی ئەزەلدایە، ئەوەی دیکە لە ئەفسانەی حورسدایە و بۆمان روون دەبێتەوە کە چاو کلیلی تێگەیشتنی ئەفسانە و ئایینی میسرییەکانە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەڵێین گرفتەکە تەنیا لە پووچەڵ کردن، یان نەهێشتنی باوەڕ بە چاوەزار و چاوی (پیس، حەسوود) نییە، بەڵکو گرفتەکە بریتییە لەوەی کە ئەم باوەڕە جیهانێکی فیکری و دیدوبۆچوونی مرۆڤی میللی پێک هێناوە کە لە واقیعی ژیاندا دانەبڕاوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتارمان هەیە و ڕەفتاری تاکەکەسی و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە زەبت و ڕێک و پێک دەکات ئەوەش مانای وایە دژیەکی هەیە لەنێوان واقیعی ژیانمان و واقیعی سەردەم کە تەنیا جەستەمان تێیدا دەژیت؟

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


**١- علم الفلكلور- الكسندر هجرتي كراب، ترجمة رشدي صالح، قاهرة- ١٩٦٧، ل٣٣٧**

**٢- الرمز و الاسطورة في مصر القديمة، رندل كلارك، ترجمة، أحمد صليمة، مصر، ١٩٩٩، ل٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٢٧**

**٣- سومر. فنونها وحضارتها- اندري بارو، بغداد، ١٩٧٩، ل١٥٦**

**٤- مجلة (التراث الشعبي) عدد، ٤، ١٩٧٧، ل١٢٧**

**٥- مجلة (الكويت) عدد (١٢٢، ١٩٩٤، ل٦٩**

**٦- جريدة الفنون- الكويت- عدد، ١٥، سنة ٢٠٠٥- ٢- ل٣٠**

**٧- هندەک کەڤنە باوەڕێت خەلکی ل بەهدینان، حجی جعفر، بغداد، ١٩٩٣، ل١٦، ٢٠، ٢٣، ٢٨، ٤٠**

# کوردەکانی دەوری چیای تەفتان

**سەرەتا**

لە سەدەکانی ڕابردوودا، کاتێ پادشاکان و فەرمانڕەوایانی ئێران، دەبەرامبەر هێرشی گەلانی دەرەکی و بێگانەدا، هەستیان بە مەترسی دەکرد، یان دەیانویست پەلاماری ولاتێکی تر بدەن، لە هێزە جەنگاوەر و کارامە و نەبەزی ولاتیان کەڵک وەردەگرت و ئەوانیان بەرەو سنوورگەلێ دەشاند کە دەگونجا بکەوێتە بەر پەلاماری هێزی بێگانە، کوردەیل گەلێک بوون کە، دە درێژایی مێژوودا پێشەنگی ئەوان بارودۆخان بوون و هەروا، بە دەست و باسکی پڕ هێز و نەبەردیان، قەلا و دژگەلێکی زۆر گیراوە و خزمەتێکی گەورە و بەرچاویان بەم ئاو و خاکە (ئێران) کردووە، شاگەلی سەفەوییە، بۆ بەرگری لە هێرش و پەلاماری تورکمانەکان و ئوزبەگەکان، کوردێکی زۆریان لە زێدی خۆ هەڵکەند و ڕاگوێزی باکووری خوراسانیان کردووە.

کوردەیلی دەوری تەفتان (سیستان) پاشماوەی ئەو ڕاگوێزکارییەن و ئەوکات خێوی هێزو دەسەلاتێکی بەرفرەبوون. لەم وتارەدا، دەکۆشین تایبەتمەندییەکانی سروشتی، جوغرافیایی، مرۆڤی و شێوەی ژیانی ناوچە گەلێ، لە دەوروبەری تەفتان شی کەینەوە کە ئێستا کوردی ڕاگوێز و سەرگۆنی تێدا دەژی.

**ئەلف- بارودۆخی سروشتی هەرێمەکە:**

زنجیرە چیای تەفتان لە باکووری ڕۆژئاوا- باشوری ڕۆژهەلات و لە ٢٨/٠٥ هەتا ٢٨/٣٠ دەرەجە درێژیی باکووری و ٦٠/٥ هەتا ٦١/١٥ دەرەجە پانتایی ڕۆژهەلات لە نیولنەهاری گرینوویج، لە باکووری ئوستان و پارێزگەی سیستان و بلووچستان- دایە.

چیای تەفتان کە لە هەرێمەکە بەکێوی (چەل تەنان) مەشهوور و ناودارە یەکێکە لەبەرزترین چیاکانی ئەو هەرێمە و لە باشووری ڕۆژهەلاتی کێوی پیرۆزی

**غولام ڕەزاگولی زەوارە**
**لە فارسییەوە: ئەحمەد شەریفی**
**(مەهاباد)**

(زیارەت)دا هەڵکەوتووە.

هەرێمەکە چۆم و ڕووبارێکی ئەوتۆی لێ نییە کە بۆ کشتوکاڵ کەڵکی لێ وەرگیرێ و هەر بەم هۆیەشەوە، کوردەکانی وێندەرێ، بۆ کشتوکاڵ ناچارن دەستەوداوێنی کانیاوەکانی بن و مووچە و مەزرای پێ ئاوبدەن و ئاژەڵ و پاتاڵی پێ تێر ئاو بکەن.

**ب- تایبەتمەندی شنی و جەمعیەت و کوردەیلی وێندەرێ**

گوند و ئاواییە گرینگەکانی دەوروبەری چیای تەفتان کە کوردیان لێ دەژین بریتین لە:

١- گوندی خاش، لە باشووری دۆڵ و دەرەی وەشت دا هەڵکەوتووە و چەندین خێڵ و عێلی نیوە کۆچەری کوردی وەک خێڵی ڕیگی ئیسماعیل زایی لێ دەژی. ئەم کوردانە پاشماوەی سەرگۆن و ڕاگوێزی دەورەی سەفەوییەن بۆ پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئەگەرچی ئەوکات خێوی شکۆ و مەزنایەتی بوون بە فەقیری و هەژاری و ڕەش و ڕووتی دەژین. بەشێک لە تیرەو تایفەکانی ئەم خێڵە لەبەرەوە زمانی کوردیشیان لە دەست داوە و ئێستا بە بلووچی دەئاخڤن و حەنەفی مەزهەبن.

ئەم کوردانە لەساڵی ١٣١١ (دەوروبەری ساڵی ١٩٣٢) سەد بنەماڵە بوون بەڵام ئێستا هەزار بنەماڵەن.

ناودارترین بنەماڵەکانی ئەم خێڵە بریتین لە:

سۆهراب زایی، میرابلووچ زایی، مستەفا زایی، گەدانەسایی، شەکەرەم زایی، ئەڵلا ڕەسان زایی، جەماڵ زایی، کەماڵ خان زایی، سالار زایی، عەلی خان زایی، میر یەحیا زایی، عەلەم خان زایی، دورەزادە، غولام ڕەسان زایی، شەهیدازایی، سەید خان زایی، ناگزی زایی، عەلی بەگ زایی، سەکال زایی، مەدەدخان زایی، ساهیجان زایی، ئومیسەخان زایی، موراد زایی، گوڵ مەحموود زایی، ڕوودباهیی، شەهمراد زایی، کنگەدا زایی، بۆڵگاک زایی، مەتیم زایی، عەجەب زایی، کەرەم زایی و نارۆزایی.

ئەم خێڵ و بنەماڵانە، ئەگەرچی بە ڕووکار نیشتەجێ بوون و چەندین گوند و ئاواییان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا هەر گەرمێن و کوێستان دەکەن و وەشوێن وشتر دەکەون و زستانی هەرە سەرد دەگوندی خراو و ویراندا دەژین.

**ج- دێهستان و قەزاکانی کوردەیل:**

ئەم قەزا و دێهستانانەی کە لەبەرەوە باسیان دەکەین، کوردی تێدا دەژین، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوون نییە چەند دەرسەدی خەڵکی ئەوان قەزایانە کوردن یان بلووچ، چونکە وا تێکەڵ بوون کە لێک جیاکردنەوەیان زۆر حاستەمە.

١- قەزای کۆشە. ئەم دێهستانە، یەکێکە لە ١٢ قەزای شارستانی خاش کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەسی تێدا دەژی و گرنگترین گوندەکانی بریتین لە: ترشاو، چابی، کۆشەوکوتە.

٢- قەزای سەمین. لەم قەزایەدا ٦٠٠ بنەماڵە دەژین کە نزیکەی ٣٠٠٠ کەس دەبن و سەر بەشارستانی زاهیدانە و گەورەترین گوندیشی ئاوایی هەنجرانە.

٣- قەزای سەنگان. ئەم قەزایە گرنگترین ناوچەی کوردنشینی ئوستانی سیستان و بلووچستانە. جەمعیەتی ئەم قەزایە ٤٠٠٠ هەزار کەس ٣٥٠ بنەماڵەیە.

٤- قەزای زابول گەورەترین و پڕ جەمعیەتترین ناوەندی کوردی سیستان و بلووچستانە و سەر بەشارستانی سەراوانە. لەم قەزایەدا نزیکەی ١٠٠٠٠ کورد دەژین جگە لەوانەش لە قەزای پەش کۆش دا چەندین ئاوایی کوردنشین هەیە وەک سێوی سۆران، شاشەکی، گۆران، کونەمەگار، قادراوا، بەهراوا میرئاوا و نۆک ئاوا.

**د- بارودۆخی ژیانی کوردەکانی تەفتان**

گرنگترین مەکۆی ژیانی ئەوان کوردەیلی دوورکەوتە لە زێدی باب و باپیران، ئاژەڵدارییە، ئەگەرچی بەشێکیان نیشتەجێ بوون و لە گوند و ئاوایی دەژین و خەریکی کشتوکاڵن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەریکی ئاژەڵدارین و ئاژەڵ بەشێکی گرینگی داهاتی ئابووری ئەوان دابین دەکا.

کوردەکانی قەزای سەنگان هاوینان دەچنە سەر سنووری پاکستان و خورما بۆ خاوەن نەخلەکان لێدەکەنەوە.

هەر گوندو ئاواییەکی کوردان، خێوی چەند شوانە، کە مەڕو ماڵاتیان بۆ بەخێو دەکەن و گەرمێن و کوێستانیان پێ دەکەن.

**ج- وەرزێری کوردەیل:**

کشتوکاڵ، زۆرتر لەناو کوردەکانی قەزای سەنگان- دا باوە. لە ڕاستیدا، کوردی ئەو قەزایە، پتر لە کوردەکانی تری دەوری چیای تەفتان جێوار بوون و گوند و ئاوایی گەورەیان پێک هێناوە. هەر بەم هۆیەشەوە، کشتوکاڵی گەنم، گوڵە پێغەمبەرە و پەمۆ و لۆکە لەناویاندا باوە. لە هێندێ گوندیشدا، جۆش دەچێنن و لە ناوچە و قەزای کۆشەشدا، لە قەراغ چۆم و ڕووباری مێهران سێوک (پەتاتە)ش دەچێنندرێ و ئەم هەرێمە، ڕەنگە تەنیا ناوچەیەک بێ، لە ناوچە گەلی کوردنشینی دەوروبەری چیای تەفتان، کە کوردان، لەوێندەرێ بوونە خاوەن باغ و باغستان. چونکە لە هەرێمەکانی تر ئاو کەمە و کوردەیل ناکارن باغ و باغداری بکەن.

بەڵام لە قەزای کۆشە، بەهۆی ڕووباری پڕئاوی مێهرانەوە، کورد بوونە خاوەن باغ و مەشهورترین میوەشیان، چەشنە سێوێکی هەرێمانەی زۆر خۆشە.

**سەرچاوە: گۆڤاری فارسی (فصلنامە عشایری/ وەرزنامەی خێڵات) ژمارە ١٨، بەهاری ١٣٧١/ ١٩٩٢**

# ڕیژیسیۆر و کردەی جەستەیی

د. فازیل جاف
(سوید)

گـرنگتـرین ئەرکی سـەرشـانی ڕیژیسـیـۆر لەوەدایە کـردارەکـانی ناو شـانۆنامـەکـە لەسـەر شـانۆ بەرجـەسـتـە بکات، ئەگەر ئەم ئەرکەی پێ جێبەجێ نەکرێ، ئیدی هیچ ڕووداوات و دراماش نایەتە ئەنجام.

دۆزینەوە و دەستنیشـانکردنی کردە جەستەییەکانی ناو شانۆنامەکەت ئەرکێکی گەلێ گرنگە، ڕیژیسیۆر و ئەکتەر دەبێ لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا هاوکار بن.

کـردەی جەسـتـەیی بەگشـتی لای زۆربەی ڕیژیسـیـۆران برەوی زۆرە، ڕیژیسـیـۆر تابۆی بـکرێ پێی خـۆشـە دەقی شـانۆنـامـەکـە بە کـردەی جـەسـتـەیی بەرجـەسـتـە بکات. هەڵـبـەتە تێگەیشـتـنی هۆکـاری ئەم مـەیـل و ئارەزووەی ڕیژیسیۆر بۆ کردەی جەستەیی کارێکی سەخت نییە، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین زۆرینەمـان کردار و جووڵە لە هەمـوو شتێـک پتر کـارمـان تێدەکات، هۆکـاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دراما لە کرداردا ڕوونتر دەبینرێ و زووتریش هەسـتی پێـدەکرێ، هەروەها لە کـرداردا ڕیتم و تێـمـپـۆ (خێـرایی) بە جـۆشـتـرە و ئاسـانـتـر ڕادەگـیـرێ، هەر بۆیە سـتـانیـسـلاڤسـکی دەیگوت قـسـە مـەکـە کـردار بنوێنە، مـیـیـرهۆڵد دەیگـوت جـووڵـە... جـووڵـە... جـووڵـە، برێختیش دەیگوت قسە مەکە پیشانمان بدە، واتە ئەوەی دەتەوێ بە کردار بینوێنە.

کرداری درامی گەورەترین سیمای شانۆیە و هەر کردارە کـە شـانـۆ لە هەمـوو هونەرەکـانی دیکەی نمایش جـودا دەکـاتەوە، ئەمـانە هەمـوو ڕاستن، بەڵام ئەم بۆچوونەش هەروا ڕەها نییەو فەراهەمکردنی هەر بەدەم ئاسانە.

ڕیژیسـیـۆر لە هەڵپەی خۆڵقاندنی کرداری جەستـەیی و بایەخ پێدان بە جووڵە و ئاماژەکانی جەستەدا، نابێ باری شعور و هەست و ژیانی ڕۆحی کەسایەتییەکە فەرامۆش

ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکە دەبێ ڕێنماییکەر و ڕێپیشاندەرمان بێ. هیچ پێوەرێکی دیکە لە دەرەوەی مادەی ئەدەبی دەقەکەدا، مەکە بە ئیلهام بەخش بۆ خولقاندنی کرداری ناو شانۆنامەکەت.

گەر کردارێکت لە دیمەنەکانی سەرەتادا بە هەڵە هەڵبژارد، هەوڵ بدە بە وردی دوای کردارەکانی دیکەی شانۆنامەکە بکەوە، پاشتر ڕاستییەکەیت بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو کردارە ئەرکی دەقەکە جێبەجێ ناکات و بەشێک نییە لە هێڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکە. سەرجەمی کردارەکانی ناو شانۆنامەیەکی مەحکەم و داڕێژراو و پتەو، وەکو ئامێرێکی پیانۆ وایە کە ئەگەر کلیلێکی تێک چوو، هاوکات لە لایەکی دیکەوە کلیلێکی دیکەیش تێکدەچێ.

## کەی کردەی جەستەیی پێویستە؟

نەکەی کردەی جەستەیی وەکو کارتێکردنێکی درامی یان لەبەر جوانی و سەرنجڕاکێشان بەکاربهێنی. کام کردار یان کردەی جەستەیی دراماکەت دەباتە پێشێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ تاکە پێوەرت بێ، دەنا پەنابردنە بەر کردەی جەستەیی لە خۆڕایی و بێ بەڵگەی گونجاو و بێ هۆکاری ڕاستەقینە، وەکو تێکستی زیاد وایە، کە دەبێ لاببرێ یان بقرتێنرێ، ئەم دیاردەیەش بە زۆر لەو نمایشانەدا دەبینرێ کە لەسەر تیۆری جەستە بنیات نراون، بێ پشت بەستن بە بناخەیەکی تیۆری پتەو، ئەم تەرزە بەتایبەتی لەکاری ئەو ڕێژیسێرانە بەدی دەکرێ کە کەم ئەزموونانە شێوازی شانۆی پیرۆز یان شانۆی سرووتئامێز بەکار دێنن و بەو ناوەی گوایە شێوازی ئارتۆ یان گرۆتۆڤسکی، کە بۆخۆیان چەمکێکی تایبەتیان سەبارەت بە کردەی جەستەیی و تێکست هەیە، جێبەجێ دەکەن.

چاک لەو دیمەنە بکۆڵەوە کە کارت لەسەر کردووە و کردەی جەستەی تێدا زەق و بەهێزە، ئەگەر هاتوو لای ببەی هیچ لە کرداری سەرەکی شانۆگەرییەکە دەگۆڕێ؟ ئەم پرسیارە لە خۆت بکە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیار هەروا ئاسان نییە و گەلێ ڕێژیسێری خاوەن ئەزموون چەواشە دەبن و لە ئاستیدا دۆش دادەمێنن و دەکەونە هەڵەوە، چونکە ناسینەوەی کردەی پێویست و کردەی بێ بنەما لەسەر شانۆدا هەروا ئاسان نییە، تەنیا پێوەریش ئەوەیە کە تۆ ئەو کردەیە چۆن دەکەیتە بەشێکی ئۆرگانیک و زیندوو لە جەستەی شانۆگەرییەکتداو چۆن پاکانەی تەواوی بۆ دەدۆزیتەوە. ئەگەر هەموو ئەم مەرجانەت هێنایەدی، ئەوە کردارەکە کردارێکی درامی



تۆڤستۆنۆگ

بکا. دەنا کردار و هەموو کردەیەکی جەستەیی ڕووکەش و بێ ناواخن خۆیان دەنوێنن. کردار و کردەی جەستەیی دەبێ لە ناخی کارەکتەرەوە سەرهەڵبدەن و پاکانە و هۆکار و پاڵپێوەنەری کردەکانی لە کەسایەتی ڕۆڵەوە چەکەرە بکا و لەگەڵ زمانی شانۆنامەکە و هێزی وشەکاندا بگونجێ.


کردەی جەستەیی کاتێ ئەرکی خۆی دەبینێ، کە کرداری سەرەکی شانۆنامەکە بەرەو پێشەوە بەرێ و هەروا بەبێ هۆ و لە خۆڕایی ئەنجام نەدرێ. لەمە بترازێ، واتە ئەگەر کردەی سەرەکی شانۆنامەکە بەرەو پێشەوە نەچێ هەر کردارێک، هەر جووڵەیەکی زیاد و بێ مەبەست بە زەرەر دەشکێتەوە، ئەمەش هەروەکو ئەوە وایە کەسێ قسەی پووچ و بێ مانا بکا یان بێ مەبەست هەر بۆ خۆی قسە بکا. کردەی جەستەیی دەبێ لەگەڵ مانای دەقدا بگونجێ، وەکو شەکسپیر لە هاملێتدا دەڵێ: وشە لەگەڵ کرداردا بگونجێنە، کرداریش لەگەڵ وشە.

هەموو کاتێ لە دەستنیشانکردنی کرداری شانۆییدا نیشان ناپێکین، لێرەدا بەقووڵی تێگەیشتن لە دەق و

ڕاستەقینەیە.
ستانیسلاڤسکی بۆ تێگەیشتن لە کرداری ئەکتەر و هۆکارەکانی ساڵانێکی زۆر لە نزیکەوە بە وردی سەرنجی کاری ئەکتەرانی داهێنەر و بە ئەزموونی و خاوەن شێوازی دەدا، تاکو لە کۆتایی تەمەنیدا توانی لە میتۆدە بەناوبانگەکەیدا (زنجیرەی کردەی جەستەیی) بنەمای تیۆری هاوسەنگی نێوان کردەی جەستەیی و ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ دابڕێژێ. تاکو ئێستاش میتۆدی زنجیرەی کردەی جەستەیی ستانیسلاڤسکی یەکێکە لە پتەوترین میتۆدەکانی هونەری نواندن، کە لە زۆربەی قوتابخانەکانی جیهاندا جێبەجێ دەکرێ.
زۆربەی ڕێژیسێران لەسەر شانۆدا ئارەزووی کردەی جەستەی دەکەن، چونکە هەر نەبێ لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆ درامیتر و سەرنج ڕاکێشترە.

## کردەی جەستەیی و جووڵە... دوو میتۆد

ستانیسلاڤسکی لە دوا قۆناخی ژیانیدا، داوای لە ئەکتەرانی دەکرد بەبێ دەق پرۆڤە بکەن و بەر لە هەموو شتێک، واتە بەر لە قووڵبوونەوە بە ناو جیهانی دەقدا، زنجیرەی کردارە جەستەییەکان بخەنە ڕوو، ئەوەندەی کار لەسەر بکەن تاکو تەواو ساغیان دەکەنەوە. ستانیسلاڤسکی دەیویست ئەکتەران بەر لە ئاشنابوون بە دەقەکە وچوونە ناو جیهانی شانۆنامەکەوە، جارێ کردارە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە دەستنیشان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕانەوە و بێ ئەوەی لێگەڕێ دەقەکە بخوێننەوە.
با ئەکتەرەکانت حیکایەت و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە، ڕووداو دوای ڕووداو، بەسەرهات دوای بەسەرهات بگێڕنەوە، هەنگاوی یەکەم وەکو ستانیسلاڤسکی دەیویست، گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، ئەمەش لە پێناوی ناسینی کردارە سەرەکییەکانی ناو هێڵی چیرۆکەکەیە، پاشان خوێندنەوەی قووڵی دەق پتر یارمەتیمان دەدات لە دۆزینەوەی زنجیرەی کردارە وردەکانی ناو شانۆنامەکە.
بۆ دەستنیشانکردنی زنجیرەی کردارەکان یارمەتی ئەکتەرەکان بدە تا تەواو لە بارودۆخی دەوروبەری خۆیان بگەن، با ئەم بارودۆخە لە کەشفکردنی کردار یان کردارە ڕاستەقینەکاندا سەرچاوەی ئیلهامیان بێ. لە میتۆدی ستانیسلاڤسکیدا ئەکتەر بۆ بەرجەستەکردنی ژیانی ڕابردوو، هەروەها ژیانی ئایندەی کەسایەتییەکەی پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، ئەمەش میتۆدێکی کاریگەری ستانیسلاڤسکییە بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارە یەک لە دوای یەکەکاندا.
بەر لەوەی بکەویتە سۆراخی کردەی جەستەیی، ئەرکی سەرووی ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکە بۆ ئەکتەرەکانت دەستنیشان بکە، چونکە هەموو کردەیەکی و هەموو جووڵەیەک پەیوەستە بە ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکە و ئەرکی سەرووی ئەرکی سەرەکی کە دەکاتە مەبەست لە نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیە لە ئەمڕۆ و لەم جێگایە و لەم کاتەدا.
داوا لە ئەکتەرەکانت بکە کە کردارەکانی کەسایەتییەکە دیمەن بە دیمەن بگێڕنەوە، واتە با ڕۆڵەکانیان لەسەر بناخەی کردار بگێڕنەوە و تاوتوویان بکەن.
شانۆنامەکەت بەسەر کردارە سەرەکییەکانی ناو ڕووداو و بەسەرهاتەکە دابەش بکە با لەناو هەناوی کردارە سەرەکییەکاندا کردارە وردەکان کەشف بکەن، پاشان بەشێوەیەکی مەنتیقی بەیەکەوەیان ببەستنەوە. ئەکتەرەکانت فێر بکە بە زمانی من قسە بکەن، نەک بە زمانی ئەو.
پاشان دەست بکە بە کارکردن لەسەر کردارەکان و ساغکردنەوەیان بە شێوەیەکی خۆرسکانە و سادە، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت خۆیان ئەوەندە پرۆڤە و مەشقی لەسەر بکەن، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە لە هەست و نەستیاندا بچەسپێ و تەواو باوەڕیان بەو کردارە دەبێ، ئەمجا لەسەر دەق وجیهانی ناو شانۆ نامەکە دەستبەکار بە لەکاتی کارکردن لەسەر خودی دەقەکە، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت هەموو بارودۆخی جیهانی ناو شانۆکە، واتە (جەو- ئەتمۆسفیر) بکەنە بنەما بۆ کردارەکان و بەڵگە و پاکانەی تەواویان بۆ دۆزینەوە. ئەمەی کە باسم کرد، بنەماکانی سیستەمی کردەی جەستەییە لای ستانیسلاڤسکی.
جێگای داخە کە زۆر کەس لەبەر بێ ئاگایی خۆیان پێیان وایە میتۆدی ستانیسلاڤسکی بایەخ بە کردەی جەستەیی نادات و تەنیا جەخت لەسەر جیهانی ناوەوەی ئەکتەر و ناوەوەی ڕۆڵەکەی دەکات، یان تەنیا کار لە سەرباری دەروونی دەکات و باری جەستەیی پشتگوێ دەخات. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەر تەواو لە ڕاستییەوە دوورە، دوا کۆڵەکەی بینای تیۆری میتۆدی ستانیسلاڤسکی زنجیرەی کردەی جەستەییە، دیارە ئەم قۆناخە درەنگ بۆ ستانیسلاڤسکی هاتە ئەنجام، بەڵام دەساڵی کۆتایی ژیانی هەر لە ساڵی ١٩٢٩ تا ساڵی مردنی لە ١٩٣٩دا بێوچان کاری لەسەر ئەم میتۆدە




شانۆنامەی
«دڵ گەورەی شاخدار»،
دەرهێنانی مییرهۆڵد- ١٩٢٢

دەکرد.

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری بنەڕەتی پتر کارەکەی ستانیسلاڤسکی-یان دەوڵەمەند کرد، یەکەمیان ئەوەیە کە لەسییەکانی سەدەی ڕابردوودا ستانیسلاڤسکی لە ڕووی تیۆرییەوە گەیشتبووە لووتکەی گەشەکردن و دەوڵەمەندی، هەر بۆیەش هەستی دەکرد میتۆدەکەی پێویستی بەتین و تەوژم و دینامیکیەت هەیە.

پرۆڤەکانی ستانیسلاڤسکی لە تەرتووفدا شایەتی ئەم بۆچوونەن، لە پرۆڤەکانی تەرتووفدا کە لەلایەن ئەکتەر و ڕێژیسیۆری ڕووسی ڤاسیلی تۆپۆرکۆڤەوە تۆمار کراوە، ستانیسلاڤسکی میتۆدەکەی خۆی دەربارەی جەستە و کردار و زنجیرەی کردارەکان تەواو دەخەملێنێ. ئەم کتێبە درۆ نییە گەر بڵێم لە هەموو کتێبەکانی دیکەی نایابتر و بە چێژترە، یان هەر نەبێ باشترین نموونەی پراکتیکی بۆچوونەکانییەتی.

ڕاستە ستانیسلاڤسکی بەتایبەت لە قۆناخی یەکەمی دارشتنی میتۆدەکەیدا، داوا لە ئەکتەر دەکات کار لەسەرباری دەروونی خۆی و ڕۆڵەکەی بکات، بەڵام هەمیشە داوای ئەوەی دەکرد کە باری دەروونی و هەست و نەست و هەڵچوون و داچوون بە کردار جێبەجێ بکرێ، کردار هێزی بزوێنەرە و تەنیا لە ڕێگای کردارەوە لە کەسایەتی سەر شانۆ و باری دەروونیی تێدەگەین. وابزانم ئامۆژگارییەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ ئەکتەرەکانی لە شانۆگەریی ئۆتێللۆدا گەواهی ئەم بۆچوونەن، لەوەی زیاتر چی کاتێ بە ئەکتەرێک دەڵێ: بۆ خاتری خوا ئەوەندە بیر لە سایکۆلۆجیا و هەست و هەڵچوونەکانت مەکەوە، کار لەسەر کردار بکە، کە گرفتێکی مادییە، کەسێ نەزانێ ڕەنگە پێی وابێ ئەم فەرمایشتە پتر لە قسەی مییرهۆڵد دەچێ، نەک لە قسەی ستانیسلاڤسکی.

هۆکاری دووەم، گەشەکردنی میتۆدی بیۆمیکانیکی مییرهۆڵد ئەو دینامیکییەتەی کە لە نمایشدا هێنابووە کایەوە، سەرەڕای چارەسەرکردنی گەلێ لە کێشە سەرەکییەکانی ناو چەمکی جەستەو جووڵە لەلایەن مییرهۆڵدەوە. هەر بۆیە ستانیسلاڤسکی دوای دابڕانێکی دوور و درێژ دیسانەوە مییرهۆڵدی بانگهێشت کرد، تا وەکو ۆرک شۆپێکی بیۆمیکانیک بۆ ئەکتەرەکانتی ساز بکا.

گەر تۆش وەکو من بە پلەی یەکەم میتۆدی مییرهۆڵد جێبەجێ بکەی، دەبێ بایەخ بە جووڵە بدەی. واتە دەبێ ئەکتەرەکانت وا ڕابهێنی کە ئەرکی سەر شانیانە جووڵەی لەبار و گونجاو بە مەبەستی گوزارشت کردن لە فیکریان هزر بدۆزنەوە. مییرهۆڵد دەڵێ: وشە نەخشی سەر خامی جووڵەیە، واتە گەر جووڵەکان تەواو و ڕێک و پێک نەبن، وشەکان بایەخیان نییە.

هەر خۆی دەڵێ: جووڵە بەهێزترین ئامرازی دەربڕینە. ڕۆڵی جووڵە گەلێ گرنگترە لە هەموو کەرەستەیەکی شانۆیی دیکە. شانۆ بێبەش بکە لە دیالۆگ، جلوبەرگ،

ڕووناکی، کالوس و هۆڵ، تەنیا با ئەکتەر و وەستایەتی ئەکتەر لە جووڵەدا بمێنێ، شانۆ هەر بە شانۆ دەمێنێتەوە.

ئنجا هەر ئەمە لەگەڵ فەرمایشتێکی ستانیسلاڤسکیدا دەربارەی کرداری بەراورد بکە کە دەڵێ: کردار بڕبڕەی پشتی نمایشە. جووڵە لای مییرهۆڵد دەبێ پەیامی خۆی بگەیەنێ هەروا لە خۆڕا ئەنجام نەدرێ، ڕاست و ڕەوان و پێرفێکت بێ و پڕاوپڕ ئەنجام بدرێ و لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستە بکرێ. لە پێکهاتەکانی جەستەدا و لە دروستکردنی میزانسیندا پلاستیکای جەستەی ئەکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەدرێ و دەبێ پەیام و وەزیفەی هەبێ و گوزارشت لە مانا بکات. هەوڵ بدە تەنانەت لە ڕاهێنان و پرۆڤەکانتدا ئەمە بۆ ئەکتەرەکانت دووپات بکەوە، مییرهۆڵد دەڵێ:

ڕاهێنان... ڕاهێنان... ڕاهێنان! بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە ڕاهێنانە بێ، کە تەنیا جەستە دەگرێتەوە نەک مێشک، نەخێر! سوپاستان دەکەم، من پێویستم بە ئەکتەرێ نییە کە بزانێ چۆن دەجووڵێتەوە بەڵام نەتوانێ بیر بکاتەوە.

ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ئیتودەکان (مەشقەکان)ی بیۆمیکانیک بۆ تێگەیشتن لە سەبکی جووڵەو هەریکەلیەتی میزانیسیندا گەلێ گرنگن. ئەگەر لای ستانیسلاڤسکی سایکۆلۆجیا ڕێگایەک بێ بۆ گەیشتنە کردار، لای مییرهۆڵد جووڵە و گوزارشتی جەستە ڕێگایەکن بۆ هەستکردنی ڕاستەقینە و پیشاندانی باری دەروونی.

من لە کارەکانمدا هەوڵم داوە کار لەسەر هەردوو میتۆد بکەم، بەڵام وەکو ڕیژیسێر سەر بە قوتابخانەی مییرهۆڵدم. هەوڵ داوە شانۆگەریی هەزار و یەک شەو بە میتۆدی بیۆمیکانیک دەربهێنم، لە تەکنیکی گێڕانەوەشدا سوودم لە برێخت وەرگرتووە. من زیاتر سوودم لە پێوەندی نێوان ئەکتەر وەک چیرۆکبێژ و ئەکتەر، وەک ڕۆڵ و پاشان ئەکتەر، وەک خودی خۆی بینیوە.

لە شانۆنامەی تەرتووفیشدا کە لە لەندەن کارم لەسەر کرد، میتۆدی مییرهۆڵدم جێبەجێ کرد. لە زۆربەی زۆری کارەکانمدا پەنام بردۆتە بەر قوتابخانەی مییرهۆڵد لە دەرهێناندا، بەڵام لە شانۆنامەی گەمە بە ئاگر کە لە ڕووسیا کارم لەسەر کرد، هەوڵ دا جۆرە موتوربەکردنێک لەنێوان شوازگەری مییرهۆڵد و زنجیرەی کرداری جەستەیی ستانیسلاڤسکیدا دروست بکەم. واتە نمایشەکە لەسەر بناخەی کرداری جەستەیی و بە دیقەت بەکارهێنانی پلاستیکا دروست کرابوو، ئەمە بۆ ئەکتەرەکان ئاسان نەبوو، چونکە ئەوانە پەروەردەی سیستەمی ستانیسلاڤسکی-ن و بەرامبەر بەو میتۆدە گەلێ بە وەفا و بە ئەمەکن، بۆیە گەر بتەوێ لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەزموونێک یان هزرێکی تازە تاقی بکەیتەوە، دەبێ ئەکتەرەکانت لە مەبەست و ئامانجەکانت تێبگەیەنی و تەواو قەناعەتیان پێ بێنی، ئنجا دەست بەکار بی.

من لە شیکردنەوەی تێکست و قوولبوونەوە لە ناخی کەسەیاتییەکان و بە قەولی ستانیسلاڤسکی ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ، خۆم بە قەرزاری قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی دەزانم، چونکە زۆر سوودم لێ بینیوە. وە نەبێ سوودم لە چەمکە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ستانیسلاڤسکی نەدیتبێ، سەرەڕی هەموو جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو قوتابخانەیە.

ڕەنگە لەناو کارەکانمدات شانۆنامەی مەرگ و کچی تیپی شانۆی ئارارات لە هەموو کارێکم زیاتر شەقڵی ستانیسلاڤسکی لە مەڕ زنجیرەی کرداری جەستەیی پێوە دیار بێ، بەڵام لە میزانسین و پێکهاتەکاندا دیسانەوە میتۆدی مییرهۆڵد خۆی بەسەرمدا سەپاندووە. مەبەستم لەم ئاماژانە بەکارەکانم ئەوەیە کە ڕیژیسێر دەتوانێ سوود لە میتۆد و تەکنیکی جیاواز جیاواز ببینێ و باوەڕی بەوە هەبێ کە هەر میتۆدە و هزرێکی لەبن نەهاتووی تێدایە، ئەگەرچی سەد لەسەد پەنای بۆ نەبەی.

## کردار و کردەی جەستەیی و هزر و ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکەت

گەر بتەوێ لە دەستنیشان کردنی کرداری سەرەکی شانۆنامەکەتدا بەهەڵەدا نەچی، دەبێ هەموو سۆراخ و پشکنینێکت لە هزری سەرەکی یان ئەرکی سەرەکی و سەرووی ئەرکی سەرەکییەوە دەست پێ بکا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئاسان نییە و پێوەندییەکی پتەوی بە شارەزایی و ڕۆشنفیکری و دید و ئەزموونی ڕیژیسێرەوە هەیە. هەر نەبێ هزری سەرەکی دەکرێ بەپێی بۆچوونی جیاواز دەستنیشان بکرێ و لە ڕیژیسێرێکەوە بۆ ڕیژیسێرێکی دیکە بگۆڕێ.

لە هەموو شانۆنامەیەکدا کردارێکی سەرەکی هەیە، هەندێ جار دوو یان سێ کرداری سەرەکی هەیە، بەتایبەت لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا دەتوانێ پتر لەیەک کرداری سەرەکی دەستنیشان بکەی، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا باشتر وایە جەخت لەسەر یەکێکیان بکەی. زۆر جار ڕیژیسێران بەکرداری سەرەکی

دەڵێن کرداری کلیل.
گۆردن گرەیک هزری سەرەکی هاملێتی لەگەڕان بە دوای حەقیقەتدا چڕ دەکردەوە، هەموو کردارەکانی ناو نمایشەکەیشی لە خزمەتی ئەم لێکدانەوەیە بوون و ئەم ڕاستییەیان دەسەلماند، نەک هەر ئەوەندە هەموو لایەنەکانی بەرهەمەکە و ڕەهەندە هونەری و تەکنیکییەکانیشی لەم پێناوەدا بوون.
ئەگەر تۆش بتەوێ جەخت لەسەر ئەم هزرە بکەیت، دەبێ ئەکتەرەکانت وا ڕابێنی کە بڵێ: من سۆراخی حەقیقەت دەکەم و بەدوای ڕاستیدا وێڵم.
دەشێ لە شانۆنامەیەکدا دەیان کردار هەبێ، دەشێ هەر دیمەنەو کرداری خۆی هەبێ و چەندین کرداری ورد وردی لێ ببێتەوە، بەڵام بۆ دەستنیشانکردنی کلیلی هەموو ئەم کردارانە ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: کام کردار دەکەوێتە بەردی بناخەی ڕووداوەکانی دراماکە؟ کام کردار دەبێت بە هۆی ڕوودانی کردارەکانی دیکە؟ ئەو کردارە چییە کە هەموو کردارەکانی ناو دراماکەت بە یەکدی و پێکەوە دەبەستییەوە؟ کامەیە ئەو کردارەی کە ستانیسلاڤسکی ناوی لێ ناوە بڕبڕەی پشتی دراماکەت؟
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کاری سەرەکی تۆی ڕێژیسۆرە لە پرۆسەی داهێناندا. بۆ وەڵامدانەوەیان پێویستیت بە لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوەیە بە ناو جیهانی تێکستەکەدا، چونکە ئەگەر لە دەستنیشانکردنی کرداری سەرەکیدا بەهەڵەدا بچێ، ئەگەر وەکو ڕێژیسێر کرداری سەرەکی و کرداری لاوەکی لە یەکدی جوودا نەکەیتەوە، ئیدی هەموو پرۆسەی دەرهێنانەکەت بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕوات.
پاش دەستنیشانکردنی کرداری کلیل، هەوڵ بدە تا بۆت دەکرێ ئەو کردارە زەق و تووند و تۆڵ و ڕوونتر پیشان بدەو هەمیشە لە سەنتەری دراماکەدا بێ. ئەمە ئەرکێکی سەرەکی تۆی ڕێژیسۆرە.

## ئەکتەر و زنجیرەی کردەی جەستەیی و جووڵە

هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەکتەرەکانت وا ڕابێنە بە زمانی من بدوێن، تاکو بتوانن کردارە بچووکەکان بدۆزنەوە. ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی ڕۆمیۆ دەبینێ دەبێ بڵێ: من جولێیتم خۆش دەوێ، لەبری ئەوەی بڵێ: من نوقمی خۆشەویستیم یان لە خۆشەویستیدا دەژیم، یان هەست بە خۆشەویستی دەکەم.
واتە دەستنیشانکردنی هزری سەرەکی شانۆنامەکە و ئەرکی سەرەکی نمایشەکەت، هەیکەلی کرداری سەرەکی و



**شانۆگەری «ژنە باخۆسییەکانی یوریپیدس»**
**دەرهێنانی: ئینگمار بێرگمان**

پاشتریش زنجیرەی کردارەکانی ناو شانۆنامەکە و جووڵەو ئاماژەکانت بۆ ساغ دەکەنەوە. هەر ئەم هزرە یان ئەم ئەرکە دەبێ لە مێشک و هەست و نەستی ئەکتەراندا بچەسپێ و لە هەموو هەنگاوێکیدا پەنای بۆ ببات تاکو ببێ بە هۆکار و پاساو بۆ کردار و جووڵەکانی بدۆزێتەوە.
گرفتێکی گەورە کە دەبێتە ڕێگر لە پێش دەستنیشانکردنی کرداردا، ئەوەیە ئەکتەرەکانت هۆکار و پاساوی ڕاستەقینەی کردارەکانیان نەدۆزنەوە. لەو حاڵەتەدا بەربەست و ڕێگرەکانیش نادۆزنەوە، واتە ململانێ و کێشەش نییە، یان بەهەڵە لێی تێدەگەن، لە ئاکامدا دراما نایەتە ئەنجام.
بەر لەوەی کار لەسەر هەردیمەنێک بکەم، لە ئەکتەرەکانم دەپرسم: دەتەوێ چی بکەیت؟ ئنجا کە وەڵامی ئەوم زانی، لێی دەپرسم چی دەکەی بۆ ئەوەی ئەم خواستەت بهێنییتە ئەنجام، پاش وەڵامی ئەوە دەپرسم ئەی

بەرست و ڕێگر لە پێشتدا چییە؟
تەماشاکە ئەم میتۆدە چەند ئاسانە، بەڵام زۆریش قسە و بۆچوونی جیاجیا هەڵدەگرێ. چۆن دافیعەکانی ئەو کەسایەتییە دەستنیشان دەکەین کە مەبەستمانە. هەوڵدەدەم شان بەشان لەگەڵ ئەکتەردا کرداری ڕاستەقینە بدۆزمەوە هاریکاریت لەگەڵ ئەکتەردا گەلێ گرنگە لە دەستنیشانکردنی کرداردا.

## کرداری سەرەکی و کرداری بچووک

وەکو باسم کرد لە هەموو شانۆنامەیەکدا کرداری سەرەکی و کرداری بچووک بچووک هەن کە پاڵپشتی کرداری سەرەکین، بەڵام لە هەموو شانۆگەرییەکیشدا زەق و ئاشکرانین، بۆیە لە هەندێ شانۆنامەدا بە ئاسانی خۆیان نادەنە دەستەوە. لە شانۆی مۆدێرندا، بە پێچەوانەی شانۆی کلاسیک، کردارەکان هەندە زەق و ڕوون نین، ئەمە بەتایبەتی لەو شانۆنامانەدا بەدی دەکرێ کە مۆرکی سایکۆلۆجیایان پێوە دیارە. ئەگەر بە هەڵدا نەچووبم، چیخۆڤ پێشەنگی ئەم تەرزە درامایەیە کە کردارەکانی بۆ ڕێژیسێوری درشت بین بە ئاسانی نابینرێن. ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک لە شانۆنامەکانی ئۆنێل-یشدا وایە، بەڵام لای پینتەر ئەوە کردارەکان هەر تەواو شاراوەن.
دە ساڵ لەمەوبەر وۆرک شۆپێکم بۆ دوو ئەکتەری ئینگلیز لە لەندەن لە شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ سازکرد. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کرداری سەرەکی یەکێ لە ئەکتەرەکان هەڵیدایە: لەم شانۆنامەیەدا کردار سەرەکی نییە، ئەی ئەوە نییە کەسایەتییەکان بە زمانی خۆیان دەڵێن هیچ ڕوونادات. گوتم ڕاستە هیچ ڕوو نادات، بەڵام خۆ ئەوان هەر چاوەڕوانن، واتە چاوەڕێ دەکەن. کرداری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە تۆ چاوەڕێ دەکەی. ئنجا بەدەم چاوەڕوانییەوە زنجیرەیەک کرداری بچووک بچووک ئەنجام دەدەی، تا ئەوەندەی ئیستراگۆن و ڤلادیمێر چاوەڕێ دەکەن، دراماکە بەردەوامە، دەیانەوێ بڕۆن بەڵام ناتوانن، پاشان بە هاتنی پۆز و لاکی کردارەکانی شانۆنامەکە کۆنکریتتر خۆیان دەنوێنن.
داوام لە ئەکتەرەکان کرد دەقەکەیان بەلاوە بخەن و بە ڕستەی: چاوەڕێ دەکەم- بکەونە پشکنین و سۆراخ. جگە لە کردارەکانی ناو شانۆنامەکە کە بێکێت خۆی دەستنیشانی کردوون وەکو پێڵاو داکەندن و لە پێکردنیان و شەبقە لەسەرکردن و گێزەرخواردن و ئێسقان کراندنەوە تاد، کۆمەڵێ کرداری دیکەیان کەشف کرد کە کرداری چاوەڕوانی سەرچاوەی ئیلهام بوو بۆیان.
بەشێوەیەکی گشتی کردار پێوەندییەکی پتەوی بەسروشتی دەقی شانۆنامەکەوە هەیە و بەشێوازی نووسەر دەگۆڕێ، کردارەکانی ناو شانۆنامەکە لای هەموو نووسەرێک بەهەمان پلە و ئاست ڕوون و ئاشکرا نین. لای چیخۆڤ بۆ نموونە نەک هەر زنجیرەی کردارە بچووکەکان، بگرە کرداری سەرەکیش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەژێر دێڕەوە هەیە و بە ئاستەم دەدۆزرێنەوە. کە ستانیسلاڤسکی چەند کردارێکی ورد وردی لە شانۆنامەی نەوەرس-دا خوڵقاند، ئەم کارە بوو بەهۆی نیگەرانی چیخۆڤ و وا بزانم کێشەو دەمەقاڵێ هەردووکیان لەسەر ئەم بابەتە شتێکی شاراوە نییە.
لای چیخۆڤ دەبێ لە ناخی تێکستەکەدا، لە بنی بنەوەی دێڕەکاندا بۆ کردارەکان بگەڕێی، ئەگەر ڕاستگۆ نەبی و یەک تۆزقاڵ ساختەی تێدا بکەی، یان کردار و جووڵە و ئاماژەی دەستکرد و درۆزنانە بخوڵقێنی، ئیدی حیسابت تەواوە. هەر تەواو بە پێچەوانەی بۆ نموونە شانۆنامەیەکی کلاسیک یان سیمبولیستانە یان بابەتێکی شێوازگەریانە کە بواری کردار و جووڵە تێیاندا ڕەهاتر و ڕێژیسێور تێیدا سەرفرازترە.

## کردار و جووڵە مۆتۆری نمایشەکەتن

گەر بتەوێ نمایشەکەت دینامیک و زیندوو و بە جۆش بێ، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە مەسەلەی کرداری سەرەکی و زنجیرەی کردارەکانی دیکەی شانۆنامەکە، هەروەها جووڵە و کردەی جەستەیی لە ڕێگای میتۆدەوە چارەسەر بکە.
میتۆدەکانی ڕێبەرانی شانۆ لەم بوارەدا هەمەلایەنە و دەتوانێ وەڵامی گەلێ پرسیارت بدەنەوە، کە ئەوان ساڵانێکی دوور و درێژی تەمەنی خۆیان بۆ تەرخان کردووە. لەم ڕووەوە گەلێ بۆچوونی تیۆری بەکەڵک هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە میتۆدی ستانیسلاڤسکی و مییرهۆڵد کە من لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم، تۆش وەکو ڕێژیسێور خۆتی بۆ تەرخان بکە و هەوڵ بدە چاک لێیان تێبگە، ئەم کارە ڕێگایەکی دوورت بۆ کورت دەکاتەوە.
کردار و جووڵە دینامۆ و مۆتۆری شانۆنامەکەتن، خۆ ئەگەر ئەم بابەتە چارەسەر نەکەی دینامۆی یان مۆتۆری شانۆنامەکەت قەت ناکەوێتە کار.
ئەو ڕێژیسێورانەی کە سەریان لە مەسەلەی کردار و جووڵە دەرناچێ، بە زەحمەت دەتوانن جیاوازیی لەنێوان

کردەی جەستەیی پێویست و کردەی جەستەیی دوور لە مەبەست بکەن، ئەمەش زیاتر لە کاری ئەو ڕیژیسیۆرانەدا دەردەکەوێ کە بە چاک و خراپ کردار و جوولەی زۆر و بۆر بەکاردێنن، بێ ئەوەی بزانن بەمە کارەکەیان شەقڵێکی ڕووکەشانە وەردەگرێت و تەنیا گوزارت لە بۆشایی دەکا.

جیاوازی نێوان کرداری درامی و جوولە گەلێ گرنگ، ئەگەر ئەم دووانە لێک جوودا نەکەیتەوە دینامۆی شانۆنامەکەت دەوەستێ و کارناکات. جوولە هەموو کاتێ کردار ناگەیەنێ، واتە هەموو جوولەیەک یان چالاکییەکی فیزیکی کردار نییە، کرداریش خۆی لە خۆیدا مەرج نییە چالاکییەکی فیزیکی بێت، بۆ نموونە کە دەڵێین هاملێت بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێ ئەمە خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی فیزیکی نییە، بەڵام کردارێکی درامییە. لە ناو ڕیژیسیۆراندا کەسانی وا هەن ئەم جیاوازییە نازانن، یان دەیزانن و فەرامۆشی دەکەن، بۆیە زۆرجار دەبینین ڕیژیسیۆر پێی وایە بە چەند جوولەیەکی دروستکراو کرداری شانۆیی خوڵقاندووە، ئەمە زیانێکی زۆر لە شانۆنامەکە و کارەکتەرەکانیش دەدات.

کردەی جەستەیی وەکو وشە، دەبێ گوزارشت لە مانا بکاو ئەکتەر نابێ زنجیرە کردارک بە ئەنجام بگەیەنێ و هەر لە خۆڕایی بجوولێتەوە و بزانێ بینەر مانایەک بۆ کرادەر و جوولەکانی دەدۆزێتەوە.

ڕیژیسیۆرێک کە میتۆدی سوزوکی جاپانی لە شانۆنامەی سێ خوشکەکەی چیخۆڤدا بەکار دەهێنا، داوای لە ئەکتەرک دەکرد کە لە شێوەی سەمادا یان بەدەم ساماکردنەوە شانۆ بەجێ بهێڵێ، گوایە ئەمە جۆرێکە لە کردەی جەستەیی. ئەم نموونەیە خراپترین شێوەی تێگەیشتنە لە کرداری جەستەیی، هەر چەندە ڕیژیسیۆرەکەی ڕیژیسیۆرێکی بەناوبانگیشە. کردەی جەستەیی لەم حاڵەتەدا تەنیا کرداری چوونە دەرەوەیە، چونکە دەرەوە وەکو کردار خۆی لە خۆیدا بەسە، ئەوی دی شێوازگەرییە، کە دەبێ لەگەڵ سەرجەمی شانۆگەرییەکەدا هاوئاهەنگ و لە هارمۆنیادا بێ. ئەم جۆرە کردار و جووڵانە، کە دەکەونە خانەی کریۆگرافیاوە (سەما) و شان بەشانی شێوازی شانۆی سرووتئامێز یان تەقسی دەڕۆن، پێوەندییان نەک تەنیا بە ستیلی نمایشەوە هەیە، بگرە بە پلەی یەکەم پێوەندییان بەشێواز و خانەی ئەدەبی شانۆنامەکەوە هەیە، کە دەبێ بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ ئەو ستیلەدا بگونجێ. بەداخەوە شانۆنامەی سێ خوشکەکە ئەم ستیلەی پێ نامۆ بوو، پێم وایە ئەگەر ئەو ڕیژیسیۆرە ئەوەندە مەست و شەیدای ئەو ستیلەیە، دەبوایە شانۆنامەیەکی دیکەی بۆ هەڵبژاردبا و ئەو گەمەیەی لەگەڵ چیخۆڤدا نەکردبایە.

## نموونەیەکی کردەی جەستەیی

ڕیژیسیۆرێک لە ڕیژیسیۆری ڕووسی تۆڤستۆنۆگۆڤ دەپرسێ: ئەگەر لێگەڕێم یەکێ لە دوو ئەکتەرەکانی دیمەنێکدا، بەدەم قسەکردنەوە جگەرە بکێشێ، دەکرێ بەمە بڵێم کرداری جەستەیی؟

تۆڤستۆنۆگۆڤ دەڵێ: نەخێر، چونکە جگەرە کێشانەکەیان بە هیچ جۆرێک کار ناکاتە سەر کرداری سەرەکی دیمەنەکە. ئەو جگەرە کێشانە لە کاتێکدا دەبێ بە کرداری جەستەیی، کە کرداری دیمەنەکە بەرەو پێشەوە ببات.

ئەنجا تۆڤستۆنۆگۆڤ بۆ هەمان پێشنیار نموونەیەکی دیکە دێنێتەوەو. دەڵێ جگەرەکێشانەکە دەکرێ ببێ بەکرداری جەستەیی، ئەگەر هەردوو ئەکتەر پێکەوە لە جگەرەکێشاندا بکەونە پێشبڕکێ و هەردووکیان لەیەک کاتدا جگەرە بکێشن و هەریەکەیان هەوڵی ئەوە بدا پێش ئەوی دیکە جگەرەکەی تەواو بکات،لەم حاڵەتەدا جگەرە کێشانەکەیان بۆ مەبەستێکە، دیمەنەکە دوور لەم مەبەستە هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.

ڕیژیسیۆری پۆلۆنی زیگمۆنت هوبنێر لە کتێبەکەیدا ئێستێتیکای دەرهێنان دەگێڕێتەوە کە دۆستێکی لە دەرەوەی وڵات ئامادەی پرۆڤەی شانۆگەرییەک دەبێ کە بە زمانێکی نامۆ نمایش دەکرا، لە دیمەنێکدا دوو ژن بەشەڕ دەهاتن و لە یەکدیان دەدا، ئەمە لە کاتی پرۆڤەدا، بەڵام کە لەکاتی نمایشدا جەمهوور شانۆگەرییەکەی بینی، هەمان دیمەنی بەشێوەیەکی دیکە بینی، هەردوو ژنەکە لەسەر دوو نوێنی نووسیتێ دوور لەیەکدی لەلای ڕاست و چەپی شانۆکەدا، هەریەکە و لەسەر نوێنەکەی خۆی پاڵکەوتبوو، هەردووکیان بە جۆرێک قسەیان بەیەکدی دەگوت، کە هەستت دەکرد گوتەکانیان زەهری لێ دەتکا. ڕیژیسیۆری شانۆنامەکە دوای ئەوەی کردەی جەستەی توندو زەق و دراماتیکایانەی تاقی کردەوە، ئنجا ئەم شێوە گوزارشتەی بەلاوە پەسندتر بوو، لێرەدا ڕۆڵی زمان شانۆنامەکە جوانتر و ئاسانتر و کاریگەرتر دەگەیەنێتە بینەر.

ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخات کە چۆن دیمەنێک، کە کرداری جەستەیی تێدا زۆر زەق و ئاشکرا نییە، چاکتر گوزارشت لە کردارێکی جەستەیی توند و تیژ دەکا. لەم

حـالّەتەدا زمـان خـۆی لە خـۆیدا زمـانێکی جـۆشـدراو ڕۆڵێکی کـاریگەر دەبینێ، ڕیتم و تۆنەکـانی دەنگ و کەمیی ئاماژە و پلاستیکای بە دیقەت داڕێژراو، زۆر بە جوانی گوزارشت لە کردارەکان دەکەن.

**ۆرک شۆپ لەسەر کردار و پێکهاتی جەستەیی**

ئەگەر بتەوێ ڕێگایەکی دوور بۆ خۆت و ئەکتەرەکانت کـورت بکەیتـەوە، هەوڵ بدە ۆرک شـۆپێک لەسـەر دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کرداری سەرەکی و زنجیرەی کردار و پێکهـاتی جـەسـتـەیی بکەی. با ئەم کـارەت لە دەرەوەی پرۆڤەکانت بێ. ئەمە کارێکی گەلێ بەسوودە، بەتایبەت ئەگەر لە تیپێکدا کاربکەی یان خاوەن گرووپی خۆت بی. ئەگـەر دەزانی مـیـتـۆد یان شێـوازی تایبـەتی خۆت هەیە، زمـانێکی شـانـۆیی تایبـەت بەخـۆت هەیە، چاکتر وایە ئەکتـەرانت لەسەر کردار و زنجیرەی کرداری سەرەکی و جووڵە ڕابهێنی، دەنا کار و پیشەت لەکاتی پرۆڤەدا هەر ئەوە دەبێ کە بە ئەکتەرانت بڵێی وا بکە و وا مەکە، وەکو من بکە، ئەوانیش سووک و ئاسان دەبێ لاسایییت بکەنەوە.

**ناوونیشانی دیمەنەکان**

لە ۆرک شـۆپەکـانی مـەشـقـکردن لەسـەر کـردار و جووڵەدا، داوا لە بەشداران دەکەم کە بۆ هەر کەرتێکی یان دیمەنێکی شـانۆنامـەکـە ناوونیـشـانێکی تایبـەت هەڵبژێرن، بە مەرجێ ئەو ناوونیشانە دەبێ گوزارشت لە کرداری ئەو کـەرتە یان ئەو دیمەنە بکا، ئەم تەکنیکەم لە ڤـەخـتـانگۆڤـەوە وەرگـرتووە و هەندێ گـۆڕانکاریم تێـدا کردووە. لە بری ئەوەی بڵێین دیمەنی یەک، دوو، سێ تاد دەڵێین: یەکترناسین، خۆشەویستی، دابڕان، ناسۆر.... تاد. هەنگاوی دووەم کـارکـردنە لەسـەرداهێنانی ڕەها (ارتجـال) کە مـیـتـۆدێکی گـەلێ بەکارە بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارەکان.

پاش کـەشفکردنی کـردارەکـان ڕیژیسـۆر یان ڕاهێنەری ئەم جـۆرە ۆرک شۆپە دەبێ زۆر بە ئاگـا بێ و وەڵامی ئەم پرسیـارانە ساغ بکاتەوە: کردارەکە لە ڕوانگەو بۆچوونی کەسـایەتیـیـەکـەوە چۆن بەرجەسـتـە دەکرێ؟ لە جەوی دیاریکراوی شـانۆنامـەکـەدا چۆن ئەنجـام دەدرێ؟ پـایەو جێگای کـردارەکـە لە ناو زنجیـرەی کـردارەکـانی دیکەدا کامەیە؟

ئەکتەران نابێ زمانی شانۆنامەکە لە یاد بکەن، کردار دەبێ لەگـەڵ وشـەدا بگونجێ و هەردوو هاوئاهەنگ بن. کـاری تۆ وەکـو ڕاهێنەر لە ۆرک شـۆپێکی ئاوهادا، یان وەکـو ڕیژیسـیـۆری شـانۆنامـەکـە، دەبێ هەمـیـشـە وەکـو چاوێکی هونەریی ڕەفتار بکەی. چونکە زۆر جار وا ڕوو دەدات کـە سیـحـری کـردار و جـووڵە بە جـۆرێ ئەکـتـەر ڕادەکێشێ کە باکی بە وشە و ناوەرۆک نامێنێ و ئەمەش جۆرە نەشازێک دەخوڵقێنێ. لە کۆتاییدا تۆ خۆت دەبێ بڕیار لەسـەر کـردارەکـان بدەی، دەنا ئەوەی کـە پێی دەگـوترێ هێـڵـی بەردەوامی کـردارەکـان دەترازێ و لێکدەپچڕێن.

با ئەکـتـەرانت ژیانی جەستـەیی ڕۆڵەکە بخـوڵقێنن، ئەمـەش هەر چەمکی سـتـانسـلاڤـسکی-یە، ئەو تەنیـا باسی لە ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ نەکـردووە، بگرە بـایەخـێکی زۆری بە ژیانی فـیـزیکی ڕۆڵیش داوە. وەکـو چۆن دانەری مـۆسـیـقـا ئاوازەکـەی بە نۆتە دادەنێ و دەینووسێـتـەوە، ئاواش ڕیژیسیـۆر دەبێ ژیانی فـیزیکی ڕۆڵ بچەسپێنێ. ژیانی فزیکی ڕۆڵ بریتییە لە زنجیرەی کردارەکان لە ناو هێڵی دراماکەدا. ستانیسلاڤسکی دەڵێ:

ئەگـەر لە ڕۆڵەکـەتدا ڕاسـتگۆیانە باوەڕت بەهەمـوو کـردارێکی جـەسـتـەیی هەبێ، ئەوەندە نابا ئەو شـتـە دەخـوڵقـێنی کـە پێی دەگـوترێ نۆتەکـانی ڕۆڵ، ژیانی جەستـەیی ڕۆڵەکـەت. بەردەوام دوای ئەم هێڵـە بکەوی، دەتوانی ئەم تەکنیکە تەنانەت لە دەرهێنانیـشـدا بەکاربێنی. گەلێ لە ڕیژیسیـۆرانی دنیا وادەکەن و منیش هەمـان ڕێچکەم گـرتووە. واتە سـەرانسـەری شانۆنامـەکە بەپێی کردار دابەش دەکەم و هەر بەشە و ناوی کردارێکی لێ دەنێم، کـە کـرداری سـەرەکی ناو بەشـەکـەیە. تۆ کـە کرداری سەرەکیت لە ناخ و دەروونی ئەکتەردا چەسپاند ئیدی زەحمەتە کردار و جووڵەی بێ ئەنجام و بێ مەبەست ئەنجام بدەیت.

لەوە خراپتر نییە وەکو ڕیژیسیۆر کردار و جووڵەی پێش وەخت ئامـادەکـراو بەسـەر ئەکـتـەرانـتـدا بچـەسـپێنی. لێگەڕێ با ئەکتەرەکانت خۆیان کردار و زنجیرەی کردار و جووڵەکانیان بدۆزنەوە.

وەکـو ڕیژیسـیـۆر دەبێ هانیـان بدەی و هاریکاری و ڕێنماییـان بکەی، بەوەی کە خەیاڵیـان بوورووژێنی، دەبێ وایان ڕابێنی بەدەستی خۆیان مۆتۆری شانۆنامەکە بخەنە گەڕ.

# مۆسیقا و پێشینەکەی لە کوردستاندا

**حەبیبوڵڵا تابانی**
**لە فارسییەوە: مەریوان جەبار عەبدوڵڵا**
**(سلێمانی)**

مۆسیقا لە کوردستاندا پێشینەیەکی کۆنی هەیە. هەندێک ئاوازی تایبەتی وەکو «حەیران» لە کوردستاندا کە شێوەیەک لە مەقام و ئاوازە و بە کۆنترین شێوازی مۆسیقا دەژمێرن. بارودۆخی جوگرافی و سروشتی ئەم سەرزەوییە بە جۆرێک کە لە هەستی خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕەوانبێژی و ناسکی دەنگ دروست دەکات و بە هۆی ئەم بارودۆخەوە هونەرمەندانی ئاوازی ئەم سەرزەوییە بەردەوام لە هونەرمەندانی بە ناوبانگی سەردەمی خۆیان بوونە و ئێستاش هەن، تەنانەت کە ئیمڕۆش هونەرمەندانی کورد لە ڕیزی گەورەترین هونەرمەندانی گۆرانی تورکیا و عیراق و ئێرانن.

بەو شێوەیەی باسمان کرد، ئەم هونەرە زیاتر لە چۆنیەتی بارودۆخی جوگرافی هەڵقوڵاوە. ئەگەر لە وڵاتانی تری ناوچەکە لە هەر سەد کەس یەک کەس دەنگی خۆش بێ. بە بوێرییەوە دەتوانین بڵێین کە لە کوردستاندا لە هەر چل کەس یەک کەس لەم نیعمەتە خوداییە بەهرەمەندە. ئەم دەنگخۆشییە پێشینەیەکی کۆنی هەیە و جگە لە سەردەمەکانی پێش ئیسلام بەو شێوە کە نووسیویانە لە دوای ئیسلام کەسایەتی زۆر گەورەی لەم هونەرەدا بە جیهانی و جیهانییەکان ناساندووە کە لەوانەدا دەتوانین ئاماژە بە ئیبراهیم موسڵی بکەین کە گەورەترین کەسایەتی لە بواری مۆسیقا و ئاوازدا لە کۆشکی هاڕوونە ڕەشید بووە دەگێڕنەوە کە هاڕوونە ڕەشید بۆ ئەوەی ئیبراهیم موسڵی ڕازی بکات کە بۆ کۆشکەکەی بێت بڕە پارەیەک لە ١٥٠٠٠٠درهەم کە

بەرامبەر ۷٥٠٠٠٠ دۆلاری ئیمڕۆ بووە پێی دەبەخشی و مانگانەش ١٠٠٠٠ درهەمی دیاریکراوی بۆ دابین کرد، هەروەها دەڵێن جارێکیان هاڕوونە ڕەشید بە هۆی چڕینی گۆرانییەک کە ئیبراهیم موسڵی بۆی چڕیبوو ئەویش زۆر خۆشی لێهاتبوو یەک هەزار درهەم پارەی پێ بەخشیبوو.

لە کۆشکی پاشادا قسە تەنیا قسەی ئیبراهیم موسڵی بوو، چونکە هاڕوونە ڕەشید هیچ کاتێک داواکاری ئەوی بێ وەڵام نەدەهێشتەوە بۆ نموونە والی خوراسان کە لە کۆشکی هاڕوونە ڕەشید جێگایەکی باشی هەبوو لە کۆشکی هاڕووندا کەسانێکی زۆر لە دەوروبەری هەبوو، هاڕوونە ڕەشید بە توندی لێی تووڕە دەبێ و دەوروبەرەکەی هەرچی لە توانایاندا بوو بۆ لێخۆشبوونی والی بەکاری دەهێنن، کاریگەری نەبووە، لە کۆتاییدا لە بەرامبەر هۆیەکی بە نرخ و داواکاری دەوروپشتەکانی ئیبراهیم موسڵی ئەم ئیشەی لە کاتێکی باشدا بە ئاسانی ئەنجام دەدا.

باوکی ئیبراهیم کەوش دوورێکی سادە بە ناوی ماهان موسڵی بوو کە ماوەیەک لە کووفەدا ژیانی بەسەربردووە لەو کاتەدا کە ئیبراهیم گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری. جارێکی تر گەڕانەوە بۆ موسڵ. بە ئیبراهیم هاونشینی موسڵیش دەڵێن مۆسیقا لە مامۆستا ئێرانییەکانەوە فێر دەبێ و ئیبراهیم لە ئاواز وعووددا مامۆستایەکی بەناوبانگ بوو لە کۆشکی مەهدی و هادی عەباسیدا پێگەیەکی گرنگی هەبووە و بۆ ماوەیەک لە دوای هادی لە کۆشکی پاشایەتی خۆی کێشایەوە، بەڵام بەو شێوەیە کە دەیگێڕنەوە کە هاڕوونە ڕەشید بە پارەیەکی زۆر ڕازی کرد تا بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی، ساڵی کۆچی ئیبراهیم موسڵی ١٨٨ کۆچی و لە بەغدا بوو.

هەروەها ئیسحاق موسڵی کوڕی ئیبراهیمیش لە مۆسیقا مامۆستا بووە لە ئاوازدا بێ وێنە بووە، ئەویش لە کۆشکی هاڕوونە ڕەشید و مەئموون و موعتەسەمدا. هەروەها لە ساڵی ٢٣٥ کۆچی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

«مخارق» کە شاگردی ئیبراهیم موسڵی بوو، یەکێک لە مۆسیقاژەنە گەورەکانی سەردەمی خۆی بوو، لە تەمەنی منداڵییەوە لە خزمەتی مامۆستاکەیدا بووە، لە کۆشکی هاڕوونە ڕەشیدیش جێگای هەبووە.

لە سەردەمی نوێشدا هونەرمەندانی گۆرانی کوردی ناوبانگی جیهانیان هەبووە. تا ڕادەیەک کە لەم ماوەدا یەکێک لە هونەرمەندانی گەورەی گۆرانی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێک لە ڕادیۆکان «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» بە بەهێزترین دەنگ لە ئاوازی ئێرانیدا ناو دەبات و وتی تەنیا یەک کەس دەناسم کە دەنگی لە دەنگی من بەرزتر بێ کە بە داخەوە نەمدیوە ئەویش «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» بووە. سەبارەت بەم کەسایەتییە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بابەتێک جێگای سەرنج و ئاماژە پێکردنە ئەویش ئەوەیە کە ئەم کەسایەتییە بیناسازێکی زۆر بە توانا بووە بە شێوەیەک کە کاتێک ڕەزاشاپەهلەوی کۆشکی مەرمەڕی لە تاران دروست دەکرد، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی یەکێک لەو کەسانە بووە کە بەشدار بووە لە دروستکردنی کۆشکەکەدا ئەم هونەرمەندە وای باس دەکات کە ئەگەر لەگەڵ ئیشکردندا گۆرانیم نەچڕیبایە، نەمدەتوانی ئیش بکەم، چونکە ڕەزاشا هەموو ڕۆژێک بۆ چاودێری بینایەکە دەهات. بینی کە ئیشی کەمم کردووە، کاتێک بە تووڕەیی هۆی ئەم کەم کارییەی پرسی، بە ترسێکی تەواو هۆکاری ئەمەم بۆ باس کرد، ڕەزاشا زەردەخەنەیەکی کرد کە مۆڵەتی گۆرانی چڕینی من بوو، هێشتا چەند هەنگاوێک زیاتری نەهاوێشتبوو و لەوێ دوور نەکەوتبووەوە کە من هۆنراوەیەکم خوێندەوە، کە ڕەزاشا زۆری پێ خۆش بوو، هەر لەوێدا فەرمانی دا تا بۆ پڕکردنەوەی پەڕەی «گرامافۆن» کە ئامێرێکە بۆ دیاریکردنی شەپۆلەکانی دەنگ کە لە سەر پەڕەیەکی تایبەت تۆماری دەکەن ئەم ئامێرە لەلایەن ئەدیسۆنەوە دروست کراوە تا بۆ هندستان بنێرێ.

لەو نووسراوانەی کە لەبەر دەستدایە، دیاردەکەوێ کە هەندێ لە ئەمیر و دەسەڵاتداران بەلایەنی زانست و هونەرەوە، زیاتر لە ئاستی دیاریکراودا سەرقاڵ بوون هەندێک جار بۆ هێنانی زاناکان، یان هونەرمەندەکان بۆ کۆشکی خۆیان پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد، لەم ماوەیەدا ڕووداوی سەیر سەیر ڕوودەدات. هەروەک دەزانین عیمادەدین زەنگی، کە لە وەزیرانی خۆشەویستی مەلیک شای سەلجووقی بووە کەسایەتییەکی کورد بووە هەروەها دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەتابەکانی زەنگی بووە وەک دەزانین لە دوای سەربەخۆیی میزۆپۆتامیا، لەگەڵ

خـاچپـەرسـتـەکـاندا شـەڕی قـورسـی کـردووە کـوڕەکـەی «نوورەدین مـحـەمـەد» کـە دەسـەڵاتی لە ٥٤١ تا ٥٦٩ کۆچی بەرامبەر بە ساڵی (١١٤٦-١١٧٣) بوو وڵاتی شامی فەتح کرد و شاری «دیمەشق»ی بە پایتەختی خۆی هەڵبژارد و لە سنووری دەسەڵاتیدا بە عەدالەت و زیرەکی حوکمی دەکرد. هەر ئەو بوو کە میسری لە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە بێ هێزەکانی فاطمی دەرهێناوە، ئەم ئیشەی لە ڕێگای دوو سـەرکـردەی بوێر و بە توانایی خـۆی بەناوەکانی «شێرکۆ، نەجمەدین ئەیوب» کە ئەمانە کورد و برای یەکتر بوون، ئەنجامی داوە ئەم ئیشە لە ڕێگای سـەرکـردەی دەسـەڵاتدار و سـەرکـەوتوو سـەلاحـەدینی ئەیووبی بن نەحـمـەدین ئەیووبی ئەنجـام درا کـە دامـەزرێنەری بنەمـاڵەی ئەیووبی بوو و ئەم سـەرکـردە دەسـەڵاتدارە کـوردە توانی یەکـێـک لە گـەورەترین ئیـمـپراتۆریەکـانی جیـهـان کـە لە تونس و لیـبـیـا تاکـو سنوورەکـانی ئیـمـڕۆی ئێران و عـیـراق و لە دەریای ڕەش تاکو دەریای سوور و زەریای هند و سەرانسەری نیمچە دوورگـەی لەخـۆدەگـرت دابمەزرێنێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەلاحـەدینی ئەیووبی، ڕزگـارکـردنی ئیـسـلام و بە گەورەترین سەرداری جیهانی ئیسلامی دەزانن و زۆربەی بەناوبانگی ئەم سـەردارە بۆ سـەرکـەوتنە گـەورە و بێ وێنەکـانی لە شـەڕی خـاچ پەرسـتـەکـان دەگـەڕێننەوە کە چەندین جار لە بەرامبـەر پاشا و سەرکردە گەورەکـانی ئەوروپی و خـاچ پەرسـتـەکـان، لەوانە ڕیچـارد شـێـردڵ، ئیـمـپراتۆری بریتـانیـا سـەرکـەوت و قـودسـی پیـرۆزی بۆ هەمیشە لە چەنگاڵی خاچ پەرستەکان دەرهێناوە و لەسەر زەوییەکانی ئیسلام دووریانی خستەوە.

لە هەمان کاتدا نورەدین محەمەد زەنگی خۆی یەکێک لە لایەنگرانی گـەورەی زانـایان و هونەرمـەندان و ئەدیبـەکـان بوو و لەم ڕێگایەدا زۆر زیادەڕەوی دەکـرد بە شـێـوەیەک کـە عـەبدوللەتیف بەغـدادی دەنووسـێت، نورەدیـن تا ئـەو ڕادەیە بـە پێـشـکـەوتـنی زانسـت و شارستانیەت، بە تایبەتی کیمیا مەیلی پیشان دەدا و خـاوەن زانست و هونەرەکـانی یارمـەتی دەدا کە هەندێ کات تووشی کێشە و گرفت دەبوو، بەو شێوە کە کاتێک یەکێک لە لایەنگرانی زانستی کیمیا هاتە لای وتی کە دەتوانم کۆمەڵێکی گەورە لە زانایانی بواری کـیـمـیـا لە کۆشکدا کۆ بکەمەوە و بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی زۆری لێ وەرگرت و دواتر ڕای کرد. یەکێک لە زانایان کە لەم دەنگ و باسـە بە خـەبەر بوو، لیـسـتـێکی لە ناوی خراپەکاران و نەزانەکانی پێک هێنا کە ناوی سولّتـان نورەدین محەمەد لە سەرووی ئەم لیستەدا بوو و تیایدا ئاماژەی کـردبوو کـە ئەگـەر ئەو کـەسـە کـە ڕای کـردووە، بگەڕێتەوە ناوی ئەو لە جێگای ناوی نورەدین محەمەددا دەنووسم. مەگەر کـابرا شێت بوو بێت کە جارێکی تر بۆ کۆشکی سـوڵتـان نورەدین مـحـەمـەد بگەڕێتـەوە. سـەیر ئەوەیە کـاتێک نورەدین مـحـەمـەد لە وتەکـانی ئەم کەسـایەتییـە ئاگـادار بوو. هیچ ئازارێکی نەدا و وتی: مافی خۆیەتی کە ئەم قسانەی کردووە.

هەر ئەم سوڵتانە، نورەدین محەمەدی زەنگی، لە ساڵی ٥٥٦ کـۆچی بەرامـبـەر ١١٦٠ز. لە بەغـدا نەخـۆشـخـانەیەکی دروست کـرد کـە لەلایەن کـەرسـتـەی خزمەتگوزارییەوە لە باشترین نەخۆشخانەکانی سەردەمی خۆی بوو، بۆ مـاوەی سێ سەدە نەخۆشەکانی بە خۆڕایی چارەسەر دەکرد و دەرمانی هەر بە خۆڕایی پێ دەدان. بە پێی وتەی مـێـژوونووسـان، چێـشـتـخـانەکـەی ئەم نەخـۆشـخـانەیە مـاوەی ٦٥سـاڵ بەردەوام کـراوە بووە و دانەخـراوە. ئیبن جـەبیـر کـە لە سـاڵی ٥٨٠ی کـۆچی بەرامبەر ١١٦٠ی زاینی بۆ بەغدا ڕۆیشتبوو، بەبینینی نەخـۆشـخـانەی گـەورەی شـار کـە وەکـو کـۆشکەکـانی فـەرمـانڕەوایی لەسـەر کـەنارەکـانی دیجلە سـەری بەرزکردبۆوە و بە نەخۆشەکان چێشت و دەرمانی بە خۆڕا دەبەخشی، تووشی سەرسوڕمان دەبێ.

**سەرچاوە:**

**وحدت قومی کرد و ماد-حبیب الله تابانی**

# سایكۆلۆژیای نیگاركێشان و تایبەتمەندیی كەسێتی

قاسم حوسێن سالح
و. ئا: تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

(پاش خەونەكان.. هونەر تەنیا ڕێگەیەكی ئەوتۆیە بۆ گەیشتن بە قووڵایی دەروون، هونەر كە مەڵبەندێكی سەرەكیی شارستانییەتی نوێی مرۆڤایەتییە و هزر ڕۆڵی كاریگەری تێدا دەبینێ، دەبێتە بۆتەیەك و مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتی ئارەزووی نائاگایی و نەستەكانیدا بەرهەمێك دێنێتە گۆڕێ كە تێركردنی خولیاو مەرامە تایبەتییەكانی لێ وەدەست دێنێت).

**«سیگمۆند فرۆید»**

ژمارەیەك لە دانایان و لێكۆڵەرەوانی بواری دەروونناسی وای دەبینن كە ئەو ڕێگەیەی خود دەیگرێتە بەر لەمیانی خەملاندن و بەجێهێنانی كارێكی هونەریدا، پەرچەكردارێكی تایبەتی خۆی لەو پرۆسەیەدا بەرامبەر بە ژیانی كۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو و گوزارشتی لێوە دەكات.. لەبەر ئەمەش ئەو شێوازەی كە پەیڕەوی دەكات سوودمەندە بۆ دیاریكردنی ڕەهەندی هێز و توانستەكانی و چۆنێتی مامەڵەكردنی لەگەڵ لایەنەكانی ژیانیدا.

ناوەڕۆك و واتا و گوتاری وێنەكانی كەسێتیش دەبێتەوە یاریدەدەرێك بۆ دەروونناس و دەتوانێت لەڕێیەوە كێشەو ململانێكانی نێو دەروون دیاری بكات.. چونكە لەمیانی كێشەی «ئاگایی»دا سنوورەكانی نائاگایی بەربڵاوی لەخۆ دەگرن و لە پرۆسەی دەربڕین و بە ئەنجام گەیاندنی پەیام و گوتاردا دەڕژێنە نێو هەڵوێستەوە و ئاشكرا دەبن.. كاتێكیش لایەنەكانی نەست ڕۆشن دەبنەوە و تاوتوێ دەكرێن، ئیدی زۆرینەی كێشەكان كۆتاییان پێدێ و باری دەروونی كەسێتی ئارام دەبێتەوە.

لەپێناوی ئەم ئاكام و بەخششەدا، پێویستە لە كاتی لێكدانەوە و شیتەڵكردنەوەی وێنەكاندا بە ئاگاداری و

چاودێرییەوە دەروونناس ئەو کارەی ئەنجام بدات.. چونکە دەشێت لە یەک وێنەدا لایەنێکی دیاریکراوی کەسێتی دەستنیشان بکرێت، بەڵام هێم و بەڵگەی بنەڕەتی ئەو نیگارە لەگەڵ وێنە و بەڵگەکانی تردا یەکانگیر دەبێتەوە و سەرجەم ئاکامەکان بەدەستەوە دەدەن، لەبەرئەوە، پێویستە لەسەر پزیشکی دەروونناس و لێکۆڵەرەوەی هونەریی کاتێک بیەوێت باری کەسەکە، یان نەخۆشەکە بەیان بکات، دەبێت تێڕامانێکی وردی هەبێت لە لێکدانی سەرجەم تاقیکردنەوەو بەڵگەکاندا بۆ گەیشتن بە ئاستی دیاریکردنی سایکۆلۆژیای کەسێتی.. یەکەم خاڵی بەرچاویش لە بینینی وێنەکاندا پێویستە ئەو پرۆسەیەی ببێتە پێوانە و ڕێی یاریدەدەر بۆ تێگەیشتنی کەسێتی زیاتر لەوەی کە ببێتە باری سەرنج و ئاکامی کۆتایی بۆ قاڵبوون لە جیهانی کەسێتییەکە.

## چۆنیەتی تێگەیشتنی وێنەکان

هونەری وێنە و شێوەکانی نیگارکێشان گوزارشتێکی داهێنەرانەو سەربەخۆن، ئەوانەی دەکەونە شیتەڵکردنەوەیان پێویستە شارەزاییان لەبارەی هەبێ و لە لێکدانەوەدا سەلیقەی قووڵ بەکاربهێنن، بەو پێیەی بەکارهێنانی بەڵگەو هێماکان بینە بنکەیەکی سەرەکی و لەوێوە بڕژێنە دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی خاوەن نیگارەکە.. کەرەسەی بنەڕەتیش کە پزیشکی دەروونی شارەزا دەیکاتە پێوەرێک ناتەبایی و گونجاندن و کەموکورتی وردەکاری و گوتارو واتای نیگارەکەیە.. بۆ بەدەستهێنانی واتاو گوزارشتی کارەکەش کە لە لێکدانەوەکەیدا ڕەچاوی دەکات پێویستە:

١- هەموو لایەنەکانی نیگارەکە- کە دەیگرێتە خۆی- یەکالا بکاتەوە.

٢- تۆژینەوەی نیگارەکە لەگەڵ بەڵگەکانیدا بگونجێت.

٣- دژایەتی و نەگونجانی لایەنەکانی نیگارەکە هەڵسەنگێنێت.

٤- سەرنج و تێبینییەکانی لەبارەی کەسێتیی نیگارکێش و بەشێک لە ژیانییەوە بە زانیاری ترەوە گرێ بدات.

سەرباری قاڵبوونی بەم خاڵانەشەوە، پێویستە لەکاتی شیکردنەوەی وێنەکاندا پشت بە بەڵگەی تر ببەستێت:

چۆنیەتی تێڕامانی لە وێنەکە سەرەتا گشتگیر بێت و لەسەر وردەکارییەکان نەوەستێتەوە، چونکە وەک بەهایەک پێویستە لە پرۆسەی هەستکردندا هەموو ڕواڵەتەکان پێکەوە ببینێ و چ هەست و سەرنجێکی پێ دەبەخشێت بەو چەشنە بڕوانێتە گشتگیری تابلۆکە.

لە هەنگاوی دووەمدا، پاش وەرگرتنی کارەکە وەک گشتێکی تەواو، ئینجا بکەوێتە پشکنینی وردەکاری بەشەکان، بینگە هەستیەکانی بگۆڕێتە سەر تێڕوانینێکی ئەقڵی و لۆژیکی.. لەم جۆرە تێڕوانینەشدا گۆشەنیگاکانی پەیوەست دەبێتەوە لەگەڵ دیدی هونەرمەندێکدا کە دەڕوانێتە تابلۆیەک، بۆ نموونە: دەبینێت (چارەسەرێکی نائاسایی کەسێکی دیاریکراوی تابلۆکەی تێدا کردووە، نەگونجاندن و سەقامگیرنەبوونی شێوازی بەئەنجام گەیاندنی وێنەکە، چەند جارێک کوژاندنەوە لە تابلۆکەدا کراوەو دانانی کەسێتییەک لە جێگەیەکی وێنەکەدا کە ئاسایی نییە) لێرەشەوە دەگاتە ئەو واتاو گوتارەی کە وێنەکە دەریدەبڕێت.

* لێکدانەوەی هەردوو خاڵەکەی پێشوو کە زانیارییەکانی لێ وەرگرتووە، پاشان وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ژیانی نیگارکێشەکەوە لەگەڵ چەند تاقیکردنەوەیەکی دەروونیدا کە لەگەڵیدا بەئەنجامی دەگەیەنێت.

* * *

وەرگرتنی ڕواڵەت و شتە ڕاستەقینەکان سەبارەت بە خود لە پەرچەکرداردا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆیان بەدەردەخەنەوە، ئەم مەسەلەیەش زۆر گرنگەو ئەوانەی بەم ئەرکە هەڵدەستن پێویستە بەئاگادارییەوە ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەن.. تێگەیشتن لە وێنەکان هەروا سانا نییەو لەژێر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەکانی تردا بەدەردەکەوێت، هەروەها ژیانی تایبەتی خود دەیگەیەنێتە گەیشتن بەدەرەنجامی لێکدانەوەی ئەو واتایانەوە کە وێنەکە لەخۆی دەگرێت.

مەسەلەیەکی گرنگتریش هەیە، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەوەیە کە دەروونناس پابەندی دەبێ و دەکەوێتە شیکردنەوەی کارە هونەرییەکە.. بۆ نموونە ئەوەی پشت بە میتۆدێکی فرۆیدی یان شیکردنەوەیەکی دەروونی دەبەستێت وا دەڕوانێتە وێنەکە کە هەڵگری واتای ئەو کێشمەکێش و ململانێیەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی هونەرمەندو خاوەن نیگارەکە.. لەکاتێکدا دەروونناسێکی تر گەر گرنگی بە سایکۆلۆژیای خێزانی بدات بەو چەشنە تابلۆکە دەخوێنێتەوە کە گوزارشت لە هەڵوێستەکانی خود سەبارەت بە ئەندامانی خێزانەکەی دەکات.. یان یەکێکی تر لە تێڕوانینێکی ئەپستمۆلۆژییەوە سەرنج دەدا بەوەی واتای تابلۆکە

پێوەندی خود بەو جیهانەوە دەدات بەدەستەوە کە تێیدا دەژی، هەمــوو ئەم تۆژینەوانەش ڕەنگە ڕاست بن و چەند لایەنێکی جیاواز لە ژیانی ئەو کەسە بخەنە ڕوو.
هەندێک لە وێنەکــان ڕوون و ئاشکران لە چوارچێــوەو ســەرچاوەی تیــۆرییــانەوە، بەڵام هەندێکی تریان دەروونناس ناچار دەکات لەکاتی شیکردنەوەیدا چەند تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنێت.. لەم کاتەشدا ڕەنگە نیگارکــێش وێنەیەکی خــێــزانی یان دیمەنی خانوویەک یاخود درەخت و کەسێک بەکاربهێنێ بۆ دەربڕینی هەست و لێ خــوردبوونەوەکــانی بەرامــبــەر ئەندامانی خێزانەکەی، لە ساتی تاقیکردنەوەشدا لێی دەخوازرێت کە بە پێنووسی ڕەش (خامە) وێنەی درەخت یان کەسێک بکێشێت، پاشان پرسیاری ئاراستە دەکرێت سەبارەت بەو شتانەو داوای لێدەکرێت بە ڕەنگ وێنەکە بکێشێ و لە ڕووی چەندی و چۆنیــەتیــیــەوە شی دەکرێتەوە. ئەگەر لایەنە ڕەگەزی و سێکسیەکانی بخرێتە ڕوو ڕەنگە لە تاقــیکردنەوەدا داوای لێ بکرێت وێنەی کەسێک بکێشێت، تەنیا یەک کەس و پاشان وێنەی ڕەگەزی بەرامبەری بنەخشێنێ، بەواتای ئەگەر نێر بوو ئەوا پێویستە فیگەری مێیەک بکێشێ و لە کۆتاییدا ڕستێک پرسیاری هەمە چەشنی ئاراستە دەکرێت.

### وێنەی دروستیی دەروونی

زۆرینەی دەروونناســان لە شیکردنەوەیاندا پەنا وەبەر دەستنیشانکردنی لایەنە نادروستی و شێواوەکان دەبەن.. زۆربەی زۆری تاقــیکردنەوە دەروونیــیــەکــانیش ئەم ڕێڕەوەیان گرتووە و لێکدانەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کــەســەکــە دەبێــتــە بنەڕەتی بەدەرخــســتنی هەڵەو ڕاســتــیــیــەکــانی کــەســێــتی.. لەبەرئەوە، ئەو بەڵگەو ئامــاژانەی پێــوەندییــان بە نیگارکــێشــانەوە هەیە چەند هێمــاو دەلالەتێکی ئاشکران لە پێکهــێنانی وێنەیەکی ســاغ و دروستی دەروونیــدا، لە کــاتێکدا وردەکــاری و بەدەرخســتنی لایەنە بچــووکــەکــان دەبێــتــە گــەیشتن بۆ دینامیــکیــەتی نائاگــایی و لایەنە شپــرزەکــانی دەروونی خود.
ســەرباری جیــاوازیش لە ئایدیۆلۆژیا و بیــرکــردنەوەی دەروونناسەکانیشدا، چەند خاسییەتێکی هاوبەش هەن بۆ دروستییەکی دەروونی و لە هەموو تیۆرەکاندا بوونی هەیە، ئەو کــەســانەی کــە ژیــانێکی ســوودمــەند دەژین بۆ خۆیان و کەسانی تر، دەتوانن پێداویستیەکانیان دیاری بکەن و تا ڕادەی قایل بوون بەدەستی بێنن، لەو کارەشدا هەست بە باشی خــۆیان دەکـــەن و لە گـــوزارشت و بیــرکــردنەوەیاندا بەرامــبــەر کــەسانی تر ناترسن، هەروەها خــۆیان بە ڕاست دێتــە پێش چاو و هەست بە هێــزو دەســەڵات دەکــەن بەســەر ژیانی خــۆیاندا، ئەم خــاڵە هاوبەشــانە دەبنە بەڵگە بۆ دروســتــیــەکی دەروونی و دەکرێت لە تابلۆی ئەو کەسانەدا ببینرێت کە دەروونێکی ساغیان هەیە.. لەگەڵ ئەم بۆچوونەشدا دەکرێت پشت بەم بەڵگانەش ببــەســتین کــە بەرهەمی زیاتر لە سی و پێنج ســاڵی هەوڵی ئەم بوارەیە لە شیکردنەوەی وێنەکــاندا، ئەوانیش ئەمانەن:

**ڕێزگرتنی خود:**

کــاتێک نیگارەکــە وێنەی کــەســێک لەخــۆ دەگــرێت، شێوەی ئەو کەسە لە هەمــوو ڕوویەکەوە تەواوەو هەمــوو وردەکــارییــەکــانی تێــدا دەســتنیــشــان کــراوە، وەک خاسیــەتەکانی ڕوخســار و قــۆڵ و دەست و قــاچ، وێنەی کەسەکەش بە شێوەیەکی گونجاو و شیاو لەگەڵ شتەکانی تری نیگارەکەدا کێشراوە، وێنەی کەسەکە هێندە گەورە نییــە تا زێدەڕۆیی تێدا کــرابێت یاخود زۆر بچــووک و ناتەبا، ئەمــەش سەبارەت بە نیگارکــێشــەکــانەوە کــە نێــرینەن، خاســیــەتی هێــڵــیش لەم جــۆرەدا چەســپــاو و دیاریکراوە، سیــمــای کەســێــتیــیــەکەش بەهێــزو ڕوون و کراوەیە.

### هەستکردن بە دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوون:

د. لاکن ١٩٥٦گەیشتە ئەوەی کە شێوەکانی دەربڕینی هەستکردن بە دڵنیایی و باوەڕبەخۆکردن بە سەقامگیری ببینێتەوە کاتێک وێنەکان هەڵگری زەمینە بن، هەروەها پانتــاییــەکی لە نێــوەندی تابلۆکــەدا داگــیــرکــردووەو لە لێوارەکان نزیک نابێتەوە، یۆربن ١٩٦٣ خــاسیــەتێکی تری دەستنیشان کرد ئەویش هێڵەکان بوو کە تێیدا زۆر چەســپــاوو بەهێــزن دمــارانت ١٩٨٤ گــەیشــتــە ئەوەی کەسێتیی نیگارەکان وا ببینێتەوە کە هەردەم لە باری جــووڵەدان و دەتوانن حــاڵەتی بزاوتن دروست بکەن، هەروەها کــەســەکــان قــۆڵ و باسک و قــاچیــان پتــەوەو دەتوانن بە ئازادی بیانجووڵێننەوە.

**پێوەندیی کەسێتی:**

کەسەکان لە وێنەکاندا نزیکن لە یەکترەوە.. شێوەیەک لە کاردانەوەی دینامیکی دەخەنە ڕوو یاخود پێوەندییان پێکەوە باشــە، ئەم شێــوانەش ئامــرازەکــان و هۆیەکــانی پێکگەیشتنیان تێدا دەبینرێ.. قۆڵ و دەست و گوێچکەو چاو و دەم و لێوەکان کراوەن.

**کرانەوە:**

کەسەکان تێیدا لە وەستانێکی کراوەدان و لەگەڵ دەوروبەردا هەڵدەکەن، هەروەها دەرگاو پەنجەرەکانیش کراوەن لەسەر دیمەنەکان.

**سەقامگیربوون و ڕێکخستن:**

وێنەکە هەموو لاکانی یەکتری تەواو دەکەن، هەموو شێوەیەکیش تێیدا ڕەگەزەکانی خۆی پاراستووەو بەچەند شێوەیەکی ترەوە پەیوەست دەبن بۆئەوەی وێنەیەکی هاو سیستەمی دروست بکەن.

**دیاریکردنی پێناسی ڕەگەز:**

شێوەکان بەڕوونی و ئاشکرایی کێشراون تا پێناسی ڕەگەزی خۆیان بخەنە ڕوو، نێر بێ یا مێ.. یەکەم شێوەی نەخشێنراویش لە وێنەکەدا لەهەمان ڕەگەزی هونەرمەندەکەیە، هەموو شێوە نێر و مێیەکانیش وردەکاری شێوەی خۆیان هەیە و بەقەبارەی چونیەک و هاوتا لەگەڵ وێنەکەدا کێشراون.

* * *

ئەمانە زۆربەی ئەو بەڵگەو نیشانانە بوون کە لە وێنەی دروستیی دەروونیدا پشتی پێدەبەسترێت، ئاشکراشە ئەو وێنانەی پێچەوانەی ئەم چەشنانە بن شێوەیەک لە نادروستی و تێکچوونێکی دەروونی لەخۆ دەگرن، سەرباری بەڵگەکانیش ئەم نیشانانەش دەبنەوە سەرچاوە:

### بەڵگەکانی لێکدانەوەی گشتی

بە درێژایی زیاتر لە سی و پێنج ساڵ (۱۹٤۸ - ۱۹۸٤) دەروونناسان و پزیشک و چارەسەرخوازانی ئەم بوارە، بەپێی شارەزایی و ئەزموونیان لە شیکردنەوەی سەریری «کلینیکی» و تاقیکردنەوەی بەردەوامدا گەیشتنە شیکردنەوەی وێنەکان و ڕژانە نێو جیهانی دەروونەوە.. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی خوێندنەوەی وێنەکان ئەوەیە تێڕوانینێکی گشتگیر بەکاربهێنرێ، پاشان لە وردەکارییەکانیدا هەڵبسەنگێنرێ، ئەویش لەم خاسییەتانەدا:

**تایبەتمەندیی هێڵ:**

پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر و گۆڕاو لە هێڵدا ئاماژە بە کەسێتییەکی چەسپاو و خۆ گونجێنەر لەگەڵ دەوروبەردا دەکات، بەڵام پاڵەپەستۆیەکی توندی نائاسایی نیشانەی دوودڵی و ڕاڕایی دەگەیەنێت یاخود لە ئاستێکی باڵای وزەدا، هێڵێکی کاڵ و شاراوەو لاواز گوزارشت لە خودێک دەکات کە هەست بە دڵەڕاوکێ و نائارامی بکات، یاخود بوونەوەرێکی دڵ هەڵکەنراو، ئەم جۆرە کەسەش هەست بە کەمی و باوەڕبەخۆنەبوونی هەیە و ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر لە وێنەی منداڵاندا بێت ئەوا شێوەیەکە لە لاوازی و کەمی وزە.. بەکارهێنانی سێبەرو تۆنەکانی ڕەشکردنەوە زیاد لەپێویست ڕاڕایی کەسەکە بەدەستەوە دەدات بەتایبەتی لە نیگاری گەورەکاندا، ئەمەش زۆرتر لە نیگاری منداڵانی ئاساییدا دەبینرێت.

**قەبارە:**

پێویستە تێڕوانینی قەبارەی شێوەکان بەپێی قەبارەی کاغەز و تابلۆکە بپێورێت کە لەسەری دەکێشرێت.. وێنەو فیگەری قەبارە گەورە نائاساییەکان گوزارشت لە دژایەتی و شت بەگەورە وەرگرتن و زێدەڕۆیی دەکات کە شێوەیەک لە دەبەنگی لەخۆدەگرێت.. ئەوانەی هەست بە کەمی دەکەن پەنا دەبەنە بەر گەورەکردنی قەبارەی کەسەکان وەک کاردانەوەیەک، ئەمەش گوزارشت دەکاتەوە لە کێشەو نادڵنیایی.

وێنەو قەبارە بچووکەکانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەردە لەڕووی هەستکردن بە کەمی و نەبوونی ئارامیی و چالاکی هەڵدەماڵن، دروستکردنی قەبارەکان بە بچووکی دوودڵی و گۆشەگیری و بەشێک لە خەمۆکی دەروونی بەدەستەوە دەدەن.

**شوێن:**

شوێن و جێگەی کەسێتیی نەخشێنراو لەسەر کاغەزو تابلۆکە ئەگەر بکەوێتە چەقەوە هەستکردن بە ئارامیی و ڕاشکان دەگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر بێتو لە وێنەکەدا چەند کەسێکی تێدابێت و لەگەڵ فیگەرەکاندا هاوسەنگ و چونیەک بێت، ئەگەر شوێنی کەسێتی بکەوێتە لای ڕاستەوە ئەوا نیشانەی ئەو ئارەزووانەیە کە گوزارشت لە ناوەڕۆکی ئەقڵی و هۆشمەندی دەکات، هەندێ جاریش گوزارشت لە شتە قەدەغەکراو و حەرامکراوەکان دەکات، لای ڕاست ڕەفتارێک بەدەستەوە دەدات کە کەسێتیی نیگارکێش پشت بە بونیادە واقیعییەکان دەبەستێت، یاخود نیازو مەرامێکی دروستی بەرامبەر بە ژیان هەیە.

شوێن لەلای چەپەوە تێرکردنی سۆزو میهرو هەڵچوون دەردەبڕێت کە کەسەکە دەیەوێت شتەکانی دەستگیر ببێت.. هەروەها شێوەیەک لە ڕابردوو یاخود کۆتایی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیان دەخەملێنێ.. ئەگەر شوێنی کەسەکە یان بوونەوەرەکە بکەوێتە سەرووی نیگارەکەوە گوزارشت لە ئاستێکی باڵای هیواو ئاواتەکان دەکات، یان ژیانێکی خەیاڵی چالاک، هەروەها گەشبینی

بەرامبــەر دەوروبەر، ئەم چەشنەش لە وێنەی منداڵاندا لەمیانی خوێندندا پێودانگی ئاستی بەرز دەخاتە ڕوو.. ئەگــەر شــوێن و جــێگەی فــیگەرەکــە بکەوێتــە بەشی خــوارەوەی وێنەکــەوە ئەوا هەســتکردنە بە نادڵنیــایی و کــەمــوکــورتی خــود، یــان مــەیلی خــەمــۆکی و دۆڕاندن.. بەکــارهێنــانی لێــواری خــوارەوەی نیــگارەکــەش وەک بنکەیەکی زەمـــینەیی ئامـــاژە بە پێـــداویســـتی و باوەڕبەخۆنەکردن دەکات.

**دانان و ڕێکخستن:**

لە هەمـــوو وێنەکـــاندا بەشـــێک لە گـــونجـــاندن و ڕێکخستنی تێدایە، ئەوانەی هەستێکی باشیـان هەیە شێوەکان چونیەک و هاوسەنگ دەکێشن، ئەوانەی هەست بەدڵتەنگی و خەمۆکی و ئاستێکی نزمی ژیریـیان هەیە کـەسی جـۆراوجـۆرو قـەبارەی جیـاواز بەکـاردەهێنن کـە پێوەندی و چالاکی لەنێویاندا کەم و لاوازە، ئەوانەی کە تووشی شپرزەیی دەروونی توندو جۆرێک لە شیزۆفرینیا بوون، بە ڕێگەیەکی سەیروسەمەرە شێوەکان دەکێشن کە هیچ سیســتــەمــێک لەخۆیان ناگرێت، کـەسـەکـان لە نیگارەکاندا وەک خۆیان نین و شێواون، لێکتر دابڕاون و بەش بەش دەکـەونە ناو چوارگـۆشـەی سـەربەخـۆوە وەک ئەوەی هەریەکەو لە ژوورێکدا بن.. ئەوانەی ئەم ڕێیـەش دەگـرنە بەر لە چۆنێـتی زاڵبـوونیـان بەسـەر ژیانیـاندا ڕووبەڕووی ســاتێکی ســەخت دەبنەوە و پشت بەهێــزی دەرەکی دەبەستن، هەربۆیە ئەم جــۆرە کــەســانە ڕاڕان و توانستیان نییە بەبێ پاڵپشتێکی دەرەکی ئامانجەکانیان بەدەست بێنن، هەر کـاتێکیش ڕەگـەزێکی ناو نیـگارەکـە شـێـوەیەک لە پێـچرانەوەو داپۆشـینی تێـدا بکرێت ئەو کەسە ئارەزووی هەیە کێشەکانی وەلا بنێ و دیوارێک لە چواردەوری خـۆی دروست بکـات تا هیـچ مـامـەڵەیەکی لەگەڵدا نەکاتەوە.

**تێڕوانین:**

زێدەڕۆیی تێــڕوانین بۆ لاکـانی نیـگارەکـە وێنەیەکی وشک و مـــەییـــو دەبەخـــشێ و ئامـــاژە بەو پاڵنەر و هەڵچوونـانە دەکـات کـە دوچاری خـەفـەکـردن و چەپاندن دەبنەوە، ئەم جـۆرە کـەسـانەش زۆربەی کـات سـاردن و دوودڵـی و دوورکـــەوتنەوەیان هەیەو دەیانەوێت بگـەنە ئاســتی کــامڵ و تەواو.. بەڵام تێکچــوونی ئاشکرای تێڕوانین ناهاوسەنگی و نائارامی خود دەبەخشێت.

**کوژاندنەوە:**

کـــرداری کـــوژاندنەوەی زۆر لە وێنەدا باوەڕنەکـــردن و دوودڵـی و مـــاندوویی دەردەخـــات، هەندێ جـــاریـش ئەم جـۆرە کـەسـانە لە خـۆیان ڕازی نین و بە ئەزمـوونێکی ڕاڕایی گەورەدا تێپەڕیون.. ئەگەر کوژاندنەوەو سڕینەوە زیاد لە پێـویست بن جۆرێک لە دابڕان و شیـزۆفـرینیـاو شـەرم بەدەسـتـەوە دەدەن، (مـارانت) ئاماژە بەوە دەکـات دەگمەنە پرۆسەی کوژاندنەوەی زۆر لای منداڵاندا هەبێت کە دووچاری شیزۆفرینیا بوون.. کرداری کـوژاندنەوەی بوارە تایبـەتی و ڕەگـەزە ئاشکراکـان بەرامبـەر ئەو بوارو ڕەگەزانە کێشـەو دوودڵی دەگـەیەنێ، کەم کـوژاندنەوەش ئەگـەر بۆ باری چاک کـردنی نیگارەکـە بێت ئاساییـە.. ئەگەر بەم چەشنە بوو ئەوا کەسەکە گوزارشت لە ئاستێکی نەرم دەکـاو خـۆی دەگـونجـێنێ، هەروەها گـوزارشت لە خـەبات و چالاکی مـرۆ دەکـات بۆ گـەیشتن بە باشـتـرو بەئەنجام گەیاندنیان.

**وردەکاری:**

کـەمی وردەکـاری بەشـێـک لە نەخـۆشی جەسـتـەیی - دەروونی «ســایکۆســومــاتیک» دەخـــاتە ڕوو، یان هەستکردن بە خەمۆکی و گۆشەگیری، وردەکاری زۆریش زیاد لە پێـویست ئامـاژەیەکـە بۆ ڕاڕایی و کـەسـانی لەم چەشنە بزاوتنێکی زۆریان هەیەو داهێنەرن، لەکـاتێکدا وردەکاری ناوازە و شـێـواو گوزارشت لە نەخۆشییـەکانی دەروونی دەکەن.

**ڕوونی و ئاشکرایی:**

وەختێک نیگاری جەستەیەک کێشرابێت تا ئەندامەکانی نـاوەوەی ئاشـکرا بـکات، بـوونـی خــــەیـاڵ و وەهـمی جەستەیی و شێوەیەک لە شیزۆفرینیا دەخاتە ڕوو لەگەڵ نەخۆشی سـەراسیـمـەدا، کـاتێک گـەورەکـان جلوبەرگی تەنک و ڕوون دەکێـشن ئەوا گـوزارشت لە ئارەزوویەکی خۆدەرخـەرو دزەڕوانین دەکـەن، یان شـێـوەیەک دەبێت لە بەدەرخستنی کێشەکانی ڕەگەز و سێکس، ئەمەش بەپێی سروشتی تابلۆکە لێکدەدرێتەوە.

**شێواندن و کەمتەرخەمی:**

ئەگـەر وێنەکە بەشێـوەیەکی ئاشکرا شـێـواو بێت ئەوا زانیـاری کـەسـەکـە بەرامبـەر جیـهـانەکـەی تاڕادەیەک شێواوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ حاڵەتی نەخۆشی دەروونی و شیزۆفرینیا ، کەمتەرخەمی لە وردەکاری بنەڕەتیدا وەک بەشـێـکی شـێـواوی وێنەکـە و نەگـەیشتن بەتەواوبوونی نیگارەکە ئاماژە بە بوارێکی بەهێزی کێشەکـان دەکات لەگەڵ بەکارهێنانی نکوڵیدا وەک ئامرازێکی بەرگری لەخۆکردن.

**بینگە:**

ئەگـەر وێنەکـە وابێت کـە لە گـۆشـەی ژێرەوە بڕوانرێت

ئەوا هەستکردن بە کەمی و ڕەتکردنەوەو نابەختیاری دەبەخشێت، ئەم جۆرە گۆشەنیگایەش ڕەنگە بەدەرخستنی دوورکەوتنەوەو پەیوەندی سنووردار لەگەڵ کەسانی تر بگەیەنێت.. ئەوانەی کە لە گۆشەنیگای سەرەوەش دەبینرێن، هەستکردن بە سەرکەوتن و کاردانەوەیەکی لێکدانەوەکان دەخاتە ڕوو یاخود چەند حاڵەتێکی کێشەی نێو دەروون، ئەو وێنانەی واپێدەچن کە دوور بن سەختی ڕووبەڕووبوونەوە و سەختی گەیشتن و ئارەزووی گەڕانەوە بەدیار دەخەن، یاخود هەڵوێستێکی دەرەکی بەسەریدا زاڵەو ناتوانێت چارەسەری بکات، بەواتای کەسەکە ئەو بوارە لە ژیانیدا ڕەت دەکاتەوە.. بەدەرکەوتنی شتەکانیش لە نزیکەوە هەستکردن بە گەرمی و ئاسانی گەیشتنیان بۆ کەسەکە دەخەنە ڕوو.

**سێبەر:**

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین سێبەر لە وێنەدا ئاماژە بە دوودڵی دەکات، بەشی سێبەرکراوی نیگارەکەش دەبێتە بەدەرخستنی لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی کەبەهۆی ڕاڕایی و کێشەوە، کاتێک سێبەری وێنەکەش تەواو ڕەش دەبێتەوە دوودڵییەکە ڕەنگە زۆرتر بێ و تەنیا لایەن و بوارێکی شپرزەیی بەدیارنەخات، سێبەر بەشێوەیەکی مامناوەندی پێوانەیەکی هونەرییەو بەشێوەیەکی ئاسایی وەردەگیرێت هەروەک زۆرینەی سێبەر لە نیگاری هەمووواندا.

**هێڵ لە ژێرەوەی وێنەدا:**

بەکارهێنانی هێڵ لەژێرەوەی وێنەدا هەندێک جار دەسەپێت بەسەر ئەو کەسانەی هەست بە نیشتەجێبوون ناکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێی بنەڕەتێکی بەتینەوە دڵنیایی و ئاسایش بەدەست بێنن، چەندیش سێبەری هێڵەکە چڕترو ئەستوورتر بوو شپرزەییەکی ئەوتۆی کەسەکە دەخاتە ڕوو.

## ڕەنگ

هەندێک لە دەروونناسان وا دەڕواننە ڕەنگەکان کە بەشێک لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆ دەگرێتە خۆی، ڕەفتاری مرۆڤیش لە سێ ڕەهەندا دیاری دەکرێت: دەوروبەر و جیهانی دەرەکی و کۆمەڵ، جیهانی فسیۆلۆژی ناوەوە، لەگەڵ جیهانی سایکۆلۆژی ناوەوەدا کە هەموو چالاکی و هەڵچوونە دەروونییەکان لەخۆ دەگرێت. ڕەنگیش لەگەڵ هەستەکاندا یەکانگیر دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هێماو سیمبوڵی هەستە جۆربەجۆرەکان و بەشێک لە بوارەکان دەخاتە ڕوو، لەبەرئەوە وا پێویست دەکات ڕەنگەکان بەو پێوەرە لێک بدرێنەوە کە نەبنە تەنیا بنەڕەتێکی شیکردنەوەی وێنەکان، بەڵکو لەپێناوی بەدەرخستنی هێمای شتەکان و پەیوەندییەکاندا یاریدەی شیکردنەوە بدەن، تۆژینەوەو تاقیکردنەوەکانیش لەم بوارەدا چەند بەڵگەو نیشانەیەکیان چنگ کەوتووە کە دەکرێت لە لێکدانەوەی ڕەنگەکاندا پشتی پێ ببەسترێت.

**ڕەنگی سوور:**

جێبەجێکردنی بابەتێکی تایبەتی ژیان دەخاتە ڕوو کە گرنگی هەیە، گرفت یان دژوارییەکی دیاریکراو، تووڕەیی و کاردانەوەیەکی توند، گوزارشت لە پێداویستی بۆ گەرمی و خۆشەویستی و دڵنەوایی دەکات.

**ڕەنگی پرتەقاڵی:**

گوزارشتە لە سادەیی و سۆزداری، کاردانەوەو وەڵامێکە بۆ جیهانی دەرەکی یان هەڵوێستێک کە سەرسامی دەورووژێنێ، یاخود کێشەیەک لەنێوان ژیان و مەرگدا.. هەندێ جار دژایەتییەکی ویژدان بەدیار دەخات لە چۆنێتی خۆشەویستی و ڕکدا لەهەمان کاتدا.

**ڕەنگی زەرد:**

گوزارشت لە خۆشی و شادی دەکات، گرنگیدان بە ئەقڵ و هۆشمەندی، ئارەزووی دروستیی و خۆ بەزلزانین، هەروەها گوزارشت لە ڕاڕایی دەروونی دەکات، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە نیگارەکانی ڤان کوخ و گۆگان بکرێت.

**ڕەنگی سەوز:**

گوزارشتێکە بۆ دانان و ڕێکخستن، نەک چەپاندنی ئارەزوو و مەیلە کارتێکەرەکان، هەروەها گوزارشت لە هاوسەنگی کەسێتیی دەکات، لە خودێکی دەروون ساغ و ژیانەوەو نوێبوونەوەی ژیان، هەروەها ئاشتی و هێمنی.

**ڕەنگی شین:**

هەموو هەڵچوونە وەستاو و هێمنەکان دەخاتە ڕوو کە دەستیان بەسەردا گیراوە، شینی تەڵخی سارد ئاماژە بۆ گەڕانەوەو خەفەبوون دەکات لەگەڵ دووری مەودادا.

**ڕەنگی وەنەوشەیی:**

گوزارشت لە یەکبوونی کەسێتیی دەکات لەگەڵ شێوەی نەخشێنراودا بەم ڕەنگە، هەروەها وروژاندنێکی هەڵچوونی بەهێزی ناوەوە کە لەگەڵ ڕاڕایی و شپرزەییدا گرێدراوە، خاوەنەکەی لەوەدەچێت چاونەترس بێ و پێویستی بە دەسەڵات و موڵکداری بکات.

**ڕەنگی قاوەیی و تۆخ:**

هەستکردنە بەدڵنیایی و ڕاگیربوون، ئارەزوویەکی دیاریکراو وەک ئارەزووی سێکسی، هەروەها توندوتیژی

دەگەیەنێت، هەستکردن بە گوناه و خۆلکاندن بە سروشتەوە، خەباتکردن لەپێناوی تێپەڕاندنی هێزە وێرانکارییەکان و گەڕانەوە بۆ باری دروستی و ئاسایی.

**ڕەنگی سپی:**

ئاماژە بە بۆشایی و نێگەتیڤ دەکات، هەروەها داماڵینی کەسێتی و لەکیسچوونی پێوەندی بە ژیانەوە، ئارەزوویەکە بۆ دەربڕینی هەست و دەرکردنیان.

**ڕەنگی خۆڵەمێشی:**

گوزارشت ناکات لە نقومبوون و سەرقاڵی، بەڵکو دەربڕینێکە بۆ چەپاندن و نکوولی کردن، هەروەها هاوسەنگی هەڵچوونەکان.

**ڕەنگی ڕەش:**

خەمۆکی و تەواوبوون و وەلانان دەگەیەنێت، لەگەڵ کەڵەکەبوونی هەستەکاندا و هەستکردن بە نەگونجاندن و گەمارۆدران، هێمایەکە بۆ شتێکی ون و ئەگەر لە سێبەردا بەکار بهێنرێت ئەوا ترس و بیرۆکەی ڕەشبینی لەخۆ دەگرێت.

## بەڵگەی لێکدانەوەی شێوە مرۆییەکان

دەروونناسان تاقیکردنەوەو ڕێگای دیاریکراو پەیڕەو دەکەن بۆ پشکنینی چۆنیەتی دەرک پێکردنی مرۆ لە ڕوانگەی خودی کەسەکەوە، ئەوەش لەوێوە سەرهەڵدەدات کە کەسێک وێنەی مرۆڤێک بکێشێت، شێوازی بەکارهێنراویش ئەوەیە کاغەزێکی سپی بدرێتە دەست کەسەکەو داوای لێبکرێت وێنەی کەسێتییەک بکێشێت، پاشان وێنەی ڕەگەزێکی بەرامبەر (بۆ نموونە مێینە) بکێشێ و لە دواجاردا وێنەی خۆی.. دیمەنی ئەو کەسانەی کە دەیکێشێ لایەنەکانی لە خۆی دەچن و لە نیگاری ڕەگەزی دژ بە ئەودا هەستەکانی یەکالا دەبێتەوە.. لەو توێژینەوەو تاقیکردنەوانەشدا گەیشتنە ئەوەی چەند نیشانەیەکی ئاشکرا پۆلێن بکەن و بەجیا لێی بکۆڵنەوە.

**سەر:**

کەللەسەر جێگەی هیواو ئاواتەکان و چالاکییە ئەقڵییەکانە و بە بەشێکی جەستەیی هاوتا و نموونەی کەسەکە دادەنرێت، بەڵکو ئەو بەشەیە کە مرۆڤی پێ دەناسرێ و زیاتر لە بەشەکانی تری دەبێتە مایەی سەرنجدان و تێڕامانی.. لە کاتی پشکنیندا پێویستە قەبارەی سەر لەگەڵ جەستەکەدا وەربگیرێ، سەری گەورە بەواتای مەیلی گەورەیی و زێدەڕۆیی و دەبەنگی دێت، یاخود هیواو خۆزگەی فیکری و گیرۆدەبوون بە ئەندێشەو فانتازیاوە.. سەری بچووکی نائاسایی نەگونجاندن و کەمی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیی دەخاتە ڕوو، ئەگەر کەللەسەر لە مل جوێ بووبێتەوەو بڕابێت ئەوە نیشانەی ترسە لە سزادان، ئەگەر وەک دوا بەشی جەستە بکێشرێت ئاماژەیە بۆ شپرزەیی توندی دەروون، ئەو سەرانەی بەشێوەیەکی شێواو و سەیر کێشراون لەنێو ئەو نەخۆشانەدا بەربڵاوە کە کرداری مێشکیان سستەو نائاساییە.. بەڵام زۆربەی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە حەوت ساڵ کەمترە هەمیشە وێنەی سەرەکان گەورەتر دەکەن و ئەوەش بە بارێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت.

**قژ (پرچ):**

جەختکردن لەسەر قژ گوزارشت لە هەوڵە پیاوانەکان دەکات کە تەواو ڕژاونەتە ناو بواری سێکسەوە یان هاوسەنگییەکە بۆ لاوازی ڕەگەزەکان، دروستکردنی قژ بەشێوەیەکی جوان و سەرسوڕهێنەرو نائاسایی هێمایەکە بۆ نەخۆشییە جەستەیی - دەروونییەکان و خۆویستنێکی زیاد لە پێویست.

**بەشەکانی ڕوخسار:**

جێهێشتنی بەشەکانی ڕوخسارو تایبەتمەندییەکانی گوزارشت لە کەسێکی خۆحەشاردەرو زێدەڕۆیی لە پێوەندی کەسێتیی دەکات، یاخود دڵڕەق کە زۆر ئاگادارە لە دەوروبەری، ئەگەر بێتو بەشەکان بەشێوەیەکی کاڵ و شاراوە نەخشێنران یاخود تاریک، گوزارشت لە حاڵەتەکانی لاوازی و ترسنۆکی دەکات، هەروەها شەرم لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەگەر زۆر بەهێزو تیژ وێنە کران ئەوا دیسانەوە لاوازی و نەگونجاندن و دوژمنایەتی بەدیاردەخات.

**چاو:**

ئەوانەی حەز بە ڕوانین و چالاکی و بزاوتن دەکەن پەنادەبەنە بەر وێنەکردنی چاو بەشێوەیەکی گەورەو فراوان، ئەگەر ڕوخسارەکە چاوەکانی فەرامۆش کرد ئەوا ئاستێکی ناچالاک و ئارەزوویەکی بەتین لەخۆپاراستن لە ڕوانینی دەوروبەر بەدەستەوە دەدات، ئەگەر چاڵەکانی چاو (کالانە) گەورەو چاوەکانیش بچووک نەخشێنران ئارەزوومەندی بەهێزی خۆدەرخستن و لەخۆبایی بوون دەگەیەنێت، هەروەها هەستکردن بە گوناه و تاوان، دروستکردنی گلێنەو بازنەی بچووکی چاو نیشانەیە بۆ هەستکردن بە کەمی و نغرۆبوون لە بیرکردنەوەو کاروباری خودی گەلاڵە دەکات.

**گوێ:**

بەرجەستەکردن و گرنگیدان بە وێنەکێشانی

بەشێوەیەکی نائاسایی گوزارشتە لە نەخۆشییەکی دەروونی، دەروونناسان لەو باوەڕەدان وێنەکێشان و زێدەڕۆیی نائاسایی بۆ هەر ئەندامێک جەختکردن و بەدیارخستنی گرفتێکە پێوەندی بەو ئەندامەوە هەیە.. وێنەکردنی گوێچکە بەشێوەیەکی زۆر زەق گومان و دڵەڕاوکێ و وڕێنە دەگەیەنێت.

**لووت:**

واپێدەچێت لووت لە زۆربەی نیگارەکاندا هێمایەکی سێکسی بەدەربخات، یان ئەو گرفتانەی پێوەندییان بە سێکسەوە هەیەو هەستکردن بە ترس و کەمی ئاستی خود.

**دەم و لێو:**

دڵنیاکردنەوەی وێنەکێشان لەسەر دروستکردنی دەم و لێو پێوەندی بە کێشەی دەمەوە هەیە وەک گرفتی خواردن و قسەکردن.. ئەگەر وێنەی مرۆڤێک دەمی نەبوو هەستکردن بە تاوان و دڵڕەقی و قسەنەکردن لەگەڵ کەسانی تر دەگەیەنێت، بەدەرخستنی ددان بەتایبەتی لە نیگاری گەورەکاندا دوژمنایەتی منداڵانەو تووڕەیی بەرجەستە دەکات، وێنەکێشانی دەم بەیەک هێڵ شپرزەیی و مەیلێکی دوژمنکاری ڕادەگەیەنێت.

**مل:**

ئەگەر دڵنیایی لە بەدەرخستنیدا کرا ئەوا بەڵگەیە بۆ پێویستی ئەو کەسە بۆ زاڵبوون بەسەر پاڵنەرە ترسناکەکانیدا، مل و قوڕگی کورتی ئەستوور ئارەزووی کەللەڕەقی و وشکی بەیان دەکات، لەکاتێکدا ملی درێژ کەسێکی توندو تیژ دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بێتو وەلانرا لە وێنەکەدا ئەوا پێوەندی بە پێنەگەیشتنی کەسەکەوە هەیەو گرفتێکی هەیە کە ناتوانێت بەشێوەیەکی ئەقڵی چارەسەری بکات.

**قۆڵ و باسک:**

قۆڵی نەرم و درێژبۆوە لە نیگاری کەسە ئاساییەکاندا زیاتر هەیە، بەڵام کەسە وشک و بەدبەختەکان پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی قۆڵ بەشێوەیەکی تەختەیی و ڕەق کە لە جەستەوە نزیکن.. قۆڵ و باسکی پتەو واتای هێزو گەران بەدوای دەسەڵات دەگەیەنێ، ئەگەر شانەکانیش لەگەڵیدا پان و تۆکمە بوون ئەوا ئارەزووی دوژمنایەتی و شاڵاوبردن دەردەبڕێ، قۆڵی قەدکراو نکوڵی و ڕەتکردنەوەیە هەروەها دوژمنکاری و گومان، ئەگەر قۆڵ بڕابۆوەو نەبوو ئەوا هەستی تاوان و خەمۆکی توندو گۆشەگیری ئەو کەسەی داگیرکردووە.

**دەست:**

دەست و لەپ واتای قۆڵ بەدیاردەخا، بەشێوەیەکی نارێک و کومکورت کەمی باوەڕ دەخەملێنێ، ئەگەر سێبەر کاری زۆری تێدا کرابوو ئەوە دوودڵی و چالاکییەکی دوژمنکاری دەردەخات.

**قاچ:**

نەخشاندنی بەشێوەیەکی نائاسایی هەستکردنە بەنائارامی و باوەڕ بەخۆنەکردن و نەگونجاندن.. ئەگەر شێوەی پێیەکان پان و بەرین بوون ڕک و دوژمنایەتی بەدیاردەخات بەتایبەتی ئەگەر لەنێوەندی تابلۆکەدا کێشرابوو، ئەگەر قاچەکان سەقامگیر نەبوون لەسەر زەوی ئەوە باوەڕی بەخۆی نییەو هەست بە دڵنیایی ناکات.

**پێ:**

پێیەکان پێوەندییان بە جووڵەو هاتوچۆوە هەیەو پێویستە پێوەندییان بە زەوییەوە زیاتر لێک بدرێتەوە، هەریەک لە (هامەرو ماکوڤەر) ئاماژە بەوە دەکەن کە پێیەکان گوزارشت لە گرفتە سێکسیەکان و گوناهباری دەکەن، ئەگەر پێیەکان لاوازو باریک بوون خەمۆکی و نەگونجاندن دەخەنە ڕوو، ئەگەر مرۆڤێک پێی نەبوو کەمی هەستەکانە بە خودو لاوازییەوە.

**ناوقەد (کەمەر):**

زۆرجار ناوقەد بەشێوەیەکی ئاسان دەکرێت، ناشکرێ کەمتەرخەمی تێدا بکرێ و وەلابنرێ جگە لە وێنەی منداڵاندا.. ئەگەر ڕوویدا ئەوا گرفتێکی ئەندامیی و ڕاڕایی لە تەندروستی دەخاتە ڕوو، ئەگەر جوان کێشرابوو و سێبەری زۆری هەبوو پێوەندی بە کێشەی سێکسی و ڕاڕایی جەستەییەوە هەیە، کەمتریش وێنەی ئەندامی سێکسی دەکێشرێ و ئەگەر پەیڕەوکرا ئەوا شێوەیەکە لە ڕەفتاری سەرەتایی و جۆرێک لە شیزۆفرینیا.

**شێوەی پروپووچ و هیچ**

ئەو کەسەی شێوەی پروپووچ دەکێشێت ڕەنگە ئارەزوو بکات لە دزەڕوانین و هەستکردن بە نادڵنیایی، یان گرفتی پێوەندییەکان، زۆربەی ئەو گەورانەی هەستدەکەن لە نیگارکێشاندا لاوازن ئەم شێوانە بەرهەم دەهێنن.

**شێوەی کۆمیدی - کاریکاتێر -**

هەندێک وێنەی کەسەکان بەتەرزی کارتۆن دەکێشن و جلوبەرگی سەیریان بەبەردا دەکەن ئەوانەش بەرگری لە خۆیان دەکەن و نایانەوێت پێناسی خودیان بەدیار بخەن.. بەپێی شێوازی کارەکەش ڕەنگە گاڵتەجاڕی بکەنە ڕێیەک بۆ پاراستنی خۆیان و شاردنەوەی لایەنەکانیان

سەبارەت بە کەسانی تر، ئەم لێکدانەوانەش ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە کاری کاریکاتێر دەکەنە پیشە، بەڵکو لە هەندێک بواردا دەبێتە جێگەی سەرنجڕاکێشان و تۆژینەوە.

## فۆرمە نێر و مێیەکان

هەستەکانی خود سەبارەت بە نێرو مێ ئاشکران کاتێک نیگاری کەسێک دەبینین لە وێنەکردنی هەردوو شێوەکەدا.. (لیڤی) ئاماژە بەوە دەکات کە ٨٧٪ی هەموو کەسە ئاساییەکان سەرەتا شێوەی هاوڕەگەزی خۆیان دەکێشن، بەواتای نێر وێنەی کوڕ یان پیاو دەکێشێ و مێینە وێنەی کچ و ژن.. ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو نیشانەیەکە بۆ گرفتێکی ئەوتۆ کە پێوەندی بە خۆخواردنەوەو خەمۆکییەوە هەیە.. یان کێشەیەکی سێکسی، ئەمەش زیاتر لە تاقیکردنەوەکاندا دەکرێت نەک لە نیگارە سەربەستەکاندا، شێواندن و بەدیارنەخستنی سیفەتە سێکسیەکانیش ئاماژە بە نەگونجاندنێکی سێکسی دەکات، ئەگەر کەسێکی نێر هاوڕەگەزی خۆی بکێشێ بەشێوەی تەنیشت و لەسەر لا (پروفیل) و ڕەگەزی بەرامبەری لە پێشەوەو بەردەم بکێشێ، پێویستی بە خۆپاراستن هەیەو لەهەمان کاتیشدا دەیەوێت جیهانی مێینە بپشکنێت.

## ڕک و دوژمنایەتی

لەم هێماو نیشانانەدا ڕک و کینەی دوژمنایەتی دەردەکەوێت، کە هەریەک لە (سارنی و ئازارا، ساڵی ١٩٥٥) ئاماژەی پێدەکەن:

- پاشماوەی برین و سووتان.
- نارێکی لە ئەندامەکانداو بەشێوەیەکی دزێو.
- دوو چاوی ناشیرین.
- شێوەی گەورەو زەبەلاح.
- قۆڵی درێژ کە لەگەڵ جەستەدا نەگونجێت.
- دەستی گەورە بەشێوەیەکی نەشیاو لەگەڵ جەستەدا.
- نەبوونی قۆڵ و باسکەکان.

## ڕاڕایی دەروونی

هەروەها هەردوو دەروونناس لیستێکیشیان بۆ ئەو کەسانەی هەست بە دڵنیایی ناکەن و ڕک و کینەیان هەیە، ئەویش لەم نیشانانەدا: لادانی شێوەکە بە ڕێژەی پانزە پلە.. نەبوونی جیاوازی و جیاکردنەوە بە هێڵ و سێبەر لەنێوان ڕوخسارو ملدا.. قۆڵی کورت کە نەگونجێت لەگەڵ جەستەدا، یاخود بلکێن بە لاکانی جەستەوە.. نەبوونی دەستەکان، پەنجە، چاو، دەم، قاچ، پێ، مل.. یاخود ئەگەر شێوەکان زۆر بچووک بن.

* * *

ئەم ئاکامانە لە تاقیکردنەوەو پراکتیکەکاندا هاتوونەتە بەرهەم کە لە وێنەی کەسەکاندا دەستنیشان کراون، ئەگەر ئەنجامەکانیش بەلای پزیشک و دەروونناسەکانەوە گرنگ بن ئەوا لە بواری هونەری شێوەکاریشدا سوودمەندن و دەبنە بنەڕەت و سەرچاوەیەک بۆ ڕەخنەی سایکۆلۆژی هونەریی.. هەروەکو چۆن وشە و نووسراوەکان دەبنەوە بەڵگەی سروشتی ناوەوەی خود، بەهەمان چەشن هێماو گوزارشتە سیمبۆلییەکان، دەربڕینە هونەرییەکانیش دەبنە زمانحاڵی بەدەرخستنی کەسێتی و هەستەکانی بەرامبەر بە خۆی و دەوروبەر و ئەو جیهانەی تێیدا دەژی.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (آفاق عربیة) ژمارە ١١، تشرینی دووەمی ١٩٨٦.**

# چ کامیرایەک هەڵبژێرم بۆ وێنەگرتن؟

فارس سەعدی

ئێستا جیهانی وێنەگریی هێندە فراوان و بەربڵاوبووە، مرۆڤ کاتێک دەچێتە بازاڕی کامێراکان و پێداویستییەکانی وێنەگری دۆش دادەمێنێ لەو هەموو جۆرە کامیرایانە تووشی سەرسوڕمان دەبێت، چونکە کامیرا بە هەردوو شێوازەکەیەوە (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ)، تا دەگاتە جۆرەکانی فیلم و لنیزەکان، هەریەکەیان جۆرە نرخێک و خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەیە. زۆرجار مرۆڤ بەهۆی بینینی وێنەی جوانی وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان، بیر لەوە دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ نهێنیی جوانی وێنەکە لەوەدایە کامیرای گرانبەها بەکارهاتووە و هەر شتێکی گرانبەها بکڕێت، ئەوە ئەمیش دەتوانێ هەمان شت ئەنجام بدات! تا ڕادەیەک ئەمە ڕاستە، بەڵام لەمە ڕاستتر ئەوەیە، ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆت بکە: من دەمەوێ چ جۆرە وێنەیەک بگرم؟ ئەو وێنەیەی دەیگرم دەمەوێ بە چ قەبارەیەک گەورەی بکەم؟ یا بۆ چ مەبەستێک وێنەکان بەکاربهێنم؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا جۆری کامیراکەت بۆ دەردەکەوێ، کە چ کامیرایەک بکڕی باشە؟ نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ کە توانامان چەند هەیە پارە سەرف بکەین لە کڕینی کامیراکە، چونکە کامیرا هەیە نرخی لە (١٠$) دۆلارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (٨٠٠٠٠$) دۆلار، کەواتە پارەی گیرفانیشت ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەست نیشان کردنی جۆری کامیراکە دەبینێت.

زۆر لە خاوەن خێزانەکان دەچن کامیرای گرانبەها دەکڕن کە هیچ باکگراوندێکیان لەسەر زانیارییە سەرەکییەکانی




جۆرەکانی کامیرا و بەشە سەرەکییەکانی نییە، بۆیە لێیان تێک دەچێت کە چۆن ئەو هەموو دوگمە و پرۆگرامانەی کامیراکە بەکاربهێنن، هەندێ جار هەر لە خۆیانەوە پرۆگرامێک هەڵدەبژێرن کە کۆک نییە لەگەڵ ئەو بابەتەی دەیەوێ وێنەی بگرێت، بۆیە وێنەکانی دەستی دەکەون جوان نین و ناشیرینن، لەبەر ئەوە بە پەلە دەچێتەوە لای خاوەن کامیراکە و گلەیی لێ دەکات لەوەی کامیراکەی بە چاکی ئیش ناکات. هەندێ جار تووشی گێرە و بێنە و بەردەش دەبێت، بۆیە ڕێنمایی ئەوکەسانە دەکەم کە تازە دەست دەدەنە کامیرا و بەکاری دەهێنن، با لە سەرەتادا کامیرایەکی ساکار و سادەی کۆمپاکت بەکاربهێنرێ کە وێنەی مام ناوەندییان پێ دەبەخشێ، تا دەستی لێ ڕادێت و هەندێ زانیاری سەرەتایی لەسەر پەیدا دەکات و لێی تێک ناچێت، ئینجا دەتوانێ ئەم کامیرایە بەنیوە قیمەت بفرۆشێتەوە و پارەی تری لەسەر دابنێ و کامیرایەکی پێشکەوتووتر بکرێت، بەڵام زۆر ئاڵۆز نەبێت.

سەرەتای دەستپێکردنی زۆربەی هەرە زۆری وێنەگرانی ئارەزوومەند و پرۆفیشناڵەکان بە لینزی (٥٠) ملیمی ستاندەرد دەستیان پێکردووە، ئینجا دوای ماوەیەک لە بەکارهێنانی هەندێ گرفتیان هاتۆتە ڕێگا، بۆیە بیریان لەوە کردۆتەوە چۆن چارەسەری بکەن، لەوانە لە شوێنی تەسک و تەنگدا نەیانتوانیوە وێنەی بە کۆمەڵ، یان ڕووبەرێکی فراوان بگرن، لێرەدا لێنزی (هاوێنە)ی واید ئەنگڵ چارەسەری گرفتەکەیان دەکات. یان زۆرجار ڕووبارێک یان دەریاچەیەک یان دۆڵێک بەربەست بووە لەوەی وێنەی دیمەنێکی جوان لە نزیکەوە بگرێت، کاتێک گرتوویەتی وێنەکە هێندە بچووک دەرکەوتووە کە جوانی دیمەنەکەی لە دەست داوە، بۆیە بیری لەوە کردۆتەوە لینزەکەی بگۆڕێ، ئەم حاڵەتەش بە لینزی تەلی فۆتۆ چارەسەر دەکرێ، تا دەگاتە جۆرەکانی تری وێنەگری وەک وێنەی زیندەوەری بچووک و گوڵ و شتی بچووک.

زۆر کەس هەن لەبەر هەرزانی دەچن کامیرای کۆمپاکتی چینی دەکڕن کە نرخەکانیان (١٥٠٠٠-٣٠٠٠٠) دینارە، ئەم کامیرایانە بە زۆری بۆ وێنەگرتنی بابەتی دەرەوە گونجاون، واتە دیمەنی بەر هەتاو، کەچی وا ڕێدەکەوێ کەسەکە بەفلاش وێنەی ئاهەنگ و جەژنی لە دایک بوونی منداڵەکانیانی پێ دەگرن، لە ئاکامدا وێنەکانیان زۆر تاریک و ناشیرین دەرچوون، لەوانەیە گلەییەکە بخەنە ئەستۆی خاوەن تاقیگەکانی چاپی وێنە، گوایە فیلمەکانیان بە جوانی بۆ نەشۆراوەتەوە، یان بە جوانی وێنەکانیان چاپ نەکردووە. لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئەم کامیرایانە فلاشیشیان بەسەرەوەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی فلاشەکانیان زۆر بچووکە و ڕووناکییەکی کەم فڕێ دەدەن، بۆیە تەنیا بۆ وێنەگرتنی یەک کەس یان دوو کەس تا دووری (١,٥-٢)م دەتوانێ بە جوانی ڕووناکیان بکاتەوە، لەوە دوورتر تاریک دەبێت.

لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم جۆرە وێنانە بە زۆری بگیرێن، دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە کامیرایەک بکڕی فلاشی سەربەخۆی لەگەڵدا بێ و لەسەر کامیراکەی چەسپی بکەی، هەروەک چۆن وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان، یان وێنەگرە گەڕۆکەکان ئەمە ئەنجام دەدەن.


ئەگەر کامیرای دیجیتاڵی بکڕی، دەبێ بزانێ دەتەوێ وێنەکانت چەند گەورە چاپ بکەیت، ئەگەر بە زۆری بە قەبارەی پۆسکارت بێت، یان بە ئی مەیڵ ڕەوانەی دەرەوەی بکەیت، پێویستیت بە کامیرایەکی سادە دەبێت کە دیقەتی ڕەسمەکانی زۆر نەبێت وەک (٢-٣) میگا پێکسڵ بێت، بەڵام ئەگەر حەزت لەوە بێت وێنەکانت گەورە بکەیت بە قەبارەی (A4) و (A3) لەم حاڵەتانەدا دەبێ کامیرایەک بکڕی دیقەتی وێنەکانی (٥-١٠) میگا پێکسڵ بێت.

بۆ زانیاری زیاتر کتێب و گۆڤاری تایبەت بە وێنەگرتن و وێنەگەری بخوێنەرەوە، هەروەها پەیوەندیش بە کۆمەڵەکانی وێنەگرانەوە بکە بۆ فێربوون بە ئاسانی و بەشداری کردن لەو خولە فێرکارییانەی دەیکەنەوە بۆ ئارەزومەندان و پرۆفیشناڵەکان، چونکە ئاستی زانیاری هەریەکێکیان جیایە لەوەی تر.

# جەمهووریەتی کوردستان

لێدوانی: ئارام عەلی سەعید
(هەڵەبجەی شەهید)

لە دوای یەکەم ئەزموونی حکومەتی کوردستان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن مەلیک مەحموود بەرزنجی-ەوە کە دامەزرا بۆ جاری دووەم لە مێژووی هاوچەرخی کورددا و لە نیوەی چلەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمارێکی چەند مانگی دروست بوو لەسەر دەستی قازی محەممەدی وڵاتی موکریان، زۆر وتراوە و نووسراوە لەسەر مێژووی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەم کۆمارە چ لەلایەن نووسەران و مێژوونووسانی کوردەوە، چ لەلایەن غەیری کوردەکان خۆیانەوە، بەڵام داخەکەم هەروەکو د. کەمال مەزهەر دەڵێ: «تا ئێستا مێژوو لای ئێمە بەر لە هەموو شت پیاهەڵدان و دەربڕینی هەستی رووتە». لای ئێمەی کورد ئەوەی تا ئێستا جێگای وردبوونەوەیە نووسینەوە و گێڕانەوەی مێژووی ڕابردووی خۆمان هێشتا نەچووەتە قاڵب و میتۆدێکی زانستییەوە و بەو فۆرمە بێ لایەنە ڕاڤە بکرێت کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا حیسابی بۆ بکرێ.



لەبەر ئەوە کتێبی «جەمهووریەتی کوردستان»ی مەحموودی مەلا عزەت دەتوانین لە نێو کتێبخانەی کوردیدا دەربهێنین و لێی وردببینەوە کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی تێدا بەرجەستە کردووە، ئەویش بەو ماوە زۆر و پشوودرێژیەی کە بۆ نووسین و کۆکردنەوە و لێکدانەوەی سەرچاوە و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی ئەو سەردەمە تەرخانی کردووە، ئەوەتا دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە دوای ئەوەی ئەو هەوڵەی دەبینێت و لە ١٩٧٩/٦/١٠ دا نامەیەکی بۆ دەنووسێت و دەڵێ: "بێگومان خۆت هیلاک کردووە و دڵسۆزانە ویستووتە بەرهەمێکی پڕ کەڵک بخەیتە بەردەمی خوێندەواری کورد، ڕێبازی زانستی لە نووسینەکەتدا ئاشکرا خۆی نیشان داوە» ل١٦.

هەنووکە شەست ساڵ بەسەر لە دایکبوونی یەکەمین کۆماری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت لەو بیرەوەریەدا هەوڵ دەدەم لە بری ئەوەی بە شان و گەورەیی ئەو کۆمارەردا هەڵبدەم و کلاسیکییانە باس لە بونیاد و پەیدابوونی بکەم، لە ژێر ڕووناکی کتێبەکەی (جەمهووریەتی کوردستان)ی مەحموودی مەلا عزەت کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، تایبەت بە ڕۆڵی نەیاران و کاریگەری زلهێزان و هەروەها هەندێ گرفتی نێو خۆی کوردەکان لەو دەمەدا لەمەڕ کۆمارەکەی قازی بەدیدێکی ڕەخنەییانەوە بنووسم بۆ خوێنەری کورد.

نووسەریش لە سەرەتاوە کە باس دێتە سەر نووسینی مێژووی

(جەمهووریەتی کوردستان) دەڵێ: «پێویستە لەسەر مێژوونووس کە لایەنە هەمە جۆرەکانی ڕووداو لە دوای ڕووداو بەسەر بکاتەوە و لەگەڵیدا ڕاست و دروست لە هەڵە و چەوتی و کەموکورتی و نادروست لە دژەکانیان بەرپرسیارییەکان جیا بکرێتەوە و ڕووناکی بخرێتە سەر یەک بە یەکیان» ل٢٣.

لێرەدا بایەخی نووسەر بۆ گرنگی بابەتەکە و دەستنیشانکردن و تیۆریزەکردنی تێکڕای لایەنە باش و خراپەکانی ڕووداوەکان و هەموو ئەم پێشهاتانە دەکات کە لە نامەی نووسینەکەیدا پەیڕەوی دەکات، ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دوای زیاتر لە سی ساڵ لە ئەزموونی نووسین و لێکۆڵینەوەی لەسەر جەمهووریەتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە کەلێنێکی گەورەیان لە بواری کۆمارناسی و لە ئەرشیف و کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردۆتەوە.

ئەو کات کوردستان مەیدانی دەسەڵاتخوازی وڵاتانی گەورە هێز و بڵاوبوونەوەیان بوو کە بە بیانووی لە ئارادابوونی جەنگی دووەمی جیهانی زۆرێک لە نێوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان کۆنترۆڵ کردبوو، نووسەریش جەختگیری لەسەر ئەوە دەکاتەوە بۆ دەروازەی تۆماری کتێبەکەی دەڵێ: «دەبێت لە گۆڕانە هەمە لایەنەکانی موکریان و کوردستان و ئێران بگەین، لە ڕەوتی کاروانی سیاسی و ئابووری گوزەرانی خەڵک بکەین، لە کێشەی سیاسی کورد وەک میللەت، لە سەرتاسەری ئێراندا بکۆڵینەوە و بزانین ڕووداوەکانی ناوخۆ و ناو ئێران و ئەو هەرێمە کە کاریان لەسەر یەک کردووە، چونکە بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی نێودەوڵەتان بوونە هۆی داگیرکردنی زۆر لە ناوچەکانی ئێران، لەلایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و لە دواییشدا هێزەکانی ئەمریکا، چونکە بەرژەوەندییەکانیان ڕووبەڕوو بوون و مانۆڕە سیاسییەکان گوشارە سەربازییەکان ڕۆڵیان بینی..».

گەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بدەینەوە هەر لە پاش بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی و گەرانیان بە دوای بازاڕدا بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان و دواتر پەلهاویشتنیان بۆ دەرەوەی وڵاتانی خۆیان ئیدی لە ناو بازنەی دەسکەوتەکانیاندا پێڕەوی سیاسەتێکی دوژمنانەیان کردووە.. پاشان لەم ڕوانگەیەشەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان مەبەست بووە بەرامبەر بە کوردیش سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیان پێڕەو کردووە بۆ سڕینەوەی شوێنەوار و ڕوخساری کورد و کولتوور و زمان و مێژووەکەی تا کوردستان ببێتە پارچەیەکی ئەزەلی وڵاتی نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەر و تا شوێنەواری کوردیش لەسەری نەهێڵرێت کە دەنگی نارەزایی و داوای مافەکانی بەرز بێتەوە ئەگەر لە سادە و ساکارترین شێوەشدا بووبێت.

نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتی و خەمساردی وڵاتە خاوەن هێزەکان لە پێشتردا بەڵێن و پاشگەزبوونەوە و هەڵوێستە سیاسییەکانی وڵاتانی سەردەست پەیوەست بە نەتەوەی کورد دەڵێت: «کورد یەکەم نەتەوە بوو کە دەوڵەتی خۆی دامەزراند و ئینگلیزەکان بە ڕەسمی دانیان پیا نا، بەڵام ململانێیەکی دوور و درێژ لە نێوان کورد و ئینگلیزدا دەستی پێکرد، ویلایەتی مووسڵ بوو بە کێشەیەکی ڕوودا و وەرچەرخێنەر لە نێوان کورد و ئینگلیز، ئینگلیز و تورک، تورک و عەرەب، کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرا بە مەیدانێکی ئەو ململانێیە.. پەیمانی سیڤەر لە بەرژەوەندی کورد و دواتر پەیمانی لۆزان لە دژی کورد مۆرکرا..» ل٤٧. بناغە و بنچینەی پێمهاتەی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان کە دروست بوو بریتی بوو لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) و سەرەتای بونیادی سیاسی و سەربازی و گشت جووڵانەوەکانیان بڕیارە چارەنووسسازەکانیش ڕێبەرانی (ژ.ک) دەیاندا و سەرەتا ئومێدێکی زۆر گەورەشیان بە زلهێزە ڕۆژئاواییەکان بوو تا مافە نەتەوەییەکان لە ڕێگای ئەوانەوە مسۆگەر بکەن هەر بۆیە ئەو کاتانە کاتێک دەیانویست پێوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەت باش و توندوتۆڵ بکەن و پەیتا پەیتا کۆبوونەوەیان دەکرد.. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە ئومێدیان بە ڕۆژئاوا هەبوو، بۆیە وا پێدەچێت لە کۆششیشدا بووین کە لەگەڵ ئینگلیزەکانی پێوەندی بگرن.

مەحموودی مەلا عزەت دەڵێ: «پێموایە ڕابەرانی (ژ.ک) لە ڕۆڵی خراپی ئەو دەوڵەتانە بێئاگا نەبووین لە ڕووخانی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحموود و داگیرکردنی باشووری کوردستان و لکاندنی بە میسۆپۆتامیا و بە ڕادەیەکی زۆر دژایەتی جووڵانەوە و بزاوتە سیاسییەکانی کوردیان دەکرد بە فۆرمێک کە زۆر زەق و دیار بوو.

هەتاوەکو ئەو ئاستە کاتێک گۆڤاری (نیشتمان) کە زمانحاڵی (ژ.ک) بووە و بڵاو دەکرایەوە دەڵێ ئینگلیزەکان ئەو بڵاوکراوەیان لە عیراقدا قەدەغە کردووە.. ئیدی هەڵوێستی وڵاتانی بڕیار بە دەستی ڕۆژئاوا و تەنانەت سۆڤیەتیش بە جۆرێک بووە کە دەیانویست کار لەسەر ئەوە بکەن ئەو ستراتیجیەتەی کورد کاری بۆ دەکات و بە ئاقاری سەربەخۆ بووندا دەڕوات لاوازی بکەن».

لەم کتێبەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە کە «دەستیەک لە ڕووناکبیران و ئەندامانی (ژ.ک) هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و کوردستاندا ئیمکان کەمە بۆیە بەرنامەیەکی کورت و نوێیان کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجا گەڵاڵە کرد..» ل(١٠٣).

لێرەوە کۆمەڵەی (ژ.ک) هەڵوەشێنرایەوە لە ژێر باری کۆمەڵێک فاکتەری نێو خۆ و نێودەوڵەتیدا ئاراستەی چالاکییەکانیان گۆڕی، بەڵام پێچەوانەی ئەمانە زۆربەی ئەوانەی کە باسیان لە گۆڕانکاری لە ناو و ناوەڕۆکی (ژ.ک) کردووە، بە تەرەفدارییەکی سۆزداری و لایەنگرانە گۆڕان و لابردنی نێوی (ژ،ک) بۆ پێشکەوتن و هەنگاوی زێتری براقی ڕزگاریخوازی کوردەکانی ئێران لەو دەمەدا دەگەڕێننەوە کە جێبەجێیان کردووە، ئەوەتا نووسەریش لە ئەنجامی کنە و پشکنینی سەرچاوە ڕاستییەکان ئەوە دەدرکێنێت و دەبێژێ: «هەڵوەشاندنەوەی (ژ.ک) پاشەکشەیەک بوو لە ئامانجە ستراتیجیە نەتەوەییەکەی کورد کە ڕاستەوخۆ وەک دروشم کاری بۆ دەکرا و هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی پێ بەرز دەکرایەوە..» ل(١٠٩).

دیارە کوردەکانیش هەر خۆیان لەوە گەیشتبوون، چونکە هەتاوەکو مامەڵەی ڕووسەکان لەگەڵ کورد لە سنووری مامەڵەی پێوەندی بەسەرۆک عەشیرەتەکانەوە بوو تا هەم لە بەڵای بە گژاچوونەوە دووریان بخەنەوە و هەم سوودیشیان لێوەربگرن.. (نووسەر)

لە کاتێکدا پێڕەو و پرۆگرامی حزبی دیموکرات دانرا لە ڕووی هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی و چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوانیش سیاسەتەکانی خۆیان لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانە دادەڕشت، بۆیە لە فەسڵی دووەمی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستان خاڵی چوارەم هاتووە و دەڵێ: «ئامانجی گەورەی حزب لە قۆناغی ئێستادا پارێزگاریکردنی مافەکانی خەڵکی کوردە و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا مسۆگەرکردن و بەدەستهێنانی دەبێت لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە بەدرێژای مێژوو تیایدا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە خودموختاری خۆی هەبێت» ل١١٧.

گۆڕانکارییەکان زۆر ئاشکرایە بە بەراوورد لەگەڵ خواستەکانی کورد لەو سەردەمەدا، چونکە پێکەوە ژیان ببووە خاڵێکی زۆر سەخت، بەڵام گوشارە سیاسی و دبلۆماسییەکانی زلهێزان و جۆری پێوەندییەکانیان هێڵی یەکلاکەرەوەی خواست و ئامانجەکانی کورد بوو.

لەو سەرەتایانەشدا تاکە شتێک کە بۆ کورد کرابێت لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە ئەوە بوو کە «پاش چەند مانگێ لە بوونی لەشکری سوور لەو ناوچانە لە ئەیلولی ١٩٤١ دا ئاگاداری سەرۆک و ناودارانی خێڵ و هۆزەکانی ناوچەی موکریان کرا کە وەفدێک پێک بهێنن بۆ سەردانی یەکێتی سۆڤیەت..» ل١٣٠. دیارە وەفدەکەش تەنها و تەنها بۆ پێدانی کۆمەڵێک کەرەستە و پێداویستی ژیانیان بوو نەک بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی، نووسەریش لێرەدا هێمای بۆ دەکات و دەڵێ: «کوردەکان بەبێ ئەوەی کارێکیان بۆ کورد کردبێت و بەبێ ئەوەی بەڵێنێکی وایان بدرێتێ هەروا گەڕابوونەوە..» ل١٣٠.

دوای ئەوەش دروستبوونی کۆمارەکە کۆمەڵێک هۆکاری ململانێی نێودەوڵەتی بوون شوێنی ستراتیجی و هەڕەشەی سیاسی هێنایە کایەوە کە ئەو کات لەسەر خاکی ئێران هەبوو، هەر چەندە دروستکردنی کۆمارەکەش لە ناوچەی موکریان تەنها ڕێژەی ٣٠٪ خاکی کوردستانی ئێرانی گرتبووەوە و ناوچەکانی تر دابڕابوون لەوێ و لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی تاراندا بوون، ئەمەش هەرگیز نەدەگونجا بۆ ئەو قۆناغە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا کە قەڵەمڕەوێکی بچووکی هەبێت، بیر لە خواستی سەربەخۆیی بکرێتەوە، کاتێک یەکێ لە ڕۆژنامەکانی تاران پرسیاری ئەوە لە قازی محەممەد دەکەن کە ئایا بە ڕابەری ئەو جیابوونەوە و ئیستیقلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا ڕاستە؟ قازی لە وەڵامدا دەڵێ: «نەخێر ڕاست نییە لەبەر ئەوەی کە

ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ دەمانەوێ بە خودموختاری لە ژێر بەیداغی ئێراندا بژین». ل٢١٥

دیاربوو «هەلومەرج و خەسڵەتی تایبەتی سەرکردایەتی و کۆمار و سروشتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ڕێگری گۆڕانی بنەڕەتی بوو نەدەتوانرا بەرنامەیەکی وا دابنرێ جێبەجێ بکرێ کە کۆمەڵگای کوردەواری شانبەشانی گۆڕانە سیاسییەکە و لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانیش پێشکەوتنی چاوێنییان تێدا ڕووبدەن..» ل٢٥٥.

کۆماری کوردستان تەمەنی نەگەیشتە ساڵێک لە ڕووی بەردەوامی سیاسی و گرەوی پێکهاتەی حکومەت و کۆمارەوە کۆمەڵێک فاکتەری هەستیار و چارەنووسساز نەیانهێشت کارایی و ڕۆڵی لەگەشەدا بێت.

هەروەکو لەسەرەتاوە خستمەڕوو بە هۆی دووەم جەنگی گێتییەوە و بوونی لەشکری سووری سۆڤیەتی و هێزی ئینگلیز و ئەمریکا لە ناوچەکەدا جڵەوی کۆیخایەتی و فراوانکردنی بوارەکە بۆ کورد لە دەستی ئەوانەدا بوو، بەڵام تەنها یەکلایەنە لە نێوبردن و تەمەن کورتکردنی کۆماری نێودەوڵەتی نەبوو. بەڵکو نێوخۆ و لاوازی کوردەکان خۆشیان دەوری کەم وێنەیان گێڕا، لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکرات-دا هاتووە و دەڵێ: «کزی سەرکردایەتی حزب و نەبوونی ڕێکخراوێکی ڕێکوپێک و دیسپلینی حزبی، نزمبوونی تێگەیشتن و بێ ئەزموونی زۆربەی بەڕێوەبەران و کادرەکانی حزب لە کارەساتی پاشەکشەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بە تەواوی دەرکەوت حزبی شۆڕشگێڕ ئەو حزبەیە کە لە وەختی شکستدا بتوانێ بە ڕێک و پێکی پاشەکشە بکات، خۆی نەدۆڕێنی». ل٣٤٠.

ئیدی لاوازی هەستی نەتەوایەتی و جێگیرنەبوونی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش، پاشان ناکۆکی و ناتەبایی ناو ڕیزەکانی گەل و باش نەناسینی دوژمن و نەمان و هەرەسیان زیاتر قووڵ کردووە.

دەستبەرداربوونی نێودەوڵەتی و هوروژمی دەسەڵاتی نێوچەیی، نا تۆکمەیی و سستی جموجموولی نێوخۆ بە تەواوی بوونە نیشانەکانی ڕووخانی کۆمارەکە و بە ئاشکرا لە جەستەیدا دەرکەوتن، تا بەوە گەیشت تەنانەت قازی و دوو لە هاوڕێیانی لە سێدارە بدرێن، گۆڤاری ڕۆژگاری نوێ ژمارە (١٥)ی نیسانی ١٩٤٧ چاپی مۆسکۆ نووسیویەتی «جاسووسەکانی کوردستان و ئینگلیز و ئەمریکا لەگەڵ قازی محەممەد گەلێکیان هەوڵ دا، بەڵام کاتێ کە دیتیان ناتوانن قازی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بیکەنە خائینی نەتەوەی کورد فەرمانی کوشتنیان دا..» ل٣٤٧.

تەنانەت لە سێدارەدانی قازی و سەیفی و سەدریش ئەو کات وڵاتان دەیانتوانی ڕۆڵ بگێڕن لە مەجرای گۆڕینی حوکمی سێدارە ڕەشەکوژیەکانی مەهاباددا و ویست و بەرژەوەندییەکانی کە بە کامڵ بوون نەگەیشتوون، مافی کوردیان ژێر پێدەنا و لە بۆتەی سیاسیی خۆیاندا دەیانتواندەوە، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (ئیزڤیستیای) سۆڤیەتی ژ ٢٠ی ١٩٤٧ بە بۆنەی خنکاندنی پێشەوا و هاوەڵەکانی نووسیویەتی «ڕابەری هەرە بەڕێز و بە نفوزی کورد قازی محەممەد، سەیفی قازی، سەدری قازی بۆیە کوژران، چونکە ئامادە نەبوون کە نەخشەی ئیستیعماری ئەمریکا و ئینگلیز لە بارەی کوردستان قەبووڵ بکەن». ل٣٤٧

بەم شێوەیە دۆخی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەرمەی هەڵایسانی ڕوودانی دووەم جەنگی گێتیدا لە نێو گێژاو و پرسی ئیمپریالیزمیانە و بێدەرەتانی توانستی نێوخۆ لەسەر و بەندی کۆمارێکی یازدە مانگیدا دووچاری داکشانی سیاسی و کەم توانایی ڕەوتی سەربەخۆیی بوو.

پرسی سیاسی کورد ئەو قۆناغ و لە نێو چوارچێوەی خاکی ئێراندا بەبێ داوای ڕەوشی جوداخوازی و بە لەبەرچاو گرتنی مافی دیموکراسیانە و نەتەوەییانەی کورد لە ڕێگەکەی خۆی دوور خرایەوە، کەسایەتی کۆمەڵایەتی قازی و ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییەت و دڵسۆزی و بە توانای بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لێهاتوویی سەرکردەکانی و هاوکاری کوردەکانی باشووری کوردستان پرسی شەقامی کوردیان نەگۆڕی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆمەڵەی (ژ.ک)ی لەسەر دروست بوو بە لە سێدارەدان و قەتیسکردنی ڕەوتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیەک کە بنەمای ڕاستەقینەی خۆی هەبێت بە جارێک کوانووی خەباتی کوژێنرایەوە.

# دیاری بۆ منداڵانی کوردستان

لێدوانی: مەغدید حاجی



زۆرنین ئەو شاعیرانەی خاوەن هەست و ئاستێکی هزری و داهێنانی بەرزن لە بواری هۆنینەوەی شیعری ناسک و پەروەردەیی و هەست بزوێن بۆ منداڵان، ئەو شیعرانەی کە دەکرێنە سروود و نەوەی نوێی پێ گۆش دەکرێت.

شاعیری نیشتمانپەروەر (مەدحەت بێخەو) یەکێکە لەو شاعیرە خاوەن پەیامانەی کە زوو هەر لە پەنجاکانەوە، دواتر لە قۆناخی سەختی شەستەکاندا، لەوکاتەی پێشمەرگەی کوردستان بە تفەنگی برنۆ مێژووی بۆ کورد تۆماردەکرد، شاعیرمان خۆشی لە خۆی حەرام کردووەو بە دڵ و بەهزرو بە هەڵوێست و بەکردەوە لەگەڵ شۆڕشی گەلەکەیدا ژیاوە، بە نووسینی شیعرو سروودیش بۆ منداڵان بەشداری لە شۆڕش و گۆڕان بەرەو پێشەوەی کردووە بەتایبەتی لە ڕوانگەی بایەخدان بە خوێندەواری.

شاعیر دەرکی بەوە کردووە کە نەخوێندەواری کۆسپە لە ڕێی شۆڕش، لە ڕێی پێشکەوتنی گەلەکەی بۆیە بە هۆنینەوەی سروود بۆ قوتابییان هەر لە شەستەکانەوە سروودی (خوێندەواری) هۆنیوەتەوە، بە شیعری (قوتابخانەکەم) ویستوویەتی گرنگی خوێندن و زانست باس بکات و قوتابخانە لای زارۆکان خۆشەویست بکات.

شاعیر هەڵگری پەیامێکی نیشتمانی بووە بۆیە (ئەی وڵاتم) و (کوردستان) و (سروودی پێشمەرگەی) نووسیوە و بە سروودەکانی بە هۆنراوەکانی ڕۆڵی کاریگەری لە ڕەوتی بزاڤی نیشتمانی گەلەکەیدا بینیوە و سروودی پێشمەرگە لە تەک ئەی ڕەقیبدا بووەتە مارشی شۆڕشی ئەیلوول و ڕادیۆی شۆڕشی کوردستان لە شەستەکاندا کە بە دەنگی هونەرمەندی نەمر (فوئاد ئەحمەد) وتراوە.

شاعیر جگە لە (سروودی قوتابییان)، لە (دیاری بۆ منداڵانی کوردستان)دا کە بێگومان دیارییەکی گەلێک سەنگینە، (ئۆپەرێتی قوتابییان) و (شیعری منداڵان) و

(چیرۆکە شیعری پەند ئامێز) و (بۆ منداڵان و مێرمنداڵان)ی نووسیوەو کە هەر بابەتێک لەم بابەتە ئەدەبییانە شایانی لەسەر نووسین و بەرز نرخاندنە، بەڵام ئێمە لەم بەدواداچوونەدا تەنیا هەڵوەستە لەبەرامبەر (سروودی قوتابییان)دا دەکەین و تیشک دەخەینە سەر گرنگی ئەم هۆنراوە و سروودانە بەتایبەتی بۆ قۆناخی شەستەکان کە قۆناخێکی هەرە گرنگە لە بزاوتی نیشتمانی و نەتەوایەتی گەلەکەماندا.

## (سروودی قوتابییان) بۆ قۆناخێکی سەخت و هەستیار

بەر لەوەی باس لە هۆنراوەو سروودەکانی شاعیر بکەم دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سەرەڕای ئەوەی شاعیر لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا مامۆستا نەبووە، بەڵام بە هزرو هەستی ناسک و بوونی لەناو قوتابخانەی نیشتمانپەروەریدا و باوەڕی پتەوی بە نەوەی ئایندە بایەخی بە نووسینی هۆنراوە بۆ منداڵان داوە و توانیویەتی دابەزێتە ئاست و پێویستی منداڵانی کوردستان و چەندین هۆنراوەی وایان بۆ دابڕێژێت کە زوو لەلایەن مامۆستایانی سروودو گۆرانی قوتابخانەکاندا نۆتەو ئاوازیان بۆ دابنرێت و لەساتە هەستیارەکانی شەستەکاندا بکرێت بە سروودی قوتابخانەو نەوە دوای نەوەیان پێگۆش بکرێت.

شاعیر لە پێشەکی دیارییە بەنرخەکەیدا دەڵێ: «لە دانانیان ڕەچاوی ئاستی بیری منداڵان و کێشی کورت و پڕ مۆسیقام کردووە، هەروەها هەوڵم داوە کە ناوەڕۆکی بابەتەکان پەروەردەیی و نیشتمانی بن، هەر بۆیە ئەم سروودو ئۆپەرتانەم هەموویان لەلایەن مامۆستایانی هونەرمەند لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر ئاوازیان بۆ دانراو بە نۆتەوە پێشکەش بە قوتابییان کراون و لە سەرەتای شەستەکانەوە دەگوترێنەوە».

## پەیامی هاندانی خوێندن و خوێندەواری لای شاعیر

ئەگەر (مەلای گەورە)ی کۆیە وەکو بیرمەند و شاعیرێکی نیشتمانپەروەری ڕووناکبیر لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا بەشێک لە هۆنراوەکانی بۆ هاندانی خوێندن و گرنگی خوێندەواری تەرخان کردبێت و ئەم کارەی بە پەیامێک زانیبێ لە پێناوی ڕزگاربوونی میللەتەکەی، کە زۆرباش لای ڕوون بووە نەخوێندەواری و نەزانین کۆسپی گەورەن لە ڕێگەی پێشکەوتندا، ئەوە (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر ئەمیش لە ڕوانگەی هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە میللەتەکەی درکی بە مەترسییەکانی نەخوێندەواری و نەزانینی کردووە بۆیە لە قۆناغی ڕابوون و شۆڕشدا لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لەوکاتانەی گۆرانییە مەزنەکەی (تایەرتۆفیق) دەنگی دەدایەوە (کوردە بخوێنە سەدەی بیستەمە، جیهان ڕووناکە و کوردستان تەمە) ئا لەوکاتەدا شاعیر بەرایی هۆنراوەکانی دەربارەی خوێندەواری بۆ منداڵانی کوردستان نووسیوە و دەڵێ:

**خوێندەواری چرای ژینە**
**سەرچاوەی بیرو زانینە**
**ڕێگەی ئاواتی شیرینە**
**هۆشیارییەو ڕاپەڕینە**

شاعیر لە درێژەی هۆنراوەکەیدا کە دواتر کراوە بە سروود بۆ قوتابییان ڕوونی دەکاتەوە:

**خوێندەواری ئازادییە**
**سەرفرازییەو شادییە**
**چارەی دەردی هەژارییە**
**لەناوبەری بێدادییە**

ئەم هۆنراوەیە لەساڵی ١٩٦٤ نووسراوە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی گەلی کوردستان، لە پێناوی هێنانەکایەی ژیانێکی شادو سەرفراز بۆ میللەت، لە پێناوی نەهێشتنی هەژاری و بێدادی.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر بەشێک بووە، یان توخمێکی کارابووە، لە شۆڕشی گەلەکەی، لەوکات پێشمەرگە بە تفەنگ، تێکۆشەری سیاسی بە هوشیارکردنەوەی گەل بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و کورد پەروەرانە، شاعیریش هەڵگری هەمان پەیام بە ڕێگەی هۆنینەوەی هۆنراوە بەتایبەتی بۆ نەوەی نوێ و لە بانگەشەکردنیش بۆ خوێندەواری دەستی پێکردووە و بەردەوام بووە، ئەوەتە لە ساڵی ١٩٦٥ هۆنراوەیەکی تری بەناوی

(خـوێندن) نووسـیـــووه و تیــایدا دەچریکێنێ و دەڵێ:

**خوێندن شەوقی ڕێگایە**
**بەرەو لووتکە هانایە**
**هۆی ئازادی و شادییە**
**مایەی بەرزی و ئالایە**

هەر لە ساڵی ١٩٦٤دا شـاعـیـر هۆنراوەی (ئێمە قوتابین)ی نووسیوە کە ئەمەشیان هەر لەساڵی ١٩٦٤ لە لایەن پەروەردەی هەولێـر کـراوە بە سروودی قـوتابخـانەکـان و لەلایەن هونەرمەند (عەبدوڵڵا دڵسۆز)یشەوە کراوە بە گۆرانی و تێیدا هاتووە:

**ئێمە قوتابین هیوای وڵاتین**
**شەوق و ڕووناکی ڕێگەی ئاواتین**
**بۆ خوێندەواری بەبێ وچانین**
**گوڵ و نەمامی باخی ژیانین**
**هەموومان براین یەک بیروهێزین**
**لەگەڵ یەکتری ڕاست و بەڕێزین**

سرووده نیشتمانییەکانی شاعیر بەشێکی گرنگی هۆنراوەکـانی پێک دەهێنن، ئەم هۆنراوانە هەڵقـوڵاوی ناخی شاعیرێکی نیشتمانپەروەری خاوەن هەڵوێستە، ئەو شاعیرە هەر لە ڕاپەڕینی جـووتیـارانی دەشـتی هەولێـر لە سـاڵی ١٩٥٣ تاکـو شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ و بە درێژایی شـــۆڕشی ئەیلوولی ڕزگـاریخـوازی کوردو تاکو ئێـستا هەمـــیـــشـــە لەبەرەی گـــەل و نیـشـتـمـانپـەروەران بووە، هەڵگر بیروباوەڕی مارکسی پێشکەوتنخواز بووە، وڵاتی لا پیــرۆزە، شــۆڕش پەیامـە، پێـشکەوتنی کـورد لای ئامانجە، خۆی بەپێشمەرگە داناوە تاکـــو مـــاوە لە ژیان... بۆیە لە بەهاری ١٩٦٣ لەگـەڵ کـردنەوەی ئێـــســـتگەی ڕادیۆی شـــۆڕشی کوردستان ئەم سروودەی نووسیووە و بۆ ڕاگـەیاندنی شـۆڕشی ناردووە و بەدەنگی هونەرمـەندی نەمر (فـوئاد ئەحـمـەد) تۆمـارکـراو لە پاڵ (ئەی ڕەقیب) بوو بە مارشی شۆڕش:

**ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین**
**نیـشـتـمـان ئازاد دەکـەین لە خوێنمژین**
**ئێمە کوردین نابەزین..**
**جەنگاوەرین نابەزین..**

بەر لە ساڵانی شەست لە ١٩٥٩دا هۆنراوەیەکی تری بۆ وڵات نووسـیـوە و دەڵێ:

**ئەی وڵاتم ئەی وڵاتم**
**بیروئاییینی منی**
**تۆ بەهەشتی سەرزەمینی**
**خاکی زێڕینی منی**

لەم هۆنـراوەیەدا بەهاو ســـوودو ســامــانەکــانی وڵات بۆ منداڵانی کـوردسـتـان ڕوون دەکـاتەوە، تاکـو بزانن ئەم وڵاتە شیرین و پڕ لە بەهاو بایەخـە، خـاکی زێڕینی شـایانی ئەوەیە بپـارێزرێت و چۆن بەرگری لە بیـروباوەڕ و ئایینی دەکـەین دەبێ بەهەمـان شێوەش داکۆکی لە خـاکی وڵات بکەین و هەروەکو شاعیـر لە دێرێکی تری هۆنراوەکەدا دەڵێ:

**شەرتە تا ماوم نەوەستم**
**من لە ڕێی ئازادی تۆ**

زیاتر لەگەڵ شاعیر دەگەڕێینەوە، ساڵانی پەنجاکان و زۆر گرنگە کە لە ١٩٥٤دا شیـعری بۆ (کـوردسـتـانی جوان) هۆنیوەتەوە و کراوە بە سروود و تاکو هەمـوو بەیانییان قوتابییـانی کــوردســتــان بە گــوێی دەســەڵاتدا بچریکێنن و بڵێن:

**گیانی شیرینم کوردستانی جوان**
**مەڵبەندی شێران خاکی باپیران**
**خاوەنی گەلی مەردو قارەمان**
**بنکەی خـەبات و هەڵمـــەت و داستان**

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز، جارێکی تر منداڵان بانگ دەکات و پێیـان دەڵێ بەم جۆرە کـوردسـتـان پێناسە بکەن:

**کوردستان جوانی وشەی گیانی**
**بووکی ڕازاوەی هەموو جیهانی**
**خاکی دێرینی باوک و باپیری**
**سـەرچاوەی هەست و هەڵمـەت و بیری**

لە کـــۆتاییـــدا دەڵێم هەمـــوو هۆنراوەکانی شاعیر کە لە پەنجاکان و شەستەکان بۆ منداڵان نووسراون و کـراون بەسـروود و چەندین نەوە بەم ســروودانە گــۆشکراون شــایانی ئاوڕلێـدانەوەن، هەروەها گـۆڤـاری (ئاسۆی پەروەردەیی) کـارێکی پڕ لە ســوودی ئەنجـام داوە کــە لەســاڵی ٢٠٠٤دا (دیـاری بـۆ مـنـداڵانـی کوردستان)ی بە چاپ گەیاندووە.

# نامەی منالآن بۆ خوا

**لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان**




ئەم نامیلکەیە لەلایەن «ستیوارت هامپڵ» و «ئیریک مارشاڵ»ەوە کۆکراوەتەوە و برای هێژامان «ئازاد بەرزنجی» لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی. نامیلکەکە بریتییە لە کۆمەڵێک نامە، ئەو نامانە وەک وەرگێڕ لە پێشەکیی ئەم نامیلکەیەدا دەڵێ:

«زادەی ئەو هزر و خەیاڵە جڵەو نەکراوەی منداڵانێکن کە پەیڤ و ڕازی دڵی خۆیان ئاراستەی خودا دەکەن، یان پرسیارگەلێک ئەکەن مایەی تێڕامان و سەرسامین. هەندێ لە پرسیارەکان خۆیان سادە ئەنوێنن و هەندێکی تریشیان قووڵ و ئاڵۆز، بەڵام ئەوەی پێکەوە کۆیان ئەکاتەوە سەرسوڕمانە بەرامبەر ژیان و بوون و دیاردەکانی، کە زۆر جار دەبنەوە بە پرسیارەکانی زانست و فەلسەفە..»

دیارە هەر لەم نامیلکەیەشدا بەرهەمی منداڵە بەشداربووەکان کە ژمارەیان (٥٩) ناوی جۆراوجۆرە بەم شێوەیە پۆلین کراون:

**یەکەم:**
- مەتەڵەکان
- هاودژەکان و شتە نەناسراوەکان.

**دووەم:**
- ئارەزووەکانی دڵ
- پێشنیاز و سکاڵا.

**سێیەم:**
- پەسەند کردن
- ڕازی دڵ و سوپاسکردن

زانیارییە مرۆڤایەتییەکان بە تایبەتیش دەروونزانیی منداڵ و دەروونزانیی پەروەردە و فێرکردن ئەوە دووپات دەکەنەوە کە جگەرگۆشەکان جیهانی سەربەخۆی خۆیان هەیە و بەهۆی جۆری بیرکردنەوە فرە لا و فرە دیوەکانەوە فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی گۆی ژیان و گۆی زەوی دەخوێننەوە و ئێکسسواری فرە دیمەن و فرە وێنەیان لێ دەردێنن و دواتریش ئێکسسوارەکان یەکە یەکە شی دەکەنەوە و دەیاننرخێنن.. دیارە ئەم کردارەش پێوەندییەکی بەتینی بە پێکهاتەی «هەست»ەوە هەیە کە ئەویش بە دەوری خۆیەوە ئامێرێکی بەنرخ و سوودبەخشە بۆ هەڵمژینی ئاگاداری و زانیارییە جۆر جۆرەکانی ناو کۆمەڵگا و دەرەوەی ژینگەوە. دیارە ئاگاداری و زانیارییەکانیش فرە ڕوخسارن، ئەو منداڵەی لەژێر باڵی ئاگاداری و زانیارییە بەهەرمێنەکان هەناسە وەردەگرێ، بێگومان لە ڕووی جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو منداڵەی لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، یان تازە پێگەیشتوو پەروەردە دەکرێ، ئەمەشیان بڕیارێکی نەگۆڕ نییە، چونکە جاری وا بووە منداڵێکی لێهاتوو لە وڵاتێکی دواکەوتوو، یان تازە پێگەیشتوو توانیویەتی دەستی داهێنان بۆ شتەکان درێژ بکا. من لەم ڕووەوە تاقیکردنەوەیەکی زانستیم هەیە، ئەو تاقیکردنەوەیە تەمەنی (١٦)ساڵێک دەبێ.

بە کورتی: تا ئێستا (١٨) کۆڕم لە منداڵەوە بۆ منداڵ ئامادە کردووە

(١٩٨٩/٤/١٤) تـــــــــــا (٢٠٠٥/٤/٨) دواتـــــريـــــش گـەيشـتـوومـەتـە ئەو باوەڕەوە لەناو كـورديشدا منداڵی وا هەيە بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیرییەكانی دەكەونە خانەی پرسیارەكانی زانست و فەلسەفەوە بەتايبەتی ئەو منداڵەی كـــە بە هونـەری «مـــەتاتی» واتا هونەری فــرە فــۆرم و فــرە ناوەڕۆك بەرهەمـەكـانی خـۆی بەخـوێنەر، يان بینەر دەناسـێنێ، ئەم جـۆرە منداڵە لێـهـاتووە هيـچی لەو (٥٩) منداڵە كـەمـتـر نيـيـە كـە بەرهەمـيـان لە ناميلكەی (نامەی منالاّن بۆ خوا)دا بلاّوكراوەتەوە، بە هەرحاڵ ئەمـەيان بابەتێكی ديكەيە لە دەرفـــەتێكی ديكە باسی لێوە دەكەين.

ئێـــســـتـــاش نۆرەی ئەوە هاتووە بەپێی (پۆلێن)ی بەرهەمی منداڵە بەشـداربووەكـان لە نامـــيلكەكـە بدوێين:

**يەكەم:**

**– مەتەڵەكان**

**– هاودژەكان و شتە نەناسراوەكان**

ئەم بەشــــەيـان (٢٣) نامــــەی منداڵانی بەخـــۆوە گـــرتووە، كـــە ئەمانەش ناوی خاوەنەكانيانە:

«جان، چارلی، ئاليسۆن، مارتی، لوسی، ئانيـتـا، نۆرمـا، جين، نان، نـانسـی، نـێـڵ، لـوبـس، ئـارنـۆڵـد، جنێڤـەر، جوان، جين، دانی، چارلز، دارلا، تـۆم، دێـنـيـس، ســــــۆزان، ڕۆبرت.)

نموونە (١)

تۆ چۆن زانيت كە خوايت؟

«چارلی» ل(١٠)

نموونە (٢)

خوايە گيان

لەجيـاتی ئەوەی كـە بهـێـڵـيت خـەڵك بمرن و ناچار بيت خـەڵكی تـازە دروست بـكـەيت، بـۆچی ئـەو خـەڵكانە لە مـردن ناپارێزيت كـە ئێستا هەن.

«جين» ل(١٨)

نموونە (٣)

خوايە گيان

ئـيـنجـــيـليـــشم خـــوێندۆتەوە دروسـتكردن (خـەلق) يەعنی چی؟ كەس بە من ناڵێت.

«ئاليسۆن» ل(١٠)

– لە ڕووی زمانەوە:

هەرسێ نامـەكـە پێـوەنديـيـان بە فەرهەنگی جگەرگۆشەكانەوە هەيە و منداڵان بە ئاسانی تێـيـان دەگەن و بەجۆشەوە دەيانخوێننەوە.

– لە ڕووی هونەرييەوە:

نامــەكــان بەهونەری «مـــەتاتی» نووسراون و پێوەنديێكی ڕۆحيان بە دۆخی هەڵكشـــان و داكـــشـــانی ناوەوەی نووسەرەكانەوە هەيە.

– لە ڕووی تێڕوانينەوە:

نامەكان بوونەتە مايەی تێڕامان و سەرسامی بەرامـبـەر ژيان و بوون و مردن، دەكەونە خانەی پرسيارەكانی زانست و فەلسەفە.

بە كـورتی: نموونە (١) بەشـێـوەی مــەتەڵ و نموونەی (٢) بەشـێــوەی هاودژ و نموونەی (٣) بەشێوەی شتە نەناسـراوەكـان ناسنامـەی خـۆيان ئاشكرا دەكەن.

– لە ڕووی دەروونزانييەوە:

نامـەكـان لەگـەڵ تەمـەنی خـوێنەر گەورە دەبن و دواتريش لە كەسێتی و دوارۆژی جگەرگـۆشـەكـان ڕەنگ دەدەنەوە.

**دووەم:**

**– ئارەزووەكانی دڵ**

**– پێشنياز و سكاڵا**

ئەم بەشــــەيـان (١٦) نامـــــەی منداڵانی بەخـــۆوە گـــرتووە، كـــە ئەمـــانـەش ناوی خـــاوەنـەكـــانـيـــانـە «جـۆيس، جـۆنی، جينی، بەڵام پێت نـاڵێم مـن كــێـم، تـۆم ئێـل، بـروس، جانيت، سی مۆر، دينيز، ڕافائيل، دانی، پيـتـەر، تيم ئێم، لاری، سام، مارك»

نموونەی (١)

خوايەگيان ئەگەر ئێمە جارێكی تر لە شـێـوەيەكی تردا هاتينەوە بۆ ئەم دنيـايە تكايە مـەهێـڵـە من ببم بە جنيـڤـەر مـورتون چونكە من ڕقم لەو كچەيە.

دينيز ل(٥٣)

نموونەی (٢)

خوايە گيـان پشـوويەكی تر بخەرە بەينی پشـووی جەژنی سـەری ساڵ و جەژنی «پاك»ەوە شتێكی باش نييە كە هيچ پشوويەكی ترمان نييە.

«جينی» ل(٤٥)

نموونەی (٣)

خـوايە گـيـان سـوپاس كە برايەكی بچكۆلەت پێمان دا، بەڵام من دوعام كردبوو تووله سەگێكم هەبێت.

«جۆيس» ل(٤٣)

– لە ڕووی زمانەوە:

نامـەكـان بەزمـانی لە منداڵەوە بۆ منداڵ نووسـراون و پێـوەنديـيـەكی بەتينيـان بە فـەرهەنگی زمـان و قـۆناغی تەمـەنی جگەرگـۆشـەكـانەوە هەيە.

– لە ڕووی هونەرييەوە:

نامــــەكــــان بەفــــۆرم و ناوەڕۆكی «مەتاتی» ناسنامەی هونەريی خۆيان ئاشكرا كـردووە و پێـــوەنديـيـــەكی ڕۆحـيــيـــان بە دۆخی هەڵكشـان و داكـشـانی ناوەوەی نووسـەرەكـانەوە هەيە بەمەش ڕەگەزەكان: «زەمەن» و كـرداری ڕاسـتگۆيی و ڕەسـەنايەتی دەبەنەوە.

– لە ڕووی تێڕوانينەوە:

نموونەی(١) بەشـێـوەی ئارەزووی دڵ و نموونەی(٢) بە شێوەی پێشنياز و نموونەی (٣) بەشـێــوەی سكاڵا خـۆيان دەنوێنن بەمـەش نامـەكـان

هەمدیسان دەبنە مایەی تێرامان و سەرسوڕمان.

– لە ڕووی دەروونزانییەوە:
وێنە جۆراو جۆرەکانی نامەکان لەگەڵ تەمەنی خوێنەر گەورە دەبن و لە دوا ڕۆژدا لە کەسێتیان ڕەنگ دەداتەوە.

**سێیەم:**
**– پەسەند کردن**
**– ڕازی دڵ و سوپاسکردن**
ئەم بەشەیان (٢٠) نامەی جگەر گۆشەکانی بەخۆوە گرتووە، کە ئەمانەش ناوی خاوەنەکانیانە: «دین، ڕۆت ئیم، سیمۆن، ئیلیۆت، نان، ڕۆب، مارشا، میکی دی، گلێن، کریس، نانسی، نۆرا، لۆنا، جۆناسان، دانیل، جیف، ئێدی، چارلز، ئانجل، فرانک»

نموونەی(١)
خوایە گیان
شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە
کە تۆ هەمیشە
ئەستێرەکان
لە جێی خۆیاندا
دادەنێیت
«جیف» (٨٧)

نموونەی(٢)
خوایە گیان
لەناو ئەو کەسانەدا کە بۆ تۆ کار دەکەن پەترۆس و یوحەننام لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێت
«ڕۆب» ل(٧٣)

نموونەی(٣)
خوایە گیان ئەمە شیعرێکە
خۆشم ئەوێیت
لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەت داوە پێم
کە بۆ ژیان پێویستن
بەڵام حەز ئەکەم
پێم بڵێیت
بۆچی وا منت دروست کردووە
کە هەر ئەبێ بمرم
«دانیل» ٨ ساڵان ل(٨٥)

– لە ڕووی زمانەوە:
نامەکان بەزمانی لە منداڵەوە بۆ منداڵ نووسراون و پێوەندییەکی بەتینیان بە فەرهەنگی زمان و قۆناغی تەمەن و ئاو و هەوای مەڵبەندی لە دایکبوونیانەوە هەیە.
– لە ڕووی هونەرییەوە:
نامەکان بەهونەری «مەتاتی» ناسنامەی خۆیان ئاشکرا کردووە، ئەو هونەرەی کە پێداویستیی سەردەم نەخشەی بوونی وێنە کێشاوە.

– لە ڕووی تێڕوانینەوە:
نامەکان وەکو نامەی سەرجەم منداڵە بەشداربووەکان دەبنە مایەی تێرامان و سەرسووڕمان.

– لە ڕووی دەوونزانییەوە:
وێنەکانی نامەکان لەگەڵ تەمەنی خوێنەر گەورە دەبن، وێڕای ئەوەی دەبنە مایەی بەرفراوانبوونی زەمینەی جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینی جگەر گۆشەکان، ئەوا لە دوا ڕۆژدا لە کەسێتی و ئاستی ڕۆشنبیریشیان ڕەنگ دەداتەوە.

## «نامەی منداڵان بۆ خوا» و کرداری وەرگێڕان

وەک لە نامیلکەکەدا هاتووە «ئازاد بەرزنجی» ئەم (٥٩) نامەیەی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی نەک لە ئینگلیزییەوە، بۆیە دەبینین لە هەندێک جێگادا تووشی (غەڵەت)، یان ساتمەی هونەری وەرگێڕان بووە... بۆ نموونە:
دەقی ئینگلیزییەکە:
Dear God
of all the people
who work for
you I like
Peter and John
the best.
Rob
دەقی کوردییەکە لە فارسییەوە وەرگیراوە:
خوایە گیان
لەناو ئەو کەسانەدا کە بۆ تۆ کار دەکەن پەتروس و یوحەننام لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێت.

* ئەگەر منداڵ بەراوردێک لە نێوان دەقە ئینگلیزی و دەقە فارسییەکە بکا کە کراوەتە کوردی، ئەوا هەر لەجێیەوە تووشی سەرسووڕمان دەبێ.. چونکە لە دەقە فارسییەکەدا (پیتەر) و (جۆن) کراون بە (پەتروس) و (یوحەننا) کە ئەم دوو ناوە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بە هیچ جۆرێک بوونیان نییە.


ئێستاش پرسیارێک لەبەر دەمان قووت دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە:
– ئەم نامیلکەیە تا چ ڕادەیەک خزمەت بە ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵی کورد دەکا؟
+ لە ڕاستیدا خزمەتێکی زۆر بە ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵی کورد دەکا، چونکە نامەکان وێڕای ئەوەی بەهونەری «مەتاتی» نووسراون، ئەو هونەرەی کە پێداویستیی سەردەم ناسنامەی نوێبوونەوەی ئەوی ئاشکرا کردووە و دەبێتە مایەی بەرفراوانکردنی زەمینەی جۆری بیرکردنەوەی جگەر گۆشەکان، ئەوا زۆرجار دەبن بە پرسیارەکانی زانست و فەلسەفە.

### ئەنجام

ئەم نامیلکەیە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێوەندییەکی بەتینی بە ڕێبازی پەروەردەی نوێوە هەیە. دیارە وەرگێڕیش لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکە سەرکەوتووە.

# ڕۆمانی شەڕی سێیەمی جیهانی

لێدوان و ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
ئیسماعیل تەنیا
(ئەڵمانیا)




شەڕی سێیەمی جیهانی، ڕۆمانێکی خەیاڵ چنی نووسەری تورک «بۆراک توران»ە، باس لە پێشهاتەکانی پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات. ئەم ڕۆمانە لە کاتێکدا بڵاوکراوەتەوە، کە هێزەکانی ئەمەریکا و بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ئەفغانستان ئیماراتی تالیبان، لە عێراقیش ڕژێمی «سەدام حوسێن» یان لەناو برد، بە بەردەوامیش پشتگیری لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن، هەوڵی زێتر دەدەن بۆ گۆڕینی سیستەمی دکتاتۆر و تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەڵات... بەم شێوەیە شەقامی تورکی و جیهانی ئیسلامی و عەرەبی «بە باڵە ئیسلامی و نەتەوە پەرستەکانیانەوەش»، لە کوڵانێکی بەردەوام دان، هەربۆیەش، ئەم ڕۆمانە، لە تورکیا و جیهانی عەرەبیشدا، دەنگدانەوەیەکی گەورە و فراوانی هەبووە.

لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە بگرە، تا دەگاتە تەواوی ناوەرۆکەکەی، ڕووداو گەلێکی تراژیدیا ئامێزی لەخۆ گرتووە. نووسەر لەم کاتەدا، توانیویەتی لە تەلی عاتیفەی هاووڵاتیانی تورک و ئیسلامی بدات، کاتێکی لە باریشی قۆستۆتەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕووداوەکانی ناو دەقەکەدا هاتووە، کە لەساڵی (٢٠١٠)دا، بەهۆی هاتنە سەرکاری حوکمی نازی لە ئەڵمانیاو فەرەنسادا، شەڕی سێیەم هەڵدەگیرسێ،سیستەمە دیموکراتییەکانی ئەوروپا، یەک لە دوای یەک هەرەس دێنن، نازییەت باڵ بەسەر هزری تاکەکانی ئەوروپادا، دەکێشێ. ڕەوەندی موسڵمانەکانیش لە ئەوروپادا، تووشی ڕاوەدوونان و تەنگ پێهەڵچنین و قڕکردن دێن لەسەر دەستی گرووپە تیرۆریست و نازییەکان، کە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە، پشتگیرییان لێدەکرێت..... ئەو ڕووداوانە، هەموویان لەوکاتەدا دەقەومێن، کە یەکێتی ئەوروپا بە ڕاشکاوانە داواکەی تورکیا بۆچوونە ناو ئەو یەکێتییە ڕەفز دەکات، بە تەواوی ئەو دەرگایە دادەخات.

هەموو ڕووداوەکان، لەسەر یەک بڵانس دەڕۆن و بوونەتە مایەی سەرنج و تێڕامانی خوێنەری تورک، کە بەشەوقەوە ئەو ڕۆمانە دەخوێننەوە، بە گوێرەی نوچە و هەواڵی ئاژانس و میدیاکانەوە زێتر لە سەد هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.

ڕۆماننووس، لە درێژەی گێڕانەوەی پێشهاتەکاندا، دەڵێت: لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیست و یەک)، تورکەکان زۆر نیگەران دەبن لە چارەنووسی کەس و کارەکانیان، کە لە ئەوروپادا دەژین، هەر بۆیە حکومەتی تورکیا هاوپەیمانییەتیەک لەگەڵ ڕووسیا «ورچی سپی» دەبەستێت، چونکە ڕووسیاش هاوشێوەی تورکیا، لە فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا دەترسێ، هاووڵاتیانی ئەویش لە ئەوروپاو کۆمارەکانی بەلتیکەوە دەکەونە بەر هێرشی نازییە

ئەوروپییەکانەوە.

ڕۆماننووس پێیوایە، تورک و ڕووسەکان، لە هاوپەیمانییەتێکی بەهێزدا دەتوانن یەکێتی ئەوروپا تێک بشکێنن، بۆ ئەوەی مەنتیقیەکیش بە ڕووداوەکان بدات، لە واقیع نزیکتریان بکاتەوە، ئەمەریکا و چینیش بەگژ یەکتریەوە دەکات... لەو حاڵەتەشدا، ئەمەریکا ناتوانێت بە هاواری ئەوروپیەکانەوە بێت، بپرژێتە سەر یارمەتی دانیان.

بەرەنجامی هێرشە یەک لە دوا یەکەکانی تورک و ڕووسەکان، یەکێتی ئەوروپا وردو خاش دەبێت، هێزەکانی تورک بەرلین داگیردەکەن، کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو یەکێتییە لە (برۆکسل) دێنن.

دیالۆگی نێوان پاڵەوانەکانیش، مایەی ڕەشبینی و بەگژیەکدا چوونی هاوپەیمانەکانی ئەورۆ (تورکیا و ڕووسیا)یە... ئەوەتا ئەفسەرێکی تورک، هیچ حسێبێک بۆ ڕووسەکان ناکات و بەهاوڕێ ڕووسەکەی دەڵێت. ئەستەنبوڵ (ئەو شارەی کە لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتە)، دەکەینە بنکەی سەرەکی یەکێتی ئەوروپاو، ئەوکاتە ڕۆژئاواییەکان، بە چاوی خۆیان دەبینن، سەرەڕای ناکۆکییە مێژووییەکان و بۆچوونە جیاوازەکان، چۆن جیهانی ئیسلامی (کە تورکیا نوێنەرایەتیان دەکات)، کریستیانە ئەرسۆدۆکسەکان لە هاوپەیمانیەتێکی بەهێزو تۆکمەدان.

ئەو پێشبینیە خەیاڵ پڵاوەی (توران)، هەمان پێشبینی (سمۆئێل هانتنگتۆن)ی لێکۆڵەری سیاسی ئەمەریکییە کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (ململانێی شارستانیەتیەکان)دا، باسی کردووە.

لێرەدا پرسیارێک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، یان هانتنگتۆن ئەو بیرۆکەی لە (توران) وەرگرتووە کە تەمەنەکەی لە (٣٠) بەهارێک تێپەڕ ناکات، یان بە پێچەوانەوە.

لە ڕۆمانەکەدا، هەموو ڕووداوەکان ترسناک و کارەکتەرەکانیش شەڕانگێزین. نووسەر دەڵێت. بەگوێرەی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی خوێندوومەتەوە، هیچ کاتێک یەکێتی ئەوروپا ئامادە نەبووە تورکیا لەخۆی بگرێت و بە چاوێکی یەکسانییەوە، سەیری بکات. هەروەها دەڵێت. ئەوروپاییەکان، مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕ لە شەرمەزارییان هەیە، کە خۆی لە سۆسیالیستی نەتەوەیی (نازیست)دا، دەبینێتەوە... هەر بۆیەش، لە دوا وێستگەدا، دەبێت ئەو باجە بدەن. ئەگەر ئەوروپاییەکانیش نەتوانن ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ شێوەکانی کۆچکردنی موسڵمانەکان بگرنە بەر، بەردەوام پشێوی و ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، کە سەرەنجام تورکیا وەک ئەندامێک قبووڵ ناکەن، ئەو کاتەش، شارستانیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دەکەونە ململانێی شەڕێکی دژوارەوە.

(توران)، لە کاتێکدا ئەو ڕۆمانەی بڵاوکردۆتەوە کە ڕەشبینیەکی تۆخ باڵی بەسەر شەقامی تورکیدا کێشاوە، تەواو بێئومێد بووینە لە وەرگرتنیان.

هەروەها توانیویەتی لە تەلی هەستیار بدات، بەتایبەتیش نێوەندە ئیسلامی و میللییەتچیەکان، کە دژایەتییەکی تەواوی ئەوە دەکەن، تورکیا بچێتە ناو ئەو یەکێتییە، چونکە ئەوان پێیان وایە لەناو ئەو یەکێتییەدا، دەتوێنەوە، دەبێت دەستبەرداری زۆر ڕێوڕەسم و کولتووری چەسپاو بن، کە ناسنامەی نەتەوەی تورکە.

ڕۆماننووس لەسەر هەمان ڕێڕەو، ڕۆمانێکی تری بەناوونیشانی (ڕەشەبای ئاسن) لە دێسێمبەری ساڵی (٢٠٠٤)دا بڵاوکردۆتەوە، کە تەوەری سەرەکی ئەو ڕۆمانەشی، گێڕانەوەی دەسەڵات و هەیبەتی تورکە، سەرتاپای شەڕ و دژایەتیکردنی جیهانی ڕۆژئاوایە... لە (ڕەشەبای ئاسن)یشدا، فراوانترین خوێنەری بۆ خۆی پەیدا کردووە.

تەوەری سەرەکی ڕۆمانی ناوبراو، ئەمەریکییەکان، بەناوی بەرقەرار کردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەمە نەتەوەییەکان، دەست دەخەنە کاروباری ناوخۆی تورکیا، لە بەرژەوەندی کورددا، هێرش دەکەنە سەری و شارەکانی داگیر دەکەن.... لەوکاتەدا، بەکرێگیراوێکی تورک، لەناوجەرگەی «واشنتۆن»دا، بۆمبێکی ئەتۆمی دەتەقێنێتەوە، ئەو پایتەختە وێران دەکات.

لە هەردوو ڕۆمانەکەدا، نووسەر دەیەوێت (ئەگەر بە خەون و خەیاڵ)یش بێت، تورکەکان بگێڕێتەوە ئەو سەردەمانەی کە عوسمانییەکان، ماوەی زێتر لە چوارسەد ساڵ، حوکمڕانی بەشێکی جیهانیان دەکرد، دەسەڵاتەکەیان گەیشتبووە قووڵایی ئەوروپاوە...

(توران) دەربڕی خەون و خەیاڵێکی لە مێژینەی تورکە، کە ئەمڕۆ بۆتە ئەمری واقیع لە هزری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا... سەرەڕای بچووکبوونەوەی بازنەکانی دەسەڵاتیشیان هەر بە (ڕبە)ی جاران دەپێون، بەهەر شێوەیەک بێت دەیانەوێت، بەو هەوایە بژین کە هەشتاو هەشت ساڵ لەمەوبەر هەڵیانمژیوەو پێی ژیاون.

*** سەرنج:**

خۆم ئەو ڕۆمانەم بینیوە، سەرەڕای ئەوەش، سوودێکی زۆرم لە نووسینێکی (جۆزێف کرواترۆ) وەرگرتووە، کە (یوسف مجازی) وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە ماڵپەڕی «قەنتەرە»ی بەشی عەرەبی:

(www. Qantara. de)،

ڕۆژی ١١/ ١/ ٢٠٠٦ دا، بڵاوی کردۆتەوە.

# زەوتی ئاوەز.. تێكشكانی عەقڵ


## (الأستلاب.. تحطيم العقل)

**لێدوانی: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(كەركوك)**

كەمترین ڕۆشنبیر، نووسەری ئێمە واقیعیانە، بابەتیانە لە بارەی كولتوورەكانەوە نووسیویانە و خوێندوویەتیانەوە، مەگەر ئەوانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی كتێب و بابەتە نووسراوەكان بە زمانی كوردی شتیان خوێندبێتەوە، بۆیە دەبینین لە نووسین و توێژینەوە و لێكۆڵینەوەكاندا نەتوانراوە خۆ لە دیاردەی لایەنگیری و بە ئایدۆلۆژی نووسین لابدەین و ئەوەش كاریگەری زۆری كردۆتە سەر ئەوەی، نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی خۆمان نەتوانن و نەزانن كێ و نووسینی كێ بكەنە سەرچاوە، یان وەریبگێڕنە سەر زمانەكانیان، بەو جۆرەش ئەم حاڵەتە یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی وەرگێڕانی كەمترین كتێب و سەرچاوەی كوردی بۆ سەر زمانە جیهانییەكان.. چونكە هێشتا كورد نەگەیشتۆتە بارێكی سەقامگیری و زۆربەی چەمك و حاڵەتەكان لای ئێمە بێ پێوەر و پێناسەن و هەر پەنا بۆ سەرچاوە دەرەكییەكان براوە. لەنێو خۆشماندا تەواوی نووسین و لێكۆڵینەوەكان، بە تێزەكانی «ماستەرنامە و دكتۆراشەوە» هەمیشە مایە بە مشتومڕی بێ سەرەنجام بوون.. هەر كەس بە وردی سەرنج بداتە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوەكان ڕاشكاوانە ئەم ململانێ و شەڕە ئایدۆلۆژیایە بەدی دەكات.. بۆیە شتێكی سەیر نییە كە بڵێیم: ئێمە ڕەنگە نەتوانین لەسەرچاوەكانی خۆمانەوە تەواو لە خۆمان و وردەكاریەكانی بواری مێژوو، سیاسەت، فیكرمان تێبگەین.. ئەمە هەر ئێمە ناگرێتەوە، بەڵكو «هاشم ساڵح»ی بیرمەندی عەرەبیش سەبارەت بە كولتووری عەرەبی و ئیسلامی دەڵێت: «بەوپەڕی ڕاشكاوی و بێ هیچ پێچ و پەنایەك دەڵێم: گەر دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵنەكەوتایە كە بەر لە چارەكە سەدەیەك زیاتر لە ئێستا بچمە ئەوروپا، ئەوا دەژیام و دەشمردم بەبێ ئەوەی هیچ شتێك تێبگەم..» (١) هەرچەندە من خوێندنەوەكەم بۆ كتێبی «الاستلاب- تحطيم العقل»ی نووسەر «عەلی عوسمان»ە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێوەندییەكی ڕیشەییان لەنێواندایە، ناچار بووم لەوێوە دەست پێبكەم.. دەشێت بپرسین، وێڕای دەوڵەمەندی كولتووری عەرەبی لە زۆرینەی بوارەكاندا، بەو دەیان هەزار كتێبە وەرگێڕدراوانەشەوە، بۆچی هاشم ساڵح وادەڵێت؟ هەر لەو كتێبەدا ئەم بیرمەندە خۆی وەڵامان دەداتەو و دەڵێت: «ئەزموونی ئەوروپا یەكلاكەرەوە بوو، ئەویش لەبەر چەند هۆكارێك...» (٢)

هاشم ساڵح گرنگیی ئەو ئەزموونە بۆ چەند خاڵێك و چەند خاڵێكی لای ئێمە بە هەند وەرنەگیراو دەگێڕێتەوە:

**یەكەم:** لە ئەوروپا دەتوانین لە دوورەوە بڕوانیتە ڕابردووی خۆت و سەیری بنج و بناوانی خۆت بكەیت، واتە بواری ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێ كێشەكانت لەگەڵ خۆتا یەكلایی



بکەیتەوە و بەمجۆرەش باری شانت سووک بکەیت.

**دووەم:** بوارت دەبێ زمانێکی ئەورووپی مۆدێرن فێربیت. زمانێک کە پڕیەتی لە سەرچاوەی هەمەجۆر. تەنانەت نەمدەتوانی بەشێوەیەکی مێژوویی لە مێژووی عەرەب و ئیسلام تێبگەم گەر هەندێک کتێبی سەرەکیم بە زمانی فەرەنسی نەخوێندبایەوە.

**سێیەم:** دوورکەوتنەوە لە خود وات لێدەکات چاکتر خۆت بناسیت.

**چوارەم:** لە هەموویان گرنگتر بواری ئازادی بیرکردنەوە و رادەربڕینە. دەکرێت بڵێین شکۆمەندی و شارستانییەت و باڵادەستی ئەورووپی بەرهەمی ئەو ئازادییە(۳)

لێرەوە تێدەگەین کە ئێمە بۆ تا ئەم ساتەش لە خۆمان و دەوروبەرمان تێنەگەیشتووین و تا چەندیش، ناڕاستەوخۆش بێت، بووینەتە داردەستی شەڕێکی ئایدۆلۆژی و نووسین و مشتومڕ نا بابەتییەکانمان.

لێرەشەوە دەکرێت ئەوە بڵێم کە زۆربەی ئێمە لە ڕووی عەقڵی و بیرکردنەوە زەوتکراوین و عەقڵمان تێکشکێنراوە.. ئەمەش ناوەڕۆکی کتێبی «الاستلاب- تخطیم العقل»ی نووسەر و بیرمەندی عەرەب «عەلی عوسمان»ە.

ئەم کتێبە لە حەوت بەش پێکهاتووە... بەڵام وەک بابەتێکی یەکانگیر تەنیا سێ بەشیان پەیوەستن بە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە.. بەشەکانیش بریتین لە:

**بەشی یەکەم:** تێکشکانی عەقڵ بە ئایین.

**بەشی دووەم:** تێکشکانی عەقڵ بە ئابووری و کۆمەڵایەتی.

**بەشی سێیەم:** تێکشکانی عەقڵ بە سیاسەت.

نووسەر لە پێشەکیەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زەوتکردنی ئاوەز دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیریە.. هەروەها پێی وایە تەواوی مانای ئەم چەمکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاک، یان کۆمەڵە خەڵکێک لە دەرەوەی ویستی خۆیاندا بیربکەنەوە.. یان لە هێزێکی لەخۆی باڵاترەوە فەرمانی بەسەردا بکرێت، ئەوکاتەی لە ئازادی و ویست و بەرهەمی کارەکەی دادەماڵرێت. هاوکات دەشبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرلێشێوان و نامۆبوون، نامۆبوون لەخود و کۆمەڵ و خودی ژیان..

لەوێدا «عەلی عوسمان» ئاماژە بە بۆچوونێکی «مارکس» دەدات کە پێی وایە: تێکشکانی عەقڵ بریتییە لە: داماڵینی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ. هەروەها «شیلەر»یش دەڵێت، دیاردەی نامۆبوون بریتییە لە: جیاوازی نێوان هەلومەرجی کردەیی مرۆڤ و سروشتی ڕاستەقینە و جەوهەری.

هەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا نووسەر دەپرسێت، چ شتێکە دەبێتە ڕێگر لەوەی نامۆ بوو دەرک بە نامۆبوون و تێکشکانی عەقڵی بکات.. ئاخۆ ئەوە نەریتە، یان کۆنترۆڵ و هەژموونەکانی ئایدۆلۆژیای جەبری؟

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو ماوەیە بە مرۆڤ نەدراوە کە دەرک بە خۆی و دەوروبەر بکات، هۆشی بکاتەوە بەسەر مەعریفەکاندا، چونکە واقیعەکەی بەشێوەیەک، جۆرێک دیاریکراو نەخشەکێشراوە.. لەو بارەیەشەوە نووسەر دەڵێت: «ڕاهاتنی مرۆڤ لەسەر شێوەیەکی ژیان و بیرکردنەوە وادەکات بەو واقیعە ڕابێت و ئیدی گومان نەکات و پرسیاری لەلا نەخولقێت.. ئەو ڕاهاتنە دەبێتە ڕێگر لە مەعریفە، چونکە دەرککردن مەوداو بوارێک دەخوازێت کە مرۆڤ تێیدا لە خودی خۆی و دەوروبەری تێبگات.. نەریت و ڕاهاتن ئەو بوار و مەودایە دەسڕێتەوە نووسەر ئاماژە دەکات کە لە بواری ئاییندا ئایدۆلۆژیایەکی جەبری بە درێژایی مێژوو وای کردووە بەشێکی زۆری مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ بیربکەنەوە و مامەڵەی ڕۆژانەش ئەنجام بدەن.. خاڵی سەرەکی لەوەدایە کە ئەم ئایدۆلۆژیا جەبری و لاهووتیە مرۆڤ ئاراستە دەکات بۆ وەبەرگرتنی قیامەت و پشتکردن لە دنیا و بێبایەخ تەماشا کردنی.. ئەوەش وادەکات مرۆڤ لەنێوان شەپۆلانی گۆڕانکاریە مەعریفیەکاندا سەراسیمە بێت و دواتر ببێتە کەسێکی بەرخۆر «مستهلک» و ڕێگر لە هەر هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری.

نووسەر لەسەر هەمان شێوە بە وردی باس لە نامۆ بوون و تێکشکانی عەقڵ دەکات بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی و سیاسەت- دواجار لە بەرگی دواوەی کتێبەکەدا هاتووە کە: «لە بێدەنگیەوە بۆ غەریزەی بە مێگەل بوون جیهان بۆتە گرتووخانەیەک کە تێیدا ئەو شتە قەدەغە کراوانە زیاتر دەبن کە نووری عەقڵ خاموش دەکەن. هەندێک بۆچوون لە بارەی پەیوەندی مرۆڤ بە خواوە وادەکات مرۆڤ نامۆ بێت بە جیهانەکەی و دواجار دەبێتە زەوتکردنی ئاوەز و تێکشکانی عەقڵی.. ئەوەتا دەڵێت: (لەگەڵ سەر شۆڕیدا ماوەیەک بژی، دەبێتە بەشێک لە پیتاکی ژیان).

**پەراوێز:**

**۱- کتێبی «فیکری خۆرئاوا» نووسینی هاشم ساڵح وەرگێڕانی شوان ئەحمەد.**

**۲- هەمان سەرچاوە.**

**۳- هەمان سەرچاوە.**

**کتێبی «الاستلاب- تحطیم العقل»، نووسینی علی عثمان، لە بڵاوکراوەکانی «دارالتكوین».**

# یەکەم نامەی «لۆرکا» لە نیویۆرکەوە بۆ کەسوکاری لە غرناتە

لە عەرەبییەوە: ڕەمزی میرەکانی

(٦٨) ساڵ بەسەر مردنی شاعیری ئیسپانی «فدریکۆ گارسیالۆرکا (١٨٩٨- ١٩٣٦) تێپەڕیوە و بەم دواییە لێتوێژەر «کریستۆفەر ماوریو» چەند نامەیەکی ئاراستەکراوی لۆرکای لە نیویۆرکەوە بۆ دایک و باوکی لە غرناتە دۆزیەوە. کە ئەمە وەرگێڕدراوی یەکەم نامەیە کە لۆرکا لە نیویۆرکەوە ناردبووی. تێیدا وەسفی گەشتەکەی دەکات لە دەریاوە و سەرسامی بەشاری نیویۆرک- کە دواتر ڕای لە سەری گۆڕی و سووربوونی بۆ خوێندن و مامۆستاکانی و برادەرەکانی و سۆزی بۆ کەسوکاری ئەمە وا دەکات ئەم نامەیە بەڵگەنامەیێکی گرنگ بێت کە تیشک دەخاتە سەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی خۆر لە لای لۆرکا.

**نیویۆرک، هەینی ٢٨/ حوزەیران/ ١٩٢٩ز**
**دایک و باوک و برا ئازیزەکانم**

ئا ئێوە ئێستاکە لە نیویۆرک دەمبیننەوە دوای گەشتێکی خۆش و ئاسان بەهۆی فرناندۆ (واتا فرناندۆوە لوس ریس مامۆستا لە زانکۆی کۆلۆمبیا) کە بەشێوازێک مامەڵەی دەکردم کە وای کرد هەموو وا گومان ببەن کەوا باوکمە، لەسەرتانە کەوا سوپاسگوزاری پێشکەش بکەن بەهۆی بەخشینم لە سۆزو چاودێری.. من زۆر بەختەوەرم. خۆشیم لێ دەوەرێت، هیچ نییە سەرقاڵم بکات تەنیا گوێگرتنی هەواڵتان نەبێت لە نزیکترین کاتدا.

پاریس بۆچوونێکی سەرسوڕهێنەری پێدام. لەندەن زۆر لەوە زیاتر، ئێستاکە نیویۆرک، کە هەڵچوونم زیاد

دەکات.

گەشتەکەی دەریا لە ئەتلەسییەوە خۆش بوو، بە کەشتییەک بارەکەی (٤٦,٥٦٧) تەن بوو، دەریا بۆ ماوەی شەش ڕۆژان هێمن بوو، شەش ڕۆژ وەکو ئەوەی لە نەخۆشخانە بێت. وای لێکردم وەکو ئەوەی ئاواتەخوازی بووم، ڕەش وەکو ڕەشی ئەنگۆلی، چەندە خۆشە گەشتی دەریا!.. گەشتیارەکان هەموو لەنێوان خۆیاندا وا مامەڵەیان دەکرد وەکو ئەوەی یەک خێزان بن وابوو. تێیدا هاوڕێیەکم لە هەنگاریا ناسی، منداڵێکی جوان تەمەنی پێنج ساڵانە، یەکەم جارە دەڕوات بۆ بینینی باوکی کە پێش لە دایکبوونی چۆتە ئەمریکا. یاری لەگەڵ کردم و منی خۆشویست بە ڕادەیەک گریانێکی تاڵ گریا ئەوکاتەی لێی جیابوومەوە، پێویست ناکات پێتان بڵێم کەوا هەستم وەکو هەستی ئەوبوو، ئەمە بابەتی یەکەم قەسیدەم بوو (ئەم قەسیدەیە نەدۆزراوەتەوە ئەگەر هاتوو لۆرکا بەڕاستی تەواوی کردبێت). ئەم منداڵە ئەوەی هەرگیز نایبینم لەمەودوا، ئەم گوڵە هەنگارییە، دەچێتە ناو ورگی نیویۆرک بۆ گەڕان بەدوای دواڕۆژێ کە لەوانەیە جیر بێت، یان لەوانەیە ئاسان بێت، ئەوکات من سەبارەت بەو دەمە بیرەوەرییێکی زۆر دوور گرێدراو بە ڕیتمی کەشتی و زەریای گەورە.

ئەم شارە ئەوەی بیگاتێ پێی سەرسام دەبێت، بەڵام نایترسێنێ (نایڕاچڵەکێنێ)، سەبارەت بەمن. ئەوا هانیدام بۆ بینینی چۆن کەوا مرۆڤ بە دابینکردنی زانست و تەکنەلۆجیا دەتوانێ بگاتە ئەنجامی باش وەکو ئەوەی سروشت بەرهەمی دێنێ.

بەندەرەکە ترسناکە، هەور کونکەری درەوشاوە و تێکەڵ لەگەڵ ئەستێرەکان، هەزارەها گڵۆپ، دەریا لە داهێنراوەکان، هەموویان دیمەنێکی نایاب لەسەر گۆی زەوی نمایش دەکەن.

پاریس، لەندەن، هەردووکیان گوندن ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەم شارە بەراوردکران کە لە «بابل»ی درەوشاوە دەچێت کە مێشک سەرسام دەکات.

کاتی گەیشتنی کەشتییەکە، کۆمەڵێک لە ئیسپانیەکان لە چاوەڕوانیماندابوون. ئنجل ول ریۆ. مامۆستای زانکۆی فدریکۆئونیس، شاعیر لیۆن فلیپە و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی لاپرانسا، خۆسیە کامبرۆبی (برای هاوسەری شاعیری ئیسپانی خوان دامون خیمینس) و ماروتۆ (گابریل گارسیا ماروتۆ یەکەم دیوانی لۆرکای بڵاوکردەوە) کە دڵخۆش بوو بە بینینم و لە باوەشی گرتم و ماچی کردم، کە تازە لە مەکسیک گەیشتبوو دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو لە کۆکردنەوەی سامانێکی گەورە لە میانی کارەکانیدا، کە نیگارکێش و نەخشەکێشی چاپکراوەکانە، زۆریان پێشوازی لێکردم و بەمجۆرە لەگەڵ هەموو ئیسپانیەکاندا، لێرەدا هەستێک دام دەگرێت بەوەی کەوا باشترە بۆ مرۆڤ پیاوێکی بەناوبانگ بێت. ئەوکاتەی ناسراو دەبێ، هەموو دەرگاکانی بۆ دەکرێتەوە، هەموو کەس بە بایەخەوە ئاوڕت لێدەدەنەوە.

فدریکۆ ئونیس بەخۆی و هاوسەرەکەی بەشێوەیەکی خۆشەویستی مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن و سەرسامن بەمن، هەتا دەڵێن ئەوان لە شوێنکەوتەکانی لۆرکان، ئەو بەو ئیعتیبارەی مامۆستایە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، توانی یارمەتیم بدات لە چاککردنی بارودۆخم.

من ئێستاکە قوتابیم لە زانکۆی کۆلۆمبیا و لێرە دەژیم لە بەشێک کە پڕە لە قوتابی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەر ئەوەی فدریکۆ ئونیس حەزی نەکرد لەوەی بچم بۆ شوێنی مانەوەی قوتابیە بیانییەکان، لەبەر ئەوەی وەکو وتی: لەوێ قوتابییەکان هەموویان بیانین و ژمارەیەکی زۆری لە وڵاتی ئەمریکای باشووریان تێدایە. ئەوکات بەردەوام ئیسپانی دەبێت، هەروەها وتی: «دەبێ شاعیر لە شوێنێک بێت بەوانەی بە ئینگلیزی قسە دەکەن دەورەدرابێت» بۆ ئەوەی «تاوەکو هیچ کەلێن نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەموو هەوڵەکانت بخەیتە گەڕ».

گومانی تێدا نییە کەوا ئاستەمە کورسیەک بەدەستبێنی لەم زانکۆیەدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی مامۆستا فرناندۆ کاری لێدەکات، هەروەها ئونییش، کەوا زۆرتر بە ناوبانگە و مامۆستای (کرسی)یش لە هەمان زانکۆیە، توانیم قبوولی تێدا بە دەست بێنم.

ئەم زانکۆیە لە پای شتێکی سەرسوڕهێنەرە، لە ڕۆخ ڕووباری «هدسن»ە لە سەنتەری شاردا، لە دورگەی مانهاتن لە نزیک شەقامە سەرەکیەکان، لەگەڵ ئەو هەموو شتەشدا، ئەوا زۆر خۆشە لە هێمنیدا، ژوورەکەم دەکەوێتە نهۆمی نۆیەم و دەڕوانێتە سەرگۆڕەپانێکی گەورەی یاریکردنی سەوزداپۆشراو بە چیمەن لەگەڵ هەندێک پەیکەر. لەلایەکەی تری ژوورەکەدا پەنجەرەیەکە دەڕوانێتە سەرشەقامی برودوای کە هەموو نیویۆرک

دەبڕێت و لەوانەیە ساویلکە بم ئەگەر هەوڵ بدەم زەبەلاحی هەور کونکەرەکان ڕوون بکەمەوە..، هاتووچۆ..، لە سێ نهۆمی ئەم هەور کونکەرەدا دەکرێ (٣٠,٠٠٠) هەزار کەس لە دانیشتوانی- غرناتە بەتەواوەتی نیشتەجێ بکرێت.

ئا ئەوە من بۆچوونی خۆمتان بۆ دەنووسم، تاوەکو بزانن کەوا ژوورەکەم هەرزانە و زۆر جوانە و دیمەنی جوانی تێدایە. ناوی خۆم لەوانەی ئینگلیزی و ئەدەبی ئینگلیزیدا تۆمارکردووە و ئارەزووم گەورەیە لە خوێندندا، لە لایەن خۆمەوە ئەوا سوپاسگوزاری خۆمتان پێشکەش دەکەم بەو چاکە گەورەیەی کەوا پێشکەشتان کردم، بەڵام بەکارو هەوڵم وەڵامی ئەوەتان دەدەمەوە کە دەبێتە مایەی شانازی و بەختەوەری بۆ ئێوە.

بەڕاستی من بەچانسم لەگەڵ خەڵکی چونکە ئێستاکە وەکو ئەوەی هەموو ژیانم لێرە بەسەر بردبێت وایە. لەبەر ئەوەی هیچ ئاستەمم نەدیت لەم «بابل»ە فراوانەدا.

لەوەش زیاتر، بەسەربردنی ماوەیەکی کەم لێرە و دوای تەواوبوونی سەرسامبوونی یەکەمم، ئەوا ئەم شارە زۆر ئاسانە، زۆر ئاسانترە لە پاریس، هەروەها زۆر ئاسانتریشە لە لەندەن، لەبەر ئەوەی لێرە شەقامەکان هەموو ژمارەی بۆ دانراوە و هەموو شارێک بەهێڵکاریەکی ئەندازەیی هێڵکاری کراوە و دابەش کراوە بەچوارگۆشە و ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ لەناوبردنی شپرزەیی.

بەمجۆرە دەمبینن کەوا ئاسوودەم لێرەو ڕاهاتووم لەم کەش و هەوایە و نیویۆرک دڵگیرو سەرسوڕهێنەرە، خەڵکی لێرە جیا لەوەی سەربەستن، ئەوا باشیشن. هەست بە ئاسوودەیی باشتر دەکەم لە پاریس، کە دەیبینم. بۆگەنی و کۆنە، وەکو پێم وتن هەموو ئەو شتانەی پێیدا تێپەڕیم، باش بوو.

شەوی ڕابردوو لەگەڵ لیۆن فیلیپە و ماروتۆ و بەڕێز فلۆرس کە سەرنووسەری گۆڤارێکە، کە بە ئینگلیزی دەردەچێت لە بارەی کاروباری ئیسپانی (کە وەرگێڕی «زەوی وێرانکراو»ی شاعیری ئینگلیزی ت.س. ئیلیەت-ە بۆ ئیسپانی) پیاسەم کرد لە شەقامی برودوای گەورەدا، دیمەنی ئەم شەقامە لە شەودا سەرسامی کردم، هەور کونکەرەکان لە سەرەوەی تا خوارەوەی پڕن لە ڕووناکی ڕێکلامە ڕەنگاوڕەنگەکان کە دەگۆڕێت و دووبارە وەکو خۆی لێدێتەوە بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر و جوان. کۆمەڵێک لە ڕووناکی، شین، سەوز، زەرد، سوور دەگۆڕێت و بازدەدات بۆ ئاسمان تاوەکو بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی بەرزترە لە مانگ! ڕووناکی پێدەبێت و دەکوژێتەوە تاوەکو ناوی بانکەکان ڕابگەیێنێ. هوتێلەکان، ئوتۆمبێلەکان، سینەماکان، کەچی کۆمەڵێک ڕەنگی بەسەریەکەوە دەبینی لە کراسە سووف و ڕەنگاوڕەنگەکان و دەسەسڕە جوانەکاندا، سەردەکەوێ و دادەبەزێ- لە پێنج، یان شەش ڕووباری جۆراوجۆردا، دەنگی ئوتۆمبێلەکان کە تێکەڵاو دەبێت لەگەڵ دەنگی هاوارکردندا، لە مۆسیقای ڕادیۆ، فڕۆکە بریقەدارەکان کە ڕەت دەبن و ڕێکلام دەکەن بۆ شەپقەکان، قاتەکان، خومرەی ددان، ئینجا ڕێگای دەگۆڕێت بەهاویشتنی دەنگی بۆق و زەنگی بەرز، دیمەنێکی جوانی ئەم شارە کە زیاتر سەرسوڕهێنەر و پێشکەوتووە لە جیهاندا.

ئەوکاتەی بە بەختەوەری لە پەنجەرەی یەکێ لە خواردنگە گەورەکان دەمڕوانی، گوێم لە دەنگێک بوو دەیوت: فدریکۆ، فدریکۆ، گەنجێکم بەکراسێکی سووفی سوور بینی، بە بازدانێکی خێرا لە شەقام دەپەڕیەوە کە خەریک بوو قاچەکانی بشکێت، بەرەو ڕووم دێت و باوەشم پێدا دەکات، کە ئینگلیزی کۆلین هوکفۆرس (کە لۆرکا لە یەکێ لە قەسیدەکانی پێیدا هەڵداوە لە دیوانی گۆرانیەکاندا) بوو، هاوڕێم بوو لە غرناتە، کە هاوڕێییەکی زۆر ئازیز بوو لەلام، بەڕاستی بەختەوەر بوو، لەبەر ئەوەی دەبێ بزانن کەوا چاوپێکەوتن لە نیویۆرک کەم ڕوودەدات و شتێکی نائاساییە، ئەو نامۆییە وەکو چاوپێکەوتنی دوو ماسی لە دەریای قووڵدا، هەتاوەکو ماروتۆش سەرسام بوو و پێی وتم: «کە کۆمەڵەکانت بەردەوام بۆت دەگەڕێنەوە، ئەمە بۆ هیچ کەسێک ڕوونادات تەنیا بۆ تۆ نەبێت».

چانسم هەبوو، چونکە کۆلین نووسەرێکی باشەو دواتر دەبێتە مامۆستام لە زمانی ئینگلیزیدا، دوای کاتژمێر شەش ئەوکاتەی کارەکانم تەواو دەکەم، ئەویش کارەکانی تەواو دەکات، دێتە لام لە زانکۆ تاوەکو هەندێک دەق وەرگێڕین.

لە شەوی ڕابردوودا ڕاهێنانەکانی زمانی ئینگلیزیم تەواوکرد، ئینجا ژمارەیەکی زۆری وشەی فێرکردم. بەمجۆرە من ئێستاکە دەچمە لای دووان، لەنێوان ئەو و ئونیسدا کە هەندێ ناسیاوم لە ئەمریکا پێ دەناسێنێ، بەمەش خۆم دەبینمەوە بە پێشکەوتوویی لە زماندا،

ئەمــەو جگە لەوەی کـەوا کـۆلێن بۆم بەدوای کـەسـێکی فـەرەنسـیـدا دەگـەڕێت، تاوەکـو ڕاهێنانی قـسـەکـردن لەگەڵیدا بکەم.

شـتـێکی سـەیری تر هەیە، ئایا دێتـەوە یادتان باسی گـەنجێکی شـاعـیـرم بۆ کـردن لە ئەمـریکای باکـوور کـە قـەسـیـدەیەکم بۆ نووسی لە کۆمەڵەی قـوتابیـاندا، ئـینجا دوای ئەوەی گـوێی لێگرتم، دەسـتی کـرد بە ژەنین لەسـەر ئامێری پیانۆ؟.. (مەبەستی فیلیپ کمنکس)ە ئەوەی لە شــەمــەندەفــەری مــەدرید- پاریس تووشی بووم و بانگهێشتی کردم بۆ بەسەربردنی مانگی ئاب کە مانگی هاوینە لێـرە. بانگهـێـشـتی کـردم بۆ سـەردانیکردنی لە کەنەدا و باوکی یەکێ لە پلیت بڕەکـانی شەمـەندەفـەرە، بۆیە هەندێ پلیـتی بەخۆڕایی پێدام، مـامۆسـتـا ئالدۆن فـرنانـدۆ پێی وتم لەسـەرمـە ئەم هەلە لە دەست نەدەم کـە خستیە پێشم، ئەوەش تاوەکو بچم بۆ شوێنە جوانەکان لە باکـووری ئەمـریکا، چونکە ئەرکـە بینینی تاڤگەکـانی نیـاگـارا. ئەم گەنجـە نایابە لە کـۆلۆمبـیـا خوێندوویەتی، هەربۆیە مـامـۆسـتـا ئونیس دەیناسێ و پار سـاڵ دوو قەسیدەی لە قـەسیدەکانی (الرومانثات الغجرية) منـی هەڵبـژارد و وەری گـێـڕا بۆ زمـانی ئینگلیـزی لەوانەی زمـانی ئیـسپـانیدا، لێرەدا کـاتێک بانگهێشتی کردم بۆ سەردانی لە کەنەدا تەنیا ئەوەبوو پێشـتر منی دەناسی و بانگهـێـشـتـەکـەم قـبـووڵ کـردو خوا یـار بێت دەچم ئەگـەر هاتوو ئاسـتـەم نەبێت لە مـانگی ئاب بۆ کـەنەدا ئەم نەریتانە وەکو نەریتەکانی ئیسپانیا نییە بەجۆرێک ئەوان بانگهێشتی میوانداری دەکەن لە ساتی خۆیدا.

پێش ئەوەی لە یاد بکەم ناونیشانم لێرە دەنووسم:

Mister Fedrico G. Loyca
Furnald Hall
Columbia University
New york City
(Sic) G. S. A

تکایـە زۆرم بـۆ بنـووسن، هـەروەها منـیـش زۆرتان بـۆ دەنووسم، وەکـو دەبینن نامـەکـەم درێژۆپانە، بەڵام تاکـو ئێستـا سەبارەت بە ئارەزووم کەمە بۆ باسکردنی هەمـوو ئەو شتـانەی هەستی پێدەکەم، لە بارەی یادگارییـەکانم لەگەڵ ئێوەدا.

باکیتۆ (برای لۆرکا کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ چوونە نێو تاقـیکردنەوە بـۆ ڕێگای دیبلۆمـاسی) بۆ سـاتێکیش لە یادم ناچێ. تکایە بفـەرمـوون بەناردنی بروسکەیەک بە ئەنجامی تاقـیکردنەوەی، بە هەرحـاڵ دڵتـەنگ مـەبن لە ئەنجامەکەی ئەگەر هاتوو ئەمسـاڵ سەرنەکەوت. ئەوا لە ساڵی داهاتوودا بەسەرکەوتوویی دەردەچێت.

من تەندروسـتیم بە تەواوی باشـە، چونکە سیسـتـەمی خـواردن باشـە، هەروەها من بە برادەران دەورە دراوم کـە بایەخم پێـدەدەن، منیش ڕووگـەشم لەگـەڵیـان، تکایە دایکم واز نەهێنێ لە چوون بـۆ شـاری لانخـارۆن هەروەها باوکیشم، چونکە ئەوە دڵخۆشتان دەکات.


زۆر غـەمـبـار بووم بۆ کـارەسـاتی فـرانکۆ (ئەو ڕامـون فـرانکۆیە کـە ڕاگەیاندرا لە ڕووداوی فـڕۆکەدا کـوژراوە. دواتر دەرکـەوت کـەوا زیندووە) ئەم شـتـانە زۆر هەسـتی پێدەکـەین کـە ئێـمـە لە دەرەوەین گـەنجێکی بەهێـز بوو، بەڵام کۆتاییەکەی کارەسات بوو ئەویش بەهەرحاڵ پڕیەتی لە مەزنایەتی و پاڵەوانیەتی.

ئەمـڕۆ ڕۆژێکی خـۆشـە. کـەش و هەوا دەسـتی کـرد بە باران بارین، لەگەڵ شنەبایەکی سارد کە لقی دارەکـان و کراسی گەنجەکان، یاریزانانی تێنس دەجوولێنێ.

لەوانەیە ئێوە ئێسـتـاکە لەنێو باخچەدابن و گوێتـان لە زەنگی قـوتابخـانە بێت، زەنگە دوورەکـانی کـاتدرائیـە، کەچی من گوێم لە فیقەفیق و جەنجاڵی نیویۆرکە، سڵاوم بۆ هەمـوو خـێزان، بێ جیـاوازی بۆ پوورم ئیـزابێل، پوورم مـاتیلدە (کچی پووری کـە لەگـەڵ خـێـزانەکـەی دەژیا) سـڵاوم بۆ هەمـووان، بۆ کـچـەکـان، بۆ برادەران، ئێـوەش خۆشەویستی گەورە قبووڵ بکەن لە کوڕتان و براتان.

**سەرچاوە:**

**گـۆڤـاری «الفـیـصـل»، ژمـارە «١٢٤»، حـوزەیران، (١٩٨٥)، ل«٨٨ -٩٠».**




# زمان، باڵاپۆشی هزر

عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)



لەو سەردەمەوەی مرۆڤ بەو ڕاستییەی زانی کە وجوودی مرۆڤانەی خۆی شایانی ئەوەیە ببێتە بابەتی تێڕامانی فەلسەفی و تەنانەت لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەم هەقیقەتەشی بۆ ڕوون بۆوە کە بۆ تێڕامانێکی لەم چەشنە و لێکۆڵینەوەیەکی لەم دەستە پێویستی بە کەرەسەیەکی گرینگ هەیە بە ناوی زمان. زمان ئامرازی لەخۆ گەیشتنی مرۆڤ و تەنانەت بەخۆ گەیشتنی مرۆڤە. دوابەدوای دۆزینەوەی ئەم ڕاستییە ئاسایی، بەڵام گەلێ گرینگە و شانبەشانی پێشکەوتی هزر و بڕشتی داهێنەرانەی مرۆڤ، ئەم هەقیقەتە تازەیەش هاتە ئاراوە کە زمان نەک هەر کەرەسەیەکی گرینگە بۆ دەربڕینی هزری مرۆڤ، بەڵکو خۆیشی بابەتێکە بۆ تێفکرین و تێڕامان و پێویستە یاسا و ڕێسای کایەکانی هزر و مەعریفە لەسەر ئەم بابەتە نوێیەش دابەزێندرێن، لێرەوە بوو کە بۆ نموونە لە مێژووی هزرڤانی ڕۆژاوادا فەیلەسووفێکی ناوداری لە چەشنی ڤیتگشتاین لە کتێبی «نامیلکەی مەنتقی- فەلسەفی»دا هەوڵ دەدات ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئێمە لەسەر چ چتەیلێک بۆمان هەیە بەشێوازێکی مانادار قسان بکەین. ئەو هەوڵە ئەم پرسیارە گرینگ و مێژووییەی لێکەوتەوە: «زمان چییە؟»

«زمان چییە؟» خاڵی وەرچەرخانی مێژووی تێڕوانینی مرۆڤە نەک هەر بۆ پرسی زمان خۆی، بەڵکو بۆ پێوەندی نێوان مرۆڤ و زمانیش. مرۆڤ تا بەر لە ساتەوەختی ئەم پرسیارە لە دەرەوەی جیهانی زماندا دەژیاو تەنیا زمانی بەکاردەهێنا، بەڵام هەنووکە ئەم مرۆڤە بەبێ زمان بوونی نییە و زمان بۆی بۆتە دەسمایەی خۆ دەربڕین و خۆسەلماندن و خۆ بووژانەوە. وشیاری مرۆڤی مۆدێرنی ئەم سەردەمە ئەو کاتە دەستەبەر دەبێ کە بە زمانی خۆی ڕابگا و کەڵکەڵەی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی زمانەکەی هەبێت.

ئێمەی گەلی کورد، چەوساوەی دەستی زۆر و زێردارانی مێژوو، ناشێ لە تەقالا و تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خۆماندا پرسی زمان بە کەم بزانین و لەهەمبەریدا کەمتەرخەم بین. ئەگەر لەسەدەی بیستەمەدا کورد بە شەڕی چەکی کوردایەتی خۆی پاراست، لەم سەدەی بیست و یەکەمدا پێویستە بە شەڕی زمانی کوردی خۆی ببووژێنێتەوە.